# دین و کۆی

# دین و کۆی

نووسینی: ئەحمەد فائیز

وەرگێڕانی: مامۆستا کرێکار

بڵاوکردنەوەی: زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

چاپی: یەکەم

ساڵی: ١٤٤٨ک - ٢٠٢٦ز

ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

تێلێگرامی زادی

https://t.me/zankoyzady

ماڵپەری مامۆستا کرێکار

https://krekar.co

تێلێگرامی مامۆستا کرێکار

https://t.me/krekar_co

ڕێبازی بانگەواز (٤)

# دین و کۆی

نووسینی:

ئەحمەد فائیز

وەرگێڕانی:

مامۆستا کرێکار

بەرگی چوارەم

١٤٤٨ک - ٢٠٢٦ز

پێشکەشە بەوانەی:

- بە دیدی ڕوون و

- بیری تیژ و

- پشووی درێژ و

- گەشبینییەوە

ئەم بانگەوازە هەڵدەگرن.

وەرگێڕ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِالله مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أَعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ الله فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَٰ إِلَّا الله وَأَشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# باسی یەکەم

# بەرەی شیرک و بەرەی ئیمان

## بڕگەی یەکەم: کەللەڕەقیی جاهیلییەت

بانگەوازی پێغەمبەران بەدرێژایی مێژوو لەو دید و تێڕوانین و پێناسەیەوە هاتووە کە دەبێت باوەڕ بە خوای گەورە وا بهێنێرێت کە خۆی ڕوونی کردووەتەوە، کە تەوحیدە بە هەموو جۆرەکانیەوە، سەلماندن و چەسپاندنی ئەمە بێ نکۆڵیکردن و سووککردن و لادانی خوا قەستینەکان نابێت، ئەم ڕەنج و خەباتەش دەبێت تەنها لەبەر خاتری خوا بێت و، بەو مەبەستە بێت کە دەبێت دواتر دینەکەی خوا ببێتە (مەنهەج)ی کۆمەڵگاکە، ئەمەش بەوە دەبێت کە حاکمێتی (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەری) بۆ خوا بێت و بەس. سەلماندن و چەسپاندنی حاکمێتیی خوای گەورە بە لادان و ڕادانی دەسەڵاتە (تاغووت)ییەکان دەبێت، کە ئەم مافی حاکمێتییەی خوای گەورەیان بۆ خۆیان یان بۆ ئەڕبابانیان زەوت کردووە.

**سەلماندن و چەسپاندنی بانگەوازی تەوحید بە هەرسێ جۆرەکانیەوە:**

- **پەروەردگاریێتی:** کە کردگاریێتی و خاوەنێتی و ڕۆزیدان و ژیاندن و مراندن و سەرپەرشتیاریێتیکردنی مەخلووقاتە و، باوەڕهێنانی مرۆڤ بەم سیفەتانەی خوای گەورە کە تەنها سیفەتی ئەون و ئەویش بێوێنەیە لەم سیفەتانەیدا.

- **خوایەتی:** کە ئەنجامدانی خواپەرستییە (بە دڵ و بە زمان و بە ئەندامانی تری لەش و چالاکی و سامان و هتد)، ئەمەش دەبێت تەنها بۆ خوای تاک و پاک بێت و بەس. ناشێت بە هیچ کلۆجێک هیچ جۆرە شیرکێکی بە هیچ بڕ و ڕادەیەک تێدا بێت.

**- حاکمێتی:** کە یاسادارِشتن و برِیار و حوکمدەرکردن و داوەریکردن دەبێت مافی خوا بێت و بەس، کەس بە هیچ حوکمێک هیچ جۆرە شیرکێکی بە هیچ برِ و رِادەیەک تێدا نابێت بکات، ئەمەش واتا سەروەرێتیی شەریعەتی خوای گەورە.

ئەم تەوحیدە (بەو عەقیدە و عیبادەت و شەریعەتەوە) رِاستەوخۆ بە دید و رِێی جاهیلییەت دەکێشرا، ئەو زەمینە عەقائدییەی هەڵدەتەکاند کە جاهیلییەت خۆی پێ لەسەر بینا کردبوو (لە دید و تێرِوانینی عەقائیدی و دروشمەکانی پەرستن و، رەفتار و رەوشت و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و، یاسا و رێسای ئیدارە و حوکم و دەستووری ناوبژیوانی و داوەریدا).

تەوحید بەم پێکهاتە و سیفەتانەیەوە دژوارێتی و حەقیقەتی هەر لە یەکەم ساتی رِاگەیاندنەوە لەسەر جاهیلییەت دروست دەکرد، بەتایبەتی کە ئەم دید و رێیە لە ئوممەتێکی عەقائیدیدا دەردەکەوت، کە بە تەوحید پەروەردە بووبوو، پەیوەندیی تاکەکانی بەو تەوحیدە پێکەوە بەسترابوونەوە. ئەم ئوممەتە بەو بانگەوازەوە لە چالاکیی گۆرِانکاریی کۆمەڵگا جاهیلییەتەکەدا دەبوو، بەردەوام تاک تاکی خەڵکی جاهیلییەتی دەگۆرِی و دەیکردنە ئەندامی ئوممەتە عەقائدییەکە، دەستەجەمعییش خۆیان لە کۆمەڵگا جاهیلییەتەکە دادەبرِی، دید و تێرِوانینی جاهیلییەتیان وەل (تەرک) کردبوو، ئاراستەی بزاوت و هەڵوێستی خۆیانیان لە سەرکردایەتیی جاهیلییەتەوە وەرنەدەگرت، دۆستایەتی و دوژمنایەتییان لەسەر بناغەی (ولاء) بۆ خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دادەرِشت، نەک لەسەر ئینتیماکانی جاهیلییەت (عەشایەری و هۆزایەتی و بەرژەوەندیی ماددی).

ئەم (وجوود)ە، هەبوونی ئوممەتێکی عەقائیدیی گۆشکراو بە تەوحید، ئوممەتێکی پتەوی یەک جەستەیی کە بە دینەکەیەوە کەوتووەتە بزاڤێکی گۆرِانکاریی رِۆژانە کە هیچ بەربەستێک نایوەستێنێت؛ ئەم (وجوود)ە لە هەموو کات و شوێنێکدا بۆ هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتی و لە هەموو کۆمەڵگایەکدا زەرووریە. ئەوانەی دەیانەوێت ئیسلام بهێننەوە لوتکەی دەسەڵات و

ئاڕاستەی تاکەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت، هەر دەبێت لەم سەرەتایەوە دەست پێ بکەنەوە.

کاتێک کۆمەڵگای جاهیلییەت -کە قەوارەیەکی جەستەییە و پێکهاتەکانی یەکترییان ڕاگرتووە- هەست بە دژوارێتیی ئەم ئوممەتە عەقائیدییە و بزاڤ و بانگەوازە دینییە دەکات کە هەڕەشە لە وجوودی دەکات، چ لە زەمینەی دید و تێڕوانین و پێناسەی بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤەوە بێت، چ لە ڕووانگەی ناساندنی (خالق) و (مەخلووق) و پەرستن و دروشمەکانیەوە بێت، چ لە ڕووی دروستبوونی تاک و کۆی کۆمەڵگایەکی تری سەربەخۆ کە خۆی لە جاهیلییەت جوودا کردووەتەوە و کەوتووەتە ململانێی گۆڕانکاری. بەدڵنیاییەوە جاهیلییەت بە شێوەیەکی زەق و ئاشکرا و سەخت هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەم بزاڤە نوێیە ئاشکرا دەکات (دەشێت لە سەرەتایەوە ڕاستەوخۆ نەڵێت دوژمنی دینەکەیم، بەڵام دواتر خۆی پێ ناگیرێت و ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت کە دوژمندارێتییەکەی بەرامبەر دینەکەیە). ئەمەش چاوەڕوانکراوە لە هەموو جاهیلییەتێک، ئەمە ململانێ و شەڕی بێ ئامانی نێوان دوو (وجوود)ە کە پێکەوە ژیانیان ئەستەمە. ئەمە جەنگ و جیدالی نێوان دوو ئوممەتی خاوەن قەوارە و بزاڤە کە هەریەکەیان لە دید و ڕووانگەیەکی زۆر جیاوازەوە لەویترەوە دەڕوانێتە خۆی و بەرامبەرەکەی و ژیان و گەردوون و مرۆڤ. هەریەکەیان زەمینەی فیکریانەی سەربەخۆی خۆیان هەیە. قەوارە جاهیلییەکە باوەڕی بە فرەخوایی هەیە، دید و بزاوت و هەڵوێستی لەم ڕووانگەوە هاتووە. لە جاهیلییەتدا عەبدایەتی بۆ دەسەڵاتدارانە کە هەر بەشەرن، لە بەرامبەردا قەوارە ئیسلامییەکە باوەڕی بە یەکبوونی خوای گەورە هەیە لە پەروەردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتیدا و، نامومکینە عەبدایەتی تێیدا بۆ غەیری خوای گەورە شیاو بێت.

دید و تێڕوانینی عەقائیدیی تەوحید لە هەموو کات و شوێنێکدا دژوارێتیی تەواو لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندیی (تاغوت)ـان دروست دەکات، ئەمە هەر لە سەردەمی جاهیلییەتی پێشیندا وا نەبووە؛ لە ژیانی هەموو جاهیلییەتێکدا کە دید و ڕێ و بەها و دەستوور و ئاڕاستەی

خـۆی لە خواناسـییەوە وەرنەگرتبێـت و لەبەرامبەریـدا ئـوممەتێکی عەقائیـدی بەم بـزاف و بانگەوازەوە هاتبێتە وێزەی ململانێی؛ هەست بە دژوارێتیـی حـاڵەتی ڕۆژانەی خـۆی دەکـات، چـونکە جـاهیلییەتەکە وەک کە دیـد و تێڕوانینـی عەقائیـدیی خـۆی لەسـەر باتـڵ و لەسـەر فرەخوایی داڕشتووە؛ دەزانێت کە دەسـەڵاتی حوکمیشـی لەسـەر زەوتکردنـی حـاکمێتیی خـوا دامەزراندووە، یاسا و ڕێسـا و قـیـەم و دەستووریشـی لە شـەریعەتی خـواییەوە وەرنەگرتـووە، دەسەڵات و هێزی خوایەتیی خـۆی بـۆ خـۆی سـەپاندووە و چەسـپاندووە، چـونکە خـۆی لە خەڵکی کردووەتە خوا و ئەوانیشی بۆ خۆی کردووەتە عەبـد و ئەرکـی عەبـدایەتییان بەسـەردا دەدات. خۆ مەرج نییە وەکوو فیرعەون هەموو تاغووتان هـاوار بـکەن بڵـێن ئـێمە خواتـانین و ئێوەش عەبدمانن و دەبێت بمانپەرستن، واتـا دروشـمەکانی پەرسـتن بـۆ ئـێمە ئەنجـام بـدەن، بەڵکـوو دەڵـێن ئـێمە دەسـەڵاتەکەمان شـەرعییە، هێـزی دەسـتمان پیـرۆزە، ئێـوەش دەبێـت شـوێنکەوتوومان بـن، فەرمانمـان جێبەجـێ بـکەن و لە قسـەمان دەرنەچـن. ئـێ ئەمە خـۆی عەبدایەتییەکەیە، خۆ عەبدایەتی غەیری ئەمە نییە، عەبدایەتیش هەر ملکەچـی و گـوێڕایەڵی و ڕاپەڕاندنی فەرمانی (سەید)ەکەیە، کە لە حەز و دید و بەرژەوەندیی سـەیدەکانەوە هـاتووە، کە یاسا و ڕێسا و دەستوور و ئاڕاستەیان لە وەحیی خـواییەوە بـۆ نەهـاتووە، هەرچەنـدە بە نـاوی وەحی و دینی خواشەوە دەدوێن، بەڵام ئەوە ئەو چەواشەکاری و فریودان و هەڵخەڵەتانـدنەیە کە ئـوممەتە موسـڵمانە عەقائیـدییەکەی بـۆ هـاتووەتە مەیـدان، تـا بە بـانگەوازی حەقیقـی و خواویستی و بە وەحیی سەلمێنراو و چەسپێنراوی خوایی، شاهێدی لەسەر دید و ڕێ و بـزاوت و هەڵوێستەکان بدات، کە کامیان خواویستانەیە و کامیان سیما و مۆرکی کافرستانەیە.

لەم ڕووانگە و زەمینەوەیە کە بانگەوازی تەوحید خەتەرە، چونکە مرۆڤەکان لە عەبـدایەتیی تاغووت ڕزگـار دەکـات. تاغووتـان بەوە ڕازی نـابن کە ئیمانـدارێتی بریتـی بێـت لە هەبـوونی ئـوممەتێکی عەقائیـدی لەسـەر زەمـین کە نەخوازێـت لەژێـر دەسـەڵات و ئاڕاسـتە و

بڕیاری ئەواندا بێت.

هەبوونی کۆمەڵێک موسڵمانی سەرڕاست و دیندار لە کۆمەڵگایەکدا کە:

- ڕوویان تەنها لە خوا بێت و ئەو سەرچاوەی ئاڕاستەی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستیان بێت.

- ئیعتیراف بە غەیری دەسەڵاتی خوای گەورە نەکەن و جاهیلییەتیان پێ ڕەفز بێت.

- هەموو ئاڕاستەیەکی ژیانی تاک و کۆی خۆیان بە شەریعەتی خوا بێت و یاسای جاهیلییەتیان پێ قبووڵ نەبێت.

- شوێن مەنهەجێکی غەیری مەنهەجی خوای گەورە نەکەوتبن.

هەبوونی کۆمەڵێک موسڵمانی ئاوا هەڕەشەیە لە قەوارەی جاهیلییەت، ئەگەرچی خۆشیان لێ دابڕیبێت و دوورەپەرێزیش بژین و لێگەڕا بن تاغووتان لە عەیش و خۆشی خۆیاندا بن، بەو هیوایەی خوای گەورە خۆی بڕیاری قەدەریانەی خۆیان بۆ دەربکات. جا جاهیلییەت بە وجوودی ئەم کۆمەڵە موسڵمانە دوورەپەرێزە و کەنارگیرە هەر ناڕەحاتە و نایەوێت هەبن، چونکە لە دووریش بن هەر مەترسین بۆی.

لەبەر ئەم هۆیەیە کە جاهیلییەت لە کات و شوێنی پێ پەسەندبووی خۆیاندا ئاژاوەیەک ساز دەکات و شەڕ بەو کۆمەڵە موسڵمانە دەفرۆشێت، ڕووبەڕووبوونەوەیەکیان لەسەر فەرز دەکات، با کۆمەڵە موسڵمانەکە هیچیشی نەکردبێت و دوورەپەرێزیش بووبێت. بوونی حەق مایەی ناڕەحەتبوونی باتڵە. دەرکەوتنی حەق لە ئوممەتێکی عەقائیدیی بزاڤ چوستدا مایەی ترس و بیمی تاغووتانە. ئا ئەم هەبوون و دەرکەوتنە خۆی هۆکاری ڕووبەڕوونەوەکەیە. ئەمە حەقیقەتێکی دید و بزاوت و ڕێیە نابێت لەبەرچاو بزر ببێت: ﴿۞ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ

﴿لَنُخۡرِجَنَّكَ يَٰشُعَيۡبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَكَ مِن قَرۡيَتِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۚ﴾ {الأعراف: ٨٨}، واتـــا: «دەســـەڵاتدارە ملهوڕەكـــانی قەومەكەی پێیـــان وت: هـــۆ شـــوعەیب ســـوێند بێـــت شـــاربەدەرتان دەكەین و لە وڵات وەدەرتان دەنێین، یان ئەوەیە كە بگەڕێنەوە سەر پەیام و نەریتی میللەتەكەی خۆمان». (تەبەری دەفەرمووێت: ملة: دین و أمة)ە.

بانگەوازی ئیسلام و بانگهێشتی خەڵكی بۆ وەرگـرتن و لەخـۆگرتنی تەوحیـد بـۆ پەرستنی خوای تاك و پاك، مەسەلەیەكی ئیعترافكردنی سەرزارەكی نەبوو، هەر ئەوەندە نەبوو خەڵكی بڵێن خوامان قبووڵە و یەكە و شایانی پەرستنە، ئەمە عەقیـدەیەكی (لاهـوتی)یە و ئیسـلام لێـی دوورە، ئەوە پێناسەی عەقیدەی دینەكانی ترە. ئیسـلام هەر لە یەكەم دەسـتپێكی ڕاگەیانـدنیەوە ئاشكرابوو كە بانگەوازێكی گۆڕانكاریی گشتگیر و ڕیشەییە، هەر لە سەرەتاوە كەوتە ململانێی دەســەڵاتدارە خــاوەن هێزەكــان و ڕایگەیانــد كە دەســەڵاتەكەتان ناشــەرعییە، ئاغــایەتییەكی ســەپێنراوە، ئێــوە حــاكمێتیی خــوای گەورەتــان زەوت كــردووە، ئێــوە بە فــاك و فیــك و چەواشــەكاری ئەم خەڵكەتــان كــردووەتە عەبــدی خۆتــان و بــۆ فەرمــان و هەواوهەوەســی بەرژەوەندیی خۆتانیان هەڵدەسوڕێنن و عەبدایەتیان پێ دەكەن، ناچاریان دەكەن ملكەچتان بن، ئەم دەسەڵاتەتان باتڵە و دەبێت لێتان بسەندرێتەوە.

**ئەم دەسەڵاتدارە باتڵانە:** دەسەڵاتی زێوان و پیاوانی دین و سەرپەرشتیاری پەرستگاكانتان بـن (**دەســەڵاتدارێتیی چەواشــەكارێتیی دینی/هامــانی**)، یــان دەســەڵاتدارانی حــوكمڕانی و ئاڕاستەكردنی كۆمەڵگا (**چەوســاندنەوەی سیاســی/فیرعەونی**)، یــان زەوتكــارانی ســەروەت و سامان و خــوێنمژانی ئــابووری كە خەڵكیــان كــردووەتە ئــامێری بەرهەم و هەلــووكی چەرخــی بەرژەوەندی (**سەرڕووتاندنەوەی ئابووری/قاڕوونی**). هەریەكەیان هەستی دەكرد كە بانگەوازی تەوحید دەخوازێت لە ڕەگ و ڕیشاڵەوە ڕایانماڵێت، بـۆیە هەمـوو سەرسـەختانە دژی دەبـوون. چونكە ئیسلام ڕۆشن و ئاشكرا و ڕاشكاو ڕایگەیاند كە دەبێت ئەم دەسەڵاتدارێتییە زەوتكـراوە

كە حاكمێتیی خوای گەورەیە، كە (عەقیدە و عیبادەت و حاكمێتییە) كۆتایی پێ بێـت، بە لادان و ڕادان و گێڕانەوەی حاكمێتییەكە بۆ خوای گەورە بە ڕزگاركردنی خەڵكە بە كۆیلەكراوەكە.

ئەم دەسەڵاتدارە تاغووتیانە هەموویان بە یەک چۆنییەتی دەرنەدەكەوتن، جـاری وا هەبـوو هەندێكیان وەكوو فیرعەون ئاشكرا و ڕاشكاو دەیـانوت مـن خواتـانم و دەبێـت فەرمـانی مـن جێبەجـێ بـكەن و بەس، ئەوەی لەژێـر ڕكێفمـدایە دەبێـت منـی بە پەروەردگـار و حـاكمی دەستكراوە قبووڵ بێت، دەبێت بزانێت كە ئێمە حوكمڕانیهان پشتاوپشت بۆ مـاوەتەوە و حەقـین، دەبێت خەڵكـیش نەوە بە نەوە ملكەچـیهان بـۆ دەربـبڕن و گـوێڕایەڵی فەرمانمـان بـن، ئەمەش بەخۆشی نییە، هەر دەبێت وابێـت: ﴿فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٢٤﴾ {النازعات: ٢٤}، ﴿مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي﴾ {القصص: ٣٨}. یان هەندێكی تریان دەیانوت مـادام مـن فەرمـانی كوشـتن دەدەم كەوابـوو ژیاندن و مراندنم بە دەستە، وەكوو نەمروود دەیوت: ﴿أَنَا۠ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُ﴾ {البقرة: ٢٥٨}. هەشـیانبوو بە هێـزی بـازووی دەنـازی و هەبـوونی دەسـەڵاتەكەی و شـەرعییەتەكەی بەوە دەزانـی كە لە (هێز)ەوە هاتووە[1]: ﴿مَنۡ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً﴾ {فصلت: ١٥}. یان دەستەواژەی (عیبارەت)ی تری كـوفرین كە بەوپەڕی لوتبەرزی و هەڕاڵی و نەفامییەوە، بەوپەڕی بێ ئەدەبییەوە دەیانوت.

جاهیلییەتی كۆن و نوێ لە زۆرترین حاڵەتـدا نەزانـین و تینەگەیشـتنی خەڵكـی بـۆ خـۆی دەقـۆزێتەوە و بارودۆخیـان ئیسـتیغلال دەكـات، بـۆیە ڕەواج بە بتپەرسـتی و دارپەرسـتی و ڕۆحیانەتپەرستی دەدەن! پەرستگایان بۆ دروست دەكەن و زێوانی چەواشەكار و فێڵبازیـان بـۆ تەعین دەكەن، تا زیاتر بەشداری غافڵگیریی عەوامەكە بن. خەڵكی هـان دەدەن دروشـمەكانی پەرستن بۆ ئەم بتانە دەربڕن و زۆرجار خۆشیان ڕاستەوخۆ یان لاوەكی بەشداری تێـدا دەكەن، تا زیاتر خەڵكی (بگەوجێنن) و خۆشیان لە پشت بتەكانەوە بە ناوی بتە پیرۆزەكـانەوە هەزاران

(١) وەكوو پێنج تاغووتە زلهێزەكەی نەتەوە یەكگرتووەكان: ئەمریكا و ڕوسیا و چین و بەریتانیا و فەڕەنسا، كە مافی (ڤیتۆ)یـان هەیە، واتا هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەستەجەمعیی وڵاتانی تری غەیری خۆیان!

بڕیار بۆ هێنانەدیی حەز و هەواوهەوەس و بەرژەوەندییەکانی خۆیـان دەردەکەن! ئـاوا لەودیـو پەردەوە ئاڕاستە و گاڵتە بە عەقڵی جەماوەرەکە دەکەن و دەیـانکەنە عەبـدی گـوێ لە مسـت و ملکەچـی خۆیـان، بـێ ئەوەی بهـێڵن ئەم جەمـاوەرە زۆر و چـڕە هۆشـیان بە خـۆدا بێـتەوە و هەڵوێستەیەک بۆ زانینی حەقیقەت وەرگرن![1]

لەمەوە ئەو حەقیقەتە مێژوویە واقیعییە ڕوون دەبێتەوە کە بانگهێشتکردنی ئیسلام بۆ خەڵکی کە بێن و تەوحید وەربگرن و بیکەنە دید و ڕێ و بەرنامەی ژیانیان، تـا بەڕاسـتی ببـنە عەبـدی لێبڕاو بۆ خواناسی و خواپەرستی و حـاکمێتیی خـوای گەورە، تـا تەنهـا دیـنەکەی ئەو بـکەنە ڕێباز و دەستوور و ئاڕاستەوانی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەتی خۆیـان، تـا بتپەرسـتی وەل بکەن و واز لە شیرک بهێنن، تا بت و تاغووتان وەل بکەن و خۆیـان لە دەسـت و هێزیـان قوتــار بــکەن. ئەم بــانگەوازە لەگەڵ لاف و گەزافــی تاغووتــان و دەســەڵاتی زەوتکــراوی حکوومەتەکاندا یەک ناگرێتەوە کە حوکمی خوایەتی بەسەر جەماوەرە غـافڵەکەوە دەکەن، ئەم بانگەوازی خواویستە کە بەیانی ڕزگاربوونە؛ بەرهەڵستی دیـد و ڕێ و دەسـتوور و دەسـەڵاتی تاغووتان و حکوومەتەکانیان و، بەرهەڵستی مشـەخۆر و کاربەدەسـتە گەنـدەڵەکانیان دەبێـت، چونکە هەموویان لێی دەخۆن، هەموویان لەو شیرکـبازیە و چەواشەکاریە دەخۆن، لە سـایەیدا هەڵئاوساون! هەموو حەزە مونحەریفەکـانی خۆیـان لەو نـاڕەواییەدا هێنـاوەتە دی. هەموویـان بوونەتە چینێکی خوێنمژ و ڕەنجدز و چەواشـەکار، نایانەوێـت بارودۆخەکەیـان لـێ بگۆڕێـت، نایانەوێت ژیانەکەیان لێ تێک بچێت. بۆیە وەک دوژمنی کەلــلەڕەقی بـانگەوازی پێغەمـبەران وەستاونەتەوە. هەر تاغووت و حکوومەتە بەرامـبەر بـانگەوازی تەوحیـدی زەمـانی خـۆی کە پێغەمبەرێکی بەڕێز دەیهێنا و خەڵکەکەی بۆ بانگهێشت دەکـرد کە خەڵکیـنە بەدەم بـانگەوازی

(١) وەکو تاغووتانی سەردەم کە بە ناوی (بەهای پیرۆز)ی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سۆشیالیستی و مـافی پرۆلیتاریـاوە، یـان بە ناوی شەڕەقۆچی قەومـی و نەتەوەگیـرییەوە خەڵـکەکە ئینفیعـال ئەکەن و بـۆ خۆیانیـان دەکەنە عەبـدی گـوێڕایەڵ و دەشـیاندەن بە کوشت!

خواویستییەوە وەرن: ﴿يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥ﴾ {هود: ٨٤}، واتا: «هۆ خەڵکینە وەرن خوای تاک و پاک بپەرستن، ئێوە خوایەکی ترتان نییە کە کردگار و خاوەن پەرستراو و شایەنی حاکمێتی و سەروەرێتی بێت جگە لە خوای باڵادەست». هەر کە ئەمان ئەم بانگەوازەیان بڵاو دەکردەوە یەکسەر حکوومەتەکانی سەردەمی ئەوان لێیان ڕاست دەبوونەوە و بە هەموو شێوەیەکی دڕندانە دوژمنایەتییان دەکرد. ئەوانەی لە ڕوویاندا دەوەستانەوە و دەیانویست بانگەوازە خواویستییەکە بوەستێنن، هەر ئەو سێکوچکە تاغووتییە بوو کە لەسەر بارودۆخە باتڵەکە دەژیان، مشەخۆرەکانی دەوری فیرعەون (دەسەڵاتی سیاسی) و قارون (دەسەڵاتی ئابووری) و هامان (چەواشەکاری دینی) بوون، ئەمانە هەموو خێروبێری وڵاتیان لەدەست دابوو، هەموو سەروەت و سامانێکی ناڕەوایان بۆ بەرژەوندیی خۆیان بەکار دەهێنا. ئەمانە و مشەخۆرە گچکەکانی خوارووتریان لە ڕووی بانگەوازەکەدا دەوەستانەوە و دەیان و سەدان بەربەست و لەمپەر و کۆسپیان دەخستە ڕێ.

ئەوەی کە ڕێ لەم کۆمەڵگانە دەگرێت کە سیستمێکی ئیسلامی حاکمێتیان نەکات ئەم تاغووتانەن کە ڕەفزی ئەوە دەکەن کە حاکمێتی (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەری) مافی خوای گەورە بێت و، دەبێت سەروەریی یاسا بۆ شەریعەتەکەی ئەو بێت، ئەوانن کە ناهێڵن پەروەردگارێتیی خوای گەورە بسەلمێت و بچەسپێت و پاشان پەرستن تەنها بۆ خوای تاک و پاک بێت. پەرستن بە مانا بەرفراوانەکەی واتا داڕشتنی هەموو ژیان بەپێی فەرمانی دینەکە و ئەنجامدانی هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتێک بۆ خوای گەورە و بە ئومێدی ڕازیبوونی ئەو. ئەم تاغووتانە کە ئاوا ناهێڵن ئیسلام بە کۆمەڵگاکە بگات و دەستوور و حوکمی وڵات لە دینەکەوە وەربگیرێت، فڕیان بە ئیسلامەکەوە نامێنێت و حوکمی بە کافردانانیان دەبێتە بەڵگەنەویستێکی تێگەیشتنی دین و سەرڕاستیی دینداریتی. پاشان ئەو جەماوەرەش کە عەبدایەتی بۆ ئەو تاغووتانە دەردەبڕێت؛ لە جیاتی عەبدایەتیکردن تەنها بۆ خوای تاک و پاک، ئەم جەماوەرە کە

ئەو تاغووتــانە دەپەرســتێت بە ملکەچکــردن بۆیــان و گــوێڕایەڵی و ڕاپەڕانــدنی فەرمــانە کوفرینەکانیان؛ ئەم جەماوەرە بەم ڕەفتارەیان ئەو تاغووتانەیان کردووە بە خـوای خۆیـان و ئەو عەبدایەتی و پەرستنە بۆ ئەوان دەدەبڕن، ئەمانیش بەم عەبـدایەتی و پەرسـتنە لە (تەوحیـد)ەوە چوونەتە ناو (شیرک)ـەوە، چونکە ئەو ڕفتارەی ئەوان مانـا ڕاشـکاو و ئاشـکراکەی شـیرکە لە ئیسلامدا.

واتای بـانگەوازی خواویسـتی و مەدلولاتەکـانی (تەوحیـد) لە تاغووتـان شـاراوە نەبـووە، هەموو تاغووتێک دەیزانی پێغەمبەرەکەی زەمانی ئەو مەبەستی لە بانگهێشتکردنی ئەو خەڵـکە بۆ دینەکەی چی بوو. کاتێک سەیدنا موسا سەلامی خوای لەسەر بێت بە فیرعەونـی تـاغووتی فەرموو: ﴿إِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٠٤﴾﴾ {الأعراف: ١٠٤}، واتا: من نێردراوی خـوای پەروەردگـاری جیهانیانم. فیرعەون دەیزانی ئەوە مانای چییە، خۆ لە واتاکەی بـێ ئاگـا نەبـوو، خـۆ خـۆی و ملهوڕەکـانی دەوروبەری یەکسـەر زانیـان کە ئەم نێـردراوێتییە واتـا سـەلماندن و چەسـپاندنی پەروەردگارێتیی خوای گەورە و خوایەتی و حاکمێتیی ئەو، یەکسـەر لەوە دڵنیـا بـوون کە ئەمە بانگەوازێکە بۆ ڕماندن و ڕاوەدوونانی حـوکمڕانیی فیـرعەون، بـۆ گـۆڕینی سیسـتمی حـوکم و ئاڕاستەی کۆمەڵگاکە، ئەمە گۆڕینی یاسـا و ڕێسـای حـوکم و دابـونەریتی کۆمەڵگـاکەیە، ئەمە نکۆڵیکردنی شەریعەتی فیـرعەون و هامـان و قـاڕوونە، ئەمە ناسـاندنی جەبەڕووت و ستەم و ناڕەواییەکانێتی، ڕاگەیاندنی پەروەردگارێتیی خوای گەورە واتا ڕزگارکردنی هەمـوو مرۆڤەکـان، ئازادکردنیان لە عەبدایەتی و کۆیلەیی و ملکەچێتی بۆ غەیری خوای گەورە. ئەم جاڕی ئازادییە لە مرۆڤپەرستی؛ خۆراپسکانە لە کۆت و زنجیری یاسای بەشەر، قوتاربوونە لە هەواوهەوەسـی بەشەر، لە دابونەریتی بەشەر، لە حوکمی بەشەر. ڕاگەیاندنی تاک و تەنهایی و پەروەردگارێتیی خوای گەورە و، عەبدایەتی و ملکەچکردن و گوێڕایەڵیی تاغووتان پێکەوە ناژین و ناسـازێن و مەحاڵە هەردووکیان لە دڵ و هزر و ویژدانێکدا پێکەوە لە یەک کاتدا هەبن و پێکەوە هەڵکەن،

ئەستەمە، مومکین نییە لە یەک کات و شوێندا حوکمی خوا شەرع بێت و حوکم بکات و داوەری بهێنرێتەوە لا، لە هەمان کات و شوێن و حاڵەتیشدا یاسا و ڕێسای جاهیلیش حوکم بکات و داوەریی هەمان کێشەی بهێنرێتەوە لا! بەڵام ئایا فیرعەون و دارودەستەکەی هەر بەوەندەوە کە سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) فەرمووی کە ئەو پێغەمبەری خوایە؛ ڕازی بوون و بانگەوازەکەیان قبووڵ کرد؟ ئایا ڕازی بوون تەسلیم بە پەروەردگاریتیی خوای گەورە ببن؟ جا ئەگەر هەر وا ئاسانە با بە بانگهێشتکردنێکیان فیرعەون تەسلیم ببێت، جا ئیتر فیرعەون عەرش و قوڕشی بۆ چییە؟ تاج و کورسیی بۆ چییە؟ دەسەڵات و حوکمڕانی بۆ چییە؟ جا ئیتر دەسەڵات و دائیرەکەی بۆچی لە دەورین؟ مەگەر ئەوان هەرچی دەستیان کەوتووە لەوەوە نییە کە بوونەتە عەبدی نزیکی فیرعەون؟! جا ئەگەر هەر وا ئاسان باوەڕ بەوە بهێنێت کە خوای گەورە ﴿رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾ـە ئیتر ئەو هەموو ڕەنج و هەوڵ و کەلـلەڕەقیە بۆچی بنوێنێت؟

کە خوای گەورە پەروەردگاری جیهانیان بێت، واتا شەریعەتەکەی ئەو سەروەرە و هەموو حوکم و بڕیارێک لەوەوە دەردەچێت، ملکەچێتی بۆ غەیری خوای گەورە شیاو نابێت. جا کە فیرعەون و ملهوڕەکانی دەوری ئەوە قبووڵ بکەن، مانای وایە هەر وا سووک و ئاسان ئامادەن لەو هەموو فەخفەخە و دەسەڵات و سامان و پلەوپایە و ناو و پیرۆزیە فشەیە دەرچن و هەموویان بە جارێک ببنە شوێنکەوتووی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ)! بەڵام ئەم بانگەوازە و مانا و واتای تەوحیدە کە لای فیرعەون و حاشیەکەی ئاشکرا بوو؛ کە پەروەردگاریتیی خوای گەورە واتا ئاوەڕووت بوونیان لە هەموو ئەو پیرۆزیە فشەیە و پلەوپایە و سامانەی کە تێیدا بوون و وەرگرتنی بانگەوازەکە هەر وەکوو کەڕە عەوامێکی بەنوو ئیسرائیل وەری گرتووە و بووە بە شوێنکەوتووی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ)، فیرعەون و ملهوڕەکانی ئەمەیان دەزانی بۆیە تا دووا هەناسە دژی ئەم تەوحیدە وەستانەوە و هیچ لایەنێکیان پێ قبووڵ نەبوو. دەیانزانی ئەم تەوحیدە واتا داماڵین و ڕاماڵینی هەموو حاکمێتییەکەی فیرعەون! واتا قبووڵکردنی

پەروەردگارێتیی خوای گەورە و ڕەفزکردنی هەموو دەسەڵاتێکی ئاڕاستەوانێتیی ژیان، کورت و موختەسەر واتا سەندنەوەی هەموو دەسەڵاتێ لە فیرعەون و کردنی بە عەبدێکی خوای گەورە و شوێنکەوتوویەکی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ)! ئێ ئەمەش چۆن بە فیرعەون قووت دەچێ؟! فیرعەون کە دەڵێ من پەروەردگارتانم، من خواتانم، من حاکمێتیم بەدەستە، ئێوە عەبدی ملکەچ و گوێڕایەڵی منن؛ چۆن هەر وا ئاسان قبووڵ دەکات بڵێت ڕاستە من و ئێوە هەموو دەبینە عەبدی یەکسانی خوای گەورە و هەموو ئاڕاستەیەکی ژیانی تاک و کۆمان لەوەوە وەردەگرین!

فیرعەون و دەستە و دائیرەکەی ئەمانەیان هەموو دەزانی و زۆر چاک لە بانگەوازەکەی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) حاڵی بووبوون کە حاکمێتیی خوای گەورە بەشێکە لە تەوحیدەکەی، وەرگرتنی بانگەوازی خواویستی واتا وەرگرتن و سەلماندن و چەسپاندنی پەروەردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتیی خوای گەورە، بە شێوەیەک کە هیچ جۆرە هاوبەشێکی لە هیچیاندا نەبێت، پاشان ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆی ئوممەت و کۆمەڵگا و دەوڵەت بەپێی ئەو دینەی خوا و، سەرڕاستێتی و دینداریێتی و پابەندبوون بە عەقیدە و عیبادەت و شەریعەتەکەیەوە. ئەمە موسڵمانبوونە، ڕەفزکردنەوەی لایەنێکیان ڕەفزکردنەوەی هەموو بانگەوازەکەیە و کافربوونێکی زەق و ئاشکرایە.

نەخێر تاغووت هەر وا ئاسان ئیعتراف ناکات، چ جای ئەوەی تەسلیم ببێت، هەر وا ئاسان دان بەوەدا نانێت کە باتڵ بووە و حوکمی بە ناڕەوایی کردووە و دەسەڵاتەکەشی شەرعی نەبووە! کەسیش چاوەڕێی ئەوە ناکات ئاوا ئاسان ئیعتراف بکات! فیرعەون و دەستە و دائیرەکەی لە تێگەیشتنی مەبەستی بانگەواز و مانای تەوحیدەکەی سەیدنا موسادا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) بەهەڵەدا نەچوون، نا زۆر چاک تێگەیشتن و ئاشکرا و ڕاشکاویش دید و هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام دەیانویست چەواشەکارانە سەرنجی خەڵکەکە ڕاکێشنە سەر نیشانی تر و

نەهێڵن تەرکیزکردنەکە لەسەر تەوحیدەکە بێت. ناوەڕۆک و مەبەستی بانگەوازەکەیان بەوە کەنار دەخست کە دەیانوت: موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) جادووگەرە، سیحربازە! ﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ عَلِيمٞ ١٠٩ يُرِيدُ أَن يُخۡرِجَكُم مِّنۡ أَرۡضِكُمۡۖ فَمَاذَا تَأۡمُرُونَ ١١٠﴾ [الأعراف: ١٠٩ – ١١]، واتا: «پیاوماقوڵانێک لە قەومەکەی فیرعەون وتیان: ئەمە جادووگەرێکی زۆر شارەزایە، ئەم سیحربازێتییە بەو مەبەستەیە لە وڵاتی خۆتان وەدەرتان نێت! ئێوە فەرمانتان بە چییە؟». ئەمانە ڕوون و ئاشکرا ئەنجامی ململانێکەی دەدەنە دەست، دەڵێن ئەم بانگەوازە سەردەکێشێت بۆ ئازادکردنی بەنو ئیسرائیلیەکان و لەناوچوونی دەسەڵات و دام و دەزگای حوکمی فیرعەون، ئەنجامی ئەمە ڕمانی حکوومەت و گۆڕینی دەسەڵاتە، یان وەکوو بە زمانی سەردەم دەوترێت هەوڵی گۆڕینی سیستمی حکومڕانیی وڵاتە بە بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەمە بانگەوازی ئینقیلابە!

زەمین موڵکی خوای گەورەیە مرۆڤەکانیش عەبدی خوای گەورەن، ئەگەر حاکمێتی لەسەر زەمیندا بگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە، مانای وایە تاغووتان مایەپووچ دەبن و بە دەستی بەتاڵەوە لێی دەردەچن، چونکە ئەوان بە غەیری شەریعەتی خوا حوکمیان کرووە، ڕاگەیاندنی حاکمێتیی خوای گەورە -کە لە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه)کەدایە- داماڵین و ڕاماڵینی مرۆڤە تاغووتەکانە کە هەموو دەسەڵاتێکی یاسادانان و حوکمڕانی و داوەرێتیان بۆ خۆیان زەوت کردبوو، کە مافی خوای تاک و تەنهایە و بەس. ڕاگەیاندنی حاکمێتیی خوای گەورە ڕسواکردنی دەست و دائیرە و حاشییەی تاغووتانیشە کە پلەوپایە و بەرپرسیارێتیان بۆ تاغووت گرتووە و تاغووت لە داکوتانی پایەی ناڕەوایی خۆیدا ئیعتیمادی کردبوونە سەر، کە ئامێری دەستی تاغووت بوون بۆ ژێردەستەکردن و عەبدایەتیپێکردنی جەماوەرە غافڵەکە، بۆیە ئاوا فیرعەونیش و بەرپرسە چەواشەکارەکانی دائیرە و دەزگاکانیشی هەستیان بە دژوارێتیی بانگەوازەکەی تەوحید دەکرد. تاغووتی هەموو سەردەمێک ئاوا خێرا هەست بەو دژوارێتیە دەکات، چونکە دەزانێت یەکەم

تیری بانگەوازەکە بەرەو چەقی دەسـەڵات دێـت.[1] کاتێـک پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەمان بانگەوازی تەوحیدی ڕاگەیاند: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّه) کابرایەکی ئەعرابی کە بەر گوێی کەوت، یەکسەر هەر بە سەلیقە و زیرەکی خۆی وتی: (هَذَا الأَمْرَ الَّذِي تَدْعُو إِلَيْهِ مِمَّا تَكْرَهُـهُ الْمُلُـوك)، واتـا: «ئەمە مەسـەلەیەکە کە پاشـاکان پێیـان ناخۆشـە». جـارێکی تـریش ئەعرابیەکـی تـری خـاوەن سـەلیقە و سروشـتی ئاسـایی خـۆی عەرزی پێغەمـبەری خـوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد: (إِذَنْ تُحارِبُك عَلَيها العَرَبُ والعَجَـمُ)، واتـا: «کەوابـوو عەرەب و عەجەم جەنـگ بەرامـبەرت بەرپـا دەکەن». ئەم دوو ئەعـرابیە لە نـاوەڕۆک و مانـای تەوحیـدەکە دەگەیشتن، زانیان کە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه) شۆڕشە و بەرامبەر دەسەڵاتدارانێک بەرپـا دەکرێـت کە بە شەریعەتی خوای گەورە حوکم ناکەن، جا عەرەب بـن یـان عەجەم. بـانگەوازی (لَا إِلَٰـهَ إِلَّا اللَّه) لە گوێی ئەو کەسانەدا زۆر جـددی بـوو، چـونکە زۆر چـاک لە واتـای شـایەتوومانەکە دەگەیشتن کە ئەمە ڕاگەیاندنی ناشەرعێتیی دەسەڵاتی حاکمەکانە، کەوابوو دەستپێکی ململانێ و سەرەتای لادان و ڕادانی ئەو دەسەڵاتە ناڕەواییەیە. هیچیـان بۆچـوونی ئەوەیـان لا دروسـت نەبوو کە دەشێت حاکمێتیی (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه) و حاکمێتیی (طاغوت) لە دڵ و دەروونێکدا، لەناو خاک و خەڵکێکدا پێکەوە بن و بگونجێن. دەیانزانی مەحاڵە حوکمی شەریعەتی خوا و یاسا و ڕێسای دەستووری جاهیلییەت تێکەڵ بکرێت و بکرێنە بەرنامەی ئاڕاستەی هیچ کۆمەڵگایەک، چونکە دوو ئاڕاستەی دژ بە یەکن. ئەو دوو ئەعـرابییە و ئەو کەسـانەی ئەم قورئـانە یەکەمـین جار دووانەدنی وا تێنەگەیشتن -وەکوو کە موسڵمانانی سەردەم تێـدەگەن- کە ڕاگەیانـدنی دینـی خوا و دەسەڵات و حاکمێتیی جاهیلییەت پێکەوە دەشێ بژین! کەس لەو سـەردەمەدا -وەکـوو ئەمانەی لەم سەردەمەدا بە خۆیـان دەڵـێن (موسـڵمان)- وا تێنەگەیشـتبوون کە لە یەک کـات و شـوێندا دەشـێت مەنهەجـی خـوای گەورەش ڕاگەیەنرێـت و مەنهەجـی

---

(١) کورد لەسەر زمانی ئەو جۆرە فیرعەونانە دەڵێت: (لە فیتوو/فیکەی خۆم تێدەگەم).

(حكم بغير ما أنزل الله)ش دەسەڵاتدار بێت. ئەم (تێگەیشتنە) سادە و ساویلکە و کز و کۆڵەی خەڵکی ئەم سەردەمە دەربارەی تەوحید هەیانە، کەس لەو سەردەمەی هاتنە خوارەوەی وەحیدا نەیبوو. بانگەوازەکەی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) لە تێگەیشتنی کز و لاوازی ئەم سەردەمە جیاواز بوو، ڕوون و ئاشکرا و ڕاشکاوانە ڕەتکردنەوەی حاکمێتیی فیرعەون بوو. فیرعەونی ئەو سەردەمەش وەکوو فیرعەونی سەردەمانی دواتر بوو. فیرعەونەکانی ئەم سەردەمە لە هەموو فیرعەونەکانی پێشوو دڕەندەتر و دەستدرێژترن، تاغووتانی ئەم سەدەی بیستەمە زۆر لە فیرعەونەکانی کۆن ستەمکارتر و ڕەقترن و زۆر دڵڕەقانەتر دژی ئەو داعییانەی ئیسلامن کە حاکمێتیی خوای گەورە ڕادەگەیەنن و بە بانگەوازی خواویستی مەترسی لەسەر دەسەڵاتی باتڵیان دروست دەکەن.

فیرعەونەکانی ئەم سەردەمە هەر وەکوو فیرعەونەکانی پێشوو خوایەتی ڕادەگەیەنن و سەرسەختتر و کوشندەتریش ڕەفتار دەکەن، کەچی زۆرینەی هەرە زۆری ئەمانەی بەخۆیان دەڵێن (موسڵمان) ئەو تێگەیشتنە سەرەتاییەی ئەعرابیەکانیشیان لا دروست نەبووە!

مەسەلەکە زۆر ڕۆشن و ئاشکرایە و ڕاشکاوانە باس لە مەسەلەکە دەکرێت، بانگهێشتی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) بۆ خواویستی بۆ ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ناڕەحەتکار و ترسناکە، تاغووتان دەزانن ئەمە واتا نەمانی دەسەڵاتی حوکمڕانیی هیچ کەسێک، مادام بانگەوازەکە بۆ حاکمێتیی خوایە و حاکمێتیی غەیری خوای گەورە بە هەر شێوە و چۆنییەتی و بڕ و ڕادەیەک بێت؛ شیرک و کوفر و جاهیلییەتە و دەبێت لا بدرێت و ڕاو بنرێت، ئەوانیش دڵنییان کە حوکمڕانیی خۆیان لەسەر زەوتکردنی مافی حاکمێتیی خوای گەورە دامەزراندووە، خەڵکیان کردووە بە عەبدی خۆیان و پەروەردگارێتیی خۆیانیان بەسەردا سەپاندووە، شەریعەتی خوایان لاداوە و یاسا و ڕێسای جاهیلییەتیان بەسەردا چەسپاندووە، بەمەش خۆیان لێ کردوونەتە خوا (أرباب).

کەوابوو ململانێکە وا لە نێوان دوو بەرەدا، هەریەکەیان (مەنهەج)ی خۆی بۆ ئاڕاستەکردنی ژیان هەیە، هەریەکەیان دین و دیدێکی جوودا و دوورە لەوی تریان، پەروەردگار و ئاڕاستەوانی پەرستشینانی هەردوولا جیاوازن. ئەمە لە فیرعەون و دائیرە و دەستە و حاشیەکانی شاراوە نەبوو، بۆیە وا لەبانگەوازی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) تۆقی بوون، دەیانزانی بانگەوازی ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشانی ئەمانن، دید و تێڕوانینیانە، یاسا و دەستووریانە، دەسەڵات و حوکمیانە و فرێدانەلاوەیانە!

دوای ئەمە دەبێت ئێمەی موسڵمان لەبەردەم حەقیقەتێکی تردا بووەستین و وردەکارانە سەرنج بدەین و دەرسی دید و ڕێبانی لێ وەرگرین، ئەویش حەقیقەتی ململانێکەی نێوان ئێمە و جاهیلییەتە. ئوممەتە عەقائیدییەکە دەبێت ئەوەی لا بەڵگەنەویست بێت کە ئەو شەڕە بێ ئامانەی دژی دەکرێت بەهۆی ئەم تەوحیدەوەیە، کە ڕەفزی حاکمێتیی مرۆڤە و گێڕانەوەی حاکمێتییە بۆ خوای تاک و پاک، بێ ئەوەی هیچ کەس و کۆمەڵە و حیزب و چینێک بە هیچ شێوەیەک تێیدا بەشدار بێت (چ لە یاساداڕشتندا، چ لە حوکمڕانیدا، چ لە داوەریکردندا). ئەمە هۆکاری ململانێکەیە:

- ﴿وَمَا نَقَمُواْ مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ۝٨﴾ {البروج: ٨}، واتا: «ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەیان بۆیە دەدا چونکە باوەڕیان بە خوای گەورە هێنابوو، خوای بە دەسەڵات و سوپاسکراو».

- ﴿وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا لَمَّا جَآءَتۡنَاۚ﴾ {الأعراف: ١٢٦}، واتا: «تۆڵەی ئەوەمان لێدەکەیتەوە کە باوەڕمان بە نیشانە و بەڵگەکانی خوای گەورە هێناوە کە بۆمان هاتووە و قەناعەتمان بە ڕاست و ڕەوایی کردووە».

هەر بەوەندەی نووری باوەڕ و یەقین لە دڵ و دەروونی جادووگەرەکانی فیرعەون چەسپا،

دەستبەجێ فورقانیان لا دروست بوو، واتا هەست و دیدی جووداکردنەوەی حەق لە باتڵ و زانینی وەحیی خوای لە سیحر و ناسینی پێغەمبەرێتی و جووداکردنەوەی لە دەسەڵاتی فیرعەونی. ئیتر لەوەش دڵنیابوون کە ململانێی نێوان و وەحی و جادووگەرێتی، نێوان پێغەمبەرێتی و سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) و چەواشەکارییەکانی فیرعەون و کاربەدەستانی؛ ململانێی نێوان کوفر و ئیمانە، جەنگی نەپساوی عەقیدەکەیە، وەبەرێکرۆچوونی تەوحید و شیرکە بە هەموو شێواز و جۆر و چۆنیەتییەکەیەوە. دڵنیا بوون کە مادام کەوتوونەتە بەرەی تەوحیدەکەوە حەتمەن دەکەونە ژێر هەڕەشە و مەترسیی فیرعەون و حکوومەتەکەی. زانیان کە ئەو تین و فشارەی دەخرێتە سەریان لەبەر باوەڕهێنانەکەیانە بە وەحییەکەی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ)، ڕاگەیاندنی عەبدایەتییەکەیانە تەنها بۆ ﴿رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾. باوەڕهێنانیش بەم شێوە گشتگیر و قایم و قووڵە هەڕەشەیە لە وجوودی تاغووتان و دید و ڕێ و دەستوور و دەسەڵاتیان، لە هەمان کاتیشدا هەڕەشەیە لە پلەوپایە و ئیمتیازاتی حەرام و نادروستیی کاربەدەستانی تاغووت و حاشیە و دەستە و دائیرەکەی کە لەسەر حاکمێتیی زەوتکراو دەلەوەڕێن، کە فیرعەون بە چەواشەکاری و هێز و هاوکاریی ئەوان بۆ خۆی ڕاپسکاندووە. بە مانایەکی تر ئەمانە مشەخۆری سەر سفرەی پەروەردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتییە باتڵەکەی فیرعەونن. بانگەوازی ﴿رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾ هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتی فیرعەون، بۆ سەر ئیمتیازاتی کاربەدەستانی، بۆ سەر ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵگا موشریکەکەشی.

زانینی سروشتی ئەم ململانێیە دینییە بۆ هەموو داعییەک پێویستە، مادام دەیەوێت خەڵکی بۆ پەروەردگارێتی و حاکمێتیی خوای گەورە بانگهێشت بکات، دەبێت لەوە بەرچاوڕوون بێت کە لە یەکەم سەدای ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەیەوە دژایەتی دەکرێت و سەرسەختانە شەڕی بێ ئامانی بەرامبەر ڕادەگەیەنرێت، هۆکارەکەشی تەنها باوەڕهێنانێتی بە ﴿رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾ و بانگهێشتکردنی خەڵکەکەیەتی بۆ تەوحیدی حاکمێتی. ئەم بەرچاوڕوونییە زەرووریيە، چونکە

ورەبەرزی و ئارامی و خۆگرییەکی زۆر دەداتە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی و سەبری زۆرتر لەسەر ناسۆرەکانی ڕێ دەگرن و بەلایانەوە سووک و ئاسان دەبێت. باوەڕهێنان بەم حەقیقەتە و لە دڵدا چەسپانی؛ داعی دەگەیەنێتە ئاستێکی ئیماندارێتیی زۆر گرنگ و کاریگەر کە گاڵتەی بە کوشتن دێت، مردنی لە پێناوی ئەم دید و ڕێ و بانگەوازە پێ پەسەندە، نەک بترسێت لێی، چونکە باوەڕ و قەناعەت و دڵنیاییەکەی گەیشتووەتە (یقین) کە باوەڕی بە ﴿رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾ هێناوە و لەسەر دین و ڕێبازی ئەوە و لەبەر خاتری حاکمێتیی ئەو ئاوا ئەشکەنجە و ناسۆر و مردنی دێتە سەر، ئەمەش وای لێ دەکات بێباکانە و جوامێرانە ڕووەوڕووی مەرگ ببێتەوە. داعیی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی کە باوەڕیان بەم جۆرە لا جێگیر دەبێت، ئەوەشیان لا دەبێتە بەڵگەنەویست کە وەکوو خۆیان لەسەر حەقن؛ بەرامبەرەکەشیان لەسەر باتڵە، لە شیرک و کوفر و جاهیلییەتدایە، دوژمنەکانیان لەسەر دینێکی غەیری دینەکەی خوای گەورەن، چونکە حاکمێتیان، دەسەڵات و حوکمیان لە خواوە وەرنەگرتووە و ناڕەوایانە خەڵکیان ناچاری عەبدایەتیی تاغووت کردووە، کەوابوو کافری موتڵەقن، شوێنیان لە دین و ئوممەتی ﴿رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾دا نییە، ئەم دڵنیابوونە بۆ داعیی ئیسلام و پێشڕەوی خواویستی زەرورییە، دەنا چۆن دەتوانێت بانگەوازی ڕاشکاوی ﴿رَبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ﴾ ئاوا بە ڕۆشنی ڕاگەیەنێت؟ چۆن دەتوانێت تەحەمولی ئەو کاردانەوە ڕەقە سەختەی تاغووتان بکات؟ چۆن دەتوانێت خۆی لەبەر ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە و ناسۆرەدا بگرێت ئەگەر ئەم حەقیقەتانەی لا نەبووبێتە بەڵگەنەویست و (یەقین)ی پێیان نەبێت؟! دەبێت ئەم (یەقین)ە بە هەردوو لایەنیەوە لا جێگیر بووبێت: ئەوەی کە موسڵمانە و ڕێی خوای گەورەی گرتووەتە بەر، ئەمەشی کە دوژمنەکەی کافر و تاغووت و دوور لە بانگەواز و وەحی و حاکمێتیی خوای گەورەیە. ئاوا بەدڵنیایی و پشوودرێژیەوە ڕێ دەبڕێت و دەزانێت کە هەرچی بەسەری دێت لەبەر موسڵمانێتی و بانگەوازی خواویستییەتی.

فیرعەون بەو سیفەتە ئیدیعای خوایەتی نەدەکرد کە بڵێ من کردگاری گەردوونم و من ژیان و مرۆڤم خەڵق کردووە، نەشی دەوت من هەڵسوڕێنەری ئاسمانەکان و زەویم، یان بڵێ کاریگەریم لەسەر ڕووداوە گەردوونیەکان هەیە، وەکوو (باران و بوومەلەرزە و... هتد)، بەڵکوو بەو سیفەتە لاف و گەزافی خوایەتیی لێدەدا کە حوکمڕانیی گەل و خاوەن دەسەڵات و یاسا و دەستوورتانم، من یاساتان بۆ دادەڕێژم و حوکمتان دەکەم و کێشەکانتان بە داوەرێتی خۆم بۆ یەکلا دەکەمەوە. دەیوت کاروبارتان بە فەرمانی من دەڕوات بەڕێوە.. ئەمە خوایەتیەکەی بوو کە خوای گەورە لێی قبووڵ نەکرد و سەیدنا موسای (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) بۆ بیرخستنەوە و بانگهێشت و هیدایەتدانی نارد: ﴿وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوۡمَهُۥ لِيُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَۚ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَنَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡ وَإِنَّا فَوۡقَهُمۡ قَٰهِرُونَ ١٢٧﴾ {الأعراف: ١٢٧}، واتا: «(پیاوماقوڵان) قەومەکەی فیرعەون پێیان وت تۆ بۆچی موسا و قەومەکەیت واز لێهێناوە تا ئاوا خراپەکاری لە وڵاتدا بڵاوبکەنەوە، خوا و خوایەتی تۆ وەل بکەن و گوێی نەدەنێ؟ فیرعەون وتی: هەموو نێرینەکانیان دەکوژین و ژنەکانیان دەهێڵینەوە، خۆ ئێمە زاڵ و دەسەڵاتدارین و توانامان بەسەریاندا دەشکێت». ئەم خوایەتییەی کە فیرعەون مومارەسەی دەکرد -کە خوای گەورە ناوی خوایەتی و پەروەردگارێتیی لێناوە- ڕەفتاری هەموو حاکم و کابەدەستێکە کە بە یاسا و ڕێسای خۆی حوکمڕانی و داوەری دەکات. کە کاروباری ژیان و کۆمەڵگا و دەوڵەت بە ئاڕاستە و بڕیاری ئەو ڕێک دەخرێت و دەڕوات بەڕێوە؛ ئەمە خوایەتییە. ئەمە لەڕووی زمانەوانی و واقیعییەوە پەروەردگارێتییە، چونکە ئاڕاستەی ڕێکخستنی ژیانە. خۆ خەڵکی میسر لەو سەردەمەدا فیرعەونیان بە سیفەتی خوایەتی نەدەپەرست، واتا وەکوو بت دایبنێن و سوجدە و ڕکوعی بۆ ببەن، نا، خۆ خەڵکی میسر لەو کاتەدا خوای خۆیان هەبوو دەیانپەرست، فیرعەونیش خوای تایبەتی خۆی هەبوو کە دروشمەکانی پەرستنی تەقویم دەکرد. ئایەتەکەش

دەفەرموویـت: ﴿وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ﴾، واتـا: «خـۆت و خـواکەت[1] وەل دەکـات». لە مێـژووی فیرعەونەکانیشدا ئەوە سەلمێنراوە کە فیرعەونەکان خوای تایبەتی خۆیان هەبووە و پەرستشـیان بۆ ئەنجام داوە. کەوابوو پەرستنەکەی فیرعەون لە لایەن خەڵکییەوە وەکـوو قورئـان پێناسـەی دەکات بریتییە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی و ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی حـاکم و سـەرپێچینەکردنی، وەرگرتنـی بڕیارەکـانی وەکـوو یاسـا و پێـدانی مـافی حـوکمڕانی و مـافی داوەری و یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان، چ ڕاستەوخۆ خۆی بیکات، چ لاوەکی کەسانیتر بیکەن، بەڵام بە یاسای فیرعەون خۆی، یان بە سەڵاحییەت پێدراوی خۆیان کە هەر شیرک و کـوفر و جاهیلییەتە.

ئەمە تێگەیشـتن و ڕاڤە و پێناسـەی پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـۆ ڕەفتـاری پیـاوە دینییەکانی جولەکە و دیانەکـانە، وەکـوو کە لە تەفسـیرکردنی ئـایەتەکەدا دەرکەوت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ {التوبة: ٣١}، واتا: «حیبر و مالمەکانی خۆیـان (پیـاوانی دینیی خۆیان) کردبوون بە خوا و لە جیاتی خوای گەورەیان دانابوون». کاتێـک عەدی کـوڕی حاتەم کە مەسیحی بوو هاتبووە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تا موسڵمان بێـت، کە گوێی لە ئایەتەکە بوو عەرزی پێغەمبەری خـوای (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کـرد: ئەی پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خۆ نەیاندەپەرستن! پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمـووی: (بَـلَى، إِنَّهُـمْ حَرَّمُوا عَلَيهِمُ الحَلَالَ وَأَحَلُّوا لَهُمُ الحَـرَامَ فَـاتَّبَعُوهُم؛ فَـذَلِكَ عِبَـادَتُهُم إِيَّـاهُم)[2]، واتـا: «بەدی،

---

(١) ئەمە مانای (ءالهتك)ەیە کە بە مانای پەرستنیش دێت، واتا: (ويذرك وعبادتك)، بەڵام لێرەدا سەیید (رحمه الله) وەکوو زۆرینەی ئەهلی تەفسیری فەرمووە: ﴿وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ﴾، واتا: خۆت و خواکەتی وەلکردووە.

(٢) ئەم فەرموودەیە بە چەند لەفزێکی جیاواز هاتووە، ئیمامی ترمزی بە ژمـارە (٣٠٩٥)، ئیمامـی تەبەڕیـش لە تەفسـیری ئەم ئـایەتە بەچەند لەفزێکـی جیـاواز هێنـاویەتی، هەروەهـا ئیمامـی بەیهەقـی لە (السـنن الکـبری) (١١٦/١٠)، تەبەڕانـی لە (المعجـم الکبیـر) (٩٢/١٧)، هەموویان لە ڕێگەی (غطيف بن أعين)ەوە ڕیوایەتیان کردووە کە ترمزی بە زەعیفی داناوە و دەربارەی ئەفەرمووێت: (هذا حديث غريب، لا نعرفه إلا من حديث عبد السلام بن حرب، وغطيف بن أعين ليس بمعروف في الحـديث)، بەڵام شـێخی ئەلبانی لە

ئەوان حەرامیان بۆ حەڵال دەکردن و حەڵاڵیان لێ دەکردن بە حەرام و ئەمانیش شوێنیان دەکەوتن (حوکمەکەیان لێ وەردەگرتن)، ئێ ئا ئەمەیە پەرستنیان».

فیرعەونیش کە بەقەومەکەی خۆی وت: ﴿مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي﴾ {القصص: ٣٨}، واتا: «جگە لە خۆم خوایەکی تر نابینم هەتانبێت». مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو حاکمی دەسەڵاتداریانە و ئەوانیش بەپێی بڕیار و ئاڕاستەی ئەم ڕەفتار دەکەن و بێ چەند و چوون فەرمانەکانی وەردەگرن و ڕایدەپەڕێنن. حاکمێتی لەم لایەنی زمانەوانێتییەوە بریتییە لە خوایەتی، لە واقیعیشدا هەر مومارەسەکردنی خوایەتییە، چونکە خوا ئەوەیە کە یاسا و ڕێسا بۆ خەڵکی دادەڕێژێت و حوکمی ڕەفتاریان دەکات و ئەوانیش بێ چەند و چوون فەرمانەکانی وەردەگرن و جێبەجێی دەکەن، جا ئەو یاسادانەر و حاکم و داوەرە بە زاری خۆی وتبێتی کە من خوام یان نەیوتبێت؛ کاریگەریی نییە، چونکە بە کردەوە مومارەسەی خوایەتیی کردووە. لەم لایەنەوە کە حاکمێتییە لەم ڕووانگەوە زیاتر لە مانای ئایەتەکە تێدەگەین کە دەفەرمووێت: ﴿أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوۡمَهُۥ لِيُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ﴾. ئەم خراپەکارییەی ئەوان ئاماژەی پێ دەکەن کە گوایە -بە دیدی ئەوان- سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) خۆی و شوێنکەوتووەکانی خراپەکاری دەکەن. ئەمە خراپەکارییەکەیانە کە بانگەوازی خواویستییان ڕاگەیاندووە و خەڵکی بانگهێشت دەکەن تا حاکمێتیی خوای گەورە قبووڵ بکەن و بەس، عەبدایەتیان بۆ خوای کارزان و بە دەسەڵات بێت و بەس، ئەوەش بە دیوەکانی تریدا واتا ناشەرعێتیی حوکمی فیرعەون و ڕەتکردنەوەی حاکمێتی و دەسەڵات و ئاڕاستەوانێتیی ئەو و، نادروستی و ناڕەوایی و سیستمی حوکم و کاربەدەستانی، چونکە هەموو سیستمی حوکمڕانیەکە لەسەر حاکمێتیی فیرعەون دامەزراوە و بە فەرمان و ئاڕاستەوانێتیی ئەویش دەڕوات بەڕێوە، یان بە دەستەواژەکەی تری سیستەمی

---

(کتاب غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام) بە (حسن)ی داناوە، هەروەها ئیبنو تەیمیەش لە کتێبی (الإيمان) (لا٥٨) هێناویەتی و بە حەسەنی داناوە.

حوکم و ئیدارەی دەوڵەت هەمووی لەسەر پەروەردگاریێتیی فیرعەون دامەزراوە، کەوابوو بە دیدی ئەوان ئەوە خراپەکاری و فەساد بڵاوکردنەوەیە کە هەوڵ بدات سیستەمەکە بگۆڕێت و حوکمەکە ژێرەوژوور بکات! ئەوەی کە موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) دەیەوێت بە دیدی ئەوان فەساد و خراپەکارییە، چونکە دەیەوێت ئەو بارودۆخە بگۆڕێت کە لەسەر زەمینەی مرۆڤپەرستی دامەزراوە، کە جەماوەرەکە عەبدایەتیی فیرعەون دەکەن و ڕازین! ئینجا ئەو (فەسادە)یان وا بەراورد دەکرد کە بە قەدەر ئەوە تاوان و سەرپێچییە کە فیرعەون و خواکەی وەل دەکەن و کە خۆیشی و قەومەکەیشی دەیپەرستن. واتا سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) بە دیدی ئەوان دوو تاوان ئەنجام دەدات کە هەردووکیان یەک لە یەک دژوارتر و تاوانتر و فەسادترن! **یەکەمیان** ئەوەیە کە خەڵکی بانگهێشت دەکات بۆ حاکمێتیی خوای گەورە. **دووەمیشیان** ئەوەیە کە فیرعەون و خواکەی، سیستم و دەستوور و دەسەڵاتەکەی وەل دەکات و وەکوو جەماوەرە عەبدەکە تەسلیمی نابێت. لێی هەڵگەڕاوەتەوە و یاخیبوون (عصیان)ی ڕاگەیاندووە! هەڕەشە خواییەکەش لە پەروەردگاریێتیی غەیری خوای گەورە لێرەوە دێت، لەم ڕووانگەیەوە خوای گەورە پێی شیرک و کوفر و جاهیلییەتە بارودۆخی ژیان و ڕێکخستنی کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئاڕاستەکردنی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەسەڵات لە غەیری پەروەردگاریێتی خوای گەورەوە بێت. لەم ڕووانگەیەوە هەڕەشە دەکات و بڕیار دەدات کە هەر کەسێک شاهێدی بدات کە (لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰه مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللّٰه)، ئیتر بۆی نییە ئاڕاستەی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەت لە غەیری خوای گەورە وەربگرێت، بۆی نییە حاکمێتیی غەیری خوای گەورە قبووڵ بکات، بۆی نییە بە یاسای غەیری شەریعەتی خوا ڕازی بێت، بۆی نییە غەیری خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بە فەرمانڕەوا دابنێت و، بۆی نییە داوەری بباتە لای هیچ یاسا و ڕێسا و دابونەریتێک کە پێچەوانەی دینی خوای گەورە بێت. ئەو کەسەی کە شایەتومان دەهێنێت دەبێت ئەم حەقیقەتانەی لە دڵ و هزر و ویژداندا جێگیر ببێت، هەر وەکوو کە لە دڵ و هزر و

ویژدانی نەوەی یەکەمی ئیسلامدا جێگیر بوو، نەک وەکوو ئەو شێوە سیس و چەوت و گەندەڵەی ئەم سەردەمە کە خەڵکی ناویان لێناوە ئیسلامەتی و موسڵمانبوون!

لەم ڕووانگە و مەدلول و واتایانەوە بوو کە هەر لە سەرەتای بیستنی سەدای بانگەوازەکەی سەیدنا موساوە (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) فیرعەون و کاربەدەستانی هەستیان کرد دژوارییەکی بنبڕ و خەتەرناک لێیان ڕاستبووەتەوە و بوواری موساوەمە و ڕێکەوتنیشی تێدا نییە، یەک دید و هەڵوێستە: ڕادان و لادانی دەسەڵات و سیستم و دەستووری فیرعەون. هەر لەبەر ئەمەشە کە فیرعەونیش ئەم شێوە دڕندانەی دوژمنداریتییەی گرتە بەر و شەڕی بێئامانی بەرامبەر سەیدنا موسا و بانگەواز و شوێنکەوتووەکانی ڕاگەیاند و وتی: ﴿سَنُقَتِّلُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَنَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡ وَإِنَّا فَوۡقَهُمۡ قَٰهِرُونَ ١٢٧﴾. ئەمە سیما و جەوهەر و سیفاتی تاغووتە لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا، هیچ جیاوازییەک لە دید و هەڵوێستیاندا نییە، جاهیلییەتی ئەمڕۆ و سبەینێ و داهاتووتریش هەر وەکوو دید و هەڵوێستی دوژمندارانەی جاهیلییەت و تاغووتانی پێشوو دەبێت. واقیعی ئەمڕۆش نیشان دەدات کە ئەمە حەقیقەتە. تاغووتانی ئەمڕۆ دڕندانەتر ڕەفتاری دوژمنداریتی بەرامبەر داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی دەنوێنن.[١]

(١) ئەوە حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە، هەموو کەسێک ئەو هەموو چەوسانەوەی موسوڵمانانی سەردەمی چاو لێیە و ڕۆژانە هەواڵی ناسۆر و کارەساتی موسوڵمانان دەبینێت و دەبیستێت. هەر لەوسەری ئەندۆنیسیاوە تا مەغریب، هەر لە چیچانەوە تا ئەفریقا. بۆیە سەیریش نەماوە کە ئەنگۆلا (ئەفریقایە) لە مانگی شوباتی (٢٠١٤)دا بڕیاریدا کە ئیسلام لە وڵاتەکەدا قەدەغەیە! ئیسلام، نەک تیرۆر و فەندەمەنتالیزم و رادیکاڵ و ناوناتۆرەکانی تر، بەڵکو ئیسلام وەکوو دین! کە بە حیساب دینی ملیارێک و سێ سەد ملیۆن کەسە!!

## بڕگەی دووەم: ژیانی ژێر سایەی شیرک و باجدانی

داخوازییەکانی قورتاربوون لە عەبدایەتیی تاغووت و باجی دینداریتی و خواویستی -هەرچەندە سەخەت و زۆر و دژوار بن- زۆر لە داخوازی و باجی عەبدایەتیکردن بۆ تاغووت ئاسانتر و کەمترە. داخوازییەکانی ژیانی ژێر سایەی تاغووت و ملکەچی دەربڕین بۆی -هەرچەندە لە ڕواڵەتیدا ژیانی هێمن و ئەمان و دڵنیاییبوونە لە ڕۆزی و مەعاش و پلە و ناو- لە واقیعدا زۆر سەخت و دژوارە، زەلیلی و ژێردەستەییەکی زۆر خراپیان پێوەیە.

داخوازییەکانی عەبدایەتیکردن بۆ تاغووت زۆر و نەبڕاوەن، بەردەوامن و لەسەرخۆ دەڕۆن، ئومێدی کۆتاییهاتنیان نییە. ژیانی ژێر سایەی شیرک باجی زۆری دەوێت، هەموو باجەکەشی لە (مرۆڤبوون)ی خەڵکە زەلیلەکە دەدرێت، چونکە مرۆڤێک خۆی لەوانیتر کردووەتە خوا و ئەوانیش ئەو هەموو ئەرک و نارەحاتی و عەبدایەتیکردنەی بۆ جێبەجێ دەکەن، بەڵام چونکە بە حساب ژیانیان، موچەیان، ئەمانیان مسۆگەرە، یان هەست بەو باجە قورسە ناکەن کە لە ڕێز و کەرامەت و مافی مرۆڤبوونیان دەیدەن، یان زەلیلی و سەلامەتییەکەیان پێ چاکترە.(١)

چ عەبدایەتی و زەلیلییەک لەوە دژوارتر و سەختترە کە مرۆڤێک بە ئازادیی خۆی دڵ و هزر و ویژدان و هۆش و ئیمانی بداتە مرۆڤێکی وەکوو خۆی و بەپێی فەرمانی ئەو مرۆڤە هەستێت و دانیشێت، بەپێی حەز و بوغزی ئەو ڕەفتار بکات، واز لە هەست و هۆشی خۆی بهێنێت بۆ تووڕەبوون و ڕازیبوونی ئەو، دڵ و دەروونی بەبەتاڵی بداتە دەست ئەو، تا ئەو بەوە پڕی بکاتەوە کە پێی باشە! هزر و هۆشی بداتە ئەو تا ئەو زانیارییانەی تێدا گەنجینە (خەزن) بکات کە ئەو پێویستێتی! ویست و ئیرادەی بە ویست و ئیرادەی ئەوەوە ببەستێتەوە کە چۆن و بۆچی و کەی بەکاری هێنا ئەم ملکەچانە بڵێ بەسەرچاو!

---

(١) ئەوەی کە کوردیش پێی دەڵێت: (حیزی و سەلامەتی)!

عەبدایەتی لەم ئاستەشدا ناوەستێت، بە لە دەستدانی ئەم ڕێز و ماف و ویست و ئیرادە ئازادەشەوە ناوەستێت و زیاتر بەرەو خوارەوە دەبێتەوە، تا بەتەواوی بە لەدەستدانی کەسایەتیی خۆی ئەوەندە ڕۆ دەچێت و (وجوود)ی لە هیچ ڕەهەند و لایەنێکەوە نامێنێت، بەتەواوی دەبێتە هەلووک و داردەست و ئامێری دەستی تاغووتان! لە ئاستی یەکەمی عەبدایەتییەکەیدا هێشتا هەست و هۆشێکی ماوە کە ئومێدی هەیە باجی عەبدایەتییەکە لەوەندەدا بووەستێت، بەڵام تاغووت زیاتری دەوێت، دێتە ئاستەکانی خوارووتر و دوای ڕێز و کەرامەتی؛ سامان و ماڵیشی دەکاتە قوربانی، بەڵام هەر لە زەلیلیدایە و ئومێدی چاکتربوونی حاڵەتەکە کەمتر دەبێتەوە، دواتر لەگەڵ زەمەندا دێتە خوارووتر و ماف و ڕێزی خۆی و سەروەت و سامان و ئینجا خێزان و ماڵیشی لە دەست دەبێتەوە و داواکاریی تاغووتان زۆرتر دەبن! پێشتر کە ئومێدی پارسەنگبوونەوەی ژیان و ماف و کەرامەتی هەبوو، ئیستا ئەو ئومێدەی نەماوە و خۆزگە دەخوازێت سەرکەوێتەوە بۆ پلە یەکەمەکەی دەستپێکی عەبدایەتییەکەی کە هەندێک ماف و ئازادی و ڕێزی لەدەست دابوو نەک هەمووی، کە سەروەت و سامانی مابوو، ماڵ و منداڵی دوور و سەلامەت بوون، بەڵام ئێستا هەموو شتێکی بووەتە موڵکی تاغووت و هیچ ڕێیەکی قوتاربوونیشی نییە، بوواری بیرکردنەوەی ئازادبوونیشی نادرێت، چونکە دەبێت ڕۆژانە لە خزمەتی تاغووتدا بێت و نەسوێت و پەکی نەکەوێت و بێزار نەبێت، دەبێت هەر ڕایکێشێت!

باجدانی عەبدایەتیکردن بۆ تاغووت نە سنووری هەیە نە پەرژین. هەر بەوەندە ناوەستێت کە کابرا بە عەبدایەتیکردنی بۆ تاغووت هەموو گیانی خۆی لەدەست داوە: دید و تێڕوانینی، ڕەفتار و ڕەوشتی، دابونەریتی، ڕێز و کەسایەتیی، سەروەت و سامانی، هەست و نەستی، ئینجا بیروباوەڕی، بەڵکوو تاغووت ناچاری کردووە کە دەبێت ژن و منداڵەکانیشی ڕاکێشێتە کۆیلەکارییەوە، دەبێت (مەنهەج)ی تاغووت (کەسێک بێت یان حیزبێک) بە ژن و منداڵەکانی بڵێتەوە و بەپێی ئاڕاستەی تاغووت گۆشیان بکات بۆ ئەو! دەبێت ئەو دید و تێڕوانین و

بیروباوەڕەیان لە بیر و هۆشی ئینتیمادا بچەسپێنێت کە تاغووتی لەسەرە، دەبێت لەسەر ئەو ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتە پەروەردەیان بکات کە تاغووت بۆی داڕشتوون! دەبێت هەمووشیان بێ سێ و دوو لەگەڵ داواکردنیاندا یەکسەر ببنە سەربازی گیانفیدا و ڕۆحیان بۆ تاغووت ببەخشن و مەمنوونیش بن! ئاوا تاغووت یەک یەکی شوێنکەوتووەکانی لە پەرستگای خۆیدا بۆ خۆی دەکاتە قوربانی و بە کاسەی سەری هەمووان کۆشکی پاشایەتی بەرز دەکاتەوە و بە خوێن و ئارەق و فرمێسکی هەریەکەیان کەنارێکی دەسەڵاتەکەی دەنەخشێنێت. بەمەش لێیان ناگەڕێت، کە ژیانیانی بۆ خۆی بەختکرد، ماڵ و سەروەت و سامانیانی زەوتکرد، زارۆکەکانیانی بۆ بەردەوامبوونی عەبدایەتیان گۆشکرد؛ وا ناموسیشیان بۆ خۆی دەبات و لە ژنگەلی هەموویان هەزاران تۆڕی بەدڕەوشتیی دروستکردووە بە ناوی (پێشکەوتن)ەوە خستوونیەتییە زەلکاوی لەشفرۆشی! نە باوک خاوەنی ئابڕووی کچی ماوە و نە مێرد دەتوانێ ڕێی داوێنپیسی و لەشفرۆشی لە ژنی بگرێت! جا هەتککردنەکان ئاشکرا بن؛ وەکوو بەدرێژایی مێژووی تاغووتان و کاربەدەست و سەربازانیان مومارەسەیان کردووە و ئافرەتی خەڵکەکەیان بۆ خۆیان زەوتکردووە، یان بە شێوەی پەروەردەکردن و مومارەسەپێکردنیان لە دەزگا و ڕێکخراوە حوکومی و مەدەنییەکاندا لەژێر سەدان ناوی جوانی (ئازادی) و (پێشکەوتن) و (بەرهەمهێنان) و... هتد. لەم زەلکاوەی جاهیلییەتی باڵادەستدا، لەم زۆنگاوەی کۆمەڵگای جاهیلییەتدا، ئەو کەسەی وا دەزانێت خۆی و ماڵ و منداڵ و ئابڕوو و مافی سەلامەت دەپارێزێت لە خەیاڵدا دەژی، خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت، هەستکردنی بە واقیعەکە مردووە، ڕۆژانە هەست بکات یان نەکات، بە قوڕاوەکەدا ڕۆ دەچێت. ئەو لە وەهمی خۆیەوەیە کە وا دەزانێت کە ناموس و سامان و ژن و منداڵەکانی دەپارێزێت؛ لە ڕاستیدا سات بە ساتی ژیانی ژێر سێبەری جاهیلییەت ئەو باجە دەدات، جا باجێکی قورس و جۆراوجۆر و هەمەلایەنە.

پەرستنی تاغووتان ئەرکی زۆری بەدواوەیە، باجی زۆر قورسی پێوەیە، باجی ڕێز و ماف و بوونی خۆی، باجی سەروەت و سامانی، باجی ژن و منداڵ و ئابڕوو و نامووسی. لە بەرامبەردا ئەرکی پەرستنی خوای گەورە و عەبدایەتیکردن بۆی زۆر سوکتر و ئاسانتر و ئەمانترە. جگە لەوەی سوود و قازانجە؛ لە دنیاشدا عیززەت و ڕێز و سەربەرزییە و لە تەرازووی خوای گەورەشدا کێشی زۆر و قورساییەکی بێسنووری هەیە کە هەر خوا خۆی دەزانێت چۆن و چەندی دیاری کردووە، کە دەشێت بۆ زۆرینە موسڵمانان لەوانەی پابەند و دیندار و خۆگرن بێ حساب بێت، وەکوو دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ ١٠﴾ {الزمر: ١٠}، واتا: «ئەوانەی پشوودرێژ و بەئارام و خۆگرن پاداشتیان ئەوەندە زۆرە کە حساب ناکرێت»[١].

سەید ئەبولئەعلای مەودوودی لە کتێبەکەیدا: (الأسس الأخلاقية للحركة الإسلامية) دەفەرمووێت: "هەر کەسێک کەموکورترین ڕێگای سەرنجدانی لە کاروباری ژیانی مرۆڤایەتییدا هەبێت؛ ئەوەی لا شاراوە نابێت کە کێشەی چاکسازی یان خراپیی بارودۆخی ژیانی مرۆڤایەتی بە سەرکردایەتی و پێشڕەویتی و ئاڕاستەوانێتیی ئەو کەسانەوە بەندە کە دەسەڵاتیان لە دەست دایە، ئەوە هەر وەکوو حاڵی شەمەندەفەرە، بۆ ئەو شوێنە دەچێت کە شەمەندەفەرەکە دەیبات، وا پێچ دەکاتەوە و ڕاست دەڕوات کە لێخوڕ (کاپتن)ەکە دەخوازێت، نەفەرەکانیشی -بیانەوێت یان نەیانەوێت- دەبێت دانیشن و بەو ئاڕاستەدا بڕۆن کە لێخوڕەکەی شەمەندەفەرەکە ڕووی تێکردووە. شەمەندەفەری ژیانی شارستانێتیی مرۆڤیش وەکوو ئەمەیە، ئەمیش ڕوو لەو شوێنە دەکات و بە ئاڕاستەی ئەو لایەنەدا دەڕوات کە سەرکردە و ئاڕاستەوان و دەسەڵاتدارانی حکوومەت دەخوازن. ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە مرۆڤایەتی هەر هەمووشیان لە کۆمەڵگایەکدا کۆ ببنەوە ناتوانن بە ئاڕاستەیەکدا بڕۆن کە پێچەوانەی نەخشەی ئەو کەسانە

---

(١) ئا ئەمەیە کە لە حیساباتی بازرگانی و سامان و پارەی بانکدا دەڵێن چەکی کراوە (الشيك المفتوح)، واتا چەکی بانک بە سپێتی (بە بەتاڵی)، کە چەندت پێویستە بینووسە و بڕە پارەکەی دەربهێنە!

بێـت کە هۆکارەکـانی هێزیـان لەسـەر زەمـین پێـیە، ئەوانەی کە دەسـەڵاتیان بەسـەر هەمـوو جۆرەکـانی هێـزدا هەیە و زاڵـن، هەمـوو مەڵبەنـدەکانی هێـز و ئاڕاسـتەیان لە دەسـت دایە، جەماوەرەکەش هەر ئەوەندە هەیە کە ئومێـدی بە ڕەفتـاری ئەوانەوە بەسـتووە! دەسـەڵاتداران نەک هەر مەڵبەندی بڕیار و سیاسەت و ئابوورییان لە دەست دایە، بەڵکوو ئامێری پێکهێنان و بڵاوکردنەوە و ڕەواجپێدانی دید و ڕێ و تیۆر و بیروباوەڕیشیان بە شێوەیەک لە دەست دایە کە دەتوانن هەر دید و تێڕوانینێکیان مەبەست بێت بـیخەنە ئەو قاڵبـانەوە کە جەمـاوەرەکە پێیـان جوان و پەسەندن! ئاوا دەتوانن سروشت و حەز و ڕەفتاری تاکەکان بگۆڕن، بە هەمان شێوەش دەتوانن ئاڕاستەی گشـتی و دابـونەریتی کـۆمەڵایەتیی کۆمەڵگـاکەش داڕێـژن و کۆمەڵگاکـان لەسەر زەمینەیەکی فیکری داڕێژنەوە کە دەسەڵاتدارەکان خۆیان پێیان چاک و پەسەندە! ئـاوا دەتوانن ڕێسای ڕەوشت و بنەمای دابونەریت بۆ تاک و کۆی کۆمەڵگـا داڕێـژن و بیشـیانخەنە سەری (وەکوو شەمەندەفەرەکە)، جا ئەگەر ئەو سەرکردە و پێشڕەو و ئاڕاستەوانە کاربەدەستانە لە ڕیزی ئیماندارانداا بوون، لەو موسڵمانە دیندارە سەرڕاستانە بوون کە ترسی خوایان لە دڵدایە؛ حەتمەن سیستمی کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئاڕاستەی گشتیی هەمووان ڕێگای ڕاست و چاکسازی و ڕێبازی خێرخوازی دەبێت و زۆرینەی خەڵکەکە ئەمە دەگرنە بەر، پیاوخراپ و سەرسەری و شەڕخوازەکانیش زۆریان ڕێی خراپەکارییان لێ دەگیرێت و کۆڵ دەدەن و دەگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاسـت و کاروبـاری خۆیـان پارسـەنگ دەکەنەوە، ئـاوا هەمـوو شـتێکی جـوان و پەسـەند لە کۆمەڵگاکەدا جێی شیاوی خۆی دەگرێت و ڕەواج بە خێرخوازی دەدرێت. لە کۆمەڵگـای وادا ئەگەر خراپەکاری ڕیشەکێشیش نەکرێت؛ لانی کەم کەش و بارودۆخی نەشونمای نامێنێت.

ئەمـا ئەگەر ئەم دەسـەڵاتدارێتییە، ئەم سـەرکردایەتی و پێشـڕەوێتی و ئاڕاسـتەوانێتییە لە دەست کۆمەڵە کەسێکدا بێت کە دوور لە خواناسی و دوور لە سەرڕاستی و دینداری، دوور لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێت و شوێنکەوتووی حەز و هەواوهەوەسی خـۆی و

نوقومبووی دەستدرێژی و خراپە و گەندەڵی بێت، حەتمەن سیستمی کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئاڕاستەی گشتیی هەمووان دەبێتە سنووربەزاندن و دەستدرێژی و حەرامخۆری، چونکە هەموو خەڵکەکە -کاربەدەست و ڕەعیەتەکە- هەوڵی هێنانەدیی ئارەزووە مونحەریفەکانیان دەدەن و بۆشیان دەچێتە سەر، چونکە پارسەنگی و سنووری دادپەروەری نەماوە، ئیتر وردە وردە خراپەکاری و بەرەڵایی و داوێنپیسی بڵاو دەبێتەوە، بەرتیلخۆری و واسیتەکاری و گەندەڵی دەچێتە هەر هەموو جومگەیەکی ئیدارە و دەوڵەتەوە، جیهانی دید و تێڕوانینیش جمەی دێت لە بیروباوەڕ و دید و تیۆری خەیاڵاوی. ئیتر لاسەنگی و لاروچەوتی دەکەوێتە هەموو کەنار و کەلێن و ئاڕاستەیەکی ڕاگەیاندن و زانستی و مەدەنیەت و ڕۆشنبیری و ڕەوشت و مامەڵە و یاسا و ڕێسا و دەستوور و... سەرتاپای ژیانی تاک و کۆ لەبەریەک هەڵدەوەشێت و ئەو گەندەڵی و خراپەکارییە دەبێتە سیما و مۆرک و سیفاتی. ئیتر تا زەمانیش بەردەوام بێت گەرای گەندەڵی زیاتر دەتروکێت و خراپەکاری زیاتر تەشەنە دەکات و خراپە لە خراپە لەدایک دەبێت.

دیارە یەکەمین داخوازییەک کە دینەکەی خوای گەورە لە عەبدەکانی دەکات ئەوەیە کە سەرڕاستانە و دڵسۆزانە دینەکەی خوا وەرگرن و پێوەی پابەند بن و هەموو ملکەچی و گوێڕایەڵییەکیان بۆ خوای گەورە ساغ بکەنەوە و بەتەواوی بۆ خوا لێ ببڕێن، تا وایان لێدێت کە گەردنبەندێکی بەندایەتییان بۆ غەیری خوا لە ملدا نامێنێت و بەتەواوی دینداریتی دەگرنە ئەستۆ. پاشان داوایان لێ دەکرێت کە هیچ یاسایەکیان قبووڵ نەبێت کە ژیانی لەسەر ڕێک بخەن جگە لە وەحیی خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (واتا دوای جێگیربوونی عەقیدە و پەرستنەکە ئینجا شەریعەتەکە وەردەگرن و ئاڕاستەی ژیانی تاک و کۆی خۆیان پێ دەکەن). دوای ئەمە ئیسلام داوایان لێ دەکات کە سەرزەمین لە خراپەکاری (فەساد) پاک بکەنەوە و شەڕخوازی نەهێڵن و دەستدرێژی و ستەم لە ڕیشەوە هەڵکێشن،

چونکە مومارەسەی ئەو ڕەفتارە خراپانە دەبێتە مایەی تووڕەیی و ڕق هەستانی خوای گەورە. هیچ یەکێک لەم مەبەست و ئامانجە جوان و پەسەندانە نایەتە دی مادام سەرکردایەتی و پێشڕەوێتی و ئاڕاستەوانێتی لە دەستی سەرانی کوفر و شیرک و گومڕاییدا بێت، ئەو کاتە دەبێت شوێنکەوتووانی دینە ڕاست و ڕەواکەی خوای گەورە لە کونجی مزگەوتەکاندا خۆ کپ بکەن و بکەونە خەڵوەتکێشان و، لە هەموو لایەنێکی ژیان و چالاکیشیاندا دەکەونە ژێر ئاڕاستەی ئەو کافر و گومڕایانە و ناچاریشیان دەکەن کە حەتمەن دەبێت فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن! ئاوا گۆشەگیر دەکەون و لە دنیا دادەبڕێن و بۆ قووتی لایەمووتی خۆیان و زارۆکیشیان دەبێت چاوەڕوانی مەرحەمەتی ئەو دەستدرێژکارانە بن تا پشکێکیان بۆ هەڵدەن! لەم ڕووانگەیەوە کە دەبینین لە ئیسلامدا کێشەی پێشڕەوایەتیی پیاوچاکان و پایەدارکردنی سیستمی حوکمڕانیی دادپەروەرانە ئەوەندە گرنگ و کاریگەر و زەروورەتە کە دینەکە دەیکاتە بنەمای وجوودی خۆی و مەبەست لە بانگەوازەکەی. لەڕاستیدا هیچ موسڵمانێک ناگاتە ڕەزامەندیی خوای گەورە و، بە هیچ کار و چالاکییەکی لێخۆشبوونی خوایی بە دەستی ناهێنێت ئەگەر ئەم فەرزەی ئیهمال کردبوو یان کەمتەرخەمیی نوواندبوو لە سەلماندن و چەسپاندنیدا.

هێنانەدیی ئەمەش لە سەرەنجامی کۆمەڵکاریانەی موسڵمان دەوەستێت، هەر کەسێک کۆمەڵکاریی موسڵمانان لاواز بکات و وزەیان بە هەدەر بدات، ئەوە تاوان (جەریمە)ی بەرامبەر ئیسلامەکە کردووە و دەستدرێژیی کردووەتە سەر موسڵمانان، ئەمەش بە نوێژکردنەکەی لا ناچێت و ناسڕێتەوە، تەنانەت بڕیاردانی تەوحیدەکەش بەس نییە بۆ ڕاستکردنەوەی. پاشان تەماشای جیهاد بکەن؛ بزانن خوای گەورە لە چ پلە و ئاستێکی دینەکەیدا داینـاوە، چ گرنگییەکی لە دینەکەدا پێداوە. تەنانەت دەبینیت قورئانی پیرۆز ئەو کەسانەی بە دووڕوو (مونافیق) داناوە کە سستیی تێدا دەنوێنن و خێرا بەدەم سەدای جیهادەکەوە ناچن کە بانگی بۆ دەدرێت، چونکە جیهاد بریتییە لە بەگەڕخستنی کۆتا وزە و توانا و خەباتی بەردەوام و

نەپساوە لەپێناو دەستەبەرکردنی حەق و هێنانەدیی دەسەڵاتی خواویستی کە دەبێت موسـڵمانان جیهاد بۆ تـاکە مەبەسـتێک بەرپـا بـکەن -کە دوای ڕەزامەنـدیی خـوای گەورە- دامەزرانـدنی دەسەڵاتی ئیسلام و دابینکردنی تەمکین و حوکمڕانییەکەیەتی.

دەبینیت قورئان ئەم جیهادە و ڕادەی مومارەسەکردنی دەکاتە تەرازووی کێشانی کـردەوەی چاکی موسڵمانان و سەرڕاستی و دینـدارێتی و دڵسـۆزیان بـۆ دینـەکەی خـوا. ئەوی چـاکتر و زۆرتر و ڕاستتر جیهاد دەکات بەڵگەی دەبێت کە ئیمانیشی پـتەو و جێگیـر و زینـدووە. ئەوەی کەمتر مومارەسەی دەکـات ڕادە و بـڕ و ئاسـتی ئـیمانەکەی نـزمترە. ئەمە بـکەن بە پێـوەر: هەر کەسێک گیان و ماڵ وزە و توانای خۆی لەپێناو سەرخستنی دینـەکە و سـەروەرێتیی شـەرع و دەسەڵاتدارێتی دینەکەدا سەرف کرد؛ ئەوە بە قەدەر ئەو بڕ و ڕادە و چۆنیەتییە ئیمانیشی پتەو و بەهێز و جێگیرە. هەر کەسێکیش لە نـاو مەیـدانی جیهـادەکەدا نەبـوو، ڕەنـج و وزە و گیـان و سامانی بۆ هێنانەوەی حوکمی ئیسلام تەرخان نەکردبوو، ئەوە بـزانە کە ئـیمانەکەی (فاسـدە) و باوەڕی لەقە و جێی گومانە و لەوانەیە هەر سـەرزارەکی ئیسـلامی قبـووڵ بێـت! کەسـی وا چ کاروکردەوەیەکی تری سوودی بۆی دەبێت؟!

دامەزرانـدنی پێشـەوایەتیی سەرڕاسـتانە و چـاکخواز لەسـەر زەمینـی خـوادا گرنگیەکـی جەوهەریی لەم دینەدا هەیە، هەنگـاوێکی زۆر کـاریگەر و دژوار و زەرووڕەتـی دامەزرانـدنی سیستمی ئیسلامەکەیە لەسەر زەوی، بۆیە هەر کەسێک کە باوەڕی بە خـوا و پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەیە و دینی حەقی کردووەتە ڕێباز و بەرنامەی ژیانی، کاروباری هەر بەوەندە تەواو نابێت کە سەراپای ژیانی بە گوێرەی توانای لە قاڵبی ئیسلامدا داڕێژێت، ئەمە هەرچەندە گرنگە بەڵام هەموو بەرپرسێتییەکەی سەر شانی موسڵمان نییە و بەوەندە گەردنی ئـازاد نابێـت، بەڵکوو بەپێی ئیماندارێتییەکەی و لە ڕووانگەی بەرپرسێتیی ئیسـلامییەوەیە کە دەبێـت هەرچـی وزە و توانـای هەیە بیخـاتە کـار تـا جـڵەوی حـوکمڕانی لە دەسـت کـافران و سـتەمکار و

مونحەریفان دەربهێنێت و بە پیاوچاکانێکی بگەیەنێت کە نیشانەی دینداریّتی و تەقواکاری و بۆ خوا لێبڕانیان تێدا بێت، لەوانەی هەستی مەسئولییەتی قیامەتیان لەبەر چاوە و لە لێپرسینەوەی خوای گەورە دەترسن، تا ئەوانیش سیستمی حاکمێتیی دینی خوا لەسەر زەمیندا پیادە بکەن، ئەو دینەی کە خوای گەورە پێی ڕازی بووە ببێتە دین و مەنهەج و ڕێبازی ژیانی خەڵکی.

ئیسلام کاتێک کە شوێنکەوتووەکانی هان دەدات بۆ جیهاد لێبڕێن و بە هەموو توانا و ڕەنج و وزەیەکیانەوە هەوڵ بدەن دەسەڵات لەژێر دەستی کافراندا دەربهێنن کە حاکمێتیی خوایان زەوتکردووە، تا بیدەنە دەست پیاوچاکانی موسڵمان؛ مەبەستی ئیسلام لەمە ڕزگارکردنی مرۆڤبوونی خەڵکەکەیە، بۆ قوتاربوونیان لە عەبدایەتیی بەشەر و هێنانیانە بۆ عەبدایەتیی خوای تاک و پاک و بەس. هەروەها بۆ ئەوەیەتی گیان و ماڵ و کەرامەتیان -لەژێر ئالای خواویستیدا- لە ئەماندا بێت. ڕێی جیهاد هەرچەندە قوربانی و ڕەنج و سامانی بوویت هەر کەمە، چونکە ئەو مەبەستەی پێی دێتە دی زۆر گەورەترە لە گیان و ڕەنج و سامانە بەختکراوەکە، ئەم ماڵ و سامانە هیچ نییە لەچاو تەمکینی دینەکە و حاکمێتیی شەرع و ڕزگارکردنی خەڵکی و پاراستنی ئازادی و ڕێز و کەرامەتیان، پاراستنی گیان و ماڵ و سامانیان. ئیسلام هەر لەو کاتەی داوای جیهادەکەش دەکات؛ داوای هێمنی و ئەمان و سەلامەتی دەکات، بەڵام دەزانێت ڕێز و ئەمان و ماف بەبێ جیهادەکە نایەتە دی.

ژیان لەسەر بناغەی باوەڕهێنان بە خوای گەورە نەبێت نە دادەمەزرێت و نە پارسەنگ دەبێت و نە بەرەو چاکسازیش دەچێت، چونکە عەبدایەتیکردن بۆ خوای گەورە زەمینەی هەمووساڵحبوون و خێرخوازییەکە، بۆیە هەر کاتێک لەسەر زەمیندا عەبدایەتیکردن بۆ خوا نامێنێت و دەبێتە عەبدایەتیکردن بۆ بەشەر؛ هەموو بووار و کەلێن و کونێکی خراپەکاری واڵا دەبێت و هەموو جۆرە شەڕخوازییەک دەردەکەوێت. عەبدایەتیکردن بۆ خوای گەورە واتا هەر

هەمـوو خەڵـکەکە یەکسـانن و یەک (سـەیید)یان هەیە کە عەبـدایەتی و پەرسـتنیان بـۆ ئەو دەبێت و بەس، بە شەریعەتی ئەوەوە پابەند دەبن و بەس، لە شـەریعەتەکەی ئەویشـدا هەمـوو مرۆڤێک دەبێت لە عەبـدایەتیی بەشـەر قوتـار بووبێـت، لە دەبەرێکراچـوونی شـەپۆلی حەز و ئارەزووە مونحەریفەکان و بەرژەوەندیپەرستی ڕزگار بووبێت، لە ئاڕاستەی نەزانی و لاسەنگیی مرۆڤە بچووکەکان قوتاری بووبێت کە وا دەزانن گەورەن!

فەساد و گەندەڵی و خراپەکـاری هەر وەکـوو کە دەکەوێـتە نـاو لایەنەکـانی کـۆمەڵایەتیی خەڵکـیەوە؛ دەشـکەوێتە نـاو دیـد و تێڕوانینـی عەقائیـدیانەوە، ئەمە بەرهەمـی دیـد و ڕێ و ئاڕاسـتەی ئەو کەسـانەیە کە خۆیـانی لـێ کـردوونەتە خـوا و حـاکمێتیی خۆیانیـان بەسـەردا سەپاندوون. دید و ڕێی خۆیانیان بەسەردا سەپاندوون، نەیانهێشـتووە ئـازادانە بیـر بـکەنەوە و دید و ڕێ هەڵبژێرن، کاتێک کە ئەو خەڵکە نەزان و ستەمکار و ڕقنە دەبنە دەسەڵاتدار و خۆ لە خەڵکی دەکەنە خوای جیاواز، هەریەکەیان بە جۆرێک و لایەنێکی کۆمەڵگاکە ئاڕاستە دەکات، بـۆیە حەتمەن نەزانـی و لاسـەنگی و پشـێوی و تێکچڕژانـی دیـد و پێناسـە و بەرژەوەنـدی ڕوودەدات و خەڵـکەکە لە یەك کاتـدا دەبـنە عەبـدی چەنـدین خـوا! ئەمەش بەدڵنیـاییەوە پارسەنگی ژیان ناهێڵێت و تەماع و شەڕەپاڵ و شەڕوشۆڕ زیاد دەکات. هەر کەسێک شـیکارانە و سەربەخۆ مێژوو بخوێنێت، دەبینێت لە هیچ قۆناغ و کـات و شـوێنێکدا خەڵکـی ئاسـوودە و هێمن و ئەمـین نەژیـاون جـگە لەو کاتـانەی کە دەسـەڵات و ئاڕاسـتەی کۆمەڵگـا بە دەسـت خواناسان و دیندارانەوە بووە. ئەو کـاتەی کە عەبـدایەتیی خەڵکـی -حـوکمڕان و ڕەعـیەتەکە- تەنها بۆ خوای گەورە بوو؛ خەڵکەکە -حاکم و ڕەعـیەت- هەمـوو دیـد و تێـڕوانین و پێناسـەی عەقیدەیان و دروشـمی خواپەرسـتیان و بنەمـا و ڕێسـای شـەریعەتیان هەر لە خـوای گەورەوە وەردەگـرت و هەر ئەوەشـیان لە کۆمەڵگـا و دەوڵەتـدا سـەلماند و دەچەسـپاند، بـۆیە خەڵکـی ئاسوودە بوون، لە ئەماندا بوون و تێر بوون. هیچ کاتێکی مێـژوو مرۆڤـایەتی وا ئـازاد نەبـووە،

وەکوو کە لەژێر سایەی ئەحکامی وەحیدا ئازاد دەبوو.

عەقیدە لە لای خوای گەورە گرنگیەکی زۆر تایبەتی هەیە، هەروەها لە بزاوت و سرەوتی گەردوونیشدا زۆر گرنگ و کاریگەرە. ڕووانگەی قەدەریانە کە موسڵمان (وجوود)ی پێ دەبینێت زۆر کاریگەرە، کاریگەرە لە بزاوت و سرەوتی تاک و کۆی مرۆڤایەتی، کاریگەرە لە مێژووی مرۆڤ و ژیانی سەرزەمینی و پارسەنگێتیی دنیایی و ئومێدی قیامەتی. باوەڕهێنان بە قەدەر هەموو بزاوت و سرەوتەکان، هەموو ڕەوت و هەڵوێستەکان پارسەنگ دەکاتەوە و ڕێک و ڕاست ئاڕاستەیان دەکات. ئەو مەنهەجەش کە لە عەقیدەکەوە دێت -لە تەوحیدەکەوە- کە عەبدایەتیی مرۆڤ تێیدا بۆ خوای گەورە دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت؛ بەرنامە و ڕێباز و بزاوتێکی لێ وەردەگرێت (لە مەنهەجەکە) کە هەر هەموو شێوازی ژیانی مرۆڤایەتیی پێ دەگۆڕێت، کە ژیانی دنیای خەڵکی سەرلەنوێ بە شێواز و چۆنییەتی و بۆ مەبەستێکی نوێوە دادەڕێژرێتەوە، کە زۆر جیاوازە لە مەنهەجی جاهیلییەت، لە بەرنامە و ڕێباز و بزاوتی جاهیلییەت کە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیی دامەزراندووە و ئاڕاستەیان دەکات، چونکە مەنهەجە عەقائیدییەکەی هەموو لایەنەکانی دید و ڕێ و بزاوت و سرەوتی تاک و کۆی کۆمەڵگاکە لەسەر پەروەردگارێتیی خوای گەورە دادەمەزرێنێت کە جاهیلییەت پێشتر لەسەر پەروەردگارێتیی مرۆڤ و حاکمێتیی بەشەر دایمەزراندبوو.

شیرکی کافرەکانی جاهیلییەتی پێشوو، شیرکی حەقیقی لەمەدا بوو کە وەرگرتنیان لە خوای گەورەوە نەبووە، هەرچەندە پاڵانتەی دینی خوایان دەکرد، بەڵام منهەجی ژیانیان و یاسا و ڕێسایان (هەروەها ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتیان) لە غیری خواوە وەرگرتبوو، خواشیان دەناسی و ئیعترافیان بە بوونی زۆر سیفاتی کردبوو، بەڵام ژیانیان بەپێی وەحیی خوایی ڕێک نەخستبوو. هەر ئەم سیفەت و ڕەفتار و چۆنیەتیی دینداریێتییە سەیرەشە کە زۆرینەی موسڵمانی سەردەم ئەمڕۆ مومارەسەی دەکەن. ئەمانەش کە خۆیان بە موسڵمان و دیندارانی دینی

موحەممەد (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەزانن هەر وان، ئەو منهەجەی بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەتی خۆیانیان هێناوە، مەنهەجە عەقائیدییەکەی ئیسلام نییە. ئەمانیش وەکوو ئەهلی جاهیلییەتە عەرەبیەکەی کۆن لاف و گەزافی دینی خوا لێ دەدەن لە کاتێکدا کە باوەڕێکی سارد و سڕیان بە هەبوونی خوای باڵا و هەندێ سیفەتی هێناوە، بەڵام مەنهەجی ژیانیان لە ئیسلامەوە وەرنەگرتووە، بۆیە ئەم خەڵکە (موسڵمان)ـەی سەردەمیش هەر دەڵێن لەسەر دینی موحەممەدین (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هەر وەکوو کە قوڕەیش دەیوت لەسەر دینی سەیدنا ئیبراهیمین (عَلَيْهِ السَّلَامُ)! بەڵام هیچیان لەسەر دینی ئەو دوو پێغەمبەرە مەزنە (عَلَيْهِمَا السَّلَامُ) نەماون. خۆ ئەبو جەهل باوەڕی بە خوای گەورە هەبوو، باوەڕی بە دەسەڵاتیشی هەبوو، مەگەر لە دوعا و پاڕانەوەدا نەیدەوت: (خوایە هەر لایەنێکمان بووەتە هۆکاری پسانی شیرازەی خزمایەتی و داهێنانی نوێی هێناوەتە ناومانەوە... لە ڕیوایەتێکی تردا: خوایە کام لایەنمان گومڕایە و شیرازەی خزمایەتیی پساندووە، خوایە نابووتی بکە و هەر ئەمڕۆ لەناوی ببە)!

جاهیلییەتی پێشوو کە بتیان دەپەرست، بە هیچ شێوەیەک و هیچ کەسێکیان باوەڕی وا نەبوو کە ئەو بەرد و دارە داتاشراوانە خوان؛ هەر وەکوو کە خوای پەروەردگاری کردگاری جیهانیان خوایە. قورئانی پیرۆز حەقیقەتی دید و تێڕوانینیانی ڕوون کردووەتەوە کە لە چ لایەنێکەوە باوەڕیان پێیان هەبووە، وە بۆ چ دروشمی پەرستنیان بۆ ئەنجام دەدەن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ﴾ {الزمر: ٣}، واتا: «ئەوانە کە لە جێی خوای گەورە بتیان دانابوو دەیانپەرست، دەیانوت بۆیە دەیانپەرستین تا پلەیەک لە خوای گەورە نزیکمان بکەنەوە». ئەمە پێناسە و هەڵوێستیان بوو بەرامبەر بتەکانیان، ئومێدیان وابوو کە ئەمانە شەفاعەتیان لای خوای گەورە بۆ بکەن، بە تکای ئەمان لە خوای گەورە نزیک ببنەوە! شیرکی ئەهلی جاهیلییەت لەم لایەنەیانەوە نەبوو، موسڵمانبوونیشیان هەر

بەوەندەوە نەبوو کە ئەم بتانە وەل بکەن و خوا بپەرستن، نا، دەنا خۆ حەنیفییەکـان ئەوانەی کە پەیمانیان کردبوو کە بت نەپەرستن و ڕوویـان هەر لە خـوای تـاک بێـت و پەرستنیان هەر بـۆ خوای گەورە ئەنجام بـدەن، جـا خـۆ بەمە موسـڵمان نەبـوون، کەسـیش لە موسـڵمانان حسـابی موسڵمانێتیی بۆ نەکردن. ئیسلام لە عەقیدە و عیبادەت و حاکمێتیی خـوای گەورەدا دەردەکەوت کە دەبێت خوای تاک و پاک سەرچاوەی لێوەرگرتنی ئەم عەقیدە و پەرستن و حاکمێتییە بێت. ئەو کەسانەی -لە هەر کات و شوێن و نەوەیەکدا بن- عەقیدە و عیبادەتیان بـۆ خـوای تـاک و پاک بێت، بەڵام حاکمێتیی غەیری خوایان قبووڵ بێت؛ موشریکن. هەر وەکوو ئەو حەنیفییـانە کە بەو تەوحید و تەنها خواپەرستنەیان حسابی موسڵمانبوونیان بۆ نەکرا. ئەو تەوحیـد نوقسـانە نایانخـــاتە ڕیــزی موســـڵمانەوە، هەر لە ڕیـــزی موشریکانـــدا دەمێـــنن، بـــا باوەڕیشـــیان بە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه) وەکوو عەقیدە هەبێت و خواپەرستیان تەنها بۆ خوای گەورەش بێت، چونکە تا ئێرەیان وەکوو ئەو حەنیفییانەن کە کەس لە موسڵمانان بە موسڵمانی دانەدەنان. کاتێک خەڵکـی بە موسڵمان حسێب دەکرێت کە هەرسێ ئاڵقەکەی زنجیرەی تەوحیدەکە پێکەوە وەرگـرن، واتـا حاکمێتیی خوای گەورە دەخەنە ڕیزی عەقیدە و عیبادەتەکە، واتـا ڕەفزکردنـی هەمـوو بڕیـار و حوکم و یاسا و بەها و بـارودۆخ و دابونەریتێـک کە لە لایەن خـوای گەورەوە نەهاتبێـت یـان بڕیاری لەسەر نەدرابێت. ئا ئەمە ئیسلامە و بەس، ئەمەیە مەبەست لە شایەتمان لە: (لَا إِلَٰـهَ إِلَّا اللّٰه مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللّٰه)، ئەم شایەتمانە لە سەرەتای بانگەوازدا بۆ ئەو شاهێدیدان و ئیعترافکردن و بڕیاردانەی تەوحید بوو بەو شێوە گشتگیرەی.

پاشان ئەو کەسانەی کە بەم مانا گشتگیرە عەقائیدییە شایەتمانیان هێناوە و موسـڵمان بـوون لە ئوممەتێکی عەقائیدی خاوەن بزاڤدا کۆ دەبـنەوە کە سـەرکردایەتیی سـەربەخۆی خۆیانیـان دەبێت، تاک و کۆی ئەم ئوممەتە بە ئەمیر و ئەندامانیەوە خۆ لە کۆمەڵگا جاهیلییەکە دادەبڕن و ئاڕاستەی کۆمەڵگا و دەوڵەتە جاهیلییەکە ڕەفز دەکەنەوە. ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت موسڵمان

بن دەبێت ئەمەیان لا ڕۆشن بێت، دەبێت پێوەی پابەند بن و شاهێدیشی لەسەر بدەن. نابێت ئەو دیاردە ئەم حەقیقەتەیان لا لەق بکات کە دەبینن خەڵکانێکی زۆر عەقیدەیان بە پاکی و خواپەرستیان بە چاکی بۆ خوایە، بەڵام حاکمێتیی خوای گەورەیان وەرنەگرتووە، دەبێت ئەم حوکمە ڕوون بێت کە ئەوانە حەنیفین نەک (موسڵمان). حەتمەن دەبێت حاکمێتیی خوای گەورەیان قبووڵ بێت و عەبدایەتی بۆ غەیری خوای گەورە نەکەن، واتا بە شەریعەتەکەی ئەو ژیانی تاک و کۆی خۆیان دەبێت ڕێک بخەن. دەبێت حاکمێتیی بەشەریان ڕەفز کردبێتەوە و دۆستایەتی و پەیوەستی کۆمەڵگای جاهیلییان لەبەرخۆ داماڵیبێت و هیچ ئاڕاستەیەکی سەرکردایەتیی جاهیلییەتیان وەرنەگرتبێت.

زۆر کەسی دڵپاک و سادەی دڵسۆز ئەم چەواشەکارییەی بەسەردا دێت و خۆشباوەڕانە قەناعەت دەکات کە ئەو حەنیفییانەش موسڵمانن[1]! یان خۆیان دەبنە حەنیفی و پێیان وایە ئەوەندە بۆ موسڵمانبوون بەسە! ڕەنگە پاک و سەرڕاستانە ئیسلامەکەیان بووێت، بەڵام چەواشەکارییەکە ڕێی لێ بزر کردوون و حەقی لێ شاردوونەتەوە! بۆیە زەروورییە وێنە حەقیقەت و تاک و تایبەتمەندەکەی تەوحید بناسنەوە و وەریبگرن. ئەوە بزانن کە حەنیفییەکانی سەردەم و (موشریک)انی سەردەمی جاهیلییەتی پێشوو (حەنیفیە کۆنەکان) وەکوو یەکن و هەموو هەر حوکمی (موشریک)یتییان هەیە و لە هیچ شتێکیاندا جیاواز نین. شیرکی هەموو موشریکانی پێشوو و حەنیفییەکانی سەردەم لە حاکمێتییەکەدایە. ئەگەر ئەو کەسانە پاک و دڵسۆزانە دەیانەوێت بەڕاستی (موسڵمان) بن؛ حەتمەن دەبێت حاکمێتییەکەی خوای گەورەش وەرگرن و کاری پێ بکەن. ئەمما تاکەکانی ئوممەتە عەقائیدییەکە کە لە

(١) ئەم دوو ئیمامە ڕەحمەتییە بەڕێزە (مەودوودی و سەیید قوتب) (رحمهما الله) کە ئەو حەنیفییانەش بە موسوڵمان ناناسێنن (بێگومان ئەمە حەقە، چونکە هەڵوێستی قورئان و سوننەت و یاوەرانی عەزیزە)، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگای داماوی کوردیدا خەڵکانێك هەن نیو حەنیفین، هەر باوەڕیان بە خوا هەیە و ناشیپەرستن. هەشیانە چارەکە حەنەفییە، چونکە لەگەڵ خوای گەورەدا کاریگەریی تریشی داناوە!

بزاڤدایه بۆ هێنانەوەی دینەکە و پیادەکردنی دەسەڵات و شەریعەتەکەی لە واقیعی ژیانی خەڵکیدا؛ دەبێت زۆر بەرچاوڕوون بێت لەم مەسەلەیەدا و ئەم حەقیقەتەی لا بەڵگەنەویست بێت، نابێت ڕاڕا و دوودڵ بێت تێیدا، نابێت لە ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنیدا منجەمنج بکات و قسەکانی بخواتەوە، بەڵکوو دەبێت ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو بۆ خەڵکەکەی ڕوون بکاتەوە کە بە تەنها (عەقیدە) و (عیبادەت) بەس نین بۆ موسڵمانبوون، بەڵکوو حەتمەن دەبێت (حاکمێتی)ی خوای گەورەشیان لەگەڵدا بێت کە دەکاتە (شەریعەت)ەکەی، ئەمەش خاڵی دەستپێکە. ئەگەر بزاڤی ئوممەتەکە لە سەرەتای کۆمەڵکاری و بانگەوازەکەیەوە هەر لادانێکی لەم حەقیقەتە بەسەردا بێت بە تەئکید گومڕا دەبێت و کارەکەی لەسەر بناغەی بەتاڵ دادەمەزرێت، دڵسۆزی و سەرڕاستی و دینداریێتییەکە بەو نوقسانییەوە بەس نییە، ئەمەش هەر پشوودرێژی و ئارام و خۆگریی دەوێت، هەروەها مانەوە و سووربوون لەسەر پابەندیی جیددی بە بەرنامە و ڕێبازەکەوە.

## بڕگەی سێیەم: دەرئەنجامی شیرک

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ٣١﴾ {الحج: ٣١}، واتا: «ئەو کەسەی هاوبەش بۆ خوای گەورە دادەنێت هەر وەکوو ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە بەربووبێتەوە و باڵندە ڕایانفڕاندبێت (کە هەریەکەیان تووکێکی لێ دەکاتەوە و لەگەڵ بەردەوامبوونی کەوتنەخوارەوەکەیشیدا!)، یان ڕەشەبایەک ڕایداتە کووچە و کەلێنێکی زۆر دوورەدەستەوە کە فەوتانی تێدا بێت». ئەمە دیمەنێکی حاڵی ئەو کەسەیە کە هاوبەشێکی بۆ خوای گەورە داناوە:

- چ لە سیفەتەکانی پەروەردگارێتییدا بووبێت: وەکوو کردگارێتی و خاوەنێتی و ڕۆزیدان و ژیاندن و مراندن و... هتد.

- چ لە پەرستنیدا بێت: ئەمیش چ لە دڵدا: وەکوو ڕیابازی، یان بە زمان: وەکوو هانا و هاواربردنە بەر غەیری خوا، یان بە کرداری: وەکوو سووجدە بۆ غەیری خوا بردن، یان بە قوربانی و سەربڕین و سامان.

- چ لە یاسا و ڕێسا دارشتندا بێت: بە حەلاڵکردنی حەرامێک یان بە حەرامکردنی حەلاڵێک.

ئەمە وێناکردنێکی زۆر واقیعیانەی حاڵی موشریکە کە لە لوتکەی بڵندی باوەڕەوە کەوتووەتە خوارەوە و تا بەردەوام بێت دژوارتر و خێراتر و نزیکترە لە مەرگ، سەرئەنجامی حەتمەن فەوتان و هەپروون و بە هەپرووونبوونە، چونکە موشریک ئەو زەمینەی تەوحیدی لەدەست چووە کە پارسەنگانە ژیان و ڕەفتاری خۆی لەسەر دادەمەزرێنێت و ئەو مەئوا و جێ سوکن و هێمنگەیەی لەدەست چووە کە لە کاتی ماندوویەتیدا لێی دەحەوایەوە و وزە و تینی

نوێی وەردەگرتەوە لێی. ئەم موشریکەی کە باڵندەی گۆشتخۆر بە دەنووک و چڕنووک هەموو جەستەی قورسی پچڕپچڕ دەکەن کە خۆی سەرەوخواروو زۆر بە گوڕ بەرەو مەرگی حەتمی بەردەبێتەوە، ئا ئەمەی کە ڕەشەبای بەتین لوولی کردووە و لە پەنا پەسیرێکی دوور لە دەنگ و سامناک و تەنگی پەستاوتووە و غەیری مەرگی خۆی هیچ ئومێدێکی نەماوە، مەرگیشی بە دەست خۆی نییە. ئا ئەم موشریکەی دەستی لە پەیامی خوا بەربووە و نە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و نە بە جێگیریی سەرزەمین و زەمینە عەقائیدییەکە، کەوابوو ئەمە پەیوەندیی بە وجوودەوە نەماوە و بۆ مردن باشە.

عەبدایەتیکردن بۆ خوای گەورە تاکە قەڵا و قوللە و سەنگەری خۆپاراستنە لە هەواوهەوەسپەرستی، تاکە پەناگە و لوتکەی عاسییە لە عەبدایەتیکردنی بەشەر. مرۆڤ کاتێک بەرەو لووتکەی بوون و ڕاقیبوون و ئاستی شیاوی بۆ دیاریکراوی خۆی بەرز دەبێتەوە؛ کە خۆی لە هەوەسپەرستیی خۆی قوتار کردبێت و لە عەبدایەتیکردنیشی بۆ بەشەر ڕزگاری بووبێت.

ئەو کەسانە لووتبەرزانە خۆ لە عەبدایەتیکردنی خوای گەورە دەبوێرن و نایانەوێت ڕوویان تەنها لەو بێت و بیپەرستن، دەستبەجێ دەکەونە عەبدایەتیکردنی سووکترین و بێڕێزترین پەرستراو، دەبنە عەبدی ملکەچی ئارەزووی مونحەریف و هەواوهەوەسیان، عەبدی پاڵنەرەکانی حەزی بەرەڵایان. هەر ئەو ساتە ئەو ویست و ئیرادەیان بزر دەکەن کە ڕەفتاریان پارسەنگ ڕادەگرێت، ئەو هەستە چاودێرەی خوای گەورە بە هەموو (مرۆڤ)ێکی بەخشیوە و بەوەش لە گیانلەبەرانی دیکەی جوێ کردووەتەوە. ئینجا بە پەیژەیەکدا لە مرۆڤێتییەوە بەرەو ئاژەڵێتی شۆڕ دەبنەوە و لەئاژەڵێتییەکەشدا هێندە هێڕ و دەبەنگ و بێ ئاسەوار دەبن کە ڕەشەوڵاخ لەوان بەسوودتر و چاکتر دەبێت، وەکوو خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ﴾ {الأعراف: ١٧٩}. ئیتر هەر وا بەرەو خوارووتر شۆڕ دەبنەوە تا دەگەنە نزمترین پلەی

نزم: ﴿أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ ۝٥﴾ {التين: ٥}، بۆ خراپترین ئاستی مەخلووق. لە کاتێکدا ئەو دەیتوانی بەرەو لووتکەی ﴿أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ ۝٤﴾ {التين: ٤}ـەکە بەرز ببێتەوە کە بە پەیـڕەی خواناسـی و خواپەرسـتی و دینداریتیی سەرڕاستانە دەبێت، بەڵام کە ئەم ڕێگایەی نەگرتووەتە بەر و شوێن هەواوهەوەسـی خۆی کەوتووە، ئاوا بەو شێوە بە گوڕ و خێرا و دژوارە بەرەو خراپترین ئاستی نزم بەردەبێتەوە.

ئەمە چارەنووسی هەموو ئەو کەسانەیە کە عەبدایەتییان بۆ خوای گەورە واز لـێ هێنـاوە و کەوتوونەتە عەبدایەتیی هەواوهەوەسـی خۆیـان، یـان عەبـدایەتیی تاغووتـان و دەسـەڵاتدار و خاوەن پارە و سـامان. ئەمـانە زۆر کورتبینـانە دەیـانڕوانی، خۆیـان زۆر بە زیـرەک و بلـیمەت دەزانـی، بـۆیە عەبـدایەتییان بـۆ خـوای گەورە پـێ نوقسـانی بـوو، پێیـان نەخوێنـدەواری و ساویلکەیی بوو، بەڵام داهاتوو بۆی سەلماندن کە هەڵوێستەکەی ئەوان لە نەزانین و ئەقـڵ پـێ نەشکان و کەموکورتییەوە هاتووە.

ئەوانە دەکەونە عەبـدایەتیی ئەو گەوجانـدنەوە کە پێـی دەڵـێن (شـتێکی حەتمیـیە) و لە تواناتاندا نییە بیگۆڕن، یان قبووڵی نەکەن یان لێی قوتاربن! ناشێت ملکەچیشی نەبن! تەنانەت ناشـێت موناقەشەشـی بـکەن، چـونکە حەتمەن ڕاسـتن و (زانسـتیانە)ن! وەکـوو (حەتمێتیـی مێژوو)، (حەتمێتیی ئـابووری)، (حەتمێتیـی گەشـە و پێشـڕەویکردن) و بـاقی تـری حەتمێتییـە بەشەریەکانی تر کە گەردنی مرۆڤی بۆ دەچەمێنرێتەوە و لووتی پێ شۆڕ دەکرێت و ناشـتوانێت حەتمەن بەرزی بکـاتەوە. ئەم موشریکـانە تەنـانەت نـاتوانن موناقەشـەیەکی ئەم حەتمێتییـە ترسناک و زەلیلکارانەشی بکەن، بۆیە بە زەلیلی مل کەچ دەکەن و مل لێ دەنێن لە دوویان.

دید و ڕێی تەوحید و گرتنەبەری دینەکە بە ڕێباز و بەرنـامەی ژیـان و تێکەڵنەکردنـی هـیچ دید و تیۆر و تێڕوانینێکی تری دووریانی نێوان ڕێکسازی و گەڕەلاوژێی فیکری و عەقائیـدی؛ ئەوە ئەو تەوحیدەیە -بە ڕووانگەی ئیسلام- کە مرۆڤایەتی لە جیهانی خێو و دێـو و ئەفسـانە و

وەهم و دەسەڵاتە فشەڵەکانی تـر ڕزگـار دەکـات کە دەبـنە مـایەی ئیسـتیغلالکردنی نەزانـی و ساویلکەیی خەڵکی، کە دەبنە ئامێری چەواشەکاریی پیـاوانی دینـی و پیـاوانی دەسـەڵات بـۆ گەوجانـدن و هەڵمژینـی وزە و توانـا و لووشـدانی ڕەنجـی خەڵکـی. تەوحیـد ڕزگـارکردنی خەڵـکەکەیە لەو ئەفسـانە و خەیـاڵپڵاویتییە و لەو چەواشـەکارە دینیـانە و لەو دەسـەڵاتدارە خوێنمژانە، چونکە تەوحیدە کە دید و تێڕوانینی عەقائیـدیی خەڵـکەکە لەو پۆخڵەواتـانە پـاک دەکـاتەوە و، ئەو چەواشـەکارە ئیسـتیغلالیانە ڕسـوا دەکـات و ناهێڵێـت ببـنە واسـتەی نێـوان خەڵک و خوای کردگاریان، هەر وەکوو کە ئەو دەسـەڵاتە تاغووتیـانەش ڕا دەدات کە لەسـەر نەزانین و ستەملێکراوێتیی خەڵکەکە و چەوسـاندنەوەیان دامەزراون. ئـاوا تەوحیـد مـرۆڤ لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و دید و ڕێوە ڕزگار دەکات و ڕێی عەبدایەتیی بـۆ خـوای گەورە بـۆ واڵا دەکات، ئەمەشە ڕێی ڕزگـاری، ڕێـی خۆڕاپسـکان و قوتـاربوون لە عەبـدایەتیی بەشـەر و عەبدایەتیی هەواوهەوەس و عەبدایەتیی ئەفسانە و وەهم و خوارافیات.

هیچ سیستمێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئابووری یان ئەخلاقی، یان نێودەوڵەتیانە نیـیە کە لەسەر بنەمای ڕۆشن و جێگیر و قایم دابمەزرێت و نەکەوتبێتە بەر شـەپۆلی هەواوهەوەس و تەئویلکاری و بەرژەوەندی و لاسەنگی، وەکوو کە لە ئیسلامدا لەسەر بنەماکانی عەقیـدە کە ڕاست و ڕێک دادەمەزرێت و بوواری فێڵبـازی و چەواشـەکاری و ئیسـتیغلالکردنی دەبڕێـت. بۆیە تەوحیـد زەمیـنەی عەقائیـدیی دامەزرانـدنی سیسـتمەکانی ڕێکخسـتنی ژیـانە لە هەمـوو لایەنەکانیەوە. مومکین نییە مرۆڤایەتی بەبێ ئەم تەوحیدە لە زەلیلی و ترس و ناڕەحـاتی قوتـار ببێت و هەست بەو ڕێزە حەقیقیە بکات کە خوای گەورە لێی ناوە. ئەمە تەنها لەو کـاتەدایە کە مرۆڤ لەوە دڵنیـا دەبێـت و بـاوەڕ دەهێنێـت کە تەنهـا خـوای گەورە مـافی پەروەردگـارێتی و خوایەتی و حاکمێتی و دەسەڵاتدارێتی و ئاڕاستەکردنی مرۆڤایەتیی دەبێت.

تەنها لەم کـاتەدایە کە مـرۆڤ لە عەبـدایەتیی بەشـەر و ئەفسـانە و هەواوهەوەسـی قوتـار بووە و بە تەنها بووەتە عەبدی خوا و بەس. لەم ڕووانگەوەیە کە خوای گەورە نایەوێت خەڵکی بکەونە شیرکەوە، نایەوێت کەس هاوبەشی بۆ خوا بڕیار بدات -لە هیچ لایەنێکی تەوحیدەکەدا: لە عەقیدە یان عیبادەت یان حاکمێتیی خوای گەورەدا-، تا خۆیان نەخەنە زەلیلی و عەبـدایەتی بۆ غەیری خوای گەورە، بۆیە دەفەرمووێت: ﴿لَّا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقۡعُدَ مَذۡمُومٗا مَّخۡذُولٗا ٢٢﴾ {الإسراء: ٢٢}، واتا: «خوایەکی تر لەگەڵ خوای گەورەدا دامەنێ و هاوبەش بۆ خوای تاک و پاک بڕیـار مەدە، دەنا هەر بە لۆمەکراوەیی شکست و بەزیوانە دەژیت». بەرهەڵستیکردن لە هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە و هۆشداری و حەزەرپێدان لێی، ئاڕاستـەیەکی گشـتییە بـۆ هەمـوو کەسـێکە، بەڵام شێوازی داخوازیی ئایەتەکە دوواندنی تاک تاکی خەڵکییە، تا هەر کەسـێک دەبییسـتێت بزانێت ئەوە فەرمانێکە و بۆ ئەو هـاتووە، ئەرکـی سەرشـانێتی جێبەجێـی بکـات، هەر خۆشـی بەرپرسیارە لە دید و تێڕوانینی خۆی، چونکە هەموو کەسێک ئـازادە لە بیـر و باوەڕیـدا و هەر خۆشی تەحەمولی مەسئوولیەتی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خۆی دەکات. بەڵام خـوای گەورە لە لوتـف و بەزەیـی و میهرەبـانیی خـۆیەوە چـارەنووس و سـەرئەنجام ئەهلـی شـیرکی خستووەتە پێش چاو کە هەر کەسێک لە تەوحیدەکەدا لا بـدات حەتمەن دەکەوێـتە شـیرکەوە، هەر کەسێکیش لە هەر بووارێکی جۆری تەوحیدەکاندا هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات بە تەئکید جێی گلەیی و ڕەخنە و زەمکردنە، حەتمەن کەسیش لایەنگری نابێت (لە ئەهلی ئیمان)، بێگومان فریشتەش؛ ئەوا خوای گەورەش بە هیچ کلۆجێـک پشـتیوانی لـێ ناکـات، کە ئەویـش پشـتی نەگرێت حەتمەن بەزیو و شکستخواردوو و زەلـیلە، بـا هێـزی سـەرباز و تـۆپ و تانکیشـی بە دەورەوە بن. لەبەر ئەم چارەنووسە دژوارەیە کە خوای گەورە فەرمـان بە تەوحیـد دەدات و ڕێ لە شیرک دەگرێت: ﴿۞وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ {الإسراء: ٢٣}، واتا: «خوای گەورە فەرمانی بەوە داوە کە تەنها ئەو بپەرسترێت و کەس بە هـیچ شـێوەیەک و بە هـیچ بـڕ و ڕادەیەک و لە هـیچ

بووار و لایەنێکدا بۆی نییە هاوبەش بـۆ خـوای گەورە دابنێـت». ئەمە فەرمـان و ڕاسـپاردن و ئامۆژگارییەکی ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوە کە تەوحید بگرنە بەر و توخنی شـیرک نەکەونەوە. ئەمە فەرمان (أمر)ە بەڵام لە شێوەی بڕیار (قضاء)دا دایڕشتووە بۆیان، تا لەوە دڵنیا بین کە ئەمە کۆتـا بڕیـاری داوەریـیە و حەتمیـیە و گۆڕانکـاریی بە سـەردا نـایەت و پێوەپابەنـدبوون و جێبەجێکردنی فەرزە.

خوای گەورە نموونەی دوو کۆیلە بۆ عەبـدایەتیی خـوای گەورە و عەبـدایەتیی فرەخـوایی دەهێنێتەوە، کە چۆن یەکێکیان کۆیلەیەک سەییدی خۆیەتی و فەرمانی ئەو جێبەجـێ دەکـات، کۆیلەکەی تریان وا لەژێر فەرمانی کۆمەڵێک سەییدی ڕاجیاوازەوە کە هەریەکەیان فەرمـانێکی پێچەوانەی ئەوانی تری پێ دەکـات. (ئاغـا خـۆی و، فەرمانەکـانی ئاغا ژن و، فەرمـانی ئاغـا زادەکـان و، دایـک و بـاوکی ئاغـا و، خەزوور و خەسـووی و سـەرکار و میـر و بەگەکـانی دەوری و... هتـد)، هەمـوو هەر فەرمـانی بەسـەردا دەدەن و دەشـخوازن فەرمـانی هەموویـان ڕادەپەڕێنێت کە دژی یەکتریشن و زۆر نالەبارانە لە ڕقی یەکتری فەرمانی دژ بەو کۆیلە داماوە سەرلێشـــێواوە دەکەن! ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلٗا سَلَمٗا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٢٩﴾ {الزمر: ٢٩}، واتـا: «خـوای گەورە نمـوونەی شـوێنکەوتووی شیرک و شوێنکەوتووی تەوحید بە دوو حاڵەتی دوو کـۆیلە (عەبـد) دەهێنێـتەوە کە یەکێکیـان کـۆیلەیەکە کۆمەڵێـک سـەییدی نـاکۆک و ڕاجـویَ لە خـاوەنێتی و ئاڕاسـتەیدا هاوبەشـن، هەریەکەیـان مـافی موڵکـایەتی و ئاڕاسـتەکردنی سـەربەخۆی بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی هەیە. کـۆیلەکەی تریـان یەک سـەییدی هەیە و بەس، ئایـا حـاڵی ئەم دوو کـۆمەڵەیە وەک یەکـن؟! بەدڵنیاییەوە نەخێر، دەی سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی پەی بەمە نابەن و نایزانن».

بێگومان حاڵی ئەم دوو کۆمەڵەیە زۆر لێک جوودا و دوورن، ئەویان عەبدی کۆمەڵێک کەسە، کەوابوو کۆمەڵێک سەرچاوەی ئاڕاستەکردنی جیاواز فەرمانی پێ دەکەن، ئەم سەییدە خاوەنە خاوەن مافانە لەناو خۆشیاندا ناکۆک و ناجوێ و ڕقەبەرایەتیان هەیە، کەوابوو هەریەکێکیان فەرمانێک بەم کۆیلە سەرلێشێواوە بکات، ڕاست و ڕەواش بێت! ئەوانیتر لە ڕقەبەرایەتیی یەکتریدا فەرمانێکی پێچەوانەی دەدەن بەسەردا. فەرمانی ئەم دوو سەییدە ناکۆکەی هێشتا جێبەجێی نەکردووە ئاغای سێیەمیش فەرمانێکی جیاوازی بۆ دەردەکات! فەرمانی هەر کامێکیان ڕاپەڕێنێت خۆی دووچاری سزای ئەوانیتر دەکات، چونکە پێچەوانەی فەرمانی ئەوان ڕەفتاری کردووە. ئیتر ئاوا سەرگەردان و زەلیل و ناچار بە دەست هەموویانەوەیە و تا دێت زیاتر دەچەوسێتەوە، نازانێت ڕوو لە کامیان بکات و ئاڕاستەی کێیان وەرگرێت، نە لەسەر ڕایەک جێگیر دەبێت و نە فەرمانێکی شیاویشی پێ ڕادەپەڕێنرێت. ئەم لەم حاڵەتە پشێو و سەرگەردانییەیدایە، لەولاشەوە کۆیلەکەی تر کە یەک سەییدی هەیە، هێمن و ئاسوودە هۆشی لای فەرمانی تاکە سەییدەکەیەتی و دەزانێت فەرمانەکە چییە و چۆن جێبەجێ دەکرێت (چونکە لە بەرژەوەندیی کۆیلەکە دەرچووە)، بۆیە دڵ هێمن و دەروون ئاسوودە و هۆشدار و هزرەوانانە و دڵخۆش و کامەران دەژی، ڕێگای خۆی گرتووەتە بەر و دەزانێت کە عەبدە و ئەرکە عەبدایەتییەکەشی چۆنە و چەندە و چۆن و کەی ڕادەپەڕێنرێت. حاڵی ئەم دوو کۆیلەیە چۆن وەک یەک دەبن؟! ئەمیان کە یەک سەییدی هەیە بە سەرڕاستی و پابەندی و زانین و دڵنیایی لە فەرمانە ڕۆشنەکەی دەژی و دەزانێت کە فەرمانی سەییدەکەی بۆ سوود و بەرژەوەندیی دنیا و قیامەتی کۆیلەکە دەرکراوە، بۆیە زۆر بە جددی هەوڵی جێبەجێکردنی دەقاودەق و تەواوەتیی دەدات. هەموو توانا و وزەی خۆی تێدا دەخاتە کار و بەو ئاڕاستەی دەبات کە سەییدەکەی ویستوویەتی. ڕێگای ڕۆشنە و چۆنیەتیی ڕاپەڕاندنەکەی دەزانێت و مەبەستێتی زۆر وردەکارانە فەرمانەکە جێبەجێ بکات تا سەییدەکەی ڕازی بکات. ڕازیبوونی

سەییدەکەشی ئاسانە مادام ئەم سەرڕاستانە بە فەرمانەکەوە پابەندە و حەز و هەواوهەوەسی خۆی تێکەڵ نەکردووە. بەڵام ئەو کۆیلە داماوەی ئەولا، خەمبار و ناڕەحەت و کۆڵ قورسە، پەژموورده و بێ تووک و بێزار کەوتووە، ئەوەندە فەرمانی پێچەوانەی پێ دراوە و ئەوەندە سزا دراوە لەسەریان؛ مەرگ بە ئاوات دەخوازێت! تا ئێستا هیچ کام لە ئاغاخاوەنەکانی لێی ڕازی نین و جار بۆ جاریش فەرمانی قورستری بەسەردا دەدەن، (بەڵام ئەوەندە گەلۆر و نەزان و شەیدای کۆیلەییە، ڕێگای قوتاربوونی هەیە و نایگرێتە بەر! دەرفەتی هەڵهاتنی هەیە و نایەوێت! هەلی دەربازبوونی بۆ ڕەخساوە و نایقۆزێتەوە، پێغەمبەرێکی پاک و دڵسۆز ڕێی نیشان دەدات کەچی ئەوەندە دەبەنگە وا دەزانێت ژیانی لای ئاغاکانی خۆشترە چونکە بەرماوەی خواردنیان دەخوات! خەمیشێتی ئەگەر بەدوای بانگەوازی پێغەمبەرەکەدا بڕوات دەکەوێتە ناڕەحاتی و ئەشکەنجە و سزاوە!).

ئەمە حاڵەتی کەسێکە کە هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دابێت (چ لە پەروەردگارێتیدا، چ لە خوایەتیدا، چ لە حاکمێتیدا). کۆڵەوار، سەرلێشێواو، خەمبار و ناڕەحەت، نازانێ نەخشەی ساتی داهاتووی چۆن دەبێت؛ چ جای ئەوەی خۆی نەخشە بۆ خۆی داڕێژێت! چونکە نە ڕێگای ڕۆشنە و نە دید و بزاوت و هەڵوێست، نە سەربەخۆشە تا بتوانێت هەڵبژێرێت، ئەوە لە ئاژەڵ کەمترە (ئەمە هەر جەستەی ئادەمیانە ماوە، دەنا قالۆنچەیە، خشۆکە، کرمە): ﴿أَفَمَن يَمْشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِۦٓ أَهْدَىٰٓ أَمَّن يَمْشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسْتَقِيمٖ ٢٢﴾ {الملك: ٢٢}، واتا: «جا ئەو کەسە ڕێنیشاندراو و ڕێنمایی کراوە کە کۆ ماوەتەوە و غەیری بەرپێی خۆی نابینێت و نازانێت ڕووی لە کوێ کردووە و چ ئاراستەیەکی گرتووەتە بەر؟! یان ئەو کەسەی ڕێی ڕاستی ناسیوە و گرتوویەتیە بەر و ڕێباز و بەرنامە و ئامانجی خۆی چاو لێیە؟! کامیان بەرچاو ڕوونترن؟». ئەو کەسانەی -وەکوو ئایەتەکە دەفەرمووێت- کە لەسەر ڕوو دەخشێت و دەکشێت، یان ئەو گیانلەبەرانەن کە دەست و پێیان نییە و لەسەر ڕوو دەخشێن، یان ئەوانەن کە دەست و قاچیان

هەیە بەڵام هاوکێشە و پارسەنگی خۆیانیان لەدەست داوە، نەتر دەبەن و دەکەون و ناتوانن قیت ببـنەوە و بە ئاڕاسـتەی ڕاسـتدا بـڕۆن، هەر کامێکیـانی مەبەسـت بێـت هەر یەکە، چـونکە هەردوولایان بە ناڕەحاتی ڕێ دەبڕن، ئاسان دەکەونە قۆرت و هەڵدێرەوە، هەردووکیان ڕاستەڕێ و ئامـانجی ڕوونیـان لێـوە دیـار نییە و دووربـین نـین و نـازانن مەسـافەی نێـوان خۆیـان و ئامانجەکەیان چەندە؟ نـازانن مەودا و مەسـافە و مـاوەی ڕێگـاکە چەنـدە؟ قۆناغەکـان چـۆن دەبڕدرێن؟ نازانن کەی دەگەنە ئامانج ئەگەر ئامانجیان هەبوو! ئـێ ئەم حـاڵەتە چـۆن وەکـوو حاڵەتی ئەو کەسەیە کە ڕاست و ڕێک و قیت، ڕاستەڕێگایەکی گرتووەتە بەر و نەخشـەی ڕێـی پێیە و دەزانێت ماوەکە چەندە و چەندی کات دەوێت، دەزانێت چەند قۆناغە و هەر قۆناغێـک بە چەند و چۆن و کەی دەبڕدرێت. ئەمیان کە لەمسەرەوە ئامـانجی دیـارە و ڕێبـازی ڕۆشـنە و هەڵوێستی بە نەخشەیە؛ چۆن وەکوو حاڵەتی کابرای خشۆک دەبێت؟!

حاڵەتی کابرای خشۆک حاڵەتی موشریکە؛ ئەو کەسەی هاوبەشی بۆ خوا بڕیار داوە، بـۆیە حاڵەتەکەی سەرگەردانی و وێڵی و پشێوییە، سەرلێشێواوی و ناڕەحەتی و لاسەنگییە، هەرچەند -بەو حاڵەیەوە- هەوڵ بدات ڕێگای خواویستی نادۆزێتەوە، ئەگەر نیشانیشی درا نایگرێتە بەر! ئەمە لە هیدایەتی خوای کارزان و میهرەبان مەحرووم بووە، ئەمە پـێچەوانەی یاسـا و ڕێسـای گەردوون و ژیـان بـووەتەوە، بەربەسـتی ژیـانی زینـدەوەرانە و مـایەی ترسـاندنیانە، چـونکە ڕێگایەکی چەوت و ناڕێکی گرتووەتە بەر، پێشێلکاریی زۆر دەکات، دەکەوێـت و دەخـات، کە هەڵدەستێتەوە هـیچ هەڵناسـێنێتەوە! هەمیشـە لەم گـومڕایی و ناڕەحـاتیەدایە و دەوروبەریشـی پێوەی مـوبتەلا دەبـن. ئەمـا کـابرای حـاڵەتی دووەم پارسـەنگ و ئاسـوودە و بەخـتەوەرە، بە هیدایەتی خوای گەورە دڵخۆشە، خۆشحاڵە بەوەی ڕێگای هیدایەتی خـوای گەورەی گرتـووە، کە پان و بەرفراوان و پـڕ ئەمـن و ئەمـانە، لەگەڵ هەمـوو بـزاوت و سرەوتێکـی گەردوونـدایە. خۆشحاڵە چونکە بە یەکێک لە ڕێبوارانی ڕێـی حەق و لەگەڵ مەوکیبـی پـاک و سەرڕاسـت و

ئیماندارانda بەرەو خوا ڕێی گرتووەتە بەر، دەم بە وێرد و زمـان بە زیکـر و سـوپاس و ستایشـی خوای گەورە پاراوە، چونکە هەست دەکات لەگەڵ ئاڕاستەی مەخلووقـاتی تـر دایە و هەمـوو بەرەو ڕەزامەندیی خوای گەورە دەگەڕێنەوە. ئاسوودەیە چونکە دەبینێت ژیانی موسڵمانانە زۆر سـادە و ئاسـانە و پـڕە لە بەخـتەوەری و هێمنـی و سـوکنایی و ئـارامی. لەوبەریشـەوە ژیـانی جاهیلییـانە دەبینێـت چەنـد ئـاڵۆز و پشـێو و بە ئەرکە و چەنـد دوور لە ئەمـان و هێمنـی و ئارامبوونە.

ئێ کامیان ڕاستترن؟ کام دید و ڕێ ڕاستە و حەقە و ڕەواترە؟ کام لەم دوو ڕێبوارەی ئەم دوو دید و ڕێ لێکجوودا و دوورە بەختەوەرترن؟ ئایا ئەم پرسیارانە وەڵام دەخـوازن؟! چـما ئەم دوو ڕێبازە وەکوو یەکن؟ ئەمەندە لێک دەچن تا پرسـیاری وایـان بـۆ بکرێـت؟ ﴿هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ﴾؟ کەوابوو ئەم پرسیارکردنە خۆی بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام نییە، چونکە لێکچوونیان بەڵگەنەویستە، پرسیارەکە بۆ بڕیاردانی ڕێگا ڕەواکەیە.

شیرک پسانی پەیوەندیی نێوان خوای گەورە و عەبدەکەیەتی. ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوای کردگار و تاکە پەرستراوی خاوەن مافی حاکمێتیی داناوە؛ بێ ئومێـدن لە لێخۆشـبوونی خـوای گەورە. ئەگەر ئاوا بەو شیرکەوە سەربنێنەوە و بمرن بە تەئکیدی هیوابڕاو دەبـن لە ڕەحـمەت و بەزەیـی و لێبـوردنی خـوای گەورە، چـونکە لە دنیـادا پەیوەنـدیی عەبـدایەتیی خۆیانیـان هەڵوەشـاندەوە و ئامـادە نەبـوون پەشـیمان ببـنەوە و ڕوو بـکەنەوە خـوای ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ و شاهێدی حەق بدەن. بە تەئکید و دوژمنکارانە ڕەفتاریان نواندووە و خوای گەورەش دەیانخاتە بەر سزای ڕاگەیاندراوی خۆی، کە شایانن. ڕەحمەتـی خـوای گەورە بەرفـراوان و گشـتگیر و بێسنوورە، بەڵام سزاکەشی دادپەروەرییە و سەلماندن و چەسپاندنی حەق و ڕەوایە. کەسـێک لە مەدای ژیانێکی دوور و درێژی سەرزەمینیدا هەر بە موشریکی بـژی و بە مـوشریکی بمرێـت، ئەوەندە کەللەڕەق و لائوبالی و موستەهتیر بێت، بۆچی هەر وا بزانێت دەکەوێتە بەر ڕەحمەتـی

خوای گەورە نەک بەر سزا و غەزەبی؟! هەزاران بەڵگە و نیشانەی تەوحیدی لە تەمەنیدا بینی، ڕۆژانە سەدان ئایەت و بەڵگەی بە گوێدا دەدرا، سەدان نیشانەی گەردوون (کتێبە کراوەکەی خوای گەورە) و سەدان ئایەتی لە هیدایەتی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت (لە کتێبە نووسراوەکەی خوای گەورە)دا دەبینی، بۆچی جارێک لایەکی بە لای خواناسیدا نەکردەوە؟ بۆچی جارێک هۆشێکی نەدەهاتە بەر؟! بۆچی جارێک لە هەواوهەوەسی خۆی نەکەوت و ڕوو لە نووری خوایی بکات؟ بۆچی؟! بێگومان چونکە بووارێکی خێر و سێڵێکی پاکی تێدا نەمابوو کە شایەنی هیدایەتی خوای کارزان و کارجوان بێت. ئەم کەسە موشریکە هەمیشەییە، وا لە خراپەکاریدا نوقووم بووە و چێژی لێ دەکات کە ئامادە نییە دەست ڕاهێڵێت بۆ فریادڕەسێک کە بە پەیامی خوایی قوتاری بکات! ئەمە بەرەو ﴿أَسۡفَلَ سَٰفِلِينَ﴾ چووە و وا دیارە زۆر پێی چاک و پەسەند و گونجاوە! دەسا با چێژ لە کوفر و شیرک و جاهیلییەتی وەربگرێت، بەڵام ئەنجامی کوێیە؟ چارەنووسی چییە؟ لە داهاتوودا لە کوێ خۆی دەبینێتەوە؟! بە تەئکید لە بنی هەرەخوارەوەی دۆزەخدا، شایانی ئەو جێگا و ئەشکەنجە و زەلیلێتییەیە. ئەمە لە بەدترین و پیسترین و ناقۆڵاترین ڕەفتاردا بوو، لە شیرکدا نووقم بووبوو.

شیرک: هاوبەشیی بۆ خوا دانان، کە بێئەدەبترین ڕەفتاری بەشەرە، سپڵەیی و بێوەفایی و ناکەس بەچەییە، ئەوپەڕی چەقاوەسوویی و سەرسەرێتی و یاخیبوونە کەسێک لە مەداری ژیانێکی تووڵانیدا جارێک لا بە لای خوای کردگار و کارزاندا نەکاتەوە!

ئەمما گوناحی تری غەیری ئەم گوناحە قێزەونە دژوارە، ئەوە لە بازنەی بێسنووری ڕەحمەتی خوادایە، تۆبەی لێ بکات و لێ نەکات دەگەڕێتەوە سەر داد و ڕەحمەتی خوای گەورە خۆی. هەر وەکوو لە ڕیوایەتەکاندا هاتووە، ئەگەر خوای گەورە ویستی؛ لێی خۆش دەبێت، ئەگەر ویستیشی؛ بە قەدەر تاوانەکەی سزا دەچێژێت و دەکەوێتەوە ناو بازنە بێسنوورەکەی ڕەحمەتی خوا بۆ لێبوردنی، مادام هەست بە خوایەتیی خوای گەورە دەکات، مادام ئیعتراف دەکات کە لە

لاوازیی خـۆیەوە کەوتـووەتە بەردەسـتی هەواوهەوەسـی، بەڵام بەردەواميشـە لە خۆسـازیدا و ئومێدی بە لێخۆشبوونی خواوەیە و دەشـزانێت هەر خـوای گەورە مـافی لێخۆشـبوونی هەیە و هەموو کارەکە لەدەست ئەو دایە و بەس. لێبوردنیشی پەیوەندیی بە سیفاتی خـوایەتی خـۆیەوە هەیە ئینجـا بە تـۆبە و هەسـتی پەشـیمانی ئەم. ئەمە بـاوەڕ و هەسـتکردنی ڕاسـت و ڕەوایە بە ڕەحمەتی خوای گەورە و بە لێخۆشبوونی کە دەروازەیەکی کراوەیە و داناخرێت، کە دەروازەی نییە و هەموو هەر والایە (سُبْحَانَ اللّٰه).

ـ بوخاری و موسلیم هەردووکیان لە ئەبو زەڕەوە (خـوا لێـی ڕازی بێـت) گێڕاویـانەتەوە کە فەرموویەتی: (خَرَجْتُ لَيْلَةً مِنَ اللَّيَالِي، فَإِذَا رَسولُ اللَّه (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَمْشِي وحْدَهُ، ولـيسَ معهُ إنْسَانٌ، قالَ: فَظَنَنْتُ أنَّه يَكْرَهُ أنْ يَمْشِيَ معـهُ أحَـدٌ، قـالَ: فَجَعَلْـتُ أَمْشِي في ظِـلِّ القَمَـرِ، فَالْتَفَتَ فَرَآنِي، فَقالَ: مَن هذا؟ قُلتُ: أبو ذَرٍّ، جَعَلَنِي اللَّهُ فِـدَاءَكَ، قـالَ: يـا أبَـا ذَرٍّ، تَعالَـهْ، قـالَ: فَمَشَيتُ معهُ سَاعَةً، فَقالَ: إنَّ المُكْثِرِينَ هُمُ المُقِلُّونَ يَومَ القِيَامَةِ، إلَّا مَن أعْطَاهُ اللَّهُ خَيْرًا، فَنَفَحَ فيه يَمِينَهُ وشِمَالَهُ، وبيْنَ يَدَيْهِ ووَرَاءَهُ، وعَمِلَ فيه خَيْرًا. قالَ: فَمَشَيتُ معـهُ سَـاعَةً، فَقـالَ لي: اجْلِـسْ هَاهُنَا، قالَ: فأجْلَسَنِي في قَاعٍ حَوْلَهُ حِجَارَةٌ، فَقالَ لي: اجْلِسْ هَاهُنَـا حتَّـى أرْجِـعَ إلَيْـكَ، قـالَ: فَانْطَلَقَ في الحَرَّةِ حتَّى لا أرَاهُ، فَلَبِثَ عَنِّي فأطَالَ اللُّبْثَ، ثُمَّ إنِّي سَمِعْتُهُ وهو مُقْبِـلٌ وهـو يقـولُ: وإنْ سَرَقَ، وإنْ زَنَى، قالَ: فَلَمَّا جَاءَ لَمْ أصْبِرْ حتَّى قُلتُ: يا نَبِيَّ اللَّهِ، جَعَلَنِي اللَّهُ فِدَاءَكَ، مَن تُكَلِّمُ في جَانِبِ الحَرَّةِ؟ ما سَمِعْتُ أحَدًا يَرْجِعُ إلَيْكَ شيئًا؟ قالَ: ذلكَ جِبْرِيلُ عليه السَّـلَامُ، عَـرَضَ لي في جَانِبِ الحَرَّةِ، قالَ: بَشِّرْ أُمَّتَكَ أنَّه مَن مَاتَ لا يُشْرِكُ باللَّهِ شيئًا دَخَلَ الجَنَّةَ، قُلتُ: يا جِبْرِيلُ، وإنْ سَرَقَ، وإنْ زَنَى؟ قـالَ: نَعَـمْ، قـالَ: قُلْـتُ: وإنْ سَرَقَ، وإنْ زَنَى؟ قـالَ: نَعَـمْ، وإنْ شَرِبَ الخَمْرَ)[1]، واتا: «شەوێک چوومە دەرەوە، دیـتم کە پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە تەنهـا دەڕوات و کەسی لە خزمەتدا نییە، وامزانی حەز ناکات کەسی لە خزمەت دابێـت، بـۆیە لەبەر

(١) بوخاری (٦٤٤٣)، موسلیم (٩٤).

تیشکی مانگەشەوەکە نزیک لێی دەڕۆیشتم. ئـاوڕی دایەوە بینیمـی، فەرمـووی! کێـیە؟ عەرزم کرد: منم ئەبو زەڕم، خوا بمکات بە قوربانت، فەرمووی: ئەبو زەڕ وەرە. دەفەرمووێت مـاوەیەک لە خزمەتیدا ڕۆیشتم، فەرمووی: ئەو کەسانەی لە دنیادا زۆریان هەیە (دەوڵەمەنـدن) لە ڕۆژی قیامەتدا کەمینە دەبن، مەگەر کەسێک خوای گەورە خێری زۆری پێ بەخشیبێت و ئەویـش بە ڕاست و چەپی خۆیدا و بە بەردەم و دواوەوەی خۆیدا بڵاو بکاتەوە و کـاری خێرخـوازیی پـێ ئەنجام بدات. ئەبو زەڕ دەفەرمووێت: ماوەیەکی تر هەر لە خزمەتیدا ڕۆیشتم، پاشان فەرمووی: لێرە دانیشە، لە نزماییەکدا داینیشاندم کە دەوروبەرەی بەردەڵان بوو، فەرمووی لێرە دانیشـە تـا دێمەوە. دەفەرمووێت: ئیتر بە دەشتەکەدا تەشریفی برد، تا لێمەوە دیار نەما، ماوەیەک مـایەوە، ئاگام لێی بڕا، ماوەکە زیاتری خایاند، پاشان گوێم لێبوو لەگەڵ تەشریفهێنانەوەیدا دەیفەرمـوو: ئەگەرچی زیناشی کردبێت و دزیشی کردبێت، کە تەشریفی هێنایەوە، کەسـم لە تەکیـدا نەدی، بۆیە عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خودا، خوا بمکات بە قوربانـت، لەگەڵ کـێ دەدوایـت کە لە دەشـتەکەوە تەشریفـت هێنـایەوە؟ گـوێم لێبـوو یەکێـک فەرمایشـتەکانتی دووبـارە دەکـردەوە، فەرمووی: جبریل (جوبرائیل) بوو، ئێستا لەولاوە شتێکی خستە بەرچاوم، فەرمووی: مـوژدە بە ئوممەتەکەت بدە کە هەر کەسێک بمرێت و هاوبەشی بـۆ خـوای گەورە بڕیـار نەدات دەچێـتە بەهەشت. وتم: ئەرێ جبریل، ئەگەر دزی و زیناشی کردبێت؟ فەرمـووی: بەڵـێ، وتمەوە ئەگەر دزی و زیناشی کردبێت؟ فەرمووی: بەڵێ، وتـم ئەگەر زیناشـی کردبێـت؟ فەرمـوویەوە: بەڵـێ، ئەگەرچی شەرابیشی خواردبێتەوە».

ـ ئیبنو ئەبو حاتەم بە سەنەدەوە لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێـت) گێـڕاوێتییەوە کە دەیفەرموو: ئێمە یاوەرانی پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) گومانمـان لەوەدا نەبـوو کە بکـوژ (قاتل) و ئەو کەسەی ماڵی هەتیو دەخوات و ئەوی بوختانی داوێنپیسی بۆ ئافرەتی داوێنپـاک هەڵدەبەستێت و ئەو کەسەی شـاهیدی درۆ دەدات؛ کە ئەهلـی دۆزەخـن، تـا ئەو کـاتەی ئەو

ئـایەتە هــاتە خــوارەوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴾ {النساء: ٤٨}، واتــا: «خوای گەورە لەو کەسە خۆش نابێت کە هاوبەشیی بۆ بڕیار داوە، بەڵام لە هەموو گونـاحێکی تری خەڵکی خۆش دەبێت، ئەگەر خۆی حەز بکات».

ـ تەبەڕانـی بە سـەنەدەوە لە عیکـریمەوە، لە ئیبنـو عەباسـەوە (خـوا لێیـان ڕازی بێـت) لە پێغەمبەری خواوەی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) گێڕاوەتەوە کە فەرمـوویەتی خـوای گەورە دەفەرموێـت: (مَنْ عَلِمَ أَنِّي ذُو قُدْرَةٍ عَلَى مَغْفِرَةِ الذُّنُوبِ، غَفَرْتُ لَهُ وَلَا أُبَالِي، مَا لَمْ يُشْرِكْ بِي شَـيْئاً)[1]، واتـا: «هەر کەسێک لەوە دڵنیا بوو کە توانای لێخۆشبوونی گونـاحم هەیە، لێـی خـۆش دەبـم گـوێی نادەمێ، بەو مەرجەی بە هیچ بڕ و ڕادەیەک هاوبەشیی بۆ من دانەنابێت».

لەم فەرموودەی دواییاندا بریسـکەیەکی ڕۆشـن هەیە کە خـاڵێکی جەوهەری دەردەخـات، ئەویش ئەوەیە کە هەر کەسێک ئەو هەست و هۆشەی تێـدا مابێـت کە خـوای گەورە توانـای لێخۆشبوونی گوناحەکانی هەیە؛ لێی خۆش دەبێـت. هەبـوونی ئەم تروسـکە بـاوەڕ و ئومێـدی لێبوردن و ترس و خەمـی لێخۆشـبوونە خـۆی نیشـانەی زینـدوومانی دڵە، کە کـوفر و شـیرک داینەپۆشیوە و ئەگەری پەشیمانبوونەوە و گەڕانەوەی بەرەو خوای گەورە تێدا مـاوە. ئەمە بەرەو ئەو ئاستەی دەبات کە بەر لێخۆشبوونی خوای گەورە بکەوێت، ئەگەر خوا حەز بکات.

هاوبەشیدانان بۆ خوای گەورە بەوە دەبێت کە ئاشکرا و ڕاشکاوانە شـتێک بکـرێتە خـوا و -وەکوو دابونەریتی عەرەبە جاهیلییەکانی پێشوو یان پێشووتر- دروشـمی پەرسـتنی بـۆ ئەنجـام بدرێت (لە نوێژ و ڕۆژوو سوجدە و تەواف و قوربـانی بـۆکردن، یـان هانـا و هـاوار بـۆبردن و دانانی بە واستەی نێوان خوای گەورە و عەبدەکانی)، یان بەوەی کە هەندێ سیفەتی خوایەتی بدرێتە کەسـانێک، وەکـوو بە حەرامـدانانی حەڵاڵ و حەڵادانـانی حەرامێـک، بە پـێچەوانەی

(١) تەبەڕانی (٢٤١/١١) بەم لەفزە ڕیوایەتی کردووە، هەروەها حاکم لە موستەدرەکەکەی خۆیدا بە ژمارە (٧٦٧٦) (٢٦٢/٤) و ئیبنـو عودەی لە (الكامل في الضعفاء الرجال) (٢٨٠/٣)، شێخی ئەلبانی لە (صحيح الجامع)ەکەیدا بە ژمارە (٤٣٣٠) بە سەحیحی داناوە.

شەریعەتی خوای گەورە، وەکوو شیرکی جوولەکە و ئەدیانەکانە کە قەشە و مالمەکانیان کردبوو بە خوا، وەکوو قورئانی پیرۆز لە پێناسە و باسیاندا دەفەرموویت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ {التوبة: ٣١}، واتا: «قەشە و مالمەکانی خۆیانیان لە جیاتی خوای گەورە کردبوو بە خوا». خۆ وەکوو پەرستن نەیاندەپەرستن، دروشمەکانی پەرستنیان بۆ ئەنجام نەدەدا، بەڵام ئیعترافیان بەوە کردبوو کە مافی خۆیانە یاسا و ڕێسا داڕێژن با پێچەوانەی شەریعەتی خوای گەورەش بێت. ئەمانە بەوەندەی کە حەڵاڵیان حەرام دەکرد و حەرامیان حەڵاڵ دەکرد و خەڵکەکەش شوێنیان دەکەوتن و یاسا و ڕێساکانیان قبووڵ دەکرد و کاریان پێ دەکرد، بەوە ئەوان خوایەتیان بۆ بڕیار درابوو، ئەمانیش عەبدایەتی و پەرستنیان کە ڕاپەڕاندنی یاسا و ڕێساکانیانە، بەم دید و ڕێ و ڕەفتارە چوونە چەقی بازنەی شیرکایەتییەوە. هەندێکیش فەرموویانە شیرکایەتیی هەردوو لایەنان ئەوە بووە کە پێچەوانەکاریی تەوحیدیان کردووە. بەهەرحاڵ خوای گەورە ڕەفتارەکەیانی بە شیرک ناساندووە و دید و ڕێ و ڕەفتاریانی خستووەتە ڕیزی دید و ڕێ و ڕەفتاری بتپەرستەکانی جاهیلییەتی عەرەب (پەرستیارانی لات و عوززا و مەنات)، ئەمەش دژایەتیی هەیە لەگەڵ ئەو هەموو فەرمانانەی خوای گەورە کە فەرمانی بە تەوحید کردووە کە دەبێت ئیعتراف بکرێت کە هەر وەکوو خوای گەورە کردگار و خاوەن و ژیێنەر و مرێنەرە و هیچ هاوبەشێکی لەم سیفەتانەدا نییە، هەر ئەویش شایەنی هەموو جۆرە پەرستنێکە و هیچ هاوبەشێکی لە هیچ جۆر و بڕ و ڕادەیەکی پەرستندا نییە، هەر ئەویشە کە خاوەنی مافی یاسادارِشتنە و حاکمێتی مافی ئەوە بە تەنها و هیچ کەسێک مافی یاسادانان و حوکمکردن و داوەریکردنی کەسی نییە دوور لە شەریعەتەکەی خوای گەورە. ئەمانە سێ بووارەکەی تەوحیدن و ئەوانەی بەرامبەریشیان سێ بووارەکەی شیرکن کە خوای گەورە بە هیچ کلۆجێک قبووڵی نییە: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ﴾ {التوبة: ٣١}، واتا: «فەرمانی ئەوەیان پێ درابوو کە دەبێت تەنها یەک خوا بپەرستن و بەس، کە خوای گەورەیە».

دەبێت ئیعتیراف بە هەموو سیفەتە بێوێنەکانی خوای گەورە بکەن و دڵنیا بن کە هیچ مەخلووقێک لە هیچ سیفەتێکدا بە هیچ بڕ و ڕادە و چۆنیەتییەک لە هیچ سیفەتێکی ئەو ناچێت. دەبێت هەموو دروشمەکانی پەرستن هەر بۆ ئەو ئەنجام بدەن و هیچ هاوبەشێکی تێدا بۆ خوا بڕیار نەدەن، بە هیچ شێوە و هیچ بڕ و ڕادەیەک. دەبێت هەموو یاسا و ڕێسا و ئەحکامێکی ڕێکخستنی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەتیان هەر لە خوای گەورەوە وەربگرن و نابێت بە هیچ شێوەیەک و بە هیچ بڕ و ڕادە و چۆنیەتییەک یاسا و ڕێسایەک داڕێژن یان حوکمی پێ بکەن یان داوەریی پێ بکەن کە پێچەوانەی شەریعەتی خوای گەورە بێت. هەر کەسێک تەوحیدی ئاوا وەرگرت موسڵمانە و هەر کەسێک هاوبەشی لە هەر کام لەو سێ بووار و جۆرەدا بۆ خوای گەورە دانا موشریکە و، ئەگەر هەر وا بژی تا دەمرێت لێخۆشبوونی خوای گەورە نایگرێتەوە و بەر سزای سەختیش دەکەوێت، ئەمما بۆ سەرپێچی و تاوان و گوناح ئەوە ڕەحمەتی خوای گەورە و لێخۆشبوونی والایە و هەموو گوناهێک دەسڕێتەوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴾ {النساء: ٤٨}.

ئەو شیرکەی کە خوای گەورە لە هەموو گوناهێکی تری غەیری ئەو خۆش دەبێت و ئەمیانی بە هەموو شێوەیەکی پێ تاوانی هەرە گەورەیە و بوواری لێبوردنی نییە؛ دەستدرێژییەکی دژوارە بۆ سەر خوایەتی و حاکمێتیی خوای گەورە. نە زینا و نە دزی و نە شەرابخواردنەوە هیچیان بە تەنها یان پێکەوە ناگەنە دژوارێتیی شیرک، چونکە شیرک گوێنەدانە بە ماف و دەسەڵاتی خوای گەورە، ڕەفزکردنەوەی ماف و دەسەڵاتی خوای گەورەیە و ئیعترافنەکردنە بە بێوێنەیی و تاکی و تەنهایی خوای کردگار و ڕۆزیدەر و خاوەن دەسەڵاتی ژیاندن و مراندن و ڕۆزیدان و زیانگەیاندن و سوودبەخشین. ڕەفزکردنەوەی حاکمێتیی خوای گەورەیە و بەشدارکردنی مەخلووقی بێدەسەڵات و کەموکورت و نوقسانە لە دەسەڵاتی یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردنیدا. شیرک دەستدرێژییەکی زۆر نامەسئولانە و چەقاوەسووانە و

سەرسەریانەیە بۆ سەر مافی خوای گەورە! جورئەتێکی زۆر چاوقایمانە و موستەحیلانەیە، بۆیە هەر کەسێک کەوتە بازنەی شیرکەوە -بە هەموو جۆرەکانییەوە- دەرگاکانی لێخۆشبوون و لێبوردن و ڕەحمەتی خوای گەورە بە ڕووی خۆیدا دادەخات. هەر کەسێک بە تاوان و گوناحباریدا نەگەیشتبێتە ئەو بووار و بازنە دژوارەی شیرک، هەر گوناحێکی تری گەورەی هەبێت هەر قابیلی سڕینەوە و لێبوردن و ڕەحمەتی خوای گەورەیە، ئەوە مەرجی ئیمان و سنووری موسڵمانێتییە: ﴿إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ﴾ {النساء: ٥٩}.

هۆی بەخەتەردانانی شیرک بەو شێوە ترسناکە و نەکەوتنەبەر ڕەحمەت و بەزەیی و لێبوردن و لێخۆشبوون و چاوپۆشیی خوای گەورە لەبەر ئەوەیە کە هیچ تروسکاییەکی خێرخوازی و ئومێدێکی چاکسازی لە موشریکدا نامێنێت. سروشتی مەخلووقێتیی ئەوەندە گەندەڵ و ڕەزیل و داوەشاو دەبێت کە بووارێکی تێدا نامێنێتەوە پاک و شیاو و شایستەی ئیمانداریتی بمێنێت. ئەوەندە لە بوواری ئیمانداریتی و موسڵمانێتی دوور دەکەوێتەوە کە هیچ بەرەو ئیسلامی ناهێنێتەوە!: ﴿وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ١١٦﴾ {النساء: ١١٦}. ئەوە بەتەواوی گومڕا بووە. ئەگەر داوە دەزوویەکی سروشتیی ڕوو لە دینی پێوە بمایە، خوای گەورە ڕێزی لێ دەگرت و هەر نەیدەخستە بەر غەزەبی خۆی، با پێش مردنیشی بوویێت بە چەند خولەکێک! هەر نەگەیشتبێتە غەرغەرەی ڕۆحکێشان تۆبەی قبووڵە و دەتوانێت فریای تۆبە و ڕەحمەت و لێبوردنی خوای گەورە بکەوێت. ئەمما لەو حاڵەتەشدا هەر سوور بێت لەسەر شیرک و بڕاوت و هەڵوێست و دید و ڕێی موشریکێتی؛ ئەوا ئیتر چارەنووس سووتاو و داماو و شایەنی سزای سەختی دۆزەخە: ﴿وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾ {النساء: ١١٥}.

شیرک بۆیە وا دژوارە و سزاشی وا ئەوەندە سەختە، چونکە خۆڕاپسکانە لە هەموو فەرمانێکی خوای گەورە و یاخیبوونێکی زۆرجار قایمانەیە لەو هەموو بنەما و ڕێسایانەی بۆ ڕێکخستنی دید و ڕێ و بڕاوت و هەوڵوێستی عەبدەکانی خۆی داناوە. شیرک وەلکردنی ئەم

هیدایەت و وەحییە خواییەیە بۆ گـرتنەبەری هەواوهەوەس: ﴿أَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾ {الفرقان: ٤٣}، واتا: «نابینیت ئەو کەسە چۆن هەواوهەوەسـی خـۆی کـردووە بە خـوای خـۆی؟!». وشـە کورتەکـانی ئەم ئـایەتە پیـرۆزە وێنـایەکی زۆر سەرسـوڕهێنەری خـاوەنی ئەم حـاڵەتە دەکـات، دیمەنی حاڵەتێکی قووڵ و نەگۆڕی دژواریی ناخی کەسەکە دەخاتە ڕوو، دڵ و هزر و ویژدانی کەسێک کە بە هیچ بنەما و ڕێسایەکی وەحی و ژیری و دادپەروەری و پارسەنگییەوە پەیوەست نەمـاوە و بەڕەڵا بـووە! خـۆی لە هەمـوو یاسـا و دابونەریتێـک ڕاپسـکاندووە و ئەوەنـدە هەواوهەوەسی خۆی پێ گرنـگ و پیـرۆزە کە کردوویەتـی بە خـوای خـۆی! بـووەتە عەبدی هەواوهەوەس و حەزی لار و وێڕ و بەڕەڵا و چەوتی! سەیرە کە بە هیچ پێوەرێکەوە پەیوەسـت نەماوە! هیچی لا پیرۆز و بەڕێز نەماوە! هیچی پێ گوناح و عەیبە و نەشیاو نییە! ئەوەندە وێڵی هێنانەدیی حەزەکانێتی کە هەموو سات و ڕەنج و وزەیەکی بۆ تەرخان کردووە و هەموو شتێکی ڕەفز کردووەتەوە کە سنوورێکی بـۆ دادەنێـت، سـنووری گونـاح، سـنووری عەیـبە، سـنووری ناشێت، هیچ شتێکی لا مەعقول نییە کە ڕێ لە یەک حەزێکی مونحەریفی دەگرێت، ئەگەرچـی بۆ ساتە وەختێکی کەمیش بێت، بەڕاسـتی وای لێهـاتووە لە هـیچ مەخلـووقێکی ئەم گەردوونە ناچێت!

بانگهێشتکردن بۆ تەوحید، بانگهێشتکردنە بۆ مومارەسـەی ژیـانێکی پارسـەنگ و جـوان و خێرخواز، بانگەوازێکە بۆ هەمـوو جـوانی و پەسـەندییەکانی ژیـان، هەمـوو لایەنێکـی ژیـان: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡۖ﴾ {الأنفـال: ٢٤}، واتـــا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە (باوەڕتان هێنـاوە، بەڵام..) بەدەنـگ بانگهێشـتی خـوا و پێغەمـبەری خواوە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وەرن و بانگەوازەکە قبووڵ بکەن، ژیانتانی پێوە دەبێت، زینـدوویێتیانی پێوە بەندە، ئەو پەیامە دەتانبووژێنێتەوە».

پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو خەڵکە بۆ بانگەوازێک بانگ دەکات تا وەریبگرن و پێوەی پابەندبن، چونکە عەقیدەیەکی خواویستییە و دڵ و هزر و ویژدانی پێ زیندوو دەبێتەوە. دڵ و هزو هۆش لە ئەفسانە و وەهم و دێو و خێو ڕزگار دەکات، ویست و ئیرادە لە عەبدایەتیی بەشەر و زەلیلی و ژێردەستەیی و نەبوونییەوە بەرەو ئازادیی عەبدایەتیی خوای تاک و پاک و، عزەت و سەلماندنی بوون دەهێنێت. خەڵکی لەو هەموو دید و تیڕوانینە چەوت و ناقۆڵانەی (حەتمییە) ڕزگار دەکات، لە زەلکاوی هەواوهەوەسپەرستی و کۆت و زنجیری عەبدایەتیی تاغووتان ڕزگار دەکات.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو خەڵکە بۆ بانگەوازێک بانگ دەکات، کە شەریعەتێکی لای خوای گەورەوە هێناوە. بانگەوازێکە (مرۆڤ) ڕزگار دەکات و دەیخاتە ئەو ئاستە ڕێزەوە کە خوای گەورە بۆی دیاری کردووە. شەریعەتێکە کە هەر هەموو مرۆڤێکی مرۆڤایەتی تێیدا یەکسانە، تاکێک خۆی لە خەڵکی ناکاتە خوا، حیزبێک خۆی ناکاتە چینی قبووڵکراو و ئەوانیتر چینی ڕەنجاو! خەڵکیش ناخاتە حاڵەتی چینایەتی و ناشهێڵێت ئوممەتەکەی ببێتە چین چین، شەریعەتێکە توخمێک بە باڵاتر لە توخمێکی تر دانانێت. دینێکە هەموو گەل و نەتەوەیەکی تێدا یەکسانە و هیچ گەلێک لە گەلێکی تر باڵاتر نییە. دینێکە هەر هەموو خەڵکی بە یەکسان دەبینێت و شەریعەتەکەی دەخاتە بەردەستی هەمووان و هەلی گونجاوی یەکسان بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت تا شیاوێتیی خۆیان بۆ پلە و ئاستی خۆیان بسەلمێنن. دینێکە هەر هەموو مرۆڤێک وەکوو (عەبد)ێکی خوا دەناسێنێت و بەس، ناشهێڵێت بۆ کەس ببێتە عەبد. دینێکە خەڵکەکە بۆ دید و ڕێ و ڕێباز و بەرنامە و ئامانجێک بانگهێشت دەکات کە موڵکی هەموویانە و مافی هەر هەموویانە وەریبگرن و پێوەی بکەونە بزاوت و هەڵوێست. خوای گەورە کە مرۆڤەکانی خەلق کردووە؛ هەر خوای گەورە خۆیشی سنووری پابەندیی هەموو بنەما و بڕگە و ڕێساکانی دیاری کردووە کە شارەزای هەموو هەست و نەست و حەز و ئینفیعالاتێکی

مرۆڤەکـانە. ئەوان ئەم سـنوورانە پەک نـاخەن، بە پـێچەوانەوە هـان دەدەن بـۆ کـرانەوە و بونیادنـانەوە و بەگەڕخسـتنی ورە و وزە و تواناکـان لە پـرۆژەی خێرخـوازی و چاکسـازیدا بە ئومێدی کامەڕانیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هەموو مرۆڤەکان، نەک هەر موسڵمانەکان.

بانگەوازەکەی ئەم دینە بانگهێشتە بۆ بنیادنانی هێـز و دەسـەڵاتی پاراسـتنی دادپەروەری و ڕێـز و مـافی مـرۆڤ و دەوروبەری. بانگهێشـتە بـۆ پێکەوەنـانی هێـز و وزەی کۆمەڵکـاریی ئوممەتێک کە عەقیدەکە پێکیەوە بەستوون و بە عەقیدەکەش کۆمەڵکارانی دەبزوون، بزاوتێکی ململانێ بەرامبەر جاهیلییەت بە ئومێدی دامەزراندنی کۆمەڵگا و دەوڵەتـی داد و خواویسـتی. ئـوممەتێکی خـاوەن بـزاڤ، کە بـووەتە ئەداتـی قەدەری خـوا و ڕازیـیە بەوەی خـوای گەورە ئاڕاستەی دەکات و ئەوەی پێ دێنێتە دی کە خوای گەورە خۆی دەیەوێت. عەقیدە و ئـوممەت و بزاڤێک کە پرۆژەی ئازادکردنی (مرۆڤ)ی پێیە، ئازادبوونیان لە عەبدایەتیی غەیـری خـوای گەورە و هێنانیان بەرەو خواویستی، بەرەو ئەو ئاستی ڕێز و کەڕامەت و قەدرەی خـوای گەورە بۆ مرۆڤی داناوە و تاغووتەکان لێیان سەندووەتەوە.

بانگهێشتکردن بۆ تەوحیدی خوای گەورە؛ بانگهێشتە بۆ دید و ڕێـی ڕوونـاک، بـۆ نـووری خوایی و هیـدات و ڕێنیشـاندانی. قوتـاربوونی دڵ و دەروون لە تـاریکیی شـیرک و نەزانـی و نەفامێتی و گەیشتن بە نـووری خـوایی نیعمەتێکـی زۆر گەورە و بەهـایەکی بەنـرخە، چـونکە باوەڕهێنان بە یەکبوونی بێوێنەیی خـوای گەورە و سـەلماندن و چەسـپاندنی تەوحیـدی خـوای گەورەیە. قوتاربوونە لە سەرگەردانی و وێڵی و ڕێ بزربوون، هاتنە بەرەو ئاسوودەیی و هێمنی و ئارامی، بەرەو ئەمان و جێگیربوون و دادبینی. قوتاربوونە لە کۆیلەیی و زەلیلی و ژێردەستەیی و هاتنە بەرەو ئەمانی کەناری خـوای گەورە و سـووکنایی ژێـر سـایەی ڕەحمەتـی، هـاتنە بەرەو نوورێک کە دڵ و هزر و ویژدان ڕۆشن دەکاتەوە، هەر وەکوو کە بەرچاو و دیـد و ڕێ ڕۆشـن دەکاتەوە: ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦٓ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ لِّيُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۚ﴾ [الحديد: ٩].

## بڕگەی چوارەم: بەهای ئیمان

ئیمان لە هەرە نیعمەتە گەورەکانە کە خوای گەورە بە عەبدەکانی سەرزەمینی دەبەخشێت. نیعمەتی ئیمان لە نیعمەتی هەبوونەکەی لەم ژیان و سەرزەمینە گەورەترە، هیدایەتدانی بە نرخترە لە خەلقکردن، هەموو ئەوانەش کە لە دوای خەلقکردنەکەی پێی بەخشیوە بە سەرجەمیان ناگەنە نیعمەتی ئیمان و ڕێنمایی خواویستی، نە ڕۆزیدان، نە تەندروستی و، نە موڵک و ماڵ و ئەولاد، نیعمەتی ڕێنیشاندان و هاوردنی بەرەو ئیمان و ئیسلام لە هەموویان گەورەترە.

ئیمان ئەو نیعمەتە تایبەتییەیە کە حەقیقەتی هەبوونی مرۆڤ جوودا دەکاتەوە لە حەقیقەتی هەبوونی تر. ئیمانداریتیی مرۆڤ دەیپاڵێوێت بۆ بینینی ڕۆڵە سەرەکییەکەی (وجوود)ی مرۆڤ و مەبەستە سەرەکییەکە لە (خەلقکردن)ی کە سازاوانە دەیکاتە موفردەیەکی گونجاو لە مەنزوومەی گەردوون و ژیاندا، دید و ڕێی ئیماندارانەی دەخاتە سەر ڕێساکانی (وجوود) و لەگەڵ ڕەوت و سرەوتی گەردوون و ژیاندا ڕێکیان دەخات. ئەوە ئیمانە کە ئاسۆی دید و بیری مرۆڤ ئەوەندە بەرفراوان دەکات هەست بەم وجوودە بەرفراوانە بکات، ئیمانداریتییە وا دەکات پەیوەندیی ڕاست و دروست لەگەڵ گەردوون و ژیاندا دروست بکات و ڕۆڵی خۆی بۆ دیاری بکات. ئەو ئیمانە پێناسەی ڕاست و دروستی گەردوون و ژیانە و (خالق) و (مەخلووق) و پەیوەندیی تاک و کۆ و دابونەریت و شیکاری ڕووداو و بزاوت و هەڵوێستی شیاوی پێ دەناسێنێت، ئینجا پارسەنگانە و هێمن ئاسوودە ئاڕاستەی دەکات، هەر لە شایەتمانهێنانیەوە تا بە خزمەت خوای خاوەنی دەگات. پاشان هەر ئیمانە ئەوەی تێدا دروست دەکات کە مرۆڤە و جێی ڕێزی خوای گەورە بووە و بە تەقواکاری و هەستی چاودێریشی هەست بە هاودەنگیی خوای گەورە دەکات و دڵنیایی تەواوی لێ دروست دەبێت کە خوای گەورە وەلیایەتی و وەلی ناکات. ئەو ئیمانە وای لێ دەکات لە ناخیدا هەست بە خۆشی و ئەمان بکات مادام هەوڵ و

ڕەنجی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورەیە. کە زیاتر لە دینداریتی و تەقواکاریدا قاڵ و قووڵ دەبێتەوە؛ هەست دەکات خوای گەورە لەخۆی گرتووە و سەرپەرشتیی دەکات و بە قەدەری خۆی ئاڕاستەی دەکات. هەست دەکات ئیمان کردوویەتی بە ئەداتی قەدەری خوا، ئای کە هەستێکی بەنرخ و کاریگەرە.

ئیمان وا لە موسڵمان دەکات دید و تێڕوانینی لەم بازنە بچووکەی کات و شوێنی خۆیەوە، لەم قەوارە سنووردارە سادەی خۆیەوە، لەم هێزە بێهێزەی خۆیەوە بڕواتە ئاسۆی بەرفراوانی گەردوون، بگاتە کۆتا سنووری (وجوود)، ئاشنایی پەیدا بکات لەگەڵ ئەم هەموو هێزە کاریگەرانەدا، بگاتە پەیبردن بەم هەموو نهێنیانەی گەردوون و ژیان، بڕوات و بڕوات بێ بەربەست، تا خۆی لە توانایدا نامێنێت و دەوەستێت! ئەمە جیهانی ئیمانە، جیهانێکی واقیعی قەناعەتپێکراو نەک خەیاڵپڵاو.

ئەم موسڵمانە ئیماندارە ئاسۆ کراوەیە، ئەم کەسە ئازادە سەربەستە، ئەم خواناسە بەهێزە، بە بەراوردکردنی بە هەر تاکێکی مرۆڤ وەکوو هەر مرۆڤێکی تر، هەر لەو یەکەم سەرچاوە مرۆڤیەوە هاتووە، بەڵام هەر ئەو ئەسڵە ئینسانییەش بوو کە کردی بە شایستەی ئەوەی ڕۆحی خوایی تێگەڕێت، ئەوا ئەو فووە ڕۆحییە بوو کە لەم قوڕەوە گەیاندنیە ئەو نوورە خواییە، ئەو نوورەی کە سنووری نە لەسەر زەمین و نە لە ئاسماندا هەیە، نە لە کات و شوێندا، نە سەرەتای هەیە و نە کۆتا. ئا ئەم نوورە خواییە کاریگەرە بێسنوورە بوو کە ئەم مەخلووقە بەشەرییەی گەیاندە ئەو مرۆڤایەتیە ئیماندارە!

بۆ ئەم باڵا سەرکەوتن و سنوور بڕین و فڕینە ئیمانییە، هەر ئەوەندە بەسە کە ئەم ئیمانە لە ناخی کەسێکدا جێگیر بێت، بەسە بۆ ئازادبوونی، بەسە بۆ بەرفراوانبوونی دید و تێڕوانینی، بەسە بۆ گەشە و نەشونمای هەست و هۆش و قەناعەتی، بەسە بۆ درککردنی ئەو نوورە خواییە، بۆ پەیبردن بە ڕووناکیی وجوودی بێسنووری خوایی. ئەم مرۆڤە بەم ئیمانە ئاودێرە، پێی لەسەر

زەمین جێگیرە و دڵ و هزر و ویژدانی بە شاباڵی نوورینەوە بەرەو نووری خوایی بەرز دەبێتەوە، نووری خوای بێوێنە و بێ کات و جێ، ئەو نوورەی ئەم ژیانەی بەو هەموو موفرەداتانەی (وجوود) داوە.

ئەم موسڵمانە ئیمانداره بە بەراوردکردنی بە موسڵمانانی تر هەر تاکێکە لەوان، ئەندامێکی ئوممەتە عەقائیدییەکەیە. ئەم ئوممەتەی بە لق و چڵی زەمانەدا چووە، ئەم ئوممەتەی دەستەیەکە لە کاروانی بەڕێزی ئیماندارانی مێژوو کە سەیدنا نوح (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) پێشڕەویتیی دەکات، کە دواتر پێشەوایانی پاک و چاکی مرۆڤایەتی دەبنە ئاڕاستەوانی، سەیدنا ئیبراهیم و موسا و عیسا و موحەممەد (سەلامی خوایان لێ بێت)، هەروەها برا پێغەمبەر و نێردراوە عەزیزەکانی تریان (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ). ئەم هەستی ئینتیمایە ئەو ئیمانهێنانە لە ناخ و دڵ و هزر و ویژدانی ئەم تاکە موسڵمانەدا دەڕوێنێت و ئاڕاستەی ئەم قورئانەش بەردەوام گەشە و نەشونمای پێ دەدات تا ببێتە خاوەن ئەو شاباڵەی بەرەو ئەم بەرفراوانی و واڵاییە دەفڕێت. ئەم هەستە بەسە بۆ سەربەرزێتیی موسڵمان کە لە ناخیدا هەست دەکات وا لە ڕیزی ئەم کاروانە مێژووییە بەڕێزەی ئیمانداریدا. ئۆخەی؛ ئەمیش یەکێکە لەوان و لەسەر ئەو دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستەیە، ئای کە گەورەییە! ئای کە هەستێکی ئیمانیی قووڵ و باڵایە کە هەست دەکات ئەویش گەڵا و گوڵێکی ئەو درەختە بە بەرهەمەی ئیمانە. ئەمیش بەم ئیمانە بووەتە بەشێک لەو درەختە ئیمانییە سایە پان و پۆڕە، ڕەگ و ریشاڵ داکوتراوە، ئەو درەختەی هەر خودا دەزانێت هەر لق و چڵ و گەڵا و گوڵ و چرۆ و بەرهەمی گەیشتووەتە کوێ و بە چەند خانەوادە و خێزاندا پەلی هاوێشتووە. ئەم کاروانە دوور و درێژە، ئەم درەخت و تەڕ و پەل و بە تەمەنە، هەستکردنی موسڵمان بەم ئینتیمای گەورەیی و ڕێزە ئیمانییە بەسە کە وا لە موسڵمان بکات چێژێکی تر لە ژیان وەربگرێت (کە وەک مرۆڤی تر نییە هەر چێژی جەستە و ئاسوودەیی دەروون هەست پێ بکات؛ چێژی ئەمیان گەشەی ڕۆحە و فڕینی جیهانی و ڕووناک و پاکی

ئیماندارییە بەرەو نووری خوا، بەرەو خۆشەویستیی خوا)، ئەمە وات لێ دەکات کە ژیان چێژێکی تری تایبەتی هەیە کە ئەم تازە دەستی کەوتووە و بەرەبەرە دەیپچێژێت، ئەم چێژە نوێیە زۆر تایبەتەیە کە موسڵمان دەخاتە ژیانێکی تری نوێوە، ژیان و ئەندامێتیی ناو کاروانە پیرۆزەی ئیمانداریتی، ئای کە ئەندامێتی و نەسەبێکی گەورەیە!

ئینجا ئاسۆی دید و مەودای تەسەوراتی بەرفراوانتر دەبێت تا لە سنووری خۆی و ئوممەت و توخمی مرۆڤایەتیش تێدەپەڕێت، تا هەست بە هەر هەموو (وجوود) دەکات و دەیبینێت، کە لە خوای گەورەوە هاتووە (فەرمانی ئەو وجوودی پێکهێناوە) و فووی ڕۆحی ئەو مرۆڤی کردووە بەم مرۆڤە. لە ڕووانگە و پێناسە و پێناساندنی ئەم ئیمانەوەیە کە هەست دەکات ئەم (وجوود)ە زیندووە، زیندەوەرێکە وەکوو هەر زیندەوەرێک، ئەگەرچی لە جۆرەها زیندەوەر پێک دێت. هەموو شتێکی ئەم وجوودە (ڕۆح)ی خۆی تێدایە. ئەم گەردوونە مەودا دوورە سەرسوڕهێنەرە خۆشی (ڕۆح)ێکی خۆی تێدایە. ئیتر ڕۆحی هەر هەموو موفرەداتەکانی (وجوود)، ڕۆحی ئەم گەردوونە مەودا دوورە، هەموو ڕوویان لە خوای کردگاری جیهانیانە، هەر وەکوو کە ڕۆحی ئەمی ئیماندار ڕووی خواناسیی ڕاستی لە خوای تاک و پاکێتی، هەر هەموو (وجوود) لە زیکری خوادان، سوپاس و ستایشی خوا دەکەن و بە ملکەچییەکی عەبدانەی تەواوەوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانین و هەر یەکەیان بەو ڕێسایانەوە پابەندن کە خوای گەورە خستوویەتییە سەری. ئەم هەموو جۆرە مەخلووقاتە هەموویان سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکەن لەسەر نیعمەتی باوەڕ و هیدایەت و یارمەتیدانی ڕوو لە خواکردن، هەر هەموویان ملکەچ پابەندی بڕیار و ڕێسا و فەرمانن. ئاوا موسڵمان هەست دەکات ئیمان تەوەری وجوودی هەمو شتێکە، ئیمان ڕۆحی هەموو شتێکە، ئیمان بەشێکە لە بوونی هەر هەموو هەبوویەک، بەشێکە لە پێکهاتەکەی کە مەحاڵە لێی دابڕێت، مەحاڵە لێی جوودابێتەوە. ئەم ئیمانەی کە لە هەموو شتێکدا جەوهەری وجوودیەتی، هەر لە خواوە هاتووە و ڕووشی هەر لە خوای

گەورەیە و دەبێت هەر واش بێت (ئەوی موشریکە، ئەوەی کافر و مولحیدە، پەریـدە و نـامۆ و ڕیـزپەڕە، لەگەڵ هـیچ مـوفرەداتێکی گەردوونـدا یەک نـاگرێتەوە). ئەم ئـیمانەی وا لە هەمـوو شتێکدا، کە وا لە هەموو شتێک دەکات ڕوو لە خوا بێـت، چـونکە سـەرئەنجام هەر بەرەو ئەو دەگەڕێتەوە، هەر وەکوو کە ئەم موسڵمانە ئیمانداره دەبێت وەکوو هەموو شـتێکی وجـوود ڕووی لە خوای کردگار و پەروەردگار و پەرستراو و حاکمی دەسەڵاتداری بێت، چـونکە بـۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە.

ئاوا موسڵمان -بەم ئیمانەوە- هەسـت دەکـات، هـاودەنگی هەمـوو مـوفرەداتێکی گەردوون و ژیانە و زۆر لە قەبـارە و کیـانی تـاکی خـۆی گەورەتـرە، بە قەدەر ئەو مەودایە گەورەیە کە لەم وجوودەدا تەسەوری دەکات، هەموو شتێکی دەوروبەری زیندوون و ڕۆحیان تەوەری وجوود و پەیوەستی پەیوەندی و نیشانەی عەبدایەتین بۆ خوای گەورە.

موسڵمان ئاوا -بەم ئیمانەوە- هەست دەکـات کە ڕێگـا و ئاڕاسـتەی ئەویـش وەکـوو ڕێگـا و ئاڕاستەی هەموو شتێک ڕوو لە خوایە و خوای گەورەش کە بە فووی ڕۆحی خۆی کردوویەتی بە مرۆڤ و، بە هیدایەتی خۆی کردوویەتی بە موسڵمان و، بە نووری خۆشـی بەرچـاوی ڕۆشـن کردووەتەوە تا پاک و چاک بەرەو خوای خۆی بگەڕێتەوە.

ئاوا موسڵمان -بەم ئیمانە- هەست دەکات کە دەتوانێت پەیوەندیی ئیمانـدارانە لەگەڵ هەمـوو شتێکی گەردوون و ژیاندا بگرێت، بە هەر چوار لای وجوودی خۆیدا بڕوات، بڕوات تا خـۆی دەوەستێت. بەم ئیمانەوە دەگاتە ئەو هەموو ئاسۆ باڵا و دوور و جوانانە، ئاوا لە واقیعـی ژیـانی ئیماندارانەیدا هەست دەکات کە دەتوانێت زۆر شت دروست بکات، زۆر ڕووداو دابمەزرێنێت، زۆر لە کـارتێکردن و کاریگەریـدا بێـت، لە تەفـاعولێکی بەردەوام و کـار و کـارلێککردنێکی چالاکدا بێت، پاشان هەست دەکات -کە بەم ئیمانەوە و بە هۆی ئەم ئیمانەشەوە- دەگاتە خـوای کردگار و خاوەن و سەرپەرشتیار و چـاودێری، بەو هێـزە بێسـنوورەوە پەیوەسـت دەبێـت، بەو

دەسـەڵاتە ڕەهـایەوە بەنـد بـووە، بەو خـوای بێـوێنەیە گەیشـتووە و پەیوەنـدییەکی پـتەوی عەبدبۆبوونی دەست کەوتووە. ئای کە پەوەندییەکی پڕ عیززەت و هێز و کاریگەرە، موسڵمانێکی بچـووک و کەم و نادیـار، مرۆڤێکـی لاچەپـی کەسـنەناس، بەم ئیمانـدارێتییە گەیشـتووەتە ئەو لووتکەی سەلماندنە، لووتکەی بوون و پەیوەنـدی بە خـوای کردگـار و بەهێـز و دەسـەڵاتدارە بێوێنەوە کە هەر بە خوای بێوێنە دەمێنێتەوە!

موسڵمان، ئا لەم ڕووانگە ئیمانییەوە و بەم دید و تێڕوانین و نیگا بەرفراوان و دوور مەودایەوە پێناسە و پێوەر و شیکاری حەقیقەت فێر دەبێت. لە دیدی ئیمانییەوە حەقیقەتی شت و ڕووداو و خەڵک و بەهـا و دابونەریـت و بایەخـدان و مەبەسـت و ئامانجەکـان دەناسـێت و شـارەزای ماهییەت و بزاوت و سرەوتیان دەبێت. هەر لەم دیدە ئیمانییەشەوە خۆی دەناسـێت و تێـدەگات کە ڕۆڵی لە دنیادا چییە؟ ئەرکـی سەرشـانی لەم ژیـانەدا چیـیە؟ خـۆی دەناسـێت بەو سـیفەتە باڵایەی کە ئەداتی قەدەری خوای گەورەیە و لەم گەردوون و ژیانەدا خراوەتە کار. لە چیـدا و بۆچی؟ بۆ خوا، بۆ خزمەتی دینەکەی. بەڵام چۆن؟ نازانێت. ئەوە خوای گەورە بڕیار دەدات کە چ مەبەستێکی پێ دێنێـتە دی. ئەم لەوە بەرپرسـە دینـدارانە لەسـەر ڕێبـاز و بیـر و هەڵوێسـتی ئیمانەدارانەی بەردەوام بێت، هەر وەکوو کە ئەستێرەیەک لەسەر ڕێسا و خولگەی خۆی پابەنـد و بەردەوامە، پابەنـد، جـێ پـێ قـایم، بەرچاوڕۆشـن، نـاخ ئـاوەدان، ورەبەرز و بە سـەبر و پشوودرێژ.

موسـڵمان لەم ناسـین و زانیـنەی حەقیقەتـی گەردوون و ژیـان و هەمـوو (وجـوود)ی دەوروبەریەوە، لە زانینی حەقیقەتی ئەو ئەرک و ڕۆڵەی پێـی سـپێردراوە و لە پەیـبردن بە بـڕ و ڕادەی ئەو وزە و توانـا شـیاوەی کە پێـی دراوە؛ تـا ئەو ڕۆڵە ببینێـت و ئەو ئەرکەی جێبەجـێ بکـات. لە ناسـین و زانینـی ئەم حەقیقەتـانەوە و ڕاسـت و دروسـتیی بـزاوت و هەڵوێسـت و ڕەفتارکردنیەوە پێیان دەگاتە ئەو سرەوتە دەروونییە و ئەو هێمنییەی دڵ و ئۆقرەگرتوویی ویژدان

کە هەرچی لە دەوروبەری ڕوو دەدات و هەرچی بەسەری دادێت هەمووی قەدەری خوای گەورەیە و پێشتر بە زانست و ویست و توانای خوای گەورە بڕیار دراوە. هەرچی دێتە ڕێی دەزانێت بۆ چییە و لە کوێوەیە؟ دەزانێت بۆچی هاتووە و بەرەو کوێ دەچێت؟ هەر وەکوو کە دەزانێت خۆی کێیە و لە کوێوە هاتووە و بۆچی و بەرەو کوێ دەڕوات؟ لەو جێیەی لە کاتی خۆیدا دەیگاتێ چی دەست دەکەوێت!؟ ئاوا بەرچاوڕوون و هێمن و پارسەنگ ژیانی دەباتە سەر. ڕووداوەکان کاریگەرییان لەسەر ئەم دید و ڕێ و پەیپێبردنەی نابێت، چونکە گەیشتووەتە ئەو ئاستە دڵنیاییەی کە دەزانێت لێرە فەرمانێکی بەسەردا دراوە کە دەبێت جێبەجێی بکات. هەرچی شتێکی بەسەردا بێت و هەر چییەکی بێتە ڕێ، هەمووی هەر بە حیسابە و پێشتر نەخشەی لە قەدەری خوادا بۆ کێشراوە و تەنانەت ڕادە و بڕ و چۆنییەتییەکەشی هەر دەبێت وابێت. بۆیە دەبێت سەبر لەسەر ئەمەش بگرێت و بیکاتەوە بە مایەی زەخیرەدانانی قیامەتی، دەبێت نارەحاتییەکانی ڕێی بکاتەوە بە مایەی بەرهەمهێنانی خێر و چاکەی تا پاداشتی زیاتر مسۆگەر بکات، چونکە لەوە دڵنیایە دنیا کێڵگەی ڕۆژی دوایە و لەوێ پاداشتی گچکە و درشتی دەدرێتەوە. خۆ ئەم بە هەوانتە (خەلق) نەکراوە، بە (ڕێکەوت) هیدایەت نەدراوە، ئەلەکی نەخراوەتە سەر ئەم ڕێبازی بانگەوازە، وەل نەکراوە و تاک و تەرەش نەکەوتووە، لە کات و شوێن و حاڵەتێکیشدا نییە بزر بووبێت!

لەم دیدە ئیمانییەوە، لەم ڕووانگە خواناسییەوە، لە جێگیریی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە بەڵگەنەویستانەوەیە کە موسڵمان ناکەوێتە هەستی پشێو و خەم و پەژارە و گومان و ڕاڕایی و سەرلێشێوانەوە، وەکوو ئەو کەسانەی پەی بە خەلقبوون و چارەنووسی خۆیان نابەن، درک بە ئەرک و ڕۆڵی وجوودی دنیای خۆیان ناکەن، بەرچاوڕۆشن نین و نازانن ڕێباز و بەرنامە و ئامانجی هاتنەدنیایان چییە؟ شیکاری ڕووداویان بۆ ناکرێت و ناگەنە زانینی حیکمەتی کێشە و ناسۆرەکانی ڕێیان و سەری لێ دەرناکەن کە چۆن و بۆچی وایان لێ بەسەر هات؟! چونکە

نازانن چارەنوسیان بەرەو کوێ دەچێت؟! بەڵام ئەمانە هەمـووی لە دیـد و تێـڕوانین و پێناسـە عەقائیدییەکەی موسڵماندا ڕۆشنن، حەیقەقەتی بەڵگەنەویستن و وا چەسپاون لای؛ لێیان یەکلا بووەتەوە و هیچ جۆرە گومان و دوودڵی و ڕاڕاییەکی تیایاندا نییە، چونکە پـاک و پوخـت بـۆی سەلماوە کە خۆی ئەداتێکی قەدەری خوایە، بۆیە بە ویژدانێکی هێمن و سوکن و ئۆقرەگرتووەوە تەسلیم بە قەدەری خوای کردگار و خاوەنی کارجوانی بووە.

موسڵمان بە دڵ و دەروونێکی هێمن و ویژدانێکی ئاسوودە و ڕۆحێکی گەشبینەوە، پۆشـاکی تەمەنێکی ژیانی دنیایی بە فەرمانی خوای گەورە دەپۆشێت. ئەو خوای کردگارە دەسەڵاتدارەی هەڵسوڕێنەری هەموو بزاوت و سرەوتێکی هەر هەمـوو (وجـوود)ە، ئەو خـوای گەورەیە کە بە دەستی خۆی ئەم پۆشاکەی لەبەر ئەم موسڵمانە کردووە؛ زاناترە، داناترە، لە مرۆڤەکە خۆشـی بە بەزەییترە بۆی، خوای گەورە کە مرۆڤی دروسـت کـردووە، لە زانسـت و دانـایی خـۆیەوە و لە بەزەیی و شارەزایی و دڵسۆزیی خۆیەوە زانیوێتی کە ماوەی چەندی تەمەن بۆ ئەم کەسە باشـە و چەند بۆ ئەوی تریان، بێ ئەوەی پرسیان پێ بکات لە خەلقکردن و هێنانەدنیایـانەوە، چـونکە ڕاوێژپێکردن زانیارییەکی ئیزافی ناخاتە سەر زانستی خوای گەورە و کاریگەری لەسەر دانایی و دڵسۆزی و میهرەبانیی خوای گەورە نابێت، بۆیە هیچ زەرووری نەبوو خوای گەورە پـرس بە مرۆڤ بکات لە دروستکرنیدا.

خوای گەورە پۆشاکی تەمەنێکی دیاریکراو بەبەر ئەم موسـڵمانەدا دەکـات، تـا ڕۆڵێـک لەم گەردوون و ژیانەدا ببینێت، تا بکەوێتە ژێـر کـاریگەرێتیی هەرچـی دەیبینێـت و کاریگەریشـی لەسەر هەموویان هەبێت، ئەم ڕۆڵەی ئەم ئیماندارە هەماهەنـگ و گونجـاو و ڕێکخـراوە لەگەڵ ڕۆڵی هەریەکێک لەو مەخلوقاتانەیتر کە دەیانبینێت؛ شت بن یان گیانلەبەر بن، لە دەسـتپێکی خەلقبوونەوە تا دەگاتە چارەنووسە دیاریکراوەکەی.

کەوابوو ئەم ئیماندارە خواناس و بە ئاگا و هۆشـە، هەر لە سـەرەتای چەسـپینی حەقـیقەتە

عەقائیدییەکانەوە لە دڵ و هزر و ویژدانیدا گەیشتووەتە ئەو دڵنیاییە کە مرۆڤی موسڵمان چییە و کێیە؟ بۆچی هاتووەتە سەر زەمین و بەرەو کوێ دەچێت؟ چارەنووس و نیشتەجێبوونی دوای ژیانی دنیای کوێیە؟ بۆیە لە نێوان دید و تێڕوانین و بیردۆزە فیکرییەکاندا سەرلێشێواو ناوەستێت و وێڵ و بزر هەنگاو هەڵهێنێتەوە، نا، گەشتی ڕۆشنی خۆی کە بەپێی نەخشەی قەدەری خوای زانا و دانایە؛ دەبڕێت و ماندوونەناسانە قۆناغ بە قۆناغ تەی دەکات، دڵنیایە کە هیچ ڕەنجێک لەم ڕێگایەدا بە زایە ناچێت، هەموو ماندووبوونێک بەرهەمێکی تایبەتی خۆی هەیە و بە شێوەی پاداشت لە گەنجینەدا بۆی پارێزراوە، ڕۆڵی خۆی بەوپەڕی هێمنی و متمانە و یەقینەوە دەبینێت، بە ئاست و پلەکانی مەعریفیی ئیماندا سەردەکەوێت، گەشتی خۆی و ڕۆڵی خۆی بە دڵخۆشی و هیواگەشییەوە دەبینێت. لەم ڕێیەدا -هەرچەند تووڵانی و پڕ ناسۆر و کارەسات بێت- هەست بە جوانی و گەورەیی ئەم خەڵاتە خواییە (نیعمەتی هیدایەتدانی) دەکات. بە سەربەرزی و کامەرانییەوە ئەم خەڵاتە لەسەر سەر دەگرێت و نیشانی دەداتەوە، بە مایەی شانازیی دادەنێت کە خەڵاتێکی ئیمانی و خەڵاتێکی تەمەن و ئەرکێکی خواناسی و بەرپرسێتییەکی کۆمەڵکاریی عەقائیدیی پێ دراوە. هەست بە گەورەیی خەڵاتەکە و مەزنی و زانایی و دانایی خەڵاتبەخشەکەش دەکات کە ئەمە چ لوتف و ڕێزێکە لەم عەبدەی خۆی ناوە و ئاوا لەناو ملیۆنەها مرۆڤدا هەڵیبژاردووە و ڕۆڵێکی پێ سپاردووە کە لەو تەمەنەی خۆیدا ببینێت. بۆیە هەموو ساتێکی ژیانی سوپاسگوزارییە و هەموو هەست و هۆشێکی هۆگری و شەیدابوون و ئارەزوومەندی دیداری خوای خۆشەویست دەبێت.

منیش لە فەزلی خوای گەورەوە (والحمدلله) دەزانم کە هیچ ڕەنجێک نییە بە هەدەر بڕوات، هەوڵی بێ بەرهەم لای خوای گەورە نییە، هەموو ڕەنجدانێک بۆ خوای گەورە زەخیرەی قیامەتە، ماندووبوون و ئازارێک نییە فەرامۆش بکرێت و بێ پاداشت بڕوات. دەزانم (والحمد لله) داهاتوو جێی ڕەزامەندییە، چارەنووس گەشە، گەڕانەوە بەردەستی خوای کردگار و

بەبەزەیی و لوتف و میهرەبان؛ خـوای کـارزان و دادپەروەر؛ مەنزڵگـای حەوانەوەیە، سـاحەی خەڵات وەرگرتنە، بۆنە گەورەکەی ئیماندارێتییە. من ئەمڕۆ (والحمدلله) قەنـاعەتی تەواوم بەوە هەیە کە ئەم گەردوونە هاودەنگە، ئیماندار و سوپاسکاری خوای کردگار و چـاودێرێتی، ڕووی لەوە و دەیپەرستێ، دڵنیام کە ئەم گەردوونە بەپێی ڕێسا نەگۆڕەکانی خوای گەورە بەرەو هەمان مەنزڵگای ئیمانداری دەچێـت، ئەویـش ملکەچـانە و گـوێڕایەڵانە تەسلیم بە فەرمـانی خـوای گەورە بووە و ئەو ڕۆڵە لەم (وجوود)ەدا دەبینێت کە بۆی دانـراوە. بە فەزلـی خـوای گەورە و لوتفی هیدایەتدان و بەرچاوڕۆشنیی ئیمانەوە دەزانم کە ڕەنجی ئیمانـداران نەک هەر نافەوتێـت؛ بەڵکوو بەرهەمی خۆی مسۆگەرە و بە تەئکید پاداشتیشی مسۆگەرتر.

ئەوە خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی زۆر بەنرخە لە جیهـانی هەسـت و هـۆش و ئیمانـدا، لە جیهانی شیکاری و فیکریدا، هەر وەکوو کە دەسکەوتێکی زۆر گەورە و گرنگیشـە لە جیهـانی جەستە و هەستی جسـتەدا، جـگە لەوەی دەسـکەوتێکی گرانبەهـای جیهـانی جـوانیی کـار و پەسەندی کۆمەڵکاری و کار و کارتێکردنە.

ئـیمان وزەیە، وزە هێزێکـی پـاڵنەری بەهێـزە، ئـیمان سـەرچاوەی ئەو وزە کـاریگەرەیە، هەر بەوەنـدەی کە حەقیقەتەکـانی لە دڵ و هـزر و ویژدانێکـدا دەچەسـپن؛ یەکسـەر دەبـنە وزەی پاڵنەری کەوتنەکار و چالاکیی داواکراو، ئاوا یەکسەر ئیمان لە واقیعی ژیانێکی بەرچاودا خۆی دەنوێنێت کە پڕاوپڕ لێکچووی دیمەنەکەی ناخە. بـۆیە ڕەفتارەکـانی دەرێ (گوفتـار و کـردار) دەبنە دیمەنی عەکسکراوەی ئـیمانە چەسپاو و بـزوێنەرەکەی نـاو دڵ و هـزر و ویـژدان. ئـاوا هەردوو وێناکەی موسڵمانێتی: (ئیمان و کردەوەی چاکە) پێکەوە گەشـە دەکەن و کـاریگەری لە ناخ و ڕواڵەتدا دروست دەکەن. ئاوا (ئیمان) دەبێتە ئاڕاسـتەوانی هەمـوو بـزاوت و سرەوتێکـی موسڵمانان بە سیفەتی تاکێتیی خۆی و بە سیفەتی ئەنـدابوونێتیی لە ئـوممەتە عەقائیدییەکەیـدا. ئاوا ئیمان دەبێتە هێزی هاندان و بزاوت و، پـاڵنەری چوسـت و چـالاکیی دیـد و ڕێ، ئەوەشـە

خاڵی نهێنیی سەرسوڕهێنی عەقیدە لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستدا، هێزی بەهێزێتیـی عەقیـدەکە لە دڵ و دەروونەکەدا و، بەهێزێتیـی دڵ و دەروونەکەش بە عەقیـدەکە. ئا ئەوەیە خاڵی نهێنیی سەرەکیی کاریگەرێتیی موعجیزە ئاسای ئەم عەقیدە بەدرێژایی مێژووی ئیماندارران لەم سەرزەمینەدا، کە شتێکی بەردەوامی واقیعە و هەموو ڕۆژێک سـەدان و هەزاران نمـوونەی ئەم لازم و مەلـزوومێتییەی عەقیـدە و دڵ و دەروونە دەبینرێـت. ئەم کـاریگەرێتییە ڕۆژانە مـوعجیزە ئاسـایانەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیـاتر نیشـان دەدرێـن و لە ئەهلـی ئیمانـدا دەدرەوشێنەوە، کە وا لە تاک و کۆی ئوممەت و بزاڤە عەقائیدییەکە دەکات ئەو تەمەنە کورتەی خۆیان و ژیانی دنیایان زۆر ئاسان و هەرزان بـکەن بە قوربـانی ئەم هـێڵە ئیمانیـیەی بە ژیـانی نەبڕاوەی لای خۆیانەوە دەبەستێتەوە، ژیانی ئەو دنیا کە نەبڕاوەیە و ئیمانداران بە نەمری تێیـدا دەمێننەوە.

ئەمەیە خاڵی سەرەکی و نهێنیی هێز و کاریگەرێتیی ئەم عەقیدەیە لە کەسـایەتیی داعییـانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستدا، کە تاکە کەسێکی تەرە و تەریک، بێ هێز و پەنای ژێر تـین و فشار و ئەشکەنجە و ناسۆری دەستی تاغووتان، ئاوا خۆی بگرێـت لە بەرامـبەر زێـڕ و زۆر و فریو، لە بەرامبەر هێزی ڕاکێشانی دنیا و تین و فشاری جەللادان و هێزی ئاگر و ئاسـنیان، کە هەموو کەسێک ئەم ڕووبەڕووبوونەوە نابەرامبەرە سەیرەی ئیمان و تاغووت دەبینێت، بەڵام لەوە سەیرتر بەزینی تاغووتانە، بەزینی بریـق و بـاقی مـاڵی دنیـا و حەوانەوەی بەر سـایە و هێـزی داپڵۆسین و حەملەی ڕیشەکێشکردن، بەزینی دەزگا و دائیرەی کوفر و شکستی هێزی مـاددی لە بەرامبەر هێزی عەقیدە و هەستی ئینتیمای کاروانی خواوسیتان و پتەویی پەیوەندیی ئیمانی بە خوای دەسەڵاتدارەوە. ئەمە جێی سەرسوڕمان و تێڕامان و تاسانە کە ئیمانی تـاکێکی ڕووتەڵەی جەستە پڕ زام و خوێن، بە تەمەنێکی کەمـی دیـاریکراو، سـەرجەمی هێـزی مـاددی و واتـایی تاغووتان بببەزێنێت و لە سەرەمەرگیشیدا شایەتمانەکە دووپات بکاتەوە کە دەسـپێکی یەکەمـی

گەشتی ئیماندارێتییەکەی بوو! ئەمە ئەو هێزە ئیمانییەیە کە لە فووی ڕۆحی خواوە هات، کە هیدایەتی خوا خستییە سەر ڕێ، کە نووری خوا دڵ و هزر و ویژدان و بەرچاوی ڕۆشن کردەوە، ئەمە هێز و گڕوتینی لەو سەرچاوەوە وەرگرتووە کە نە کەم دەکات و نە کز دەبێت و نە وشک دەکات.

ئەم دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستە موعجیزە ئاسایەی ئەم عەقیدە دینییە دروستی دەکات و لە تاک و کۆی مرۆڤایەتیدا؛ دەیکاتە واقیعی ململانێیەکی ژیان، شتێک نییە لەسەر ئەفسانە و خەیاڵاتێکی ئاڵۆز دامەزرابێت، یان ئیعتیماد بکاتە سەر خەون و شیکار و فاڵچێتی، بەڵکوو دید و تێڕوانینێکی عەقائیدی درک پێکراو و کۆمەڵێک بنەما و ڕێسای ئاسانە کە زوو پەی پێ دەبرێت کە لەسەر کۆمەڵێک حەقیقەتی ڕۆشن دامەزراوە. ئەم عەقیدەیە تێڕوانینێکی گشتگیر و پێناسەیەکی بەرفراوانە کە هەموو ڕەهەندەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ دەگرێتەوە، پەیوەندیی مرۆڤ بە موفرەداتەکانی گەردوونەوە دەبەستێتەوە، لەگەڵ هێزە دیار و نادیارەکانی (وجوود)دا ڕەفتاری گونجاوی پێ دەکات، ڕۆحی ئەم مرۆڤە ئیماندارە پڕ دەکات لە متمانە و یەقین، هێزێکی زۆر بەهێزی پێ دەبەخشێت کە توانای بەرگری و خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو هێزە دەسەڵاتدار و بارودۆخە ئاڵۆز و خاوەن تین و فشارەی هەبێت. ئەوان ماندوو دەبن، لە ململانێ دەکەون، دەبەزن، بەڵام ئەم هێزە عەقائیدییە هەر لە مەیدانی ململانێکەدا زرپ و زیندوو چاوەڕوانی جەولەی ترە! چونکە دڵنیایە لە دیاریکردنی ژیان و تەمەن و ئەجەل، دڵنیایە لە زەروورەتی ململانێکەوە و سەرکەوتن، متمانەی تەواوی بە خوای گەورە هەیە کە لە بەرەی ململانێکەدایە و پشتیوانیی لێ دەکات، کە ئاڕاستەی ململانێکەش ئەو دەیکات! ئەمە خاڵی شیکاری پەیوەندییەکانی موسڵمانە بە دۆست و دوژمنەوە، بە کەسەکان و ڕووداو و مەڵبەندەکانی هێز و کاریگەرێتیی. ئەم عەقیدەیە پێناسەی حەقیقی و واقیعیی هەموو شت و کەس و ڕووداوێکی دەخاتە بەردەست، ساحەی ململانێکەی

بەتەواوی پـێ دەناسـێنێت، ڕێگـا و ئاڕاسـتە و بەرنـامە و ئامـانجی زۆر بە ڕۆشـنی دەخـاتە بەردەست، هەموو وزە و ورە و توانایەکی پـێ دەخـاتە گەڕ و ڕووی هەمووشـی دەکـاتە بەرەی بەرامـبەر، ئەمەش لایەنێکـی تـری بەهێزیـی ئەم عەقیـدەیەیە کە ئـاوا ئاسـان -لە سـەختترین بارودۆخدا- جۆرەها وزە و توانای لێ کۆ دەبێتەوە، هەمووشیان ئامادەی قوربانیـدانن، توانـای کۆکردنەوەی وزە و بەگەڕخسـتنیان حەقیقەتێکـی هەسـتپێکراوی ئەم عەقیـدەیەیە. بەدرێژایـی مێژوو دۆست و دوژمنانی ئەم توانا سەیرەیان لێ دیوە، کە ئەوەنـدەیتر دەیخـاتە سـەر متمانە و دڵنیایی، هێزی عەقیدەکە چەندین قـات بەرابەر دەکـات، لە هەمـوو بارودۆخێکیشـدا هەر بەو متمانە و یەقینەوە ڕێگا دەبڕێت، چونکە لە ناخیـدا بـووە بە بەڵگەنەویسـت کە ئاڕاسـتە و ڕێ و ئامانجی ئەمی ئیماندار لەگەڵ ئاڕاستە و ڕێ و ئامانجی هەموو گەردوونـدایە، تەریـبن و بەرەو خوای گەورە دەڕۆن، ملکەچ و گـوێڕایەڵ و ڕازی بەو ڕۆڵ و ئەرک و تەمەنەیـان پێیـان دراوە. لەوە دڵنیا بووە کە بزاوت و هەڵوێستی ئیمانیی ئەمـیش هەر بـزاوت و هەڵوێسـتی ئیمانـدارانەی گەردوونیـیە. ئەم بەرەی ئـیمانە لە کۆتـا پـلەی و ورەبەرزی و هێـزی بەگەڕخـراودایە و خـوای گەورەش پشتیوان و ئاڕاستەوانی بزاوت و هەڵوێستەکانیانە (سبحان الله). ئەم بەرە بەرفـراوانە بەهێـزە بەرەی حەقە و دژی بەرە لاوازە یاخییەکـانی بـاتڵن کە لە ڕواڵەتیـدا خـاوەن هێـز و دەسەڵاتە، لە حەقیقەتیشدا فەوتاو و فەتارەت چووە، با لە زاهیریشدا خاوەن نەڕە و شەیپووری شەڕ و بریق و باقی شمشێریش بێت، سەرئەنجامی هەر نابووتی و لەناوچوونە.

موسڵمان ئاوا بەم ئیمانەوە، بەم دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستەوە بەرەو ڕەزامەنـدیی خـوای گەورە ڕێگـا دەبڕێـت و دەشـزانێت خەڵقکـردن و هیدایەتـدان و بەگەڕخسـتن و ئەرکپێـدان و تاقیکردنەوە و سەرخستنی یـان شـەهیدبوونی هەمـووی لە خـوای گەورەوەیە، هەمـوو فەزڵـی خوای گەورەیە نەک ئـازایەتیی خـۆی: ﴿يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ١٧﴾ {الحجرات: ١٧}، واتـا: «منەتـت بەسـەردا دەکەن گـوایە

باوەڕیان هێناوە و موسڵمان بوون! بڵێ: موسڵمانبوونەکەتان مەکەن بە منەت بەسەر منەوە، ئەوە مافی خوای گەورەیە منەت بکات بەسەرتاندا، چونکە ئەو هیدایەتی داون، ئەو ڕێی ئیمانداریتیی نیشان داون، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن لەوە ورد ببنەوە کە ئێوە چۆن بەرەو ئەم ئیسلامە هاتن؟ کێ هێنانی؟! ئەوە خوای گەورەیە کە خاوەنی ئەو منەتکارییەیە، چونکە ئەوەش سیفەتێکی بێوێنەی خوای گەورەیە و هیچ مەخلووقێک بە هیچ بڕ و ڕادە و چۆنیەتییەک نییەتی، ئەوە نیعمەتی خوای گەورەیە و بەس بەو کەسانەشی دەبەخشێت کە دەزانێت شایانین، ئەم هەڵبژاردنەشی هەر لە فەزڵ و گەورەیی و میهرەبانی خۆیەوە (آمنا بالله)».

- کەسێک ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانەی دۆزیبێتەوە ئیدی چی لێ بزرە؟!

- کەسێک ئەم نیعمەتەی ئیمانی بەسەردا ڕژابێت لە چی نوقسانە؟!

- کەسێک خاوەنی ئەم پەیوەندییە ئیمانداریتییە بێت، لە چ هەست و هۆش و نەسەب و ئینتیمایەکی نوقسانە؟!

- کەسێک بەم ئیمانەوە تەمەن بباتە سەر، ڕێگای خواویستی بەرەو ئەو ئامانجە مەزنە (خۆشەویستی خوای گەورە) ببڕێت کە هەر لەژێر چاودێری و ئاودێریی خوای گەورە خۆیدایە، ئیتر پێویستی بە چییە؟

- کەسێک ئەم ئیمانەی لا چەسپیبێت ئیتر عەودالی چی دەبێت؟ عەودالی چی؟! کە هەموو شتێک لە قەدەری خوای گەورەدایە، هەرچی هی ئەم نەبێت بە نسیبی نابێت و هەرچی هی ئەمیش بێت بە نسیبی کەس نابێت؟! ئەو کەسەی ئەم ئیمانەی نییە چۆن دەژی؟ هەر وەکوو ئاژەڵ، دەخوات و دەخەوێت، چێژی جەستەی دەست دەکەوێت و بەس! بێ ئەوەی بزانێت بۆچی هاتووەتە دنیا وە و بەرەو کوێ دەڕوات و دەبێت زەخیرەی ڕێگاکەی چی بێت؟!

ئەم گومڕایە لە کوێ و ئەو موسڵمانە خواویستە بەرچاوڕوونە داعییە لە کوێ؟!

## بڕگەی پێنجەم: نووری ئیمان

پەیامی پێغەمبەری خوا موحەممەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ ئەوە هات تا ئیسلام لە دیمەنە کۆتاییەکەیدا بخاتە پێش چاوان، تا ئیسلام ببێتە دینی مرۆڤایەتی، تا شەریعەتەکەی ببێتە یاسا و ڕێسای مرۆڤایەتی، تا ببێتە تەواوکاری بانگەوازی هەموو پێغەمبەرانی پێشتر و ببێتە مەرجەعییەتی دین (سەرچاوەی دید و تێڕوانینی عەقیدە و، دروشمی پەرستن و، ئەحکامی یاسا و ڕێسای تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەت). ئاوا ئیسلام دەبێتە ئەو بەرنامەیەی کە خوای گەورە ڕازییە بکرێتە مەنهەجی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تا ئەو زەمانەی خوای گەورە خەڵکی بۆ قیامەت زیندوو دەکاتەوە.

خوای گەورە ئەم دینەی ئاوا کردە مەنهەجی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تا ژیانی بە هەموو لایەن و ڕەهەندێکەوە لەسەر بنیاد بنرێت، شەریعەتەکەشی ببێتە ئەو چوارچێوەی ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت و ئەو تەوەرەی هەموو چوست و چالاکی و بزاوت و هەڵوێستێکی بە دەوردا هەڵدەسوڕێت. ئەم دینەی کردە مەنهەجی مرۆڤایەتی تا حەقیقەتە عەقائیدییەکانی وەربگیرێت و دید و تێڕوانینی مرۆڤایەتی و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤی لێوە وەربگیرێت، تا سیستمی کۆمەڵایەتی و ئیدارەی سیاسەتی لێوە وەربگیرێت، تا هەموو ڕێسای ڕەفتار و ڕەوشت و بنەمای دابونەریتێک لەم دین و شەریعەتەوە وەربگیرێت، کە تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەتە شەرعییەکە پێوەی پابەند دەبن. ئەم دینە بۆ ئەوە هاتووە حاکمێتی (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەری) بگرێتە دەست، نەک بکرێتە مەدرەسەیەکی ڕۆشنبیریی دینی و لە دووتوێی کتێب و دەفتەردا هەڵگیرێت! بۆ ئەوە هاتووە بەوپەڕی وردەکارییەوە بگیرێتە بەر و بکرێتە ڕێباز و بەرنامەیەک کە بچووکترین چالاکیی مرۆڤ بگرێتەوە، نەک وەل بکرێت، یان دید و ڕێی تری تێکەڵ بکرێت، چ جای مەنهەجی کەموکورتی مرۆڤی بۆ بکرێتە

بەدیل! خوای گەورە ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو مرۆڤی سەرپشک کـردووە کە ئیسـلام قبـووڵ دەکات یـان جـاهیلییەت، تەوحیـد یـان شـیرک، ئـیمان یـان کـوفر؛ نەک تێکەڵاوکردنیـان. ئەو تێکەڵاوکردن و تێهەڵکێشانە مەهـزەلەیە کە هەنـدێک کەس دەڵـێن: ئاسـانکارییەکانی دیـنەکە وەردەگرین و ئاسانکارانەش دینەکە دەخەینە پێش چاوی خەڵکی! خوای گەورە ئەم تەنـازول و سازشکارییەی لە دینداریتیـدا ناوێـت، ئەگەر خـوای گەورە بیویسـتایە هەمـوو مرۆڤـایەتیی دەکردە یەک و هەمووشیانی -بە قەدەری خۆی- هیدایەت دەدا، بەڵام خـوای گەورە دەیەوێـت موسـڵمانەکان کە بـۆ خـوا سـاغبوونەتەوە و ئـوممەت و بـزاڤە عەقائیـدییەکەیان بـۆ ململانێـی جاهیلییەت پێکهێناوە، دەبێت سوور بن لەسەر حاکمێتیی شەرع و جێبەجێکردنـی هەر هەمـوو ئەحکامەکانی. خوای گەورە ئاوای دەوێت و فەرمانیشی بەمە کردووە، ئەمما خەڵکی بەدەم ئەم بانگەوازەوە دێن یان نایەن، وەری دەگرن یان ڕەفزی دەکەن، ئەوە شتێکی تـرە و پەیوەنـدیی بە ڕاگەیاندنی ناوەڕۆکی دینەکەوە نیـیە، ئەوەی پەیوەنـدیی بە دیـد و ڕێ و بـزاوت و هەڵوێسـتی خۆیانەوە هەیە. خوای گەورە ئەوەی بەوپەڕی ڕۆشنی و ئاشکرایی و ڕاشکاویەوە ڕاگەیانـدووە و پێغەمبەری خواش (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وردەکارانە هەر هەمووی جێبەجـێ کـردووە. بـڕوانە ئەم ئایەتە ڕوون و ئاشکرایانە:

- ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۖ فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٤٨ وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ٤٩ أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ٥٠﴾ [المائدة: ٤٨ - ٥٠].

دوای ئەوەی کە خـوای گەورە لە ئایەتەکـانی پـێش ئەم سـێ ئـایەتەدا باسـی تەورات و ئینجیلی فەرمووە، کە تیایاندا داوای چەسپاندنی ئەحکامەکـانی کـرد کە دەبێـت حـوکمڕانی و داوەرییان پێ بکرێت؛ هاتە سەر باسی قورئانی پیرۆز و حوکم و داوەریکردن بە ئەحکامەکانی. دەفەرمووێت: «ئێمە ئەم پەیامەمان بە حەق بۆ ناردوویتەتە خوارەوە کە گومانی تێدا نییە وەحیی خوای گەورەیە و گومانیش لە ڕاست و دروستی و ڕەواییدا نییە لایەنگری پەیامەکانی پێشووی وەحییە و هەموویانی لەخۆ گرتووە و ئەمیندارانە دەیانپارێزێت. خوای گەورە ئەم کتێـبە ڕەوا و گشتگیرەی بۆیە بۆ ناردوویت تا حوکمڕانی و داوەریـی نێوانیـان پـێ بکەیـت و نەکەویـتە ژێـر کـاریگەریی هەواوهەوەسـیانەوە، نەکـات لە بڕگەیەکیـت لا بـدەن، هـیچ بـڕگە و بەنـدێک لەم پەیامەی تۆدا نییە بەدیلی هەبێت، بۆیە هەر دەبێـت پێـوەی پابەنـد بیـت و ئەو بچەسـپێنیت کە حەقی هەموو پەیامەکانی پێشووتریشی لەخۆ گرتووە. بەرنامە و ڕێبازمان بـۆ هەمـووان دیـاری کردووە، لە تەوحیدەکەدا یەکن و لە ئەحکامەکانی شەرعدا جیاواز (کە بەگوێرەی پێداویستیی کـات و شـوێن و حاڵەتەکـانی کۆمەڵگـا مرۆڤایەتییەکـان دەگۆڕێـت). ئەگەر خـوای گەورە بیویستایە هەموو مرۆڤایەتی دەکرد بە یەک ئوممەت و عەقیدە و عیبـادەت و، شەریعەتەکەشـی (مەنهەجەکەیانی) دەکردە یەک، بەڵام ئیماندارانی وەحـی کە هەمـوو باوەڕیـان بە تەوحیـدەکە هەیە، یەک ئوممەتن و خـاوەن هەواوهەوەسـەکانیش ڕاجـوێ و جـووداو دوور. بەڵام خـوای گەورە ئەم ڕاجوێ و جیاوازییانە بکـاتە مـایەی تـاقیکردنەوەی دینـداریتان کە کـێ لە ڕەنجـی سەلماندن و چەسپاندنی دینە حەقەکەدایە و کێ هەواوهەوەسی تێکەڵ دەکات، یان دینەکە وەلا دەنێت و بەدیلی بۆ دەهێنێتە جێ! دەی سـا ئێـوە کە بە مەنـهەجەکەوە (عەقیـدە و عیبـادەت و شەریعەت) پابەندن؛ ڕەنجی زۆرتر بدەن و خێر بۆ خۆتان دابین بکەن، لە کێبڕکێی چاکسازی و خێرەومەندیدا بـن. بشـزانن کە گەڕانەوەی هەمووتـان بـۆ لای خـوای تـاک و پـاکە، حەتمەن

ئەویش کارو کردەوەکانتان دەخاتەوە پێش چاو و لەسەر هەموو لادانێک لە مەنهەجەکەی موحاسەبەتان دەکات.

حوکمڕانی و داوەریی نێوانیان بەوە بکە کە لە خوای گەورەوە بۆت نێردراوەتە خوارەوە، شوێن هەواوهەوەسیان مەکەوە و حەزەرت لەوە هەبێت کە لە هەندێک حوکم و بڕیار و هەڵوێستدا نەتخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان و چەواشەت نەکەن. هۆشت لە مەنهەجی خۆت بێت و لێی لا نەدەیت، هەموو لادانێک بەرەو هەواوهەوەس و چەوتی و ناڕەوایی دەبات. ئەگەر حوکمڕانی و داوەریتیان قبووڵ نەبوو، کێشەت بۆ یەکلا کردنەوە و لەبەر ڕۆشنایی وەحیی خوای گەورەدا بڕیارت بۆ دان، بەڵام وەریان نەگرت، وەلیان بکە، ئەوە ڕێی کوفر و شیرک و جاهیلییەت دەگرنە بەر و بە تەئکید خۆ دەخەنە بەر سزای لە حەق لادان و شوێن هەواوهەوەس کەوتنەکەیان. زۆرینەی خەڵکی حەقیش بناسن لێی لا دەدەن و نایانەوێت پێوەی پابەند بن! چ ما حوکمڕانی و داوەریی جاهیلییەتیان دەوێت؟! ئەحکامەکانی وەحی وەل دەکەن و دابونەریتی جاهیلییەت دەخەنە جێی؟! ئەم بنەما و ڕێسا و فەرمانە خواییانەیان پێ پەسەند نابێت و دەگەڕێنەوە سەر هەواوهەوەس و ڕاوبۆچوونی تاغووتانی جاهیلییەت کە بەبێ هەبوونی بەڵگەی شەرعی حوکمیان دەکرد؟! چ ما حوکم و داوەریی کەس هەیە لە حوکمی خوای گەورە ڕاست و دروست و ڕەواتر بێت؟! یاسا و ڕێسا و قانونێک هەیە لە شەریعەتی خوای گەورە چاکتر بێت؟! خەڵکانێک خۆیان بە موسڵمان بزانن و یەقینیان لا دروست بووبێت کە ئەم حوکمڕانی و داوەرییەی جەنابت وەحیی خوای گەورەیە، ئیدی چۆن دەیخەنە لاوە و بە ڕاوبۆچوونی کەموکورتی بەشەری ڕازی دەبن؟!»[1].

مرۆڤ لەبەردەم ئەم دەربڕینە ڕوون و ئاشکرایە و ئەم بڕیارە بنبڕە و ئەم ڕاگەیاندنە ڕاشکاوەدا دەوەستێت، هەست دەکات ئەم ئایەتانە هەموو بووار و ڕێچکە و توولەڕێیەکی دڵ و

---

(١) تەفسیری ئیبنو کەسیر/چاپی یەک/بەرگی دار المعرفة-لوبنان/چاپی چوارەم ١٤٣١ ك/٢٠١٠ ز (لا ٥٠٦-٥٠٧) .

دەروونیانی بڕیوە کە گومانی ئەوەی بۆ دەچێت دەشێت حوکمێـک یـان بـڕگەیەک -هەرچەنـدە بچووکیش بێت- بخرێتە لاوە و بەدیلێکی بەشەری بخرێتە جێی، یان لە بـارودۆخێکی تایبەتـدا تێکەڵ بە یاسا و ڕێسایەکی مرۆڤـانە بکرێـت! کە مـرۆڤ لەبەردەم ئەم ئەحکـامە ڕۆشـنە بنبـڕە بەهێزانەدا دەوەستێت و هەست دەکات بوواری گۆڕین و تێکەڵکردن نـادەن؛ چ جـای لادان و هاوردەکردنی یاسا و ڕێسا و دەستووری بەشەری و دانانی وەکوو بەدیلی، لەوە سەرسام دەبێت کە چۆن کەسانێک هەن خۆ بە (موسڵمان) دەزانن و لاف و گەزافی (ئیسلام)ێتی لێ دەدەن، بـۆ خۆیان بە شیاو زانیوە شەریعەتی خوا تێکەڵ بە یاسا و ڕێسای بەشەری بکەن و بشڵێن شیاوە و ئیشکالێتی تێدا نییە؟! یان لەوەش سەرسوڕهێنەرتر کە بە جورئەتێکەوە هەمـوو شـەریعەتەکەی خوای گەورە لە حاکمێتیدا (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەرییپێکردنیدا) لا داوە و جۆرەها دیـد و ڕێ و مەنهەج و دەستووری بەشەریی کەموکورت و نوقسـان و کـۆڵی هێنـاوەتە جـێ و هەر دەشڵێت موسـڵمانم؟! خەڵکـی تـریش شـاهێدیی بـۆ دەدەن گـوایە (موسـڵمانە)! ئەمە کـوێی بە ئیسلامەوە ماوە؟! حاشا وەلیلا ئەمە موسڵمان نەمـاوە و (لە دیـن و ئـوممەتی چـووەتە دەرەوە). کەسێک شەریعەتی خوای گەورە لە حاکمێتی لا بدات و ڕا بدات و بەدیلی تری بهێنێـتە جـێ، واتا خوایەتی و حاکمێتیی خوای گەورەی ڕەفز کردبێتەوە، موسڵمانێتیی چۆن پێ دەمێنێت؟! ئەم کەسە یان ئەم کەسانە کە ئەوەندە چاوقایمانە شـەریعەتی خـوای گەورەیـان لا داوە و بەدیلیـان هێناوە و چەسپاندوویانە و خەڵکیشـیان ناچـاری چەسـپاندن کـردووە؛ ئەمـانە درۆ دەکەن کە دەڵـێن موسـڵمانین، ئەمـانە درۆیـان بەنـاوی خـواوە هەڵبەسـتووە و (نعـوذ باللـه) بە نەزانیـان ناساندووە، چونکە دەڵێن شەریعەت نوقسان بووە و ئێمە پڕمان کردووەتەوە! یـان شـەریعەتەکە گونجاوی بـارودۆخ و کـات و شـوێنەکە نەبـووە بـۆیە لامانـدا و یاسـا و ڕێسـایەکمان لەجێـی داناوەتەوە. ئەمانە بوختانیان هەڵبەستووە و ستەمیان لە خۆیـان و لە خەڵکـی کـردووە. ئەمـانە سنووری حەقیان بەزاندووە و لە عەبدایەتیی خوای گەورە ملهوڕانە هەڵـگەڕاونەتەوە و یـاخی

بـوون. جـا کـێ لەم جـۆرە کەسـانە زاڵمـتر و تاوانبـارترە؟! ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ﴾ {الأنعام: ٢١}، واتا: «کـێ لەو کەسـە سـتەمکارتر و تاوانبـارترە کە بە نـاوی خـوای گەورە ناڕەوایی کردووە و بوختانی هەڵبەستووە، درۆی کردووە و ئایەتەکانی خـوای گەورەشـی بەدرۆ خسـتووەتەوە»! ئەمە ئەو کەسـانەن کە هێشـتا هەر پـاڵانتەی موسـڵمانێتی لـێ دەدەن و دەڵـێن شەریعەتی خوای گەورە دەسـەلمێنین و دەچەسـپێنین، بەڵام لەڕاسـتیدا کـافرن و درۆ بە نـاوی خوای گەورەوە هەڵدەبەستن، چونکە بە داڕشتن و حوکمڕانی و داوەریکردنیان بە یاسا و ڕێسـا و دەستووری بەشەری پێچەوانە بە دینی خوای گەورە؛ کافر بوونە. ئەمـانە حـاکمێتیی خـوای گەورەیان زەوت کردووە، بەوەی کە شەریعەتی خوایان لا داوە و خۆیان دید و ڕێ و مەنهەجی تریان داڕشتووە، یان حوکمیان بە غەیری دینەکە کردووە، یان داوەرییان بـردووەتە لای غەیـری شەرع، یان ڕێسای ڕەوشـت و بنەمـای دابـونەریتی پـێچەوانەی ئیسـلامیان دیـاری کـردووە و خەڵکیان پێـوە پابەنـد کـردوون! ئەو شـەریعەتە پـاک و دادپەروەریـیەی کە پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هێنای و سەلماندی و چەسپاندنی؛ دەخەنە لاوە و بە زمانی حاڵ دەڵێن ئەوەی ئـێمە، یاسـا و ڕێسـا و دەسـتوورەکەی ئـێمە دینـی خـوایە نەک ئەوەی پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هێناویەتی! ئەو دید و ڕێ و مەنهەجەی لە جاهیلییەتی کۆندا هەبوو (کە عەرەبە جاهیلییەکان دەیانوت دینی خوای گەورەیە!)، هەروەها ئەو مەنهەجەی لە جـاهیلییەتی نوێـدا وەریان گرتووە و کردوویانەتە سەرچاوەی ئاڕاستەی تاک و کۆی کۆمەڵگـا و دەوڵەت، دەڵـێن ئەمەش هەر دینی خوایە! چونکە لەگەڵ بەرژەوەندیی خەڵکی دایە! جـاهیلییەتی سـەردەمیش -کە موسڵمانانیشی تێدایە- هەر وەکوو جاهیلییەتە جاهیلە کـۆنەکەنە، هەر دەڵـێن ئـێمە لەسـەر دینی خوای گەورەین، (موسڵمانان)ی ناو جاهیلییەتی سەردەمیش -کە شـەریعەتەکەی خوایـان پێ ڕەفزە- هەر دەڵێن (موسڵمان)ین و لەسەر دینی خوای گەورەین، لەکاتێکدا نە ئەوان لەسـەر دینی خوا بوون و نە ئەمانیش: ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ﴾ {الأنعام: ٢١}، واتـا: کـێ

لەو کەسە زاڵمترە... زوڵم لێرەدا -وەکوو زۆر جێگای تـری قورئـان- کینـایەیە لە (شـیرک)، کە لێـرەدا بە شـێوەیەکی دژوار و نـاقۆڵا و لە سـنووردەرچوونێکی چاوقـایانە باسـی دەکـات، کە دەفەرمووێت کێ لەو کەسە زاڵمترە: واتا کێ لەو موشریکترە: شیرکی کێ لە شیرکی ئەم کەسـە گەورەترە؟ خوای گەورە کە بـاس لە نـاقۆڵایی و خەتەرێتیـی شـیرک دەکـات و دەفەرمووێـت: شیرک زوڵمێکی گەورەیە: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾ [لقمان: ١٣]، واتا: «بەڕاستی هاوبەش بۆ خـوا دانان سنووربەزاندن و دەستدرێژی و زوڵمکردنە». زوڵمکردنە لە حەق و چاکە و خێرخـوازی، زوڵمکردنە لە نەفسی خـۆ، زوڵمکـردنە لە خەڵکـی، زەوتکردنـی مـافی خـوای گەورەیە، مـافی یەکبوونی، مافی ئیعتیرافکردنی مرۆڤ بە خوایەتی و حاکمێتیی ئەو. هاوبەشـیدانان بـۆ خـوای گەورە زوڵمێکی گەورەیە لەم دین و شەریعەتە، چونکە مانای وایە دینەکەی خوای بە نوقسانی دیوە و بەو شیرکە پڕی کردووەتەوە! یان بەو شیرکە خزمەتی زیاتری موسـڵمانانی کـردووە! ئەم هاوبەشدانانە خۆدانەبەر سزای گەورەیە، خەڵک خستنەبەر غەزەبی خوایە، چـونکە ناچاریـان دەکات دینی خوا بە نوقسان ببینن و، کارەکەی خۆی بە پیاوەتی و چـاکەی کـامڵکردنی دینـی خوا! خەڵک دانەبەر غەزەبی خوایە، چـونکە ناچارکردنیـانە لەسـەر شـیرک و شـیرکایەتی کە حەتمەن سزای خـوای گەورەی بە دوادا دێـت. ئەمە جـگە لەوەی دادپەروەرێتییـان لـێ دوور دەخاتەوە و یاسا و ڕێسا و دەستووری بەشـەریی پڕ نوقسـانی و نەزانـی و زوڵمیـان بەسـەردا دەچەسپێنێت کە پێشێلکردنی مافیانی پێوەیە. (شیرک هاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە، چ لە دید و تێڕوانینی عەقائیدیدا، چ لە دروشمەکانی پەرستندا و چ لە یاسا و ڕێسا و بنەمای قانوونـدا). ئەم هاوبەشدانانە زوڵمە، چارەنووسی زوڵمیش نە سەرکەوتنە نە سەرفرازی و نە بەخـتەوەری. خوای گەورەش بڕیاری ئەزەلیـی خـۆی لەسـەر داوە: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢١﴾ [الأنعام: ٢١]، واتـا: «خوای گەورە ستەمکاران سەرفراز ناکات». خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لە شیرک و موشریکان دوورن و تەبەڕایان لێکردووە: ﴿أَنَّ ٱللَّهَ بَرِيٓءٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ وَرَسُولُهُۥ﴾ [التوبة: ٣].

ئەو کەسەی دوای موسڵمانبوون و باوەڕهێنانی بە حاکمێتیی خوای گەورە دەگەڕێتەوە ژێر سایەی تاغووت و بە ژیانی جاهیلییەت ڕازی دەبێتەوە؛ شاهیدییەکی درۆی زۆر دژوار دەدات، کە گوایە حاکمێتیی خوای گەورە چاک و شیاو و پەسەند نەبوو، بۆیە وازی لێهێناوە! ئەو کەسەی دەچێتەوە ژێر سایەی تاغووت، کە خۆی لە خەڵکی کردووە بە خوا و دەسەڵاتداریێتیی خوایەتیی بۆخۆی زەوت کردووە و بەسەر خەڵکیدا چەسپاندووە و جاهیلییەتی بۆ کردوونەتە دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بەرنامە و ڕێباز و بزاوت و هەڵوێست و دەستوور و سیستم، ئەو کەسەی دوای قوتاربوونی لە تاریکیی کوفر و شیرک و جاهیلییەت چووبوو بەرەو ڕووناکیی ئیمان و تەوحید و ئیسلام، پاشان -بۆ هەر مەبەستێکی بووبێت- ئەو ڕووناکی و هیدایەت و ئەمانەی وەل کردووە و گەڕاوەتەوە ناو تاریکی و ستەم و نەفامی، دوای ئەوەی حەقی ناسی و لە عەبدایەتیی بەشەر ڕزگاری بووبوو گەڕاوەتەوە سەر عەبدایەتیی بەشەر؛ بەڕاستی خیانەتێکی گەورەی لە ئیسلام و موسڵمانان کردووە، شاهیدی درۆی داوە کە گوایە ئیسلام ناشێت بکرێتە ڕێباز و بەرنامەی بزاوت و هەڵوێست یان یاسا و ڕێسا و دەستوور و سیستمی کۆمەڵگا و دەوڵەت، بۆیە وەلی کردووە! شاهیدی درۆ دەدات کە گوایە جاهیلییەت و تاغووتیش حەقن و مافی ڕەوای خۆیانە حوکمڕان و کاربەدەست و دەسەڵاتدار بن و دەوڵەت و کۆمەڵگای خۆیان هەبێت و ئاڕاستەی بکەن. شاهیدی درۆ کە گوایە هەبوونی کوفر و دارولکوفر و حوکمی کوفر ئاساییە و لەگەڵ هەبوونی ئیمان و دارولئیسلام و حوکمی ئیسلامدا دەشێت پێکەوە بگونجێن و بژین. ئەم شاهیدیدانە ناڕەوا و درۆیە لای پێغەمبەران و شوێنکەوتووانیان ڕۆشن بوو، بۆیە کە کافر و ملهوڕەکان بە سەیدنا شوعەیبیان (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) دەوت دەبێت خۆت و موسڵمانەکانت لە دینەکەتان پاشەگەز ببنەوە و بێنەوە سەر دین و ڕێ و بەها و نەریت و سیستمی خۆمان، ئەمان زۆر بە توندی ڕەفزیان دەکردەوە، چونکە ڕازیبوونەوە بە ژیانی ژێر سایەی کوفر و تاغووت و، ڕازیبوونەوە بە کۆمەڵگای جاهیلییەت؛ خۆ دۆڕاندنە،

دیـن لەدەسـتدانە و خـوا ڕەنجانـدنە: ﴿قَدِ ٱفۡتَرَيۡنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنۡ عُدۡنَا فِي مِلَّتِكُم بَعۡدَ إِذۡ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنۡهَاۚ﴾ {الأعراف: ٨٩}، واتا: «ئەگەر دیسان بێینەوە ناو میللەتی ئێوە (ناو دین و داب و دەستوورتان) دوای ئەوەی خوای گەورە ڕێی ڕاستی نیشان داین و لە میللەتی ئێوەی قورتار کردین، دیارە ئەوە ئێمە درۆمان بە ناوی خواوە هەڵبەستووە و شاهیدی درۆمان داوە کە گوایە دینەکەی خـوای گەورە چاک و کامڵ نەبوو، بۆیە وازمان لێهێنا و هـاتینەوە دارولکـوفر و بە سیسـتم و کۆمەڵگـاکەی ڕازیبووینەوە!».

ئەمە شـاهیدیدانێکی ئێجگـار نـاڕەوا و خـراپ و خەتەرە! ئەم هەڵوێسـتە زۆر زۆر لە هەڵوێستی کافری ئەسڵی دژوارترە، چونکە کافری ئەسڵی هەر لە سەرەتاوە ئیسلامی نەزانیوە و جاهیلییەتی بە چاک زانیوە، پێشتر ئاڵای ئیمان و ئیسلامی نەدیوە، بۆیە چووەتە ژێر ئاڵای کوفر و جاهیلییەت. ئەمما ئەو کەسەی حاکمێتیی خوای گەورەی قبووڵ بووە و چووەتە دارولئیسـلام و پاشان چووەتەوە ژێر سایەی تاغووت و سێبەری حوکم و ئاڕاسـتەی جـاهیلییەت، بەڕاسـتی ڕەفتارێکی زۆر ناهەمواری نوواندووە، ئیعتیرافی لە حـاکمێتیی خـوای گەورە سـەندووەتەوە و ئیعتیرافی بە جاهیلییەت و حوکمی تاغووت کردووەتەوە کە هەردووکیان شەریعەتەکەی خوایان پێ ڕەفز بووە.

بانگەوازی تەوحید پێش هەموو شتێک ئازادکردنی مرۆڤ ڕادەگەیەنێت لە عەبدایەتیکردنی بۆ غەیری خوای گەورە، سووریشە لەسەر ئەم ڕاگەیاندنەی. ئیسلام ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو داوا دەکات لە دەسەڵاتی تاغووتان هەڵگەڕێنەوە و شۆڕشیان دژ بەرپا بـکەن و لایـان بـدەن و ڕایان بـدەن، بـۆیە ڕازیبـوون بە ژێردەسـتەیی و خـۆزەلیلکردن بـۆ تـاغووت و تەنـازولکردن لە ئازادیی خۆی بۆ ئەو و شـوێنکەوتنی دیـد و ڕێ و ڕێبـاز و حـوکمی تاغووتـان تـاوانێکی زۆر گەورەیە لە ئیسلامدا، تاوانی شیرک و کوفر و جاهیلییەتە. هەر کەسێک مومارەسـەی بکـات و پێوەی بمرێت بە تەئکید چارەنووسی فەوتان و بەفەتارچوونە، سزای دنیا و قیامەتی دێتە ڕێ.

خـوای گەورە خەڵکـی خەلـق کـردووە تـا ئـازاد و سەربەسـت بـن، عەبـدایەتی بـۆ هـیچ مەخلووقێک نەکەن، تەنـازول لە ئـازادی و سەربەسـتییان بـۆ هـیچ تاغووتێـک نەکەن، نەبـنە کۆیلەی ئەم سەرۆک و ئەو ملهوڕی مولحید و موشریک. خوای گەورە کە ڕێزی لێنـاون لەبەر ئەوەیە کە ئەم ئازادی و سەربەستی و مرۆییەی خۆیان بپارێزن، کە نەیپارێزن و لێـی گەڕێـن و تاغووتـان پێشـێلیان بـکەن؛ ئیـتر چـۆن شـایەنی ئەو ڕێـزە خـواییە دەبـن؟! کە ئەو ڕێزەشـی لێسەندنەوە؛ سزاشیان دەدات، چونکە تەنازولیان لە مافێـک کـردووە کە خـوای گەورە وەکـوو یەک بە هەموو مرۆڤێکی داوە، ئیتر بۆ چ بـوون بە عەبـدی کەسـانی وەکـوو خۆیـان. مەحـاڵە کەسانێک لاف و گەزافی ڕێز و پاڵانتەی مرۆڤویستی (مافی مرۆڤ) بکەن، لە هەمان کاتیشـدا بووبنە عەبدی یەکتری. مومکین نییە کەسانێک عەبدایەتییان بۆ خـوای گەورە وازلێهێنابێـت و مرۆڤدۆست مابن، مەحاڵە. ئەو کەسانەش کە پەروەردگارێتیی مرۆڤ قبـووڵ دەکەن و دەکەونە شوێن دید و ڕێی مرۆڤی وەکوو خۆیان؛ عوزریان نییە، ئەوەیان لێ قبووڵ ناکرێ کە گـوایە بـێ دەسـەڵات بـوون، بـۆیە ژێردەسـتە کـراون و ناچـاری عەبـدایەتییان بـوونە! خـۆ تـاغووتە دەسەڵاتدارەکان کەمن و ئەوان چەندەها هەزار لەوان زیاترن، ئەگەر ڕاست دەکەن و بخـوازن ئازادی و سەربەستی و ڕێزی خۆیان دەستکەوێتەوە؛ ڕادەپەڕن، شوڕشـێک لە پێناویـدا دەکەن، کەمێـک لەو بـاج و قوربـانییەی ڕۆژانە لەژێـر سـایەی تاغووتانـدا دەیـدەن، بـا بیـدەنە ڕێـی ئازادبوونیان، هەر دەیگەنێ. ئەوەندەی باجی ماف و سامان و ئابڕوو دەدەنە تاغووتان، بڕێکـی زۆر کەمی لێ بکەنە قوربانی ڕێی خەباتکردنیان؛ سەربەستی بەدەست دەهێـنن و لە دەسـەڵاتی تاغووت ڕزگار دەبن، بەڵام خۆیان دید لێڵ و ڕێ وێڵ و غیرەت پوواو و داماون.

قورئانی پیرۆز زۆر حەکیمانە هەستی مرۆیی و گیانی ئازادی و غیرەتی سەربەسـتی لە دڵ و هزر و ویژدانی مرۆڤدا دەخرۆشێنێت، بەرەو ڕێنمایی و پارسەنگی هانی دەدات و دەیخاتە سـەر ڕێ. حەقیقەتی (ئیمان)ـهێنانی بـۆ ڕوون دەکـاتەوە کە یەکەمـین دەسـپێکی ویسـت و گـۆڕانە،

یەکەمین ڕوونـاکیی جـووداکرنەوەی حەق و بـاتڵە: ﴿قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ﴾ {البقرة: ٢٥٦}، واتـا: «بەدڵنیاییەوە دیـد و ڕێـی (ئـیمان) ڕۆشـن بـووە و لە دیـد و ڕێـی (کـوفر) جـوودا بـووەتەوە». باوەڕهێنان (رشد)ە، واتا عەقڵ پێی شـکاوە و پەیپێبردنـی حەقە، درککردنـی حەقیقەتەکـانە کە مرۆڤ دەبێت سووربێت لەسەری. کافربوونیش ئەو (الغي)یەیە کە وێڵبـوون و سەرلێشـێوان و لاسەنگییە کە هەموو کەسێک سوورە لەسەر ئەوەی نە بکەوێتە ناوی و نە ناوزەد بکرێت پێـی، ئەمە حەقیقەتە.

هەر کەسـێک بەدواداچـوونێکی وردەکـارانە بـۆ نیعمەتـی (ئـیمان) بکـات، دەبینێـت کە ئیمانداری؛ ڕۆشنکردن و بەرفراوانکردنی ئاسۆی دید و بیر و تێڕوانینە، پێناسەی حەقیقەتەکانی گەردوون و ژیـانی مـرۆڤە بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا و ڕۆشـن کە سـەرئەنجام دەبـنە بەڵگەنەویست. ئیمانداری؛ ئۆقرەگرتن و سرەوت و هێمنیی دڵ و دەروونە، سـەرچاوەی هەسـتە بەرزەکان و بایەخە باڵاکانە کە موسـڵمان دەیبینێـت و بـۆ دەوروبەری خـۆی دەدرەوشـێنێتەوە. ئیمانداری؛ ئاڕاستەوانێتیی پارسەنگی کۆمەڵگـا و دەوڵەتە، بەو سیسـتمە نمـوونەییەی دەیخـاتە بەردەستیان و ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانانەی پێیان ڕادەگەیەنێت بۆ گەشە و نەشـونمای ژیـان و دابینکردنـی ئەمـان و ئاشـتی و کـامەڕانی. هەر کەسـێک ئـاوا حەقیقەتـی (ئـیمان) بزانێـت و شارەزای بێت، هەست دەکات کە بەڕاستی باوەڕهێنان عەقڵپێشـکان و پەیپێبردن و درککردنـی دید و ڕێی ڕاستە، کەسێک گەوج و گەلـۆر و گێـل نەبێـت وەلـی ناکـات، کەسـێک گەلحـۆ و گەمبۆڵ و گێژ و حۆل نەبێت وازی لێ ناهێنێت، خەڵکی ژیر و هزرەوان و بیرمەنـد چـۆن ڕێـی ڕاست و دروست وەل دەکەن و سەرلێشـێواوی و گـومڕایی و بزربـوون دەگـرنە بەر؟ کەسـانی پارسەنگ و زانـا و دانـا چـۆن ناڕەحـاتی و پشـێوی و دەروون ئـاڵۆزی بە چـاکتر و ڕاسـتر و پەسەنتر دەزانن وەک لە سەرفرازی و پارسەنگی و ئارامیی ڕۆح و ویژدان و هەست و هۆش.

پاشان قورئانی پیرۆز حەقیقەتی ئیمان ڕۆشنتر دەکات و ڕوونتر سنوور و ماهییەتی نیشان دەدات کە سەرەتاکەی دەستنیشان دەکات: ﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ﴾ {البقرة: ٢٥٦}، واتا: «هەر کەسێک شوێن تاغووت نەکەوێت، شوێن (آلهە، أرباب، أنداد، طواغیت) نەکەوێت و باوەڕیان پێیان نەبێت و ڕەفزیان بکات، لە بەرامبەریشدا باوەڕی بە خوای گەورە هێنابێت (کە هەر دەکاتەوە مانا و واتای "لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه"کە) ئەوە بە تەئکیدی ڕێی ڕاستی گرتووە و کاری پارسەنگ دەڕوات. ئەو کەسە دەستی بەتوندی بە دینەکەوە گرتووە کە بە هیچ شێوە و چۆنییەتی و جۆرێک دەستی لێی بەرنابێت، مەگەر خۆی وەلی بکات».

هەموو هەستێکی دژایەتی (البراء) دەبێت بەرەو تاغووت ئاڕاستە بکرێت و هەموو هەستێکی دۆستایەتی و لایەنگرێتی (الولاء) بەرەو خوای گەورە بکرێت.

**تاغووت:** هەموو شتێکە کە حەقی پەردەپۆش کردبێت، کە ڕێی هۆشیاریی خەڵکی گرتبێت و نەهێڵێت دەستیان بگاتە حەق. تاغووت سنووربەزێنی حەق و دەستدرێژکارە، لەو سنوورە دەرچووە کە خوای گەورە بۆ عەبدەکانی دیاریی کردووە. تاغووت بە سنووری عەقیدەوە پابەند نابێت، چونکە ئەو خۆی لە خەڵکی کردووە بە خوا، ئیتر چۆن ڕازی دەبێت دەسەڵاتی یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریی لێ بسەنرێتەوە؟! ئەو، یاسا و ڕێسا و دەستووری شیرک و کوفر و جاهیلییەتی داڕشتووە، ئیتر چۆن بە شەریعەتی خوا ڕازی دەبێت ببێتە دەستوور و بڕیاری یەکلاکەرەوەی ڕاوبۆچوونەکان؟!

**تاغووت:** هەموو مەنهەجێکیشە کە لە وەحیی خواییەوە وەرنەگیرابێت، هەروەها هەموو بارودۆخ و بەها و نەریت و بزاوت هەڵوێستێکە کە لە غەیری خوای گەورەوە وەرگیرابێت. هەر کەسێک ئەم شیرک و کوفر و جاهیلییەتەی لە دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت

و بزاوت و هەڵوێست و یاسا و ڕێسا و سیستم و دەستووردا پێی ڕەفز بوو، باوەڕیشی بە خـوای گەورە هێنابوو (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت) و، ئاڕاستەی ژیانی تـاک و کـۆی لە وەحیـی خواییەوە وەرگرتبوو، بە تەئکید ئەمە سەرفرازە و دینداریێتیی زانیوە چییە، مـادام پێـوەی پابەنـد بێت و سوور بێت لەسـەری و لە ژیانیـدا بیسـەلمێنێت و بیچەسـپێنێت؛ ئەوە مانـای وایە دینـی خوای گەورەی گرتووەتە بەر و کەوتووەتە ڕیزی کاروانی خواویستان.

ئێمە لەم حاڵەتەدا دیمەنێکی واقیعی وێناکراومان لەبەرچاوە کە بۆ حەقیقەتێکـی هەسـت و هۆش کێشراوە، حەقیقەتێکی واتایی (مەعنەوی). باوەڕهێنـان بە خـوا خـۆی لەخۆیـدا مانـای ئەمان و بێخەمبوونە (وەکوو گوریس و قایشـی بەسـتنەوە)، خـۆی لەخۆیـدا پـتەو و قـاییمە و خەمـی پسـان و ئاڵۆزکـانی تێـدا نیـیە. ئەو کەسـەی کە ئـیمانەکە دەهێنێـت ئەم ئـامێرەی پەیوەستبوونی بە خوای گەورەوە دەست دەکەوێت، ئامێرەکە خۆی هی ئەوە نییە هیچی لێبێـت لە پسان و ڕزین و لاوازبوون و خاوبوونەوە و کەموکورتبوونەوە. خوای گەورە ئـاوا وێنەیەکـی بەرجەستەیی بۆ دەکێشێت و دەیخاتە بەردەست ئیمانـدار و بـێ ئـیمان، کە ئەمە ئـیمانەکەیە، ئەم جەمسەرەیت گرت؛ لەوسەری بێخەم بە، لە خۆشی بێخەم بە کە ناپسێت، تۆ خۆت دەسـتی لـێ بەرنەدەیـت هەر دەتگرێـت و بە پەیوەسـتیی دەتهێڵێـتەوە، ئەمە قایشـی ئەمـان و ڕزگـارییە، جەمسەری ئەوسەری وا لای خوای گەورە، خوای کردگار و خاوەن و ژێنەر و مرێنەر کە هیچ شـتێک لە وجـوودا بەبـێ قەدەری ئەو ڕوو نـادات. ئیمانهێنـان بەم سـیفەتەی؛ دەسـکەوتنی ڕووناکیی ڕێگا و پارسەنگیی ڕۆیشتن و بەرچاوڕۆشنی ئامانجە، چونکە درککردنـی حەقیقەتـی خوای گەورەیە کە هەر هەموو (وجوود) بە ویستی ئەو خەلق بووە و هەر هەمووشـیان ئـاوا بە (ئیمان) بە (العروة الوثقى)وە بە خوای گەورەوە بەنـدن. ئەم موسـڵمانەش بەم ئیمانـداریێتییە ئەو (العروة الوثقى)یەی دەستکەوتووە و جار بـۆ جـار لەگەڵ حەقیقەتەکـانی گەردوون و ژیـان و مرۆڤدا ئاشناتر دەبێت و دڵنیا دەبێت کە ئەمـیش لەسـەر هێـڵ (سـکە)ی خـۆی بەرەو خـوای

گەورە، بەرەو حەقیقەتی ڕەها و بێسنوور و بێوێنە دەڕوات.

ئـا ئەم دیـمەنە و ئەم هەسـت و هۆشـە و ئەم پەیـبردن و درککردنـی حەقـیقەتەی خـۆی و گەردوون و ژیـانە کە دەیگەیەنێـتە ئەو سرەوت و هێمنـی و ئـارامیەی خـوای گەورە لە نـاخی ئیماندارانـدا زەرعی دەکات، ئەم کەسەی کە ئـاوا دەسـتی بە (العـروة الـوثقی)وە گرتـووە لەبەر ڕۆشنایی وەحی و هیدایەتی خوای گەورە لەسەر ڕێبازی ئەم دین و بـانگەوازە، سەرڕاسـتانە و بۆخواسوڵحاوانە دەڕوات، ڕاست و دروست و ڕەوا و بەرچاوڕۆشن ڕێ دەکات و بەدڵنیـاییەوە (إن شاء الله) دەگاتە مەنزڵ، حەتمەن ناکەوێتە گێژاوی بزربوون و وێڵ بوون و سەرلێشێواویی ڕێچکە و توولەڕێ، ڕێگا و ئامانج و بەرنامەی خۆی ناسـیوە و بە چاوسـاغێتیی خـوای گەورە دەڕوات، ئیتر ئەگەر هەزاران ڕێچـکە و ڕێـی تـریش ببینێـت لا ناکـاتەوە بە لایـانەوە، چـونکە بەدڵنیاییەوە ئەو ڕێچکە و ڕێیانەی تر نە لەسەر ڕێبـازی وەحـین و، نە خـوای گەورە ڕوونـاکی کردوونەتەوە و، نە بەرەو ئامانجی ڕەزامەنـدیی خـوا دەچـن و ئەو کەسـانەی بەوێشـدا دەڕۆن وەکوو ئەم نین. ئەم، تاکی ئوممەتێکی عەقائیـدیی ڕێنیشـاندراوە، خـوای گەورە ئاڕاسـتەی ئەم دەکـات و ئەوانـی ئەوبەریـش شـەیتان و هەواوهەوەس و تاغووتـان، ڕێگـاکەی ئەم یەکـێکە، ڕێچکەکەی ئەوان هەزاران، ڕێی ئەم ڕووناکییە و ڕێ و ڕێچکەی ئەوان هەزاران تاریکستانی.

باوەڕهێنان نوورە، ڕووناکییە، تیشکە، بەڵام یەک شێوە نوور کە خوای گەورە خۆی دەزانێت ماهێتییەکەی چۆنە؟ نوورێکە حەقیقەتی تایبەتی خۆی هەیە، هەر وەکوو کە وەسف و سـیفەتی خۆی هەیە (ئەوە لێکچوواندنی ئێمەیە کە دەڵێین ئیمان نوورە، چونکە بەگشتی دەزانین کە نوور تیشـک و ڕوونـاکییە، بەڵام ئەم نـوورەی ئـیمە دەیـزانین هەر لە مـاددە کەوتـووەتەوە، نـووری حەقیقـی و حەقیقەتـی نـووری ئـیمان هەر خـوا دەزانێـت چـۆنە)، بەڵام ئیمانـداران هەسـت بە حەقیقەتی ئیمانەکە لە ناخیانـدا دەکەن بـێ ئەوەی بـزانن مـاهێتییەکەی چیـیە؟! ئەم نـوورەش وەکوو ڕۆحە، لەبەرامبەر ئەم نوورە تاقانەدا (ظلـمات) کە کـۆی (ظلمـة)یە، واتـا کـۆیە، زۆر و

یەک نییە، هیچ وەسفێک، هیچ پێناسەیەکی (ئیمان) و (کوفر) ناگاتە پێناسەی قورئانی بۆیان کە دەفەرموویێت ئیمان نوورە و کوفریش تاریکی: ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ﴾ {البقرة: ٢٥٧}، واتا: «خوای گەورە پشتیوان و سەرپەرشتیاری ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە، لە تاریکاییەکانەوە دەریان دەهێنێت بۆ نوورەکەیان دەهێنێت، ئەو کەسانەش کە کافرن سەرپەرشتیارانیان تاغووتەکانن کە لە نوورەکەوە دەریان دەهێنن و بۆتاریکییەکانیان دەبەن».

باوەڕهێنان نوورێکە کە گیانی موسڵمانەکەی پێ دەدرەوشێتەوە، هەر لە یەکەم ساتی جێگیربوونیەوە لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستیدا ئەم درەوشانەوە و گەشە و نەشونمایە بە موسڵمانەکە دەگات، دەیخاتە چالاکییەکی زۆر سەیر و دەگمەن، دەیخاتە گەشەی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروونەوە، ڕۆحی بە جۆرێک پاڵفتە دەکات دەبێتە کانگا و سەرچاوەی ئەو نوورەی کە هەموو گیانی خۆی و دەوروبەری ڕووناک دەکاتەوە، ڕووناکییەک کە دەبێتەوە بە مایەی ژیان و گەشە و نەشونما! (وەکوو کاریگەریی تیشکی خۆر لە شێ و نایترۆجین و خۆراکی ڕووەک)، ئەم نووری ئیمانە وەکوو لایتی بەرپێ ڕێگاکە ڕۆشن دەکاتەوە، حەقیقەتەکان کەشف دەکات، نەک هەر ئەوەندە، هەریەکەیان دەناسێنێت و بەرنامەی ڕەفتارکردنیشی لەگەڵدا ڕوون دەکاتەوە! حەقیقەتی ژیان، حەقیقەتی گەردوون، حەقیقەتی دید و تێڕوانین، حەقیقەتەکانی بزاوت و هەڵوێست، حەقیقەتەکانی بەرەی ململانێ، حەقیقەتەکانی دابونەریت. ڕۆژانە ئەم حەقیقەتانە بە موسڵمانەکە دەناسێنێت و پێشی دەڵێت ڕەفتاری شەرعیی ڕاست و دروست لەگەڵ هەریەکێکیان دەبێت چۆن بێت؟! ئەم باوەڕە کە بەم سیفەتانە لە ناخی موسڵماندا جێگیر دەبێت، دڵی موسڵمانەکە -کە بە ئیمان زیندوو بووەتەوە و ئاوەدان بووەتەوە- هەست بە ڕووناکیی ڕێگاکە دەکات، هیچ شتێکی لا لێڵ نامێنێت، تۆز و غوبار و هەڵم و تەم نایەنە بەر چاوی، ڕوون و ساف دەبینێت، ڕێشکە و پێشکە لە بینیندا ناکات، تەرزەی نییە و

وێنەکان بە ڕەهەندی خۆیانەوە دەبینێت (لەم دینەدا لا نییە، هەموو لایەنەکان بوونەتەوە بە مایەی نیشاندان نەک ڕێگرتن لە دیتن!). ئەم موسڵمانە ئیماندارەی بۆ خوا سوڵحاوە، ئاوا ڕووداو و کەس و بەرە و نەخشە و شتەکان دەبینێت، پارسەنگانە بەپێی نەخشە (کە شەریعەتی خوایە) ڕەفتار لەگەڵ هەموویان دەکات، ئیتر لە ڕێگا و بەرنامە و ئامانج دڵنیا بووە، لە ڕۆیشتن و دیتن و ناسین دڵنیا بووە، ئارام و هێمن و ئاسوودە بەوپەڕی متمانەوە هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە و قۆناغەکان دەبڕێت، لە هیچ پەکی ناکەوێت! وزەیە وا لە باوەڕەکەیدا، ڕووناکییە وا لە نووری ئیمانەکەیدا، بزاوت و هەڵوێستی گونجاوە وا لە وەحییەکەیدا، بە هیچ ناکێشرێت چونکە لەگەڵ بزاوت و سرەوتی گەردووندا گونجاوە، سازاوە، هەماهەنگە، ئاوا پشوودرێژانە و هێدی و بێخەم ئەم ڕێگای خواویستییە بەرەو ڕەزامەندیی خوای گەورە دەبڕێ، هەر وەکوو هەر موفرەداتێکی تری گەردوون و ژیان، ئەمیش لەسەر ڕێسا و ڕێبازی خوایی دەڕوات تا دەیگاتێ. کەی دەیگاتێ؟ نازانێت، ئەوە ئەرکی ئەم نییە، بەرپرسێتیی ئەم نییە، ئەم بووە بە ئەداتی قەدەری خوای گەورە و خۆی داوەتە دەست خوای گەورە تا بە زانایی و دانایی و کارزانی و کارجوانیی خۆی ئەوەی پێ بهێنێتە دی کە خوا خۆی دەیەوێت، کە حەتمەن لە سوودی ئەم و هاودینە عەقائیدییەکانی ئوممەتەکەیدا دەبێت. ئەم ئیمانە یەک نووره و ڕێنمایی بەرەو یەک ڕێگاش دەکات، ئەمما کوفر و گومڕایی ئەوە جۆرەها تاریکییە، تاریکیی هەواوهەوەس و حەزی مونحەریف، تاریکیی گومڕایی و سەرلێشێواوی، تاریکی لووتبەرزی و هەڕاڵی و خۆبەزلزانین، تاریکیی زەلیلی و ژێردەستەیی و لاوازی، تاریکیی ڕیابازی و دووڕوویی، تاریکیی تەماع و هەڵپەکاری، تاریکیی گومان و دوودڵی و ڕاڕایی، سەدان جۆر تاریکیی تر کە هەر خوای گەورە دەزانێت چەندن و چۆنن؟ سەرچاوەی هەمووشیان کوفر و شیرک و جاهیلییەتە، نەناسینی خوای گەورەیە، ڕەفزکردنەوەی وەحییە، قبووڵنەکردنی ڕێباز و بانگەوازی خواویستییە، هەر کەسێک نووره تاقانەکەی خوای گەورە وەل بکات بە تەئکید دەکەوێتە گێژاوی ئەو

تاریكستانیانه، كه سەرەنجامیشی سزای ئاگری دۆزەخە (خوا لامان بدات): ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٥٧﴾ {البقرة: ٢٥٧}، بە نەمریش تێیدا دەمێننەوە مادام ئەم نوورەی خوایان قبووڵ نەكردووە، دەی سا با جێگایان ئەو دۆزەخە ترسناكە بێت. حەق یەكە و باتڵ زۆر، ئیمان یەكە و كوفر زۆر، نووری خوا یەكە و تاریكستانیش زۆر و جۆراوجۆر، غەیری خواویستیش گومڕایی و بزربوون و غەزەبی خوای بە دەسەڵاتە.

# باسی دووەم

# کەوتن و سەرکەوتن

## بڕگەی یەکەم: لاوازی و بێهێزکەوتن؛ تاوانە نەک عوزر

لاوازی و بێهێزکەوتن عوزر نییە، تاوانە، خوای گەورەیە نایەوێت کەس لاواز و بێهێز بکەوێت، خوای گەورە هەموو مرۆڤایەتی بانگ دەکات کە وەرنە کەناری من، وەرنە ژێر ئاڕاستە و چاودێری من، خۆتان بە من بەهێز بکەن، مەچنە کەناری مرۆڤی وەکوو خۆتان کە هیچی لە دەسەڵاتدا نییە و ناشتوانێت سزای خوای گەورە لەخۆی دوور بخاتەوە: ﴿فَقَالَ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمۡ تَبَعٗا فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا مِنۡ عَذَابِ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۚ﴾ {إبراهيم: ٢١}، واتا: «لاواز و بێهێزەکان بە موستەکبیرەکانیان دەوت: خۆ ئێمە شوێنکەوتووی ئێوە بووین، دەسا هەوڵێکمان بۆ بدەن داخۆ دەتوانن کەمێک ئەشکەنجە و سزای خوای گەورەمان لەسەر سووک بکەن؟!». ئەم لاوازانە ئەو بێ دەسەڵاتانەن کە تەنازولیان لە مەزنترین و تایبەتمەندترین سیفەتی مرۆیی خۆیان کردووە، ئەو مرۆڤە، کە بەو سیفەتە جوانانەیەوە جێ ڕێزی خوای گەورەبوو، بەڵام تەنازولیان لە ئازادیی کەسایەتیی خۆیان کردبوو، کەسایەتیی فیکری و عەقیدەیی و ئاڕاستەوانێتیی خۆی، ئەمانە تەنازولیان لەم سیفەتە باڵایانەی خۆیان کردبوو، خۆیان کردبووە شوێنکەوتووی موستەکبیران و داردەستی تاغووتان و هەڵووکی دەستی جاهیلییەت! ئەمانە عەبدایەتییان بۆ خوای گەورە وەل کردبوو، سەرپشکانە خۆیان کردبووە عەبدی ملهوڕە ستەمکارەکان، دینی خوایان واز لێ هێنابوو، چووبوونە سەر دید و ڕێ و ڕێباز و بەرنامە و بزاوت و هەڵوێستی ئەهلی شیرک و کوفر و جاهیلییەت! خوای گەورەش بەمە ڕازی نابێت، خوای گەورە پێی ناخۆشە و ڕقی لەو کەسە هەڵدەستێت کە ئازادانە و

سەرپشكانە تەنازولی لە پشكە سەربەستیەكەی خۆی كردووە كە سیفەتی تایبەت بە خۆی و مایەی ڕێزلێگرتنی خوای گەورەبوو لێی. خوای گەورە ڕێ نادات خەڵكی لەژێر ناچاریشدا تەنازول لە ئازادی و سەربەستی و تایبەتمەندێتیی كەسایەتیی خۆیان بكەن، چ جای ئازادانە و سەرپشكانە!

هێزی ماددی هەرچەند بەهێز و كاریگەر بێت، هەر ناتوانێت مرۆڤێكی ئازادیخواز بكاتە كۆیلە و عەبدی لاواز و بێهێز، كەسێک باوەشی بە مافی ئادەمێتیی خۆیدا كردبێت و بەلایەوە جەوهەری بێت؛ هێزی ماددی چۆن دەتوانێت ئەو ویست و ئیرادەی شل بكات و ئەو مافەی پێشێل بكات؟ هەموو ئەوەی خاوەنی هێزە ماددییەكەیە دەتوانێت بەرامبەری بیكات؛ ئازاردانی جەستەیەتی، كۆت و زنجیركردن و ئەشكەنجەدان و زیندانیكردنێتی، ئەمما ڕۆح و هزر و ویژدانی، ئەوە لە توانای هیچ كەسێكدا نییە زیندانی بكات یان زەلیلی بكات، مەگەر خاوەنەكەی بە ویستی خۆی بیدات بەدەستەوە و زیندان و زەلیلی بكات.

خوای گەورە تاوانی ئەو كەسە زۆر بە گەورە دەناسێنێت كە دوای ئیمانداریتی گەڕابێتەوە بۆ سەر كوفر، چونكە ئیمانی چێژتبوو، زانیبووی چ بەهایەكی دەگمەن و بەنرخە، بەڵام بۆ پشكێكی دنیا قیامەتی خۆی دۆڕاند. لە دینەكە هەڵگەڕایەوە و ئیمانداریتیی وەل كرد! بۆیە خوای گەورە دەیخاتە بەر تەكانی غەزەب و خەشم و سزای سەختی، مەگەر كەسێک بە ڕواڵەتی ناچاری كافربوون كرابێت، بەڵام دڵی هەر بە ئیمان ئاوەدان مابێت: ﴿مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١٠٦ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ١٠٧ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَسَمۡعِهِمۡ وَأَبۡصَٰرِهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ١٠٨ لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٠٩﴾ {النحل: ١٠٦ – ١٠٩}، واتا: «هەر كەسێک دوای ئیمانداریتیی، كوفری كردبێت؛ خوای گەورە دەیخاتە بەر غەزەبی خۆی و

سزایەکی گەورە و بەژانی بە نسیب دەکات، جگە لەو کەسەی ناچاری وتنی کوفر کراوە، بەڵام دڵ و دەروونی بە ئیمانداریێتی سرەوتووە و هێمنە، ئەمما ئەو کەسەی بە سەربەستیی خۆی کافر بووەتەوە، ئەوە سزای سەختی لە ڕێدایە، چونکە ژیانی دنیایان پێ چاکتر و پەسەنتر بوو لە ڕۆژی دوایی، خوای گەورەش ڕێنمایی و ڕێنیشاندەریێتیی کەسانی کافر ناکات، ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە دڵیانی ڕەش داگرتووە و قوفڵی لە دڵیان داوە و مۆری کردووە، ڕێی هیدایەتدانەوەی لێ بڕیون: هۆش و بیستن و دیتنیانی قەپات کردووە، غافڵ و بێ ئاگا ئەوانەن، گومانی هیچ تێدا نییە کە ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا لە پێڕی زەرەرمەندان دەبن، چونکە عەقیدە کاڵای کڕین و فرۆشتن نییە، نووری ئیمان و ئیمانداری هەڕاج ناکرێ، موسڵمانێتی ناخرێتە مەزادی قازانج و زیانەوە».

هەر دڵێک بە ئیمان ئاوەدان بووەوە ئیتر بە هیچ شێوەیەک نابێت کاریگەرێکی دنیایی تێ بچێت، دنیا حساباتی خۆی هەیە و ئیمانداریێتی حساباتی خۆی هەیە، ناشێت و ناکرێت و نالوێت تێکەڵ بکرێت. عەقیدە گاڵتەجاری نییە، بوواری موساوەمەی نییە، خۆ کەلوپەلێکی بازرگانی نییە شیاوی سەودا و مامەڵە بێت، عەقیدە زۆر زۆر لەوە گەورەتر و پیرۆزترە بخرێتە بازارەوە، لەبەر ئەم بەها بەنرخەیەتی کە سزای ئەو کەسەی وەلی دەکات و فڕەی دەدات ئەوەندە قورس و سەخت و بەژانە، تاوانێکی ئەوەندە ناقۆڵایە کە بەو شێوە ترسناکە ڕقی خوای گەورە هەڵدەستێنێ کە وەکوو ئایەتەکانی نیشانی دەدەن، بوواری لێبوردنی بۆ نەهێڵراوەتەوە! هەر لەبەر ئەم ئاست و بەها و نرخەیەتی کە دەبینیت زۆر لەو یاوەرە عەزیزانەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مردنیان لەژێر ئەشکەنجەی جەللادە ڕقنەکاندا بە ئەهوەنتر دەزانی وەک لەوەی وشەیەکی کوفر بە زمانیاندا بێت لەوەی تاغووتانی مەککە لەو موسڵمانە سەرەتاییانەیان دەخواست.

- ئافرەتێکی سادەی ئیمان پتەو (کە سومەییەی دایکی یاسر) بوو دوای ئەو هەموو ئەشکەنجەی چێشتی، شمشێریان کرد بە شەرمگایدا و لەژێر ئازار و ژاندا گیانی دەرچوو، واشیان لە مێردە پیرەکەی کرد (یاسر) تا لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد، خوا لێیان ڕازی بێت.

- بیلالی حەبەشی خوای لێ ڕازی بێت، موشریکەکان ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارەیان دەدا، بەو گەرماییەی باشووری مەککە پاڵیان دەخست و تاوێرە بەردێکی گەورەیان دەخستە سەر سکی، کە لەژێر تین و کێشیدا نەیدەتووانی ئاسان هەناسە بدات، لەگەڵ ئەوەشدا لێیان دەدا و ناچاریان دەکرد شیرکێک بڵێت (بڵێت خواکانیان ڕاستن! یان دینەکەیان ڕەوایە! یان دینی موحەممەد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ڕاست نییە!)، بەڵام ئەو تەنها دەنگی نووزەیەکی کزۆڵی لێوە دەهات، دەیفەرموو (أَحَدٌ أَحَدٌ)، واتا خوا یەکە یەک. لەو حاڵەتەیدا بوو دەیفەرموو: ئەگەر بزانم وشەیەکی تر هەیە ڕقتانی زیاتری پێ هەستێت و تووڕەتان بکات لەم (أَحَدٌ أَحَدٌ)ە ئەوەم دەوت.

ـ هەروەها حەبیبی کوڕی زوبەیدی ئەنساری خوا لێی ڕازی بێت، کە بە دیلی بردیانە بەردەست موسەیلەمەی کەززاب، پێی وت: شاهیدی دەدەیت کە موحەممەد نێردراوی خودایە؟ فەرمووی: بەڵێ. وتی: ئەدی شاهیدی دەدەیت کە منیش نێردراوی خوام؟ فەرمووی: نابیستم. پارچەیەک گۆشتیان لێکردەوە و دیسان لێی پرسیەوە: شاهیدی دەدەیت کە من نێردراوی خودام؟ فەرمووی: نابیستم. پارچەیەکی تریشیان لێکردەوە! ئاوا بەو شێوەیە و جار بۆ جار پارچەیەک تا لەت و کوتیان کرد، بەڵام هەر دەیفەرموو: نابیستم، خوا لێی ڕازی بێت.

ـ حافز ئیبنو عەساکری دیمەشقی (رحمه الله) لە باسی مێژووی ژیانی (عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەی سەهمی)دا کە یەکێکە لە یاوەران خوا لێیان ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە کە کاتێک ڕۆم بە دیل گرتییان، بردیانە لای پاشاکەیان، پاشاکە پێی وت ببە بە مەسیحی کچی خۆمت دەدەمێ و دەتکەمە هاوبەشی دەسەڵاتی حوکمداری، فەرمووی: ئەگەر هەر چیت هەیە و بمدەیتێ و

هەمـوو ئەوەشـم بـۆ بهێنیـتە بەردەسـت کە عەرەب هەیەتـی تـا واز لە دینـی مـوحەممەد (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بهێنم، بۆ ساتە وەختێکیش وازی لێ ناهێنم، وتی: ئـاخر دەتکـوژم، فەرمـووی: فەرمان بدە، وا لە بەردەستتدام. ئیتر بردیان و بە دارێکدا هەڵیانواسی، کەوتنە تیرتێگرتنی، بەڵام نەیاندەویسـت بەری بکەوێـت، هەر لەمـلاولایەوە دەچەقـی، بەردەوامـیش داواکارییەکەیـان دەخستەوە بەرچاوی و ئەویش هەر ڕەفزی دەکرد، دواتر دایانگرت، فەرمانیان کرد مەنجەڵێکی گەورەیان خستە سەر ئاگرێکی کڵپەدار، لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرمووێت تەشـتێکی مسـی زۆر گەورە، مەنجەڵەکە/تەشتەکە سووربووەوە و دیلێکی موسڵمانیان هێنا و لەبەرچاوی عەبـدوڵڵای کوڕی حوزافە دیلەکەیان خسـتە مەنـجەڵەکەوە و ئەمـیش تەماشـای دەکـرد، لە سـاتێکی زۆر کەمدا جەسـتەی کـوڵا، گۆشـتی لە ئێسـقانی جیـا بـووەوە! ئینجـا عەبـدوڵڵایان بەگـوریس و بەکرەکەوە هەڵواسی لەسەرەوە بەرەوە مەنجەڵکە شـۆڕیان کـردەوە، بینیـان دەگـری، وایـانزانی هەڵوێستی شل بووە و دەترسێت. هێنایانەوە خوارەوە، پاشاکەیان لێی پرسـی بـۆچی دەگریـت؟ فەرمووی بۆ ئەوە دەگریم کە هەر یەک ڕۆحم هەیە و وا ئێستا ئەویـش لەدەسـت دەدەم، حەزم ئەکرد بەقەدەر تاڵ تـاڵی مـووی لەشـم ڕۆحـم هەبـوایە و هەر یەکێکیـان ئـاوا دووچـاری ئەم ئەشکەنجەیە ببوونایە و یەک بە یەک لە پێنـاوی خـوای گەورەدا لەدەسـت بچوونـایە. پاشـان فەرمانیدا زیندانیان کـرد، بـێ خـواردن و خـواردنەوە، پـاش چەنـد ڕۆژێـک گۆشـتی بەراز و شەڕابیان خستە بەردەستی، توخنیـان نەکەوت. لێـی پرسـی بـۆچی لێـت نەخـوارد؟ فەرمـووی: دەزانم کە لەم حاڵەتەمدا بۆم حەڵاڵە لێی بخۆم، بەڵام نەمویسـت خۆشـحاڵت بـکەم وا بزانیـت ناچارت کردووم بیخۆم! دواتر پێی وت: سەرم ماچ بکە ئازادت دەکەم. فەرمـووی: باشـە، بەڵام بە مەرجێک، هەموو دیلە موسڵمانەکانم لەگەڵدا ئازاد بکەیت. وتی: باشە. ئیتر سەری ماچ کـرد و لەگەڵ هەموو دیلەکانی تـردا ئـازادی کـرد، کە گەڕانەوە مەدینـە، سـەیدنا عـومەری کـوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت (لەسەر مینـبەر باسـەکەیانی بـۆ خەڵـکەکە گێـڕایەوە) فەرمـووی:

ئەرکە لەسەر هەمـوو موسـڵمانێک سـەری عەبـدوڵڵای کـوڕی حـوزافە مـاچ بکـات، ئەوا مـن لەخۆمەوە دەست پێدەکەم، ئینجا سەری ماچکرد، خوا لێیان ڕازی بێت.[1]

دەبینیـت ئەو یـاوەرانە (خـوا لێیـان ڕازی بێـت) چـۆن لە گرنگـی و گەورەیـی عەقیـدەکە تێگەیشتوون!

عەقیدە مەسەلە و باسێکی زۆر جددی و مەزن و کاریگەرە، بە هیچ کلۆجێـک شـلگیری و تەنازولی تێدا ناکرێت، نرخـی پاراستنیشـی زۆر گەورە و بـاڵایە، بەڵام دڵ و هـزر و ویژدانـی موسڵمان ئەوی پێ گرنگترە لە هەموو شتێکی تری ژیـانی، بێگومـان لای خـوای گەورەش زۆر بەنرخ و بەڕێز و پیرۆزە (چـونکە ئەسـڵی هۆکـاری خەلقکـردن بـۆ ناسـین و پەرسـتنی خـوای گەورەیە). عەقیدە ڕاسپاردەی خوای گەورەیە و لای کەسانی ئەمیندار دایناوە و پاراستنی پـێ سپاردوون، ئەو کەسانە دەیپارێزن کە جوامێر و بە عیززەت و لێبڕاون و هەمیشە ئامادەن ڕۆحی لەپێناودا ببەخشن، چونکە لە دید و تێڕوانینیاندا عەقیدە بە هیچ شتێک بەراورد ناکرێـت، نە بە ژیان و نە بە هەرچی تێیدایە، نە بە ڕۆحی مرۆڤ و نە بە سامان و موڵک و ئەولادی. ئەوە ئیمان لاوازەکـــانن کە قەدر و بەهـــای عەقیـــدەکەیان لا نیـــیە، ئەوانەی کە عەقیـــدەکەیان بە حەقیقەتەکانیەوە لا نەچەسـپیوە؛ ئەوان بریـق و بـاقی فریوکـاری هەڵیخەڵەتانـدوون و حەز و چێژی ژیانیان لا بەنرختر بووە وەک لە عەقیـدەکە. ئەوانەی عەقیـدەکەیان لا سـووک بـووە و سادە و شلگیرانە گرتوویانە، بۆیە ئاوا ئاسان بوونەتە عەڵقە لەگوێی موسـتەکبیران و هەلـووکی دەستی تاغووتان و دارەدەستی ملهوڕان، ئەمانە قەدری عەقیدەیان لا نییە بـۆیە ئـازاد نەمـاون، بوون بە عەبد و کـۆیلە و ژێردەسـتەی زەلیـل و شـوێنکەوتووی موسـتەکبیران کە هەر مرۆڤـی وەکوو خۆیانن! دەنا کـێ دەیتـوانی بیانکـاتە شـوێنکەوتەی مرۆڤـی وەکـوو خۆیـان لە دیـد و

(١) لە ڕیوایەتێکی تردا لای (سبط الجوزي) کوڕەزای (ابن الجوزي)دا هاتووە کە دەفەرمووێت: (بە لچ و لێوم تفم کردە سەر سەری و وام حاڵی کرد کە ماچم کردووە).

تێڕوانین و بیرکردنەوە و ڕووانگە، هەروەها لە ڕەفتار و ڕەوشت و بزاوت و هەڵوێستدا؟ کێ دەیتوانی ئەو لاوازانە وا لێ بکات ڕێباز و بەرنامەی غەیری وەحی بگرنە بەر؟ وەحییەک کە لە خوای کردگار و خاوەنیانەوە هاتبوو، خوای ژێنەر و مرێنەریان، خوای ڕۆزیدەر و سەرپەرشتیاریان؟! کەس نەیدەتوانی بیانکاتە شوێنکەوتەی زەلیل و عەبدی ملکەچ ئەگەر خۆیان ورە ڕووخاو و غیرەت پوواو نەبوونایە، ئەگەر خۆیان خۆیان لاواز و بێ دەسەڵات نەکردایە، نەک لەو لایەنەوە کە هێزی بازوو و مەچەک و تفاقیان لە تاغووتان کەمترە، یان پلە و ئاست و سامان و سەربازیان کەمترە، نا، ئەمانە هۆکاری دەرەکین و خۆیان لە خۆیاندا لاوازی و بێ دەسەڵاتی دروست ناکەن ئەگەر ناخ نەبەزیبێت، ئەگەر کەسەکە خۆی ورەی بەرنەدابێت، ئەمانە لاواز و بێ دەسەڵات کەوتوون، چونکە خۆیان لە ناخیاندا بەزیون، لە ڕۆح و دڵ و هزر و ویژدان و غیرەتدا بەزیون.

موستەزعەف لە هەموو کات و شوێنێکدا زۆرن و تاغووتان کەمن، ئێ چی وای کردووە ئەو زۆرینەی بێ شومارە، ئاوا ملکەچی ئەو کەمینەیە ببێت و بەو شێوە عەبدایەتییە ببنە شوێنکەوتوویان؟ ئەوەی هۆکاری ئەم دیمەنەی دۆڕاندن و نوشوستی و بەزینەیە؛ نەمانی ورە و ویست و هیممەتە، لاوازیی ڕۆح و غیرەت و جوامێرییە، تەنازولکردنی ناخی کەسەکەیە لەو ڕێز و قەدرەی خوای گەورە بە سیفەتی مرۆیی پێی بەخشیبوو.

تاغووتان ناتوانن هەر وا لەخۆوە جەماوەری موستەزعەفەکان زەلیل و ژێردەستە بکەن، مەگەر جەماوەرەکە خۆی ژێردەستەییەکەی پێ پەسەندتر بێت. خۆی زەلیلییەکەی هەڵبژاردبێت. ئەم جەماوەرە بێ شومارە ئەگەر بیەوێت لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکدا دەتوانێت موبادەرە بخاتەوە ژێردەستی خۆی و بە ڕووی تاغووتاندا ڕاپەڕێت، ئەوەی لەم جەماوەرگەلەدا نوقسانە ویست و ئیرادەیە.

زەلیلی کاتێک دەبێتە دیاردەی تاک و کۆ کە لە ناخدا مەیسەربوون بۆ زەلیلی بووبێت

به ویست و حەز!

ئـا ئەم قـابیلیەت و مەیسـەربوونەی نـاخ کە خـاڵی لاوازیـی تـاک و کـۆی جەمـاوەرە موستەزعەفەکەیە، خاڵی هێزی موستەکبیرەکانە. موستەکبیرەکان لەم درزەی (مەیسـەربوون بـۆ زەلیلی)یەوە درز دەکەنە ناو ویست و حەزی خەڵکەوە، تاغووت خەڵکە بـێ ئاگـاکە چەواشـە دەکات، هیچ هۆکارێک ئەوەندە سوودمەند نییە بۆ تاغووتان وەکوو غـافڵبوونی ئەو جەمـاوەرە بێ شومارە زەلیل و ملکەچ و خۆشکێشە! تاغووت لەڕاسـتیدا کەسـێکی بێهێـز و بێدەسـەڵاتە، بەڵام جەماوەرگەلەکە زەلیلە، جەمـاوەرگەلەکە غـافڵگیرانە ئاڕاسـتە دەکرێـت، هـان دەدرێـت، دەتۆقێنرێت! جەماوەرگەلەکە دەبێتە ڕەشەوڵاخ و تاغووتیش سوار دەبێت. جەماوەرگەلەکە مل درێژ دەکات و تاغووت هەوجاڕەکەیان لـێ دەبەسـتێت و مـووڕ دەخـاتە سـەر ملـی درێژیـان. جەماوەرگەلەکە خۆی بە ئیختیاری خـۆی لـمۆزی دێنێـتە پێشـێ، تـاغووتیش لغـاوی دەکـات، هەوسار و ڕێشمەی لێ قایم دەکات. جەماورگەلە بێ ئیرادەکە سـەر شـۆڕ دەکـات و تـاغووت سواری سەری دەبێت. جەماوەرگەلەکە خۆ نزم ڕادەگرێت و تاغووتیش بە قەڵەمباز دەچنە سەر پشتی و لێی دەخوڕن! بەرەو ئەو شوێنەیان (سەوق) دەکەن کە ئامادەی سەربڕین دەبـن لێـی! هەر وەکوو گـاگەل و جەڵەبـی حوشـتر و مەڕ و مـاڵات کە بەرەو سـاحەی سـەربڕین سـەوق دەکرێن و پێشخۆ دەدرێن! ئاوا ئەم جەڵەبە جەماوەرەش کە تەنازولی لە مرۆیی خۆی کـردووە و خـۆی لە عەبـدایەتیی بـۆ خـوای گەورە ڕاپسـکاندووە، غـافڵگیرانە کەوتـووەتە بەر دەسـتی تاغووتێک کە بیر لە غەیری خۆیان ناکەنەوە (بەدەم ڕێگای سەربڕینیانەوە بەیت و بالۆرەیان بۆ دەڵێن، بەو ئاوازەی ئەو جەڵەبە چەواشەکراوە پێیان خـۆش دەبێـت فیتـوو (فیکە)یـان بـۆ لـێ دەدەن!).

ئەم جەماوەرگەلە لە سەرەنجامی لەخۆ غافڵبوون چەواشە بووە و لە سەرەنجامی ترس و بیم لە غەیری خوا ئاوا زەلیل کەوتووە.

ترس لە وەهەمەوە دێت، ترساو وا دەزانێت فڵان دید و ڕێ یان بزاوت و هەڵوێست دووچاری مەترسیی دەکاتەوە، ئەمە شیکاری خۆیەتی، چونکە هیچ شتێک بەبێ قەدەری خوای گەورە نابێت. تاغووت کە یەکێکە، مەحاڵە لەو هەزاران و ملیۆنەهایەی جەماوەرگەلەکە بەهێزتر بێت، ئەگەر ئەو جەماوەرە هەست بە سیفەت و ڕێز و قەدری مرۆڤایەتییەکەی بکات؛ تاغووتان ناتوانن ئاوا زەلیلانە بیاندەنە پێشخۆ، هەر کۆمەڵە خەڵکێک سوور بێت لەسەر ئازادیی خۆی، ئەستەمە تاغووتان بتوانن زەلیلیان بکەن و بیانکەنە عەبدی خۆیان، چونکە ئەم کۆمەڵە سەربەستە ئازادیخوازە هەر یەکەیان لە لایەنی هێزەوە هاوتای تاغووتێکە، بەڵام تاغووتەکە وا چەواشەی کردووە و تۆقاندوویەتی کە گوایە هێزی بەهێز و کاریگەری بەدەستەوەیە. مەحاڵە تاقە کەسێکی ملهوڕ و بێباک بتوانێت خۆ لە ئوممەتێکی سەربەست و جوامێر بکاتە تاغووت و بیانخاتە ژێردەستی خۆی. قەت نەبووە و نابێت شەقاوەیەک ئوممەتێک بخاتە بندەستی خۆی و بۆخۆیان هەڵسوڕێنێت، ئەگەر ئوممەتەکە ورەیان بەرنەدابێت و (بێ غیرەتی و سەلامەتی)[1]یان نەکردبێتە دروشم و دین! ئەستەمە، مەحاڵە، ناومکینە ئوممەتێکی عەقائیدیی خواناس، بە وەحیی خوایی ئاڕاستە بکرێت و بە حەقیقەتە بەڵگەنەویستەکانی عەقیدە پەروەردە بووبێت، لەژێر کاریگەریی ترس و تۆقین، یان زێڕ و زیو، یان چەواشە و فریودا، عەبدایەتی بۆ خوای گەورەی کردگار و خاوەنی وەل بکات و بکەوێتە عەبدایەتیی مرۆڤێک کە مەخلووقێکی لاواز و بێدەسەڵات و نەبووە، مەخلووقێکە نە زیان لەخۆی دوور دەخاتەوە و نە سوودێک بۆخۆی مسۆگەر دەکات. ئاخر بۆیە ئیسلام لاوازی و بێهێزی و بێدەسەڵاتکەوتن بە تاوان (جەریمە) دادەنێت نەک بە (عوزر)، خوای گەورە لاواز و بەهێزەکان لە هەمان شوێنی موستەکبیرەکان لە دۆزەخ کۆ دەکاتەوە و هەردوولایان وەک یەک سزا وەردەگرن! (ئەمە سەیر نییە و نایاسایيش

(١) ئەوە هەر ئەو ورە بەردان و چۆك دادانەیە کە لە هەموو ئوممەتێکدا خەڵکانێکی بەزیو دەیفەلسەفێنن، جا هەیە بە ناوی (مداراة: هەڵکردن)ەوە دەیفەلسەفێنێت و هەیە بە ناوی (بەرژەوەندیی بانگەواز) و هەیە بە ناوی (سیاسەتمەداری)، هەشە ئاشکرا و ڕاشکاو دەڵێت: (حیزی و سەلامەتی)، هەر لەم ڕوانگەشەوەیە کە دەڵێن: (دەستێک نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم!).

نییە، ئەمە ڕاست و ڕەوا و دادپەروەرییە کە لە زانایی و دانایی و میهرەبانیی خوای خاوەن دەسەڵات و بێسنوورەوە هاتووە): ﴿وَإِذۡ يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمۡ تَبَعٗا فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا نَصِيبٗا مِّنَ ٱلنَّارِ ٤٧ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُلّٞ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ قَدۡ حَكَمَ بَيۡنَ ٱلۡعِبَادِ ٤٨﴾ {غافر: ٤٧ – ٤٨}، واتا: «هەموو لە ئاگری دۆزەخدان و مناقەشەیانە، بەڵگە بۆ یەکتری دەهێننەوە و شەڕە قسەیانە، لاواز و بێدەسەڵاتەکان بەوانە دەڵێن کە موستەکبیر بوون، کە سەرۆک و سەرکردە و فەرماندەیان بوون، خۆ ئێمە شوێنکەوتووی ئێوە بووین، ملکەچ و گوێڕایەڵیان بۆ فەرمانەکانتان دەردەبڕی و کوێرانە بۆمان جێبەجێ دەکردن، ئایا ئێستا لە تواناتاندا هەیە و دەکرێت کەمێک/پشکێک لەم ئەشکەنجە و سزایەی دۆزەخمان لەسەر لا بدەن؟ ئایا دەتوانن برێکی لەسەر شانی ئێمە لا بدەن و بیخەنە سەرشانی خۆتان؟ موستەکبیرەکانیش دەڵێن: بەخوا ناتوانین هیچتان بۆ بکەین، ناتوانین هیچ لە بارتان سووک بکەین، چونکە ئێمەش وەکوو ئێوە بارمان سەنگین و کۆڵمان قورسە و لە هەمان سزا و ئەشکەنجەی دۆزەخداین، ئەوەی بەسەر شانی خۆمانەوەیە لە توانامانـدا نییە تەحەممولی بکەین، چ جای پشکێکی تری سزا و ئەشکەنجەی ئیزافیی لای ئێوە، ئەوە بارودۆخ و حاڵەتی هەردوولامانە کە تێیداین، ئەوە بڕیاری بنبڕی خوای گەورەیە کە هەر لایەنەمان بڕ و ڕادە و پشکی سزای خۆی بۆ بڕاوەتەوە و دەبێت بیچێژێت».

کەوابوو چارەنووسی لاوازەکان و موستەکبیرەکان وەکوو یەکە، یەک شوێن و یەک سزا، بەڵام هەریەکەیان بە بڕ و ڕادە و پشکی شایانی خۆیان. خوای گەورە ئەوەی بۆ نەکردوونەتە عوزر کە ناچار بوون بکەونە کلکەلەقێ بەدوایاندا! کە زەلیل کرابوون و هەر دەبوو شوێنکەوتوویان بن.[1] ئەوە نەبوو بە عوزر و لەو سزا سەختە لایاندات، کە وەکوو مێگەڵ و

(١) وەکوو پەندە لار و چەوتەکەی کورد کە دەڵێت: (کە چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە!)، یان: (من لەگەڵ عام؟ یان عام لەگەڵ من؟)، یان کە عەرەبەکان دەیانوت: (الحشر مع الناس عيدٌ!)، حەشر کات و شوێنێکە دایک کۆرپەی لێ فەرامۆش

جەڵەب پێشخۆ درابوون و بێ ویست و ئیرادە و ڕاوبۆچوون و سەربەستی و سەرپشکیی خۆیان بەرەو مەبەستەکانی موستەکبیرەکان سەوق دەخران! خوای گەورە ڕێزی لێ نابوون، بە مرۆڤی ئازاد و بەڕێز خەلقی کردبوون، ڕێزی تایبەتی کەسایەتیشیانی لا بوو، کە خۆیان ئازاد و سەربەست و سەرپشک بن چ ڕێبازێک هەڵدەبژێرن، عەبدایەتی بۆ خوا دەگرنە بەر یان بۆ مرۆڤی وەکوو خۆیان، بەڵام ئەمان هەر بە مەحزی ویست و حەزی خۆیان تەنازولیان لەو ماف و وەسف و سیفەتەیان کرد و ئازادانە تەنازولیان کرد، بوونە شوێنکەوتووی تاغووت و دەست و پێوەند و کاربەدەستانی، جارێک بەڕوویاندا نەوەستانەوە و بڵێن: نا. هەر بە بیریاندا نەهات بڵێن: نا! بیریان لەوەش نەدەکردەوە کە تاغووتان پێیان دەوتن! کە لێیان دەکردنە فەرز و ئەرکی سەرشان. جارێک هەڵوێستەیەکیان نەکرد کە ئایا ئەم سەرکردانەیان بەرەو چ گومڕاییەکیان دەبەن؟! هەموو سیفەتی خۆیانیان لەوەدا کۆکردبووەوە کە شوێنکەوتووی ئەو تاغووت و چەواشەکارانەن! ﴿إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا﴾! ئەم تەنازولکردنە لەوەی کە خوای گەورە پێی عەتا فەرمووبوون، ئەم شوێنکەوتنەیان بۆ تاغووتان، بۆ سەرکردە و پێشەوا و فەرمانەدەکانیان نەبووە عوزرێک خوای گەورە قبووڵی بێت (و بفەرمووێت: دەی گوناحن، قوڕبەسەرانە چی بکەن؟ خەتای بەرپرسەکانیان بوو!). ئەوەتا سەرئەنجام هەردوولایان لە یەک جێی ئاگری دۆزەخدان، (سبحان اللە)! سەرۆک و سەرکردە و فەرمانەدەکانیان کە لە دنیادا کردبوویانن بە شوێنکەوتووی خۆیان و بەرەو شیرک و کوفر و جاهیلییەتی خۆیانیان کێش دەکردن، ئەوەتا وا چارەنووسی خۆشیان و چارەنووسی ئەوانیشیان بەم کات و شوێن و سزایە گەیاندووە، چۆن لە دنیادا وەکوو کاوڕ و گۆلک و بزن پێشخۆیان دەدان، ئەوەتا ئاشکرابوو کە لە حەقیقەتدا بەرەو ئەم سزایەی دۆزەخیان کێش دەکردن، ئەوەتا وا لەژێر ئەشکەنجە و ژان و ناسۆردا ڕوو لە موستەکبیرەکانیان دەکەن: ئەرێ دە وەرن کەمێک سزامان لەسەر لا بدەن! دەستێک بدەنە

---

دەکات! بەچی بۆتە جەژن؟! سەیر ئەوەیە هەندێك (داعیی ئیسلامیی فیکری و سیاسی!) وازیان لە ئایەتی قورئان هێناوە و پەندی پێشینانیان کردووەتە ڕێباز!

کۆڵی قورسمان، خۆ ئێمە خۆمـان بـۆ ئێـوە دەفەوتانـد، لە دەورتـان دەگەڕایـن! نەماندەهێشـت دڕکێکتان بەپێدا هەڵچەقێت! ﴿فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا نَصِيبٗا مِّنَ ٱلنَّارِ﴾؟ هەر وەکـوو لە دنیـادا پێیان دەوتن کە ئێمە خاوەن هێز و دەسەڵاتین و ژیـان و ئەمانتـان بـۆ مسـۆگەر دەکەیـن، لای خواشتان بۆ مسۆگەر دەکەین! (شوێنمان بکەون گوناحتان بە ئۆبـاڵی ئـێمە! ئـێمە تەحەممـولی گوناحەکانتان دەکەین!)، بەڵام ئەوەتا هەریەکەیان بارەگوناحی خۆی لـێ بـووەتە بـارە سـزای دۆزەخ.

ئوممەتە موسڵمانە عەقائیدییەکە کە بەرەو لـووتکەی شـیاوێتیی خواویسـتی بەرز دەبێـتەوە؛ دەبێت زۆر سەربەرز بێت بە عەقیدەکەی و شانازیی پێـوە بکـات و بەرز و دوور ڕایگرێـت لە هەموو مەیدانێکی تەنـازول و سازشـکاری، دەبێـت بە عەقیـدەکەی ببینێـت و بە عەقیـدەکەی بزوێت. بە وەحیی خوای پەروەردگاری هەڵسوکەوت بکات و بە خوای خۆی پشـت ئەسـتوور بێت. دەبێـت تـاک و کۆیـان هەسـت بە عیزەتـی باوەڕەکەیـان بـکەن و بـزانن کە عیـزەت و دینداری هاوشانی یەکن، هاوتای یەکن، لازم و مەلزوومی یەکن. ئیمانداریتی بەبێ جوامێری و ئازایەتی نایەتە دی، هەر وەکوو کە جوامێری و ئازایەتی بەبێ ئیمانداری و پابەندبوونی شەرعی دەبێتە خۆ هەڵنان و خۆ لەدەستدان. جوامێری و دلێری و نەبەزیی موسڵمان لە ئاڕاستەی خوای (عزیز و حکیم)ەوە هاتووە. جوامێری و ئازایەتی و عیزەتی نەفس شتێک نین لاواز ببن، نەرم نابن و بۆ غەیری خوای گەورەش ناچەمێنەوە. دڵی ئیماندار کە بە خۆشەویستیی خـوای گەورە ئاودێری دەکرێت؛ لە هـیچ کـات و شـوێن و حاڵەتێکـدا ئەم سیفەتە ڕەسـەنانەی ئـازایەتی و ئازادی و جوامێریە بزر ناکات، مەگەر ئیمانەکە لاواز بووبێت و داکشابێتە خـواریٓ بـۆ ئاسـتی ترسنۆک و دەروونبەزیو و ژێردەستەکان. سروشتی ئەم سیفەتە (عیزەتی نەفس و جـوامێری و ئازایەتی) وایە کە ئیمان بەهێز دەبێـت؛ ئەمـیش دلێـرانە دەردەکەوێـت، کە ئـیمان لاواز دەبێـت؛ ئەمیش ترسنۆکانە مت دەبێت. عیـزەت و جـوامێری و ئـازایەتی سـیفەتی موسـڵمانە، سـیفەتی

پێغەمبەر و پێشەواکەیەتی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، سیفەتی خوای پەروەردگاریتی، بەڵام دەروون بەزیو و عیززەت پوواو و دووڕووەکان پەی بەم حەقیقەتانە نابەن: ﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾﴾ {المنافقون: ٨}. عیززەت: ورەبەرزی و زاڵبوونە، خوای گەورە دەسەڵاتداری زاڵە و هیچ مەخلووقێک نییە لەژێر ڕکێفیدا نەبێت. لەم دەسەڵات و عیززەتەوە لوتفی کردووە و فەیزی میهرەبانیی خۆی بە پێغەمبەرەکەشی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داوە، هەروەها بە موسڵمانانیش، بەڵام دووڕووەکان پەی بەمە نابەن و هەر وا دەزانن ئەم دینە سەرناکەوێت و موسڵمانان نابنە خاوەنی دەسەڵات، بەڵکوو ئەهلی کوفر و شیرک هەر وا بە دەسەڵاتداری دەمێننەوە، بۆیە هەر وا ڕەفتاری دووڕووانە دەکەن و ناگەنە حەقیقەتە عەقائیدییەکان تا دڵنیا بن کە سەرکەوتن هەر بۆ خوای گەورە و بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسڵمانانە.

ئەم سیفەتی عیززەتە کە زاڵبوون و هەبوونی دەسەڵاتی بردنەوەیە بە ڕەهایی، سیفەتی خوای گەورەیە و کەس بەشداری لەم سیفەتەدا نییە: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا﴾ {فاطر: ١٠}، واتا: «هەر کەسێک دەیەوێت دەسەڵاتدار بێت و زاڵ بێت، با لەوە دڵنیا بێت کە هەموو دەسەڵاتدارێتیی تەواو و زاڵبوونی گشتگیرانە ماف و سیفەتی خوای گەورەیە و بەس».

ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە پێویستە لە دڵ و هزر و ویژدانی موسڵماندا بچەسپێت، پێویستە یەقینی وابێت کە غەیری خوای گەورە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی نییە. کاتێک ئەم حەقیقەتە لای موسڵمان دەچەسپێت و دەبێتە بەڵگەنەویست؛ کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر دید و بزاوت و هەڵوێستی دەبێت، هەموو هۆکار و پاڵنەری ڕووداوەکان بەم حەقیقەتە پێناسە دەکات، هەموو ڕووداوێکی ململانێکە بەم حەقیقەتە دەکێشێت و دڵنیا دەبێت کە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ورەبەرز و جوامێر و زاڵ بێت؛ پێویستە خواویستییەکەی بەهێزتر بکات، پێویستە لە خوای گەورە داوا بکات کە خۆی خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها و توانای بێسنوور و زاڵی بێ هۆکارە،

زاڵبوون بەدەست غەیری خوای گەورەوە نییە، لە لای هیچ مەخلوقێک نییە و پەیویست بە هۆکاری هیچ مەخلووقێکەوە نییە: ﴿فَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ جَمِيعًا﴾. ئەمەش یەکێکە لە حەقیقەتە عەقائیدییە سەرەتاییەکان کە دەبێت لای موسڵمان ببێتە بەڵگەنەویست، کاتێک دەبێتە بەڵگەنەویست هەموو پێوەرەکان دەگۆڕێت، شیکار و تەقدیرکردن و بڕیار دەگۆڕێت، دید و ڕووانگەی بەها و نەریتەکانیش دەگۆڕێت. جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە لە ناخی موسڵماندا زۆر شتی لا ڕاست دەکاتەوە، لە دید و ڕێ، لە ڕەفتار و ڕەوشت، لە بزاوت و هەڵوێست، لە پەیوەندیی دۆستایەتی و دوژمنایەتی، لە شێواز و هۆکاری کۆمەڵکاری. ئەو ساتەی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە بە وەسف و سیفەتی خۆی لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی موسڵماندا دەچەسپێت؛ دەیکاتە خاوەن هێزێکی وا کە لە هێزی هەردوو دنیا ناترسێت، باکی بە کەس نابێت و سڵ لە هیچ دوژمندارییەک ناکاتەوە کە ئەهلی شیرک و کوفر و جاهیلییەت بەرامبەری ڕایدەگەیەنن، ئاوا جوامێر و ئازا و بە جەرگ پەروەردە دەبێت، ئاوا دلێر و نەبەز و کۆڵنەدەر دەردەچێت، ئاوا خۆگر و بە ئارام و پشوودرێژ ڕێ دەبڕێت، نە دەکەوێتە گومان و ڕاڕاییەوە، نە دەکەوێتە دڵەخورپە و ترس و بیمەوە، دید و ڕێی ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوی خۆی دەبڕێت، ڕێگا و بەرنامە و ئامانجی دیاری خۆی لەبەرچاوە و دڵنیایە کە هیچ ڕێباز و بەرنامە و ئامانجێکی تری نییە، لەڕاستیشدا هەر وایە، هیچ ڕێگایەکی تری نییە بگاتە ئەو ئامانجەی خواویستییە جگە لەم ڕێگایەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی بەڕێزی خوا لێیان ڕازی بێت گرتیانە بەر. ئەمە عیززەتی نەفسە، ئەمە هەستی جوامێری و سەربەرزی و هێزی خواناسی و پشت بەخوابەستنە. ئاوا موسڵمانی عەقائیدی سەری بەرزە و بۆ غەیری خوای گەورە نەویی ناکات، ئاوا قایم و پتەو و جێگیرە و ڕەشەبای ستەم و دەستدرێژیی تاغووتان نایهەژێنێت، ئاوا تەحەممولی هەموو کارەسات و ناسۆر و نارەحەتییەکی دژوار دەکات، ئاوا دەتوانێت لە هەموو بارودۆخێکی جاهیلییەت و لەژێر تین و فشاری هەموو تاغووتێکدا کۆمەڵکارانە بانگەوازەکەی

خوا بگەیەنێت، ئاوا باکی بە هێزی حکوومەتان و لەشکری دەوڵەتان نابێـت، ئـاوا حسـاب بـۆ هیچ هێزێکی سەرزەمین ناکات، بۆچی؟ چونکە دڵنیایە خوای گەورە خاوەنی هەموو عیزەت و دەسەڵاتێکی زاڵبوونە. هەستی زاڵێتی و جوامێری و ئـازایی حەقیقەتـێکە و لە دڵ و دەروونـدا دەچەسپێت، لە هزر و هۆشدا جێ دەگرێت، لە ویژدان و هەسـتدا دەبێـتە عیـزەت و بێبـاکی، پێش ئەوەی ببێتە بزاوت و هەڵوێستی بەرچاوی خەڵکی، حەقیقەتێکە کە جێی خۆی بەتەواوی دەگرێت، خاوەنەکەی خۆی زۆر لەوە بە گەورەتر و باڵاتر دەزانێـت بـۆ غەیـری خـوای گەورە بچەمێتەوە، ئەستەمە زەلیلی قبووڵ بکات، مەحاڵە ژێردەستە بکەوێت، چـونکە سـەرەتا بەسـەر نەفسی خۆیدا زاڵ بووە، نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی هەواوهەوەس و حەزی لادان، توانیوێتی ئارەزووەکانی خۆی ژێردەستە بکات و هەموو حەزێکی خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی خـۆی، بەسـەر هەموو ترس و دڵە لەرزییەکدا زاڵ بووە، ویست و ئیرادەی ئەوەندە جوامێرانە ئاڕاستە کـردووە کە نەیهێشتووەتەوە بۆ تەمەنێکی ئیزافی! -کە بە دەست غەیری خواش نییە- تەنازول لە ئازادی و ڕێزی مرۆیی خۆی بکات، نەفسی خۆی لەسەر تەنازول ڕانەهێناوە، چاوی بە بەرتیل و پلە و پایە پێ بەخشین نەشکێنراوە، زانیوێتی ئەو عەقیدە خواویستییە و ئەو نوورە خواییە و ئەو ڕێباز و بەرنامە وەحییەی هەیەتی زۆر زۆر لەوە گەورەترە لەگەڵ هەر هەموو مـوڵکی دنیـادا بەراورد بکرێت، جا ئیتر چۆن بۆ پشکێکی فەنای دنیایی تەنازولی لـێ دەکـات؟! ئەم ئیمانـدارەی ئـاوا بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بووە (کە نە پلە و پایە و ناوداری، نە موڵک و سامان و خـاوەنێتیی، نە ئـافرەت و چێـژی جەسـتە، ڕایاننەکێشـاوەتە بـرواری خۆیـانەوە)، ئەمە چـۆن وەکـوو ئەو کەسانەیە کە نەفس زەلیلی کردوون؟ پلە و ناوداری چاوی شکاندوون، موڵک و سامان چاوی شۆڕ کردوون و چێـژی جەسـتە (پۆشـاک و خـۆراک و جـنس) ڕایکێشـاونەتە نـاو سـەودای موساوەمە و شلگیرییەوە؟! مەگەر هەر ئەمانە نـین کە چـۆک بە خەڵکـی دادەدەن؟ بەدی هەر ئەمانەن: حەزن یـان ترسـن یـان نەزانینـی حەقـیقەت! ئـێ ئەم لە تـاقیکردنەوەی هەموویانـدا

دەرچـووە و بەسـەر هێـزی کاریگەریانـدا زاڵبـووە، ئـا ئەمە هێـز و دەسـەڵاتە، ئەمە زاڵبـوونی حەقیقییە، ئەمە سەرەتای شیاوێتیی دەسەڵاتداریی شەرعییە، ئەمە زاڵبوونە بەسەر هەموو هۆکار و پاڵنەرێکدا کە بۆ لای غەیری خـوای گەورە پـاڵ دەنێـت. ئەو کەسـەی لە هێـزی ڕاکێشـانی نەفس و حەز و ئینفیعالاتەکانی دەرچـووە و سەرڕاسـتانە بـۆ خـوا لێبـڕاوە و دینـدارێتییەکەی لەسەر حەقیقەتە عەقائیدییەکان دامەزراندووە، ئەم کەسە بەڕاستی عەبدایەتی بۆ خوا دەکـات، کە تەنها ملکەچی ئەوە و گوێڕایەڵی ئەوە و ژێردەستە و زەلیلی بەردەسـتی ئەوە و بەس. ئـا بەم عەبدایەتییەی بۆ خوا ئازاد بووە، خاوەن ویسـت و ئیـرادەی سەربەسـتە، جـوامێر و ئـازا و بە جەرگە، زاڵ و بـێ بـاک و چاونەترسـە، ئەمە ئەم عەبەدایەتیکـردنەیە بـۆ خـوای گەورە کە کردوویەتی بەو هێزەی بەرەنگاری هەموو فاک و فیک و چەواشەکاریی جاهیلییەت دەبێتەوە و خۆی لەبەر هەموو جۆرە ناسۆر و کارەسات و فشارێکدا دەگرێت.

## بڕگەی دووەم: ترسنۆکی لە شەیتانەوەیە

عەقیدە لە دڵ و دەروون و بەها و نرخی ژیانی موسڵمانی خواویستدا هەموو شتێکە، هیچ شتێک لە دنیادا نییە بیگاتێ، هیچ شتێک بە قەدەر عەقیدەکەی پیرۆز و گرنگ و بەنرخ نییە، لە ژیانیشیدا غەیری عەقیدەکەی هیچ ئاوات و هیوا و ئامانج و مەبەستێکی تری نییە تا لە عەقیدەکەی زیاتر هەوڵ بۆ هێنانەدییان بدات، موسڵمانی سەرڕاست و داعییانی ئیسلام و خواویستانی ئوممەتی عەقائیدی بۆ عەقیدەکەیان دەژین، لە پێناو سەلامەتی و سەلماندن و چەسپاندنی ئەوەشدا دەژین، هیچ شتێکیان بۆ خۆیان ناوێت، خۆشیان بۆ عەقیدەکە دەوێت، هیچ شتێک بۆ خۆیان پاشەکەوت ناکەن کە بزانن عەقیدەکەیان پێویستێتی، هەموو شتێک لە خزمەت ئەو دایە (ئەمە حەقیقەتی واقیعی موسڵمانی سەرڕاست و دینداری خواویستە نەک پەخشانی ئەدەبی)، ئەمە وەسفی ئەو حاڵەت و دیمەنەیە کە حەقیقەتە عەقائیدییەکان لە سەرەتای چەسپاندنیانەوە لە ناخی موسڵماندا وێنای دەکەن و لە واقیعی ڕەفتار و ڕەوشت و بزاوت و هەڵوێستیدا نیشانی دەدەنەوە، ئەمە ڕاگەیاندنی لەدایکبوونی ئەو هێزە ئیمانییەیە کە ئەم عەقیدە ئیسلامییە لە ناخی شوێنکەوتووانیدا ڕواندوویەتی، ئەو هێزەیە کە لە ناخی تاکەکانیدایە و بە خوای گەورەوە پەیوەستە، ئەمە بەهۆی ئەوەی کە موسڵمانە سەرڕاستەکان ناترسن، چونکە تەنها لە خوا دەترسن و بەس، چونکە خوای گەورە خاوەنی هێزی حەقیقییە و هەر ئەویش بکەری حەقیقیی هەموو ژیان و مردن و بزاوت و سەروەتێکە، هیچ ڕووداوێک بەبێ ویستی ئەو نابێت، ئەمە وای کردووە موسڵمانە خواویستە عەقائیدییەکان لە خەڵکی نەترس: ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ١٧٣﴾ {آل عمران: ١٧٣}، واتا: «ئەوانەی کە خەڵکی پێیان دەوتن وا خەڵکێکی زۆر خۆیان بۆتان کۆ کردووەتەوە، ئاگادار بن، بە حەزەر بن، سڵیان لێ بکەنەوە و خەمیانتان لەبەر بێت. بەڵام ئەمانە ئیمانیان بەوە

زیادی دەکرد، دڵنیا بوون ئیدارەی ململانێکە بەدەست خوای گەورەیە، بۆیە دەیانوت: خوامان بەسە، بەڕاستی ئەویش چاکترینە کە خۆی تەسلیم بکرێت و کاروباری پێ بسپێردرێت».

ئەوە شەیتانە کە شوێنکەوتووەکانی خۆی بە ئازا و بەهێز و دلێر نیشان دەدات، پۆشاکی دەسەڵات و توانای فشەڵیان پێوە بپۆشێت، تا خۆ گیف بکەنەوە و بە فشە بێن و بچن و خۆ بنوێنن! ئەوە شەیتان وا دەخاتە دڵی خەڵکیەوە کە ئاگادار بن، ئەوانە خاوەن هێز و دەسەڵاتن، ئەگەر بزانن ئێوە لێیان ناترسن پەلامارتان دەدەن، ڕاتان دەفرێنن و تەفروتوناتان دەکەن! ئەوە شەیتانە وا لە دڵ و هزر و هۆشی خەڵکیدا دروست دەکات کە گوایە ئەوانە دەتوانن هەر کەسێکیان بوێت ڕایفرێنن و هەر کەسێک بخوازن زیانی پێ بگەیەنن یان سوودی پێ بگەیەنن؛ دەیکەن و کەسیش ناتوانێت ڕێیان لێ بگرێت! ئەوە شەیتانە وا لەو خەڵکە دەکات کڕ بن، خپ بن، تەسلیم بن، حەقیان نەبێت بەسەر ئەو خراپەکارییەوە کە لە ناوچەکەدا بڵاو دەبێتەوە، هەوڵ مەدەن یاخی ببن و هەڵگەڕێنەوە و شۆڕش دژی دەسەڵاتدارانی جاهیلی بەرپا بکەن! ئەوە شەیتانە بە خەڵکی دەڵێت نارەزایی دەرمەبڕن[1]، ڕەخنە مەگرن، هەوڵی ڕاوەستانی خراپەکاران مەدەن، ئێوە حەقتان چییە بەسەریانەوە، خۆ ئێوە بەرپرس نین[2].

ئەوە شەیتانە وا بە خەڵکی دەڵێت، چونکە بەرژەوەندیی شەیتان و شەیتانیزمەکان لەوەدایە، تا خراپە زیاتر ببێت و گومڕایی و کوفر و بێدینی زۆرتر بێت لە قازانجی شەیتانە، بەڵام خوای گەورە بە لوتفی خۆی ئەمە بۆ ئیمانداران کەشف دەکات و دڵنیاییان دەداتێ کە ئەوە نابێت ببێتە مایەی ترس و ورەبەردان: ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُواْ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ لَّمۡ يَمۡسَسۡهُمۡ سُوٓءٞ وَٱتَّبَعُواْ رِضۡوَٰنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَظِيمٍ ﴿١٧٤﴾ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمۡ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٧٥﴾﴾ {آل عمران: ١٧٣-١٧٥}،

(١) (دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە با نەیبات)! (مریشک خۆڵ بەسەر خۆیدا نەکات کەس خۆڵی بەسەردا ناکات)!
(٢) (بزن بە پێی خۆی و مەڕ بە پێی خۆی هەڵدەواسرێت)! (کەس ناچێتە قەبری کەسەوە)!

واتا: «ئەوانەی کە خەڵکی پێیان دەوتن وا خەڵکێکی زۆر خۆیانیان بۆتان کۆ کردووەتەوە، دێنە سەرتان، ئاگادار بن، خەمێکیان لێ بخۆن، بەڵام ئەمانە ئیمانیان بەوە زیاتر دەبوو، دەیانوت خوامان بەسە، بەڕاستی خوای گەورە شایانی ئەوەیە خۆمانی تەسلیم بکەین، چونکە باشترین پارێزەری ئەمانەت و وەکیلی سەرپەرشتیاری و چاودێری و پاسەوانیەتییە، بۆیە بەهۆی ئەم حەقیقەتەی ئیمانیانەوە، بە نیعمەت و فەزڵی خوای گەورە ئارام و هێمن و ئاسوودە وەستان و هیچ زیانێکیشیان تووش نەبوو، ئەمانە شوێن ڕەزامەندیی خوای گەورە کەوتوون و لەبەر خاتری ئەو بەرامبەر هەموو دژوارییەک دەوەستنەوە، خوای گەورەش خاوەن فەزڵ و چاکە و ڕەحمەتی بێسنوورە. ئەوە شەیتانە وا لە خەڵکی دەکات ورە بەردەن، شەیتان شەڕی واتەواتیان لەناودا دروست دەکات و تووشی دڵەڕاوکێیان دەکات، ئەو کەسەش کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری (پڕوپاگەندە)ی شەیتان هەر ئەوانەن کە لە پڕۆژەی شەیتانیزم دان و شوێنکەوتەی ئەون! ئێوە لێیان مەترسن، ترسی خواتان لە دڵدا بێت، ئەگەر ڕاست دەکەن و موسڵمانن هەر لە خوای گەورە بترسن و بەس»[١].

شەیتان بەرژەوەندیی لەوە دایە کە باتڵ لە دەسەڵاتدا بێت و شەڕخوازی تەشەنە بکات، هەوڵی ئەوە دەدات کە دەسەڵاتدارانی باتڵ و تاغووتان هەمیشە وا دەرکەون کە بەهێزن و خاوەن چەک و دەزگای داپڵۆسینن، کەس ناتوانێت لە ڕوویان هەڵگەڕێتەوە، کەس ناتوانێت لە بەرامبەریاندا بەرگری لە خۆی و ماڵ و منداڵی بکات، بەرهەڵستکارانیان هەر تووشی نوشوستی دەبن و ئەوانیش ڕقئەستوورانەتر حوکم دەکەن. شەیتان خاوەن بەرژەوەندیی

---

(١) سەرنج بدە شێوازی ئاراستەوانێتیی قورئان لە چۆنییەتیی پەروەردەکردندا. دەرفەرمووێت ئەو شەڕی واتەوات و پڕوپاگەندانەی بەناو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە تا موسڵمانان تووشی ترس و بیم ببن و سڵ لە کافران بکەن و بەرەنگاریان نەبنەوە؛ هەمووی لە شەیتانەوەیە، بەڵام ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە دەبوو ئەم کارەی شەیتان شەیتانیزمەکانی خۆی پێ بەهێز بکات و ورەیان بەرز بکاتەوە، کەچی هەر خۆی دەبێتەوە بە مایەی دەروونبەزین و شکستهێنان و ورەبەردان! لە بەرامبەریشدا خوای خاوەنی خواویستەکان کە پشتیان دەگرێت، پیلانی شەیتان کەشف دەکات و بە موسڵمانانیش دەفەرمووێت شەیتانیزمەکان ورەیان بەرداوە، منیش خۆم پشت و پەناتانم و تەنها لە من بترسن، سوبحانەڵڵا هەر خۆی هەموو ئیدارەی ململانێکان دەبات بەڕێوە!

خـۆیەتی، ئەوە بەشـێکە لە سـتراتیژێتیی وجـوودی شـەیتان بـۆ گـومڕاکردنی خەڵکـی و دوورخستنەوەیان لە مەنهەجی پێغەمبەران سەلامی خوایان لـێ بێـت، چـونکە لەژێـر سێبەری ستەمکاری و دەستدرێژی و ترساندن و تۆقانـدن و ڕافڕانـدنی خەڵکـی و ئەشکەنجەدانیاندا؛ هەموو خراپەکاریەک، هەموو بێ دینییەک، هەموو شەڕخوازییەک ئەنجام دەدرێـت، گونـاح و تاوان و سەرپێچیی فەرمانی خودا زۆرتر دەبێت، دزی و زینا و حەرامخۆری دەبێتە دابونەریت و یاسا و دەستوور! ئەمانەش هەمووی پرۆژەی شەیتانین و ئامانجی ئەو دەهێننە دی. شـەیتان بەوە شادمان دەبێت کە چاکە گۆڕابێت بۆ خراپە و خراپەش بووبێت بە چاکسازی. چاوی بەوە ڕۆشـن دەبێـت کە دەبینێـت باتـڵ دەسـەڵاتدارە و تـاغووت و بکـوژ و حاشـیە و پێوەنـدە ملهوڕەکانیش خەریکی ڕاوڕووت و قاچانەوەن، خەریکی دەستدرێژی و خراپەکارین. شـەیتان بەوە شاگەشکە دەبێت کە هەست دەکات دەنگی حەق کپ و سـەدای حەقناسـی خەفە بـووە، وەحی کەنار خراوە و هزر و ژیری کارکەنارە و لا ناکرێت بە لایانەوە و، دادپەروەری شـتێکی واقیعی نەماوە و لەجێی ئەمانە دید و ڕێ و ڕەفتار و ڕەوشت و بەها و نەریتی شـەیتانیزم بـاوە، لەجێی خواپەرستی دەیـان (آلهـة، أنـداد، أربـاب، طواغیـت) دانـراون و دەپەرسـترێن، پیـرۆز ڕادەگیرێن، گیان و سامانیان بە قوربان دەکرێت، گوفتـار و ڕەفتـار و بڕیاریـان لەجێـی دیـن و شـەریعەتی خـوایە، حـاکمێتی لە دەسـت ئەوانـدایە و زۆر بە جـددیش مەشـغوڵی حەمـلەی ڕیشەکێشکردنی حەق و حەقخوازانن! کەسیش بـوێر نەمـاوە تـا لە ڕوویانـدا هەڵگەڕێـتەوە، هێزێکی کاریگەر نەماوە دژیـان بووەسـتێت، چـونکە تـاغووت هەمـووی تەفروتونـا کـردوون، هەمووی زیندان یـان شـاربەدەر کـردوون، ئەوانەی ماویشـن هەڵهـاتوون و لە حەشـارگادا بە مەحروومی هەناسە دەژمێرن! باتڵ دەسەڵاتی تەواوی گرتووەتە دەست و نەخشـەی شـیرک و کـوفر و جـاهیلییەت پیـادە دەکـات و کۆمەڵگـاکە ئاڕاسـتەی دوژمنـدارێتیی وەحـی دەکـات، خەڵکەکەش بەگشتی سەرگەردان بوون، تەفرەقەیان تێکەوتووە، جوامێران شەهید بوون یـان لە

زیندانن یان هەڵهـاتوون، زۆریـنەی جەمـاوەرەکەش پارسـەنگێتیی لەدەسـت داوە و عەوداڵـی پاروە نـانێکێتی و خـۆی لە ململانـێکە بـواردووە، مەلا و شـێخ و داعیـی دینفـرۆش بـوونەتە موختارە درۆزنەی هامان و، فیرعەون بە پیرۆز و حوکمی تاغووتی بە شەرعی دەناسێنن! حەق دیار نەماوە، هەرچی ڕۆژانە دەبینرێت لافاوی باتـڵ و لێشـاوی درۆ و شـاڵاوی شـەڕخوازییە، شەیتانیش کە دەبینێـت -بێ ئەوەی خـۆی دەرخـات- هەمـوو پرۆژەکـانی سـەرکەوتوون، لەو پەردەوە خۆشحاڵە، نەخشەی بەردەوامبوونی حـوکمی تـاغووت دادەڕێژێـت، پلانـی مـانەوەی بارودۆخەکە دادەنێت، لەبەرئەوە نادیاریشە ئاسان دزە دەکاتە ناو دڵ و دەروونی خەڵکەکەوە و هەر کەسێکیش گوێبیستی بێت دەیخاتە دڵەلەرزە و تارمایی تۆقاندنەوە، ئەوەندەی دەترسێنێت تا چـۆکی دەشـکێت و زراوی دەتەقێنێـت، ئیـتر نەک خاوەنویسـتی گۆڕانکـاری و جـوامێری بەرهەڵستکاری نامێنێت، بەڵکوو تەسلیم بە وەسوەسەکانی شەیتان دەبێت و دەکەوێتە پاڵانتە و پڕپاگەنـدەکردنیش کە بـارودۆخەکە هـی ئەوە نەمـاوە بە کەس بگۆڕدرێـت، بـۆیە باشـتر وایە لەگەڵیدا بسازێن! بەڵام لەم حاڵەتەی لاسەنگی و سەرگەردانی و دیدلێڵییەدا، لەم ورەبەردان و دەبەرێکراچوونە دژوارەدا کە موسڵمانانیش لاواز بوون، هێزی خـوای گەورە بە قەدەری خـۆی لە کات و شوێنی سازاوی خۆیدا تەدەخول دەکات و شەیتان بە ڕووت و ڕەجاڵی فەزح دەکات و نەخشـە و پـلان و پیلانەکـانی ئەو و تاغووتـانی هاوکـاری و کاربەدەسـتە سـتەمکارەکانیان ئاشکرا دەکات و حەقیقەتەکانی دەخاتەوە بەرچاو: حەقیقەتی مەڵبەندی هێز و خاوەنی هێـزی حەقیقی، حەقیقەتی ململانێ و خاوەنی نەخشەی خوایی، حەقیقەتی شەیتان و هاوسەنگەرانی، حەقیقەتی فاک و فیک و وەسوەسەکانی. ورەی ئیمانداران بەرز دەکاتەوە و لە مەعییەتی خۆی (وەلدابوونی خۆی) دڵنیایان دەکاتەوە، کە وەلیاندایە و ئیهمالی نەکردوون، بێخەمیان دەکـاتەوە و پێیان دەفەرمووێت لە کاربەدەسـتانی شـەیتان مەترسـن، وا نەزانـن ئەوان کـاریگەرن، ئەوان خاوەنی هێز و بکەری ململانێ و براوەن، لێیان نەترسـن، ئەوان زۆر ترسـنۆکن، لاوازن، ئەوان

تۆقیون لەو موسڵمانەی دینداریێتیی بەڕاستی گرتووە و باوەڕی دڵنیایانەی بە خوای پەروەردگـار هێنـاوە و پشـتی بە هێـزی لەبـن نەهـاتووی خـوای گەورە بەسـتووە. تاغووتـان لەم ئیمانـدارە عەقائیدیانە تۆقیون کە لە واقیعی ژیان و کۆمەڵکاری و بزاڤدا بوون بە ئەداتی قەدەری خـوایی و دەبزوێن!

ئەو هێزەی کە بەڕاستی دەبێت ترسی لێی هەبێت، ئەوەیە کە توانای سـوودگەیاندن و زیـان لـێ دووورخسـتنەوەی هەیە، کە هێـزی خـوای گەورەیە، ئەمە ئەو هێـزەیە کە موسـڵمان لێـی دەترسێت، نەک هێزی مەخلووقات. کاتێک داعیی ئیسلامی و پێشـڕەوی خواویسـتی تەنهـا لە خوای گەورە دەترسن، هەموو دوژمنانی خواویستی لێی دەترسن، چونکە ئەوەندە بەهێـز بـوون کە توندترین و بەهێزترین هێز و دەسەڵاتی سەرزەمین ناتوانێت بیانترسێنێت و دید و ڕێیان پـێ بگۆڕێت، نە هێزی دەگەنی شەیتان و نە هێزی دیار و ئاشـکرای شـەیتانیزمەکان، بـۆیە خـوای گەورە بەو خواویستانە دەفەرموویێت لێیان مەترسن، ترسـتان لە مـن بێـت و بەس: ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾﴾ {آل عمران: ١٧٥}، ﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ﴾ {المائدة: ٣}.

قورئان بۆ ئەوە هاتووە کە حەقیقەتی هێز و بەهـا و پێوەرەکـان بناسـێنێت، خـوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بڕیاری بنبڕی خـۆی داوە کە یەک هێـزی کـاریگەر لەم (وجـوود)ەدا بـوونی هەیە، ئەویش هێزی خوای گەورەیە و بەس. یەک بەها و پێوەریش هەیە کە گرنگ و کاریگەرە ئەویش باوەڕە، بۆیە هەموو ئیمانداران لەوە بێخەم دەکات کە ئەگەر خواتان وەلدا بوو ترستان لە هـیچ نەبێـت، خـوای گەورەش کاتێـک وەلتانـدا دەبێـت کە بـۆ ئەو سـوڵحابن و بـزاوت و هەڵوێستتان بۆ ئەو و بەگوێرەی ئاڕاستەی ئەو بێـت، هەر کەسـێک خـوای گەورەی وەلـدابێت باکی بە چی دەبێت؟ بە هیچ، جا با هێزی بازوو، تفـاق و چەک و سەربازیشـی کەم بێـت یـان هەر نەبێت. کەسێک پشتی بە هێز و توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە بەستبێت؛ حەتمەن هـێمن و ئاسوودە و ئارامە. کەسێکیش خوای گەورەی وەلدا نەبێت و دژایەتیی خوای گەورە بکـات؛

هیچ گومانی تێدا نییە کە پەشێو و ئـاڵۆز و نەسرەوتـووە، بـێ هـودە عەوداڵـی ئەمـن و ئەمـان دەبێت. کەسێک بە ئیماندارى بە خواى گەورەوە پەیوەست بێت بە تەئکید باکی بە هیچ نابێـت، ئەوى ئیماندار نییە بەردەوام لە خەمدایە چونکە دەزانێت هیچ شـتێک نیـیە هێمنـی و سرەوتـی بداتێ.

جیهادکردن لەپێناو خوادا بۆ سـەلماندن و چەسـپاندنی مەنهەجـی خـواى گەورەیە لەسـەر زەمیندا، هەروەها بۆ سەلماندن و چەسپاندنی حاکمێتیی خواى گەورەیە (کە مافی یاسـادانان و حوکمڕانی و داوەریکردنە) و ڕاپەڕاندنی شەریعەتەکەیەتی لە هەموو لایەنەکانی بووارى ژیانی تاک و کۆى کۆمەڵگـا و دەوڵەتـدا، بـۆ بەختەروەرکردنـی مرۆڤـایەتی و مسـۆگەرکردنی نـان و ئەمانیـانە. وەسـف و سـیفەت و ئەرکـی ئـوممەتە موسـڵمانە عەقائیـدییەکە کە خـواى گەورە هەڵیبژاردوون و ئاڕاستەى کردوون و کردوونی بە ئەداتـی قەدەرى خـۆى لەسـەر زەمینـدا؛ تـا ئەوەیان پێ بهێنێتە دى کە خۆى دەیەوێت بۆیان.

ئەم جیهاد و ئەنجامە کە سەلماندن و چەسپاندنی حاکمێتییەکەى خواى گەورەیە لە هەمـوو کات و شوێن و نەوەیەکی مرۆڤایەتیدا؛ بەرهەڵستکارى هەبـووە، ئەم بەرهەڵسـتکارانە حەتمەن ئیسلامیان قبووڵ نییە و وەرى نـاگرن و تەسـلیمی نـابن، حەتمەن دژى دەوەسـتنەوە و هەوڵـی وەسـتاندن و ئیلغـاکردنەوەى دەدەن ئەگەر بتـوانن. خەڵکانێـک کە دەسـەڵات و سـامانی زەوتکراویان لە باب و باپیرانیانەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، چۆن وا بە ئاسانی تەسلیم بە ئیسـلام دەبن بیانهێنێتە خوارەوە و مـاڵ و سـامانی زەوتکـراوى خەڵکیـان لـێ بسـێنێتەوە. ئەوان کە بە چەواشـەکارى و فریـودان و هێـز و ڕاپسـکان خـوایەتیی خۆیـان بەسـەر خەڵـکەکە داداوە و حاکمێتیی خوایان بۆ خۆیان بچڕیوە و بە نـاوى بەهـا پیرۆزەکـانەوە دەدوێـن و حـوکم دەکەن، چۆن هەر وا لێ دەگەڕێن فەزح بکرێن و لە هێز و دەسـەڵات دامـاڵێنرێن و ڕووت و ڕەجـاڵ و کەساس بکەونە ڕیزى خەڵـکەوە؟! کاتێـک بـانگەوازى خواویسـتی ڕادەگەیەنرێـت کە کەس

مافی حاکمێتیی نییە، ئەوە شەیپووری مان و نەمانە، چونکە تاغووتـان یەکەسـەر دەزانـن ئەوە داڕنینی دەسەڵات و سامان و ناوبانگ و پیرۆزێتـی ئەوانە، بـۆیە بە تەئکیـد زۆر سەرسـەختانە دژی ئەو بانگەوازە و پێشـڕەوان و شـوێنکەوتوانی دەوەسـتنەوە و زۆر بـێ ڕەحـمانە ڕەفتاریـان بەرامبەر دەکەن، چونکە دەزانن سەرکەوتنی بانگەوازەکە واتا فەوتانی ئەمان، نەمانی پلە و پایە و ناوداری، لەدەستدانی دەسەڵات و سامان و خاوەنێتی.

لە هەمان ڕیزی بەرهەڵستکاراندا (کە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان و مشەخۆرە ئابووریەکانن، هەروەها چەواشەکارانی دیـن (واتـا فیـرعەون و قـاڕوون و هامـان)) ئەهلـی هەواوهەوەس و شڕەخۆر و داوێنپیس و دز و پیاوخراپانی تریش هەر دەبـنە هاوسـەنگەریان، بـۆیە پێشـڕەوانی ئوممەتە عەقائیدییە خاوەن بزاڤەکە دەبێـت هەر لە سـەرەتاوە ئەوە بـزانن کە بەرامبەریـان زۆر بەرفراوانە و جۆرەها چین و پـۆل و دیـد و ڕێـی لـێ کۆبـووەتەوە، بەڵام نە بەتـاک و نە دوای گەلەکۆمەکێیان جێی مەترسی نـین، بەڵام لە سـەرەتاوە هەسـت بە پـانوپۆڕیی بەرەی بەرامـبەر بکرێت کە ئەو هەموو بەرهەڵستکارەی لێ کۆ دەبێتەوە.

دینــی خــوای گەورە بــۆ ئەوە هــاتووە دوای خواناســین و خواپەرســتن و ســەلماندن و چەسپاندنی حاکمێتیی خـوای گەورە، تـاک و کـۆی خەڵـکەکەش لەسـەر کۆمەڵێـک ڕێسـای ڕەوشـتی و بنەمـای قییەمـی دابـونەریتی کـۆمەڵایەتی پەروەردە بکـات، بە پـاڵفتەکردنی دڵ و دەروونیان، بە پارسەنگکردنی ڕەوشتیان، بە دیاریکردنی ماف و ئەرک و دەسـەڵات و ئادابیـان. پاشان ئەو کەسانەی بە قسەی خۆش گۆش نابن و لاسار و چەقاوەسـووانە گـوێ بە فەرمـانی خوای گەورە نادەن، ئیسلام سزایان بـۆ دیـاری دەکـات، سـزا لە دیـد و تێـڕوانین و عەقیـدە و فکریان نا، بەڵکوو سزا لەسەر ڕەفتارێک (گوفتار و کردار) کە لێیانەوە دەردەکەوێـت و زیـانی خەڵکی تێدا دەبێت، خوای گەورە دەیزانی کە هەموو جۆر و پۆل و چینێکی خەڵکـی ئەم دیـنە قبـووڵ نـاکەن، حەتمەن زۆر هەن ڕەفـزی دەکەن و لێـی پشـتپەل دەکەون و بەرهەڵەسـتی و

دژایەتیشی دەکەن، لەوانەی نایانەوێت سایەی خێرخوازی بەسەر خەڵکیدا بکشێت، نایانەوێت خەڵکی لە سێبەری دادی خواویستیدا پارسەنگ و ئەمان بژین، چونکە خۆیان شەیتانیزمن و پرۆژەی شەیتانییان پێیە و سوورن لەسەر ڕاپەڕاندنی. خوای گەورە دەیزانی ئەم بانگەوازەی دادی خواویستییە لە لایەن هەموو خاوەن هەواوهەواوس و سامان حەرام و دەسەڵاتی زەوتکراووەوە دژایەتی دەکرێت، حەتمەن دەبێت لەم حاڵەتەدا داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی کە بانگەوازی خوایان پێ سپێردراوە، دەبێت ڕووبەڕووی ئەم لایەنە بەرهەڵستکار و ناحەز و دوژمنانە ببنەوە و خۆ لەبەر تین و فشار و تەوژمیاندا بگرن، دەبێت تەحەممولیان هەبێت و ئامادەبن گیان و ماڵ و کات و سامانیان لەو ڕێیەدا هەرزانبەخت بکەن، نابێت تین و فشاری ئەو دژومنانە هەرچەند زۆریش بێت ئەمان چاوترسێن بکات! ﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ﴾.

ئەمە ڕێگاکەیە، ئەمە بزاوت و هەڵوێستی پێویست و شیاو و کاریگەرە، نابێت ترسان لە خەڵک ببێتە بەربەستی ڕێی سەلماندنی بانگەوازەکە و چەسپاندنی شەریعەتەکەی. جا ئەو خەڵکە لە هەر پۆلێکی بەرهەڵستکارەکان بن:

- چ ئەوانەی دەسەڵاتی حاکمێتیان زەوت کردووە و خۆیان لە خەڵکەکە کردووەتە خوایان، کە بانگەوازی خواویستییان لەبەر ئەوە پێ ڕەفز دەبێت چونکە دەسەڵاتەکەیان لە دەست دەردەهێنێت، بۆیە ئامادە نین نە بە بانگەوازەکە ڕازی بن و نە بشهێڵن شەریعەتەکە بچەسپێنرێت و سەروەریی یاسا بۆ شەریعەتی خوا بێت.

- چ لەو کەسانەی تر بن کە ماڵ و سامان و خێروبێری وڵاتیان زەوت کردووە و بە ناهەق ماشیویانەتەوە و هەموو کان و سامانێکیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە کە ناهێڵن بانگەوازی خوا سەربگرێت و شەریعەتی خوا بچەسپێنرێت، چونکە سامانە دزراوەکەیان لە دەست دەردەهێنێتەوە.

- چ لەو جەڵەبە جەماوەرگەلە چەواشەکراو و گومڕایە بن کە نقومی هەواوهەوەس و حەرام و خراپەکاری کراون و وا دەزانن ژیان ئەو بەرەڵاییەیە.

ئەمانەش هەر نایانەوێت بانگەوازی خواویستی سەربگرێت چونکە پاڵنەری دەروون و پارسەنگی ڕەوشت و ڕاقیبوونی دابونەریت دەخوازێت، ناهێڵن شەریعەتی خوا بچەسپێنرێت چونکە ڕێگا لە حەزە مونحەریفەکانیان دەگرێت، بۆیە دەشێت ئەمانە پێکەوە بەرەیەک دروست بکەن و بکەونە گەلەکۆمەکێ لە ئوممەتە عەقائیدییەکە، یان هەریەکەیان بەرەیەکی سەربەخۆی دوژمنداریێتی بەرامبەر ئەو ئوممەتە و بزاوتەکەی بکاتەوە. نابێت هیچ یەکێ لەمانە -بە تەنها یان پێکەوە- ترس لە دڵی موسڵماندا دروست بکەن و سڵی پێ بکەنەوە تا لە سەلماندن و چەسپاندنی شەریعەتی خوا دواخات، چ جای ئەوەی لێیگەڕێت! نابێت داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی ترسی ئەمەیان لە دڵدا هەبێت، ئەمانە دەبێت هەر لە خوا بترسن و بەس. لەوانەیە لەم دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستەیاندا (موسڵمان)یان زۆر بێتە خزمەت! لەوانەی ورە ڕووخاون و دەستیان لەگەڵ ئەو سێبەرەیە (تاغووتانی سیاسەت و قاروونانی سامان و چەواشەکارانی هامانی) تێکەڵ بێت، یان بە حساب بەزەییان بە خەڵکە مونحەریفە (داماوەکە) دێتەوە کە (جاهیل)ن و هیچ نافامن! لەوانەیە مەلای ڕەسمی و شێخی تەریقەتە دەستەمۆ و داعیی وورە ڕووخاو و بەزیو بێنە لای سەرانی ئوممەتە عەقائیدییەکە کە ڕاستەوخۆ یان لاوەکی تاغووت ناردوونی، یان قارِوونیەکان داوایان لێکردوون، یان هامانیەکان فریویان داون تا بێنە لای ئەمان و داوایان لێ بکەن (سیاستمەدار)انە و (عاقڵانە) ڕەفتار بکەن و (بیانوو) نەدەنە دەست ناحەزان! لەکاتێکدا ئەم دۆڕاوانە خۆشیان زۆر چاک دەزانن کە ئەربابانی حوکم و دەسەڵادارانی جاهیلییەت فڕیان بەسەر ئیسلامەکەوە نەماوە، ئیسلامیان بەو سیفەتە گشتگیرەی تەوحیدەکە (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت) نایەوێت. چاک دەزانن تاغووتانی وڵات حاکمێتیی خوایان زەوت کردووە و خۆیان (لە یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریدا)

مومارەسەی دەکەن. ئەم دۆڕاوانەی تەمەلوق بۆ دەسەڵاتداران دەکەن و وەفـد پێـک دەهێـنن! (گوایە بۆ ڕێگرتنیانە لە فیتنە و شەڕی ئەهلی!)، ئەمانە وەفد نین، ئەمانە نـوێنەری تاغووتـانن، (دید و ڕێ و هەڵوێستی فیرعەون و هامان و قاڕوونیان هێناوە)، ئەمانە پێشتر دین و بانگەواز و حاکمێتیی خوایان وەل کردووە، دینـدارێتیی خۆیـان هەڕاج کـردووە و مەنـهەجەکەی خوایـان فرۆشـتووە: ﴿وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗا﴾ {البقرة: ٤١}. ئەمـان دەمـێکە لە پلەوپـایە و نـاوداری، بە مووچە و سامان و پوڵداری فرۆشتوویانە و لێبوونەتەوە! ئەو کاتە فرۆشـتوویانە کە لە حەنـای باتڵ و شەڕخوازیی تاغووتدا بێدەنگ بوونە، کە لە ترساندا خۆیان کڕ کرد و دواتریش کەوتـنە شەرعاندن و فەتوا فرۆشتن، لە تاغووت نزیک بوونەوە و دید و ڕێ و مەنهەج و هەڵوێستیانیان بە شـەرعی ناسـاند! لەبەرامـبەردا وەزیـفە و مـووچە و مەنسـەب و نـاو و پلەیـان پـێ درا. بەرژەوندییە گچکەکانیان بۆ هێنراوەتە دی بەرامبەر فرۆشتنی دینەکە، بەرامبەر کڕینـی یەقینـی دۆزەخ. خیانەتکردنیـان لە خەڵکانێـک کە بە ئەمـین دانرابـوون و ڕاسـپاردەیان لا دانرابـوو؛ ڕەفتارێکی زۆر دژوار و قێزەون و حەقیرە، چاوشۆڕییەکی گەورەیە. کەسانێک بووبن بە مەلا و شێخ و داعـی، بـووبن بە نـوێنەری موسـڵمانان و ڕاپەڕێـنەری دیـن، بە دەسـتپاکی بـانگەوازی ئوممەت و بزاڤ؛ ئاوا لە ڕێ لا بدەن، نەک هەر لە لا بدەن و بێدەنگ بووبن، بەڵکوو شیرک و کوفر و جاهیلییەتیشیان شەرعاندبێت! ئەمانە خۆی لەخۆیدا خیانەتێکی گەورەیە، بەڵام لەمیش بەدتر و حەقیرتر ئەوەیە کە بوونەتە نوێنەری تاغووت! بوونەتە پیاوانی دیـن (رجـال الـدین)ی ڕەسمیی مووچە و پلەوپایەی وەزارەت! ئەوانەی کە فەرزی سەرشانیشیان ئەوەبوو کە ئەم دینە ڕابگەیەنن و شەریعەتەکەی بسەلمێنن و بیچەسپێنن، ئەوەتا وا وەلیان کردووە! ئەمانە کە دەبـوو بەرگری لە موقەددەساتی ئیسلام بکەن وا بوونەتە سەگی پاسەوانی بەر دەرگای دەسەڵاتدارانی شیرک و کوفر و جاهیلییەت. ئەمانە کە دەبوو بەرگری لە حاکمێتیی خوای گەورە بکەن، ئەوەتا بەرگری لە حـاکمێتیی تاغووتـان دەکەن و سـەرباری ئەمەش ئـایەت و فەرموودەکـان دەخەنە

خزمەتی کافربوونی تاغووت و لەڕێلادانی خۆیان و باقی کاربەدەستانی دەوڵەت! دیـد و ڕێ و ڕەفتـار (گوفتـار و کـردار)ی ئەمـانە شـەو و ڕۆژ لە خـزمەت دەسـەڵاتدارانێک دایە کە دەستدرێژیان کردووەتە سەر حاکمێتیی خـوای گەورە و بـۆ خۆیانیـان زەوت کـردووە. داعیـی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی دەبێت زۆر لەمانە بە حەزەر بن، هیچ حساباتێک نە بۆ ئەمان و نە بۆ تاغووتان و کاربەدەستانیان و جەماوەرە جەلەبەکە نەکەن، سوور بن لەسەر جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی فەرزەکانی سەرشانی خۆیان و ڕاگەیانـدنی بـانگەوازی خواویسـتی، بانگهێشـتی خەڵکـی بـۆ تەوحیـد (ی پەروەردگـارێتی و، تەوحیـدی خـوایەتی و پەرسـتن و، تەوحیـدی حاکمێتیی خوای گەورە) و بـووێرانە ڕایگەیەنـن و ئازایـانە لە واقیعـی ژیـانەکەدا بە ئـوممەتە عەقائیدییەکەیانەوە لە بزاڤی گۆڕانکاری و ململانێی جاهیلییەتدا بن، ترسیان تەنهـا لە خـوای گەورە هەبێت و بەس، ئەمانە ئەرکی سەرشانیانە: ﴿ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخۡشَوۡنَهُۥ وَلَا يَخۡشَوۡنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَۗ﴾ {الأحزاب: ٣٩}.

لەم ڕووانگەیەوە خوای گەورە جیهادی لەسەر ئەم ئوممەتە فەرز کردووە، کەوابوو حەتمەن دەبێت داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی مشووری ئەو جیهادە بخۆن و بەرپای بـکەن، تا مەنهەجی خوای گەورە بسەلمێت و بچەسـپێت: ﴿يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ﴾ {المائدة: ٥٤}. ئەمە سـیفەتی ئەم ئـوممەتی عەقائیـدییەیە کە جیهـاد لەپێنـاو خـودا دەکەن و لە لـۆمەی لۆمەکاران ناترسن، چ باکێکیان بە ڕەخنە و قسە و قسەلۆکی خەڵکی نییە. لەپێناو خـودا -نەک لەپێنـاوی خۆیانـدا- جیهادیـان بەرپـاکردووە. لەپێنـاو خـودا -نەک لەپێنـاوی گەلەکەیانـدا- جیهادەکەیان ڕاگەیاندووە. لەپێناو خودا -نەک لەپێناوی نیشتیمان و توخم و ڕەگەزی خۆیانـدا- جیهادەکەیـان مومارەسـە کـردووە. لەبەر خـاتری خـوای گەورە، بـۆ سـەلماندن و چەسـپاندنی مەنهەجی خوای گەورە لەسەر زەمیندا، بۆ چەسپاندنی حاکمێتیی خوای گەورە و سەرووەرێتیی دەسەڵات و شەریعەتەکەیدا، بـۆ ئـازادکردنی مـرۆڤ و بەختەوەرکردنیـان بە هێنـانەدیی نـان و

ئەمان بۆیان، بۆ مسۆگەرکردنی خێر و خۆشی بۆ خەڵکی، هیچ مەبەستێکیان بۆ خۆیان تێدا نییە، بۆ هیچ پشکێکی دنیایی ڕەنجیان نەداوە، بۆ ناو و دەسکەوت و سامان و دەسەڵاتدارێتیی خۆیان جیهادیان بەرپا نەکردووە، بەڵکوو خالیسەن بۆ خوای گەورە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە هاوبەشێکی بە هیچ بڕ و ڕادەیەک تێدا بۆ دابنێن.

جیهاد لەپێناو خودا دەکەن و گوێ نادەنە لۆمە و گلەیی و خوتەخوتی خەڵکی، لە ڕەخنە و قسە و هەڵوێستی خەڵکی ناترسن، بۆچی بترسن؟ چ‌ا ئەو حاڵەتەی ئەو خەڵکەی تێدایە ئەوەندە جێی ڕێزە تا خەمی تێکچوونیان لێی هەبێت؟ ئا ئەو ژیانە کەمە بێ قەدرەی کۆمەڵگەی جاهیلی و بزاوتی ژێر چاودێریی تاغووت ئەوەندە گرنگ و بەڕێزە تا جیهادەکەی بۆ پەک بخەن و نەیکەن نەبادا ئەو بارودۆخە بشێوێت؟ مەگەر ئەمانە جیهادەکەیان بۆ گۆڕینی ئەو کۆمەڵگا جاهیلییە و دەسەڵاتە تاغووتییە ڕانەگەیاندووە؟ بەدی؛ جا ئیتر لۆمەی لۆمەکاران چییە تا ببێتە بەربەست؟ هەر ئەوە نییە موجاهید لایەک بکا بەلایەوە؟

موجاهیدێک بەپێی شەریعەتی خوای گەورە لەپێناوی ئەودا و بۆ سەلەماندن و چەسپاندنی حاکمێتیی ئەو جیهادی بەرپا کردبێت، دڵنیا بێت لەسەر مەنهەجی خوای گەورە دەڕوات، بۆچی گوێ بداتە گلەیی و گازندە و لۆمەی خەڵکانێکی بەرسێبەری تاغووت؟! ئەم کە جیهادی ڕاگەیاندووە تا مەنهەجەکەی خوای گەورە لەسەر زەمیندا پیادە ببێت، بۆچی لە خەڵکی بترسێت؟! کەسێک لە خەڵکی دەترسێت و حساب بۆ لۆمە و ڕەخنەیان دەکات کە بە وزەی ئەوان و بە ڕێپێدانی ئەوان و پشتیوان بەوان شۆڕشی بەرپا کردبێت. ئەم کەسە دەبێت دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست و ڕێباز و بەرنامە و پێوەر و ئامانج لە خەڵکیەوە وەربگرێت، نەک موجاهیدێکی خواویستی ئوممەتی عەقائیدی کە لەبەر خاتری خوای گەورە بەپێی ئاڕاستەی دینی ئەو، بۆ سەلەماندن و چەسپاندنی شەریعەتی دینی ئەو جیهادی بەرپا کردبێت، ئەم کە کۆمەک و لایەنگیری و پشتیوانی لە خوای خۆیەوە وەردەگرێت؛ چ باکی بە لۆمە و قسەی

خەڵکی هەیە؟ هەر کەسێک بن، بارودۆخیان هەرچۆنێک بێت، دەسەڵات و دەستوور و شارستانێتییان هەرچییەک بێت، کلتوور و ڕۆشبیری و زانیاریان هەرچەند و چۆنێک بێت.

ئێمە کاتێک خۆ ناچار دەکەین حساب بۆ دید و هەڵوێستی خەڵکی بکەین. حساب بۆ لۆمە و ڕەخنە و قسەیان بکەین، بارودۆخ و ڕەفتار و داب و دیدی خەڵکی بە هەند وەردەگرین و کاتێک بزاوت و هەڵوێست و هێز و ڕێزیان ڕەچاو دەکەین، پێوەر و هەڵسەنگاندن و قییەمیان وەردەگرین کە ئەسڵەکەی خۆمان بیرچووبێتەوە، یان لێی بێئاگا بووبین، یان شلگیرانە گرتبێتمان! ئەمەش نابێت. ئێمە کە دڵنیابین بەپێی مەنهەجی خوای گەورە بزاوتمان کردووە و پابەندین بە فەرمانی ئەوەوە و ڕێباز و بەرنامە و ئامانجی بانگەوازەکەی ئەومان گرتبێتە بەر و جیهاد بۆ حاکمێتیی ئەو بگەیەنین؛ ئیتر چۆن دەلوێت لەبەر خاتری لۆمە و گلەیی و قسەی خەڵکی، دید و ڕێ یان بزاوت و هەڵوێستمان بگۆڕین؟!

داعیی ئیسلام و پێشڕەوی خواویستی کە باوەڕ و یەقینی بەوەیە کە تەنها مەنهەجەکەی خوا حەقە و هەموو دید و ڕێیەکی تر باتڵە، با ملیۆنەها ملیۆن کەسیش گرتبێتیانە بەر و پەیڕەویشی لێ بکەن، با نەوەکانی چەندین سەدەی مرۆڤایەتیش لەسەری ڕێکەوتبن، مادام مەنهەجی خوا نییە؛ باتڵە، موسڵمان حسابی بۆ ناکات. موسڵمان لا ناکات بەلای دۆستێکی بەزیوەوە، یان ناحەزێکی دووڕووی قەرەچەناغەوە، یان دوژمنێکی چەواشەکارەوە کە بڵێت ئەمە مەنهەجی شیاوی کۆمەڵگا و دەوڵەتی مرۆڤایەتییە و ئەوەتا سەدان وڵات و ناوچە کردوویانە بە مەنهەجی کۆمەڵگای خۆیان و ژیانی پێ ئاڕاستە دەکەن. ئەمانە هیچ کاریگەریان لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئوممەتی موسڵمانی عەقائیدی نابێت، چونکە ئەو دید و ڕێ و بەرنامە و ئاڕاستەیە مادام لە وەحیی خوای گەورەوە نەهاتووە و لەگەڵ شەریعەتی خوادا یەک ناگرێتەوە، هیچ نرخێکی نییە، نابێتە پێوەری موسڵمان و بارودۆخی تاک و کۆی موسڵمانانی لەسەر بنیاد نانرێت، چونکە جاهیلییەتە، لە دید و ڕێی ئوممەتە موسڵمانە عەقائیدییەکە دوورە.

کاتێک دید و ڕێ و ڕێسای ڕەوشت و بنەمای نەریت و ڕێباز و بەرنامە و چۆنییەتی کـار و ئیـدارەی، یـان بـارودۆخ و ئاڕاسـتەی گەشـە و نەشـونمای، یـان یاسـا و ڕێسـا و دەسـتوور و سیستمێکی قبووڵە؛ کە لەگەڵ دینەکەی خوادا گونجاو بێت و بچێتە قاڵبی ڕێسا شەرعیەکانەوە، دەنا هیچ. لەم ڕووانگەوەیە کە دەبێت موجاهیدانی ئوممەتە عەقائیدییەکە جیهادی خۆیان بەرپا بـکەن و بەردەوام لەبەر خـاتری خـوای گەورە مومارەسـەی بـکەن و لا نەکەن بەلای لـۆمە و گلەیی و قسەی خەڵکیەوە، حساب بۆ پێوەر و بەها و هەڵسەنگاندنی خەڵکـی نەکەن و باکیـان لە هیچ نەبێت و نەترسن. ئا ئەمە دیارترین سیما و سیفاتی ئەم ئـوممەتە موسـڵمانە عەقائیـدییەیە کە بـزاڤەکەی (بـانگەواز و جیهـاد)ەکەی لەبەر خـاتری خـوای گەورەیە و بـۆ سـەلماندن و چەسپاندنی دینەکەی ئەو ڕاگەیاندووە و ترسی لە غەیری خوای گەورە نەبووە و نابێت.

دڵی ئیماندارن دەبێت ئەوەندە قایم بێت، ئەوەندە بە حەقیقەتە عەقائیدییە بەڵگەنەویسـتەکان جۆش درابێتەوە، کە هەر هەموو هێزی دنیا بێنە وێزەی لێیان نەترسێت، هیچ هێزێکی بەشـەری نەبێت چاوشکێنی بکات، چونکە دڵی موسڵمانی خواناس و بۆ خوا لێبڕاو، بە خوای خاوەن هێز و توانا و دەسەڵاتی بێوێنەوە پەیوەستە کە توانای بەسەر هەمـوو شـتێکدا دەشـکێت و بەسـەر هەموو شتێکدا زاڵە، ئەگەر لە ساتەوەختێکیشدا لەرزەیەکی لێوە دەرکەوت کە وەکوو شکسـت و بەزیـن و هەڵاتـن دەرکەوێـت، بەتـایبەتی لەو کاتـانەی ڕووەڕووی دوژمـنە و لە بەرەی جیهاددایە، ئەمە نابێت شکان و بەزین و ڕاکردن بێت، ڕاکردن بۆچی و بۆ کوێ؟ لەترسی مردن هەڵـدێت؟ ناشـێت. خـۆ ژیـان و مـردن بەدەسـت غەیـری خـوای گەورە نـین، ژیـان و مـردن پەیوەندییان بە بەرەی جەنگ و بە سێبەری حەوانەوە نییە، موسـڵمان ناشـێت لەترسـاندا پشـت هەڵبکات و لە بەرەی جیهادەکە هەڵبێـت، ناشـێت، ئەم نەشـیاوێتییە ناچـارکردنی نییە لەسـەر شـتێک کە توانـای بەسـەردا نەشـکێت، ئەمە ئەرکێـک نـییە لە توانـای بەدەر بێـت، نـا، خـۆ موسڵمانیش مرۆڤە و وەکوو مـرۆڤەکەی بەرامبەرێتـی، لەم سـیفەت و لایەنـانەوە وەک یەکـن،

لەسەر زەمینەیەکی مرۆیی وەستاون، ئینفیعالاتیان وەکوو یەکە، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە موسڵمانەکە بە خوای گەورەوە پەیوەستە، خوای خاوەن هێز و دەسەڵاتی ڕەها، خوای زاڵی بێوێنە. بۆیە ئەگەر لە بەرەیەک کشایەوە، هەر بۆ لای خوای گەورە دەکشێتەوە، ئەگەر زیندوو ما، ئەگەر بەرەو پێش چوو، شەهید بوو، هەر بەرەو خوای گەورە چووە. کەوابوو لە هەردوو حاڵەتەکەیدا هەر لە دوژمنەکەی بەهێزترە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحۡفٗا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلۡأَدۡبَارَ ١٥ وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ فَقَدۡ بَآءَ بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأۡوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٦﴾ [الأنفال: ١٥ – ١٦]، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر تووشی شاڵاوی زۆری دوژمن هاتن؛ پشت هەڵنەکەن و هەڵنەیەن، چونکە هەر کەسێک لەو ڕۆژەدا پشت هەڵبکات و هەڵبێت، دەکەوێتە بەر غەزەبی خوای گەورە و حەتمەن چارەنووسی دۆزەخە و دواڕۆژێکی ترسناکی بە نسیب دەبێت، مەگەر کەسێک لەو بەرەیە کشابێتەوە، بە ئومێدی ئەوەی لە قوڵێکی ترەوە هێرش بکاتەوە سەر دوژمن، یان بگاتە فریای بەرەیەکی تر کە موجاهیدانی تری لێیە تا یارمەتییان بدات، ئەمەیان ڕێپێدراوە». ئەمە کە لە ڕواڵەتدا وەکوو هەڵهاتنە، بەڵام لە حەقیقەتدا زۆر دوورە لە هەڵهاتن و ترس و مردن، چونکە موسڵمان لە کەس ناترسێت، تەنها لە خوای گەورە دەترسێت و بەس: ﴿أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٣﴾ [التوبة: ١٣]، واتا: «چ ما لێیان دەترسن؟! خۆ خوای گەورە شایەنترە کە لێی بترسن، ئەگەر ڕاست دەکەن موسڵمانن». دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەست و ئینفیعلاتی موسڵمان لەگەڵ ئەم ئایەتانەدا دەخرۆشێت. موسڵمانی سەرڕاست زۆر بە جددی ڕەفتار لەگەڵ ئەم ئایەتانەدا دەکات، چونکە کاریگەریان لەسەر زۆرە و ئاسەواریان کاریگەرە لەسەری.

هۆ داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی، ئێوە ئەداتی قەدەری خوای گەورەن، ئێوە پەردەی دەستی قودرەتی خوای مەزنن و بە ویست و ئیرادەی خۆی، بەپێی قەدەری خۆی

دەتانخـــاتە كـــار: ﴿أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تُتۡرَكُواْ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ مِنكُمۡ وَلَمۡ يَتَّخِذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَلِيجَةٗۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٦﴾ {التوبة: ١٦}، واتـا: «چـۆن وا دەزانـن هەر وا بـێ ئەوەی تاقیبکرێنەوە لێ دەگەڕێنرێن؟ بێ ئەوەی ئیماندار لە دووڕوو جوودا بیێـتەوە؟ چـۆن بـێ ئەوەی سەرڕاستانی موجاهید و دەمهەراشانی بەرسیبەر لێک جوودا نەکرێنەوە و هەردوولایان لەبەرچاوی خەڵکی و خۆشیان وابزانرێت وەکوو یەکن؟ حەتمەن دەبێت موجاهید و بەزیو لێک جوودا بکرێنەوە و بناسـێنرێن، پاشـان موجاهیـدی سەرڕاسـت و چەکـداری سـەرزارەکی کە خراوەتە ناو ڕیزی موجاهیدە سەرڕاستەکانەوە، چۆن موسڵمانە سەرڕاستەکانیش کە وەلائیان بۆ غەیری خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و موسـڵمانان نەبـووە، هەر وەکـوو ئەو کەسـانە حساب بکـرێن کە دەورووپشـتی خۆیانیـان بە موشریکـان تەنیـوە. ئەمەنـدە جێگـر و نـوێنەر و ڕاویژکاریان لێیان هەیە، ئەمانە ئەمەندە لەگەڵ کافرانـدا دەسـت لەملانـن چـۆن دەشـێت هەر وەکوو ئەوانە بن کە لە بەرەی جیهاددان و سەرڕاستانە بـۆ خـوا سـاغ بـوونەتەوە و ئەو ئەرکە قورسە بەجێ دەهێنن؟[1] خوای گەورە شارەزا و ئاگاداری ئەو ڕەفتارانەیە کە دەیکەن».

لە ڕیزی ئیسلامیشدا هەمیشە کەسانێک هەن کە قسەزل و فشـەکەرن و لەکـاتی خۆشـی و ئەماندا دەردەکەون و دەبنە کوێخای هەموو کۆڕ و مەجلیسێک و ئەسکوێی هەموو دیـزەیەک. لەکاتی تەنگانەشدا ڕۆژانە دەیان عوزر دروست دەکەن کە بۆچی نەهاتنە پێش؟ بۆچی باسێکی جیهاد و موجاهیدانیان نەکرد؟ هەر بۆچی دیار نەمان؟ ئەمانە ئەوەنـدە مومارەسـەی ئەم جـۆرە ڕەفتارەیـان کـردووە تێیـدا پسـپۆڕ دەرچـوون. لە بەرژەوەنـدی و قـازانجی ئـوممەتە موسـڵمانە عەقائیدییەکە و بزاڤەکەیەتی کە زوو پەردە لە ڕووی ئەمانەدا هەڵماڵێت و کەنارگیریان بکات، تا موسڵمانە سەرڕاستەکان لەم دەمهەراش و قەرەچەناغانە[2] جوودا ببنەوە، تا کە ئەمـانە لەکـاتی

(١) الشوكاني/دار الكتاب العربي/ ١٤٢٧/ ٢٠٠٧ (١/٨٦٥-٨٦٦).

(٢) مەرج نییە ئەمانە دووڕوو (منافق) بن، نا، ئەمان لە مسوڵمانە دەروون بەزیوەکانن کە لە قورئاندا بە (والـذين في قلـوبهم مـرض

جیددیدا فسیان دایەوە، وانەزانرێت موجاهیدن و ساردبوونەتەوە.

ترس دەیان جۆر و حاڵەتی هەیە -لەوانە ترس لە چارەنووسی ماڵ و منداڵ و کەسوکار-، ئەمە لە ناخی مرۆڤدایە و حەقیقەتی هەیە و کاریگەرە، بۆیە خوای گەورە بە شێوازە ئاسان و لوتفەکەی خۆی ئەوە نیشان داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی دەدات کە زۆرجار ئەم ماڵ و منداڵە دەبنە هۆی ترسنۆکی موسڵمان یان کشانەوە و ساردبوونەوەی، ئەمەش (فیتنە)یە: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجۡرٌ عَظِيمٞ ٢٨﴾ {الأنفال: ٢٨}. زۆرجار ماڵ و منداڵ دەبنە هۆکاری کەمتەرخەمی و نەچوونە پێش، دەبنە هۆکاری لێنەبڕان بۆ ئەرکەکانی موسڵمانێتی. کە کابرا خەمی ئەوانی لەبەر دەبێت، کە وا دەزانێت ئەگەر وا بکات و وا نەکات ئەوان تووشی کێشە و ناڕەحاتی و مەحروومبوون دەبن، وا دەزانێت ئەگەر بچێتە جیهاد و پشتیوانی لە موجاهیدان بکات کەسوکارەکەی تووشی تین و فشاری جاهیلییەت دەبن، لەوانەیە قوربانیش بدەن، هەر وەکوو کە ئەم دووچاری ئەم هەموو ناسۆر و ژانە و کارەساتانە دەبێت. کە وا دادەنێت ئەم خۆی تەحەمولی ناڕەحەتییەکان دەکات، بەڵام ماڵ و منداڵ و کەسوکارەکەی گوناحن و تەحەمولی ئەو هەمووە ناسۆرە ناکەن کە لە خوتوخۆڕا تووشی دەبن! ئەم سەبر دەگرێت، بەڵام ژنە داماوەکەی چی؟ ئەم خۆ ڕادەگرێت، بەڵام منداڵەکانی چۆن و بۆچی؟ ئەمەش وای لێ دەکات بترسێت، بەخیل بێت، پاشەکشە لە هەندێ هەڵوێست بکات کە ناشێت کەسانی وەکوو ئەو پاشەکشەی تێدا بکەن. بێدەنگ دەبێت، گۆشەگیر دەبێت، وەکوو دەڵێن حەقی بەسەر هیچەوە نامێنێت! تا ماڵ و منداڵەکەشی نەخاتە ئەو کوێرەوەرییەوە کە خۆی تێی کەوتووە، تا سامانەکەی خۆییان بۆ بەجێ بهێڵێت، تا بڕیاری سەختیان لەسەر نەچەسپێنرێت! ئاوا ماڵ و منداڵەکەی خۆشی و کەسوکار و نزیکەکانی خۆشی لاوەکی دەچنە ڕیزی خاوەن تین و فشارەکان لەسەری و دەبنە مایەی (فیتنە)، واتا ساردکردنەوەی لە دین و

وەسف دەکرێن. وەکوو (المرجفون، المثبطون، المتخلفون... هتد) کە لەگەڵ دووڕووەکاندا باس دەکرێن.

دینداری و هێنانەوە دواوەی تا دەگەیەنرێتە کۆڵدان لە دینەکە و وازهێنـانی، کە کۆتـا قۆنـاغی (فیتنە)کەیە. ئاوا دەشێت ماڵ و منـاڵ و کەسوکاریشـی ببـنە بەربەسـتێکی ڕێـی ئیمانـدارێتی و بـانگەواز و جیهــاد کە دەیگەیەنــنە ئاســتی بــاڵای ڕاقیبــوون و چەســپاندنی ئامــانجی مرۆڤبوونەکەی. ئەمە ئاوا دەبنە بەربەست ئەگەر خۆشیان ئیماندار و ڕاست پەروەردە بووبـوون، ئەگەرنا دەشێت ئەوانیش ببنە کۆڵێکی قورستر، بە بۆڵەبۆڵ و گلەیی و تـین بـۆ هێنـانی، یـان بە پشتتێکردن و وەلکردن و گوێ پێنەدانی، ئەمەش ئاستێکی تری کاریگەری (فیتنە)یە. لەمانیش قورسـتر و سـەختر ئەوەیە کە مـاڵ و منـاڵ و کەسـوکار و خـزم و نزیکەکـانی چـووبنە بەرەی تاغووتان و دژایەتیی بکەن، جـا تـاغووت ترسـنۆکییەکەیانی ئیسـتیغلال کردبێـت یـان خۆیـان قەناعەتیان بە چوونە بەرەی کوفر هەبێت و خۆیان سەرپشکانە وزە و توانایان لە دژایەتیکردنی ئەمدا خستبێتە کار. بەهەرحاڵ، لە هەموو حاڵەتەکاندا دەشێت مـاڵ و منـاڵ و کەسـوکار ببـنە بەربەست، ببنە بەرهەڵستکار، ببنە دوژمنـی خـۆی و بـانگەواز و بـزاڤەکەی، لە حاڵەتێکیشـدا دەبێت کە ئەم ناتوانێت لێیان بێنیاز بێت، یان نایەوێت دەستبەرداریان ببێت و وەلیان بکات، یان هێشتا خۆی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە باڵایەی ئیمانداری و بۆ خوا لێبڕان کە بەتەواوی خۆی بۆ خوای گەورە ساغ کردبێتەوە و گوێ بە هیچ ترس و بەربەستێک نەدات.

لەبەر ئەمەیە کە خوای گەورە ئاوا حەزەر دەداتە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویسـتی کە وریا بن، هۆشتان لەوە بێت هەست و سۆز و ئینیفعالاتی خۆتان یان تـین و فشـاری مـاڵ و مناڵ و کەسوکارتان نەبنە کۆسپی ڕێتان و هەڵتاندێرن، چـونکە دوایـی خۆشـتان تووشـی زیـان دەبن و ئەوانیش.

## بڕگەی سێیەم: نموونەی پێشڕەوێتیی خواویستی

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی نموونەی پێشەوایەتی و ڕێبەرییان هەیە و پێویستە بەردەوام چاو لەوان بکەن کە نێردراوانی خوای گەورەن، پێویستە ئەوەندە ئیقتیدا بەوان بکەن تا دڵیان پڕپڕ دەبێت لە متمانە بە خوای گەورە و بەڵێن و پشتیوانی لێکردنی. دەبێت ئەوەندە هۆگری دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئەم پێغەمبەرە هەڵبژاردانە (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) ببن تا هەریەکێک لەمانیش ببێتەوە نموونە و جێمتمانە و باوەشی سۆز. تا ئەمەندە خواناسیەکە لە دڵ و هزر و ویژدانیاندا دەچەسپێت کە دەگەنە کۆتا پلەی پشت بە خوا بەستن و ئومێد و ئاوات پێبەستن پێی. ئەوەندە سیرە و سوننەتی ئەم پێشەوا بەڕێزە نایابانەیان چاو لێ بێت کە لە هیچ بوارێکی تردا چاو لە کەسانی تری غەیری ئەمان و یاوەرانیان نەکەنەوە. ئەم پێغەمبەرە بەڕێزانە نموونەی پێشەوایەتی و ڕێنیشاندان و چاولێکردن بوون بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)! کەوابوو بۆ داعییانی ئیسلام حەتمەن هەریەکەیان مەدرەسەیەکی چاولێکردن و ئیقتیداپێکردنە، بۆیە خوای گەورە ئەوەندە باسیانی بۆ پێغەبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرمووە، کە جەنابیشت بۆ یاوەران و باقی ئوممەتەکەتی باس بکەرەوە: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ نُوحٍ إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ إِن كَانَ كَبُرَ عَلَيۡكُم مَّقَامِي وَتَذۡكِيرِي بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَعَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡتُ فَأَجۡمِعُوٓاْ أَمۡرَكُمۡ وَشُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُنۡ أَمۡرُكُمۡ عَلَيۡكُمۡ غُمَّةٗ ثُمَّ ٱقۡضُوٓاْ إِلَيَّ وَلَا تُنظِرُونِ ٧١﴾ {يونس: ٧١}، واتا: «بەسەرهاتی نوحیان (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) بۆ بگێڕەوە -کە گرنگ و دژوار و کاریگەرە- کە بە گەلەکەی خۆی فەرموو: ئەگەر بوون و مەنزیلەی من، بزاوت و هەڵوێست و بانگەوازەکەی منتان لەسەر گرانە کە خواتان وەبیر دەهێنمەوە، بەوەی ئایاتی پەیامی ئەو و نیشانەکانی ڕاست و ڕەوایی و خوایەتیی ئەوتان دەخەمەوە پێش چاو، ئەمەتان لە شان گرانە کەیفی خۆتانە، ئەمە ئەرکی سەرشانی منە. ئێوە هەر هەڵوێستێک بەرامبەر من و بانگەوازەکەم بگرنە بەر، من هەر پشت بە خوای خۆم

دەبەستم و سوور دەبم لەسەر دین و بـانگەوازەکەم. ئەگەر ڕاوبۆچـوونی خۆتـان و خواکانتـان یەک بخەن و بزاوت و هەڵوێستتان بەرامبەر من و دینەکەم بکەن بە یەک (واتا هەر هەمووتـان بکەونە یەک بەرەی دوژمنداریتییەوە بەرامبەرم) و دید و ڕێ و هەڵوێستتان -کە دژایەتیکردنـی منە- بەناو خەڵکیدا ڕاگەیەنن، من باکم پێی نابێت و کاریگەریی لەسەر دید و هەڵوێسـتی مـن نابێت، چونکە من نێردراوی خوام و پەیامی ئەو ڕادەگەیەنم. بڕۆن هەموو لەسەر یەک بڕیار کۆ ببنەوە و دوژمنداریتیم بکەن، بیکەن و چـاوەڕوانی هـیچ مەکەن، بڕیـار بـدەن و دوای مەخەن، بڕیار بدەن و بکەونە جێبەجێکردنی!».[1]

تاغووت چاوی بەرایی نایەت داعیی ئیسلام ببینێت خەڵکی بانگهێشتی دیـنەکەی بکـات، تەحەمولی دیتنی نییە، بۆیە بە دەیان شێوە هەوڵی وەستاندنی دەدات، هەڕەشەی لێ دەکـات و دەیخاتە ژێـر تـین و فشـارەوە، بەڵام ئەو داعیـیەی بە خـواوە پەیوەسـتە، کە بەڕاسـتی خـوای گەورەی ناسیوە و پشتی پێ بەستووە. ئـاوا ڕووەوڕووی جـاهیلییەت دەوەسـتێتەوە. ئـاوا پێیـان دەڵێـت: بـڕۆن چیتـان لە دەسـت دێـت بـیکەن، خۆتـان و هاوکارانتـان بـگەنە بڕیارێـک و دوژمنداریتییەکەتان بەناو خەڵکیدا ڕابگەیەنن (تـا هەر کەسـێکی تـر دەخوازێـت هاوکاریتـان بکات)، بڕیاری ئەمڕۆتان مەخەنە سبەینێ! ﴿وَلَا تُنظِرُونِ﴾! منەتتان نەبێت، من هەر وا سـوورم لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستم، لەسەر گەیاندنی بانگەوازەکەم و ڕاگەیاندنی تەوحیدی خوای گەورە، دەسەڵات و سەرباز و چەکداریشـم نـیـە، هەرچـی هەمە پشتبەسـتنە بە خـوای گەورە، خوای گەورەشم بەسە. ئا ئەم تەحەددا و بێ منەتی و بێ باکییە لە کەسـێکەوە دێـت کە بە هەموو مانای وشە متمانەی بە خوای گەورە گەیشـتبێتە کۆتـا ئاسـتی قەنـاعەت و یەقـین کە ئەگەر ئێوە و هاوڕا و هاوکارانتان گەلەکۆمەکێ بکەن و بگەنە یەک بڕیار کە (کۆڕا: ئیجماع)تان لەسەر هەبێت و هەر هەمووشتان بکەونە ڕاپەڕانـدنی دژی مـن، دڵەلەرزەیەک بە مـن ناگـات!

(١) الشوكاني/ فتح القدير (١/٩٨١-٩٨٢).

ئەمە یەکێک وا دەڵێت کە ئەوەندە باوەڕی بە خوای گەورەی خاوەن هێز و توانـا و دەسـەڵاتی ڕەهای (وجوود) لا چەسپی بێت کە دڵنیا بێت لەوەی کە ئەوان هەرچـی شـتێک بەرامـبەر ئەم بکەن؛ هیچ کاریگەرییەکی نابێت، چونکە خوای نێرەری من، کە کردگـاری گەردوون و هێـزی لەبن نەهاتووە و بەئاگایە، چاودێرمە، ئیتر ئێوە چۆن دەتوانن زیان بە من و دین و بانگەوازەکەم بگەیەنـن؟! ئەم بەربەرەکـانێ و ڕاگەیانـدنی تەحەددا و بێبـاکییەی سـەیدنا نـوح (عَلَيۡهِٱلسَّلَامُ) (مەغرووربوون) نییە، گوێنەدان بە هەڕەشە و هێز و ستەمی بەرامبەر نییە، خۆکوشـتنیش نیـیە، (کە دەی خۆ من موسڵمانم، بمکوژن با بۆ خۆم شەهید بم)! نا، ئەمە تەحەددایەکـی پـڕ یەقیـنە. ئەمە دڵنیابوونە لە هێزی خوای گەورە و لەسەرکردنەوەی، ئەمە پەیوەستبوونە بەو هێزە بێوێنەی خوای گەورەوە، ئەمە (ئیمان و یەقین)ە بە حەقیقەتی هێزە بێوێنە کاریگەرەکەی خوای گەورە و دڵنیابوونە لەوەی کە دەرەقەتی هەموو هێزێکی ئەوان و هاوکـاران و هاوبارانیـان دێـت. ئەوان چین و کێن لە بەرامبەر ئەم هێزی (کن فیکون)ەی خوای گەورەدا؟!

دەبێت داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی ئەم هەڵوێستە بگرنە بەر، ئاوا چاونەترس و دڵنیا و بێباک. تاغووت ناتوانێت زیانیان پێ بگەیەنێت، دەتوانێت ئازاریان بدات، بەڵام زیاندان لە توانای ئەودا نییە، ئەو ئازار و ژان و ناسـۆرەش کە تاغووتـان بەسـەر داعـی و موسـڵمانیدا دەهێنن، بەدەر لە قەدەری خوای گەورە نییە، تـاقیکردنەوەی ئـیمان و یەقـین و خـۆگرییە، خـۆ خوای گەورە بێ توانا نەبووە لە پاراستنی داعییانی دینەکەی، خۆ وەلیشی نەکردوون و حەقـی بەسەریانەوە نەمابێت! ئەوانە ئەولیای خـوان، خۆشەویسـتانی خـوای گەورەن، چـۆن هەر وا دەیانداتە دەست دوژمنانی خۆی و ئەوانیش؟! حاشا، ئەمە لایەق بە خوایەتی و بێوێنەیی لوتف و بەزەیی و میهرەبانیی ئەو نییە، بەڵام خودی بانگەواز و ڕێباز و دینداریێتییەکە وا دەخوازێـت، خوای گەورە هەر دەبێت ئەم داعییە خواویستانەی خۆی تاقی بکاتەوە، تا دڵیان بە هـاودەنگی خوای خۆیان جۆش بدرێت، ڕەوشت و ڕیز و کاریان پـاڵفتە بکـات و بۆخۆییـان بسـوڵحێنێت.

پاشان، خۆ دەورانی ژیـان و ململانـێ هەر بەو بـارەدا نـاڕوات، موسـڵمانانیش نۆرەیـان دێـت. دەگەنەوە دەسەڵات و تەمکین. ئەمە ڕێسایە و خوای گەورە بۆ ژیان و ململانێی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دایڕشتووە و ناگۆڕێت، ئەگەر مـاوەی تـاقیکردنەوەی خواویستـان زۆری خایانـد و ناسۆر و کارەساتیان توولی کێشا؛ نابێت کۆڵ بدەن، یان بگۆڕێن، یان بووەستن. ناشێت بکەونە گلەیی و گازندە، ڕێگاکە خۆی وایە، ئەوە سروشتێتی، ئەو پێغەمبەرە پێشـەوایانە (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) - کە پاک و مەعسووم و بـێ تـاوان بـوون، کە هەڵبـژاردەی خـوای گەورە و تـاکە هەڵـکەوتەی زەمانی خۆیان بوون- هەر ئاوایـان بەسـەر هـاتووە، هەر ئـاوا ئەم ڕێگـای تەوحیـدەیان بڕیـوە، ڕێگاکە خۆی وایە، بەڵام چارەنووسی داهـاتوو مسـۆگەرە، داهـاتوو خەڵاتـی خـوا دەبێـت بـۆ ئەولیاکانی: ﴿وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ٨٣﴾ {القصص: ٨٣}. دەبێت لەوە دڵنیا بـن کە لە داهـاتوودا دەسـەڵات (تەمکین و ئیستیخلاف) تەنها بـۆ موسـڵمانان دەبێـت و بەس. بەڵام پەلە مەکەن، بێـزار مەبـن، هیوابڕاو و ڕەشبین مەبـن، ورە بەرمەدەن و لە بەڵێنـی خـوای گەورە دوودڵ مەبـن: ﴿فَلَا تَكُ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُۚ إِنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ ١٧﴾ {هود: ١٧}، واتا: «گومانت لەم قورئانە نەبێـت کە لای خـوای گەورەوەیە و هەمـووی ڕاسـت و دروسـت و ڕەوایە (مەبەسـت لە ئوممەتەکەیەتی، چونکە جەنابی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وەحییەکەی بۆ دێت و لە کۆتا پلەی یەقیندایە لێی، پاشـان مەعسـوومە و لە هەمـوو لاسـەنگییەک پـارێزراوە)، ئەم قورئـانە لە لایەن خـواوە هاتووە، بەڵام زۆرینەی خەڵک ئەمە نازانن، پەی پێ نابەن، بۆیە باوەڕی پێ ناهێنن!».

خۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) نەکەوتووەتە دوودڵی و ڕاڕایی لەم قورئـانەدا، چ جـای گومان لە سەرچاوەکەی و لە هاتنی وەحی و لە هەر هەموو حەقیقەتە ڕەهاکانی ئەم ئایەتـانەی قورئان، خوای گەورەش پێی دەفەرمـوو کە جەنابـت لەسـەر حەقیـت و حەقت بـۆ هـاتووە و پەیامی خوات لەبەرچاو ڕۆشنە و ڕۆژانە بەڵگەیت بۆ دێت: ﴿قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي﴾ {الأنعام: ٥٧}. بەڵام جەنابی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پێویستی بە دڵنیاکردنەوەی خـوای گەورە دەبـوو، خـوای گەورە

چاودێریی دەکرد. دەیزانی کە لەم کاتانەدا کە بەرهەڵستکارە کەللەڕەقەکانی توندوتیژتر بوون، بەرەی کوفر زۆرتر بوون، یاوەران هەموو مەحرووم کەوتوون و لەژێر ئەشکەنجە و ئازار و ناسۆردان، کەس گوێی لێ ناگرێت، بانگەوازەکەی لە شوێنی خۆی وەستاوە و کەسی وا نایەتە پێش موسڵمان ببێت[1]! خۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرپرس نەبوو لە زۆرکردنی ژمارەی موسڵمانان، وەنەبێت کەوتبێتە ژێر تین و تەوژم و ماندووبوون تا خورپەیەکی ڕاڕایی بە دڵی گەورەیدا بێت؛ نا، بەڵام خوای سەرپەرشتیار و چاودێر و ئاودێری بانگەوازەکەی، دەیزانی ئەم ئایەتانە چوست و چالاکتری دەکەن و ناهێڵن هەستی ماندوویەتیی تێدا دروست ببێت. ئەم ئایەتانە دڵنەوایی و قایمکردنین. ئای کە داعییانی ئیسلام لەم سەردەمەشدا پێویستیان بەو دڵنەواییە خواییە بوژێنەرەوەیە هەیە، ئای کە پێشڕەوانی سەردەمیش تامەزرۆی ئەم لوتفەی سوکنایی و هێمنی و ئۆقرەگرتنن، دوای ئەم هەموو حاڵەتانەی بەرهەڵستی و بەرەنگاری و دوژمنداریێتی، دوای ئەم هەموو تین و فشار و مەحروومکردنە، دوای ئەم هەموو ناسۆر و ژان و کارەساتەی بەسەریاندا دێت! ئای کە زەروورییە ئەم ئایەتانە لە دڵ و هزر و ویژدان و ناخی ڕۆحیاندا بچەسپێت و بیاندوێنێت، لە هەموو کات و شوێنێکی ئەم سەردەمەدا کە گەلەکۆمەکێیان لێ دەکرێت، ڕۆژانە تووشی گاڵتەپێکردن و تیر و توانج، بەرهەڵستی و دژایەتی، زیندان و ئەشکەنجە، ڕاوەدوونان و مەحروومبوون دەبنەوە و کەس نامێنێت لە خۆیان بگرێت. ئا لەم کاتەدا کە لە سەراسەری جیهاندا هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکان و ناوچەییەکان هاوکاریی یەکتری دەکەن بۆ لادان و ڕادان و ڕیشەکێشکردنی داعییانی ئیسلام، کە خراپترین و دژوارترین و دڕندانەترین جەنگی بێ ئامانیان بەرامبەر بەرپا دەکەن و لە هەموو کووچە و

---

(١) ڕەنگە ئەمە ناخۆشترین و قورسترین تین و فشار دروست بکات. لە سەردەمی ژیانی دۆڵەکانی ئەبو تاڵبدا لە قۆناغی مەککە کە سێ ساڵی خایاند، تەنها (١٢ دوازدە) کەس موسڵمان بوون! سێ ساڵ و لەسەر دەستی ئەو پێغەمبەرە پاکە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کەچی (١٢ دوازدە) کەس!

کۆلان و دەزگا و دائیرە و دەوڵەتێکیشدا ئاڵای سەرکەوتنیان بەسەردا هەڵدەکەن[1]!

ئای کە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی موحتاجی ئەم ئاڕاستە خواییەن، بەتایبەتی لەم سەردەمەیاندا. زەروورییە ئەم داعیە خواویستانە وردەکارانە سەرنجی هەموو وشە و بڕگەیەکی ئەم ئایەتە بدەن و تێبفکرن، دڵ و هۆشی بدەنێ و بزانن کە ئەوە لەگەڵ ئەوانێتی، بۆ ئەوان هاتووە و ئەوان دەدوێنێت. زەروورییە سەرنج بدەنە وشە و مانا و واتا و ئاماژەکانی، چونکە داعییانی سەردەم پێویستیان بەم یەقینە هەیە، کە بە دڵ گوێبیستی ئەم ئایەتە دەبن هەست دەکەن وەکوو ئەو حاڵەتەی پێغەمبەرانی پێشەوای (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) تێ دەکەوت؛ ئەمانیشی تێ کەوتووە و پێویستیان بەم ئایەتە دڵنەواییە هەیە: ﴿فَلَا تَكُ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُۚ إِنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ ١٧﴾.

داعییانی سەردەم و پێشڕەوانی خواویستی ئەمڕۆش ڕووبەڕووی جاهیلییەت بوونەتەوە، جاهیلییەتێکە کە ئیعتراف بە هەبوونی خوای گەورە دەکات -هەشیانە نایکات-، بەڵام لە هەموو لایەکەوە خوایان بۆ خەڵکی دیاری کردووە تا حاکمێتییان بە غەیری دینی خوای گەورە بکەن (لە یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردنیاندا). ئەم خوا بەشەریانە و دەزگا و دائیرەکانیان یاسا و ڕێسای پێچەوانەی دینی خوا دادەڕێژن تا بارودۆخی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگاکەی لەسەر بنیات بنێن و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵایەتیان لەبەر ئاڕاستەی دیدوتێڕوانینی شیرک و کوفر و جاهیلییەتدا بۆ دیاری بکەن. ئەو خەڵکەی لەم کۆمەڵگا جاهیلیانەدا دەژین؛ ڕێباز و بەرنامەیەکی تریان خراوەتە پێش کە ڕێباز و بەرنامەی خوای گەورە نییە، بۆیە دەبێت ئەم بانگەوازە خواییە ڕوو لە هەموو ئەو خەڵکە بکات کە هۆ خەڵکینە

(١) سوبحانەڵڵا، سەیید قوتب (رحمه الله) لە (١٩٦٦/٨/٢٩)دا ئیعدام کراوە و ئەو عیبارەتانەی سەرەوەی دەڵێی باسی ئێستای ئێمەی دوای پازدەی سێپتێمبەرە، کە (١٦٧) دەوڵەت لەگەڵ ئەمریکای تاغووتدا بوونە هاوسەنگەر بۆ ڕیشەکێشکردنی کۆمەڵە جیهادییەکان کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕۆژێک (٥٦) حزب و کۆمەڵ و ڕێکخراو و دەزگای ئیسلامیی خستە لیستی تیرۆرەوە و کەوتنە دژایەتیی ئاشکرای موسڵمانان!

دەبێت ئەو خوا بەشەریانەی حاکمێتیی خـوای گەورەیـان زەوت کـردووە؛ لادرێـن و ڕادرێـن، دەبێت دید و ڕێ و ئاڕاستەیان نەهێڵرێت و ئەو دید و ڕێ و ڕەفتار و ڕەوشـت و دابونەریـت و بارودۆخ و یاسا و ڕێسا و دەستوور و سیستمەی بەسەر خەڵکییانـدا سـەپاندووە، هەمـووی لە ڕەگ و ڕیشـەوە هەڵکەنـدرێت و، حـاکمێتیی خـوای گەورە سـەروەرێتیی یاسـا و ئاڕاسـتە و ئیدارەی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەت بگرێتەوە دەست و دینەکەی خوا بکاتەوە بە ڕێبـاز و بەرنامەی هەمـووان، بەشـێوەیەک کە هـیچ یاسـا و ڕێسـا و دیـد و ڕێیەکـی تـێکەڵ نەکرێـت، دیـنەکەی خـوای گەورە و بەس. ناشـێت ئەو خەڵـکە خـۆ بە موسـڵمان بناسـێنن و دیـد و تێڕوانینێکی غەیری وەحییان هەبێت، ناشێت ڕەفتار و ڕەوشـت و دابـونەریتێکی غەیـرە دینیـان هەبێـت، نابێـت یاسـا و ڕێسـا و دەسـتوور و سیسـتمێکی ئیـدارەی حـوکم و ئاڕاسـتەی کۆمەڵگاکەیان جگە لە شەریعەتەکەی خوای گەورە هەبێت، ئەمە جەنگی نەبڕاوەی تەوحیـد و شـیرکە، ململانێـی سـەختی ئـیمان و کـوفرە، دەبەرێکڕاچـوونی ئیسـلام و جـاهیلییەتە. بەرەی ئیمانداارنی سەردەم هەر ئەم داعییانە و ئەم پێشڕەوانەی خواویستیی لێیە، بەڵام بەرەی کـوفری ئەوبەر هەرچـی تاغووتـانی سـەردەم هەیە بە دەوڵەت و سـەرباز و سـامان و دەسـەڵاتیانەوە هاتوونەتە مەیـدان و هەریەکەیـان ئـاڵا و دروشـمی دوژمنـدارێتیی هەڵکـردووە و شـەیپووری جەنگ لێ دەدات و بە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی چڕ و گشتگیر سروودی حەماسـەت و دەهـۆڵی سەرکەوتن دەکوتێت! داعییە ئیسلامییەکان هەرچی شکی دەبەن و مایەی هێز و ورەبەرزییـانە؛ ئەم قورئـانەیە. داعیـی ئیسـلام و پێشـڕەوانی خواویسـتی لە هەمـوو کـات و شـوێن و نەوە و حاڵەتێکدا خۆیـان و بـزاوت و هەڵوێسـتیان لەم قورئـانەدا دەبینـنەوە، هەر وەکـوو کە بـاس و وەسف و سیفاتی کـوفر و کـافران و بەرە و نەخشـە و پلانیشـیان هەر لێـرەدا دەبینـنەوە. بـۆیە زەرووریە لەم ساتەوەختەی ململانێکەشدا کە هەردوو بەرەی کوفر و بەرەی ئـیمان ڕووەوڕووی یەکتر وەستاونەتەوە، بگەڕێنەوە سەر قورئانەکە و ئاڕاسـتەی ئەم سـاتەوەختەی لێـوە وەرگـرن.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی پێویستە ئیقتیدا بەم پێغەمبەرانەی خوا (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) بکەن: ﴿قَالَ إِنِّيٓ أُشۡهِدُ ٱللَّهَ وَٱشۡهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ٥٤ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِي جَمِيعٗا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ٥٥ إِنِّي تَوَكَّلۡتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ﴾ {هود: ٥٤ – ٥٦}، واتا: «فەرمووی خوای گەورە شاهێدم بێت و ئێوەش هەموو بە شاهێد بن کە من دوورەپەرێزم لەوەی ئێوە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن و بێبەریم لێی. جا ئەوە ڕێ و هەڵوێستی خۆتان، چ پلانێکم دژ دەگێڕن قسووری مەکەن، هەر هەمووتان بکەونە گەلەکۆمەکێ و دژم بووەستنەوە و ساتێک مۆڵەتم مەدەن، ئەوەی بە تەمان دژم بیکەن دوای مەخەن، من پشتم بە خوای خۆم بەستووە، خوای گەورە کە پەروەردگاری منیشە و پەروەردگاری ئێوەشە». بڕوانە ئەم متمانە تەواوە بە خوای گەورە کە ئەو ورەبەرزییەی بە سەیدنا هود (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) داوە کە ئاوا بێباکانە تەحەددایان بکات و بفەرمووێت چیتان لە دەست دێت قسووری مەکەن و بیکەن، دواشی مەخەن، ئاوا ڕۆشن، ئاشکرا، ڕاشکاو و بنبڕانە کە بوواری هیچ مومارەسەیەکی تێدا نییە. ئێمەش لەم سەردەمماندا دەبێت ئەم دەرسە لە سەیدنا هوودەوە وەرگرین (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) کە ئێمە وا بەرەنگاریی جاهیلییەت بووینەتەوە.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکدا پێویستییان بەمەیە کە وردەکارانە سەرنج بدەنە ئەم هەڵوێستە عەقائیدییە پێشەوایەتییەی بەڕاستی جێی تاسان و سەرسوڕمان و تێرامانە! پیاوێک، بە تاقی تەنها ئەم هەڵوێستە جوامێرییە ڕادەگەیەنێت و شوێنکەوتە کەمەکەشی هەروەها. پیاوێک، بە تاقی تەنها و بەو جورئەتە دەگمەنەوە ڕووبەڕووی هەموو جاهیلییەتی سەردەمی خۆی دەبێتەوە کە خاوەن هێز و سەرباز و دەوڵەت و دارایی و توانا و شارستانییەت بوون، بەهێزترین هێزی زەمانی خۆیان بوون! دەستوەشێن و سەخت و کوشندە بوون، چونکە هەر خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا بَطَشۡتُم بَطَشۡتُمۡ جَبَّارِينَ ١٣٠﴾ {الشعراء: ١٣٠}، ئەو تاغووتە دەسەڵاتدارانەی کە ئەگەر دەستیان وەشاند، زۆر دڵڕەقانە و بێ بەزەییانە و توند دەست دەوەشێنن. ئەمانە کە چاو سوورن و غەیری هێزی

دەستدرێژیی خۆیان نابینن، کە خاوەنی هێز و چەک و دەسەڵاتن و هەموو ساتێک ئامادەی شەڕی مەملەکەتانن! کەچی وا سەیدنا هوود بە تاقی تەنیا هاتووەتە بەرامبەریان! بەوپەڕی جوامێری و دلێری و ئازایەتیی ئیماندارانەوە، بەوپەڕی هێمنی و نەبەزی و متمانەوە، بە هێزی بێسنووری خوای گەورە کە حەتمەن لەسەریان دەکاتەوە، بەوپەڕی ڕۆشنی و ئاشکرا و تەحەدداوە بنبڕانە ڕایدەگەیەنێت کە نەک هەر لایەنگرتان نیم و وەلتاندا نیم، بەڵکوو بە تەنیاش بم من بەرەیەکم غەیری بەرەی ئێوە، من لەسەر حەق و ئێوە لەسەر باتڵ، من ئیماندار و ئێوە موشریک! نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو بەوپەڕی کێبڕکێ و بەربەرەکانێ و ڕووبەڕووبوونەوەشیانەوە بێ منەتی خۆیان پێ ڕادەگەیەنێت و دەفەرمووێت بێباکیشم لەوەی بەرامبەرم دەیکەن! بڕۆن چیتان لەدەست دێت بیکەن، کێش دێنە هاوکارتان بیهێنن، هەرکەسێک بهێنن هەر دەرەقەتی خوای گەورەی من نایەن! ئا ئەمە خاڵی نهێنیی ئەم جورئەتەیە، کە سەیدنا هوود (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) دڵنیایە کە پشتی بە خوای خاوەن هێزی بێوێنەی (وجوود) بەستووە. کە هیچ شتێک لەم گەردوون و ژیانەدا بەبێ قەدەری ئەو (ویست و زانست و توانای ئەو) ڕوو نادات. ئەم سەییدە پێشەوایە (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) حەقیقەتی ڕەها و بێسنووری وجوود دەناسێت و دڵنیایە کە بە قەدەری ئەو، ئەم دەبزوێت، ئەم بووەتە قەدەری ئەو، ئەم بەتەواوی خۆی تەسلیم بەو کردووە، ئیتر ئەم تاغووتە گچکانە چین؟ با خاوەن دەسەڵات و دەوڵەتیش بن، با دەستوەشێن و دڕندەش بن، با دڵڕەق و ڕقنیش بن، بەڵام چییان لەدەست دێت؟ ئەمانە هەموویان وەکوو گیانلەبەرانی تری سەر زەوین، وەکوو کرم و قاڵۆنچە و مێروون کە ژیان و مردن و ڕۆزییان هەر لەدەست خوای گەورەدایە: ﴿مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ﴾ {هود: ٥٦}، واتا: هەرچی بەسەر زەمیندا دەڕوات ناوچاوانی وا بەدەست خوای گەورەوە[1]! ئیتر بۆچی ترسی لەو (دابة)انە بێت کە وجوودیان بەدەست خوای گەورەیە و ئاگای لە

(١) ئەو بەشەی دەماغ کە دەکەوێتە ئاستی ناوچەوان بەرپرسە لە ئاراستەی ڕەفتار، سوبحانەڵڵا.

ڕەفتاریشیانە؟! بۆچی لێیان بترسێت کە دڵنیایە ئەوەی هەیـانە لە هێـز و دەسـەڵات و سـامان و سەرباز؛ هەموو نیعەمەتی خوای گەورەیە و بەوانی بەخشیوە، کەی بیەوێت لێیـان دەسـێنێتەوە، هەموو ئەو توانا و پیشەسازی و ئابووری و بیناسازیی قەڵا و قولله و چەک و تقـافەی هەیـانە خوای گەورە پێی داون، گەر بیەوێت لە ئانێکدا لێیان دەسێنێتەوە، ئیتر بۆچی لەوان بترسێت کە ئەم پێغەمبەری خوای خاوەن دەسەڵات و هێز و نیعمەتەکانە؟

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی دەبێت حەقیقەتی خوای گەورەیـان ئـاوا لە دڵ و هزر و ویژداندا بچەسپێت تا بتوانن بەو عەقیدە و ئیمان و یەقینەوە ڕووەوڕووی هەموو هێزێک ببنەوە و بەسەر هەموو کەند و کۆسپێکدا زاڵ بـبن و هـیچ هێزێکـی تـاغووتی و دەسـەڵاتێکی جاهیلی نەتوانێت هیچ بـزاوت و هەڵوێسـتێکی عەقائیـدییان پـێ لەق بکـات، چ جـای ئەوەی بتوانێت پێیان بگۆڕێت. ئەم ئیمانداره خواناسانەی بە پەیوەستی ئیمانێکـی جێگیـر و قـایمەوە بە خوای پەروەردگاری خۆیانەوە پەیوەست بوون؛ دەبێت زۆر ئازایانە لە بەرامبەر هەموو هێزێکدا خۆ بگرن، هێزی ماددی، هێزی شمشێر و چەکی دەسـتی تاغووتـان، هێـزی ڕاکێشـانی مـاڵ و سامان، هێزی زانست و تەکنۆلۆژیای بەشەری، هێزی سیستم و حکوومەت و دەوڵەتان، هێزی دەزگا و دائیرە و ڕێکخراوەکانیان، هێزی ئەزمـوون و شـارەزایی و پسـپۆڕییان، نابێـت لە هـیچ هێزێک لەمانە و غەیری ئەمانە سڵ بکەنەوە و، دەبێت هەر هەموویان لا کا و با بێـت. دەبێـت دڵیان بەوە ئۆقرە گرتبێت کە هەرچی مەخلووق هەیە لەژێر دەسـتی خـوای گەورەدایە، هەمـوو گیانلەبەران، دڕەندە و خشۆک و حەشەرات. مەگەر خەڵکیش جۆرێک نین لەو گاینلەبەرانە و ناوچەوانیان بەدەست خوای گەورەوە نییە؟ بەدی، بە تەئکید.

ئا ئەمەیە ڕێگاکە، داعییە ئیسلامییەکان و پێشڕەوانی خواویستی بەدڵنیاییەوە ڕۆژانێک دێـتە پێشیان کە وا دەخوازن لە کەسوکاریان دابڕێن، چونکە یەک کەسـوکار و تیـره و هـۆز و گەلە، بەڵام دوو ئوممەتی جیاوازی تێدا دروست بووە: ئوممەتێکیان دینی خوای گەورەیان گرتـووەتە

بەر و، ئوممەتێکی تریان غەیری دینی خوای گرتووەتە بەر. ئوممەتێکیان بە خـوای خـاوەنیەوە پەیوەستە و بزاوت و هەڵوێستی بەپێی ئاڕاستەی وەحیی ئەوە و، ئـوممەتەکەی تریـان چەنـدین خوای تری بۆ خۆی داناوە و دوژمنـدارێتیی لە دژی بـانگخوازی خواویسـتیش ڕاگەیانـدووە. ئەمانە دوو ئوممەتی دید و ڕێ جوودا و دوورن، جا کاتێک ئوممەتە موسڵمانە عەقائیدییەکە خۆ لە کۆمەڵگا و ئوممەتە جاهیلییەکە دادەبڕێت و سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێـت، سـەرکەوتنی ئەکیدیی خوای گەورەی بۆ دێت، خوای گەورە ئەو کاتە بەڵێنی ڕاستیی خۆی دەهێنێـتە دی کە ئەولیاکانی سەردەخات و دوژمنەکانیان نابووت دەکات و بە شێوەیەک لە شێوەکانی فەوتانـدن نابووتیان دەکات، ڕەنگە بە شێوە و چۆنیەتییەکی وا بێت کە بە بیری هیچ لایەکیاندا نەهاتبێـت. مێژووی بانگەوازی خواویستی و سـیرە و سـوننەتی پـاکی پێغەمبەرانـی پێشـەوا (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) نموونەی ئەو بانگەواز و ئوممەت و بزاڤەیە کە دواتر لە کۆمەڵگا جاهیلیەکە دابڕاون و خـوای گەورە لەبەرچـاوی خۆیـان دوژمنـانی دینەکەیـانی ژێـر قەهـری غەزەبـی خـۆی کـردوون و فەوتانـــدوونی. بەڵام ئەوە خــاڵی جەوهەری و پێشــەکی و ســـەرەکیی ئەو سەرخســـتن و لەسـەرکردنەوە خـواییەیە کە ئـوممەتێکی عەقائیـدی بزاڤێکـی بەلاغ و بـانگەواز و جیهـادی ڕاگەیانـدووە و لە کۆمەڵگـا و دەسـەڵاتی جـاهیلی دابـڕاوە و تەحەممـولی هەمـوو ناسـۆر و کارەساتەکانی ڕێگای کردووە و پشتیان بە غەیری خوای گەورەش نەبەسـتووە، ئـاوا کە دەبـنە (حزب الله) و بە تەئکید دڵنیا دەبن کە هـیچ هێزیـک نیـیە پشـتیوانیان بێـت جـگە لە خـوای پەروەردگاریان؛ خوای گەورە بە ویست و توانا و دانایی خۆی تەدەخول دەکات و بەرەی ئیمان سەردەخات و بەرەی کوفریش سەرشۆڕ و نابووت و نەبوو.

## بڕگەی چوارەم: شلگیری یەکەمین هەنگاوی دووڕووبوونییە!

ئەو دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستەی بەڕاستی بۆ خوا پاک نابێتەوە و بۆ دینەکەی لێ نابڕێت؛ هەرگیز ناتوانێت لە تین و فشاری داخوازییەکانی جاهیلییەت دەرچێت، ناتوانێت لە ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بارودۆخ و بەرژەوەندیی پارەویستی و زەروریاتی ژیانی جاهیلی خۆ قوتار بکات تا بەتەواوی بۆ خوا نەسوڵحێت. ناتوانێت بگاتە ئەو پلە جوامێری و ئازایەتی و زاڵبوونەی کە دڵی پڕ ئیمان دەیگاتێ، بۆیە حەتمەن ناشتوانێت بوێرانە ڕووبەڕووی دابونەریت و بارودۆخ و کەسەکان و ڕووداوەکان ببێتەوە، ناتوانێت بەرامبەر دەسەڵاتدارانی جاهیلییەت و دام و دەزگای تاغووت ڕاوەستێت و بانگەوازی خواویستی بدات بە گوێی ملهوڕانی حاشیە و پێوەندی تاغووتاندا، هەرچەندە زۆر لەخۆی بکات؛ کاتیی دەبێت و زوو غیرەتی فس دەداتەوە و دێتەوە سەر لاوازی و شلگیری، کە ئەگەر زۆر ئاگای لەخۆی نەبێت دەترازێتە پلەی خوارووتر کە دووڕووییە.

تۆوی دووڕوویی لەم ویستە لاواز و دڵە بەزیوەدا دەڕوێت، ئەمە کێڵگەی بەپیتێتی، یان ئەمە زەلکاوی گەرایەتی، چونکە دووڕوویی لە حەقیقەتدا ئەو لاوازییەیە کە وا دەکات کەسەکە سوور نەبێت لەسەر حەق و حەقخوازی، ئامادە نەبێت ڕووەوڕووی باتڵ بووەستێتەوە و بانگی خواویستی ڕاگەیەنێت. دووڕوویی لەم لاوازییەوە دێت، ئەم لاوازیەش بەرهەمی ترس و تۆقان و چاوچنۆکی و پیسکەیی و دنیاویستییە. ئەمانە حەزی ئەمان و تێربوونن، بەڵام کەسەکە لە لاوازیی خۆیدا پەیوەستی نەکردوونەتەوە بە خوای کردگاری گەردوونەوە، بۆیە وا دەزانێت ترس دەیپارێزێت و پیسکەییش سامانەکەی زیاد دەکات! ئەم لاوازییەی سەردەکێشێت بۆ دووڕوویی؛ لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە کە کەسەکە دوور بووە لە حەقیقەتە عەقائیدییەکان، لای جێگیر نەبوون، یان هەر پەی پێ نەبردوون، بۆیە دڵ و هزر و ویژدانی، ویست و ئیرادە و دید و

ڕێی بە هێزە بەشەرییەکانەوە بەند بووە نەک بە سیفەتی خـوای کردگـار و خـاوەن ڕۆزیـدەر و ژێنەر و مرێنەر. ئەمە هۆی سەرەکیی دووڕووییەکەیە، بۆیە دەبینیت دووڕوو دۆستایەتیی خاوەن هێزەکان دەکات و لە خزمەتیاندا دەبێـت، چـونکە دەترسـێت بێـتە ڕیـزی ئیمانـدارانەوە، دەڵـێ تووشی ناسۆر و ناڕەحەتی دیم و سامانەکەم لەدەست دەچێت. بۆیە خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿بَشِّرِ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا ١٣٨ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَيَبۡتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلۡعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ١٣٩ وَقَدۡ نَزَّلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أَنۡ إِذَا سَمِعۡتُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكۡفَرُ بِهَا وَيُسۡتَهۡزَأُ بِهَا فَلَا تَقۡعُدُواْ مَعَهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦٓ إِنَّكُمۡ إِذًا مِّثۡلُهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡكَٰفِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ١٤٠﴾ {النساء: ١٣٨ – ١٤٠}، واتا: «مژدە بدە بە دووڕووەکان (بە تەوسەوە دەفەرموویـت مژدە، چونکە مژدە بۆ هەواڵی خۆشە) کە سزایەکی زۆر بە ژان و ئێشیان بە نسیب دەبێـت، ئەو دووڕووانەی کە کافرەکانیـان بە سەرپەرشـتیار و دۆسـت و ئەربـابی خۆیـان دانـاوە و لە خزمەتیاندان لە جیاتی ئەوەی لە بەرەی موسڵمانان‌دا بن (چـونکە بە حسـابی زاهیریـی خۆیـان موسڵمانن)، چما بەو ئومێدە چوونەتە تەک کافرەکان تا لەژێر دەسەڵات و ئەمان و هێزی ئەواندا بن؟ وا دەزانن هێزی زاڵبوون هـی ئەوانە؟! هەر هەمـوو هێـز و دەسـەڵاتی زاڵ هـی خـوایە و بەس، تەنها خوای گەورە خاوەنی ئەو هێزە بێسنوورەیە کە بەسەر هەموو شـتێکدا زاڵە، پێشـتر ئایەتی قورئانتان بۆ هاتووەتە خوارەوە کە ئەگەر لە هەر کـۆڕ و مەجلیسـێکدا گوێتـان لـێ بـوو کوفرانە بە دینی خوا دەکرێت و گاڵتە بە پەیامەکەی دەکرێت؛ هەستن و لەگەڵیاندا دامەنیشن، تا قسەکە دەگۆڕن بە شتێکی تر، ئەگەرنا حوکمی ئێوەش وەکوو حوکمی ئەو کـافرانەی لێـدێت کە گاڵتەیـان بە دیـنەکەی خـوای گەورە کـردووە، بە تەئکیـد خـوای گەورە دووڕووەکـان و کافرەکانی لە ڕیزی یەکدا داناوە و یەک حوکم و سزایان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە دۆزەخـدا هەر هەموویان کۆ دەکاتەوە».

مەحاڵە کەسێک خۆی بە هێزێکـی غەیـری خـوای گەورە زاڵ بکـات و موسـڵمان بمێنێـت.

ئەستەمە کەسێک ڕوو لە دوژمنانی خوا بکات تا خۆیانی پێ بەهێز بکات و موسڵمان بمێنێت. ئای ئەو خەڵکەی خۆ بە موسڵمان دەزانن و ناوی موسڵمانیان لەخۆ ناوە بەڵام دەچنە ژێر سایەی خەتەرترین دوژمنانی ئیسلامەوە تا خۆیانیان پێ دەسەڵاتدار و بەهێز و زاڵتر بکەن، ئای ئەمانە چەند موحتاجی ئەوەن لەم قورئانە ورد ببنەوە و سەرنج لەو حەقیقەتانە بدەن کە ئایەتەکان ڕوونیان دەکەنەوە. ئەگەر دەیانەوێت موسڵمان بن؛ دەبێت وا بکەن، دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو حەقیقەتە قورئانیانەدا ڕەفتار بکەن، ئەگەرنا خۆ خوای گەورە موحتاجی کەس نییە. موسڵمانێک بۆی نەبێت لە کۆڕێکدا بەشدار بێت کە گاڵتە بە ئایەتێک بکرێت و دەبێت ئەو کۆڕە جێ بهێڵێت، ئیتر چۆن بۆی هەیە بچێتە ژێر ئاڕاستە و سایە و هێزی تاغووتێک کە حاکمێتیی خوای گەورەی زەوت کردووە؟!

ئەو کەسەی لە کۆڕێکدا دەبێت کە کوفرانەی تێدا بکرێت، یان گاڵتە بە ئایەتێکی قورئان، یان بە بەڵگەنەویستێکی ئیسلام بکرێت و نەڕوات، وەلیان نەکات، بەڵکوو بێدەنگ بێت، یان چاوپۆشی بکات، یان موجامەلە بیگوزەرێنێت و ئەم ڕەفتارە دووڕووییە بەزیوانە ناوبنێت سینەفراوانی، یان ڕای ئازاد، یان بوواری بانگەواز، یان بەرفراوانیی دید و ئاسۆی نیگا، یان زیرەکی و سەبرگرتن، ئەمە بەڕاستی بەهانە و بیانوویەک نین خوای گەورە قبووڵیان بکات، چونکە ئەمە تەنازولە لە دینەکە، ئەمە دەروون بەزیویی ناخە، ئەمە ئەو لاوازییەیە کە تاوانە، هەرچەندە خاوەنەکەی دەیەوێت بەم بیانووانە پەردەپۆشی بکات، یان نایەوێت خۆی تەریق بکاتەوە و وا دەرکەوێت کە جورئەتی نەبووە هەستێ کۆڕەکە بەجێ بهێڵێت، دەنا غیرەت دەیگرت و دەڕۆیشت، توورەبوون بۆ خوا و لەسەرکردنەوەی دین و بەرگریوانی لە موقەددەساتی ئیسلام یەکێکە لە نیشانەکانی باوەڕبوون، ئەگەر ئەم هەست و غیرەت و جوامێرییە نەما ئیتر هیچ بەربەستێکی لا نامێنێت کە ڕێ لە سووکایەتیکردن لە دینەکە بگرێت، هیچ پەرژینێکی لا نامێنێت کە موقەددەساتی ئیسلام لە هێرشی بەدکارانەی دوژمنانی ئیسلام

بپارێزێت. جا ئەگەر بە ئەنقەست خۆی کڕ کرد و لەو گاڵتەکردنە بە ئیسلام بێدەنگ بوو، یان هەڵوێستە ناشەرعییەکەی فەلسەفاند کە گوایە گوێی لە ڕاوبۆچوونی پێچەوانە دەگرێ! ئەوە دواتر بە تەئکید غیرەتی دەپوێ و جورئەتی دەمرێ، هەر کەسێک لە یەکەم هەڵوێستی گاڵتەکردن بە ئیسلام -لە کۆڕێکدا- ڕانەپەڕی و ئامادەی بەرگری نەبوو، یان کۆڕەکەی بەجێ نەهێشت و هەر لەگەڵیاندا مایەوە؛ ئەوە یەکەمین سیفەتی شکستهێنانی بەسەردا هاتووە، یەکەمین سیمای بەزیوی لێ دەرکەوتووە و چووەتە یەکەمین قۆناغی دووڕوووییەوە، ئەوە پردی نێوان کوفر و ئیمانە کە دەبێت خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ یەکێکیان، یان ڕێی ئیمان دەگرێتە بەر و کۆڕەکە بەجێ دەهێڵێت، یان ڕێی کوفر دەگرێتە بەر و وردە وردە کۆڕی کوفر و کافرانی لا ئاسایی دەبێت و بە موجامەلەی دووڕووانە بەشداریان تێدا دەکات! مانەوە لەو نێوانەدا بێ بڕیاری یەکلاکردنەوە و ساغبوونەوە بۆ یەکێک لەو دید و ڕێیانە سیما و سیفەتی دووڕوویيە، چونکە دووڕوو لاسەنگ و لەقە و ڕاڕا و دوودڵە و لە نێوان کوفر و ئیماندا دێت و دەچێت و خۆی بۆ یەکلایی ناکرێتەوە. ئەوە دووڕووی بەزیو و ترسنۆکە و ئیرادە دۆڕاوە کە جارێک خۆ بە ڕیزی موسڵماناندا دەکات و جارێکی تریش لە کۆڕ و مەجلیسی کافراندا خۆشحاڵانە دەتریقێتەوە! ئەوەش ڕەفتارێک نییە موسڵمانی دلێر و بە جەرگ و جوامێر پێی ڕازی بێت خەڵکی مومارەسەی بکەن، چ جای خۆی بیگرێتە بەر، چونکە گومڕایی و ڕێ بزربوونە، وەکوو کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا ﴿١٤٣﴾﴾ {النساء: ١٤٣}، واتا: «وێڵ و سەرگەردانی نێوان ئەو دوو دید و ڕێیەن: دید و ڕێی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و دیدوڕێی کافرانی ئەهلی کیتاب، نە خۆیان بەملا ساغ دەکەنەوە و نە بۆ ئەولا. هەر کەسێک خوای گەورە گومڕای بکات هەتا هەتایە ڕێی هیدایەت نادۆزێتەوە». ئەم هەڵوێستە نیشانەی لاوازیی ویست و ئیرادەی ئەو کەسەیە کە نەیویستووە ئەرکی ئیمانداریتیی بکەوێتە سەر و حەزی کردووە بەرەو پاشگەزبوونەوە بڕوات، لە

دووڕووییەکەشیدا -بە دیدی لێلی خۆی- بەرژەوەندیی خۆی دەپارێزێت و بە هیچ بارێکی لایەنەکانی ململانێدا ناکەوێت. ئەمە نیشانەی ئەو لاوازییەیە کە لە کەسایەتییەکەیدا کە نەیگەیاندووەتە ئاستێکی پارسەنگ و ئازاد و بوێر کە هەڵوێستێک هەڵبژێرێت و بیگرێتە بەر و جوامێرانەش بەرگری لە ئیختیارەکەی خۆی بکات، نەیوێراوە بکەوێتە سەر دید و ڕێیەکیان و ئاشکرا و ڕاشکاوانە ڕایگەیەنێت کە ئەوە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی منە، بۆیە بە ترسان و لە برسان! کەوتووەتە ئەو هەڵوێستە ترسنۆکانەوە کە حەتمەن بەرەو خوارتر، بەرەو دووڕوویی گلۆر دەکاتەوە، چونکە ئەم هەڵوێستی کربوونە لە گاڵتەکردن بە دینی خوا ڕەفتاری دووڕووەکانە، ئەوەتا ئەمیش -لە لاوازی و دێدڵێلییدا- کەوتووەتە هەمان هەڵوێستەوە! دووڕووەکان هەمیشە لە ترساندا موجامەلەی درۆ دەکەن، توقیە و مودارات دەکەن، چونکە دڵیان لە ئیمان خاڵییە و ویژدانیان پوخلە، ڕواڵەتیشیان نواندنی درۆ و ڕەفتاری بێ گیانە، هەمیشە ڕەفتارێک دەنوێنن تا بەرامبەر ڕازی بکەن، بەڵام لە ناخیشیاندا پێچەوانەی ئەو ڕەفتارە زاهیرییەی خۆشیانن، بەڵام ناوێرن قەناعەتیان بکەنە ڕەفتاری دەرێیان. لاوازن لە ڕووبەڕووبوونەوەدا، ترسنۆکن لە ئاشکراکردندا، دەمیان تەتەڵە دەکات لە دەربڕینی ڕاشکاودا، هیممەتیان نزم و کەمە و جیددییەتیان پوکاوەتەوە، ئەمانە وەکوو مرۆڤ ڕاست نەماون! پەیکەریان مرۆڤە و ئیرادەیان شتێکی تر، جەستەیان پتەوە و ویستیان کلۆر! بەدەنیان کەتە و سیمایان ڕێک و موجامەلەیان جوانە، بەڵام ناخیان پوچەڵ و دەروونیان بۆگەن و بوغزیان زەلکاو و زۆنگاوی ڕق و قینە، ئەمانە وەکوو قالۆرن! ڕواڵەت پتەو بەڵام بۆش! ﴿وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ ۖ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ ۖ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ ۖ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ ۚ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ ۚ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ ۖ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٤﴾﴾ {المنافقون: ٤}، واتا: «کە دەیانبینیت ڕواڵەتیان سەرسامت دەکات، بە هیممەت و شەخسیەت! کە دەدوێن گوێیان بۆ هەڵدەخەیت، ئەوەندە قسەیان جوان و ڕێک و شیرینە! بەڵام لەڕاستیدا وەکوو کلۆرە دارن، بێ ئیرادە بە ڕیزە دیوارێکدا هەڵپەسێردراون!

بزاوت و هەڵوێستێکی سەربەخۆی خۆیانیان نییە تا نیشانی بدەن. ئەوەندەش لە سزای هەڵوێست و فەزحبوون تۆقیون وا دەزانن هەموو هاوارێک لەوانە و هەموو جارێک بۆ کەشفکردنی ئەوانە، هەمیشە لەم دڵەڕاوکێیەدان! ئەمانە دوژمنن، لێیان بە حەزەر بە، حەزەر لە قسە و کردار و بڕیاریان بکە، هۆشت لە بزاوت و هەڵوێستیان بێت، هەرچی نیشانی دەدەن لە ناواخنیدا دوژمنکارانەیە، ئاگادار بە، خوا لەناویان ببات کە ئاوا درۆزن و چەواشەکارن».

لەبەر دژواری و ڕۆڵ و شاراوەیی کەسایەتی و ڕواڵەتی موسڵمانانە و ناخی کافرانەیان و هەڵوێستی دژیان؛ دەبوو هەموو لێیان بە حەزەر بن، بەڵام نەشدەکرا ناویان ئاشکرا بکرێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کە لە ڕێی وەحییەوە ناویانی زانیبوو (٣٠٠ پیاو و ٧٠ ژن بوون) تەنها بە (حوزەیفەی کوڕی یەمان)ی ڕاگەیاندبوو. ناوەکانیان لای حوزەیفە خوا لێی ڕازی بێت هەبوو، چونکە ڕازگری پێغەمبەری خوا بوو (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ). لەبەر ئەوەبوو کە سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت دەهاتە لای حوزەیفە و بە ئەسپایی لێی دەپرسی: ناوی منیان تێدا نییە؟! حوزەیفەش خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو: نا عومەر، ناوی تۆیان تێدا نییە، بێ ئەوەی زیاتر بفەرموێت.

﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضٗاۖ﴾ {البقرة: ١٠}، واتا: «دڵ کرمێ بوون، دڵیان پڕ بوو لە نەخۆشی (دووڕوویی و ڕق و کینە و حەسوودی و پیسکەیی و ڕیابازی و... هتد)، خوای گەورەش زیاتری نەخۆش خستن، بەوەی کە ڕێگاکانی هیدایەتیانی گرت (دڵ و چاو و گوێیان)». ئەمانە دڵیان دەردەدارە، نەخۆشە، پەرێشانە، نەخۆشی تری بەدوادا دێت. لە ڕێ لادان ئینحیرافاتی تر دێنێتە کایەوە. لادان وەکوو گۆشەیەکی کراوە (<) سەرەتا کەمە، بەڵام لەگەڵ درێژبوونەوەی لاکاندا فاسڵی نێوانیشیان دوور دەکەوێتەوە، لە دین لادانیش وایە، سەرەتا کەمە و خاوەنەکەی بە هەندی وەرناگرێت، بەڵام لەگەڵ زەمەندا لادانەکە زیاد دەکات،

چونکە لادانی دواتری پێ ئاسنتر دەبێت، چونکە پێشتر جورئەتی لادانەکەی بۆ دروست بـووە، ئینجا کە لادانەکان بەراورد دەکات دەڵێت خۆ ئەمیان بچووکترە! یان ئاسانترە!

دووڕووەکـان و ئەوانەی نەخۆشـی دڵـی داگرتـوون؛ دەبیـنن وا ئـوممەتە موسـڵمانەکە لە ململانێیەکی سەخت و ڕووبەڕووبـوونەوەیەکی گشـتگیر و جەنگێکـی بـێ ئامانـدایە بەرامـبەر لەشکرکێشی دەزگای داپڵۆسین و هێزی ڕاوەدوونان و جەللادانـی تـاغووت، کەچـی ئەمـان لە سێبەرێکەوە تەماشـای دیـمەنەکە دەکەن و لە دیـدی بەزیـوی خۆیـانەوە شـیکاری واقیـعەکە دەکەن! دەبینن خواویستان بەم دینە، بەم حەقیقەتە عەقائیدیانەوە، بە دەسـتی خـاڵیی لە چەک بەرامبەر ئەو شاڵاوی ڕیشەکێشکردن و لێشاوی چەواشـەکارییەی تاغووتـان وەسـتاونەتەوە و زۆر جوامێرانە بەرگری لە موقەددەساتی ئیسلام دەکەن، بەرگری لە حاکمێتیی خـوای گەورە و سەروەرێتیی شەریعەتەکەی دەکەن. لە مەیداندا وەستاون و هەموو چەکی دەستیان متمانەیانە بە خوای خاوەنیان، هەموو ئومێدێکیشیان بە سەرکەوتن هەیە، چونکە دڵنییان سەرکەوتن لە لایەن خواوەیە و بەس. دووڕووەکـان و دەروون بەزیوەکـان لەبەر سـایەی پـان و پۆڕیـانەوە قسـە بە موجاهیدەکان دەڵێن، تیر و توانجیان تێ دەگـرن، سـووکیان دەکەن، دەڵـێن: ئەگەر عەقڵیـان بە دنیا بشکایا ئەوا خۆیان نەدەخستە بەر حەملەی بێ ئامانی دەسەڵاتداران! ئاوا بە دەستی بەتاڵ نەدەکەوتــنە ململانــێ! ئینجـا بەدەم گـاڵتەپێکردن و لاقرتێـوە دەڵـێن: چـوونەتە (شــەڕی خۆترێن)ەوە! لەکاتێکـدا بە ئازایەتیشـیان سەرسـامن؛ بەڵام هەر دەڵـێن: سـادە و سـاویلکەن، واقیعیان نەناسیوە، موراهیقیانە خۆیان خستووەتە بەر نووکی ڕم و تیغی شمشێر! سەر دەهێنن و سەر دەبەن نازانن ئەم ئوممەتە عەقائیدییە کەم و (بـێ هێـزە) بـۆچی وای کـرد؟! بـۆچی کـۆڵ نادات؟ بۆچی خۆی بە قڕان دەدات؟! ئەمانە لە هۆکاری ئەم جوامێرییەی ڕووبەڕووبـوونەوەی کوفر تێناگەن کە ناویان لێ ناوە (حەزی چەکـداری) و (خۆکـوژی) و (خـۆ بە فەتارەتـدان)! نازانن ئەم گەنـجە جوانـانە و ئەم پیـرە بە ئەزموونـانە بـۆچی ئـاوا خـۆ بە کوشـت دەدەن؟ ئەم

دووڕووانه و هاوبیرانیان له پۆله (موسڵمان)ه بەزیوەکان، هەموو ڕەفتارێک له ڕووانگەی سـوود و قـازانجی دنیـاییەوه سـەیر دەکەن، وا دەزانـن دینـداری و بـانگەواز و جیهـادیش دەبێـت قازانجێکی ماددی بەدی بهێنێـت، ئەگەر قـازانجەکەی مسـۆگەر بـوو، ئەوانـیش خـۆ دەکەنه دیندار و داعی و موجاهید و بەشداری هەموو چالاکییەک دەکەن که تێیدا دەردەکەون! ئەگەر دیتیـان هەر ناڕەحـاتی و کێشـەیه؛ خـۆی لـێ بەدوور دەگـرن و ئـاوا لەبەر سـێبەری ئەمـانی تاغووتانەوه دەکەونه شیکار و (بابەت نووسـین!). ئەمـانه له دیـدی موسـڵمانەوه نـاڕوانن و له ڕووانگەی موسڵمانەوه نابینن و به پێوەری ئـیمان نـاپێون، ئەنجامەکـانیش به حسـاباتی دیـن و دینداری و خواویستی حساب ناکەن، چونکه هەر هۆشیان لەوەیه که ئەو دینداری و بانگەواز و جیهاده ئەنجامەکەی چەند بەسووده و چ قازانجێکی مـاددیی دنیـایی دەخـاته بەردەسـت؟!
بەڵام ئەم ڕەفتاره سەختە، ئەم حەق وتن و جیهـادکردن و ململانێکـردنه دژی تاغووتـانی سـەر زەوی لای موسڵمان، جگه لەوەی فەرزێکی خواییه؛ هەموو شتێکیشی ڕۆشـنه. ئەمه بازرگـانییه لەگەڵ خوای گەورەدا، له هەمـوو حاڵەتێکـدا هەر قـازانج دەکـات. حەتمەن یەکێـک لەم دوو ئامانجه بەدەست دەهێنێت: سەرکەوتن یان شەهیدبوون. سەرکەوتن و زاڵبوون و تەمکین، یـان شەهیدبوون و ڕەزامەندیی خوای گەوره و بەهەشتی نەبڕاوه. ئەمه جگه لەوەی که پێناسەی هێز له دیـد و ڕووانـگەی موسـڵماندا ڕۆشـنه، که هێـزی بێسـنوور هێـزی خـوای گەورەیه که سەرکەوتنەکەشی بەدەسته، هەر وەکوو که بڕیاری شەهیدبوونیشی بەدەسته. بەڵام دووڕووەکان ئەمه نازانن، ئەوانەش که دڵیان نەخۆشه هەر ئـاوا پەی بەو حەقـیقەته عەقائیـدییانه نـابەن که موسڵمانیان لەسەر پەروەرده دەبێت.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی له هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا داوایـان لـێ کراوه که هەموو شتێک به تەرازووی عەقیده و باوەڕەکه بکێشن و به نووری خـوا ببیـنن و به هەستی تەقواکارییەوه ڕەفتار بکەن و هەرگیزاوهەرگیز تاغووتانیان پێ بەهێز نەبێت، هەرچەنده

دەسەڵاتدار و خاوەن هێزی ماددیی دیار بن. قەت خۆشیان بە بچووک نەیەتە پێش چاو و هەمیشە لەو دید و هەستەدا بن کە زۆر لە تاغووتان بەهێزترن، چونکە خوای گەورەیان وەلدایە.

عەقیدە و ڕێباز و بەرنامەکەی دوور و درێژ و سەختە، ئەو هیممەت و ویست و ئیرادانەی گچکە و لاواز و نزمن ناتوانن بیبڕن. داخوازییەکانی عەقیدە کە زۆرن و خەتەرن؛ ڕۆحە لاوازەکان و دڵە کرمێکان و ئیرادە گەندەڵەکان تەحەمولی ناکەن و زوو لێی بێزار دەبن، بەڵام خۆی ئاسۆیەکی زۆر بڵند و لووتکەیەکی ڕێز و پێگەیشتنە، هەموو کەسێک نایگاتێ. ئەوانەی ورە نزم و غیرەت پوواون، ئەوانەی ترسنۆک و دنیا ویست و چۆک شکاون؛ ناتوانن بۆی پێ هەڵگەڕێن، چونکە ئەمانە فێری بەرسێبەرن! ﴿لَوۡكَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لَّٱتَّبَعُوكَ وَلَٰكِنۢ بَعُدَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلشُّقَّةُ﴾ {التوبة: ٤٢}، واتا: «ئەگەر دەسکەوتێکی نزیکەدەست و سەفەرێکی کورت بووایە شوێنت دەکەوتن و وەلتدا دەهاتن، بەڵام کە دەبینن گەشتێکی دوور و پڕ سەختییە، خۆت تێناگەیەنن و خۆ لە کونجی ماڵەکانیان دەپەستێون!». ئەمە دیمەنی حاڵەتێکی ڕابردوو نییە و بەس، ئەمە وێنای دەروونێکی بەزیو و هیممەتێکی نزم و کەسایەتییەکی خواردەلەمیشی ورە بەربووە، کە ئەم وشە وەحییە نەمرانە دەیخاتە بەرچاوی نەوەکانی مرۆڤایەتی، ئەم نموونە ترسنۆک و (ڕاحەت تەڵەب)ە لە هەموو کۆمەڵگایەکی موسڵماندا هەن و دەبن. ئەمە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست و حاڵ و نەفسییەتی ئەو کەسانەیە کە خۆیان -لە ڕواڵەتدا- بە دینەکەدا هەڵڕۆسکاندووە و هەموو مەبەستێکیان لە (دینداری)یان دەسکەوتی ماددی و ژیانە، ئەمانە شاسواری ئەو ڕێگا دوور و، شاخەوانی ئەو لووتکە بڵندەی ئاسۆی خواویستی نین. ئەوانەی دووا دەکەون زۆرن! ئەوانەش کە لە ڕێ دەکەون و ماندوو دەبن هەر زۆرن! هەردوو پۆلەکە خۆلێسانەوەی بەر سێبەر و قسەی زل و کاوێژکردنیان پێ چاکە، نەک تەقواکاری و ئەرکی بانگەواز و شاندانە بەر جیهاد. ئەمانە تاڵبی دەسکەوتی سووک و ئاسانن، با شتێکی سووکیش بێت! با بێ نرخ و کەمیش بێت.

مێژووی مرۆڤایەتی -لە هەموو قۆناغێکیدا- زۆری لەمـانە دیـوە، ئەمـانە کەمینـەی کـات و شوێن و نەوەکان نین، ئەمانە زۆرینـەن و لە هەمـوو حاڵەتەکـانی خۆشـی و ناخۆشـیدا زۆر و بۆرن، دەمهەڕاش و فشەکەر و دەیان جۆرن، نە پێشڕەون نە پێشەنگ، لە پەراوێزێکی ژیانـدان، کە دەسـکەوتێکی سـادە و سـووکیان -بـێ نـاڕەحەتی- دەسـت دەکەوێـت وا دەزانـن پـلەی جوامێرییان بڕیوە و ئەوە پشکی جیهاد و جەنگاوەرێتییە، بۆیە خـۆی پێـوە بـا دەدەن، تـا بڵـێن ئێمەش لەو ڕیزەدا بووین و ئەوەتا شایانی خەڵاتێک بووین!

ئەمانە کە سەرمایەی جـوامێری و نرخـی ئازایەتیـان کەمە، هەر شـتی گچـکە و کەم و بـێ نرخیان دەسـت دەکەوێـت، بەپێچەوانەی موجاهیـدانی جـوامێر و ئـازا و بـۆ خـوا لێبـڕاو کە تەنانەت بۆ سەردانی ماڵ و مناڵەکەشیان مـۆڵەت وەردەگـرن، دەڵـێن نەبـادا لەناکـاو سـەدای جیهادێــک بــزنەڤن: ﴿إِنَّمَا يَسْتَـْٔذِنُكَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَٱرْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ ﴿٤٥﴾﴾ [التوبة: ٤٥]، واتـا: «ئەو کەسـانەی باوەڕیـان بە خـوا و بە ڕۆژی دوایـی هێناوە داوای مۆڵەتت لێناکەن کە لە خزمەتت دابن بۆ جیهادکردنیان لەپێناو خـوادا بە گیـان و ماڵیان (چـونکە دەزانـن جیهـادکردن داخـوازیی ئـیمان و عەقیـدە و دینـداریەکەیانە)، خـوای گەورەش ئاگای لە تەقواکارانە و شارەزای دیندارانی سەرڕاستە. ئەو کەسـانە داوای مۆڵەتـت لێ دەکەن لە ماڵەوە بمێننەوە و بەشداریی جیهاد نەکەن؛ کە باوەڕیان بە خوا و بە ڕۆژی دوایی نییە و دووڕووانە خۆیان بە موسڵمان داناوە و دڵ کرمێ و پڕ گومانن و لەو نێوانەدا هەر دێن و دەچن. ئەمانە کە سەرگەردانی هەڵوێست وەرگرتنن، بەردەوام دێنە خزمەتت و دەڵێن ڕێمان بـدە با خەریکی کاسبی و چاندن و ئەرکی ماڵ و مناڵەکانمان بین و ئەم جارە نەیەینە جیهاد!».

ئەمە حەقیقەتێکـی تـری عەقیـدە و بـزاوت و هەڵوێسـتە، ئەمە پێـوەر و ڕێسـایەکی خـوای گەورەیە، ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خوای گەورە و ڕۆژی دوایی هێناوە چـاوەڕوانی ئەوە نـین پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مۆڵەتیان پێ بدات تا بەشدار بن، چونکە لە دین و دیندارێتیی

خۆیانەوە دەزانن کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ڕایگەیاند دەبێت هەموو موسڵمانێک بچێت، چونکە فەرزە و جێبەجێی دەکات. بۆیە هەر هەموو یاوەران لەگەڵ بیستنی سەدای جیهاددا یەکسەر بە گیان و ماڵەوە دەهاتنە خزمەتی. دەوڵەمەند و هەژار، گەورە و بچووک، خێزاندار و ڕەبەن، هەموویان. چونکە دەیانزانی چوونە جیهاد وەڵامدانەوەی فەرمانی خوای گەورەیە و ڕاگەیاندنی ملکەچێتییە بۆی و گوێڕایەڵی و ڕاپەڕاندنی داخوازییەکانی عەقیدەکەیە. هەموو دڵنیا بوون لەوەی کە پاداشتی لەسەر وەردەگرن. هەموو کێبڕکێیان دەکرد بۆ ڕیزی پێشەوەی موجاهیدان تا خوای گەورە لەخۆ ڕازی بکەن. پێویستییان بەوە نەبوو بکرێنە سەربازی خورتی (ئیجباری) و سەوق بکرێن و لەژێر چاودێریدا بن تا خۆ نەدزنەوە! پێویستییان بەوە نەبوو کەس هانیان بدات؛ چ جای ئەوەی داوای مۆڵەتی بەشدار نەبوون بکەن، ئەوە زۆر دوور بوو لەوانەوە. بەڵام لە بەرامبەریاندا: ئەوانەی دەروون بەزیو و عیززەت ڕزیو بوون، ئەوانەی ئیمان بە دڵیاندا ڕۆنەچووبوو، دوودڵ و ڕاڕا و خاوەن گومان بوون، ئەمانە خۆیان دەشاردەوە، خۆیان دەخافڵاند، خۆیان دووا دەخست، کە دەشهاتن داوای مۆڵەتی نەچوونیان دەکرد، کە دەچوون، لە نیوەڕێ خۆیان دەدزیەوە، دەگەڕانەوە! دەکەوتنە دۆزینەوەی بیانوویەک تا خۆ دوابخەن، یان بیکەنە عوزری دواکەوتنیان کە موسڵمانان لە غەزاکە دەهاتنەوە. ئاواتاخواز دەبوون شتێکیان بێتە ڕێ و بیکەنە بەهانەی نەچوونە جیهاد، چونکە داخوازیەکانی عەقیدەکەیان زۆر لا قورس بوو، موسڵمانێتیشیان ڕاگەیاندبوو، هەر دەبوو وا نیشان بدەن کە ئەوانیش موسڵمانن و ئامادەی جیهادکردنن بەڵام...!

هۆ داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی...

ڕێگای بەرەو خوا چوون و ڕێبازی تەوحید و بانگەوازەکەی ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوە، ڕاست و دروست و ڕەوایە. تەنها ئەو کەسانە دوودڵ و ڕاڕا دەبن لە گرتنەبەریدا کە ئەم ڕێگایە نازانن و ئەم تەوحیدەیان لا نەچەسپاوە و بەڕاستی نەهاتوونەتە ژێر سایەی ئەم بانگەواز و

بزاڤەوە. یان ئەوانەی ڕێگا و عەقیدە و بانگەوازەکەیان زانیوە و دەشزانن داواکـاری و ئەرکـی شوێنکەوتووانی چییە، بەڵام ئەمان لاڕێ دەکەون، چونکە ئەوان ئەو ئەرکانەیان پێ هەڵناگیرێت و ئامادە نـین وەڵامـی داخوازییەکـانی عەقیـدەکە بـدەنەوە. ئەوەنـدەش جـوامێر و دلێـر نـین بانگەوازی خوایی هەڵگرن و ڕایگەیەنن، چ جای چوونە جیهاد و خۆبەختکردن لەپێناویدا. ئەم ورە بەزیوانە، ئەم عیززەت ڕزیوانە خەتەریاتیان لەسەر ڕێگای خواویسـتی زۆرتـرە، دژوارییـان لەسەر ڕێگای موجاهید زۆر زۆرە، هەبوونی ئەمانە لە کاروانی بانگەواز و بزاڤ و جیهاددا واتا هەبوونی پڕوپاگەندەی دوژمن و ورە ڕوخاندن و شەڕی واتەوات. واتا هەبوونی کەسـانێک کە بێ غیرەتی لەنـاو ئیماندارانـدا بـڵاو دەکەنەوە و لە کۆمەڵکـاریی بـانگەواز و جیهـاد سـاردیان دەکەنەوە. ئەمانە کە خۆیان لاواز و ورە ڕووخاون؛ بەردەوام هەوڵ دەدەن خەڵـکەکەی تـریش لاواز و ورە ڕووخاو لێ بکەن، تا عەیب و عاری خۆیان داپۆشن. تا خۆیـان نـامۆ و پەریـدە و ترسـنۆک دەرنەکەون. هەبـوونی ئەمـانە لەنـاو ڕیـزی ئیماندارانـدا خەتەرە، چـونکە بەردەوام دەیانەوێت دید و بزاوت و هەڵوێستی وا بخولقێنن کە ناحەزانی ئیسلام ڕازی بن لێیان! خـوای گەورە دەربارەیان دەفەرمووێـت: ﴿وَٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَحَقُّ أَن يُرۡضُوهُ إِن كَانُواْ مُؤۡمِنِينَ ۝٦٢﴾ {التوبة: ٦٢}، ئەگەر ڕاست دەکەن و موسڵمانن خۆ خوای گەورە و پێغەمـبەرەکەی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) شـایانترن لە خۆیانیان ڕازی بکەن. ڕازیکردنی خەڵکـی چ ڕۆڵێـک دەبینێـت؟ چ کـاریگەرییەکی هەیە کە خوای گەورەی ناڕازی کردبێت؟ کەسێک خوای گەورەی لە خـۆی ڕەنجانـدبێت، هەر هەمـوو خەڵکیی لە خۆ ڕازی کردبێت، چارەنووسی چی دەبێت؟ بەڵام ئەو کەسـەی لە حەقیقەتیـدا، لە دڵ و هزر و ویژدانیدا ئیسلامی قبووڵ نەکردووە و هەر سەرزارەکی موسڵمانبوونی ڕاگەیاندووە، ڕازیکردنی خوا و پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)ی پـێ گرنـگ نیـیە، مەدح و پیاهەڵـدان و وەسفکردنی خەڵکیی لا گرنگترە کە ناوی بهێنن! ئەم کەسە دووڕووانە، کە لە ناخدا کافر و لە ڕواڵەتدا موسڵمانن لە ڕاستیدا لە خوا ناترسن، لە خەڵکی دەترسـن، لە شـەقاوەیەک دەتـۆقێن!

بەڵام موسڵمانی خواناس و داعی و پێشڕەوی خواویستی کە لە غەیری خوای گەورە ناترسێت و باکی بە کەس نییە؛ تەنها ڕەزامەندیی خوای گەورەی پێ گرنگە، ئەوە هیوا و مەبەست و ئامانجێتی.

ئەم پۆلە دەروون بەزیوانە لە هەموو کات و شوێنێکدا هەن. ئەم (ڕاحەت تەڵەب)انە سەرزارەکی موسڵمانن، دەم هەراش و فشەکەری بەر سێبەرن. کە خەڵکی لە تێکچڕژانی جیهاد و دەبەرێکڕاچوونی کوفر و ئیماندا دەبن؛ ئەمان ساغ و سەلامەت و تێر و تەسەل لەناو ماڵ و منداڵ و باخ و ساباتی خۆیاندا خۆشحاڵ دەبن و وا دەزانن لە لووتکەی عەقڵ پێ شکان و واقیعناسی دان، بێگومان خۆشیان لە هەموو موجاهیدێک بە موسڵمانتر دەزانن! ﴿فَرِحَ ٱلۡمُخَلَّفُونَ بِمَقۡعَدِهِمۡ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓاْ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُواْ لَا تَنفِرُواْ فِي ٱلۡحَرِّۗ قُلۡ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرّٗاۚ لَّوۡ كَانُواْ يَفۡقَهُونَ ٨١﴾ {التوبة: ٨١}، واتا: «ئەوانەی دووا کەوتبوون (لە غەزای تەبووک خۆیان دواخست) بەوە دڵخۆش بوون کە پێچەوانەکاریی پێغەمبەری خوایان (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کرد و نەچوونە غەزا، چونکە پێیان ناخۆش بوو لە پێناوی خوادا بە گیان و ماڵیان جیهاد بکەن. جا بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی موسڵمانانیش لە چوونە غەزا سارد بکەنەوە، دەیانوت غەزا چۆن بەم گەرمایە دەکرێ؟! مەچن، هەم گەرمایە، هەم تەبووک دوور و سەحرایە! پێیان بڵێ: بەڵام ئەگەر تێگەیشتنتان هەبێت خۆ ئاگری دۆزەخ گەرمترە و ماوەکەشی لەم ماوەی غەزایە زۆرترە!».

ئەمانە نموونەی ئیرادە لاوازی و ورەنزمی و شلگیری و بێ هیممەتین. لە ڕۆژانی جیهاددا ئەوانەی خۆ دوورەپەرێز دەگرن و نایانەوێت تووشی ناڕەحەتی و سەختی ببن زۆرن، کە حەسانەوەی هەرزانیان پێ چاکترە لە ڕەنجی جوامێرانە، کە سایەی زەلیلییان پێ بەنرخترە وەک لە دژواری و سەختیی ڕێی عیززەت و ئازادی و تەمکین، بۆیە زوو هیلاک دەبن و هەر لە سەرەتای ڕێگادا هیلاک دەبن و دەکەون. ئەمانە ناتوانن لە کۆتایی کاروانەکەشدا ڕێکەن!

چونکە پێشەنگ و پاشەنگی کاروانی بانگەواز و جیهاد هەر لە دینداری و هەستی بەرپرسێتی و جوامێرییەوە دێت. ئەم دووڕوو و دڵ کرمێ و دەروون بەزیوانەش ئەو سیفەتە ڕەسەنەیان نییە، ڕێگای بانگەواز و جیهادگرتنەبەر و لە ڕیزدا مانەوە و سووربوون لەسەر بەردەوامێتی؛ سروشتی موسڵمانی سەرڕاستە، هەموو سەختیەکانی ڕێگاشی لا چاکترە وەک لە خۆلێسانەوەی بەر سایەی ترسنۆکی کە لایەقی ڕەوشت و سیفاتی پیاوی بە جەرگ نییە. سەرخستنی بانگەواز و هێنانەدیی ئامانج کەسانێکی ئەوێ کە توندوتۆڵ و ژیان زبر و ئیرادە بەهێز بن، کە سەرڕاست و خۆگر و پابەند بن، بە سەبر و پشوودرێژی ڕێی خەبات بن. ئەو کۆمەڵە و بەرەیەی کە کەسانی ترسنۆک و شل و شێواو و ورە ڕووخاوی تێدا بێت خۆ ناگرێت، زوو دادەڕوخێت و شکست دەهێنێت، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم سیمای تین و فشار و ترس و سەختیدا ورە ڕووخاوەکان هەڵدێن و سەنگەرەکانیان چوڵ دەکەن و ڕیزی جەنگاوەران تووشی پشێوی دەکەن، دوژمنیش لەو لایەنەوە زەفەر دەبات و هێرشی سەخت و چڕ دەکاتە سەر جەنگاوەرە خۆگرەکان و سەرئەنجام زیانی زۆر و تێکشکان و زاڵبوونی دوژمنانە.

ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە خوای گەورە لێرەدا ڕوونی دەکاتەوە، ئەمە ڕێگای بانگەواز و پیاوەکانێتی کە پێویستە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی هەموو کات و شوێنێک ئەمەیان لەبەرچاو بێت و لێی غافڵ نەبن.

زەلیلی باجی خۆی هەیە، هەر وەکوو کە ڕێز و کەڕامەت و سەربەستیش باجی خۆی هەیە. لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا باجی زەلیلی زۆر زۆرتر و سەختترە لە باجی سەربەستی، ئەوە دەروونبەزیوەکانن کە وا دەزانن باجی سەربەستی و ڕێز و کەڕامەت زۆرە و بەوان نادرێت، لەم ڕووانگەوە ژیانی زەلیلی و ژێردەستەیی و سوکایەتیان پێ چاکترە و ئەویش دەگرنە بەر وەک لەوەی ئەرکی خەبات و کۆڵی بانگەوازی سەربەستی هەڵگرن، بۆیە پێیان پەسەندە لە سووکایەتی و سەرشۆڕیدا بژین کە هەرزانترە بە لایانەوە! دەشزانن کە ژیانێکە خۆشیان

خاوەنی خۆیان نین، خاوەنی ڕێز و ماف نین، لە سێبەری خۆشیان دەترسن و لە هەموو نەڕەیەک دەتۆقن! وا دەزانن هەموو هاوارێک بەسەر ئەواندایە و هەموو سەدایەک زیانێکی بۆیان پێوەیە! لەگەڵ ئەم زەلیلییەدا وا ڕا دێن کە خۆزگە بۆ هیچ گۆڕانێکی ناخۆن، تا دێت سوورتر دەبن لەسەر ئەو ژیانە. ئەمانە قورسترین باجی ژیانیان دەدەن؛ باجی تەواوی زەلیلی، باجێک لەسەر ئازادی و تێڕوانینیان، باجێک لەسەر دید و ڕێیان، باجی ڕۆژانە لەسەر بزاوت و هەڵوێستیان، ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتیان هەر هەمووی باجدانە. باجی ناو و سومعە و کەسایەتیان، باجی خاوەنێتیی سامان و خێزان و منداڵ، کە جاری وا هەیە تاغووت سامانیان زەوت دەکات و خۆشیان و ئەولادیشیان بۆ بەرژەوەندیی خۆی بە کوشت دەدات، بێ ئەوەی مافی بەرهەڵستیان هەبێت! باجی زەلیلی زۆر قورس و سەختە، ڕۆژانەیە، بەڵام چونکە هێواش دەڕوات؛ کاردانەوەیان هیچ لا دروست ناکات!

دووڕوو نموونەی ئەو پۆلە کەسانەیە کە تەحەمولی بەرپرسێتی ناکەن، نایانەوێت خاوەنی دید و ڕێی خۆیان بن و ئامادەش بن بەرگری لێ بکەن و باجی عەقیدەکەیان بدەن، بۆیە ڕازین دیدلێل بمێننەوە، ڕازین ڕا دەرنەبڕن، ڕازین کۆمەڵکار نەبن، ڕازین خەبات نەکەن، یان بیوەستێنن یان ڕێی بگۆڕن! بە لەدەستدانی ویست و ئیرادەی جوامێری و هەستی مرۆییان؛ خوای گەورەش ڕێگای هیدایەتی خۆی لێ گرتوون، پەنجەرەکانی زانست و بیرکردنەوە و هۆشی لێ داخستوون و دەرگای وەرگرتنی عەقیدە و لێتێگەیشتن و کارلێکردنی عەقیدەی پەک خستوون، کە خۆیان ئامادەیی دەبەنگی و هێڕی و کڕبوونیان دەربڕیوە، خوای گەورەش پەیبردنیانی بە دینەکە و درککردنی ئیماندارییی لێ گرتوونەتەوە و مۆری بە دڵیاندا ناوە کە ئیتر وا سەرگەردانانە و ڕێ بزرانە بژین: ﴿وَطَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٩٣﴾﴾ {التوبة: ٩٣}، واتا: «خوای گەورە دڵی مۆر کردوون (ڕێگاکانی هیدایەتی لێ گرتوون)، ئیتر تازە پەی بە دین و وەحییەکە نابەن و ڕێی خواناسی نازانن چییە و چۆنە».

ئەو کەسەی کە ئەو ژیانە زەلیلییە ژێردەستەیی و پڕ سووکایەتییە هەڵدەبژێرێت و ئەوەندە لێی ڕازی دەبێت نایەوێت هیچی لێ بگۆڕێت؛ لە ڕاستیدا هیچ پاڵنەرێکی چاکسازیی لە ناخدا نەماوە، هیچ هەستێکی بەرزی تێدا نەماوە، ئامادەی وەرگرتنی زانیاریی نوێ نییە و گاڵتەی بە ئەزموونی گۆڕانکاری دێت! لە حەقیقەتدا پاڵنەری هەبوونی -وەکوو مرۆڤ- نەماوە، کاروکارتێکردنی وەستاوە، هەموو هیوا و ئومێد و هیممەت و پاڵنەرێکی بەردەوامبوونی؛ ئەو ژیانە سووکایەتییەیەتی، کە هەر خواردن و خەوە، یان حەز و چێژی جەستەیە و بەس، ئەمما دید و عەقیدە، تێڕوانین و فیکر، بانگەواز و بزاڤ، ڕەفتار و ڕەوشت، بزاوتی سیاسی و هەڵوێستی کاریگەر، هیچ یەکێک لەمانە و هاوشێوەیانی لا بەڕێز نامێنێت! ئەمە هەڵبژاردنی ئازادانەی گەوجاندنە، سروشتی گەوجاندنیش وایە کە ڕێگاکانی بیر و هەست و هۆش دەبەستێت، پەنجەرەکانی دڵ و هزر و ویژدان قەپات دەکات. گەوجاندن میکرۆبی هەستی گۆڕانکارییە، هەر وەکوو کە هزر و ژیری و هەست و هۆش پاڵنەری بزاوت و بەگەڕخەری وزە و توانان بۆ ژیانی چاکتر و چاکترکردنی خودی ژیان. بزاوت و هەستی گۆڕانکاری و خەباتکردن؛ هەموو هێزە شاراوەکان و وزە و توانا متکراوەکانی ناخی سەربستان دەخرۆشێنێت و، هەموویان دەبنە دەیان پاڵنەری بزاوت و هەڵوێستی گۆڕاناکاری، هزر دەخەنە سەر نەخشەدانان و غیرەت دەخەنە خرۆشان و تواناکان دەکەنە وزەی بەردەوامبوون و چاکترکردن. کە بزاوتی گۆڕانکاری؛ کەسەکان ڕووبەڕووی دژواری دەکاتەوە؛ بووارەکانی بەرگری و شێوازەکانی بەگەڕخستن و چۆنیەتیی خۆپاراستن و هەڵمەتبردنە سەر بەرامبەر ئیسارە دەکەن و توانین و کاری زۆر سەیر دەخەنە بەردەست کە لە کاتی حەوانەوە و نەخرۆشاندا گومان لە هەبوونیان دەکرێت.[١] بزاوتی مەشقی ڕۆژانە بە ڕابووان دەگات، داعییەکان گۆش دەکات و

---

(١) لەو کاتانەدا کە بەرپرسێتیی شەرعی و تەقوا و دینداریی ڕاست لە ناخی موسڵماندا دەچەسپێت و ڕووبەڕووبوونەوەی تاغووتانی لا دەبێتە ئەرکی قیامەتی؛ دەکەوێتە بانگەواز و بزاڤ و جیهاد بەرامبەر دەسەڵاتدارانێک کە سەدان بەرامبەر لەم هێزدارترن.

موجاهیدەکان ئامادەی هەموو دژوارییەک دەکات، ئاوا کەسە بەغیرەتەکان کە نـاخوازن بچـنە ڕیزی حەساوە خوساوەکانی بەر سێبەر، هەموو گیانیان دەبێتە ویست و ئیـرادەی گۆڕانکـاری، کەسانی بەزیو (ڕاحەت تەڵەب) لە هەموو ئەم زانین و داهێنان و بەخشینە مەحرووم دەبـن، لە بەرامبەردا ئەوانەی لە مەیدانی بانگەواز و بزاڤ و جیهاددا دەیان بوواری زانین و داهێنـان و بەخشینیان بۆ دەڕەخسێت، کە هەریەکەیان بە جۆری خۆی و لایەنی تایبەتی ئەم کەسە داعیـیە موجاهیدە پەروەردە دەکەن. بۆیە دەبینرێت چالاکوانی بانگەواز و جیهاد عەقیدە دامەزراوتر و شارەزای شەرع و جـوامێر و سـینەفراوان و دلێرتـرن لە خوسـاوەکانی بەر سـێبەر! ئـا ئەمەیە ڕێگاکە.

بەزیوەکانی بەر سـێبەر -کە ئەنـدامی زاهیریـی ئـوممەتێکی عەقائیـدی دەبـن- کە توانـای بانگەواز و بزاڤ و جیهادیان تێدایە بەڵام ویست و ئیرادەیان نییە و نایانەوێت شـان بـدەنە بەر بەرپرسێتی و ئەرکی گۆڕانکارییەکە، کە پێیان چاک دەبێت بارودۆخەکە وەکوو خۆی بمێنێت و ئەندامانی ئوممەتە عەقائیدییەکەش کۆڵ بـدەن و دانیشـن؛ ئەوانە نەک هەر بەزیـو و غیـرەت ڕزیون، ئەوانە پیس و چەپەڵن و، وەکوو خـوای گەورە ئـاوا وەسـفی کـردوون کە (رجـس)ن: ﴿سَيَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمۡ إِذَا ٱنقَلَبۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡ لِتُعۡرِضُواْ عَنۡهُمۡۖ فَأَعۡرِضُواْ عَنۡهُمۡۖ إِنَّهُمۡ رِجۡسٞۖ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ٩٥﴾ {التوبة: ٩٥}، واتا: «کاتێک ئێوە لە غەزا دەگەڕێنەوە، ئەو وره بەزیـو و غیـرەت ڕزیـوانە (دووڕووەکـان و دڵ نەخۆشـەکان) کە لە جیهـادەکە خۆیـان دزیبووەوە، دێنە لاتان و سوێندتان بە خوای گەورە بۆ دەخۆن کە گوایە خاوەن عوزر بوون بۆیە وەلتاندا نەهاتوون، تا موحاسەبەیان نەکەن، تـا سەرزەنشـتیان نەکەن، تـا سـزایان نەدەن. ئێـوە وەلیان بکەن، گۆشەگیریان بکەن، کەناریان بخەن چونکە پیسن، چونکە هەمـوو ڕەفتارەکانیـان

موسڵمانی وا دەبینیت فەقیرۆکە و بەستەزمانە، کەچـی دەبێـتە پێشرەوی ئـازایەتی، هەرچـی وزە شـاراوەکانی نـاخی هەیە دەکەوێـتە بەرهەم، هەموو سیفەتەکانی تریش هەر وان. وەکوو پیسکەیی و بەخیلی کە دەبنە سەفاوەتێکی خێرەومەندی تەسەورنەکراو.

هەر پیسییە (ئەمە وەکوو ئایەتی: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ﴾)ـە، پیسـن، کەوابـوو بـۆ خـوا پـاک نەبـوونەتەوە تـا نـووری هیـدایەتی خوایـان بخـاتە دڵ، ڕەفتـار و ڕەوشـتیان پـاک نەبـووە تـا دینداریێتیان پێ بسپێریێت، سەرڕاست و خاوەن ویست و ئیرادە نەبـوون تـا کـۆڵی بانگەوازیـان بخاتە سەرشان، جوامێر و ئازاش نەبوون تا ڕێـی جیهادەکەیـان نیشـان بـدات، وەلیـان بـکەن، خوای گەورە بڕیاری داوە کە چارەنووسیان دۆزەخ دەبێت، ئەوە سزای ڕاست و ڕەوا و شیاو و پڕاوپڕی ئەو کار و کردەوانەیانە کە دەیانکرد».

ئەمانە ﴿رِجۡسٞ﴾ و ﴿نَجَسٞ﴾ن..گومانی تێدا نییە کە پیسن، ناخیـان پیسـە، ڕۆحیـان پیسـە، دید و تێڕوانین و هەست و هۆشیان پیسە، هەبوونیـان مـایەی ئـازار و ئێزعـاجبوونە لەبەر ئەو بۆگەنییەی بووەتە سیفەتی نەگۆڕی ناخیان. ڕەفتار و ڕەوشتیان پیسە، دابونەریتیان پیسە، بزاوت و هەڵوێستیان پیسە، هەر ڕەفتارێکیان لێ دەردەکەوێت پیسـە و مـایەی ئـازار و ئێزعـاجکردنی دەوروبەرە ئیماندارەکەیان دەبێت. هەر وەکوو کە لاکە تۆپیو لەناو کۆمەڵێک گوڵفرۆشـدا بێـت! ئـا ئەمە ژیـانی دنیایـانە! قیامەتیشـیان: ﴿وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ٩٥﴾. زیان ئا ئەمەیە، هەموو ڕەفتارێکیان خۆی لە خۆیدا شایەنی سزایە، کە دەشبێتە مـایەی ئـازار و ناڕەحەتیی ئیماندارانیش، شایانی سزای ئیزافی دەبێـت! ئەمە زیـانێکی زۆر گشـتگیرە، هەمـوو جۆر و شێواز و چۆنیەتییەکی زیانلێکەوتنە.

لەم گوفەک و زبڵدانەدا کە ئەم پیسانە بـوونەتە دیـاردە و ڕواڵەتـی، پـۆلێکی تـری دەروون بەزیو و غیرەت ڕزیوی تریشـی تێـدایە، لەوانەی: ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ﴾ن کە بە حسـاب لە ڕیـزی موسڵمانانداناندان، بەڵام مەشغوڵی پڕۆژەی شەیتانین. لە ڕیزی موسڵماناندان، بەڵام خەڵکی لە جیهاد سارد دەکەنەوە و وەکـوو دووڕووەکـان خەریکـی چرپەچـرپ و شـەڕی واتەواتـن، خەریکـی سڕکردنی غیرەتی دیندارە جوامێرەکانن! ئەمە وەزیفەیانە: بڕوانە خوای گەورە چۆن هۆشـداری

دەداتە موسڵمانان کە لە دووڕووەکان و ئەم دەروون بەزیو و دڵ کرمێیانە بە حەزەر بین: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ خُذُواْ حِذۡرَكُمۡ فَٱنفِرُواْ ثُبَاتٍ أَوِ ٱنفِرُواْ جَمِيعٗا ٧١ وَإِنَّ مِنكُمۡ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنۡ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَالَ قَدۡ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيَّ إِذۡ لَمۡ أَكُن مَّعَهُمۡ شَهِيدٗا ٧٢﴾ {النساء: ٧١ – ٧٢}، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە حەزەری خۆتان وەرگرن، هۆشتان لە خۆتان بێت لە بەرە و تفاق و ئەمانتان، لە دوژمنانی دەرەکی و ناحەزانی ناوەوە، لە دووڕووان و دەروون بەزیوان، لەوانەی خەڵکی سارد دەکەنەوە و نەچوونە جیهاد هان دەدەن! کە لەناو ڕیزەکانی خۆتاندان. هەمووتان بۆ جیهاد لێبڕێن، پیر و گەنج، چەکدار و بێ چەک، دەوڵەمەند و هەژار، هەموو بەشدار بن تێیدا، بشزانن کە کەسانێکتان تێدایە کە خۆ لە جیهاد دووا دەخەن، موجاهیدەکانیشتان لە جیهادکردنەکە سارد دەکەنەوە! هەر یەکێک لەم دەروون بەزیوانە کە دەبینێت ئێوە تووشی کارەسات بوون لە کوشتن و برینداربوون و شکستی سەربازی، یەکسەر دەڵێن: ئەوە خوای گەورە نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتووم بۆیە نەیهێشت بچمە جیهاد و ئەو کارەساتە بەسەر منیش بێت، خوای گەورە نابوویە دڵم کە نەچمە جیهاد!».

ئا ئەمانە کاریان ساردکردنەوەی موسڵمانە لە جیهاد، لە هەموو سەردەمێکدا هەن، لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکدا هەر هەن و هەر هەمان کاریش دەگرنە بەر! دەڵێی بۆی بە کرێ گیراون. ئەوەتا دووڕووەکان و ئەم دەروون بەزیوانەش کە هەموو بزاوت و هەڵوێستێک بە دید و ڕێسای سوود و قازانج پێناسە دەکات، دەڕوانە بەرژەوەندیی کەسایەتیی خۆیان، خەم لە کارەسات و ناسۆر و شکستی موسڵماناندا ناخۆن! چونکە کەسانی دووڕوو، دەروون بەزیو و ورە ڕووخاو و هیممەت نزم و بایەخ گچکەن، مەبەست و ئامانجێکی تری قازانجی کەسایەتیی خۆیان زیاتر نابینن! لە بازنەی بەرژەوەندیی خۆیان تێناپەڕن، دوورتر لەبەرچاوی خۆیان نابینن، هەرچی ئومێدیانە بۆیان بێتە دی حەزەکانی دنیایانە! وا دەزانن هەموو ڕەنج و خەباتێکی دنیایی هەر یەک تەوەر و بازنەی هەیە، بۆیە لە کاتی فەرزبوون و ڕاگەیاندنی

جیهادەکەشدا ئاوا موماتەڵە دەکەن، خۆ دەخـافڵێنن، خـۆ دەدزنەوە، ئەوەنـدەش جـوامێر نـین ڕایگەیەنن و بڵێن: نامانەوێت بەشدار بین، ناشوێرن بڵێن باوەڕمان پێی نییە، بەڵام دەڵـێن کـاتی نییە، گەرمایە، دوژمن بەهێزە و ئێمەش توانا و ئامادەییمان بەتەواوی ئامادە نەکردووە... ئیتر لەم جۆرە بەهانە و بیانووە سووکانە. ئەمـانە دەیانەوێـت -وەکـوو دەوترێـت- دارەکە لە ناوەنـدیەوە بگرن نەک لە جەمسـەرێکەوە! ئـاوا خـۆ لە جیهـادەکە و موجاهیـدان دەدزنەوە، ئەگەر بەڵا و موسیبەت و ناڕەحاتییەک هاتە ڕێـی موجاهیـدەکان، ئەمـان بەوە خۆشـحاڵ دەبـن کە بەشـدار نەبوون. ئەم شکسـت و دەروون بەزیـن و دنیـا ویسـتییەیان بە (نـیعمەت)ی خـوایی دەزانـن! ﴿لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَىَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ شَهِيدًا ۝٧٢﴾. سـەیرە کە ئەم خۆدزینەوەیـان بە نیعمەتـی خـوای گەورە دەزانـن! ئەمەش یەکێکـی تـرە لە گێلێتـی و چەواشەکارێتی، دەنا خۆ هەر ئەو خـوای گەورە و خـاوەن نـیعمەتە خـۆی جیهـادەکەی فەرز کردووە و خۆشی دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِهِۦ﴾ {الصف: ٤}، واتـا: «خـوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە لە پێناوی ئەودا کوشتار دەکەن». کەوابـوو ئەم دووڕوو و ترسنۆک و چەواشەکارانە پێناسەی نیعمەتەکەیان هەڵگێڕاوەتەوە و زاراوە شەرعییەکانیان بۆ خزمەتـی دیـد و ڕێ و بـڕاوت و هەڵوێسـتی ترسـنۆکانەی خۆیـان گۆڕیـوە. خـوای گەورە دەفەرمووێت: ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە چوونەتە جیهادەکە، کە جا ئەمان دەڵێن خـوای گەورە ئێمەی خۆش دەوێت چونکە نەچووینەتە جیهاد! ئەمە دید و هەڵوێست و فیک و فاکی ئیبلیسە، ئەم دووڕووە کەللەپوتانە وا دەزانن نەچوونەجیهاد نیعمەتە! کەوابـوو چـوونە جیهـاد غەزەبی خوایە! (نعوذ بالله)، ئەمانە یان زۆر نەزان و دەبەنگن یـان زۆر چەواشـەکارن کە بەو چاو قایمییەوە وازهێنان لە جیهاد بە نیعمەت دەزانن! چونکە نازانن یـان نایانەوێـت بـزانن کە مەبەسـتلە خەلقکردنیـان خواپەرسـتییە، ڕاپەڕانـدنی فەرمانەکـانی خـوای گەورەیە، لەوانە

جیهادکردن. ئەوان گێلن یان گەوجێنراون[1] کەوا نازانن جیهاد هۆکاری هێنانەدیی مەبەست و پاراستنی بانگەواز و سەروەریی شەرع و تەمکینی ئیماندارانە.

ئەم دووڕووە دەروون بەزیو و غیرەت ڕزیوانە بۆچی خۆدزینەوەیان لە جیهاد بە نیعمەت دەزانن؟

ـ لای هەموو ئەو کەسانە نیعمەتە کە دوورتر لە بەرپێی خۆیان نابینن و سەریان ئەوەندە بڵند نییە تا ئاسۆی خواویستی ببینن و دڵیان بۆ بفڕێت. وەکوو قالۆنچە هەر ئەو مەودایە دەبینن کە دەست و پێی دەیگاتێ!

ـ لای ئەو کەسانە نیعمەتە کەوا نازانن بەڵا و موسیبەت تاقیکردنەوەی خوای گەورەیە بۆ ئەوانەی لە پێناویدا جیهاد دەکەن و لە هەوڵی سەلماندن و چەسپاندنی حاکمێتیی خوادان لەسەر زەوی، ئەمەش پلەیەکی شەرەف و ڕێز و گەورەییە کە خوای گەورە کەسانی شیاوی بۆ هەڵدەبژێرێت. جیهاد نیعمەتە، پلەوپایە و ڕێزە، خوای گەورە بە نسیبی ئەو کەسانەی دەکات کە بۆ خوا سوڵحاون، تا لە دنیادا لە لاوازی و مرۆڤێتییەوە بەرزیان بکاتەوە، لە ڕاکێشانی ژیانی دنیا قوتاریان بکات و بۆ لای خوایان بەرز بکاتەوە، بۆیە ئەم ژیانە دەکەن بە قوربانی ئەو پلەی ڕێز و کەرامەتە.

ـ موسڵمانی دیندار و پاک داوا ناکات خوای گەورە دووچاری بەڵا و موسیبەتی بکات، بە پێچەوانەوە لە خوای گەورە داوا دەکات لێی دوور بکات، بەڵام ئەگەر بانگهێشتی جیهاد کرا، دەستبەجێ بەدەنگیەوە دەچێت، بێ ئەوەی سستی و تەمبەڵیی تێدا بنوێنێت. دەچێت و هەر بە ئومێدی یەکێک لەو پاداشتە چاکانەی خوای گەورەیە: سەرکەوتن یان شەهیدبوون.

---

(١) سەرۆکی سەلەفییەکانی ئەردەن (موحەممەد ئیبراهیم شەقرە) لە کتێبی (هي السلفية)یەکەیدا دەڵێت: (الجهاد في زماننا هو ترك الجهاد)، واتا: «جیهادکردن لەم زەمانەدا وەلکردنی جیهادە!». ئەمە کەراندنە نەک گەوجاندن! ئەمە قادیانیزمە نەک سەلەفێتی.

هەردووکیشیان لە فەزڵ و بەزەیی و میهرەبانی خوای گەورەوەن، هەردووکیان هەر سەرفرازین. ئەگەر خـوای گەورە شـەهیدیی لە چـارە نووسـیبوو، بە خۆشـحاڵی و ڕەزامەنـدییەوە وەری دەگرێت، چونکە دەزانێت ئەمیش هەڵبژاردنێکی ترە، چونکە خەڵات و ڕێز و پلەی تایبەتی لای خوای گەورەی بەدوا دێت، ئەگەر سەرکەوتنیشی بەدەست هات، ئەمەش سـەرفرازییەکی تـرە، ئەوەش خەڵات و ڕێز و پلەیەکی دنیاییە کە بە تەئکید پاداشتی قیامەتەکەشی مسۆگەرە و بـۆی گەنجیـنە دەکرێـت. ئەمە خـۆی لەخۆیـدا پاداشـتێکی گەورەی جیهـادکردنەکەیە، چ جـای سەرشۆڕی دوژمن و دەسکەوتی جەنگ و گەیشتنە دەسەڵات و تەمکین، کە هەمووی شـایانی سوپاسکردن و ستایشکردنی خـوای گەورەیە لەسـەر ئەو هەمـوو فەزڵ و نیعمەتـانەی کە پێـی بەخشیوە.

حەقیقەتی ئیمان ئاوایە، هەر کاتێک بەڕاستی لە دڵدا جێگیر بوو ئاسـەوارەکانی یەکسـەر لە ڕەفتـاردا دەردەکەون، چـونکە ئیسـلام عەقیـدەیەکی بزوتنەوەکـارییە و نـاومکینە سـلبیانە لە مەنهەجێکی تەزویردا چەق ببەستێ. ئیسلام هەر بەوەنـدەی وەکـوو (عەقیـدە) لە نـاخی دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستدا جێگیر بوو؛ دەستبەجێ (عیبـادەت) و پابەنـدبوون بە (شەریعەت)ی بەدوادا دێت، ئەم مەنـهەجەش (عەقیـدە و عیبـادەت و شـەریعەت) دەبێـتە بەرنامە و ڕێبازی ئوممەتێکی عەقائیدی کە دەکەوێتە بزاڤێکی واقیعییەوە بە بانگەواز و جیهاد، بۆ گۆڕینی واقیعی جاهیلی و لادان و ڕادانی دەسەڵاتی تاغووتی کە حاکمێتیی خوای گەورەی زەوت کردووە (لە یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردن)دا.

بەرنامەی ئیسلام لە پەروەردە و ئاڕاستەکردندا ڕۆشنە و ڕاشکاوە، لەو ڕووانگەوە دەردەچێت کە ئەو هەست و هۆشەی عەقیدەکە لەن اخی کەسەکەدا دروستی کردووە، لەگەڵ ئەو مـاف و ئاداب و ئەرکەی گۆشی کردووە لەسەری، دەبێـت بگۆڕێـت بـۆ بزاڤێکـی واقیعـی لە ڕەفتـار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێستدا بنوێنرێت، ئینجـا ئەم بـزاوتە -کە کۆمەڵکـارانەیە-

دەبێت لای هەمووان ببێتە ڕێباز و بەرنامە و ڕێسای نەگۆڕ، لەگەڵ هۆشلێبوونی هەموو ئەندامان لە پاڵنەری یەکەمی ئیمان، کە نییەتپاکی و خوا پێ مەبەستبوونە، ئەمە ئەسڵی دەستپێکی کارەکە و کۆتایی مەبەستی کارەکەشە، چونکە بۆ خوا کارکردن هەموو ڕەفتارێک دەبێت بگرێتەوە. ئەم بزاقە کۆمەڵکاریەی ئوممەتە عەقائیدییەکە لە واقیعی ژیاندا دادەمەزرێنێت؛ ئالییەتی هێنانەدیی حاکمێتیی خوای گەورەیە لەسەر زەوی، بەڵام هەموو کەسێک سەرڕاستانە خۆ لەسەر ئەم مەنهەجە پەروەردە ناکات، هەیە ڕیابازانە دێتە ناو ئوممەتە عەقائیدییەکەوە، بەڵام عەقیدەکەی ویرانە، بۆ خوا کار ناکات، دەکەوێتە بزاقەکەوە، بەڵام ڕیابازانە چالاکی دەنوێنێت، چونکە ئەسڵەکەی -کە نییەتپاکی و بۆ خوا کارکردنە- بە ڕیابازی و سومعە و شیرک فەوتاندووە. خوای گەورە لە باسی ئەم پۆلە ناپەسەندەدا دەفەرمووێت: ﴿وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعۡنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٞ مِّنۡهُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلۡحَقُّ يَأۡتُوٓاْ إِلَيۡهِ مُذۡعِنِينَ ﴿٤٩﴾ أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ٱرۡتَابُوٓاْ أَمۡ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَرَسُولُهُۥۚ بَلۡ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٥٠﴾﴾ {النور: ٤٧ – ٥٠}، واتا: «دەڵێن باوەڕمان بە خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هێناوە و ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شەرعین، کەچی دوای ئەوە هەندێکیان تەوەلـلا دەبن و پشت دەکەنە دینەکە و بڕیار و بەڵێنەکەی خۆیان. ئەوانە موسڵمان نین، باوەڕێکی سەرزارەکیان هێناوە، بۆیە کە بانگهێشتی لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەکرێن تا حوکمی ناوکۆییەکانیان بدات و کێشەکانیان بۆ یەکلایی بکاتەوە؛ هەندێکیان گوێ نادەنێ و نایەن، ئەگەر دڵنیا بوونایە کە لەسەر حەقن یەکسەر دەهاتن و گوێڕایەڵیان دەکرد، چونکە دەیانزانی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بڕیاری غەیری حەق نادات. بۆیە کە دەزانن مافیان مسۆگەرە؛ دەڵێن با پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) ناوکۆییمان بۆ یەکلا بکاتەوە، چیا نەخۆشی لە دڵ و دەروونیاندا هەیە یان کەوتوونەتە گومان و ڕاڕاییەوە؟! یان لەوە دەترسێن کە خوای گەورە و

پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مافیان مسۆگەر نەکەن، حاشا وەلیللا، بەڕاستی ئەوانە ستەمکارن».

ئەمانە بە قسە ڕایان گەیاندووە کە باوەڕیان بە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێناوە، بەڵام ئەمە هەر شایەتمانێکی سەرزارەکیی هاکەزاییە و واتا و مانای ئەم شایەتمانانە نە لە دڵیاندا جێگیر بووە و نە لە ڕەفتاریاندا دەرکەوتووە! بە پێچەوانەشەوە، هەموو ڕەفتارەکانیان لەگەڵ شایەتمان و واتایدا دژە، بۆیە بەڕاستی حوکمی ئەوانە ئەوەیە کە موسڵمان نین! ﴿وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ﴾. ئەوانە کەی موسڵمانن؟ موسڵمان ناوەوە و دەرەوەی ئاسەواری دینداریتیی پێوە دەردەکەوێت، ڕەفتار و گوفتار و کرداری موسڵمان تەسدیقی ئەو باوەڕەی ناخی موسڵمان دەکەن. خۆ باوەڕهێنان گاڵتە و گەمە نییە، لاف و گەزاف لێدان نییە، کەسێک لەملاوە بڵێ موسڵمانم و شایتمان بهێنێ، لەولاشەوە ڕەفتارەکانی دژی ئەو شاهیدیدانەی بن! باوەڕ قەناعەتی جێگیری ناخ و سروشتێکی دڵ و هزر و ویژدانە. هەر کاتێک ئیمان بەڕاستی و بە حەقیقەتەکانیەوە لە دڵێکدا جێگیر بوو، جارێکی تر ئەو دڵە بڕوای نایەت بگەڕێتەوە سەر کوفر. ئەو هزر و ویژدانەی بە حەقیقەتە عەقائیدییەکان ڕاست و دروست و ڕەوا و گۆش بوون، ئەستەمە جارێکی تر بخوازێت بچێتەوە سەر ڕەفتارێکی کوفرین، چ جای دید و تێڕوانینی کوفرین.

ئەم کۆمەڵە دەروون بەزیوەی لەملاوە لاف و گەزافی ئیمانداری موسڵمانێتی لێدەدات و لەولاشەوە دەکەوێتە ڕەفتاری شیرک و کوفر و جاهیلییەت؛ ئەمە نموونەی کەسانی دووڕووە کە لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا هەن و هەمان شێوە سەرزارەکی موسڵمانێتی ڕادەگەیەنن و دەڵێن ئێمە ئیسلامان قبووڵە، بەڵام لە هەمان کاتدا نایانەوێت داوەریی خۆیان ببەنەوە لای شەریعەتەکەی خوای گەورە! نایانەوێت شەریعەتی خوا فەرمانڕەوایی بکات و داوەریی پێ بکرێت. بۆیە کاتێک بانگهێشت دەکرێن کە وەرن با کێشەکانتان بەپێی حوکمی خوا و پێغەمبەر

(صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) (قورئان و سوننەت) یەکلایی بکرێتەوە -لەگەڵ ئەوەشدا کە گوایە موسڵمانن و شایەتمانیان هێناوە و ئیسلامیان قبووڵ کردووە- کەچی بەدەم بانگهێشتەکەوە نایەن و پشتی تێ دەکەن، دەکەونە بیانوو هێنانەوە، بەڵام دیارە ئەمانە موسڵمان نین: ﴿وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، چونکە نامومکینە کەسانێک بڵێن موسڵمانین و لە هەمان کاتیشدا حوکمی شەریعەتەکەی ڕەت بکەنەوە، ئەمانە وان، کە دەزانن خۆیان لەسەر حەق نین و بەپێی ئەحکامی شەرع مافیان لەو کێشەیەی نێوانیاندا نابێت، دەڵێن با دادوەری ببەینە لای پیاوماقوڵان! (لەم زەمانەشدا دەڵێن بە شەرع داوەری ناکەین و دەمانەوێت لە دادگا، یاسا بۆمانی یەکلا بکاتەوە). ئەگەر بشزانن کە لەسەر حەقن و بەپێی ئەحکامی شەرع مافیان دەست دەکەوێت؛ هاوار دەکەن با ئیسلام حوکمان بکات، با شەرع کێشەکەمان یەکلا بکاتەوە. ئەمانە سەیری بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن نەک تەسلیمبوون بە شەریعەتی خوای گەورە.

ڕازیبوون بە داوەریی شەرع کە حوکمی خوا و پێغەمبەری خوایە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بەڵگەی ئاشکرا و ڕاشکاوی حەقیقەتی باوەڕە، ئەمە ڕواڵەتێکە نیشانەی هەبوون و پتەویی ئیمانە، نیشانەی ئەوەیە کە دڵ بە نووری خوا ئاوەدانە و ویست و ئیرادە تەسلیم بە خوایە و ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ ئەحکامی شەریعەتەکەی دەربڕاوە. ئەو کەسەی حوکمی خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ڕەفز دەکاتەوە زۆر بێ ئەدەبە، بەڕەڵایە، بە دابونەریتی ئیسلام گۆش نەکراوە، دڵی تاریکستانە و تروسکەیەکی ئیمانی تیادا نییە، دەنا چۆن خۆی بە عەبدی خوا بزانێت ملکەچیی بۆ دەرنابڕێت؟! ئەگەر باوەڕی بە خوای گەورە و ناو و سیفاتی بێوێنەی هەبێت چۆن وا دەزانێت دادپەروەری و حەق و ڕەوایی وا لە ڕاوبۆچوونی مرۆڤی کەم و نەزان و لاسەنگدا؟! چۆن باوەڕی بە دادپەروەریی بێسنووری خوا نابێت؟! حوکمی خوای گەورە لەسەر زانست و داد و ویست و توانای ڕەهای خواییەوە هاتووە، ئیتر چۆن بە حوکمی مرۆڤێکی نەفام و نوقسان بەراورد دەکرێت؟! چ جای ئەوەی شەریعەتی خوا و ویستی

دادپەروەریی خوای گەورە بخرێتە لاوە و داوەری ببرێتە لای یاسا و ڕێسای مرۆڤی نەزان و لاڕێ؟!

کاتێک سەرۆکێک یاسا دادەڕێژێت، یان حوکمڕانی دەکات، یان داوەری دەکات، بێگومان لە بەرژەوەندیی خۆی دەیکات و بۆ پاراستنی دەسەڵات و مافی خۆی یاسا دادەڕێژێت. هەروەها کە حیزبێکی دەسەڵاتدار، یان چینێکی پرۆلیتار، یان لیبراڵیی سەرمایەدار، یان دیندار، یان دەوڵەتێک یان بەرەیەکی چەند دەوڵەتی کە یاسا دادەڕێژن بەدڵنیاییەوە بۆ پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیان دایدەڕێژن، هەر حوکمێک بکەن لە بەرژەوەندیی خۆیانە و هەر داوەرییەک بە هەر لایەکدا بخەن هەر دەردەکەوێت کە لە سوود و قازانجی خۆیان بووە. بەڵام کاتێک خوای گەورە شەریعەتی ناردووە و حوکمی خۆی دیاریکردووە؛ فەرمانی داوە کە یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان هەر دەبێت بەپێی شەریعەتی خوای گەورە بێت. لێرەدا نە بەرژەوەندی هەیە و نە پاراستنی دەسەڵات، چونکە خوای گەورە موحتاجی ئەوە نییە لەو ڕێگایانەوە ماف و دەسەڵات و هێزی خۆی بپارێزێت. خوای گەورە زاڵی بێوێنەیە و دەسەڵاتیشی ڕەها و بێسنوورە. زانستیشی گشتگیرە و موحتاجی زانین و فێربوون و هەواڵپێدان نییە. دادپەروەریشی بۆ هەموو مەخلووقاتە و جیاوازیی مرۆڤێک و مرۆڤێکی تری لا نییە. کەوابوو حاکمێتیی خوای گەورە (یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردن) دادپەروەرییەکی موتڵەقە و ڕاست و دروست و ڕەوای موتڵەقە، هیچ یاسا و ڕێسا و دەستوورێکی بەشەری ئەم سیفەتانەیان تێدا نییە، بۆیە موسڵمان کە لە ناخیدا قەناعەتی تەواوی بە سیفەتە بێوێنەکانی خوای گەورە کردووە و (عەقیدە)کەی دامەزراوە و (عیبادەت)ەکانی سەرڕاستانە بۆ خوای گەورە ئەنجام دەدات؛ حەتمەن (شەریعەت)ەکەشی پێ حەقی بێسنوورە و هەموو داوەرییەکی دەهێنێتەوە لای شەرع و پێی ڕازییە و بە موو لێی لا نادات، چونکە دەزانێت شەرع داد و ڕاست و ڕەوایە و غەیری شەرع هەواوهەوەس و لاسەنگی و ناڕەوایە. لە ڕووانگە و قەناعەتی

عەقائیدیی خۆیەوە دڵنیایە لەوەی کە خوای کردگار و خاوەن و میهرەبان، خوای زانا و دانا و کارزان و کارجوان، کە ئەم دینەی بۆ حاکمێتیی سەر زەمین ناردووەتە خوارەوە، لە قازانجی مرۆڤایەتییە نەک لە قازانجی خوای گەورە. خوای گەورە موحتاجی خواپەرستیی کەس نییە و کافربوونی هەموو مرۆڤایەتیش -ئەگەر ڕووش بدات- هیچ زیانێک بە خوای گەورە ناگات. موسڵمانە سەرڕاستەکان ئەمانەیان لا حەقیقەتی بەڵگەنەویستی موسڵمانێتییە، دەشزانن کە خوای گەورە خاوەنیانە و پەیامی بۆ ناردوون تا حوکمی ناو خۆیانی پێ بکەن، حەتمەن موسڵمانان دەڵێن بەسەر چاو، بەسەر ڕۆح.

دووڕوویی نیشانە و دیمەنی ترسنۆکی و گۆشەگیری و ترس و تۆقینە کە کەسە لاوازەکان یەکسەر پەنای دەبەنە بەر، هەر ئەو دووڕووییەشە کە نیشانە و دیمەنی قەرەچەناغی و فشەکردن و خۆهەڵکێشانی کاتی ئەمان و ئاشتیە! سیمای دووڕوویی و نیشانە و بەڵگەی لە کاتی بەخشیندا، لە کاتی ئامادەسازیی کۆمەڵکاری و بزاڤ و جیهاددا بریتییە لە پیسکەیی و چاوچنۆکی و دەستگرتنەوەی نەبەخشین، کە لە کاتی دابەشکردنی دەسکەوتدا خۆ دەخاتە ڕیزی پێشەوەی وەرگران! موحتاجیش نەبێت هەر چاوی لە دەستە، چونکە بەلایەوە ئەغزە کە موجاهیدێکی ڕەش و ڕووت کە لە جیهادەکە هاتووەتەوە وەری بگرێت و ئەم وەری نەگرێت! سیما و نیشانەی دووڕوویی ئەو دڵە خورپێ و پەشۆکان و شڵەژانەشە؛ کە باس لە دژواری و هێرشی دوژمن دەکرێت لەو کەسە لاوازانەدا ڕوودەدات، هەر وەکوو ئەوەی ئەوان بەرەو مەرگی ئەکید سەوق بکرێن! ئەم کەسانە کە دووڕوو و بێ غیرەت و دەروون پەشێون نایانەوێت باسی جیهادیان لا بکرێت، نایانەوێت هەواڵ بزانن، نایانەوێت بیربخرێنەوە و داوایان لێ بکرێت بە گیان یان بە ماڵ یان بە چالاکی بەشداریی تیادا بکەن! بۆیە هەمیشە خۆ لە جیهاد و
موجاهیدان بەدوور دەگرن: ﴿ ۞ قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلۡمُعَوِّقِينَ مِنكُمۡ وَٱلۡقَآئِلِينَ لِإِخۡوَٰنِهِمۡ هَلُمَّ إِلَيۡنَاۖ وَلَا يَأۡتُونَ ٱلۡبَأۡسَ
إِلَّا قَلِيلًا ١٨ أَشِحَّةً عَلَيۡكُمۡۖ فَإِذَا جَآءَ ٱلۡخَوۡفُ رَأَيۡتَهُمۡ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ تَدُورُ أَعۡيُنُهُمۡ كَٱلَّذِي يُغۡشَىٰ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡمَوۡتِۖ

﴿فَإِذَا ذَهَبَ ٱلۡخَوۡفُ سَلَقُوكُم بِأَلۡسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى ٱلۡخَيۡرِۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يُؤۡمِنُواْ فَأَحۡبَطَ ٱللَّهُ أَعۡمَٰلَهُمۡۚ﴾ {الأحـــزاب: ١٨ – ١٩}، واتا: «بە تەئكید خوای گەورە ئاگـای لەو كەسـانەیە كە بەربەسـت لە ڕێـی جیهـاد و موجاهیدەكاندا دادەنێن، كە ساردیان دەكەنەوە لە جیهاد و بە هاودەنگ و هاوڕێ و هاوڕایانی خۆیان دەڵێن وەرنە لامان، چیتان داوە لە غەزا، ئەمانە كەمێكیان نەبێت ناچنە جیهاد (یان زۆر كەم دێنە جیهاد) چونكە ترسنۆكن، لە مردن دەترسن، كە دێنە جیهادەكەشەوە هەر بۆ ڕیابازی و خۆنواندن دێن، خێریان پێوە نییە بۆتان، ڕەفتارێك نانوێنن دڵتان پێـی خـۆش بێـت (ڕەزیلـن لە كرداری خێردا!)، كە جەنگ ڕادەگەیەنرێت ئەوەندە ترس و سامیان لێ دەنیشـێت؛ دەیانبینیـت خێرا خێـرا چـاو دەگێـڕن (گلێنـەی چاویـان ناسرەوێـت)، هەر وەكـوو ئەو كەسـەی مەرگ بە دەوروبەریدا بێت و باڵی سامناكی بەسەردا بكێشێت، كەچی هەر بەوەنـدەی تـرس و سـامیان نامێنێت (ترسیان لێ دوور دەكەوێتەوە) خۆیان دەهێننە پێشـەوە، سـنگ دەردەپەڕێـنن و باسـی ئازایەتی سوارچاكیی خۆیان دەكەن گوایە لەو غەزایەدا یان لە فڵانە مەترسیداردا نواندوویانە! درۆش دەكەن، لە هەموو كۆڕێكدا كە ڕووەوڕووتـان دەبـنەوە زمـانێكی لـووس دەخەنە كـار و دەمهەراشانە قسەتان بۆ دەكەن! ڕەزیـل و پیسـكە و بەخـیلن لە ئەنجامـدانی كـاری خێـردا». سەیری ئەم سیفەتە ناشیرینانەیان بـكە: ترسـنۆك، پیسـكە، ڕیابـاز، زمـانلووس، بە تەمـاع كە یەكسـەر بـۆ دەسـكەوتنی دەسـكەوت (غەنـیمەت) دێـنە ڕیـزی پێشـەوە! ئینجـا فشـەكەر، سوبحانەڵلا. بۆیە لەكۆتایی ئـایەتەكەدا خـوای گەورە دەفەرمووێـت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يُؤۡمِنُواْ﴾ ، ئەمـانە باوەڕیان نەهێناوە، مولحید و كافرن، چونكە ئەو سیفەتە بەدانە لە ئیماندار ناوەشێتەوە.

ئەمە وێناكردنێكی پڕاوپڕی واقیعی كەسایەتیی دووڕووەكـان و دەروون بەزیوەكـانە. بـڕوانە چۆن وێنەی هەست و ئینفعالی ناخ و ڕەفتاری لاسەنگی دەرەوەیـان نیشـان دەدات؟! دیمەنـی كەسایەتییەكی ترسنۆك و هیچ و پووچ، قسە زل و هیچ لەبـاردا نەبـوو، ڕەزیـل و بـێ خێـر، وا وێنەی دەكێشێت دەڵێی ئەو ترسـنۆكە فشـەكەرەیە كە تـۆش نموونەكەیـت دیـوە، دەبینیـت كە

هەواڵی مەترسیی دەگاتێ، ڕەنگی دەبڕزکێت، دەمی وشک دەبێت، زمانی تەتەڵە دەکات، لێوی دەلەرزێت، تف لە دەمیدا وشک دەبێت، گلێنەی چاوی لەگەڵ هەموو بزاوتێکدا دەجووڵێت، سەیری هەموو کەسێک دەکات، گوێ لە هەمو هەواڵێک دەگرێت، بەو ئومێدەی بڵێن مەترسی دوورکەوتووەتەوە! هاتووچۆی خێرا، نەسرەوتن، دە جێگای خۆشاردنەوە دێت بە خەیاڵیدا، کەچی بۆ یازدەهەمیش گوێ لە خەڵکی تر دەگرێت! دڵە خورپێیەتی، دەلەرزێت، دەڵێی مەرگ بەدوایدا وێڵ بووە لەوک ات و شوێنەدا دۆزیویەتییەوە! بڕوانە ئەو تەعبیرەی قورئان: ﴿تَدُورُ أَعۡيُنُهُمۡ كَٱلَّذِي يُغۡشَىٰ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡمَوۡتِۖ﴾! کە مەترسیەکەشی دووردەکەوێتەوە، جەنگ کۆتایی دێت و دڵنیا دەبێت شەڕ نەما! کەس هێرش ناکات؛ لە کون و کەلەبەر دێنە دەرێ، سەربەرز و بێباک! ڕێ بە کەس نادەن قسە بکات لەبەر مەدحکردن و پێداهەڵگوتنی خۆیان، قسەی ئازاکان و حاڵەتی پێکدادانی موجاهیدان و سەختیی هەڵوێست و باسی شەهیدبوونی ئەم و ئەو، یان بریندار‌بوونی ئەم و ئەو لەدەمی ئەو موجاهید و ئەم فەرماندەوە دەقۆزنەوە و دەچنە کۆڕێکی تر وا دەیگێڕنەوە کە خۆیان پاڵەوانی ئازایەتییەکەن، ئەگەر ئەمان نەبوونایە زیانی زۆرتر لە موسڵمانان دەکەوت! ئەمان بەری لافاوەکەیان گرتبوو! ئەمان دوژمنیان وەستاند! ئەمان ئاڵاکەیان بەرز ڕاگرتبوو! ئیتر لەم فشە و فیشاڵانەی کە لە هەموو بەرەیەکی بانگەوازی ڕووبەڕووی جەللادان و بەرەی جیهاددا کەسانی وا دەبینرێن: ﴿فَإِذَا ذَهَبَ ٱلۡخَوۡفُ سَلَقُوكُم بِأَلۡسِنَةٍ حِدَادٍ﴾، ﴿أَشِحَّةً عَلَى ٱلۡخَيۡرِۚ﴾! ئەم نموونەیە لە هەموو سەردەمێکدا هەیە.[1] کە جادەکەی پانە؛ خەریکی خۆبادانە، شەیدای جیهاد و بەهەشتە، کەچی کە دنیا تاریک دادێت سنگ شێری ماکەر پشتە! ئەو کاتەی خەڵکی بەرماڵی پیتاکی خێریان بۆ جیهاد داناوە؛ ئەو خەریکی پارە

(١) فشەکەرێک لەمانە لە ساڵی (١٩٩٢)دا زۆر خۆی لێم نزیک دەکردەوە، زۆر جار دەیوت: "خوا ئەو خوایەیە کە ئێمەی بە خزمەت ئەم مامۆستا کرێکارە گەیاند، کە لە زینداندا هەر شیعرەکانی ئەومان دەوتەوە". وەمدەزانی لە زیندانی بەعس و ژێر ئەشکەنجەدا بووە وەکوو برا ئیعدامکراوەکانمان، کەچی دوایی بۆم دەرکەوت دوای ڕاپەرین ڕۆژێک لە تەوقیفی پۆلیس بووە لە هەولێری ژێر سایەی حکومەتی یەکەمی کوردستان! کە ئەو زەمانە کەس لەسەر ئیسلام و جیهاد و شۆرشگێڕی نەدەگیرا.

هەژمارکردنە کە لە حەوت کوندا دایناوە، ئەمە چ خێرێکی بۆ دین و دنیا پێ ماوە؟!

دووڕوویــی هەبــوونی دوو ڕووە، هەبــوونی دوو ئاڕاســتەی پــێچەوانەیە لە یەک کەســدا! هەبوونی دوو بزاوت و هەڵوێستی دژ بە یەکە لە یەک کەسدا. کەسی پارسەنگ چۆن دەتوانێت وابێت، چۆن دەتوانێـت کـافریش بێـت و موسـڵمانیش؟! چـۆن دەتوانێـت پێغەمـبەری خـوای (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) خۆش بوێت و ڕقیشی لێی بێـت. بـۆی ببێـتە سـەرباز و خـۆزگەش بخوازێـت بکوژرێت! کەسی پارسـەنگ چـۆن دەتوانێـت لە یەک دڵـدا خۆشەویسـتی و بـوغز بەرامـبەر کەسێک کۆ بکاتەوە، چۆن دەتوانێت دڵپـاک بێـت و دڵـڕەش و دڵـڕەق و ڕقـیش بێـت؟! ئەمە دەبێت دوو دڵی هەبێت! یەکیان بۆ ئەمیانە و یەکیان بۆ ئەویان، ئەمەش مەحاڵە، چونکە خوای گەورە دوو دڵی لە سینەی مرۆڤێکدا دروست نەکردووە تـا دوو هەڵوێسـتی دژ بە یەک بگـرێتە بەر: ﴿مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٖ مِّن قَلۡبَيۡنِ فِي جَوۡفِهِۦۚ﴾ [الأحزاب: ٤]. جا کە مادام هەر یەک دڵی هەیە، حەتمەن هەر دەبێت یەک ڕێگا و یەک ئاڕاستەشی هەبێـت کە بەرەو خـوا چـوونە، هەر دەبێـت لەسـەر یەک ڕێباز و بەرنامە بڕوات کە دینەکەی خوایە، حەتمەن دەبێت دابونەریت و یاسـا و ڕێسـای جاهیلییەت تورِ هەڵدات، دەبێت یەک ئامانجی هەبێت کە ڕەزامەندیی خوای گەورەیە نەک دنیا و ناوداری و سامان و چێژی بەرەڵایی. دەبێت یەک دید و تێڕوانین و پێناسەی بـۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ و خالق و مەخلووق هەبێت کە ژیـانی لەسـەر زەمینـەی ئەو دیـد و تێـڕوانینەدا دادەمەزرێنێت. مادام یەک دڵی هەیە؛ دەبێت یەک پێوەری بەها و قیبەمی هەبێت کە دید و ڕێ و کەس و ڕووداوەکانی پێ هەڵسەنگێنێت. خۆ ناکرێت یەک دڵـی هەبێـت و سـەدان ئاڕاسـتە، یەک سەری هەبێت و سەدان سەودا، یەک خوای هەبێت و چەندین دین و دید و ڕێ! کەسی وا ناتوانێت خۆی پارسەنگ ڕا بگرێت، حەتمەن خۆی لە خۆیدا دەبێتە چەنـد لایەن و کەس و هەڵوێستێک! یەک کەسە و دەبێـتە دوو کەسـایەتیی دژ بە یەک، یەک ئاڕاسـتە و ڕووی هەیە، کەچـی بـووەتە دووڕوو و، دوو ئاڕاسـتەی دژ بە یەک، دڵـی بـۆ خـوا سـاغ نەکـردووەتەوە و

دەشیەوێت موسڵمانانە خۆی دەرخات! حەتمەن دەکەوێتە دووڕوویی و موجامەلەی درۆ، دۆستایەتی و هاوڕێیەتیی درۆ، ناتوانێت یەک ئاڕاستەیان بگرێتە بەر، چونکە قەناعەتی بە حەقیقەتە عەقائیدییەکان نەکردووە و ناشوێرێت بڵێت وەرمنەگرتوون و قبووڵم نین!

موسڵمان ناتوانێت دوو کەسایەتی لە خۆیدا بنوێنێت، موسڵمان ناتوانێت (عەقیدە) و (عیبادەت)ەکە لە دینی خواوە وەربگرێت بەڵام (شەریعەت) لە خوایەکی تر! یاسا و ڕێسا و دەستووری تاغووتێک لەجیاتی شەریعەتی خوا بکاتە حوکمڕان و داوەر و یەکلاکەرەوەی کێشە و ناکۆکی و ناوکۆییەکانی، موسڵمان ئەمە ناکات. موسڵمانێک کە (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت)ەکەی وەرگرتووە و، موشریکێک کە (عەقیدە و عیبادەت)ەکەی لە خوای گەورەی وەرگرتووە؛ بەڵام دەستووری کوفرینی بۆ ڕێنمایی و ئاڕاستەی ژیانی وەرگرتووە! ئەمە بە یەک کەسی سەرڕاست و جددی ناکرێت: نە بە موسڵمانی جددی دەکرێت، نە بە کافری جددی. ئەمە بە کافری ترسنۆک و پیسکە و چەقاوەسوو دەکرێت کە دووڕوویە، کە سەرزارەکی موسڵمانە و دینەکەی هەموو وەرگرتووە و لە ناخیشیدا باوەڕی بە حاکمێتیی دینەکە نییە!

مەحاڵە موسڵمان (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت)ەکەی لە خوای گەورەوە وەربگرێت بەڵام ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکەی لە دید و ڕێی کافرانەوە وەربگرێت. ناکرێت ئیسلامی کردبێتە ئاڕاستەوانی کۆمەڵگا و دەوڵەتی موسڵمانان، بەڵام سستمی ئابووریی کوفری (سۆشیالیستی یان سەرمایەداری) وەرگرتبێت. ناشێت ئیسلامی وەکوو دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێست و یاسا و ڕێسا و سیستمی حوکم و ئاڕاستەوانی تاک و کۆی کۆمەڵگای موسڵمانان وەرگرتبێت، بەڵام هونەری کۆمەڵگای جاهیلیی وەرگرتبێت و لەسەری بڕوات! ئەمە بە موسڵمان ناکرێ. ئەو کەسەی ئیسلام و کوفر تێکەڵ دەکات موسڵمان نییە، ئەوە دووڕووە، دوو ئاڕاستەییە: ﴿وَمَآ أُوْلَـٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾. موسڵمانی عەقائیدی مەحاڵە حەقیقەتە عەقائیدییەکانی لە دڵدا بچەسپێت و داخوازییەکی عەقیدەکە وەل

بکات، جا لە بوواری (عیبادەت)دا بێت، یان لە بوواری (شەریعەت)، یان لە بوواری دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست، یان ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت. ناشێت ئەو عەقیدەیەی بەتەواوی لا چەسپیبێت و لە هەڵوێستێکیدا دژی بووەستێتەوە. -گەورە و گرنگ بێت یان گچکە و سادە- ناتوانێت وشەیەک دەربڕێت یان کردارێک بکات، یان نییەتێکی تری غەیری خواویستیی هەبێت کە پێچەوانەی دینەکەی بێت، موسڵمان ئەمەی پێ ناکرێت. ناشێت عەقیدەکەی لا چەسپیبێت و دید و ڕێیەکی تری گرتبێتە بەر. موسڵمان هەموو دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی بۆ خوا تەرخان کردووە، بۆیە نییەت و گوفتار و ڕەفتاریشی بە تەئکید بۆ خوای گەورەیە و بەس. موسڵمان مادام حەقیقەتە عەقائدییەکانی لا ڕۆشن بێت و لای سەلمابن و چەسپابن لە هیچ شتێکدا بۆ غەیری خوا ناسوڵحێت، ئەمە بەڕاستی بووەتە عەبدی خوا، ملکەچی و گوێڕایەڵیی بۆ فەرمانی ئەو دەربڕیوە و بەس، چونکە خوای گەورە یەک دڵی داوەتێ، یەک بەرنامەی داوەتێ، یەک ڕێبازی بۆ دیاری کردووە، کردوویەتی بە ئەندامی یەک ئوممەتی عەقائیدی، ڕێنمایی کردووە تا یەک بانگەواز هەڵگرێت و خۆ بۆ یەک ئامانجی قیامەتی تەرخان بکات (کە ڕەزامەندیی خوای گەورەیە) و، لە دنیاشدا بۆ یەک مەبەست تێبکۆشێت کە سەلماندن و چەسپاندنی تەوحیدی خوای گەورەیە لە (عەقیدە) و (عیبادەت) و (شەریعەت)دا، واتا: ناسینی خوا، پەرستنی خوا، حاکمێتیی خوای گەورە. موسڵمان ناتوانێت دوو کەسایەتی بنوێنێت، ناتوانێت بە سیفەتی داعییەتیم وا دەڵێم و بە سیفەتی شەخسی خۆم وا دەکەم! یان ئەم ئەرکە وەکوو موسڵمان بەجێ دەهێنم، بەڵام وەکوو خۆم پێم چاک نییە! ناتوانێت بڵێت بە سیفەتی مەلایەتی پێتان دەڵێم شەراب مەخۆنەوە، ئەگەر مەلا نەبومایە وام نەدەوت، ئەمە ناشێت، چونکە کەسایەتیی موسڵمان یەکێکە، یەک دڵی پڕ لە عەقیدەی هەیە، یەک هزری پڕ لە پێناسەی خوایی هەیە بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ و خالق و مەخلووق...هتد. یەک دین و یەک دید و یەک ڕێی هەیە، یەک پێوەری هەیە، یەک تەرازووی

هەیە کە هەموو شتێک بەو تەرازووەی وەحی دەکێشێت. موسڵمان ئاوا بە دڵێکەوە دەژی تاقانەی بیابان بێت، یان تاکی خێزانێک، ئەندامی کۆمەڵێک بێت یان تاکی کۆمەڵگایەک، کاربەدەستی دەوڵەت بێت یان دوور لە دەوڵەت، لە دەوڵەتی موسڵمانانەی خۆیدا بێت (لە دارولئیسلام)دا یان لە دەرەوەی (لە دارولکوفر)دا. لە هەر کات و هەر شوێنێکدا بێت هەر موسڵمانانە دەژی و ئیسلام دەدرەوشێنێتەوە، لە هەر حاڵەتێکیشدا بێت (دەوڵەمەند یان هەژار، پیر یان گەنج، خێزاندار یان ڕەبەن، باوک بێت یان ئەولاد، دایک بێت یان کچ)، نە دید و ڕێی عەقائیدیی دەگۆڕێت، نە دروشمی پەرستن، نە پابەندبوونی بە شەریعەت و بە ئاداب و ماف و ئەرکی ئیسلامەکەی. هیچ بارودۆخێکیش دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی پێ ناگۆڕێت، نە ئەمان و ئاشتی، نە زیندان و ئەشکەنجە، هەر بەو دڵەوە کە بە نووری خوا ئاوەدانە دەژی: ﴿مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلۡبَيۡنِ فِي جَوۡفِهِۦۚ﴾.

موسڵمان ئاوا ڕوو لە خوا، تەسلیم بە قەدەری ئەو، ئیماندار بە وەحیی ئەو، پەرستیاری ئەو، داعیی دینی ئەو، موجاهیدی ڕێی ئەو و بەرەو حاکمێتی دینی ئەو لە دنیادا و بەرەو ڕەزامەندیی ئەو لە قیامەتدا. ئەمە موسڵمانە کە ناتوانێت لە یەک کاتدا دوو ڕوو و دوو ئاڕاستە و دوو بزاوت و هەڵوێستی دژ بە یەک بێت، ناتوانێت لە یەک کاتدا عەبدی خوای گەورەش بێت و عەبدی تاغووتانی سەرزەمینیش.

## بڕگەی پێنجەم: حەقیقەتی هێز و کاریگەرێتیی

زۆرجار خەڵکانێکی زۆر لە حەقیقەتی هێزەکانی (وجوود) بێئاگـا دەبـن، بە هەڵە تەقـدیری دەکەن و پێناسەی ڕاست و وەسف و سیفاتی خۆیانی نـادەنێ، بـۆیە دیـد و تێڕوانینـی خۆیـان لەسەر ئەو پێناسە هەڵە و ئەو وەسفە چەوتە دادەڕێژن و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ لە ڕووانگەی ئەو پێناسە و بۆچوونە هەڵەی خۆیانەوە دەکەن. هەروەها پەیوەندیی خۆیان و هیـتر هەر لەسـەر ئەم پێناسـە چەوتە دادەڕێـژن، بەمەش تەرازووی کێشـان و ئەنـدازەگیرییەکەیان لاسەنگ ڕادەگرن. لەم دید و ڕووانگە و پێناسە چەوتەوە ڕێگا و ئاڕاسـتەیەک دەگـرنە بەر زۆر نابات دەردەکەوێت کە ڕێ بزربوونە، ئیتر ڕێگا و ئاڕاستەیەکی تر دەگرنە بەر ئەویش هەر هەڵە دەردەچێت، تا سەرئەنجام بە وێڵی دەمێننەوە، نازانن دەبێت ڕوو لە کوێ بکرێـت؟ چـی ڕاسـتە دەبێت وەری بگـرن و چـی ڕاسـت نییە دەبێـت وەلـی بـکەن؟ ئەوانەیـان کە خـاوەنی هێـزی حـوکمڕانی و دەسـەڵاتن دژوارانەتـر ڕێ بـزر دەکەن، چـونکە وا دەزانـن حەق لە هێـز دایە و هەموو هێزیش ئەوەیە کە ئەوان هەیانە! ئەمەش هەڵدێرێکی کوشندەیە. ئەوانەش کە ڕێ بزر و دیـدلێل کەوتـوون و بـێ هێـز و دەسەڵاتیشـن، ئەمـانیش بەو هێـز و دەسـەڵاتەی حاکمەکـان سەرسام دەبن و لە ترسیدا شوێنی دەکەون و وا دەزانن مادام خۆیـان هێـزی وەکـوو ئەوانیـان نییە، کەوابوو دەبێت شوێن دەسەڵاتداران بکەون، جا هەیـانە لە ترسـاندا شـوێنیان دەکەوێـت، هەشیانە لە برساندا، هەیانە بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندی خۆی دەچێـتە ڕیزیـانەوە، هەشـیانە هەر هەواوهەوەسی لەگەڵیاندا یەک دەگرێتەوە، بۆیە بە هی خۆیانیان دەزانن و دەکەونە خزمەتیان, هەشیانە تەمەلووقیان بۆ دەکەن تا لە چەپۆکیان دوور بن. ئەم پۆلانەی خەڵـک -دەسـەڵاتدار و بێ دەسەڵاتەکانیان- هێز چەواشەی کـردوون کە حەقـیقەت و مـاهییەتەکەی نـازانن و هەر لە ڕوواڵەتیەوە وا دەزانن ئەو هێزەیە کە زاڵە و ئەو دەسەڵاتەیە کە دەتوانێت هەموو زیانێک بدات یان هەموو قازانجێک بە خەڵکی بگەیەنێت، (ئەمـانە -هەردوو لایەنیـان- وا دەزانـن هێـز و

دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و موخابەراتی هەموو شتێکە).

خەڵکانێکی تر هێزی سەروەت و سامان چەواشەیان دەکات، وا دەزانن ئەوی دەسەڵاتی ڕاستی هەیە توانای ئابووری و سامان و دارییە، وا دەزانن ئابووری کاریگەریی لەسەر ژیان و مردن و چینایەتیی خەڵکی هەیە، بۆیە بە ڕاست و چەپدا هەوڵ دەدەن ببنە خاوەن سامان، بە حەز و ترسەوە دەکەونە سەر ڕێی پارە پەیداکردن و سەرمایە سەریەکنان، هەوڵدەدەن زۆرترین ڕێژەیان دەست بکەوێت تا زۆرترین ماوە دەسەڵاتدارانە بمێننەوە و بتوانن گەردنی زۆرینەیەکی خەڵکی بۆ خۆیان کەچ بکەن.

خەڵکانێکی تریش هەن هێز لە زانستدا دەبینن وا دەزانن زانست (تەکنەلۆژیا) ئەسڵی هێزی دارایی و هێزە سیاسییەکەشە، ئەسڵی هەمو هێزێکی کاریگەرە کە دەتوانێت تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەت هەڵسوڕێنێت، بۆیە ئەمانیش شەو و ڕۆژ بە ڕاست و چەپدا بە ڕاستودروستی یان ناڕەوایی و حەرام هەوڵی بە خاوەنبوونی هەموو تەوەرە هێزێکی زانست دەدەن و پێیان وایە لەم ڕووانگەیەوە بۆ زۆرترین ماوە زۆرترین ڕێژەی خەڵکی بۆ خۆیان ئاڕاستە یان ملکەچ دەکەن.

ئەم پۆلە خەڵکانەی ئەم هێزانە بە هێزی ڕەسەن و سەرەکی و کاریگەری تەواو دەزانن، ئەوەندە هەوڵیان بۆ دەدەن و بە دوایاندا وێڵ دەبن وەکوو پەرستیارێکی عەوداڵ لە دووی خواکەی بگەڕێت، ئەمانیش وایان لێ دێت. ئەمانە ئەوەندە بەم هێزانەی دەستی تاک و کۆ و کۆمەڵگا و دەوڵەتان سەرسام دەبن کە وا دەزانن هیچ ڕێگایەکی تر نییە جگە ڕێگای دیاریکراوی ئەمانە، بۆیە ئەوەندە هۆگریان دەبن وەکوو کە پەپوولە لە دەوری گڕی مۆم دەگەڕێت، ئەمانیش ئاوا لە دەوری ئەمانە دەگەڕێن تا دەفەوتێن، هەرچەندە دەزانن مردنیشیان ئەکیدە، بەڵام چونکە ڕێی تریان نەدۆزیوەتەوە و لە ڕووانگە و پێناسە و وەسفە هەڵەکەی خۆیانەوە وا دەزانن ژیان هەر وایە و ئەم خۆ فەوتەنادنە لە پێناوی ئەو هێزانەدا ڕەفتارێکی

تەواو ڕەهایە.

ئەمانە هەموو لە هێزی خوای گەورە بێ ئاگان، تاکە هێزی بێسنوور و بێوێنە، هێزی کردگاری هەموو ئەو هێزە بچووک و کەمانە، هێزی بێوێنەی خوای گەورەیە کە بەدیهێنەری ئەم هێزانەیە، خاوەنیانە، چاودێریانە، ئاڕاستەوانیانە، هەر هەموو لەبەردەستی قەدەری خوا دان و خوای گەورە هەر چۆنێک هەر یەکێکیانی بوویت، ئاوا هەڵیدەسوڕێنێت کە قەدەری خوای گەورە دیاریی کردووە.

ئەم پۆلە خەڵکە چەواشەکراوە، کە حەقیقەتی هێزەکان ناناسێت و پەی بە هێزی بێوێنەی کردگاری ئاسمانەکان و زەویی نەبردووە، چونکە هەر وا دەزانێت ئەم تاک و کۆمەڵ و حکوومەت و دەوڵەتانەی خاوەنی ئەو جۆرە هێزە گچکە و کەمانەن کاریگەریی تەواویان هەیە، پەنا دەباتە بەریان و ئومێدەکانی خۆیانی پێوە دەبەستێتەوە. خوای گەورە نموونەی ئەمانە کە هانا و هاوار و پەنا بۆ ئەو هێزە گچکانە دەبەن وەکوو حاڵی جاڵجاڵۆکە (داپیرۆچکە) نیشان دەدات. جاڵجاڵۆکە، ئەو گیانلەبەرە لاوازەیە کە خۆی بە تەونکارییە زەعیفەکەی دەپارێزێت کە هەر خۆی لە لیکی خۆی دروستی کردووە: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتۡ بَيۡتٗاۖ وَإِنَّ أَوۡهَنَ ٱلۡبُيُوتِ لَبَيۡتُ ٱلۡعَنكَبُوتِۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٤١﴾ {العنكبوت: ٤١}، واتا: «نموونەی ئەوانەی هاوار و هانا بۆ غەیری خوای گەروە دەبەن لە بت و درەخت و جن و ڕۆحیانەت و مەرقەد، یان لەو کەسانەی بە سەرپەرشتیاری خۆیانیان داناوە (هەروەها فەلسەفە و زانستی سەردەمیش) وەکوو جاڵجاڵۆکەن، کە ماڵێکی لە لیکی خۆی دروست کردووە کە نە سەرما و نە گەرما نایگرێتەوە، نە هەوا و نە باوباران، زۆریش لاوازە کە بە پوشێک هەمووی لوول دەکرێت! ئەمانەش کە هاوار بۆ غەیری خوای گەورە دەبەن و بە سەرپەرشتیاری کاروباری خۆیانیان دادەنێن وەکوو ئەم جاڵجاڵۆکەیەن، کە نە سوود دەگەیەنن و نە زیان، نە توانای پاراستنیشیان هەیە».

ئەو پۆلە خەڵکەش کە وا دەزانن هێـز ئەوەیە کە لە دەسـت حاکمەکانـدایە، یـان ئەوەیە کە دەوڵەمەند هەیەتی، یان ئەوەیە کە پسپۆڕانی زانسـت و تەکنۆلۆژیـا هەیـانە؛ لە حەقیقەتـدا ئەم هێزەی ئەمانەش وەکوو هێز و بەهێزی و قایمیی ماڵە جاڵجاڵۆکەکەیە، کە پێی ناوترێت هێـز و بەهێز، مەفرووزە بەم هێزانەش کە خەڵکانێک وا دەزانن هێزی لەبن نەهاتوون؛ لە حەقیقەتیاندا ئەمانیش حەق نییە پێان بوترێت هێز و بەهێز.

ناسینی هێزی حەقیقی، حەقیقەتێکی تری عەقائیدییە، حەقیقەتێکـی زۆر گرنـگ و مەزن و کاریگەرە، کە قورئـانی پیـرۆز لە یەکەمـین ئایەتەکـانی هـاتنەخوارەوەیەوە تـا کۆتـایی وەحـی دەیناساند و لە دڵـی ئیمانـدارانی دەچەسـپاند، بەتـایبەتی لە قۆنـاغی مەکـکەدا. خـوای گەورە بەردەوام ئوممەتە عەقائیدییەکەی یەکەمی ئاڕاستە دەکرد تا ئەم حەقـیقەتە عەقائیـدییەیان وا لە ناخدا بچەسپێت کە بەڵگەنەویست بێت لایان، هەر واش دەرچوون، بۆیە ئاوا ئاسان و ئاسایی توانیـان لە ڕووی ئەو هێـزە زەبەلاحە گەورەیەی فـارس و ڕۆمـدا بووەسـتنەوە و تێکیشـیان بشکێنن، دوای ئەوەی هەر بەم ئیمان و یەقینە هەمـوو هێزەکـانی جـاهیلییەتی عەرەبیـان لادا و ڕادا.

نەوەی یاوەرانی عەزیز بەم حەقیقەتە سەلمێنراو و چەسپێنراوەیانەوە بوو کە توانیـان لـووتی بەرزی تاغووتانی سەردەمی خۆیان بشکێنن، بە چاوشۆڕی بیبەزێنن. ئەم یاوەرە عەزیزانەی ئەم پێناسە واقیعییە ڕاست و دروست و پڕاوپڕەی هێزەکانیان لا ڕۆشن بووبوو، کە دڵنیا بووبوون کە هێزی کاریگەر و بێوێنە و بێسنوور هێزی خوایە و بەس، هەموو ئەم هێـزە گچـکە و کەمـانەی لەسەر زەمیندا باڵیان فش کردووەتەوە بەلایانەوە جاڵجـاڵۆکە و مـاڵە لـیکەکەی بـوو، دڵنیـاش بوون کە خۆشیان بوونەتە ئەداتی قەدەری خوای گەورە و حەتمەن هێز و دەسەڵاتی ملهـوڕانی کوفریان پێ لا دەدات و ڕا دەدات، بۆیە هەر واش دەرچـوون. ئەم پێناسـە حەقەی حەقیقەتـی هێزیان لا بووە هێزی حەقیقەتی ئەم دینە و دڵیان پێی ئاوەدان بووەوە و ئیرادەیـانی پـێ بەهێـز

بوو، چاویانی پێ ڕۆشن بوو، لێیان بووبووە کۆتا لـووتکەی جـوامێری و ئـازایەتی و دلێـری و، بوو بەو هێزە ڕەتێنەرە سەرسوڕهێنەرەی تا دنیا دنیا بێت مێژووی هەموو نەوەکانی مرۆڤایەتی بە تاسان و تێڕامان و سەرسامیەوە سەرنجی دەدەنێ. ئاوا ئەم حەقیقەتی هێـزە لایـان بـووە هێـزی حەقیقیـی بـزاوت و هەڵوێسـتی بـانگەواز و جیهـاد. ئەوە نەبـوو قسـەیەکی سـەرزارەکی و شایتمانێکی ناحاڵیانە و کەرەستەیەکی موناقەشە و شەڕەقسەی کـۆڕ و شـەوچەرەی دیوەخـانی دانیشتوان بێت، ئەوەندە بوو بە بەڵگەنەویست لایان کە هی ئەوە نەما بەڵگەی زیـاتری لەسـەر بهێنرێتەوە و موناقەشـە بکرێـت! ڕۆژانە بە ئـایەتە حەقەکـانی وەحیـی خـوایی، پتەوتـر لایـان دەچەسپا.

هێزی بێسنووری خوای گەورە هێـزە و بەس، دەسـەڵاتی خـوای گەورە دەسـەڵاتە و بەس، غەیری هێزی بێسنوور و دەسەڵاتی ڕەهای خوای گەورە هێزی تر هیچ نین، هەر ناویان هێـزە، هەرچەند لە ڕواڵەتدا بەهێز و خـاوەن دەسـەڵات دیـار بـن، لە حەقیقەتیانـدا هەر مەخلـووقی لاوازن، هەرچەنـدە دەستوەشـێن و سـتەمکار بێـت، هەرچەنـدە خـاوەنی دەوڵەتـی پۆلیسـی و زیندانی موخابەرات و ئەشکەنجەی جەللادیانە بێت هەر جاڵجاڵۆکەیەکە، لە ڕاستیدا هێزێکـی نییە بتوانێـت بەرگـریش لە خـۆی بکـات، هەمـوو دەزگـا و تـۆڕی سـیخوڕی و تـین و فشـار دروستکردنەکانی لە لیکی جاڵجاڵۆکەکە لاوازترن کە جاڵجاڵۆکەکە خانووی خۆی پێ دروست دەکات! ﴿وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ٤١﴾.

داعییانی ئیسـلام و پێشـڕەوانی خواویسـتی کاتێـک حەمـلەی ڕیشەکێشـکردنیان بەسـەردا دەدرێت و دەخرێنە ژێر جۆرەها تین و فشار و ناڕەحەتی و کوێرەوەری و ئەشکەنجە و ئازار و ناسۆر و ناڕەحاتیەوە، یان کە کاتێک جۆرەها بوواری فریودان و چەواشەکاری و لەڕێهەڵدانیان دەخرێتە بەردەست لە سەلامەتی و ئەمان و سامان و پلە و نـاو، نابێـت بە هـیچ شـێوەیەک لەم حەقـیقەتە عەقائیـدییە دوودڵ بـن، نابێـت لە یادیـان بچێـت، لە هەمـوو حـاڵەتێکی

ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ هێزی تاغووتدا دەبێت هۆشیان لەوە نەبڕێت کە ئەمان عەبدی ملکەچی خوای کردگار و دەسەڵاتدارن. کاتێک ئەمیان بە زەبری هێز دەیەوێت بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و ئەویان بە تین و تەوژمی سامان و ماڵ، نابێت گومان لەوە بکات کە ئەمانەی خۆی بەرامبەر فش دەکەنەوە لە کرم و قالۆنچە بەهێزتر نین، لە جاڵجاڵۆکە لاوازترن. جێگیربوونی ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە لە ناخی موسڵماندا زۆر زۆر کاریگەرە، لەمەوە موسڵمانی ڕاست و سەرڕاست دڵنیا دەبێت کە هیچ هێزێک لە (وجوود)دا نییە بتوانێت بەرهەڵستی فەرمانی خوای گەورە بکات، چونکە هەموو زۆر لەوە لاوازترن بەرامبەر هێزی بێسنووری خوای گەورە بووەستنەوە! کاتێک موسڵمانی پاک و جددی ئەم پێناسەی هێزی حەقیقییەی لا ڕۆشن دەبێت و هەست بە پشتگیریی ئەم حەقیقەتە گەورە و کاریگەرە دەکات؛ پێوەری خواویستیی گبۆ هەڵسەنگاندن و ناساندنی هێز و کاریگەرێتیی بۆ دروست دەبێت.

هەر کەسێک خوای گەورەی وەلدابێت؛ کەوابوو هیچ شتێک نییە دژی بێت. دوژمنداریی هێزێک چییە کە خۆی خاوەنی هێزەکەشی نییە؟! ئەو کەسەی کە سەرڕاستانە وا بۆ خوا سوڵحاوە کە شایانی ئەوە بێت خوای گەورەی وەلدابێت؛ ئیتر شتی تر چین بتوانن دژی بن و کاریگەریی لەسەر دروست بکەن؟ لەڕاستیدا ئەم شتانە وجوودیان نییە مادام خوای گەورە وەل ئەو دیندارەدایە: ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمۡۖ﴾ [المائدة: ١٢]، واتا: «خوای گەورە فەرمووی کە من وەلتاندام». ئەو کەسەی خوای گەورەی وەلدابێت بە تەئکید ڕێ بزر ناکات، چونکە (مەعییەت)ی خوای گەورەی بەسە بۆ ڕێنیشاندان و ڕاستەڕێکردن و گەیشتنە مەنزڵ. ئەو کەسەی خوای گەورەی وەلدابێت، بە تەئکید تووشی خەم و ناسۆر و پەژارە نابێت، چونکە هەمیشە هەست بە نزیکیی خوای گەورە دەکات لێیەوە، هەمیشە سرەوت و جێگیر و ئەمینە، بەڵام خوای گەورە و کارزانیش ئەم وەلدابوونەی خۆی هەر وا بە خۆڕایی نەداوەتە کەس، خاتر و خۆتری کەسی تێدا نەگرتووە، ڕێز و تایبەتمەندێتیی کەسێکی پێ دیاری نەکردووە کە

دوور لە هۆکار و شێواز و چۆنییەتی بەدەستهێنانەکەی هەر وا هەوانتە دابێتی بە کەسێک، حاشا. وەلدابوونی خوایی بۆ ئەو کەسانەیە کە چاک ناسیویانە و پاک پەرستوویانە، ئەو کەسانەی دینەکەیان کردووەتە دید و ڕێی خۆیان و ژیانی تاک و کۆی خۆیانیان پێ ڕێکخستووە، بۆ ئەو کەسانەیە کە بەم دینە ئاراستەی کۆمەڵگا و ئیرادەی دەوڵەت دەبەن بەڕێوە.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی دەبێت ئەم حەقیقەتە عەقائیدی و ڕێسایەی دید و ڕێیان بەتەواوی لا بەڵگەنەویست بێت. ئەم حەقیقەتەی کە بەردەوام قورئانی پیرۆز جەختی لێ دەکاتەوە و دەیسەلمێنێت تا لە دڵ و هزر و ویژداندا بیچەسپێنێت، حەقیقەتی پەیوەندیی نێوان خوای گەورە و موسڵمانان. ئەمە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و هێزی گەورەی وجوودە، هێزی ڕەها و دەسەڵاتی بێسنووری خوای گەورە، کە لە لوتفی خۆیەوە و بۆ ئازادکردنی موسڵمانان دێتە ڕیزیانەوە و دەفەرموێت: وەلتاندام. وەلتاندام واتا هێزم لەگەڵ هێزتان دایە و تەکبیرم لەگەڵ تەکبیرتان دایە، چونکە ئەو ڕێبازەی ئێوە دینی منە و ئەو بزاوت و هەڵوێستەتان ڕاپەڕاندنی فەرمانی منە. ئەم وەلدابوونە ئەوەیە کە خوای گەورە موسڵمانەکان خۆشحاڵ و بەرچاوڕوون و ئاواتبەدیهێنانیان دەکات بەوەی دەیانگرێتە خۆ، بەوەی وەلیاندا دژی دوژمنەکانیان دەبێتەوە. هەر فاک و فیک و فێڵبازییەکی دوژمن ڕوویان تێ بکات، ئەوە ڕووی لە خوای گەورە کردووە و حەتمەن خوای گەورەش پووچەڵی دەکاتەوە و پیلانگێڕان فەزح دەکات: ﴿يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ {البقرة: ٩}. ئا ئەمە لەخۆگرتن و پشتیوانیلێکردن و لەسەرکردنەوەیە، ئا ئەمەیە فەزڵ و بەزەیی و میهرەبانیی خوای گەورە وەل موسڵمانە پاکەکاندا. دڵتی بۆ بکەرەوە و هۆشتی بدەرێ کە ئەم وەلدابوون و لەسەرکردنەوەیە ئیماندارێتیی موسڵمانان چەند بەهێز دەکات و پلە و ئاستی کەسایەتیی موسڵمان دەگەیەنێتە چ ئاست و پلەیەکی باڵا! ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە باوەڕهێنان و ڕەفتارکردن بە حەقیقەتە عەقائیدییەکانەوە بەنرخترین ڕەفتاری مرۆڤە، باڵاترین نرخی وجوودی گەردوون و ژیان و مرۆڤە! ئیمانهێنان بەڕێزترین حەقیقەتە و پیرۆزترینە، ئا ئەم باوەڕ و قەناعەتە

بەم حەقیقەتە عەقائیدییە و بەم ڕێسایەی وجوود؛ موسڵمان دەگەیەنێتە کۆتا پلەی دڵنیایی و هێمنی و قەناعەتکردن! چونکە خوای گەورە پێی دەفەرمووێت وەلتاندام، کێشەی تۆ کێشەی منە، جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەت کێشەی منیشە، دوژمنی تۆ دوژمنی منیشە. ئاوا ئەم وەلدابوونە، ئەم موسڵمانە خواناسە سەرڕاستە بەرز دەکاتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە شایانی خواناسان و خواپەرستان و ئارامگرانە.

جا کەسێک ئەم حەقیقەتەی لە دڵ و هزر و ویژدانیدا بۆ بووبێتە بەڵگەنەویست و ئیتر خەڵکی دەتوانن چی لێ بکەن؟ فاک و فیک و چەواشەکاری و ئازاردانە گچکەکانیان چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم کەسایەتییە گەورە و گرنگ و پارسەنگە دەبێت؟! لەسەر هەست و هۆشی، لەسەر ویست و ئیرادەی، لەسەر دید و بزاوتی بەردەوامی؟ ئوممەتە موسڵمانە عەقائیدییەکەی نەوەی یەکەمی یاوەران کە خۆیان دۆزیەوە، گەیشتنە یەقین کە بە هێزی بێسنوور و ڕەها و لەبن نەهاتووی (وجوود) گەیشتوون و بەوەوە پەیوەست بوون. کە خوایان ناسی دڵنیابوون کە سیفەتەکانی لە ناخی دڵ و دەروونیاندا وا چەسپیبوو کە هەموو ژیانیانی پاراو کردووە، هەموو ژیانیان بە ناو و سیفاتی خوای گەورەوە کەوتووەتە جۆش و خرۆش و بزاوتی عەبدایەتی بۆکردنی. لەسەر زەمین بوون و هەستیان دەکرد خوای کردگار و مەزن وەلیاندایە، چرپەی یەک یەکیان دەبیسێت، شارەزایی خورپەی دڵیانە، ئاگای لە خۆشی و ناخۆشیانە، هەست و نەستیان دەخوێنێتەوە، هۆش و گۆشیان ئاڕاستە دەکات. ئەم خوای گەورە و کارزان و دەسەڵاتدارە بە میهرەبانی و ئاگایی خۆی سەرپەرشتیی سات بە ساتی هەریەکێکیانە، ئاهی کزۆڵترین کەسیانی گوێ لێیە، بێ هەبوونی واسیتەکار، سکاڵا و پاڕانەوەی یەک یەکیانی پێ دەگات، ئەگەر لە تاریکەشەوێکیشدا بە تەنها و بە ئەسپایی یان لە دڵی خۆیدا کردبێتی، خوای گەورە لێی ئاگادارە و دەزانێ پێویستی بە چییە و بە تەئکید لە کات و شوێن و حاڵەت و بە چۆنییەتیی شیاو بە هانایەوە دێت، ئاهـ و نزوولەی هیچ پەرێشانێک نییە نەیگاتێ

و نەیبیستێ، کەس ئیهمال ناکات و کاری کەسیان بە کەس ناسپێرێت، خۆی بەو هەمووە گەورەیی و دەسەڵاتە بێسنوورەیەوە بە هانایانەوە دێت. ئەم ئوممەتە عەقائیدییە، ئاوا یەک بەیەکیان عەبدایەتییان بۆ خوای گەورەیان سەلماندبوو، بۆیە ئاوا بە یەقین هەستیان دەکرد خوایان وەلدایە، هەستیان دەکرد ئەمان لە داڵدەی ئەودان و ئەویش بە چاودێری و ئاودێریی خۆی لەخۆی گرتوون. ئەمانە چوونەتە ژێر سایەی بێوێنەی ئەو، ئەویش جێی شیاوی پێ بەخشیون و لە مەنزیلەی (عبودیەت)دا ئۆقرەی پێ گرتوون، ئاوا لە کەناری خوادا سووکنا بوون. ئا ئەم باوەڕ و یەقین و هەست و هۆشە، ئەم گەشەی ڕۆح و ئاسوودەییە دەروونییە لە جیهانی خەیاڵاتدا نەبوو، لە جیهانی واقیعی ململانێی کوفر و ئیماندا بوو، لە جیهانی واقیعی ململانێی ناخی دەروونیدا بوو، کە لە نێوان ئیمان و تەقواکاری لە بەرەیەک و هەواوهەوەس و شەیتان لە بەرەیەکی تردا بوو. لە جیهانی واقیعی ململانێی ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و سرەوتدا، ئەمانە لە ناخی خۆیاندا و لە واقیعی ژیانی سات بە ساتی ڕۆژانەیاندا لەگەڵ ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانەدا ڕەفتاریان دەکرد. لەناو ئەم حەقیقەتانەشدا وەلدابوونی خوای گەورە و چاودێری و سەرپەرشتیاری خۆی بۆیان. ئەمە لە جیهانی واقیعدا بوو نەک لە جیهانی مانا و واتا و فیکرەدا، یان لەجیاتی خەیاڵات و بیری بەربڵاودا، نا، لە واقیعدا هەستیان دەکرد خوای گەورەیان وەلدایە و دەیانبینێت و دەیانبیستێت و ئاگای لە ختوورەی دڵ و هزریانە: ﴿إِنَّهُۥ سَمِيعٌ قَرِيبٌ ۝٥٠﴾ {سبأ: ٥٠}، ﴿إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ ۝٦١﴾ {هود: ٦١}، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ۝٧﴾ {المائدة: ٧}، ﴿يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ۝١٩﴾ {غافر: ١٩}.

ئاوا وەلیاندا بوو، سەرپەرشتیی سات بە ساتی گۆشکردنی دەکردن، لەخۆی گرتبوون، کەسێک خوای بە توانا و زانا و میهرەبان لەخۆی بگرێت ئیتر چی تری لە کێ دەوێت؟! چی تری لای کێی تر دەست دەکەوێت؟! بۆچی چاوی لە غەیری خوای گەورە بێت؟! کە خوای گەورە کردگار و خاوەن و هەڵسوڕێنەری هەموو (وجوود)ە.

﴿وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمۡۖ﴾ {المائـــــــــــدة: ١٢}، ﴿إِذۡ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمۡ فَثَبِّتُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ﴾ {الأنفال: ١٢}، ﴿وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ وَٱللَّهُ مَعَكُمۡ﴾ {محمد: ٣٥}.

ئاوا قورئانی پیرۆز حەقیقەتی (وجـوود) و حەقیقەتـی (هێـز) و (دەسـەڵات)ی لە واقیعـی ژیاندا پێ دەناساندن و دەیخستنە ڕەفتارکردنی ڕۆژانەوە لەگەڵیاندا. ئاوا لە ململانێی سەخت و دەبەرێکراچوونی بێ ئامانی کوفر و ئیمان و شیرک و تەوحیـد و ئیسـلام و جاهیلییەتـدا بـوون، هەروەها لە ململانێی واقیعی سات بە ساتی نێوان تەقوا و هەوا (حەزی مونحەریفانە)دا بـوون و دڵنیـــا بـــوون لەوەی خـــوای گەورەیـــان لە پشـــتە، خـــوای گەورە چـــاودێری بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەیـانە، خـوای گەورە و مەزن وەل یەک یەکیانـدایە! ئـاوا هەسـتیان دەکـرد، باوەڕیان هەبـوو، قەنـاعەتی تەواویـان بەوە هەبـوو کە ژیـان و جیهـان سـاحەی ململانێیەکـی ڕۆژانەی داعییانی ئیسلام و تاغووتانی سەرزەمینە، مەیدانی پێکدادانی پێشـڕەوانی خواویسـتە بەرامبەر ملهوڕ و جەللادانی تاغووتدا، ئاوا بێ خەم، بێ ترس، بێ دنیاویستی ژیانیـان دەبـڕی. ئاوا بووێرانە، دلێرانە، جوامێرانە ڕووەوڕووی مەرگ دەبوونەوە، دەشیانزانی کە ئەمە جەنگێکی کۆنە و بەردەوامە.

ئەم ململانـێ و ڕووبەڕوونەوە و دەبەرێکراچـوونە، جەنگێکـی تـوولانییە، هەر لە سـەرەتای دەستپێکی مرۆڤایەتیی مرۆڤەوە دەسـتی پـێ کـردووە، سـاحەی پێکدادانیشـی لەم سـەرزەمینە بەرفراوانترە، هەر هەموو (وجوود) ئیماندارانە تەسلیم بە خوا بـووە و پەرسـتنەکانی بـۆ ئەنجـام دەدات، بەڵام کۆمەڵێک خەڵکی نەفام و هێزڕ و لووتبەرز ڕیزپەڕ بوون و کەوتـوونەتە بەرامـبەر، بەرەیەکی کوفریان پێک هێناوە و بە دەم و دەست و فاک و فیک خەریکـی شـەڕێکی دۆڕاون، خەریکی جەنگ و جیدال و موناقەشەن کە بێ زانیاری و بـێ بەڵـگە و بە نـاحەق دەیانەوێـت ڕێبازی حەق لە مەداری (وجـوود)ی خـۆی لا بـدەن و هەواوهەوەسـی خۆیـان بـخەنە سـەر خولگەی ژیان! نایانەوێت لەگەڵ بزاوت و سرەوتی گەردووندا بگونجێن، دەیانەوێت (وجوود)

بهێننه سەر دید و ڕێی خۆیان! ئەمەش کاری کردن نییە.

ئەم جەنگە تـوولانییە، یەک چارەنووسی هەیە کە دەزانـین چۆنە، چـونکە هێـزی هەردوو بەرەکە دەبینین کە نابەرامبەرن: بەرەی حەق؛ زۆر و قەرەبـاڵغ و تـوولانی و بەرفـراوان، بەرەی بـاتڵیش؛ کەم و پەرتەوازە و لاواز و نوقسـان. بەرەی حەق بە سەرپەرشـتیاری و چـاودێریی خوای تاک و بێوێنەیە، خوای بەدەسەڵات و بەهێز و بەئاگا. بەرەی باتڵیش بە سەرپەرشـتیاری شـەیتانی نەزان و لـووتبەرز و هەڕاڵ، هەرچـی دەیکـات هەر فـووتێکردنە، خۆفشـکردنەوەی شـەیتانیزمەکانێتی کە بەو هێـزە کەمەی خۆیـان مەغـروور بـوون، بە هەمـوو عەقڵێکیـانەوە وا دەزانن ئەشکەنجە و ژان و ناسۆری دەستی جەللادانیان بەرەی حەق دەبەزێنن! وا دەزانن کە دەسـەڵاتی دەوڵەت و هێـزی سـەربازیی حکـوومەت و توانـای دەزگـای ڕەسـمی و لێشـاوی چەواشەکاریی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان لەبەردەستدا؛ ئیتر بـوون بە خـاوەن هێـزی زاڵ! ئاسـۆ تەسک و دیدلێڵن، نەزان و گەلۆرن کە بەرەی ئەوبەریان چاو لێ نییە، حەقـیقەتەکەی نـابینن، هەر وا دەزانن بەوەندەی پێشەنگی ئەوبەر تیرباران دەکەن ئیتر حەق دەبەزێـنن! ئەمە وەهـمە، ئەمە خەیاڵپڵاوی و مەغروورانەیە، چـونکە بەرەی حەق هەر ئەو پێشـڕەوە جـوامێرانە نـین کە کەوتوونەتە بەر تیر و ڕمی تاغووتان، بەرەی حەق کە بەدرێژایی مێژوو بەرفراوانە و کاروانێکی بەردەوامە و پێغەمبەرانی هەڵبژاردە (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) پێشەواینی و خوای کردگار خاوەن و چاودێر و سەرپەرشـتیارێتی؛ نـاومکینە بە گـورز و ڕم و شمشـێری کـۆمەڵە جەللادێکـی ملهـوڕی تاغووتێک بووەستێت یان ببەزێت، چ جای ئەوەی کەنار بدرێت یان بفەوتێت!

خوای گەورە ئەم حەقیقەتە عەقائیـدیانەی لە نـاخی دڵ و هـزر و ویژدانـی یەک بە یەکـی ئوممەتە عەقائیدییەکەی نوەی یەکەمی یاوەرانـدا دەچەسـپاند، لە ململانـێ واقیعییەکەیانـدا نیشانی دەدان، دەیسەلماند و دەیچەسپاند تا لایان ببێـتە بەڵگەنەویسـتی دیـد و ڕێـی ململانێـی حـاکمێتیی خـوای گەورە و حـاکمێتی تاغووتـان. ئـاوا ڕۆژانە داعییـانی ئیسـلام و پێشـڕەوانی

خواویستی پـێ دەخسـتە ڕەفتـار و بـزاوت و هەڵوێسـتەوە، تـا ئەوانەش کە لە نەوەکـانی تـردا بەدوایاندا دێن، لە هەموو کات و شوێنێکدا ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانە بناسن و وەریبگـرن و لە ناخی خۆیاندا بیچەسپێنن تا شیاوی هەڵگرتنی پەیامی خوای تاک و پـاک بـن، تـا حەقیقەتـی هێزیان لا ڕۆشن بێت و هێز و دەسەڵاتی جاهیلییەتیان -هەرچەند زۆر و بەهێـز دیـار بێـت- لا گەورە و گرنـگ و کـاریگەر نەبێـت، تـا وا نەیەتە پـێش چاویـان کە ئەو هێـز و دەسـەڵاتەی وڵاتەکەیان کە لە زەمانی ئەواندا خۆی فـش کـردووەتەوە خـاوەن هێـزی کـاریگەرە. نـا، ئەمە حەقیقەتەکە نییە، حەقیقەتەکە ئەوەیە کە تەنها خوای گەورە خاوەنی هێـزی گەورە و گرنـگ و کاریگەرە، هێزی باتڵ هەرچەند خۆ فش بکاتەوە هەر لاواز و کەم و نوقسانە و سەرئەنجامیش نابووتی و کزبوون و فەوتانە.

خوای گەورە بە وەحیی خۆی، بە فەرمایشتی خۆی، ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانەی بـۆ نەوەی یەکەمی یاوەران ڕوون دەکردەوە تا لایان ببێتە بەڵگەنەویست؛ بووشن، چونکە دەیانزانی خوای گەورە زانایە و ڕاستگۆیە.

## بڕگەی شەشەم: پشتبەستن بە خوای گەورە

پشتبەستن بە خوای گەورە حەقیقەتێکی تری عەقائیدی و ڕێسایەکی تری دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خواویستانەیە، هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت کە خواناسترین مرۆڤ بوونە، دەیانفەرموو: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝٥١﴾ {التوبة: ٥١}، واتا: «دەبا موسڵمانان پشت بە خوای گەورە ببەستن»، کەوابوو موسڵمان پشت تەنها بە خوای تاک و تەنها دەبەستێت و بەس، نە دڵـی، نە هـزری، نە ویژدانـی لا ناکـات بە لای غەیـری خـوای گەورەوە، هیـوای یارمەتیوەرگرتنی بە غەیری خوای گەورە نییە، ناچێتە کەنـاری غەیـری خـوای گەورە. هەمـوو موسڵمانان دەبێت وابن، هەموو ئەوانەی لە ململانێدان بەرامبەر تاغووت دەبێت ئاوا ئیماندارانە پشت بە خوای خۆیان ببەستن و دڵنیا بن کە ئەویـان بەسـە. دەبێـت بـزانن لەو کـاتەی لەژێـر ئەشکەنجەی ئازار و ناسۆردان هەر دەبێت ئومێدی هەمـوو شـتێکیان بە خـوای گەورە بێـت و بەس: ﴿وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنَا سُبُلَنَاۚ﴾ {إبراهيم: ١٢}، واتا: «جا بۆ پشت بە خوای خۆیان نابەستین کە هیـدایەتی داویـن و خسـتونێتیە سـەر ڕێبـازی ڕاسـتی خۆمـان». ئەمە دیـدوڕا و هەڵوێست و دڵنیایی موسڵمانە کە لەسەر ڕێی ڕاستە، بە خوای خۆیەوە پەیوەستە. موسـڵمان لەوە دڵنیا و بێ خەمە کە ئەو خوایەی ڕێنمایی کردووە و ڕێی ڕاستی خۆی نیشـان داوە و هیـدایەتی داوە، بە تەئکید پشتی دەگرێت و دەیگەیەنێتە سەرفرازی.

ئەو دڵەی هەسـت بەوە دەکـات کە دەسـتی خـوای گەورەی لە پشـتە و بە چـاودێریی ئەو هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە و بە فەرمانی ئەو بـزاوت و هەڵوێسـت دەگـرێتە بەر؛ بە تەئکیـد دڵـێکە سەرڕاستانە بە خواوە پەیوەستە، هەمیشـە هۆشـی لەوەیە کە خـوای پەروەردگـار و پشـتیوانی، خوای دەسەڵاتدار و بەتوانای، بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە و هیچ ڕووداوێـک، هـیچ بـزاوت و سرەوت و هەست و نەستێک بەبێ بڕیار و فەرمانی قەدەریانەی ئەو نابێت. ئا ئەم هۆشلێبوونە،

خۆی لەخۆیدا زادی ڕێیە، زادێکی گوڕ و تین و سووربوونە لەسەر ڕێباز و بەرنامە و دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست، باکی بە بەربەستەکانی ڕێی نییە، هەرچەند زۆر بن، هەرچەند گەورە و بە تین و فشار بن، هەرچەند دژوارتر و ترسێنەر بن، باکی بە تاغووتان نییە، هەرچەند زۆر بن، هەرچەند بەهێز و دەسەڵاتدار دیار بن، هەرچەند توندوتیژ و دڕندانە ڕەفتار بکەن، ئا ئەم حەقیقەتە: حەقیقەتی پەیوەستبوونی دڵ و هزر و ویژدانی موسڵمان بە هیدایەت و ڕێنیشاندان و چاودێریی بەردەوامی خوای گەورەوە بۆی، ئەم حەقیقەتە و حەقیقەتی پشتبەستن بە خوای گەورە کە بەڵگەنەویستە و هەموو کەسێک هەستی پێ ناکات؛ ئەو کەسە زیاتر هەستی پێ دەکات و هەموو سات و ئاتێک لە هۆش و هەستیدایە کە لە ململانێکردنی تاغووتدایە، ئەو کەسەی لە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی پێغەمبەرانەدایە، ئەم کەسە لە ناخی دڵ و دەروونیدا هەست دەکات کە خوای تاک و پاک، خوای چاودێر و سەرپەرشت نوورێکی خستووەتە دڵیەوە بووە بە سەرچاوەی دەیان وزە و توانا: توانای حەقیقەت دیتن، توانای فراوانکردنی ئاسۆی هەست و هۆش، توانای هەستی ئەمان و هێمنی و سرەوتی کەناری خوای میهرەبان، توانای هەستی هاودەنگی. ئەو کەسەی سست و بێهەست، بێ ئاگایانە و بێ هەستی بەرپرسێتی و دینداریێتی خۆی خزاندووەتە بازنەی موسڵمانێتییەوە؛ هەست بە پشت بە خوا بەستن و حەقیقەتانەی دیتن و چاودێری و هۆگریەی خوای گەورە ناکات وەکوو ئەو کەسەی بۆ خوا سوڵحاوە و بۆ ململانێ لێبڕاوە و لە واقیعدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی شیرک و کوفر و جاهیلییەتدایە.

ئەو دڵەی بەڕاستی پشتبەستنی بە خوای گەورە تێدا چەسپاوە و سیما و مۆرکی ئەهلی ئیمانی مسۆگەر کردووە؛ باکی بە هەڕەشە و گوڕەشەی هەموو تاغووتانی سەرزەمین نابێت، نە وەدەنگ فریودانی زێڕ و زیویانەوە دەچێت، نە لە زۆرەملێ و تین و فشاریان دەترسێت، نە بە فاک و فیکیشیان هەڵدەخەڵەتێت، چونکە بە پاڵنەری ئیمان و لە دید و ڕووانگەی تەوحیدەکەیەوە

تاغووتان و ئەڕبابانی جـاهیلییەتی بە سـووک و بـێ قەدر زانیـوە، هەمـوو دەسـەڵات و هێـز و هۆکارەکانی ناسۆر و ئەشکەنجەدانیانی لە مایەی تاقیکردنەوەی دینداریتی و پابەندێتیی خۆی بووە بە تەوحیدەکەوە. ئەم دڵە کە خوای ناسیوە و بۆی لێبڕاوە و لە چڵک و چەپەڵ و ژەنگ و ژاری هەواوهەوەس پاک بووەتەوە و شایانی ئەو نوورەی خوای گەورە بـووە کە خسـتوویەتیە ناوەوە؛ ئەم دڵە پەیوەستە بە خوای باڵا. ئەم گەنجینە یەقینە باکی بە چی تاغووتانە؟ لە چ هێز و دەسـەڵاتێکیان دەترسـێت؟! ئەوانە کە خۆیـان عەبـدی بـێ دەسـەڵاتن چیـان لەدەسـت دێـت بەرامبەر ئیماندارانی بۆ خوا سوڵحاو؟ هیچ، جا کە وابوو با خۆگر بین، پابەند بین و نەلەقێـین، توندوتۆڵ بین و شل نەبـین، ورە بەر نەدەیـن و نەیەیـنە دواوە، ڕاڕا و دوودڵ نەبـین، نە لە ڕێ لادەین و نە لە ڕێشدا کەمتەرخەم بین، تا ئەوەی دەستمان کەوتووە، لە نووری خوا، لە هیدایەت و لوتف و میهرەبانی، لە پشتیوانی و چاودێری و سەرپەرشتی لەدەستی نەدەیـن، سـەبەرگرتنمان بردنەوەیە: ﴿وَلَنَصۡبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيۡتُمُونَاۚ﴾ [إبراهيم: ١٢].

وێـنەی پڕاوپـڕی ئـیمان بەو چەسـپاویەی یەقیـنەوە، بەو ڕۆشـنیەی حەقیقەتەکـانیەوە، بەو ئاسـانیەی بەڵگەنەویسـتەکانی دیـد و ڕێـی وەحـی لە دڵـی پـاکی پێغەمـبەری خوایانـدا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) چەسـپاند؛ پێویسـتە لە دڵـی داعییـانی ئیسـلام و پێشـڕەوانی خواویستیشـدا بچەسپێت (خۆ نایگەنێ، بەڵام با بەرەو ئەو لوتکەیەی یەقـین بەرز ببیـنەوە): ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبۡدَهُۥۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ﴾ [الزمر: ٣٦]، واتا: «جا خوای گەورە بـۆ عەبـدی خـۆی بەس نییە؟ بەس نییە بۆ هیدایەتدان و چاودێری و سەرپەرشتیارێتیی؟! جا ئیتر چۆن ئەوان بە غەیری خوای باڵادەست دەترسێنن؟ ئەوان خۆیان چین و چیان هەیە؟!». ئەم بڕگە ئـایەتە سـەلماندن و چەسپاندنی حەقیقەتێکی تری عەقائیدی و ڕێسایەکی نەگۆڕی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستە، ئەمە ڕوونکردنەوەیەکە کە خۆی لەخۆیدا ڕۆشنە و ڕاڤە و تەفسیلاتی ناوێت، چونکە خـۆی ئەو پەیوەستیەی ئیمان نیشان دەدات کە ڕێگایەکی پەیوەسـتی موسـڵمانەکەیە بە خـوای گەورەوە کە

بەسە بۆ ڕێنیشاندانی، بەسە بۆ چاودێریکردنی، بەسە بۆ پاراستنی، بەسە بۆ هێمنی و ئاسودەیی و ئەمن و ئەمانی. ئەو کە ئاوا بە خواوە پەیوەست بێت و خوای گەورە ئاوا لە تەکیدا بێت؛ ئیتر خەم و ترس و سڵی لە چییە؟ لە کێیە؟ ئەم کە لە مەنزیلەی عەبدایەتیی خوای گەورەدایە و ڕاست دەکات تێیدا، ئەم کە مەرجەکانی عەبدایەتیکردنی بۆ خوای گەورە لە خۆدا هێناوەتە دی، ئەم کە خۆی بۆ خوای گەورە ساغ کردووەتەوە، ئیتر خەمی چییەتی؟! خۆ بە تەئکید خوای گەورە پابەند دەبێت بە سیفەتی خوایەتیی خۆی و بەڵێنەکانی خۆیەوە: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ٥١﴾ [غافر: ٥١]، واتا: «ئێمە بە تەئکید نێردراوانی خۆمان و ئەو کەسانە سەردەخەین کە باوەڕیان هێناوە، سەرکەوتنی دنیاشیان بۆ دابین دەکەین و سەرفرازی قیامەتیشیان مسۆگەرە». سوبحانەڵلا، ئێ باشە کە ئەم مەرجەکانی عەبدایەتیی بۆ خوا هێناوەتە دی، ئیتر ترسەکەی لە چی دەبێت؟ چیا گومان لە توانای خوای گەورە دەکات؟ نا، گومان لە بەڵێنی ڕاستی خوای گەورە دەکات؟ نا، گومان لە ڕاستیی ئا ئەم سەرخستنە دەکات؟ نا، نەخێر، ئێ ئیتر کە خوای وەلدایە و خوای گەورەی بەسە؛ ئیتر خەمی چی و کوێیەتی؟ ئەوەی کە دەشێت ببێتە ئەگەری ختوورەیەکی دڵ ترسە و بەس. هاوکێشەیەکی سادە و ئاسانە، سەختی و ئاڵۆزیی تێدا نییە و وەڵامدانەوەش قورس نییە و ماندووبوونی هزر و بیر ناخوازێت. دوو بەرەی هێز و دەسەڵات هەن: هێزی ڕەها و دەسەڵاتی بێسنووری خوای گەورە و، هێز و دەسەڵاتی کەم و نوقسان و لاوازی غەیری خوای گەورە (کە بۆ ناساندنی دەوترێت هێز و دەسەڵات، دەنا بواری بەراوردکردنی نییە لەگەڵ هێز و دەسەڵاتی بێسنووری خوای کردگار)، جا کە هەڵوێست وەرگرتنەکە لە نێوان ئەم دوو هێزەدابێت و موسڵمان هێزی بێسنووری خوای گەورەی ناسیبێت و باوەڕی پێ هێنابێت و لای بووبێت بە بەڵگەنەویست، لە چاودێری سەرپەرشتی و پشتیوانیشی دڵنیا بووبێت و بۆ خوا ساغ بووبێتەوە و شایانی نووری هیدایەتی خوایی بووبێت؛ ئیتر بەرەی ئەوبەر چین و کێن و دەتوانن چی لەم بکەن؟!

هەڵوێستوەرگرتنی موسڵمان لە نێوان ئەم دوو بەرەی هێـزەدا کەی مـایەی دوودڵـی و گومـان و ڕاڕاییە، ئەو کە بۆ خوا ساغ بووەتەوە و ئامادەیە خۆی بە قوربانی ناوی بکات، خوای گەورەش بەڵێنی سەرخستنی پێداوە، ئیتر تـرس لە کوێـدا دەبێـت بمێنێـت؟! لە چـی دەترسـێت؟ خەمـی چییەتی، سڵ لە چی دەکاتەوە؟! چی و کـێ و چـۆن ڕێـی خواویسـتییەکەی لـێ دەگرێـت، کە خواویستی ئیمانە و لە ناخی چەسپیوە؟! یەقینە و لای بووەتە بەڵگەنەویسـت: ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبۡدَهُۥۖ﴾؟ ﴿وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ﴾!

هەر کاتێک ئەم حەقیقەتە لە دڵی موسڵماندا چەسپی و بوو بە بەڵگەنەویست، ئیتر مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتن کۆتایی پێدێت لە لای، بوواری موناقەشەکردنیشی نامێنێت چ جای گومـان و دوودڵی و ڕاڕایی. ئەم مەسەلەیە لای داعیی موسڵمان و پێشڕەوانی خواویسـتی کامـڵ بـووە، بـۆیە هەر ئەگەر و ئیحتیمالێکـی لەگەڵـدا بـاس بکرێـت گـوێ لە هـیچ ناگرێـت و بەڵگەنەویسـتیەکەی خـۆی دەردەبڕێـت: ﴿قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ٣٨﴾ {الزمر: ٣٨} (یـان وەکـوو سـەیدنا یوسـف (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) دەفەرمووێـت: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَعَلَيۡهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ٦٧﴾ {یوسف: ٦٧}).

ئەو کەسانەی هەست دەکەن ئیعتیمادیان کردووەتە سەر هۆکارێک و ئومێدیان پێوەی بەندە، یان دڵنیان پشتی بە غەیری خوای گەورە بەستووە؛ پـێش هەمـوو شـتێک بـا بە باوەڕهێنانیانـدا بچنەوە و سەرلەنوێ بەڵام بە جیددی لە باوەڕهێنان بە خوای گەورە بگەڕێـن، بـا سـەرەتا ئەمە مسۆگەر بـکەن، چـونکە ئەمە دەسـپێکی موسـڵمانێتییە: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَإِذَا تُلِيَتۡ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ٢﴾ {الأنفال: ٢}، واتـا: «موسـڵمانان ئەو کەسانەن -کەوا باوەڕیان هێناوە- کە هەر کاتێک ناوی خوای گەورەیان لا ببرێت و یادی لایان بکرێت یەکسەر دڵیان ڕادەچەنێت، دڵیان دادەخورپێت و لە سـام و هەیبەتـی نـاو و سـیفەت و

یادی خوای گەورەدا پڕ هۆش و هەست و شەیدا و ئەوین دەبن. کە ئایەتەکانی قورئانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە؛ دڵ و هزری دەدەنێ، ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن، بۆیە دەبنە مایەی زیادبوونی باوەڕیان. ئەم موسڵمانە هەست بەرزانە پشتیان بە خوای خۆیان بەستووە و هەموو ئومێدیکیان ئەوە، تەنها بە خوای گەورە، هیچ هۆکار و مەخلووقێک ناکەنە هاوبەشی ئەم پشتبەستنە، ئومێدیان بە غەیری خوای گەورە نەبەستووە، شەریکیان بۆ خوای گەورە دانەناوە لەوەدا کە بە ئومێدی کەسێک، هۆکارێک، مەخلووقێک بن، نا، تەنها بە خوای گەورە. وەکوو کە ئیمامی ئیبنو کەثیر (رحمه الله) لە تەفسیرەکەیدا بە دوایدا دەفەرمووێت: "واتا ئومێدیان بە غەیری ئەو نییە، ڕوو لە غەیری ئەو ناکەن و غەیری ئەویان پێ مەبەست نییە، پەنا نابەنە بەر غەیری جەنابی ئەو و داوای پێویستیی خۆیان لە غەیری ئەو ناکەن، شەیدا و هۆگری غەیری ئەو نین، دڵنیان لەوەی کە هەرچی ئەو ویستوویەتی پەیدا بووە، ئەوەی ئەو نەیویستووە پەیدا نەبووە، هەر خوای گەورە هەڵسوڕێنەر و کارگێڕی موڵکی خۆیەتی، خۆشی خاوەنی هەمووە. هاوبەشی بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ سیفەتێکیدا نییە، ئەو حوکم دەردەکات و بە هیچ شێوە و چۆنیەتییەک هیچ مەخلووقێک قسە لە فەرمایشتیدا ناکات و نابێتە ڕێگر و بەربەستی بڕیاری، خوای گەورە پرسینەوە و موحاسەبەکردنی زۆر خێرایە، لەم ڕووانگەوەیە کە (سەعیدی کوڕی جوبەیر) دەیفەرموو: پشتبەستن بە خوای گەورە کۆگای ئیمانە"[(١)].

سەرڕاستیی باوەڕهێنان بە تەوحیدی خوای گەورە ئەمەیە، سەرڕاستیی خواپەرستی بۆ خوای تاک و پاک ئەمەیە، دەبێت یەکبوونی خوای گەورە ئاوا لە دید و تێڕوانینیدا بچەسپێت و خواپەرستیش ئاوا سەرڕاستانە و بێ هاوبەشی بۆ خوا تەرخان بکرێت و بەس. ئا ئەمە (عەقیدە) و (عیبادەت)ەکەیە، چونکە مەحاڵە لە دڵی کەسێکدا باوەڕهێنان بە خوای تاک و پاک جێگیر بووبێت و لەولاوە پشتبەستنی بە غەیری خوای گەورەبێت و ئومێدێکی بە غەیری

(١) تەفسیری ئیبنو کەثیر/ چاپی یەکبەرگییەکەی دارالمعرفة/ بیروت ٢٠١٠/ ل ٦٧٢.

خوای گەورە بەستبێت. پشت تەنها بەستن بە خوای گەورە و بە ئومێدبوونی ئەو؛ ڕێ لەوە ناگرێت هۆکار بگرێتە بەر، نا، چونکە گرتنەبەری هۆکارەکانیش هەر بە فەرمانی خوای تاک و پاکە کە فەرمانی پێداوە و، موسڵمان ملکەچ و گوێڕایەڵیەتی و دەبێت هۆکار بگرێت، بەڵام وا دانانێت کە هۆکارەکان بکەرن و ئەنجامەکان لە خودی هۆکارەکانەوە دێن، بەمەش هەموو ئومێدێکی بخاتە سەر ئەو هۆکارانە، نا، موسڵمان لەوە دڵنیایە کە هۆکارەکان و ئەو ئەنجامانەی کە بەدەست دێن لە قەدەری خوای گەورە (زانست و ویست و توانا) هاتوون. لە باوەڕ و دید و هەست و هۆشی موسڵماندا پەیوەندی لە نێوان هۆکار و ئەنجامەکاندا نییە. هۆکارگرتنەبەر گوێڕایەڵی و خواپەرستییە و دەسکەوتنی ئەنجامەکەش لە هۆکارەکە جوودایە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە قەدەری خوای گەورەوەیە کە بە دەست غەیری خوای گەورەوە نییە، غەیری خوای گەورە زاڵ نییە، بەمەش دڵ و هزر و ویژدانی موسڵمان، هەست و هۆش و ئومێدی ئازادانە ڕووی لە خوایە و بەس، بە هۆکارەکانەوە بەند نابێت و ئومێدی بەوان نابێت، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا هەرچی لە توانایدا بێت بۆ گرتنەبەری هۆکارەکان دەیکات، چونکە تا زیاتر هەوڵ بدات هۆکار بەدەست بهێنێت پاداشتی زۆرتر مسۆگەر دەکات.

داعیی موسڵمان و پێشڕەوی خواویستی دەبێت عەقیدەی خۆی بەڕۆشنی بخاتە ڕوو، پێویستە باوەڕ و دید و تێڕوانین و پێناسەی ڕاشکاوانە نیشان بدات، ئاشکرا ڕایگەیەنێت کە عەبدایەتیەکەی تەنها بۆ خوای گەورەیە و تەنها ئەویش سەرپەرشتیار و چاودێریەتی: ﴿قُلِ ٱدْعُوا۟ شُرَكَآءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ﴿١٩٥﴾ إِنَّ وَلِـِّۧىَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ ۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩٦﴾ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٧﴾﴾ {الأعراف: ١٩٥ – ١٩٧}، واتا: «بڵێ ئادەی هەموو خواکانتان بانگهێشت بکەن، ئەوانەی کردبووتانن بە هاوبەشی خوای گەورە و سیفاتی ئەوتان بەسەرتا دابڕیبوون، هەرهەمووتان کۆ ببنەوە و گەلەکۆمەکێم لێ بکەن، پلان و پیلانم دژ داڕێژن و لێم ڕامەوەستن! سەرپەرشتیاری من خوای پەروەردگاری خۆمە

سەرپەرشتیارێتیی پیاوچاکان دەکات، ئەمما ئەوانەی ئێوە هاواریـان دەکەنـێ و هانایـان دەبەنە بەر، ناتوانن پشتیوانیتان لێ بکەن و سـەرکەوتنتان بـۆ دابـین بـکەن، چـونکە خۆیـان دامـاو و بەزیون و سەرکەوتنیان بە نسیب نابێت. ئەگەر داوای ڕێنمایی و هیدایەت و ڕێنیشـاندانیان لـێ بکەن داواتان نابیستن، هەر وەکوو کە چاوتان بـۆ کـردوون و ناشـبینن! خۆشـتان دەڕوانـن و حەق نابینن!

ئەمە دید و هەڵوێستی موسڵمانە، دید و هەڵوێستی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستییە کە ڕووەوڕووی ئەهلـی جـاهیلییەت ڕایـدەگەیەنن، پێغەمـبەری خـواش (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) بەو ڕۆشنی و ئاشکرایی و ڕاشکاویە ڕایگەیاند هەر وەکوو کە خوای گەورە فەرمـانی پێـدابوو، بەو شێوە تەحەددایە: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ١٩٥﴾.

پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ئـا ئەم تەحەددایەی بە ڕووی خۆیـان و خواکانیانـدا ڕاگەیاند و بەوپەڕی بێ باکیەوە پێـی فەرمـوون کە چیتـان لەدەسـت دێـت تەخسـیری مەکەن، چیشم بەرامبەر دەکەن منەتتان نەبێت، خۆتان و هەموو خواکانیشتان هەموو کۆ ببنەوە و پیلانم دژ دابڕێژن و یەک سات ماتڵ مەبن لە جێبەجێکردنی. ئا بەم ڕۆشنیە، بەم ڕاشکاویە کە هەمـوو کەسـێکیان یەکسـەر تێدەگەشـتن و زۆریـش پێـی ڕق ئەسـتوورتر دەبـوون! پێغەمـبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) تەنها و بێ دەسەڵات بوو، موستەزعەفیان کردبوو، دەیـان بەربەسـتیان لە ڕێـدا دانابوو، یاوەرانیان خستبووە ژێر هەموو شێواز و چـۆنیەتییەکی ئـازاردان و مەحرومکـردنەوە، بەڵام جەنـابی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) ئەم فەرمـانەی خـوای گەورە، ئەم ئـیعلانەی خـوای گەورەی بەوپەڕی تەحدداوە بە گوێ دادان، چونکە لە خوای پەروەردگار و چـاودێر و سەرپەرشـتیاری دڵنیا بوو، لە بەڵێنی ڕاستی دڵنیا بوو، هەر وەکوو لە هێز و توانا و دەسـەڵاتی دڵنیـا بـوو، بـۆیە وەکـوو یەک هەڵوێسـتی نەگـۆڕ کە یەکەمینجـار ڕایگەیانـد تـا دواسـاتی ژیـانی پـڕ جوهـد و جیهادیشـی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) هەر وا مـایەوە. ئەمە دڵنیـابوونە لە دیـد و ڕێ، دڵنیـابوونە لە

موسڵمانێتی و تەسلیم بەخوا بوون و ئەنجامەکەی، کە وەلدابوونی خوای گەورە و چـاودێری و سەرپەرشـتیارێتی: ﴿إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ١٩٦﴾. ئـاوا ڕایگەیانـد کە پشت بە کێ دەبەسترێت و چەند و چۆن؟! پشت بە خوای تاک و بێوێنە دەبەسترێت، ئەو خـوا پەروەردگارەی ئەم پەیامەی بۆ ڕێنیشاندانی مرۆڤایەتی ناردووەتە خوارەوە، بەپێی ئەم پەیامەشە کە خوای کارزان فەرمانی داوە بە پێغەمبەری پێشەوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) کە ڕایـگەیەنە کە پشـتت تەنها بە خوای خۆت بەستووە و ئەو حەقەی بـۆت هـاتووە دەبێـت بە هەمـووان بگـات، ئەوی وەری دەگرێـت فەرمـوو، ئەوی ڕەفزیشـی دەکـاتەوە خـۆی بەرپرسـیارە. ڕایـگەیەنە، ڕۆشـن و ڕاشکاو و ئاشکرا، خەمی هیچت نەبێت و مەشترسە، خوای گەورە دەتپارێزێت، ژیان و مردنت بە دەست ئەوە و هیچ بەڵا و موسیبەتێکت نایەتە ڕێ ئەگەر ئەو ڕازی نەبووبێت، ئەمە قەدەرە و نوسراوە و هەر ئەمەشت دێتە ڕێ کە نوسراوە. کەوابـوو تەشریـف بـبە و ئەم حەقە ڕاگەیەنە و بشـڵێ منەتتـان نەبێـت، چیتـان لە دەسـت دێـت بـیکەن و ڕاڕا و دوودڵ مەبـن تێیـدا، ئەوی دەتانەوێـت دژی مـن بـیکەن، هەر ئەمـڕۆ بـیکەن و مەیـخەنە سبەینێ، ئەمە فەرمـانی خـوای گەورەیە بـۆ هەمـوو پێغەمـبەران و شـوێنکەوتووانیان، کە ڕایگەیەنـن و مەترسـن، بـیگەیەنن و بێباک بن، لەسەرپەرشتارێتی و چاودێری و بەڵێنی خوای کاربەجێش دڵنیا بـن. ئێـوە بـۆ خـوا ساغ ببنەوە، بانگەوازی خوا بگەیەنن، ئەمما بەرامـبەران چیتـان بەرامـبەر دەکەن، ئەوە شـتێک نیـیە لە دەرەوەی زانسـت و توانـا و ویسـتی خـوای خۆتانـدا بێـت، ڕایگەیەنـن: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ١٩٥﴾، ﴿إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ١٩٦﴾.

هەر دەبێت داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی لە هەمـوو پشـتیوانییەکی سـەرزەمین دابڕێن، هەر دەبێت هێز و دەسەڵاتەکانی سـەرزەوی بە سـووک و لاواز و بێهێـز ببیـنن، کە لە حەقیقەتیشیاندا وان، با خاوەنی هێز و دەسەڵاتیش دیار بن، تاغووتانی دەسەڵات و ملهـوڕانی هێزی دوژمنکاری و خواکانیشیان، ئەڕبابان و تەکنۆلۆژیاشیان لەڕاستیدا زۆر لەوە لاوازترن کە

خۆشــییان بێــت بە خەیاڵیانــدا. خــوای گەورە کە دەفەرمووێــت ئەوانە ئەوەنــدە لاواز و بــێ دەسەڵاتن کە نەک ناتوانن مێشێک دروست بکەن، بەڵکوو ئەگەر مێشێک شتێکیان لێ بسێنێت نــاتوانن لێــی بســتێننەوە! مەگەر ئەمە کۆتــا نیشــانەی بــێ دەســەڵاتی و لاوازیــان نیــیە؟!: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٞ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخۡلُقُواْ ذُبَابٗا وَلَوِ ٱجۡتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسۡلُبۡهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيۡـٔٗا لَّا يَسۡتَنقِذُوهُ مِنۡهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ ٧٣﴾ {الحج: ٧٣}، واتــا: «هــۆ خەڵکینە! نموونەیەک هێنراوەتەوە باش گــوێی بــۆ هەڵــخەن و گوێبیســتی بــبن، ئەوانەی ئێــوە هاواریان دەکەنێ و هانایان بۆ دەبەن -کە لە جێی خــوای گەورە داتاننــاون- هەتــا دنیــا دنیــایە ناتوانن مێشێک خەلق بکەن، با هەر هەمووشــیان بــۆی کــۆ ببــنەوە و هاوکــار و یارمەتیــدەری یەکتریش بن، تەنانەت ئەگەر مێش شتێکیان لێ زەوت بکات نــاتوانن لێــی بســێننەوە! چــونکە داواکار و داواکراو لاواز و دەسەوسانن»[1].

هەروەهـــــا: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتۡ بَيۡتٗاۖ وَإِنَّ أَوۡهَنَ ٱلۡبُيُوتِ لَبَيۡتُ ٱلۡعَنكَبُوتِۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٤١﴾ {العنكبــوت: ٤١}، واتـــــا: «نمـــــوونەی ئەو کەسانەی هانا و هاوار بۆ غەیری خوای گەورە دەبەن -لە بت و درەخت و ڕۆحیانەت و جنۆکە و مەرقەد و هاوشێوەیان، بێ گومان زانستی سەردەمیش کە لە زۆر کەس بووەتە خوایــان، یــان فەلسەفە و فیکر، هەروەها کەسانێکی دەرکەوتوو کە لە جێی خوای گەورە دایاناون- نموونەی حاڵی ئەمانە وەکوو ئەو کەسەیە کە پەنای بردبێتە بەر ماڵ و حاڵی جاڵجــاڵۆکە! کە مــاڵێکی لە لیکی خۆی دروســت کــردووە کە نە ســەرما دەیگــرێتەوە و نە گەرمــا، نە هەوا و نە باوبــاران و زۆریش لاوازە کە بە پووشێک لوول دەکرێت! ئەمانەش کە هاوار و هانــا بــۆ غەیــری خــوای گەورە دەبەن و بە سەرپەرشــتیارانی خۆیــان دادەنــێن وەکــوو ئەم جاڵجــاڵۆکەیەن کە نە ســوود دەگەیەنــن و نە زیــان و نە توانــای پاراســتنی کەســیان هەیە، تەنــانەت توانــای پاراســتنی

(١) لێکدانەوەی تەفسیلی ئایەتەکە وا لە پاشکۆی ژمارە (١)ی باسی یەکەمی بانگەواز/ بەرگی (٣) دا.

خۆشیان نییە!».

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی پشت بە خوای گەورە دەبەستن و بەس، ئەم مەخلووقاتانە چیان لەدەست دێت تا بکرێنە سەرپەرشتیار و چاودێر؟ ئەمانە لە هەستی موسڵماندا چین؟ مەخلووقاتێکی خوای گەورەن و بەس، نە زیان و نە قازانج -بە ویستی خۆیان- بە کەس ناگەیەنن، زیان بە هەر کەسێک بگەیەنن بە تەئکید بەپێی قەدەری خوای گەورەن (واتا بەپێی زانست و ویست و توانای خوای گەورە خۆیەتی)، خۆ خوای گەورە لە توانایدا هەیە نەهێڵێت ئەو زیانە بەو موسڵمانە سەرڕاستە بگات، خوای گەورە دەتوانێت سەرچاوەی زیانەکە بفەوتێنێت، بەڵام بەپێی قەدەری خوای گەورە خۆی وا ئەو داعییانەی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی تووشی بەڵا و کێشە و ناڕەحاتی هاتوون، خۆ خوای گەورە ئەو داعی و پێشڕەوە عەزیزانەی خۆش دەوێت، حەز بە ئازاریان ناکات، ئیهمالیشی نەکردوون تا تاغووتان بوواریان بۆ ئەشکەنجەدانیان بۆ والا بێت، نا، نەخێر، بەڵام سوننەت و ڕێباز و بزاوت و هەڵوێستی بانگەوازی خواویستی وا دەخوازێت، ئەمە تاقیکردنەوەی ئیمان و پابەندی و جیهادی ئەو عەزیزانەیە، خوای گەورە بەم ناڕەحاتیانە پاڵفتەیان دەکات و زیاتر شیاویان دەکات تا بتوانن پەیامەکەی هەڵبگرن. لە هەمان کاتیشدا گیرۆدەکردنی تاغووتان و جەلادان و ملهوڕەکانیان کە تاوانی زیاتر لە ئەستۆ دەگرن و باری خۆیان قورستر دەکەن. سەیدنا (ئەبو بەکر) خوا لێی ڕازی بێت بانگەوازەکەی خوای گەورەی بە ئاشکرا دا بە گوێی سەرانی قوڕەیشدا و بەرگریی لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد، کەچی ملهوڕان و چەقاوەسوەکانی قوڕەیش هێرشیان کردە سەری و زۆریان لێدا، ڕوی پاکیان دەکردەوە خۆیان و بە ناعلەکانیان بە دەم و چاویان دەکێشا، تا دەم و چاویان پڕ کردبوو لە خوێن و نەدەناسرایەوە، ئەم یاوەرە عەزیزە بەڕێزەی دووەمین کەسایەتی خۆشەویستی ئوممەتی ئیسلامە لە دوای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە دووچاری ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە و سوکایەتییە

بووەوە، لەو کاتەی پێیان دەکێشا هەر دەیفەرموو: **(أَيْ رَبِّ، مَا أَحْلَمَكَ! أَيْ رَبِّ، مَـا أَحْلَمَـكَ! أَيْ رَبِّ، مَا أَحْلَمَكَ!)**، واتا: «ئای خوایە کە بە سەبریت». لەو حاڵەتەشیدا هەر ئەوەی لا یەقین بوو، کە خوای گەورە و بە دەسەڵات ئاوا بە سەبرە، دڵنیا بوو کە خـوای گەورە ناتوانـا نیـیە لە بەرگری لێکردنی، لە ڕێگـرتن لە ئەهلـی جـاهیلییەت بەرامـبەر بەویـش و بەرامـبەر یـاوەرانی تریش، بەڵام دەیزانی ئەمە باجی ڕێی خواویستییە، دڵنیاش بوو لەوەی کە سـەرکەوتنی خـوای گەورە هەر دێت.

کاتێک (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود) خوا لێی ڕازی بێت لەناو حەوشی کەعبەدا قورئانی بە دەنگی بەرز خوێند و سەرانی قوڕەیش گوێیان لێ بوو هاتن و کەوتنە لێدانی، ئەمەندەیان لێـدا کە نەیدەتوانی نە بە پێوە خۆی بگرێت نە بەدانیشتنانەوە! دوای ماوەیەک لەم لێدانە ستەمکارە دڵڕەقانە کە باسەکەی گێڕایەوە فەرمووی: بەخـوا قەسـەم ئەو کـاتە لەبەرچـاوم زۆر لاوازتـر و سوکتر بوون لە هەموو کاتێکیـان، چـونکە دەیزانـی ئەوانە کەوتـوونەتە دوژمنـدارێتیی خـوای گەورە! لەوەش دڵنیا بوو کە نابووت دەبـن، چـونکە دەیزانـی هەر کەسـێک دژایەتیـی خـوای گەورە و بانگەواز و نێردراوەکانی بکات حەتمەن شکستی بەسەردا دێت، چونکە لاوازە و لای خوای گەورەش سوک و بێ قەدرە.

(عەبدوڵڵای کوڕی مەزعون) خوا لێی ڕازی بێت داڵدەدراوی (عوتبەی کوڕی ڕوبیعە) بـوو کە یەکێـک بـوو لە سـەرانی شـیرک و ئەمـانی دابـووە عەبـدوڵڵا، کە موسـڵمانە بـێ پەناکـان دووچـاری ئەشـکەنجە و ئـازار و مەحروبـوون بـوونەوە، عەبـدوڵڵاش داڵـدەدانی عـوتبەی ڕەتکردەوە و ئەمانەکەی کۆتایی پێ هێنا، چونکە دڵی بـڕوای نەدەدا کە ئەم لە ئەمانـدا بێـت و براکانی تری لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا بن، بۆیە بە عوتبەی فەرموو دەچمە پاڵ داڵدەی خوای گەورە کە لە تۆ بەدەسەڵاتتر و بەهێزترە، هەر ئەو ڕۆژە کە سەرانی قوڕەیش زانیـان کە ئەمـانی عـوتبەی بەسـەرەوە نەمـاوە، هەڵمەتیـان بـۆ هێنـا و کەوتـنە لێـدان و ئەشـکەنجەدانی، لەژێـر

دەستیاندا چاوێکی کوێر بوو، کە عوتبە بینیی پێی وت، ئەرێ برازا، ئەو چاوەت هی ئەوە نەبوو بیخەیتە ژێر ئەشکەنجە و فەوتانەوە، فەرمووی بەخوا قەسەم، چاوەکەی تریشم شایەنترە لە پێناوی خوادا ئاوای لێ بەسەر بێت.

دەیزانی کە کەناری خوای بەهێز و دەسەڵات مسۆگەرترە، پڕ ئەمانترە، لە داڵدەدانی هەموو کەسێک چاکترە، لەوەش دڵنیا بوو کە خوای گەورە لەخۆی دەگرێت و حەتمەن وەلی ناکات، لەسەری دەکاتەوە، کە لێی گەڕاوە ئەو ئازار و ژانە جەستەییە بچێژێت ئەوە بۆ ئەوەیەتی کە بیگەیەنێتە ئەو ئاستە باڵا ئیمانییە کە تێیدا فەرمووی: بەخوا قەسەم چاوەکەی تریشم شایانترە لەپێناوی خوادا ئاوای لێ بەسەر بێت. ئەم ئازارەی ڕێ؛ ڕاهێنان و پێگەیاندن و شیاوکردنی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستییە.

ئەمە چەند نموونەیەکی ئەو نەوە نموونەییە درەوشاوەیە کە قورئان لە باوەشی پڕ سۆزی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) پەروەردەی کرد لەبەر ڕۆشنایی ئەو نوورە خواییانەدا، وەکوو:
﴿قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ١٩٥ إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ١٩٦﴾ {الأعراف: ١٩٥ – ١٩٦}. پاشان دوای ئا ئەم دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستە عەقائیدییە، دوای ئەو هەموو ئازار و ژان و ناسۆرەی بندەستی موشریکان، دوای ئەو هەموو چەواشەکاری و هەوڵی ڕێگۆڕینە، لەگەڵ ئەم پابەندیە جدییە و پشت بەخوا بەستنە، ئەو خوایەی ئەم پەیامەی ناردووەتە خوارەوە؛ پاش ئەمانە چی ڕوویدا؟ چی هاتە دی و چارەنووسەکان بە کوێ گەیشتن؟ وەڵامی ئەمانە ڕۆشن و ئاشکران، مێژووی مرۆڤایەتی شاهێدیی لەسەر داوە و تەفسیلاتی ژیانی تاک و کۆی ئەم ئوممەتە عەقائیدییە و ئەم بزاوتە خواویستییەی هەموو تۆمار کردووە. هەموو دەزانن کە دوای ئەم ناسۆر و ژان و کارەساتانە، دەسەڵات و تەمکین و زاڵبوون هات، هەر هەموو ناوچەکە کەوتووەتە ژێردەستی ئەولیاکانی خوای گەورە کە بەردەوام بە ئاڕاستەی پەیامی خوا پەروەردە دەبوون و بانگەوازی تەوحیدەکەیان لە هەموو حاڵەتی قۆناغەکانی

ڕێیاندا دەگەیاند. لە بەرامبەردا هەموو مانای بەزین و شکست و نابووتبوون، هەموو واتـایەکی بە فەتارەتچوون و فەوتان و لەناوچوون بوو بە نسیبی تاغووتـان و جەلـلادان و ملهـوڕان کە بە دەستی پیاوچاکان لەناو دەچوون، مەگەر ئەوانەیان -لە سەران و شوێنکەوتووان- کە دینەکەیان قبـوول کـرد و هــاتنە ڕیـزی ئەو موسـڵمانە بەڕێـزانەوە کە پێشـتر بەو هەمـوو دڵـڕەقیەوە دەیانچەوساندنەوە! کە بەوپەڕی یەقینەوە خۆیان لەبەر تین و فشار و مەحرومکردندا ڕا دەگرت و بە ورەیەکی بەرزەوە کە لە هیچ قوناغێکدا لە هیچیاندا نەڕووخا؛ گەیشتنە ئەو سەرکەوتنە پـڕ شکۆیەی لەو زەمانەوە مرۆڤایەتی دەماودەم دەیگێڕێتەوە.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویسـتی لە هەمـوو کـات و شـوێنێک دەبێـت ئەوەیـان لا بەڵگەنەویست بێت کە مەحاڵە بگەنەوە ئەو لووتکەی دەسەڵات و ترۆپکەی تەمکین بەبـێ ئەو پشتبەستنە بە خوا و، بەبێ ئەو بەستنەوەی هەموو ئومێدە بە خـوای تـاک و پـاکەوە. ئەسـتەمە بەبێ ئەم ورەبەرزی و عەزم و ویستە پۆلایینە بتوانن هەمان بزاوت و هەڵوێست بگرنە بەر و ڕێ بکەن، هەموو ئەو چارەنووس و ئەنجامە سەرسوڕهێنەرە لەو یەقـین و پشتبەسـتنەوە هـات کە لەسەری پەروەردە بوون: ﴿إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ١٩٦﴾.

دەبێت داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی لەوە دڵنیا بن و شـل نەبـن و نەگـۆڕێن کە هەر چەند تین و فشاری جاهیلییەت زیاد بکات لە سەریان، هەرچەند شـیرک و شـەڕخوازانی ئازار و ئەشکەنجەیان بدەن و مەحرومیان بکەن، هەرچەند هێزی کـوفر و خراپەکـارانی ژان و ناسۆر و کارەساتیان بهێننە ڕێ و دژایەتیـی بانگەوازەکەیـان بکرێـت و دوژمنـداریێتیی خۆیـان بەرامبەر ئەمان بە هەموو شێوەیەکی سـووکایەتی ڕاگەیەنـن؛ ئەمـان هەر دەبێـت پشـوودرێژانە خۆیان ڕاگرن و بە سەبرەوە ڕێ ببڕن و بەو یەقینەوە لەسـەر بـزاوت و هەڵوێسـتی خواویسـتیی خۆیان بەردەوام بن، ئەوە بەرپرسێتیی دنیا و قیامەتیانە و خوای خـاوەنیش لە کـات و شـیاوی گونجاوی ململانێکەدا سەرکەوتن و سەرفرازی و تەمکین دەبەخشێت پێیان.

## بڕگەی حەوتەم: خۆدانەدەست قەدەری خوای گەورە

حەقیقەتی مردن توند و سەختە، چارەنوسی هەموو زیندوویەکە کە دەبێت ناچارانە تەسلیمی ببێت، چونکە هیچ هەلێکی دەربازبوونی لێی نییە و ئەوی لە گیانەڵا دایە و هەموو ئەوانەی دەوری مات و مەلوول و دەسەوسان بە دیاریەوە دادەنیشن و دەزانن وا مردنی دێتە سەر، بێ ئەوەی بتوانن هیچ جۆرە بەرگرییەکی لێ بکەن. مردن ڕووداوێکیشە لە هەموو ساتەکانی شەو و ڕۆژدا دووپات دەبێتەوە، شەرابی ئاکامە و هەر هەموو زیندەوەران دەینۆشن، هیچ مرۆڤێکی لێ لاپەڕ نابێت، گەورە و بچووک، دەوڵەمەند و هەژار، دەسەڵات و بێ دەسەڵات، ساغ و نەخۆش، هەر هەموویان یەک هەڵوێستیان بەرامبەری هەیە، هەڵوێستی تەسلیمبوون پێی، بەبێ بەرگری، بێ پەلەقاژێ، بێ دەربازبوون، بێ موناقەشەکردن، هیچ داوایەکی وەستان یان دوواخستنی قبووڵ ناکرێت. هەر کەس کۆتایی بە تەمەنی هات بوواری خواردنەوەی قومێک ئاویشی نامێنێت: ﴿فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَأۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ٣٤﴾ {الأعراف: ٣٤}، واتا: «ئەگەر ئەجەلیان هات؛ نە یەک سات پێش دەکەون و نە یەک سات دووا دەکەون، ئەجەلیان نە پێش دەخرێت نە دووا دەخرێت». ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەجەلی مەرگ لە لای باڵاوە دێت، لە لای دەسەڵاتدارێکی بێسنوورەوە دێت، کە فەرمانیدا دەستبەجێ ڕادەپەڕێنرێت، هەر هەموو مرۆڤ کۆ ببنەوە ناتوانن مەرگی یەک کەس پێش بخەن یا دووا بخەن، چاریش نییە و هەر دەبێت تەسلیمی ببن، تەسلیم نابن چ دەکەن؟ هیچ، چونکە هیچیان پێ ناکرێت، تەسلیمبوونەکە، تەسلیمبوونە بە فەرمانەکەی خوای باڵا کە ڕانەپەڕاندنی نییە. ئەمە دیمەنی مردنە، ئەو چارەنووسەی کە هەموو زیندوویەک دەبێت بیگاتێ و لەوێدا بۆ هەتاهەتایی بووەستێت! مردن بەردەوامە، سات بە سات کاروانی خۆی دەبڕێت، ئەم دەوەستێت و ژیانی ئەو کۆتایی پێ دەهێنێت، لە ڕێی کەسدا ناوەستێت و ئاوڕ لە شیوەن و زاری

خۆشەویستان ناداتەوە، باکی بە تووڕەبوونی کەسیان نییە، ئەوی نۆرەمردنی نەهاتبێ ڕۆژی سەد جار داوا بکات مەرگ ئاوڕی لـێ نـاداتەوە، چـونکە هەمـوو کەسـێک نـۆرەی خـۆی هەیە و نـۆرەبڕی بـۆ کەس ناکرێـت. مەرگ نە لە کەس دەترسـێت و نە تکـای کەس قبـووڵ دەکـات، کامەی زۆر دەسەڵاتدارە و خۆی بە بەهێز دادەنێت؛ مردن شەرابی ئاکامی بە گەروودا دەکات، هەر وەکوو کە بە گەرووی کەسـێکی بـوودەڵە و لاواز و بێناویـدا دەکـات. ئەوی لـووتبەرز و موستەکبیرە لەبەردەمیدا مل درێژ دەکات و بە چاوی ئەبڵەقەوە دەڕوانێـتە کۆتـا سـاتی خـۆی، هەر وەکوو ئەو کەسەی داماوە و موستەزعەفە لەبەردەمیدا مل درێژ دەکات و چاوی پڕ سامی بۆ دەگێڕێت.

مەنهەجەکەی خوای گەورە بۆ ئەوە هـاتووە دیـد و تێـڕوانین و پێناسـەی مـردن و ژیـان و هۆکاری هەردووکیان وەکوو حەقیقەتی خۆیان بە مرۆڤ بناسێنێت، تا ئەوەیان لا بەڵگەنەویست بێت کە هەموو لق و چڵێکی فەرمانی ژیان و مردن دەگەڕێـتەوە سـەر قەدەری خـوای گەورە و بڕیاری نەگۆڕی ئەو، بۆ ئەوەی هەموو هێمن و ئەوین ببنەوە و لە قەدەری خـوای گەورە دڵنیـا بن، تا ئەرک و بەرپرسێتیی ژیان و دنیا و مەسئولیەتی ڕۆژی دواییان ڕێک و ڕاست هەڵگـرن و ئەوەندە لە هۆشی مردندا نەبن، یان ئەوەندەش لێی بێ ئاگا نەبن، نە لێی بترسن و نە ئیهمالیشی بکەن، بـزانن کە مـردن دێـتە ڕێیـان، بەڵام بەپێـی قەدەری خـوای گەورە کە کـات و شـوێن و چۆنیەتییەکەی پێشتر دیاری کردووە. ئەم مەنهەجە ئەوە بۆ مرۆڤ ڕوون دەکـاتەوە کە فەرمـانی ژیان و مردن بەدەست خوای گەورەوەیە، ترس لە مردن و هەوڵی خـۆ لـێ لادان و حەزەر لێـی هیچ سوودێکی نییە: ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَهُمۡ أُلُوفٌ حَذَرَ ٱلۡمَوۡتِ فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحۡيَٰهُمۡۚ﴾ {البقرة: ٢٤٣}، واتـا: «ئەری سـەرنجی ئەوانەت نەداوە کە هەزاران بـوون، لە ترسی مردن ماڵ و شار و جێنیشتەجێی خۆیان بەجێ هێشت و چـوونە دەرەوە، کەچـی خـوای گەورە پێی فەرموون: بمـرن: پاشـان زینـدووی کـردنەوە». کەوابـوو خـۆدزینەوە و هەڵهـاتن و

حەزەرکردنەکەیان هیچ بوو، چونکە زیت و وریایی و هۆشلێبوون هیچ سوودێکی لە گێڕانەوە یان دوواخستنی مردندا نییە، هەر وەکوو کە ترس و بیم هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نییە، چونکە ترس و حەزەرکردن نە ژیان درێژ دەکاتەوە و نە مردن دووا دەخات و نە فەرمانی خوای پەروەردگاریش دەوەستێنێت، چ جای ڕەتکردنەوە و گۆڕینی! خوای گەورە خۆی ژیانی بە هەمووان بەخشیوە و خۆیشی لێیان وەردەگرێتەوە، بۆیە مردن حەتمییە و قورتاربوون لێی مەحاڵە.

ئەمەش حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستی قورئانە کە لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستدا دەچەسپێت، بەڵام خەڵکی لە جەنجاڵیی ژیانی ڕۆژانەیاندا بیریان دەچێتەوە، بەڵام مردن هەر بەدوایانەوەیە: ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۝٨﴾ {الجمعة: ٨}، واتا: «بەڵێ ئەو مردنەی لەبەری هەڵدێن هەر تووشتان دێت، پاشان دەگەڕێنەوە لای خوای زانا بە دیار و نادیار کە هەموو ئەو کاروبارانە دەخاتەوە بەرچاوتان کە کردووتانە و موحاسەبەتان لەسەر سەرپێچییەکان دەکات و پاداشتی چاکەکانتان دەداتەوە».

حەتمەن دەبێت ئەم حەقیقەتە لە دڵ و هزر و ویژداندا بچەسپێت، حەقیقەتی ئەوەی کە ژیانی ئەم سەرزەمینە دیاری کراوە و کۆتایی هەیە، کە حەتمەن ڕۆژێک دێت کە دێت. پیاوچاکان و پیاوخراپان هەر دەمرن، موجاهیدانیش دەمرن و دانیشتووە سێبەر نشینەکانیش دەمرن. ئەوانەی جوامێرانە عەقیدەکەیان گرتووە و عەبدایەتیان بۆ خوای گەورە پێ سەلماندووە دەمرن و، ئەوانەش دەمرن کە بە سەربەستیی خۆیان بوونەتە عەبدی بەشەری وەک خۆیان. ئەو دلێر و ئازایانەش دەمرن کە تەسلیم بە دەستدرێژی و ستەم نابن و بە ڕوویاندا دەوەستن، هەر وەکوو کە ئەو ترسنۆکانەش دەمرن کە مل بۆ زەلیلی ڕادەکێشن و دەیانەوێت هەر بژین ئەگەرچی ژیانی زەلیلی و عەبدایەتی و ژێردەستیش بێت. ئەو کەسانەش دەمرن کە هیممەت

بەرزن و بایەخ بە شتی گەورە و گرنگ دەدەن، هەر وەک ئەو کەسانەش دەمرن کە ورەڕووخاو و ئیهماڵن و هەموو بایەخیان بە شتی گچکە و بێ نرخە لە ژیاندا و ئامانجی گەورەیان نییە!

هەموو هەر دەمرن: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ ١٨٥﴾ {آل عمران: ١٨٥}، واتا: «هەر هەموو کەسێک، هەموو زیندەوەرێک دەبێت مردن بچێژێت، هەر هەمووشتان لە ڕۆژی دواییدا پاداشتی چاکە و سزای خراپەکانتان وەردەگرنەوە. موسڵمان بەر لێبوردنی خوای گەورە دەکەوێت و کافریش بەر غەزەبی. هەر کەسێک لەو ڕۆژەدا لە ئاگری دۆزەخ کەنار بدرێت و دوور بخرێتەوە و بخرێتە بەهەشتەوە؛ ئەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و سەرفرازە. ژیانی دنیا لە ڕاستیدا هیچ نییە، هەر وەکوو شتێکە کە دیمەنی دەرێی سەرنجڕاکێشە و ناوەڕۆکەکەی هیچ وا نییە».

کەوابوو هەر هەموو کەسێک دەبێت ئەم دڵۆپە تاڵە ژەهرینەی بە گەرووی دا بچێت و لە ژیانی دنیاشی پێی دەربچێت. هیچ جیاوازییەک لە نێوان کەسێک و کەسێکی تردا نییە. کاسەی پڕی لێوانی مەرگ بەسەر هەمووانداد دەگەڕێت و هەر کەسێک نۆرەی هات و تەمەنی تەواو بوو، دڵۆپەیەکی لەم شەرابی مەرگە بەسە، هەر کە نۆشیی؛ لار دەبێتەوە و کۆتایی بە ڕەنجی دێت، هەموو وەکوو یەک، بەڵام لە پاداشت و سزادا وەک یەک نین، لەوێ، کاتێک حساباتیان لەگەڵدا دەکرێت، جیاوازن، جیاوازیی چارەنوس، جیاوازیی شوێن و مەنزیلە: ﴿وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۖ﴾. لەوێ کە چارەنووسی ئەبەدی دیاری دەکرێت، ئای ئەو کەسە چەند سەرفرازە کە لە ئاگری دۆزەخ کەنار دراوە، پاشان خراوەتە بەهەشتی خوای گەورە چونکە لێی خۆش بووە: ﴿فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ﴾. مردن ڕووداوێکی حەتمییە و حەتمەن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەبێت، ئەجەل هیچ پەیوەندییەکی بە بەشداربوونی

جەنگ و بەشدارنەبوونیەوە نییە، هیچ پەیوەندییەکی بە جێگاوە نییە، لە قەڵا و قوڵلەی مەحکەم و لەژێر چاودێری پاسەوانانی شەونوخوندایە، یان بـێ کەس و بێهێـز لە دارسـتانێکدا: ﴿أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ﴾ {النساء: ٧٨}، واتا: «لە هەر جێیەک بن مردنتان دەگاتێ، با لە قەڵا و قوڵلەی مەحکەمیشدا بن». بۆیە فەرزبوونی جەنـگ و جیهـاد لەسـەر موسـڵمان نە مردنـی پـێش دەخـات نە دوای دەخـات، دوواخسـتنی جیهـادەکەش هەر وایە و کـاریگەریی لەسەر دوواخستنی ئەجەل نییە، چونکە مردن نە بە جەنگ پێش دەکەوێـت نە بە دوواخسـتنی جەنگیش دووا دەکەوێت. جەنگ و جیهاد ئەرک و فەرزێکە و بوواری خـۆی هەیە، مـردنیش شـتێکە و جـێ و ڕێـی قەدەریـانەی خـۆی هەیە، کەوابـوو جیهـاد پەیوەنـدیی بەوەوە نیـیە کە خەڵکانێک وا دەزانن ئەگەر جیهادیان بەرپا کرد یان بەشداریان تێدا کرد دەکوژرێن، ئەجەلیان دێت چونکە چوونەتە جیهاد، نا، ئەم دووانە لێک جوودان.

جا کە وابوو ترس و تۆقانی خەڵکی لە جیهـاد و چـوونە جەنـگ یـان نەچوونیـان لە پـای چییە؟ خۆ ئەمە مانای ئەوە نییە موسڵمان هەر خۆی تێ بهاوێت و گـوێ بە هۆکـاری پاراسـتن نەدات، ئەمە مانـای وا نیـیە موسـڵمان بەحەزەر نەبێـت و هۆکـاری سـەرکەوتن نەگـرێتە بەر، ئامادەسازیی چاک و تەواو نەکات و بچێتە جەنگەوە، لەوێش گوێی نەداتێ، نا، خـوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿خُذُواْ حِذْرَكُمْ﴾ {النساء: ٧١}، واتا: «حەزەری خۆتان وەرگرن». بەڵام هەموو ئەمە شتێکی جـوودایە و بەسـتنەوەی مـردن بە جەنـگ یـان دوواخسـتنی بەهـۆی جەنگنەکـردنەوە شتێکی ترە، حەزەرکردن و ئامادەسازی بۆ جەنگ و جیهاد فەرمانێکی خـوای گەورەیە دەبێـت ملکەچانە وەرگیرێت و جێبەجێ بکرێت، کە ئەمیش حیکمەتی دیار و نادیاری خوای گەورەی تێـدایە، هەروەکـوو کە ڕاسـت و ڕوونـی پەیوەنـدی نێـوان مـردن و ئەجەلە دیـاریکراوەکەی -هەرچەنـدە حەزەریـش وەربگیرێـت- هەر فەرمـانێکی خـوای گەورەیە و دەبێـت ملکەچـانە وەربگیرێت، چونکە ئەمیش حیکمەتی دیار و نادیاری خوای گەورەی تێدایە. بۆیە دەبێـت ئەم

حەقیقەت و ڕێسا و هاوکێشە لای موسڵمان ڕاست و ڕەوا بچەسپێت و بووبێتە بەڵگەنەویست کە ئاکامی مردن (ئەجەل) دیاریکراوە و حزورکرن و هۆکارگرتنەبەریش واجبە، ئەمەش پەیوەندیی بە چوونە جەنگ و جیهادەوە نییە، ئەم هاوکێشەیە پەیوەستە بەو شێوە ئیمانییە پارسەنگ ڕابگیرێت و هەماهەنگی (تەنسیق) لە نێوان هەموو موفرەداتەکانیدا هەبێت. ئەمە دید و ڕووانگە و پێناسەی عەقائیدیانەی ئیسلامە و، ئەمە زەمینەی پەروەردەکردنەکەیەتی. قەدەری خوای گەورە (زانست و ویست و توانای) بەسەر هەموو ڕووداو و پێشەکی و ئەنجام و چارەنووسێکدا زاڵە، هەمووی هەر بەپێی نەخشەی خوای گەورە بەرەو ئەو چارەنووسە دەچن کە خوای پەروەردگار دیاریی کردووە، هیچیان بەدەر لە قەدەر نین، کەوابوو مردن یان کوژران قەدەرێکی خوای گەورەیە و شتێک نییە لێی هەڵێن، حەتمەن دووچاری دەبن و لە کاتی دیاریکراوی خۆیشیدا دەبێت، نە دووا دەکەوێت و نە دێتە پێش، با خەڵکیش ئاواتاخوازی ڕوونەدان و بەشدارنەبوون و کۆتاییهاتنیشی بخوازن. مردن بەپێی حەز و بوغزی کەس نییە: ﴿قُل لَّن يَنفَعَكُمُ ٱلۡفِرَارُ إِن فَرَرۡتُم مِّنَ ٱلۡمَوۡتِ أَوِ ٱلۡقَتۡلِ﴾ {الأحزاب: ١٦}، واتا: «بڵێ بە هیچ شێوەیەک و تا ئەبەد هەڵاتنتان لە مردن یان لە کوشتن سوودێکی بۆتان نابێت». کەوابوو هەڵهاتن و تەسلیم نەبوون بە مردن یان خۆشاردنەوە و سستی نواندن لە ڕاگەیاندنی جەنگ و جیهاد، یان بەشدارینەکردن تیایاندا؛ هیچ سوودێکی لە وەستاندن یان گۆڕین یان ڕەتکردنەوەی قەدەر نییە کە حەتمییە، ئەوی لێی هەڵبێت -بە هەر شێوەیەک بێت- ئەوا دەبێت بزانێت کە لە کاتی خۆیدا کە ئەجەل هات دەمرێت، ئەجەلیشی نزیکە، هەموو ئەجەلێک هەر نزیکە چونکە ژیانی دنیایە، هەر وەکوو کە هەموو شتێکی دنیاش کەلوپەل و کاڵایە، هەر ئەوەندەیە کە مایەی چێژە و سوودی تیایە. ئەجەل حەتمییە و لە کات و شوێن و چۆنیەتیی دیاریکراوی قەدەریانەیە و هیچ کەسێک توانای ڕاوەستان یان گۆڕین یا ڕەتکردنەوەی نییە، چونکە لە خوای گەورەی خاوەن دەسەڵاتی بێسنوورەوە هاتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ویستی خوای گەورە خۆی کە ئایا

مردنەکە لە بەرژەوەندیی مراوەکە یان کوژراوەکەیە، یان دژێتی، ئەمەش خـوای گەورە بڕیـاری لەسەر دەدات کە کەی و چۆن؟ کەس توانای ڕاوەستان یـان گـۆڕین یـان ڕەتکـرنەوەی نیـیە و ناشتوانێت حەشارگەیەک بۆ خۆی بـدۆزێتەوە، یـان دەسـەڵاتدار و هێزێـک پەیـدا بکـات کە داڵدەی بدات و نەهێڵێت دەستی خوای گەورەی بگـاتێ و شـەرابی مەرگ نەنۆشـێت. جـا کە وابـوو دینـداری سەرڕاسـت ئەو کەسـەیە کە ڕاسـت و ڕەوا و خۆشـحاڵانە خـۆی تەسـلیم بە قەدەری خوای گەورە کردووە و سەرڕاستانە و وەفادارانە بە فەرمانی خوای گەورەوە پابەندە و دڵسۆزانە و زۆر بە جیددی لە خۆشـی و ناخۆشـیدا جێبەجێیـان دەکـات، فەرمـانی جەنـگ و جیهادە یان هەر فەرمانێکی تر، چونکە ئەرکی عەبد ملکەچییە. هەموو ڕووداوێکیش بۆ خـوای گەورە دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێت پشتبەستن بە خوای گەورە سەرڕاستانە و جیددی بێت. خـوای گەورەش هەر ئەوە دەکـات کە خـۆی بە پەسـەندی دەناسـێنێت، ئـێمەش دڵنیـاین هەر ئەوە پەسەند و ڕاست و ڕەوایە.

مرۆڤایەتی بەرەو فەنا دەڕوات، بەڵام عەقیدە بەرەو مانەوە و جێگیربوون دەڕوات، بانگەوازە خواییەکە لە داعییەکانی گەورەترە و زیاتر لە داعییەکان دەمێنێتەوە. داعییەکان دێـن و دەچـن، بەڵام بانگەوازەکە بەدرێژایی نەوەی موسـڵمانان بەردەوامە، هەمـوو داعییـان و شـوێنکەوتوانی بانگەوازی خواویستی بە پەیوەستی ئیمانی بە سـەرچاوەی یەکەمـی بـانگەوازەکەوە پەیوەنـدن، بۆیە پێویستە لەسەر داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی لەسەر جیهادی خۆیان بەردەوام بن تا دەگەنەوە بە خوای پەروەردگـار کە بەدڵنیـاییەوە لە کـات و شـوێنی بـۆ دیاریکراویانـدا دەبێت، کە خـوای گەورە دیـاریی کـردووە: ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلًا﴾ [آل عمران: ١٤٥]، واتا: «کەس مومکین نییە بەدەر لە کـاتی دیـاریکراوی ئەجەلـی خۆیـدا بمرێت».

هەموو کەسێک ئەجەلێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، نامرێت تا کات و ڕۆژی خۆی تەواو نەکات. کە تەمەنی کۆتایی هات، لە کاتی ئەجەلی خۆیدا دەمرێت. کەوابوو ترس و بیم و هەڵپەی تەماعکاری و سووربوون لەسەر ژیان، یان نەچوونە جەنگ و جیهاد و بەشدارنەبوون تێیدا تەمەنی کەس درێژتر ناکاتەوە و ئەجەلی کەس دووا ناخات، ئازایەتی و دلێری و وەفاداری، یان بەرپاکردنی جەنگ و جیهاد و بەشداربوون تێیدا تەمەنی کورتتر ناکاتەوە و ئەجەلی کەس پێش ناخات، ئیتر ترسنۆکی بۆچی؟ یاخوا خەو لە چاوی ترسنۆکان بېڕێت. ئەجەل نوسراوە و یەک ڕۆژ پێش ناکەوێت و یەک ڕۆژ دووا ناکەوێت، ئیتر بۆچی ترسنۆک و ڕاڕا و بەزیوەکان بەشدارنەبوونی جیهاد و هەڵهاتن لە بەرپرسێتیی شاهیدیدان و حاکمێتیی خوای گەورە دەفەلسەفێنن؟! کە مردن حەقە و حەتمییە، ئەجەلیش نوسراوە و حەتمەن لە کاتی خۆیدا دێت، مردنیش جیاوازی ناخاتە نێوان کەسەوە، هەر کەسێک ئەجەلی هات سارد دەبێتەوە و کۆتایی دێت هەر کەسێک بێت، ئەمە حەقیقەتێکی تری عەقائیدی و ڕێسایەکی بەڵگەنەویستی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ڕێگای ئیسلامە.

ئەمە ڕێگای ئیسلامە، بەم ڕۆشنی و ئاشکرایی و ڕاشکاوییەیەوە، حەقیقەتی ئاواتخواستنیش لەسەر ئەم حەقیقەتە دادەمەزرێت. ئاواتخواستن نابێت بە خۆزگە و هیوای بەر سێبەر، وەلکردنی؛ کار و چالاکی نییە، کەناردانی؛ بانگەواز و ئیلغاکردنەوەی جیهاد نییە لەگەڵ حەزی موسالیمانەی بەر سێبەر و دوعای پان و پۆڕی بێ کردەوە! خوایە ئیسلام سەرخە و موسڵمانان بپارێزە!

باوەڕهێنان بە ئەجەل و جێگیربوونی حەقیقەتە حەتمییەکانی نابێتە مایەی کشانەوە لە ژیان و گۆشەگیری، بەڵکوو دەبێت ببێتە وەفاداری بۆ قەدەری خوای گەورە و وەڵامدانەوەی فەرمانەکانی بە جێبەجێکردنیان و ورد حسابکردنی بەرپرسیارێتی. کەسێک کە ئەم حەقیقەتانەی لا جێگیر دەبێت حەتمەن چوست و چالاک و بەگوڕ دەبێت، دوور لە چاوچنۆکی

و پیسکەیی و پارە سەریەکنان، دوور لە ترس و بیم و دڵە خورپێ، دوور لە ترسنۆکی و بەزین و خۆدزینەوە، بە پێچەوانەوە بوێر و ئازا و دلێر دەبێت، هەروەکوو کە سەخی و سینەفراوان و پشوودرێژ دەبێت، پارسەنگانە دەبزوێت و ڕاست و ڕەوا لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی عەقائیدیی خۆی بەردەوام دەبێت، بەوپەڕی سینەفراوانی و ئاسۆڕوونی و هێمنییەوە، بە پشتبەستن بە خوای گەورە و دڵنیاییەوە قۆناغەکانی ژیان و بانگەواز و جیهاد دەبڕێت. حەتمەن حەقیقەتی مردن و ژیان و ئەجەل و کۆتاییهاتنی وەکوو حەقیقەتەکانی تری عەقیدە و، ڕێسا نەگۆڕەکانی بزاوت و هەڵوێست لە دڵ و هزر و ویژداندا دەچەسپێت: ﴿قُل لَّوۡ كُنتُمۡ فِي بُيُوتِكُمۡ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَتۡلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمۡۖ﴾ {آل عمران: ١٥٤}، واتا: «بڵێ ئەگەر لە ماڵەکانی خۆشتاندا بوونایە -نەک لە ڕیزی موجاهیدان و ساحەی جیهاددا- هەر دەبوو ئەو کەسانەتان کە کوژرانیان لە چارە نوسرابوو بێنە ئەو شوێنانانەی لێی کوژراون، چونکە ئەوە ئەجەلە و بەپێی قەدەری خوای گەورە کات و شوێن و چۆنیەتییەکەی تۆمار کراوە».

ئەجەلێک هەیە کە نە دووا دەکەوێت و نە دێتە پێش، کاتێکی دیاریکراوی جێگیر و نەگۆڕە، هەروەها شوێنێکی دیاریکراویش هەیە کە کەسی دیاریکراوی مەرگ دەبێت بگاتە ئەو شوێنە و لەو کات و شوێنە دیاریکراوەدا بەو چۆنیەتییە بمرێت کە خوای گەورە لە چارەی نووسیوە. خوای گەورە بە ناساندن و جێگیرکردنی ئەم حەقیقەتانەی دید و ڕێ؛ جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان موسڵمان و غەیرە موسڵمان دەردەخات، خاڵە زەقەکانی کەسانی عەقائیدی و ئەهلی تەوحید دیاری دەکات کە سیما و سیفاتی جوێکەرەوەیانن لە کەسانی دی. ئەو کەسەی بە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی تەوحید پەروەردە بووە، هێمن و چالاک و بێباک ڕێ دەبڕێت، ئەو کەسەی لەم حەقیقەتە عەقائیدیانەی دید و ڕێ مەحروومە پشێو و خەمبار و کۆڵ قورس ڕێگەی گرتووەتە بەر و تارمایی مەرگ هەموو خۆشیەکی لێ تاڵ کردووە. خاوەن و بیرە عەقائیدییەکە لەگەڵ ڕێساکانی خوای گەورەدا دەبزوێت کە بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ

دایڕشتوه، لەگەڵیاندا هاوڕێ و هەماهەنگە، لەگەڵ قەدەری خوادا دڵنیایانە و هێمنانە ڕێ دەکات، سرەوت و پارسەنگ و ئۆقرەگرتووە، چونکە دەزانێت هیچ شتێکی لەم ژیانەدا تووش نابێت ئیللا بەپێی قەدەری نوسراوی خوای گەورە نەبێت، هەرچییەکی تووش بووە، بە هەڵە نەبووە، هەمووی لە زانست و توانای خوای گەورەوە بووە و بە ویستی ئەو جێبەجێ بووە. ئاوا کەسی خاوەن عەقیدە و بەرچاوڕوون پارسەنگ بەرەو خوا دەڕوات، نە ناڕەحەتە نە پشێو، نە خەمبارە، نە مات و مەلوول، نە لە خۆشیدا مەغرورە و نە لە ناخۆشیدا تێکشکاوە، دڵنیایە ڕێی ڕاستی گرتووەتە بەر و دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی بەپێی داخوازیەکانی ئیمانە، هەرچی بەسەریشی دێت قەدەری خوای خاوەنێتی و زەخیرەی قیامەتێتی، بۆیە گلەیی و گازندەی نییە، لە حەسرەت و پەشیمانیدا نییە بەردەوام قامچی لەخۆ بدات و بڵێت ئەگەر وام نەکردایە وا نەدەبوو، ئەگەر وا نەبوایە وا نەدەچوو، چونکە دڵنیایە ئەوەی بوو قەدەری خوا بوو، ئیتر ڕەخنە و شیکار و هەڵسەنگاندنی بێ جێ بۆ چییە؟

خاوەن عەقیدەی دامەزراو هەرچییەکی بەسەر بێت هەر بە دڵێکی پڕ باوەڕ و ڕەزامەندیەوە وەری دەگرێت، چونکە دڵنیایە کە لە قەدەری خوای گەورەوە هاتووە، بڕیار و تەگبیر و دانایی خوای خاوەنێتی و هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە لە قازانجێتی، خۆ خوای گەورە نایەوێت ئازاری پێ بگات، حەتمەن دەبوو هەر وا ڕووی بدایە. ئەم کە پشتی بە خوا بەستووە و تەسلیمی قەدەریەتی و بە گوێرەی توانای هۆکاری پێویستی گرتووەتە بەر، پارسەنگانە هاوکێشەی پشت بە خوا بەستن و کارکردن و حەزەرکردنی گرتبووە بەر، هەنگاوەکانی بەپێی شەرع هەڵهێنابوو، کە تووشی کێشەیەکیش هاتووە؛ لەوە دڵنیایە بۆ تاقیکردنەوەی ئیمانیەتی، بۆ فێرکردنی پشوودرێژی و ڕاستیی پشت بە خوا بەستنیەتی. حەتمەن ئەم کەسە ئاسوودەیە، ئەوەندە بەسەر خۆیدا نایەتەوە وەکوو ئەو کەسەی عەقیدەی دامەزراوی نییە کە لە سەرەتای هەموو موسیبەتێکدا دەیان جار دەڵێت: (ئەگەر وا نەبوایە)، (ئەگەر ئەوەم هەبوایە)، (خۆزگە

وام بکـرادایه)، (نەدەبـوو)، (پێویسـت بـوو)، (دەبـوایه)، (حەیفـێ)!. خـوای گەورە ناهێڵێـت موسڵمانی سەرڕاست و عەقیدە پاک ئاوا پەروەردە بێت، چونکە ئەوە کەسایەتیی ئیمانداران نییە، ئەوە کەسـایەتیی کـافرانە کە لە دوای هەمـوو کێشـەیەکیان دەکەونە حەسرەت و پەشـیمانی و خۆزگە و ڕەخنە، هەر کە کەسێکیان لێ دەمرێت یان دەکوژرێت دەیان جار دەڵـێن (نەدەبـوو)، (دەبوایە)، (حەیفێ)، (خۆزگە). خوای گەورە بە موسڵمانان دەفەرموویت ئێوە وا مەبـن چـونکە ئێوە حەقیقەتەکانی عەقیدە و بانگەواز و بزاوتی خواویستی دەزانـن و دڵنیـا بـوون کە هەمـوو شـتێک بەپێـی قەدەری خـوای گەورە دەبێـت و بەس: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لِإِخْوَٰنِهِمْ إِذَا ضَرَبُواْ فِي ٱلْأَرْضِ أَوْ كَانُواْ غُزًّى لَّوْ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا قُتِلُواْ﴾ [آل عمران: ١٥٦]، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە وەکوو ئەو کەسـانە مەبـن کە کـافر بـوون کە بە براکـانی خۆیانیان دەوت: (چ بـرای نەسـەب و شـیر، چ بـرای دیـن و ڕێ لە کـافران و دووڕووان) کە دەچوونە بازرگانی یان غەزا، دەیانوت: ئەگەر بە قسەی ئێمەیان بکردایە لای ئـێمە دەمـانەوە و بەپێی خۆیان نەدەچوون بە دوای مەرگیاندا بگەڕێن. ئەو کاتە نە لەو ڕێ و بیابانە دەمردن و نە لەو جەنـگ و جیهادەشـدا دەکـوژران». ئەم دیـد و گوفتـارە هەم لە خۆیـان دەبـووە مـایەی حەسرەت و خەم و پەژارە، هەم لە کەسوکاری کوژراوەکان، ئێـوە لا مەکەن بە لای ئەم دیـد و ڕەفتارەیانەوە، ئێوە قەناعەتتان بەوە هەیە کە خوای گەورە ژێنەر و مرێنەرە، ئەو کەسانە دید لێڵ و ڕێ وێڵن، بە هەڵە بۆ پێناسەی شت و ڕووداوەکان چوون، هەموو گۆشە نیگایـان هەر ئەوەی بەرچاوی خۆیانی گرتووەتەوە، چونکە دید و تێڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان و مـرۆڤ و (خـالق) و (مەخلووق)یـان لە وەحیـی خـواییەوە وەرنەگرتـووە کە پڕاوپـڕی شـت و هۆکـار و ڕووداوەکانە، ئەمانە حەقیقەتی هێـزە کـاریگەرە بێـوێنەکەی (وجـوود) نـابینن. ئەمـانە خـوا بە سیفەتە بێوێنەکانیەوە ناناسن، هەرچی دەیزانن هۆکـار و ڕواڵەتە سـەتحیەکانە، بـۆیە شـیکار و بۆچوونیان کەم و لێڵ و کورتبینانەیە، چونکە خوا ناناسن، وەحیی خواییان وەرنەگرتووە. ژیـان

و مردن ماف و دەسەڵاتی خوای گەورەن، لە ماف و توانای هیچ کەسێکدا نین، تەنها خوای گەورە ژێنەر و مرێنەرە، خوای گەورە ژیان بە کەسێک دەبەخشێت و خۆشی بەپێی قەدەری خۆی لە کات و شوێن و شێواز و شیاوی حاڵەتەکەش وەریدەگرێتەوە. خوای گەورە هەر وەکوو دەستپێکی ژیان و تەمەنی هەموو مەخلووقێکی دیاریکردووە و بەدەست خۆیەتی؛ بە هەمان شێوە کۆتاهێنانی ژیان و تەمەنی هەموو مەخلووقاتیش هەر بە دەست خۆیەتی و بەس. هەر کەس ئەجەلی هات دەمرێت، جا لەماڵەوە خۆشحاڵە و دانیشتووە، لەناو ماڵ و منداڵیدا بەختەوەرانە و دوور لە دژواری دەژی، یان وا لە مەیدانی جەنگ و جیهاددا و ئەرکی سەرشانی (فەرزێتیی جیهاد)ەکە بەجێی دەهێنێت: ﴿وَٱللَّهُ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۗ﴾ {آل عمران: ١٥٦}. لەبەر ئەمەیە کە خوای گەورە دەیەوێت حەقیقەتی ژیان و مردن و حەقیقەتی قەدەری خوای گەورە لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی موسڵماندا بە چاکی جێگیر ببێت، تا دڵی سوکنا و هێمن و سرەوتوو بێت، کە ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانەی لا دەبنە بەڵگەنەویست ئیتر ئاسان و ئاسایی و سروشتیانە دەڕوانێتە هەموو ڕووداوێک کە بە قەدەری خوای گەورە تەگبیری ئەو و دانایی ئەو ڕوویداوە و بە تەئکید لە بەرژەوەندیی ئەهلی ئیمانە.

مردن چارەنووسی هەمووانە، موجاهید و ئازا و دلێرەکانیش دەمرن و دانیشتوانەکانی بەر سێبەر و ترسنۆکەکانیش دەمرن، حەزەر و خۆپاراستن و خۆشاردنەوە کاریگەری لەسەر نەهاتن و دوواخستنی ئەجەل نییە، ترسنۆکی و دانیشتن و نەچوونە جیهاد نە دەیوەستێنێت و نە دواشی دەخات، واقیعی خەڵکیش پڕە لە بەڵگەی سەلماندنی ئەم ڕاستییە، کە بوواری موناقەشە و شەڕە قسەی تێدا نییە، قورئانی پیرۆزیش هەر دیمەنە واقیعییەکانی سەردەمی هاتنە خوارەوەی وەحی نیشان دەدات، لەگەڵ چەسپاندنی حەقیقەتە عەقائیدییەکاندا تا لە ناخی ئیمانداراندا بیکاتە بەڵگەنەویست و بە کافر و دووڕوو و دەروون بەزیوەکانیش بفەرمووێت کە ئێوە دڵتان کرمییە، دڵتان پڕە لە پۆخڵەواتی گومان و هەواوهەوەس، پاڵفتەتان نەکردووە تا

جێیەکی بۆ ئیماندارێتی تێدا ببێتەوە، ئیتر ئەو حەقیقەتانە لای ئێوە ناچەسپێت، بۆیە دید و تێڕوانینتان تەنها دیاردە و ڕواڵەتە سەتحیەکان دەبینێت، وا دەزانن ئەگەر کابرا لای ئێوە دانیشتبایە نەدەمرد یان نەدەکوژرا: ﴿لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا ۗ قُلْ فَادْرَءُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿١٦٨﴾﴾ [آل عمران: ١٦٨]، واتا: «دەیانوت: ئەگەر بە قسەی ئێمەیان بکردایە، ئەگەر ئامۆژگاری ئێمەیان وەربگرتایە (ئەگەر تەعلیماتی حیزبەکەی ئێمەیان قبوول بووایە!) نەدەکوژران (وەکوو ئێمە حەساوە و قەڵەو و دەوڵەمەند دەبوون!)، پێیان بفەرموو: دەی مادام وایە، ئەگەر ڕاستگۆن مردن لە خۆتان دوور بخەنەوە!». موسڵمان کە ئەم حەقیقەتەی لا دەچەسپێت دڵی هێمن دەبێت، ئۆقرە دەگرێت و پڕ سوکنا دەسرەوێت، بۆیە دەبێت هەموومان تەسلیم بە خوای گەورە بین، متمانەی تەواومان پێی بێت، ئینجا هێمنانە و ئاسوودە و ڕازیبوو ملکەچی قەدەری ببین و بڕیار و حوکمەکانی بەو قەناعەتە عەقائیدییەوە وەرگرین و فەرمانەکانی گوێڕایەڵانە ڕاپەڕێنین، تەسلیم بە خوای گەورە ببین، تەسلیمبوونێکی ژیرانەی هۆشیارانە، تەسلیمبوونێکی پڕ ڕەزامەندی و دڵنیایی، تەسلیمبوونی باڵغێکی ڕێزان کە دەزانێت چی دەکات و مەبەست لەو ڕەفتارەی تەسلیمبوونی چییە؟ دەبێت وا تەسلیم بە قەدەری خوای گەورە ببین کە هیچ گرێ و گۆڵێک لە ناخماندا نەبێت و هیچ گلەیی و ئەگەرێکی گازاندە بە دەمماندا نەیەت، دەبێت لەگەڵ یەکەمین نیشانەی دەرکەوتنی قەدەرەکەدا ئەم تەسلیمبوون و دڵنیابوونە دەربڕین، بە شێوەیەکی وا کە پشکی نەفس و حەزی خۆ و ئارەزووی تێدا نەبێت، تەسلیمبوونێکی خواناسانە کە دڵخۆش بێت بە هەر شتێک کە بەسەری دێت، وەکوو خواناسانێک کە لە یەقیندان کە خوای گەورە نایەوێت بەو بەڵا و موسیبەتانە ئازاریان بدات، حاشا وەلیللا، ئەوە لە میهرەبانی و دانایی خوای گەورە دوورە. خواناسان، خاوەن عەقیدە پاک و دەروونە پاڵفتەکان، خاوەن دید و ڕێ شەرعییەکان کە تووشی بەڵایەک دێن؛ ملکەچانە بە دەمیەوە دەچن، گوێڕایەڵانە وەریدەگرن، پشوو درێژانە سەبری لەسەر دەگرن، وەفادارانە پێوەی

پابەند دەبن، بە هەموو مانا و واتاکان تەسلیم بە ویست و ئیرادەی خوای گەورە دەبن و خۆشحاڵیشن.

پێویستە لەسەر موسڵمان بەتەواوی خۆ تەسلیم بە خوای گەورە بکات، تەسلیمبوونێک کە پشکی نەفسی تێدا نەهێڵێتەوە، لەگەڵ چاکسازی و ئەنجامدانی کاری خێری، لەگەڵ ڕەفتار و ڕەوشتی پارسەنگی. تەسلیمبوونی تەواو واتا دڵنیابوون و سرەوتن و متمانەکردن بە قەدەری خوای گەورە و ڕازیبوون پێی، واتا قبووڵکردنی فەرمانەکە و دەربڕینی ملکەچی، واتا ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە بە خۆشحاڵی و چوست و چالاکانە. تەسلیمبوون بە قەدەری خوای گەورە واتا ڕازیبوون و دڵنیابوون لەوەی کە بەڵاکە ڕەحمەت و لوتفی خوای گەورەیە نەک غەزەبی، واتا پڕبوونی ویژدان لە ئاسوودەیی و بەدەمەوەچوونی پڕ ڕەزامەندیی فەرمانەکە و هەستکردن بەوەی خوای گەورە لوتفی لەگەڵدا کردووە[1]: ﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ﴾ {لقمان: ٢٢}، واتا: «هەر کەسێک تەسلیم بە خوای گەورە بووبێت و هەموو کاروبارێکی خۆی بەو سپاردبێت، هەموو ڕەفتارەکانیشی لەبەر خاتری ئەو ئەجامدابێت، بە مەرجێک ڕەفتارەکان -کە بۆ خوا بوون- شەرعی بووبن (واتا (اخلاص و صدق)[2]یان تێدا بووبێت) ئەوە بە تەئکید ئەو کەسە دەستی گرتووە بە قایمترین هۆکاری سەرفرازیەوە». وەکوو ئەو کەسەی دەست دەگرێت بە گوریسێکی ئەستوورەوە کە جەمسەری یەکەمی بە شاخێکەوە قایم کرابێت و جەمسەرەکەی تریشی بە دەست ئەمەوە بێت و پێوەی سەردەکەوێتە سەر لووتکەی چیاکە[3]. پابەندی شەرع و دینداری و تەقوا ئەو ئامرازی پەیوەندییە کە ناپسێت، کە خاو نابێتەوە و شل نابێتەوە، کە لەکاتەکانی خۆشی و ناخۆشیدا

---

(١) زۆر زۆر جوانە کە کورد دەڵێت: (خوای گەورە بەسەری کردوومەتەوە)، واتا گەیاندوومێتییە ئاستی تاقیکردنەوە! ئەوەش ڕێزگرتنە.

(٢) بۆ خوای گەورە ئەنجامدرابێت و بەپێی سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووبێت، (ئەمەیە صدق).

(٣) ئیمامی شەوکانی: تفسیر فتح القدیر/دار الکتاب العربي/بیروت/ ٢٠٠٧ – ل ٤٦٧.

مایەی ڕزگاربوون و سەرفرازیی خاوەنەکەیەتی، مایەی هیدایەت و بەرچاوڕوونی و ڕێی ڕاستێتی لە تەموومژی گومڕایی و تاریکستانیی وێڵبوون و هەڵەمووتی سەرگەردانییدا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی زریان و تۆفان و بوومەلەرزە و کارەساتەکاندا. ئەم ﴿بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ﴾یە کە دینداریێتیی سەرڕاستانە و پابەندبوونە بە شەرعەوە، کە تەقواکاری و خواناسییە. ئەو پەیوەندییە نەگۆڕ و دابین و جێگیرە قایمەیە کە وا لە نێوان موسڵمانی چاک و خوای خاوەنیدا، ئەمە ئەو نوورە خواییەیە کە خوای گەورە خستوویەتییە ناخی دڵی موسڵمانەکەوە و دڵنیایی و متمانەی تەواوی پێ بەخشیوە، کە تەسلیمبوونی تەواو و ڕازیبوونی تەواو و ملکەچیی تەواوی بە قەدەری خوای گەورە هێناوە، ئەم ﴿بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ﴾یە ئەو هەستە ئیمانییە قووڵەیە کە لە کیانی موسڵمانی دینداردا خرۆشاوە و کردوویەتی بە عەبدی سەرڕاستی خوای تاک و پاک. کە وای کردووە گوێڕایەڵی هەموو فەرمانێکی ببێت و هەموو بڕیار و حوکمێکی قەدەریی بە خۆشحاڵییەوە وەرگرێت، عەبدایەتییەک کە دەروونێکی پاک و هۆشێکی وریا و ویژدانێکی ئاسوودە و کەسایەتییەکی پارسەنگ و پشوودرێژییەکی بەرپرسانەی لا دروست کردووە کە ئەو هەموو بەڵا و موسیبەتەی دێنە ڕێی و ئەو هەموو کۆسپەی تاغووتان لە ڕێیدا دروستی دەکەن کاریگەری نە لەسەر دیدوتێڕوانینی دروست دەکەن، نە لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی و، نە لەسەر بڕاوت و هەڵوێستی و، نە لەسەر ورەبەرزی و گەشبینیی و متمانەی بە سەرفرازیی داهاتووە کە خوای گەورە بۆ پیاوچاکانی خۆی مسۆگەر دەکات.

گەشتی بانگەوازی خواویستی دوور و سەختە و کۆڵی بەرپرسێتییەکەشی قورسە، ڕێگاش پڕە لە مەترسی و دژواری، پڕە لە بەربەست و ڕێچکەی لاڕێبوون، دژواریی مەغروورربوون و بەخۆ سەرسامبوون، یان هەبوون و دەرکەوتن و دەسەڵات لە دژوارێتیی مەحرووومبوون و پەریدە و زیندان کەمتر نین. بە مانایاکی تر، دژوارییەکانی حاڵەتی هێمنی و خۆشی کەمتر نین لە دژوارییەکانی حاڵەتی بێهۆشی و ڕاوەدوونان و مەحرووومبوون، ئەوەی مایەی قوتاربوون و

پاراستن و نەفەوتانە هەر ئەو ﴿بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ﴾یەیە کە تەقواکاری و دینداریتی و بە خواوە پەیوەستبوونە، هەستی مەسئولیەتی دنیا و قیامەتە: ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ٢٢﴾ {لقمان: ٢٢}، چونکە حوکمی هەموو ڕەفتارێک بۆ لای خوای گەورە دەگەڕێتەوە و ئەو حوکمی قبوولبوون یان ڕەفزبوونی بەسەردا دەدات، هەر ئەویش پاداشت یان سزای لەسەر دیاری دەکات.

کەوابوو لە ئیماندارێتی و ژیرێتی و عەقڵ پێ شکانە کە موسڵمان هەر لە سەرەتاوە سەرڕاستانە تەسلیم بە خوای خاوەنی ببێت و ڕازی ببێت بە قەدەری خوای گەورە تا ڕێگاکە بە متمانەوە بگرێتە بەر، تا خواناسیەکەی بە بەرچاوڕوونییەوە تێدا بچەسپێت، تا هیدایەتە خواییەکە بە ڕاستی وەرگرێت و شایانی ئاڕاستەی خوایی بێت، ئەمە خۆی سەرفرازییە، چونکە هیدایەتدانی خواییە و هیدایەتی تریشی بەدوادا دێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ١٧﴾ {محمد: ١٧}، واتا: «ئەو کەسانەی ڕێنمایی خوای گەورەیان قبووڵ کردووە؛ خوای گەورە زیاتر هیدایەتی داون، ڕۆشنتر ڕێی خواناسیی پێ ناساندوون و سەرکەوتووی کردوون لە گرتنەبەر و بەردەوامبوونیان لەسەری، هەروەها تەقواکەی خۆیانی داونەتێ، ئەو پشکە تەقواییەی لە دنیادا شایانی بوون! ﴿وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ﴾».

موسڵمانی دیندار و سەرڕاست ڕەنجی خۆی دەدات و لەسەر بزاوت و هەڵوێستی دینەکەی خۆی سوورە، بەردەوامە و ناترسێت، بوێر و بێباکانە بەلاغی دینەکەی دەگەیەنێت و لە ناخی دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستیدا ئەوە چەسپاوە و جێگیرە کە هەرچی شتێکی لە کۆسپ و ناڕەحاتیی بێتە ڕێ، قەدەری خوای کارزان و کارجوان و میهرەبانە و بە تەئکید پێی ڕازییە، چونکە لە لوتفی خوای گەورە دڵنیا بووە، متمانەی بە توانا و زانین و دانایی خوای گەورە تەواوە و لە سەرخستنیشی بێ خەمە: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا﴾ {التوبة: ٥١}، واتا: «بڵێ هەتا هەتایە هەرگیز هیچ موسیبەتێکتان نایەتە ڕێ ئیللا ئەوە نەبێت کە خوای گەورە

له چارەی نووسیون، ئا ئەمە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی موسڵمانە. ئەمما کافر و دووڕوو و دەروون بەزیوەکـان، وێـڵ و سـەرگەردان و سەرلێشـێواوەکان کە غەیـری دیـاردە و ڕواڵەتـی دەرەکیـی ڕووداوەکـان نـابینن؛ هەوڵ دەدەن موسـڵمانان بـخەنە گومـانەوە لەو یەقـین و تەسـلیمبوونەیان بە قەدەری خـوای گەورە، بێگومـان ئەمـانیش دژواریـی خۆیانیـان هەیە و ئەگەری کاریگەریی چەواشەکاریانە لەو موسڵمانانە دەبێت کە ئەو حەقیقەتانەیـان لا نەبـووەتە بەڵگەنەویست، حەقیقەتی ژیان و مردن، حەقیقەتی قەدەری خوایی، حەقیقەتی هێـز و توانـا و دەسەڵاتی بێسنووری خوای گەورە. بۆیە پێویستە باوەڕمان بگاتە ئاستی یەقین (سا خوایە پێمان ببەخشە).

## بڕگەی هەشتەم: پارسەنگی دید و ڕێ

یەکێک لەو بنەما سەرەکییە عەقائیدیانەی لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی نەوەی یەکەمی ئەم ئوممەتەدا بوو بە حەقیقەتێکی بەڵگەنەویست و توند و تۆڵ لایان چەسپی، کە لە ناخیاندا بوو بە کۆتا لوتکەی بۆ خوا لێبڕان و، لە هەست و هۆشیاندا بوو بە کۆتا سیفەتی عەبدایەتی بۆ خوای گەورە و، لە ڕەفتاریاندا بوو بە کۆتا پلەی خۆ تەسلیمکردن بە خوای گەورە؛ ئەم ئایەتە بوو کە لە واقیعی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەتیاندا بێ موناقەشەکردن چەسپاندیان، کە دەفەرموویێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾ {الأحزاب: ٣٦}، واتا: «لە پیاوی موسڵمان و ئافرەتی موسڵمان ناوەشێتەوە خۆیان سەرپشک بکەن لە ڕاپەڕاندنی فەرمانێکدا کە خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەسەر دابێت، بۆشیان جائیز نییە جێبەجێی نەکەن، هەر کەسێکیش سەرپێچیی فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بە تەئکید لە گومڕاییەکی ئاشکرادا نوقم بووە».

کەوابوو کەس بۆی نییە خۆ سەرپشک بکات لە جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە و بڕیاری پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خۆ سەرپشککردن واتا بۆ خۆ گونجاندن و شیاوکردنی پێچەوانەکاری، ئەمەش سەرپێچییە کە بەپێی دەقی ئایەتەکە ڕێ بزربوونە، گومڕاییەکی ئاشکرایە، با کابرا بۆ خۆی هەر لاف و گەزافی دینداریتی لێ بدات.

ئەمە بنەمایەکی سەرەکیی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئوممەتە عەقائیدییەکەی یەکەم بوو، کە پوختەکەی ئەوەیە کە موسڵمان -پیاو و ژنیان- هیچیان بۆ خۆیان بەدەست نییە و خاوەنی هیچ شتێکی خۆشیان نین و بزاوت و هەڵوێستیشیان دەبێت بەپێی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بێت، چونکە خۆیان و هەرچی هەیانە و هەرچی

لەبەردەستیاندایە هی خوای گەورەیە و مافی ڕەوای ئەوە بەو شێوەیە ڕەفتاری تێدا بکات کە خۆی دەیزانێت و ئەوەشیان بۆ هەڵبژێرێت کە ئەو دەیەوێت. ئەمان بەشێکی ئەم (وجوود)ە بەرفراوانەن کە بەپێی فەرمانی خوای گەورە دێن و دەچن، خوای کردگاری هەموویان ئاڕاستەیان دەکات کە دەبێت چۆن و کەی و لە کوێدا بزاوت و سرەوت بنوێنن، بۆیە واشی بۆ موسڵمانان ویستووە کە بەو شێوەیە ببزوێن کە فەرمانیان پێ دەکات، بۆ ئەوەی بزاوت و سرەوت و هەڵوێستیان لەگەڵ بزاوتی موفرەداتەکاتی تری (وجوود)دا بێتەوە، تا لەسەر ڕێسای بەرنامەیەک بڕۆن وەکوو ڕێسا و بەرنامەی گەردوونیان بێت. خوای کردگار و چاودێر و سەرپەرشتیاری هەموان بە مرۆڤایەتیش دەفەرمووێت ئاوا ببزوێن تا لەگەڵ بزاوتی نیشتەجێیانی گەردووندا بسازێن و پێک نەکێشرێن، لەبەر ئەمەیە کە خوای گەورە ڕێ بە مرۆڤ نادات خۆی ڕێباز و بەرنامە و بزاوت و هەڵوێست و خەبات و ئامانج دیاری بکات، چونکە هەرچییەک دیاری بکات و هەر چۆنێک بێت، حەتمەن لەگەڵ یاسا و ڕێسای گەردووندا یەک ناگرێتەوە و حەتمەن پێک دەکێشرێن، چونکە مرۆڤ نەزان و کورتبین و ئەنانییە. مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەبێت بەپێی (سیناریۆ)یەک بزاوت و هەڵوێست (بنوێنن) کە خوای گەورە بۆ هەموو (ئەکتەرە)کانی دیاری کردووە، چونکە هەر خوای گەورەش (شانۆ)کەی ساز کردووە، بەرنامەکە ئەو دایڕشتووە، مرۆڤایەتی خۆبەسەر ناتوانن لە (سیناریۆ)کە زیاد بکەن یان لێی کەم بکەن، بە بەهانەی ئەوەی گوایە شارەزان! ئەوە پاڵانتەی خۆیانە. ئەوان چوزانن بزاوتی ئەکتەرەکانی تر چییە و چۆنە، خۆ ئەوان نە شانۆکەیان دامەزراندووە و نە ئەکتەری تریان خولقاندووە و نە ئەسڵی (ڕۆمان)ەکەشیان نووسیوە. (دەرهێنەر)یش نین، ئیتر چۆن هەر وا لە گۆترە و بە هەوانتە و خۆبەسەر (ڕۆڵ)ی خۆیان هەڵدەبژێرن و (سیناریۆ)ی خاوەن بەرنامەکە ڕەفز دەکەنەوە یان دەیگۆڕن، یان بۆی ئیزافە دەکەن، یان لێی لا دەدەن؟! ئەمان بەکرێگیراون تا ئەو ڕۆڵە بنوێنن کە پێیان دراوە، پاداشتی خۆیان لەسەر ئەم ئەرکەیان وەردەگرن. ئەوان حەقی

سەرکەوتنی (شانۆگەری)یەکەیان نییە، داوای ئەنجام لەوان نەکراوە. هەموو ئەوەی داوایان لێ کراوە ئەو ئەرکە (ئەو ڕۆڵە)یە کە پێیان سپێردراوە و بەس، ئەگەر گوێڕایەڵ بوون و بە ڕۆڵی خۆیانەوە پابەند بوون و بێ زیاد و کەم نواندیان، ئەوە نیشانەی موسڵمانێتی و ڕاستیی خۆ تەسلیمکردنیانە بە خوای خاوەنی گەردوون و بەرنامەی مرۆڤ. ئەگەر هەموو دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستێکیان بە پێی بەرنامەی خوای گەورە ئەنجامدا و هیچ پشکێکی نەفسی خۆیان نەخستە سەری، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دڵیان پاک کردووەتەوە و دەروونیان پاڵفتە کردووە و بزاوت و هەڵوێستیان بەپێی بەرنامەی خوایە. کەوابوو ئەو ڕۆڵەی کە پێیان سپێردراوە سەرڕاستانە دیویانە و نواندوویانە، ڕەفتارێکە لەگەڵ ڕێساکانی گەردوون و ژیاندا یەک دەگرێتەوە و هەر هەموویان عەبدایەتییەکە بۆ خوای کردگاریان دەنوێنن و خوای گەورەش لە بزاوت و هەڵوێستیان ڕازییە، چونکە وەکوو بزاوتی ئەستێرەکانە کە هەر یەکەیان لەسەر مەودا و خولگەی خۆی بەپێی بەرنامە و ڕێسای ئاڕاستەی خوای گەورە دەبزوێن، چۆن ئەو ئەستێرانە خولگە و هەڵسوڕانیان بۆ دیاریکراوە و پابەندن پێوەیەوە، نە دەچنە سەر خولگەیەکی تر، نە خولگەی خۆیان دەگۆڕن، نە خێرایی و قەبارە و هەڵسوڕانیان دەگۆڕن، دەبێت مرۆڤایەتیش وا ببزوێت، دەبێت لەسەر ئەو ڕێباز و بەرنامە بێت کە خوای گەورە بۆی داڕشتووە، دەبێت چۆنیەتیی بزاوت و هەڵوێستی بە گوێرەی ئەحکامی ئەو شەریعەتە بێت کە بۆی ناردووە، ناشێت خۆی بەرنامەی بزاوت و هەڵوێستی خۆی دیاری بکات، دەنا لەگەڵ بزاوتی گەردووندا یەک ناگرێتەوە، پەڕیدە و نامۆ و خۆبەسەر دەبزوێت، ئەویش کارێک نییە خوای گەورە قبووڵی بێت.

کاتێ موسڵمان -پیاو و ئافرەتیان- لە ناخدا بۆ خوا دەسوڵحێن و حەقیقەتە عەقائیدییەکانیان لا دەبێتە بەڵگەنەویست و، بزاوت و هەڵوێستیان بەپێی بەرنامە و فەرمانی خوای گەورە ڕێک دەخەن، کاتێک بەتەواوی تەسلیم بە خوای گەورە دەبن و لە هەست و هۆشیاندا بەوە ڕازی

دەبن کە قەدەری خوای گەورە بۆیان دەهێنێتە پێش و لەوە دڵنیا دەبن کە قەدەری خوای گەورە هەڵسوڕێنەری هەموو شتێکە، هەموو ڕووداوێک بەپێی قەدەری خوای گەورەیە و هەموو حاڵەتێک بە زانیاریی ئەو و ئاگایی و ڕازیبوونی ئەو دروست بووە، کاتێک موسڵمان -پیاو و ئافرەتیان- ئاوا قەدەری خوای گەورە وەردەگرن و بیر و هۆشێکی قوڵ و متمانەیەکی تەواو و هێمنی و سرەوتێکی کامەرانانەوە ڕەفتار لەگەڵ قەدەری خوا دەکەن و بەردەوام هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ قەدەردا دەبزوون، تا وایان لێ دێت هیچ شتێکیان لا موفاجەئە (ناکاو و لەپڕ) نامێنێت، کە تووشی کارەساتێک دێن یەکسەر عەقڵیان پێ دەشکێت کە ئەمە ڕووداوێکی ناکاو (تەسادوف) نییە! ئەمە قەدەری خوای گەورەیە، واتا پێشتر بڕیاری لەسەر داوە، بڕیاریشی لەسەر زانست و ویست و توانا و دادپەروەرێتی دامەزراوە، هەموو قەدەر لە سیفەتی خوایەتییەکەیەوە هاتووە. ئاوا ئەم موسڵمانە دیندار و سەرڕاستانە -پیاو و ئافرەتیان- ئارامگرانە بەڵاکە وەردەگرن، بە متمانەیان بە قەدەری خوای گەورەوە شان دەدەنە بەر موسیبەتەکان، بە سەبرگرتن خۆ پارسەنگ ڕادەگرن، سەلوای ئازار و ژان و ئێشیان ڕازیبوونیانە بە قەدەری خوا و ئومێدیانە بە ڕەزامەندی و پاداشتی، ئاوا خواناسانە پێشوازی لە قەدەری خوا دەکەن، خواناسانەش واتا پارسەنگ و چاوەڕوان و ئامادەی وەرگرتن، هێدی و ئارام و هێمن، چونکە پێشوازیی ڕووداوێک دەکەن کە لایان ئاسایی بووە، لە ویژدانیاندا بووە، نەک ئەگەر، بەڵکوو تەئکیدیان لە توشبوونی هەبووە، لایان ناکاو نییە، شتێکی لەپڕ نییە، نامۆ نییە و سەیریش نییە، بەڵکوو سروشتییە و بەپێی یاسا و ڕێسای قەدەری خوای کارزان و کارجوانە.

ئا ئەم دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستە، ئا ئەم قەناعەت و هۆش و هەستە، ئەم ڕەفتارە واقیعییە بەرجەستە وا لەو موسڵمانە سەرڕاستانە دەکات کە پەلە لە کارەکانیاندا نەکەن، حەزیشیان لە سەرکەوتنی دینەکە بێت. پەلەی لێ ناکەن، چونکە دەزانن حەز و ترسی ئەوان کاریگەری لەسەر سەرکەوتنەکە نییە، سەرکەوتن قەدەری خوای گەورەیە. ئاوا هێدیانە،

پارسـەنگانە، پشـوو درێـژانە بـانگەوازی خواویسـتی دەگەیەنـن و، دەزانـن ڕۆڵـی خۆیـان ڕەفتـارکردنی شـەرعیانە و نوانـدنی ڕۆڵـی خۆیـانە لەسـەر شـانۆی ژیـان بەپێـی (سـیناریۆ) دیاریکراوەکە. کە ئاوا بەپێی قەدەری خوای گەورە دەڕۆن و قۆناغەکـان دەبـڕن تـا دەگەنە ئەو شوێن و کاتەی ڕێگاکە تەواو دەبێت (سـەرکەوتن و دەسـەڵات بەدەسـتهێنانەکە)، یـان ئەمـان تەواو دەبـن (شـەهیدبوونەکەیان)، لە هەمـوو حاڵەتەکانیشـدا هـێمن و ئاسـوودە و ڕازیـن، ویژدانیان پارسەنگ و حەواوەیە، ئاوا لەم ڕێگەی بانگەواز و حاکمێتییەی خوای گەورەدا ڕەنج دەدەن، ماڵ و سامان و گیان بەخت دەکەن، پشوودرێژن و پەلەیان نییە، نە منەت بەسەر کەسدا دەکەن و نە لووتبەرزی، نە مەغروور دەبن و نە موستەکبیر، نە پەشیمان دەبـنەوە و نە گلەیـی و گازندەیان دەبێت، ئەمە تەسلیمبوونی تەواوە بە خوای گەورە، خۆ دانە دەستی ئەو دەسـتەیە کە بەرەو سـەرفرازیان دەبـات، خـۆ دانە دەسـت ئەو چاوسـاغەیە کە بە ڕێـی ڕاسـت و تەواو مۆسۆگەردا دەیانگەیەنێتە یەکێک لە مەنزڵەکان (سەرکەوتن یان شـەهیدی)، خـۆ دانە دەسـت ئەو سەرپەرشتیارە زانا و لێزان و کارزانەیە کە بزاوت و هەڵوێستی حەقیـان پـێ دەگـرێتە بەر، خۆیان تەسلیم کردووە و متمانەی تەواویان پێیەتی، خۆیانی تەسلیم کـردووە و چـونکە دەزانـن دانایانە و شارەزایانە و دڵسۆزانە ئاڕاستەیان دەکات، بۆیە تەواو هەست بە ئەمـان و دڵنیـایی و ئاسوودەیی دەکەن لە کەناریدا، متمانە و یەقینیان بە ڕێنیشادەرێتی و ڕێبەرێتییەکەی هەیە، بـۆیە ئاوا ئاسان و سووک و لەبار لەگەڵ ئاڕاستەکانیدا دەڕۆن، چونکە لە ترۆپکی ئەمـان و باوەشـی پڕ سۆزی ئەمین دان. لەگەڵ ئەم خۆ تەسلیمکردنەشیاندا، بەردەوام کـاری بەشـەریی خۆشـیان دەکەن، ئەوی توانایان بەسەریدا دەشکێت دەیکەن (ئەوی هۆکارە دەیگرنە بەر، ئەوی بـواری ئیجتیهادە ئەمین و شارەزایانە دەکەونە ناوی)، هەرچی لە توانایاندا هەبێت سـەرفی دەکەن، نە کـات بە فیـڕۆ دەدەن و نە سـامان، نە هەل لەدەسـت دەدەن و نە هۆکـار، بە قەدەر توانـای سروشتی خۆیان دەبزوون، نە زۆر لە خۆیان دەکەن و نە زیاتر لە توانای خۆیـان دەخەنە سـەر

شان، هەریەکەشیان -بێگومان- تواناى خۆى هەیە، هەموو لە بـازنەى بەشـەرێتى خۆیـان دایە، هەوڵ نـادەن لەو بـازنەیە دەرچـن، نە بە کەمتەرخەمـى و نە بە توونـدڕەوى و سـنووربەزاندن، ئەوەى پێیان دەکرێت -لە کاتى لاوازى و بێهێزیدا، لە کاتى سستى و ماندوویيدا، یان لە کـاتى چووست و چالاکیدا- ئەنجامى دەدەن، ئەوەى لە توانایاندا نەبێت لاف و گەزافى هەبوونى لێ نادەن، ئەوەى نەیان کردبێت پاڵانتەى ئەنجامدانى لـێ نـادەن، نـاڵێن وزەمـان زۆرتـرە دوایـش نەبێت، ناڵێن ئێمە وامان کردووە تا مەدح بکرێن و واشیان نەکردبێت وەکوو کافران کە دەیڵـێن و حەز دەکەن مەدح و وەسـف بکـرێن پێـى: ﴿وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُواْ بِمَا لَمْ يَفْعَلُواْ﴾ {آل عمران: ١٨٨}. ئەمانە لەو شانازییە چەواشەکارییە دوورن، شتێکیش نـاڵێن کە خۆیـان نەیانکردبێـت، چـونکە دەزانن ئەوە ڕقى خواى گەورە هەڵدەستێنێت: ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ ٣﴾ {الصف: ٣}.

ئا ئەم پارسەنگییە گرنگ و کاریگەرە یەکـێکە لە سـیما و سـیفاتى ئەو نـوخبەیەى یەکەمـى ئوممەتى موسڵمان کە لە نەوەى یاوەراندا دەرکەوت، پارسەنگى نێوان تاى تەسـلیمبوونى تەواو بە خواى گەورە و ڕازیبوون بە قەدەرى کاریگەرى لە لایەک و، لە تاى بەرامبەریشدا هەوڵدان و ڕەنجدانە بە هەموو تواناوە، کارکردنە بەپێى هۆکارە ڕەخساوەکانى بەردەست، ئامادەسازى بە هەموو ئەو توانا ماددیانەوە کە لەبەردەست دان، پارسـەنگى نێـوان ڕازیبـوون و متمانەکـردن بە قەدەرى خـواى گەورە و ڕەنجـى کۆمەڵکـارانەى دەسـتەجەمعى لە بـانگەواز و بـزاوت و جیهادیاندا. ئەم سیما و سیفەتە جەوهەریە بوو شیاوى ئەوەى کردن پەیامى خـوایى هەڵگـرن و ئەو تەوحیدە گشتگیرە بگەیەننە گەلانى سەرزەمین، ئەم ئیمان و تەوحید و بانگەوازەى چیاکـان نەیانوێرا خۆ بدەنە بەر مەسئولییەتى. ئـا ئەم پارسـەنگییەى دیـد و ڕێ بـوو کە بـوو بەو بنەمـا سەرەکییەى کەسایەتیى تاک و کۆى یاوەرانى لەسەر بونیاد بنرێت. لە ناخدا ئاوا کاریگەر و لە بـزاوت و هەڵوێسـتى دەرەوەشـدا ئـاوا کـاریگەر، لە هەردوو بوواریانـدا مـوعجیزە ئاسا! بەم

پەروەردە ڕەسەنە بوو ئەو یاوەرانە ئاوا شیاو دەرچوون کە لەو ماوە کەمەی ژیانی خۆیانـدا ئەو تاک و کۆمەڵگا و دەوڵەتە بەشەریە موعجیزە ئاسا دامەزرێنن و ئەو ئەنجامە سەرسوڕهێنەرەش کە لە جیهانی جیهاد و گەیانـدنی پەیـام و ئـازادکردنی گەلانـدا نیشـانی مرۆڤـایەتی بـدەن کە موعجیزە ئاسایەکی ترە! ئەوە ئەو پارسەنگەی دیـد و ڕێ بـوو (کە پارسـەنگی تەسـلیمبوون بە قەدەری خوا و کارکردن بە هەموو توانـاوە دروسـتی کردبـوو) کە بـوو بەو بنەمـا کـاریگەرەی بزاوت و هەڵوێستی تاک و کۆی ئیماندارییی؛ بە شێوەیەک کە لە هەموو چۆنیەتییەکانیدا لەگەڵ بزاوتی موفرەداتەکانی گەردووندا سازا و هەماهەنگانە -وەکوو هەموو جیهانیەکـانی گەردوون- عەبدایەتیان بۆ خوای کردگار و دەسەڵاتداری ڕەها نواند، بێ ئەوەی خولگەی خۆیان بگـۆڕن، بێ ئەوەی سست ببن یان بووەستن، چ جای ئەوەی پێچەوانەی بزاوتـی گەردوون ببـنەوە یـان جارێک پێک بکێشرێن. ئاوا بەو بنەما عەقائیدییەوە کە پارسەنگی دید و ڕەفتاری تێدا دروست کردن؛ ڕەفتاریان نواند، بۆیە لەو ماوە کەمەدا ئەو هەموو ئەنجامە نائاساییەیان هێنایە دی کە لە هەموو لایەکەوە وەکوو موعجیزەیە. ئا ئەو کاریگەریی قەدەرە، ئاوا خەڵکی پەروەردە دەکـات، ئاسـوودە لە نـاخ و ڕەنجـدەری بـێ وچـانی دەوێ، بـزوێنەری تـاک و هەڵسـوڕێنەری کـۆ، ڕێنیشـاندەری بــزاوت و هەڵوێســت و سرەوتــی وا کە لەگەڵ بزاوتــی هەمــوو گەردوونــدا یەکیدەگرتەوە. ئاوا ئەو نوخبە گۆشکراوەی وەحیی خوایی خۆیان وا ناسی کە ئەداتی قەدەری خوان و وەکوو هەموو مەخلووقاتی تری گەردوون بە خوا و بۆ خوا دەبزوێن و، ئەوە دەهێنێنـە دی کە قەدەری خوای گەورە پێشتر نەخشەی بۆ داڕشتووە و بڕیاری لەسەر داوە.

هیچ ڕەنج و هەوڵێکی تاک و کـۆ بەرهەمـی تەواوی خـۆی ناخـاتە بەردەسـت هەتـا دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی یەک یەکی تاکەکـانی ئـوممەتێکی عەقائیـدی ئەم دینە ئاوا بۆ خوا نەسوڵحابن، ئاوا تەسلیم بە خوا نەبووبن، ئاوا شیاوی ئەوە نەبووبن کە بووبێتە ئەداتی قەدەری خوای گەورە. کاتێک ئاوا شـیاو دەبـن بـزاوت و هەڵوێسـتیان لەگەڵ بزاوتـی

گەردووندا یەک دەگرێتەوە و هەموویان لە خولگەکانی (وجوود)دا دەبزوێن، ئاوا دڵ و دەروون -کە بۆ خوا دەسوڵحێت و تەسلیم بە خوای گەورە دەبێت- بە نووری خوا ئاوەدان دەبێت، ئاوا هزر و هۆش پارسەنگ دەبێت و ئاوا ویژدان هێمن دەبێت. کەسایەتی ئیمانداریش کە لەم سێ بووارەیدا (دڵ و هزر و ویژدان) پارسەنگ بوو؛ تاکەکە شیاوی هەڵگرتنی بانگەوازە خواویستییەکە دەبێت کە ئوممەتێکی عەقائیدی بۆ خوا شیاو کۆمەڵکارانە بە خەڵکی دەگەیەنن، ئاوا تاک و کۆی ئەم ئوممەتە دەبنە ئەداتی قەدەری خوا و ئەوەیان پێ دەهێنێتە دی کە مەبەستی بووە لە هیدایەتدانیان، ئەمە ئەنجامی ئاڕاستەی خوای گەورەیە. وەکوو ئایەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾ {الأحـــــزاب: ٣٦}. ئەمەش بنەمایەکی سەرەکیی مەنهەجی ئیسلامە.

## بڕگەی نۆیەم: نموونەی بزاوت و هەڵوێستی خواویستی

کاتێک باوەڕ لە دڵ و دەروون و هزر و هۆشدا بەتەواوی جێگیر دەبێت؛ دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو بڕیار و گوفتار و کردارێکی ئیماندارەکەدا دەبێت، بۆیە بێباکانە حەق ڕادەگەیەنێت و زۆر بوێرانە و ڕاشکاو بەرامبەر باتڵ دەوەستێتەوە و بە جورئەتەوە بانگەوازی خواویستی لە ڕوودا ڕادەگەیەنێت، بێ منجەمنج، بێ دەم تەتەڵەکردن، بێ شاردنەوە لێی. باتڵ هەرچەند بە هەموو هێز و دەسەڵاتێکیەوە تووڕە و مۆن و چاوسوورانە ڕاوەستابێت و، جەللاد و حاشییە و شمشێروەشێنانی ئامادەی سەربڕین بن؛ بەڵام ئیماندار هەر چاونەترسانە و بە جورئەت و پابەند بە دینی خواوە حەقەکە ڕوون دەکاتەوە، بەو شێوەیەش کە خودی باتڵ سوورە لەسەر نەوتنی! ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کە سیحربازەکانی فیرعەون دوای باوەڕهێنانیان بە پەیامی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) نواندیان. لەکاتێکدا جەژنە و خەڵکی کۆبوونەتەوە، فیرعەون بە خۆی و دەست و پێوەندیەوە لە (مەدرەج)ەکانەوە سەیری مەیدانەکە دەکەن و سیحربازەکان پێش کەمێک لەمەوپێش (ولاء)یان بۆ فیرعەون دەردەبڕی و سوێندیان بە سەری دەخوارد، کەچی ئەوەتا وا باوەڕیان بە خوای گەورە هێنا و بە جورئەتیشەوە هاواریان کرد: ﴿إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا﴾ {طه: ٧٣}.

تاغووتیش بووەتە گڕکانی تووڕەیی و بوغز و قین و ئەو هەڕەشە پڕ مەترسییەی لە دەم دێتە دەرێ کە لالغاوەی پڕ بووە لە کەف و، چاوە سوورەکانی ئاگر دەپڕژێنن: ﴿فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ١٢٣ لَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمۡ أَجۡمَعِينَ ١٢٤﴾ {الأعراف: ١٢٣ – ١٢٤}، واتا: «دوایی بۆتان دەردەکەوێت، دواتر دەزانن چیتان لێ بەسەر دێت؟! سوێند بێت دەست و پێتان بە پێچەوانەوە دەقرتێنم: دەستی ڕاست و پێی چەپ، دەستی چەپ و پێی ڕاست، تا ببن بە عیبرەت بۆ خەڵکی تر! پاشان هەر هەمووتان لە سێدارە دەدەم!». هەڕەشەی جیددیی

دەسەڵاتداری ستەمکار و دڕندەیە، دەیکات و لە دەستی دێت، سزادان، ئەشکەنجە، شێواندنی جەستە، پاشان کوشتن و هەڵواسین و مانەوەی جەستە مردووەکەش بە سێدارەوە، ئەمانە ئامرازەکانی دەستی تاغووتن بۆ ڕاگرتنی بانگەوازی حەق، کە ناتوانن بە موناقەشە و بەڵگەسازی بیوەستێنن. ئەمە هەڵوێستی هەموو تاغووتێک بووە لە بانگەوازی خواویستیدا، بەڵام دڵ و هزر و ویژدانی مرۆڤ کاتێک ئەم (ئیمان)ـە ڕۆشن و ڕاشکاوە لەخۆ دەگرێت و قەناعەتی پێ دەکات؛ زۆر گەورەتر دەردەچێت لە دەسەڵاتی تاغووتان و زۆر ئازاتر دەبێت لە جەللادانی، تەنانەت هەموو هێزی سەرزەمینی لێ کۆ ببێتەوە ئامادەیە بە جەستەیەکی لاوازی کۆت و زنجیرکراو و بەدەنێکی خوێناویی ژێر ئەشکەنجە و قەهر و ئازارەوە ڕووبەڕووی هەموویان ببێتەوە و بڵێ بە هەمووتان دەرەقەتی ئیرادەی خواویستانەی من نایەن و من لە هەمووتان ئازاتر و بەجورئەتترم! کاتێک ئەم عەقیدەی تەوحیدە بە حەقیقەتەکانیەوە لە ناخی کەسێکدا دەبێتە بەڵگەنەویست و لە ڕووانگەی وەحیی خواییەوە دنیا دەبینێت؛ ئاوا گاڵتەی بە هێزی تاغووتان دێت و بە هەموو شێوازێک دەیسەلمێنێت کە عەقیدەکەی لە ژیانی گەورەتر و گرنگتر و کاریگەرترە، چونکە ئەم دنیا فانییەی زۆر لا سووک و سەلیم و بێ نرخ دەبێت لە بەرامبەر ژیانی نەبڕاوە و کەناری خوای خاوەنی کە بە نەمری لەوێ دەمێنێتەوە، ئەمە لە کوێ و ژیانی دنیا لە کوێ؟! کاتێک ئەم ئیمان و یەقینە لە دڵدا دەچەسپێت و تاغووتان بەرامبەری دەوەستنەوە؛ خاوەن ئەم ئیمانە لەوە ناپرسێت زیانی چی لێ دەکەوێت، لەوە ناپرسێت چۆن ژیان لەدەست دەدات، سڵ لەوە ناکاتەوە کە لە هەموو مافێک مەحرووم دەبێت و دەکەوێتە ژێر جۆرەها تین و تەوژم و فشار، جۆرەها ئەشکەنجە و سزا و ئازار، باکی بە هیچیان نییە، چونکە جەستەی لەسەر زەمینە، بەڵام چاوی لە ئاسۆ بڕیوە، ئاسۆیەکی نەمری کە ئەهلی جاهیلییەت نایبینن. بۆیە ناپرسێت چۆن و چی لێ دەکەن، قازانج و زیانی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستەکەی لە دنیادا چییە؟! چونکە هیچ شتێکی بە لاوە گرنگ و بەنرخ نەماوە وەک ئیمان

و ئاسۆ ڕۆشنەکەی نەمریی کە چاوی لێ ناتروکێنێت و لێی غافڵ نابێت و بە هەموو دنیای ناگۆڕێتەوە: ﴿قَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ۝١٢٥ وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا لَمَّا جَآءَتۡنَاۚ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَتَوَفَّنَا مُسۡلِمِينَ ۝١٢٦﴾ {الأعراف: ١٢٥ – ١٢٦}، واتا: «وتیان: جا خۆ ئێمە هەر دەمرین[1] ئیدی با بە دەستی تۆ بێت، خۆ ئێمە هەر بەرەو خوای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە، هەموو ئەوەی تۆ بە تاوانت لەسەر حساب کردووین ئەوەیە کە باوەڕمان بە خوای خۆمان هێناوە، باوەڕمان بەو بەڵگە و نیشانانە هێناوە کە خوای پەروەردگار ناردوویەتی و پێیان گەیشتوون، خوایە گیان بە لوتفی خۆت سەبر و ئارامیمان بەسەردا بیرژێنە و لەخۆتمان بگرە، خوایە موسڵمانانە بمانمرێنە». ئەمە ئەو ئیمانەیە کە نە دادەچڵەکێت و نە دەکەوێتە لەرزە و لەرە، ئەمە ئەو ئیمانەیە کە نە سەر شۆڕ دەکات و نە چاوی دەترسێت، ئەمە ئەو ئیمانەیە کە خاوەنەکەی ئەوەندە متمانەی بە خوای پەروەردگارە، ئەوەندە لێی ڕازییە هەرچییەکی بێنێتە ڕێ هەر دەڵێت: ئۆخەی خوایە سوپاس بۆ تۆ، چونکە لە چارەنووسەکە دڵنیایە کە گەڕانەوەی بۆ لای خوای خۆشەویستی خۆیەتی، اللّٰه! گەڕانەوە لای کەناری خوا، گەیشتنە هەوارگەی حەوانەوە و هێمنی و ئەمانی بێسنوور. ئەو کەسە سروشتی ململانێی نێوان خۆی و تاغووتان پەی پێ دەبات کە درکی بەوە کردووە کە ئەمە شەڕی عەقیدەکەیە، مساوەمە ناکات، تەنازول ناکات، خۆشی لاشەڕ ناکات. چاوەڕوانی لێبوردنی گشتیی سەرانی تاغووت نییە؛ کە کاتێک شەڕخوازی و دەستدرێژیی بەرامبەر دەوەستێنن کە عەقیدەکەی وەلا بنێت، کە ململانێکە نەکات بە ململانێی کوفر و ئیمان (هەر وای بناسێنێت کە جیاوازیی ڕاوبۆچوونە!). بەڵام ئەم ئیماندارە پاکە سەرڕاستە، ئەم هێمن و ئاسوودە و پشوودرێژە، ئەم بوێر و ئازا و دلێرە کە بانگەوازی خواویستیی هەڵگرتووە و باکی بە هیچ کەند و کۆسپ و دژوارییەک نییە، دەزانێت کە شەڕی سەرەتا و کۆتایان هەر لەسەر عەقیدەکەیە: ﴿وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا

---

(١)کورد دەڵێت: (جا خۆ ئێمە مردنێک هەر قەرزارین).

﴿لَمَّا جَآءَتۡنَا﴾ {الأعراف: ١٢٦}. (بەدڵنیاییشەوە ئەم ئیمانهێنانە هەر ئەوەندە نییە کە باوەڕێکی (مەعریفی) لە دڵدا چەسپیبێت و قەناعەتی بەوە کردبێت کە خوا هەیە، وەکوو هەندێک گێل و ساویلکە و چەواشەکراو حاڵی بوون؛ بەڵکوو مەبەست لە وازهێنانێتی لە حاکمێتیی خوای گەورە و ئیعتیبارکردنی دینەکەی بە ڕێباز و بەرنامەی بزاوت و هەڵوێستی خەبات و دەستوور و سیستمی ئیدارەی دەوڵەت و ئاراستەی کۆمەڵگا کە لایەنی تەوحیدی حاکمێتییەکەیە، کە یەکێکە لە سێ جۆرە تەوحیدەکەی پەروەردگارێتی و خوایەتی و حاکمێتی).

ئەو ئیمانداراەی دید و ڕێی خواویستیی ناسیوە و بە بزاوت و هەڵوێستی دینەکەوە پابەند بووە، زۆر چاک دەزانێت ئەم ململانێی نێوان خۆی و جاهیلییەت ڕووی لە کوێیە؟ دەشزانێت کە دەبێت خۆشی ڕووی لە کێ و کوێ بێت و بۆچی؟! بۆیە داوا لە بەرامبەرەکەی ناکات لە ئەماندا بیژێنێت و لە سایەی ئاشتی خۆیدا بەخێوی بکات! بەڵکوو دەزانێت کە دید و ڕێی خواویستی خۆی حەقە و ململانێکەی فەرزە و ناسۆر و کارەساتی ڕێگاشی حەتمییە، بۆیە داوا لە خوای پەرەوەردگاری خۆی دەکات سەبری پێ ببەخشێت، داوای لێ دەکات سەرڕاستانە ڕایگرێت و سەربەرزانە بیمرێنێت تا بەو بەیعەتەیەوە پابەند بێت کە بە خوای خۆی داوە.

تاغووت بەرامبەر ئەم باوەڕە چەسپاوە چی پێ دەکرێت؟ بەرامبەر ئەم متمانە بەخوابوون و هێمنی و ئاسوودەییەی دڵ و دەروون و، ئەو قەناعەتەی هزر و هۆش و ویژدان و هەست چی پێ دەکرێت؟ هیچ، تاغووت و جەللاد و ملهوڕانی هەموو دەبنە شاڵاوی ڕق و قین، دەبنە پەلاماری دڕندانەی بێ بەها، هەرچی لە دەستیان دێت دەیکەن، بەڵام دەسەوسان و مات و مەلوول لە بەرامبەر ئەم ئیمانە دامەزراوەدا دەوەستن، دۆش دادەمێنن، چونکە گەلۆر بوون، وایان دەزانی هەر وەکوو کە گەردن و جەستەی ئیمانداریان لەبن دەستە، ئیمان و ویست و ئیرادەشیانینان بە دەستە، بەڵام زوو دەرکەوت کە وا نییە، زوو بۆیان سەلما کە ئەم دڵەی بە خواوە پەیوەستە زۆر زەحمەتە دەستەمۆ بکرێت، هەر وەکوو کە زۆر ئەستەمە لەژێر باری

ئەشکەنجە و ناسۆردا بچەمێتەوە. ئەم ئیمانە لە هەموو تاغووتێک یاخییە، لە کەناری غەیری خوادا نییە، بۆیە بە خوای گەورە بەهێزە و متمانەی بێسنووری بە خوای خۆیەتی، یەقینی بە سەرپەرشتیارێتی و چاودێریی خوای گەورە هەیە بۆی، بۆ خۆی و هاوبیرانی بانگەوازەکەی. ئەم دڵەی بەو شێوە بەهێزە لە دەست تاغووت عاسی بووە و لە کەناری خوادا جێگیر بووە، تاغووت دەتوانێت چی لێ بکات؟ دەسەڵاتداری بەشەری نەفام و یاخی و باغی چۆن دەرەقەتی ئیمانێک دێت کە بە قووڵایی هەست و هۆشی ئینتیمای خواویستدا چووە؟ ئەمە بزاوتی ئیمانداری عەقائیدییە، ئەمە سەرکەوتنی عەقیدەیە بەسەر ژیاندا، بەسەر کوفر و شیرک و جاهیلییەت و توغیاندا، ئەمە سەرکەوتنی ویست و ئیرادەیە بەسەر ژیان و ناسۆر و ئازاردا، ئەمە سەرکەوتنی نەوەی ئادەمە (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ) بەسەر شەیتان و شەیتانیزمەکانیدا. هەڵوێستی ئیمانداریی ئاوا، وەکوو هەڵوێستی عەقائیدیی سیحربازەکانی فیرعەون کە بوونە شوێنکەوتووی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ)؛ هەڵوێستێکی مێژووییە، هەڵوێستێکی جیاکردنەوەی دووڕیان و گرتنەبەری ڕێگای بەرەو خوا چوونە، بۆیە ئیرادەیەکی تایبەتی و ئازایەتییەکی تایبەت و ڕاگەیاندنێکی تایبەت دەخوازێت کە بە هەموو کەسێک ناکرێت، تەنها بەو کەسانە دەکرێت کە ئیمانیان بەو شێوە پتەو و قایم و ڕۆشنە لا جێگیر بووە. هەڵوێستی ئەو ئیمانداره جوامێرانەی کەمێک لەوەوپێش سیحربازی کافر بوون، ڕاگەیاندنی قۆناغێکی ژیانی بزاوت و هەڵوێستی دین و ململانێکەی وەحیی خوایی بوو بەرامبەر تاغووتان و ملهوڕان، لەدایکبوونی سەربەستیی حەقیقی بوو. سەربەستی چییە؟ مەگەر زاڵبوونی عەقیدە و بیروباوەڕ و ئیرادە نییە بەسەر دەسەڵاتی جەللاد و ملهوڕ و ستەمکاراندا؟ مەگەر چاونەترسی و بوێری و خۆڕاگری نییە بەرامبەر شمشێری جەللاد و هێزی ماددیی تاغووتان کە بە هۆیەوە جەستە دەخەنە ژێر ئەشکەنجە و کۆت دەکەن گەردن و زنجیر دەکەنە پێ؟! بەڵێ، سەرکەوتن ئا ئەو هەڵوێستە عەقائیدییەیە کە هەموو هێزی ماددی لە بەرامبەریدا مات و مەلوول و دەسەوسان چۆک

دادەدات، هەرچەندە بە زاهیری ئەو دەسەڵاتدارە و ئیماندارە کە ئەگەر گیانیشی دەرنەچووبێت؛ لە گیانەڵادایە! سەربەستی و سەرکەوتن و سەرفرازی ئا ئەوەیە کە ئیماندارێکی عەقائیدیی جوامێر لە ڕووی جەللاداندا دەینوێنێت، ئەم دڵە ئیماندارە سەربەستە.

سروشتی حەقی خواویستی ئاوایە، سیما و سیفاتی ئەم حەقیقەتە عەقائیدیانە ئاوایە، ئەم نووری ئیمانە کە لە دڵێکدا چەسپی؛ لە ڕیشەوە دەیگۆڕێت، هەر هەموو سیفەتەکانی دەگۆڕێت، وا بە گوڕ ڕایدەوەشێنێت کە هەرچی تەپ و تۆزێک کە لێی نیشتووە لا دەکەوێت، ئینجا جێبەجێ دەکەوێتە پاڵفتەکردنی، هەرچی خاشاکی کوفر و شیرک و جاهیلییەت هەبێت لای دەدات و ڕای دەدات تا بەتەواوی شیاوی نووری هیدایەتی خوایی دەکات. ئینجا ئەو نوورە خواییە دەبێتە چاوگی وزەی گۆڕانکاریی ناوخۆ و دەرەوەی، ئەوەندەی پاک دەکاتەوە تا ساف و ڕوون و بێگەردی دەکات و زیندووانە باوەشی حەق و خواویستیی پێ دەکاتەوە، ئیتر لەو سەرەتای ڕاچڵەکاندن و تۆزتەکاندنەوە، هەر لە سەرەتای ئەو پاڵفتەکاریەوە، لە سەرەتای جێگیربوونی ئەو نوورەی ئیمانەوە؛ ئەو دڵە هۆشیارانە لەگەڵ حەقیقەتە عەقائیدییەکاندا ڕەفتار دەکات، هەر لەو ساتە سەرەتاییانەوە ئەوەندە متمانەی بە خوای خاوەن نوور و هیدایەتەکە بۆ دروست دەبێت کە بێباکیی خۆی ئاوا ئاشکرا و ڕاشکاو، بوێرانە و دلێرانە ڕادەگەیێنێت! لە کوێ و کەی؟! لەبەردەمی فیرعەون و لەو کات و شوێنەی ئەو خۆی بە (کول فی کول) دەزانێت! ئەم ئیمانە ئا لەو لووتکە فشەڵەی ئیستیکبارەوە لووتی فیرعەون دەشکێنێت و بەو هەموو جەبەڕووتەوە دەیبەزێنێت! لە کاتێکدا ئەم ئیماندارە هیچی پێ نییە، دەستی خاڵییە و شمشێروەشێنێکی بەدەورەوە نییە! کەچی بەسەر ئەو فیرعەونە ستەمکارەدا سەردەکەوێت کە کەف پەڕیوەتە لالغاوەی و چاوی دەرپۆقیوە و پەنجەی هەڕەشەی ڕادەوەشێنێت و دەنەڕێنێت: ﴿لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٢٤﴾﴾ {الأعراف: ١٢٤}! بەرامبەرە نەموسڵمانەکان وەڵامێکی خێرای دەدەنەوە کە پڕاوپڕی تەحدداکەیەتی! سوکایەتیکردنیان بەو

هەموو دەسەڵات و حاشییە و سەرباز و پارە و هەیتوهووتە! ﴿فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍۖ﴾ {طه: ٧٢}، چیت لە دەست دێت بیکە! برۆ بڕیاری خۆت بدە و لە ڕاپەڕاندنی ڕامەوەستە!

(دوو ڕستەیە، چەند وشەیەکی کورت و کەمە، بەڵام تەحەددایەکە لە خەیاڵ و فیلمەوە نزیکە).

ئەمە وەڵامی دڵ و دەروونێکە کە بە ئیمانداری بەهێز بووە، ئەمە وەڵامی هزر و هۆشێکە کە حەقیقەتە عەقائیدییەکانی لا بوونەتە بەڵگەنەویست و لە قوڵای ژیریدا چەسپاون، ئەمە وەڵامی دڵێکە کە خوای گەورەی ناسیوە، کە خوای گەورەی دۆزیوەتەوە، ئیتر چ زیانێکی لێ دەکەوێت کە ئەوانەی هەینی لە دەستیان دەدات؟! جا با لە دەستی بچن، ئەو کە ئیمانی چێشتووە و بەرەو خوای خاوەنی سەری خۆی هەڵگرتووە، دەست و پێ بڕینی چییە؟ هەڵواسین و لەسێدارەدان چییە کە ساتە کاتێکی کەمە و بە دیداری خوای خۆشەویستی شاد دەبێت؟! دڵێک عەوداڵی قیامەت و تامەزرۆی دیداری خوای گەورە بێت دنیای چ بە لاوە مەبەستە؟! هیچی لە دنیادا نەبێت یان هەموو دنیای هەبێت، کە لە ئان و ساتی گەشتی ئاخیرەتیدایە چ باکی بە مردن و جۆر و شێواز و هۆکاری مردنەکەیە؟! هیچ، ئەمە لە وەڵامی ئەو نەموسڵمانانەی بەردەستی فیرعەوندا ڕۆشنە: ﴿قَالُواْ لَا ضَيۡرَۖ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ٥٠﴾ {الشعراء: ٥٠}، واتا: «وتیان: هیچ جۆرە زیانێکمان لێ ناکەوێت![1] بە تەئکید بەرەو خوای خۆمان دەڕۆین، دەگەڕێینەوە کەناری ئاسوودەیی و کامەرانیی سوکنای لای ئەو».

هەرەشە دەکەیت کە دەست و پێمان دەبڕیت! جا چییە؟ لەسێدارەمان دەدەیت! دە بیکە،

(١) بڕوانە شێوازی وێناکردنی قورئان و چۆنییەتیی دەربڕین و وەسفی حاڵەکە. دوای ئەو هەموو هەڕەشەیەی کە ئەگەری ڕاپەڕاندنی نییە و حەتمەن ئێستا نا ئێستا جێبەجێ دەکرێت؛ ئەمان بێباکانە دەفەرموون هیچ جۆرە زیانێکمان لێ ناکەوێت. (لا) لە ئایەتەکەدا پێی دەڵێن (نافية للجنس)، واتا نەفیکردنی توخم و جۆر و رەگەز و شێوە و ...، بە مانایەکی تر دەفەرموون: چیت لە دەست دێت بیکە، چونکە ئەوەی بەسەرمانی دێنیت بە هیچ کلۆجێک ناچێتە بازنەی زیانەوە، نە توخمی زیانە، نە جۆری زەرەرە، نە هۆکاری خەسارەتە، نە شێوەی دۆڕاندنە... هیچ نییە غەیری چاکە!

مردنی ئێمە بەو شێوەیە کەی زیانە؟ ئەوە کە شەهیدبوونە چۆن دەچێتە توخمی زیـان و جـۆری زەرەرەوە؟ (شەهیدبوون کە پلەی سێیەمی دیندارییە، دوای پێغەمبەرێتی و ڕاستگۆیان[1] دێـت، گەیشتنە ئاستێکی باڵای لە خوا نزیکییە، ئیتر چۆن دەچێتە خانەی زیانەوە؟).

چ زەرەرێکمان لێ دەکەوێت کە ئێمە بەرەو خوای خۆمـان دەگەڕێینـەوە، جـا لە دوای ئـێمە چی ڕوو دەدات با ڕوو بدات، چیمان بەرامبەر دەکەیت بیکە. سوبحانەڵڵا، ئەم ئیمانە کاتێک ئاوا لە دڵ و هزر و ویژدان دەچەسپێت؛ چۆن لە ڕەفتاردا دەردەکەوێـت؟! ئەم ڕۆحە دەگەیەنێـتە چ ئاســتێکی بــاڵا؟! چ ئاســوودەیی و هێمنــی و ســوکنایيەک بە دڵ و دەروون دەدات؟! چ پارسەنگییەک لە هزر و هۆشدا دروست دەکات؟! چۆن ویژدان و هۆش دەخرۆشـێنێت و، ئەم مرۆڤەی لە قوڕ دروستکراوە چۆن دەیگەیەنێتە لووتکەی ڕاقیبوون و ترۆپکی شیاوبوونی لە خوا نزیکی؟! سوبحانەڵڵا، ئەم دڵە بەشـەرییە گچکە و تاریـک و بـێ نـاوە، کاتێـک نـووری خـوا ڕوونــاکی دەکــاتەوە؛ دەیگەیەنێــتە چ ئاسـتێکی بــاڵای بە خــوا دەوڵەمەنــدبوون؟! بە خــوا بێباکبوون؟! بە خوا جوامێربوون؟! بڕوانە چۆن هەر چی لە دنیادا هەیە بێ نرخ و سووک و بێ قەدر دێتە پێش چاوی ئیماندارانێک کە ئامادەی گەشتی بەرەو خوا چوونن؟!

ئەمە بزاوت و هەڵوێستێکی زۆر جددیە کە ناوکۆیی مێژووی مرۆڤایەتیی پێ ساغ دەکاتەوە، ئەو حەقیقەتە دەناسێنێت کە بەهای ئیمانی زۆر بەهێزتر و کاریگەرتر و بەنرخترە لە هەموو ژیان و موڵکی دنیا، ئەمە لە ڕاستیدا ئیفلاسی دید و ڕێی مـاددیە. ئـا ئەم دەسـتە نەوموسـڵمانە، پـێش کەمێک لەمەوپێش داوایان لە فیرعەون دەکرد ئەگەر سەرکەوتن؛ پاداشـتیان بـداتەوە! هەمـوو هیوا و ئاوات و ئومێدێکیان ئەوە بوو نزیک تاغووت بکرێنەوە (خەڵاتێک وەرگـرن، وێنەیەکـی

(١) وەکوو خوای گەورە دەفەرمووێـت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩﴾ {النساء: ٦٩}.

یادگـاریی لەگەڵـدا بگـرن!)، کەچـی هەر ئەم کەسـانە خۆیـانن و دوای مـاوەیەکی کەم لە ئیمانداریتی و دڵنیـابوون لە پێغەمبەرێتیـی سـەیدنا موسـا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ)؛ ئەوەنـدە گـۆڕان کە هەر هەموو کورسی و عەرش و دەسەڵاتەکەی فیرعەونیان لا بێقـیمەت و سـووک و پـووچەڵە! ئەو هەموو هەڕەشە و گوڕەشەیان لا کا و بایە، لەکاتێکدا کە هەڕەشەیەکی حەقیقـی و واقیعیـیە، لە دەسەڵاتدارێکی خاوەن هێز و ڕقن و دڕندەیەکەوە دێت کە کەس نییە دەسـتی بگرێـت، کەس نییە بڕیاری پێ بووەسێنێت! کەچی ئەمان بەوپەڕی یەقینەوە، بەوپەڕی بێبـاکیەوە پێـی دەڵـێن: چی دەکەیت بیکە! بڕیاری خۆت بدە و جێبەجێی بکە، ئەوە ئێمەین، لەبەردەست داین، ئارام و هێمن و پڕ یەقینین، لەت و پەتمان دەکەیت یان لە سێدارەمان دەدەیت؛ بە لامانەوە گرنگ نییە، چونکە ئەوە زیان نییە و لێمان بکەوێت!

ئەم دەستە نەوموسڵمانە باوەڕ پتەوە چ گۆڕانێکیان بەسـەردا هـاتووە؟ چەنـد لەم دینـداریەدا ماونەتەوە؟ کوێڕا وا ئیمانداری بووێر دەرچوون و چۆن؟ چی لە دەوروبەری گۆڕاوە؟ لەڕاسـتیدا وەڵامەکە خۆی نهێنییە شاراوە ئاشکراکەیە، هەر باوەڕهێنانەکە هۆکاری ئەو گۆڕانە جەوهەرییە و ئەو هەڵوێستە دلێـرانەیە، چـونکە ئەمـانە کە خۆیـان سـیحرباز بـوون؛ یەکسـەر یەقینیـان لا دروست بوو کە ئەم بانگەواز و ڕەفتـارەی سـەیدنا موسـا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) وەحیـیە، ئەمە هیـدایەتی خـواییە، ئەمە حەقیقەتـی (وجـوود)ە، بـۆیە یەکسـەر ئیمانەکەیـان خسـتنیە سـەر خـولگەیەکی (وجوود) و وەکوو ئەستێرەیەک لە فەزای گەردوونـدا خـولگەی ئیمـانداریيان گـرت و کەوتـنە بزاوتی هەماهەنگ، لەو سـاتە ئیمانیـیەدا هەر هەمـوو ئەتـۆم و گەردیـلە و مۆلکیـوولە گـومڕا و بەربڵاو و ڕیزبزرەکان وەکوو کێشی موگناتیس لە تەوەری ئـیمانەکە کۆبـوونەوە و ئەو بارسـتاییە دینـداریەیان دروسـت کـرد و ئەو ڕۆڵە مێژووییەیـان لەو کـات و شـوێنەدا بینـی، ئەم سـاتەی ئیمانهێنانەکە، ساتی دەرکەوتنی ڕووناکیی نوورە خواییەکەی باوەڕ بوو لێیانەوە، کە یەکسەر ئەم تـاکە وێـڵ و کەم و گچـکەیەی مرۆڤـی بەو هێـزە بێـوێنەی وجـوودەوە -کە خـوای گەورەیە-

پەیوەست کرد. ئەم وەحییە خواییە کە وەکوو بانگەواز لەسەر زمـانی سـەیدنا موسـا و سـەیدنا هاروون ڕاگەیەنرا و وەکوو موعجیزەی دەستی سەیدنا موسا (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) نیشانیان درا؛ یەکسەر دەرزیی قیبلەنمای دڵیانی ڕوو کردە قیبلەی ئیماندارێتی و سەرچاوەکەی وەحی، بـۆیە یەکسـەر سەرچاوەی هیدایەتەکەیان دۆزیەوە و وا ڕوویان تێ کرد کە هیچ هێزێکـی ڕاکێشـان نەیتـوانی ئاڕاستە نـوێیەکەی ئیمانیـان پـێ بگۆڕێـت، نە ئـاوات و هیـوا و خـۆزگە خواسـتنە دنیـاییەکەی پێشـوویان و، نە هەڕەشـە و گوڕەشـەکانی فیـرعەون. ئەم دڵ و هـزر و ویـژدانە کە سـەدای وەحـیـەکەی پێگەشـت؛ یەکسـەر ڕووی تێکـرد و وەڵامـی بە ئـیمانەوە دایەوە، کە ڕوونـاکیی ئیمانەکەی لێ دەرکەوت؛ گەیشتە یەقینی ئەوەی کە هەموو ژیانی پێش ئەم سـاتەیان تاریکـایی کوفر و گومڕایی شیرک و سەرگەردانیی جاهیلییەت بوو، بۆیە یەکسەر لەو ئان و سـاتە کەمەدا ئەو یەقینەیان بە شێوەیەک لا چەسپی کە نەک لە خەیاڵی خۆیاندا نەبوو، بەڵکـوو ئێسـتاش لە دیمەنی واقیعێکی تری وا دا بە خەیاڵی کەسدا نایەت.

ئـا ئەم نـوورە خـواییە، ئەم سـەدای وەحیـیە هەر کە دای لە پەڕەی دڵ و پـاڵنەری هـزر و ئامێری هەستی ویژدان؛ یەکسەر ئەم دەستە خەڵکەی ئاوا گۆڕی، گـۆڕانێکی کـولليی ڕیشـەیی سەرسـوڕهێنەر. ئەمـانە پـێش سـاتەوەختێکی کەم لەمەوپـێش نزیکبوونەوەیـان لە تـاغووت بە دەسکەوت دەزانی، پاداشـتی دەسـتی ئەویـان بە خەڵاتـی نمـوونەیی دەزانـی، خۆزگەخـوازی ئەوەبوون هەر کە سەرکەوتن یەکسەر چەپڵەیان بۆ لێ بدرێت و خەڵات بکرێن! کەچی ئەوەتـا دوای ئەم ئیمانهێنـانە تەخـت و تـاجی فیرعەونیـان ناوێـت و هەمـوو دەسـەڵات و سـامان و هەیلەمانیـــان پـــێ هـــیچە! ﴿قَالُواْ لَن نُّؤۡثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِي فَطَرَنَاۖ﴾ {طـه: ٧٢}، بەو خوایەی خەلقی کردووین، ئا ئەمەی دەستمان کەوتووە، ئەم بەڵگە و نیشـانانەی دەسـتمان لێـی گیـر بـووە کە خسـتوونێتیە سـەر ڕێـی خواویسـتی؛ نـاگۆڕینەوە بە خـۆت و هەرچـی هەتە! سوبحانەڵڵا، خۆت و کورسـی و تەخـت و تاجـت، عەرش و بەخـت و سـامان و دەسـەڵاتت،

کۆشک و تەلار و خۆراک و پۆشاکت، حاشییە و خزمەتکار و هەیتوهووتت! هیچیان لا گرنگ نییە و بە هیچی ڕازی نین، چونکە هەر هەمووی ناگاتە ئەو بەڵگانەی دەستمان کەوتووە (بەڵگەکان!) کە گەیاندووینەتییە ئەم یەقینەی خواناسی. ئێمە تازە خوامان ناسیوە، ڕێی ئەومان گرتووە، بە نووری ئەو دەوڵەمەند بووین و لەو نزیکین، ئیتر تۆ و تەخت و بەختت چییە؟ لە هەڕەشەکانیشت ناترسین، چیت لەدەست دێت بیکە: ﴿فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍۖ﴾ {طه: ٧٢}، دەتوانیت چی بکەیت؟ هەر ژیانی دنیامان لێ دەستێنیت، خۆ ناتوانیت ئیمانەکەمان لێ بستێنیت! ﴿إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ ٧٢﴾ {طه: ٧٢}، ئەمە هەموو توانا و دەسەڵاتی تۆیە! دەسەڵاتی هیچی ترت بەسەرمانەوە نییە، ژیانی دنیاش چییە لێمان بستێنیت؟! ژیانەکە خۆی کورت و کەمە، ژیانەکە خۆی هیچ و بێ نرخ و فەنایە، ژیانی لای خوای گەورە بەقایە و بەهایە. ئەو ئەشکەنجە و ئازارەش کە تۆ بە سەریدا زاڵیت؛ شتێک نییە دڵێک لێی ڕاچەنێت کە بە نووری خوا ڕۆشن بووەتەوە و بە یەقینی عەقیدەکە سرەوتووە، ئێمە باوەڕمان بە خوای خۆمان هێناوە، ئیتر تۆ و خواکەت چی؟ ﴿إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا﴾.

ئەم ئیماندارانە چۆن ئاوا گاڵتەیان بە هێز و دەسەڵات و هەڕەشەی فیرعەون هات؟ چۆن ئاوا ئاشکرا، ڕۆشن و ڕاشکاو ئەم هەڵوێستە ئیمانییەیان لەو کات و شوێنەدا بە ڕووی فیرعەوندا ڕاگەیاند؟ چۆن ئاوا بەوپەڕی یەقین و متمانەوە بە خوای گەورە ئەو هەڕەشانەیان ڕەتکردەوە و بە تەحەددایەکی ڕاستەقینە و واقیعییەوە وەستان؟! چۆن؟!

ئەم حەقیقەتی ئەم وەحییە خواییەیە کە لە دڵ و دەروونێکدا دەبێتە سەرچاوەی ئیمان و یەقین، ئاوا بزاوت و هەڵوێستێکی مێژوویی نیشان دەدات، بەهێزتر دەبێت لە دەسەڵاتی تاغووت، لە هەموو هێزی سەرزەمین بەهێزتر خۆی نیشان دەدات، لە هێزی ڕاکێشانی هەموو حەز و تەماعێکی دنیایی دەرچووە، ئومێدی بە هیچ پاداشت و خەڵاتێکی دەسەڵاتدارانەی

تاغووت نییه، له هیچ هێز و دەسەڵاتێکیش ناترسێت و باکی نە بە مردنه و نە بە چێژی دنیایی، نە بە پلەوپـایه و نە بە سـامان و دەوڵەمەنـدی، ئەم بـزاوت و هەڵوێسـته له غەیـری ئیمانـداری خواویستانه ناوەشێتەوە. ئەمە دیمەنی سەرکەوتنی ڕاستەقینەی مافی ئیمانداریێتییه له واقیعێکـی ژیانی دەستەبەردا، سەرکەوتنێکی واقیعییه و بەرچاوە بەسـەر هێـز و دەسـەڵاتی سـتەمکاریدا، دوای ئەوەی لە ململانێی نەفسی خۆی و ململانێی تەوحید و شیرکی ناخی خۆیدا سەرکەوت.

# باسی سێیەم

# دید و هەڵوێستی نەگۆڕی دوژمنان

## بڕگەی یەکەم: ناسینی دوژمن نیوەی سەرکەوتنە

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی دەبێت زۆر وردەکارانە پەی بە حەقیقەتی حاڵی خۆیان و حاڵی دوژمنانیان ببەن، نیوەی ململانێکە لەسەر ئەمە وەستاوە. ئاڕاستە قورئانیەکان -کە وەحیی خوای گەورەن- بۆ ئوممەتە عەقائیدییە موسڵمانەکەی سەردەمیش هەر هەمان ئاڕاستە قورئانیەکانە کە بۆ ئوممەتە عەقائیدییەکەی نەوەی یەکەمی یاوەران دەرچوو، ئەم ئاڕاستانەی قورئان بۆ دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێ وەکوو یەکن، بۆ ڕێنیشاندانی هەموو ئوممەتێکی عەقائیدیی موسڵمانە لە هەر کات و شوێن و نەوەیەکدا بێت، مادام هەمان ڕێباز و بەرنامە و بانگەواز و بزاڤی بۆ هێنانەوەی حوکمی شەرع گرتووەتە بەر، تا جارێکی تریش کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سایەی قورئاندا بەختەوەر بکاتەوە.

زۆر زەرووریە داعییانی ئیسلام سروشتی دوژمنەکانیان و بەرەکانیان بناسن، دوژمنانی پێشوویان بەردەوامن، موشریکان هەر موشریکانی جارانن و بێدینەکان هەر بێدینی جارانن، ئەهلی کیتاب هەر ئەهلی کیتابی پێشترن و ئێستا لە بزوتنەوەی زایۆنی و خاچپەرستانی جیهانی و کۆمۆنیزمی جیهانیدا دەرکەوتوونەتەوە. داعییانی ئسلام دەبێت زۆر ژیرانە درک بە سروشت و بزاوت و هەڵوێستی دوژمنانیان بکەن، شارەزایی مەڵبەندی هێز و نەخشەداڕشتن و چۆنیەتیی کارکردنیان ببن، دەبێت بزانن ئەوانە چ جۆرە بەربەست و تۆڕ و تەڵەیەکیان لەسەر ڕێ دادەنێن، تووشی چ کێشە و نارەحەتی و بەڵایەکیان دەکەن، چۆن ڕایان دەکێشنە ژێر باری ئەشکەنجە و قوربانیدانەوە، چۆن هەوڵی مەحرومکردنیان دەدەن، دەبێت شارەزای فاک و

فیک و چەواشەکارییان ببن، بێ ئەوەی لێشیان بترسن، شارەزای کاریـان بـن و چاویشـیان لە چارەنووسی لای خوای خوای گەورەیان بێت و ئومێدی هەموو شتێکیان هەر بەو بێت و بەس، تا هەموو ژان و ناسۆر و کارەساتەکانی ڕێیان لا سووک بێت و بەسەر ترس و تۆقان و مەرگـدا زاڵ بن، بەسـەر حەز و چێـژ و ئارەزووەکانـدا زاڵ بـن، بەسـەر فیتـنەی دەروون و شـەیتان و هەواوهەوەس و هێزی شەڕخوازیی دەرێ کە تاغووتـان و ملهـوڕانن زاڵ بـن، هەر وەکـوو کە ئوممەتە عەقائیدییەکەی یەکەمجار زاڵ بوون. خۆ قورئان هەر ئەو قورئانەیە، هەر ئەو ڕێبـاز و بەرنامە خواییەیە کە یاوەران گرتیانە بەر. قورئان ئاڕاستەوانی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێسـتە. قوئان دەسـتووری ئـوممەت و پێشـەوا و ڕێنیشـاندەرێتی، دوژمنەکـانیش هەر ئەو دوژمنـانەی جارانن و ڕێگا و بزاوت و هەڵوێستەکانیش دەبێت هەر ئەوە بن.

دوژمنانی ئوممەتە عەقائیدییەکە هەر بەوەندە بەس (ئیکتیفا)یان نەدەکـرد کە بە شمشـێر و ڕمیـان لە مەیدانـدا کوشـتاریان دەکـرد، هەر بەوەندەشـەوە نەدەوەسـتان کە هاوپەیمانەکـانی خۆیانیان بۆ کوشتاری موسڵمانان هان دەدا، بەڵکوو پێش هەموو شـتێک لە بـواری عەقیـدە و باوەڕدا دژایەتیی ئوممەتەکەیـان دەکـرد، بەردەوام دەیانویسـت بە گومـان دروسـتکردن لاوازی بکەن، نەخشـە و پیلانیـان دادەڕشـت کە لە هەمـوو کۆڕێکـدا قسـە و قسـەڵۆکی دواخەن، ئەم مەیدانی لاوازکردنی عەقیدەیە جێی بایەخی سەرەکی بوون، چـونکە دەیـانزانی هەمـوو کیـانی ئوممەت و بزاوت و ڕەفتارەکانی تاک و کۆی ئوممەتەکە لەسەر زەمینەی عەقیدەکە بنیاد نراوە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک خەریکی سوکایەتیپێکردن و بەرچاوخستنی بوون، جارێک بە قسـەی هەلەق و مەلەقی خۆیان، جارێک بە چەواشەکاریی دینی جاهیلییەت و، جارێکی تر بە پـاڵانتە و لاف و گەزافـی ئەهلـی کیتـاب و بوختـان و دووڕوویيەکەیـان. ئەهلـی جـاهیلییەت وەکـوو جاهیلییەتی سەردەم دەیانزانی کە خاڵی جەوهەری هێز و بەهێزی ئەم ئوممەتە عەقیدەکەیەتی، بـۆیە هەوڵیـان دەدا لەوێـوە دزە بـکەنە نـاو ڕیـزی موسـڵمانانەوە و عەقیـدەکە لە دڵ و هـزر و

ویژداندا لەق بکەن، دەیانزانی -هەر وەکوو کە ئەهلی جاهیلییەتی ئەمڕۆ دەزانن- کە لاوازیی ئوممەتەکە کاتێک مسۆگەر دەبێت کە عەقیدەکە لاواز دەبێت، کاتێک شکست دەهێنێت کە عەقیدەکە لە دڵ و هزر و ویژدانی موسڵمانانda دەپوکێتەوە! دەیانزانی هەر وەکوو کە دوژمنانی ئەمڕۆی ئیسلام دەزانن، کە تا عەقیدەکە لە دڵ و هزر و ویژداندا بەهێز بمێنێت، تا دید و ڕێ و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێستی تاک و کۆی ئوممەتەکە لەسەر ئەم عەقیدەیە دابمەزرێت؛ ئوممەت و بانگەواز و بزاڤەکە هەر وا بەهێز دەمێنێتەوە و زەفەری پێ نابرێت. تا تاک و کۆی ئوممەتەکە ورەیان بە عەقیدەکە بەرز بێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەودا ڕێکەن و ئاڵای ئەو هەڵگرن و دروشمی ململانێی ئەو بەرز بکەنەوە و شانازی بەوەوە بکەن؛ حەتمەن دوژمنان بەسەریاندا زاڵ نابن و لە هەموو مەیدانەکانی ململانێیاندا دەشکێن، لەپێش هەمووشیانەوە مەیدانی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی شمشێر و بازوو.

لەم ڕووانگەیەوە کە دژوارترین و نەگریسترین دوژمنی ئەم ئوممەت و دینە ئەو لایەنەیە کە بە عەقیدەی تەوحیدەکەوە مەشغووڵە و دژایەتیی ئەو دەکات، ئەو کەسەیە کە هەوڵ دەدات موسڵمان لەسەر عەقیدەکە کۆ نەبنەوە، عەقیدەکەیان لا گرنگترین بەها نەبێت، یان شلگیرانە باوەڕی پێ بهێنن تا بەرنامەی عەقائیدی و دینەکە بگۆڕن و لە دید و ڕێی ئەو دەرچن، ئەم لایەنانە دژوارن کە بەردەوام نەخشەی ئەوە دادەڕێژن کە ئوممەتەکە عەقائیدی نەمێنێت، تا ئەوان بە دوژمن پێناسە نەکات و نەخشە و ئامانجی گڵاوی ئەوان فەزح نەکات.

داعییانی ئسیلام و پێشڕەوانی خواویستی دەبێت ئەوەیان لا بەڵگەنەویست بێت و دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خۆیانی لەسەر دیاری بکەن کە جەنگی ئوممەتی موسڵمان و دوژمنەکانی جەنگی عەقیدەکەیە، سەرەتا و کۆتا و ماهییەتی ململانێیان پێش هەموو شتێک ململانێی دید و تێڕوانین و پێناسە عەقائیدییەکەیانە. کاتێک دوژمنانی ئوممەت دەیانەوێت خاک و خەڵک و کانزا و ئابووریی وڵاتی موسڵمانان بخەنە ژێر دەستی خۆیان؛ مەبەستی سەرەکیان لاوازکردنی

عەقیدەی تەوحیدەکەیە (کە هەر بە پارە و سامانی وڵاتی موسڵمانان خۆیان دەیکەن!)، چونکە دوژمنانی ئیسلام بە درێژای مێژووی ئیسلام و لە هەموو ئەزموونەکانی خۆیانەوە گەیشتوونەتە ئەو یەقینەی کە تا عەقیدەی ئوممەتەکە لاواز نەبێت و ململانێکە لە جەنگی عەقائیدییەوە نەگۆڕێت بۆ دید و ڕێ و دروشم و ئاڵای تر؛ ئەستەمە مەبەستە سیاسی و ئابووریەکانیان لە وڵاتی موسڵماناندا بێتە دی، دەزانن دەست بەسەرداگرتنی خاک و خەڵک و دەسەڵاتی موسڵمانان ئەستەمە، یان زۆر زۆر زەحمەتە، لە کاتێکدا ئوممەتەکە لە ڕووانگەی عەقیدەکەوە ببینێت و بە شەریعەتەکەوە پابەند بێت و هەستی بەپرسێتیی قیامەتی بەرامبەر بانگەوازەکەی لە دڵ و هزر و هۆشدا بێت. دەزانن کە ئەگەر موسڵمانان بە دیدێکی تەوحیدیانەوە بڕواننە ئەوان، پەی بە حەقیقەت و چۆنیەتی و دوژمنارێتییەکەیان دەبەن و دەزانن چۆن ئیدارەی ململانێی ئوممەتەکەیان بەرامبەر ئەمان بکەن.

لەم دید و ڕووانگە و زەمینەوەیە کە دوژمنانی ئەم دینە و بەکرێگیراوەکانیان کۆتا وزەی توانای تاک و کۆ و دەزگا و دەوڵەتانی خۆیان دەخەنە کار تا موسڵمانان چەواشە بکەن و ڕێیان پێ بزر بکەن و نەهێڵن وا هەست بکەن کە دوژمنارێتیی ئەوان لەبەر تەوحیدەکەیانە، تا ئاسان جەنگی خۆیان ئیدارە پێ بدەن و بە هەموو ئامانجێکی خۆیان بگەن لە داگیرکردنی وڵاتی موسڵمانان و ڕووتاندنەوەی خێروبێریان و ئیستیغلالکردنی سامان و خاک و خەڵکیان بۆ مەرامی خۆیان و، لەهەمان کاتیشدا بێخەم دەبن لەوەی کە موسڵمانان پێناسەی ململانێکە بە دژایەتیی عەقیدەکە ناکەن (هەر وا دەزانن ئیستیعمار و داگیرکەران و بەکرێگیراوانیان بایەخ بە دین نادەن و دەیانەوێت خەڵکی دیموکراسیانە بژین!).

ئاوا ئاسانتر شەڕەکەیان بۆ دەچێتە سەر، خەمی ڕاپەڕین و شۆڕش و جیهادیان نابێت، بەردەوامیش سۆراغ دەکەن، لە هەر کات و شوێنێکدا زانیان موسڵمانان خەریکە بێنەوە سەر مەنهەجی تەوحید و، ململانێکە بە دوژمنارێتیی عەقیدەکەیان بزانن، ئەمان خێرا زاراوەی تری

چەواشەکاری دادەهێنن و بەرەی تر دادەمەزرێنن تا ڕوو لەوێ بکرێت و حەقیقەتی شەڕەکەیان هەر بە پەنهانی و سەرکەوتوویی بڕوات، لە هەر کـات و شـوێنێکدا هەسـت بکـەن پێشـڕەوانی خواویستی لە هەوڵی ئەوەدان حەقیقەتی شەڕی دوژمنان پێناسە بکـەن، ئـەمان خێـرا دەکەونـە گومان دروستکردن و فریودان و خۆگۆڕین، بە گۆڕینی ئاراستە و دروشم و دیاردەکـان! پلانـی تر دادەهێـنن، شـتی نـوێ دەخەنـە ڕوو، بـەڵام ئامانجەکـە هـەر یەکـە و مەبەسـتەکە نـەگۆڕە: ﴿وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ لَوۡ يُضِلُّونَكُمۡ﴾ {آل عمران: ٦٩}، واتــا: «کۆمــەڵێک لــە ئــەهلی کیتــاب ئاواتەخوازن لەسەر ڕێی ڕاست لاتان بدەن و گومڕاتان بکەن!». ئەمـە ئامـانجی نـەگۆڕە، ئەمـە ئامانجی دیان و جووە، چ جای بێدین و فەرماسۆن و مولحیـدەکان: ﴿وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ﴾ {البقرة: ١٢٠}، واتا: «هەتا هەتایە دیان و جوو لێت ڕازی نابن تا ئەوکاتەی شوێن میللەتەکەیان (دین و خەڵکەکەیان) دەکەویت». کەواتە مەبەستیان دەرهێنانی موسڵمانە لە دینەکە، گومڕاکردنێتی، ئەگەر بۆشیان لوا؛ بیانکەنە شوێنکەوتووی دین و دابونەریت و پیاوانی خۆیان! ئەمەشە کە ئەو کاتە و دواتر و ئێستاش هەوڵی بۆ دەدەن و بێگومان کۆڵیش نادەن و لە داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبن، چونکە ئایەتەکە بە کرداری ڕانەبردوو باسیان دەفەرموویت.

ئەم تەوحیدە گرێ کوێرەکەی دڵی دوژمنانە، بەردی سەر دڵیانە، تارمـایی سـەر چاویانـە و تەحەمولی هەبوون و هێز و بەهێزیەکەی ناکەن، لە هەموو کات و شوێنێکدا یەکـەمین خـاڵی جێبایەخیان لە ململانێی دژ بە ئیسلامیاندا عەقیدەکەیان پێش هەموو مەبەستێک دانـاوە، هـەر عەقیدەکەیان کردۆتەوە بە مایـەی جـەنگ و هۆکـاری شـەڕ و ئامـانجی ململانێکـەیان! ئـەوە ڕاستییە، حەقیقەتی ململانێی دیان و جوو بەرامبەر موسڵمانان شەڕی عەقیدەکەیـە، کـە نـاهێڵن بکوژێتەوە، لە هەر کات و شوێنێکدا دیان و جـوو هـەبوون، یەکـەم ڕەفتاریـان دژایـەتیکردنی ئیسلامەکە بووە، بەرهەڵستیکردنی عەقیدەکە بووە، گومان دروستکردن بووە بەرامبـەر تەوحیـد. بەڵام ئەوان ئامانجە سـەرەکیەکەیان پـەردەپۆش کـردووە، دروشـمی شـەڕەکانیان گۆڕیـوە، بـۆ

چەواشەکاری و فریودان و هەڵخەڵەتاندنی موسڵمانان ڕایدەگەیەنن؛ یەکەم: کە دوژمن نین، دووەم: دژایەتیی عەقیدەکە ناکەن[1]، چونکە موسڵمانانیان زۆرجار تاقی کردۆتەوە و دەستشکاندنەوەی لەگەڵدا کردوون، گەیشتوونەتە ئەو حەقیقەتە کە ئەگەر ململانێکەی خۆیان لە موسڵمانان کردە جەنگی عەقیدەکە تێیدا سەرکەوتوو نابن، چونکە ئەوکاتە هەموو ئاست و جۆ و کەسایەتییەکی موسڵمانان لەژێر ئاڵای عەقیدەکەدا کۆ دەبنەوە و ئامادەی هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خوێناوی دەبن، بۆیە دوژمنە پسپۆڕەکانی ئیسلام ئاڵا و لافیتە و دروشمی شەڕەکەیان گۆڕیوە، ناڵێن شەڕی عەقیدەکە دەکەین، خەمی ئەوەیانە حەماسەت و غیرەتی ئیماندارانی بخرۆشێت و جیهاد بەرپا بکەن، بۆیە دەیکەنە شەڕی خاک و سیاسەت و ئابووری و شوێنی ستراتیژێتی سەربازی و... هتد. ئینجا ساویلکە و گێلەپیاوی وڵاتی موسڵمانان قەناعەتی پێ دەکەن کە ئەمە شەڕی عەقیدە و دین نییە، شەڕی دینی بوو بە مێژوو، کۆتایی هاتووە! ئێستا کەی سەردەمی ئەوەیە خەڵکی شەیپووری شەڕی دینی لێ بدات، ئەوە زەمانێک بوو کە کڵێسا دەسەڵاتدار بوو، خەڵکیش نەخوێندەوار بوون، ڕۆشنفکر نەبوون! شەڕی دینی باوی نەماوە، ئەوە نەخوێندەوار و دەمارگیرە دینییەکان وا دەزانن کە دەبێت جەنگ و جیهاد لە پێناوی دیندا بکرێت! ئاوا غیرەتی دینی خەڵکە موسڵمانەکە هێور دەکەنەوە و هەستی جیهادیان تێدا دەپوکێننەوە، چونکە زۆر لە سەدای تەکبیر و ئاڵای جیهاد دەترسن، لە ڕاستیشدا هەر هەموویان لە زایۆنیزمەوە بۆ خاچپەرستانی نوێ، بۆ کۆمۆنیستەکان، هەموویان شەڕی ئەم تەوحیدە دەکەن و هەوڵی ڕیشەکێشکردنی، یان هەر نەبێت نەبێت هەوڵی لاوازکردن و کەنارخستنی دەدەن. هەر هەموو لەسەر ئەوە ڕێکن کە عەقیدەکەیە بۆتە تاوێرەبەردی سەر

---

(١) لەم سەردەمەشدا دەڵێن: ئێمە نە دژی ئیسلامین وەکو دین، نە دژی موسوڵمانانین، بەڵکو لەگەڵ (ئیسلامی سیاسی)دا ڕاجوێین و دژی (تیرۆرستـ)ـانین!.. ئینجا دەڵێن توندڕەوەکان خراپ مانای دینەکە دەکەن و دەبێت وەکو (زانا) ڕەسمیەکانی ئەوقاف لێی تێبگەن!

ڕێیان، بۆیە بە جیا بێت یان پێکەوە، بە نهێنی لەسەر شەڕی ئەم عەقیدەیە ڕێکەوتوون[(١)]، چونکە زۆر چاک دەزانن دەرەقەتی ئوممەتی عەقائیدیی جیهادی نایەن، زۆریان شەڕەشۆق لەگەڵ ئەم عەقیدە سەختەدا کرد و سەرەنجام قۆچی خۆیان شکا و سەریان تەقی.

ئەم شەڕە بێ ئامانەی کوفری جیهانی شەڕی ئەم عەقیدەیەیە، بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم دینەیە، بۆ کەناردانی تەوحید و تەخدیرکردنی هەستی حیهادەکەیەتی، ئەمە جەنگی حاسڵات و دانەوێڵە نییە، شەڕی ڕەبایە و شوێنی ستراتیژێتیی سەربازی نییە، شەڕی ئەم ئاڵا ڕزیوە ڕەنگاوڕەنگانە نییە، ململانێی ئەم دروشمە قەبە و فشەڵانە نییە؛ ئەمە شەڕی بێ ئامانی عەقیدەکەیە، بەڵام ئەوان نایانەوێت وا ڕایگەیەنن، ئەمە کۆنە قینی ساڵەهاساڵی مێژوویانە، ئەوان دەیانەوێت فریومان بدەن! هەڵمانخەڵەتێنن، چەواشەمان بکەن و ئاڕاستەمان بگۆڕن، بۆیە دەڵێن ئێمە دژی تەوحید نین (کە دینەکانی ئێمەش دیان و جوو و دینی تەوحیدن!). جا ئەگەر باوەڕمان بەم درۆ و دەلەسە و لاف و گەزافانەی ئەوان کرد، متمانەمان بە خۆیان و پلان و ڕەنجیان کرد و تێکشکاین؛ بۆچی گلەیی لەوان بکەن؟! بۆچی بڵێین: خوا بیانگرێت هەڵیانخەڵەتاندین؟! بۆچی بەخۆماندا نەچینەوە و موحاسەبەی خۆمان بۆچی نەکەین لەسەر ئەوەی قسەی ئەوانمان گرتە گوێ و فەرمایشتی خوامان پشتگوێ خست کە ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو پێی ڕاگەیاندین کە دیان و جوولەکەکان لێتان ڕازی نابن و وازتان لێ ناهێنن هەتا شوێن دید و دین و ڕێباز و بەها و نەریتیان نەکەون، هەتا لە سەرانی ئەوانەوە بەرنامە و ئاڕاستەی بزاوت و سروت وەرنەگرن! ﴿وَلَن تَرۡضَىٰ عَنكَ ٱلۡيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمۡۗ﴾.

---

(١) ئەوەی سەید قوتب (رحمە اللە) ئاماژەی پێ دەدات پێش پەنجا ساڵ لەمەوبەرە، ئێستا دوای جیهادی ئەفغان و عێراق و سوریا و زۆربوونی کۆمەڵە جیهادییەکان لە وڵاتی موسوڵمانان و بەشداربوونی سەدان گەنجی موسوڵمانی (ئەوروپا) لە ساحەکانی جیهاددا -بەتایبەتی سوریا-، ئەوەتا (تۆنی بلێر)ی سەرۆك وەزیرانی سەدەی ڕابردوو (٢٠٠٢-٢٠٠٦) کە یەکێك بوو لە نەخشەوانانی تێکڕماندنی عێراق دوای داگیرکردنی لە (٢٠٠٣)دا، لە (٢٠١٤/٥/٥)دا ڕایگەیاند کە باشتر وایە ئەمریکا و ئەوروپا و ڕووسیا و چین و هاوپەیمانانیان پەیمانێکی نوێ مۆر بکەن کە هەموویان دژی (تیرۆریستی ئیسلامی) بووەستن!

خوای گەورە بە وەحیی ڕاستگۆی خۆی پێناسەی حەقیقەتی ئەوانی کردبوو بۆمان، ئامانج و مەبەستیانی بۆ کەشف کردبووین: ﴿وَدُّوا۟ لَوۡ تَكۡفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا۟ فَتَكُونُونَ سَوَآءً﴾ {النساء: ٨٩}، واتا: «ئەوان زۆر بە جیددیانە کە دەخوازن ئێوەش کافر ببنەوە، تا وەکوو یەکتان لێ بێت، تا خۆتان بە تەوحیدەکە (بە خواناسی و خواپەرستی و حاکمێتیی خوای گەورە)ەوە نەناسێنن، تا وا نەزانن ئەوان دژایەتیی دینەکەتان دەکەن و دوژمنی عەقیدەکەتانن!».

ئەو کەسەی دوای کوفر و کافربوون؛ شیرینیی ئیمان و موسڵمانێتیی چێشتووە، ئەو کەسەی دوای تاریکستانیی و گومڕایی؛ نووری خوای گەورەی بە نسیب بووە، ئەو کەسەی دوای سەرگەردانیی ڕێچکە و لاڕێتی؛ کەوتۆتە سەر ڕێگای پێغەمبەران و بە ئاڕاستەی وەحی ڕێی نیشان دەدرێت، ئەو کەسەی لە پۆخڵەواتی کوفر و شیرک و جاهیلییەت پاک بۆتەوە و دید و ڕێ و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و سەروەتی بە خواناسی پارسەنگ بووە، ئەو کەسەی دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی بەم دینە پاڵفتە بووە و ڕاست و دروست و ڕەوا ڕێی گرتۆتە بەر و، مەنزڵ بە مەنزڵ، شەیدا و هۆگرانە بەرەو خوا پێی هەڵگرتووە، هێمن و ئاسوودە و پارسەنگ، کامەران و بەختیار و بەختەوەر، چۆن ڕازی دەبێت بەرەو کوفری بهێننەوە؟ چ جای ئەوەی خۆی ڕازی بێت و بگەڕێتەوە ناو ئەو پۆخڵەوات و تاریکستانی و سەرگەردانی و دیدلێڵی و بەدڕەفتارییەی جارانی! بەدڵنیاییەوە گەڕانەوەی بەرەو کوفر پێ ناخۆشە بەقەدەر ئەوەی فڕێی بدەنە ناو ئاگرەوە، بگرە زیاتر. ئەوە دوژمنانی خوای گەورە و بانگەوازەکەیین کە دەیانەوێت ئەم بەرەو کوفر و کافربوون و ئاگری دۆزەخ بهێننەوە، ئەم کە خوا هیدایەتی داوە و لە هەمووی قوتار بووە و کەوتۆتە سەر ڕێی ڕەزامەندیی خوای گەورە و بەهەشتی بەرینی، ئەم کە لە جیهانی تێکپڕژان و پشێوی و دەبەڕێکراچوونی جاهیلییەت ڕزگاری بووە و کەوتۆتە جیهانی شادمانیی ڕەزامەندیی خوایی و نووری هیدایەتی ئەوەوە، چۆن دەبێت ڕێ بدات دوژمنانی ئیسلام بەرەو کافربوونی ببەنەوە؟! چۆن؟!

ئەهلی کیتاب زۆر بە جیددی دژایەتیی ئەم دینە دەکەن، دژی ئەم حەق و ڕاست و ڕەواییە و موسڵمانەکانین، هەرچەندە زۆر چاک دەزانن کە ئەم پەیامی ئیسلامە حەقە، ڕەوایە، لە خواوەیە، کەچی ئـەو هەڵوێسـتە دوژمنکارییـە ڕقنەشـیان بەرامبـەری هەیـە! ﴿وَٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٞ مِّن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّۖ﴾ {الأنعام: ١١٤}، واتا: «ئەو کەسانەی پەیامی خۆمانمان پێشتر بـۆ نـاردوون دەزانـن کـە ئـەم قورئانـەش حەقـە و لەلایـەن خـوای پەروەردگارتـەوە نێردراوەتـە خوارەوە». ئێستاش هەر وان، دڵنیان کە هێز و بـەهێزی و بـەپێزیی ئـەم دینـە لـەو (حـەق)ەوە هاتووە کە خوای گەورە ناردوێتی، حەقیشی لە خۆ گرتووە و بۆ سەلماندن و چەسپانی حـەق و ڕاست و ڕەواییش هاتووە: ﴿وَبِٱلۡحَقِّ أَنزَلۡنَٰهُ وَبِٱلۡحَقِّ نَزَلَۗ﴾ {الإسراء: ١٠}. تا ئێستاش ئـەوە دەزانـن کـە حەقە، هەر لەبەر ئەم زانین و دڵنیابوونەشیانە ئاوا دوژمندارێتیی ئەم دینـە دەکـەن! ئـەو شـەڕە بێئامانەیان بەرامبەری ڕاگەیاندووە! کە دەبوو ئەوان یەکەمین کەس بن کە باوەڕی پێ دەهێـنن و شوێنی دەکەون، چونکە لێیان ڕوونە کە حەقە، کەچی ئاوا بوونەتە دوژمنی سەرسەختی!

سەختترین بوواری ئـەم شـەڕە و قورسـترین مەیـدان و دژوارتـرین بـەرەی ئـەم ململانـێ بەردەوامە کێشەی حاکمێتییەکەیە، کە دەیانەوێت حاکمێتیی خوای گەورە لـەم عەقیـدە و دینـە جوێ بکەنەوە و لایدەن، دەیانەوێت شەریعەتی خوا نە ڕێبـاز و بەرنامـە بێـت، نـە دەسـتووری حوکم و داوەریـی کۆمـەڵگا، دەیانـەوێت موسـڵمانان حـاکمێتیی خـوای گـەورە (یاسـادانان و حوکمڕانی و داوەرییکردن) وەلکەن و لە شوێنی ئەو؛ دید و بیردۆز و دەستوور و ڕێسای بەشەر بخرێتە جێی، تا حاکمێتی بدرێتە دەست بەشـەر و ئیـتر ئـەم پەیامـە خواییـە حـاکم نـەمێنێت، ئەوکاتەش ئەم دینە (وجوود)ی نامێنێت، چونکە جۆرەهـا خـوای تـر بـۆ کۆمـەڵگا و دەوڵـەت قووت دەکرێنەوە. لە هەموو ئەم وڵاتانەدا کە زەمانێک بوو حاکمێتیی خوای گەورە سـەروەری و باڵادەستی هەبوو، بە مانایەکی تر زەمانێک بوو تەنها خوای گەورە خوایـەتیی دەکـرد، تـەنها شەریعەتەکەی خوای گەورە حوکمڕان و داوەر بـوو، هـیچ یاسـا و دەسـتوورێکی تـری وەلـدا

نەبوو، بە مانایەکی تـر هـیچ هاوبەشـێک لەحاکمێتیـدا بـۆ خـوای گـەورە دانـەدەنرا[1]، هـیچ دەستوورێک لەگەڵ شەریعەتی خوادا نەبوو، هیچ کتێبێک لەگەڵ کتێبەکەی خـوادا نـەکرابووە سەرچاوەی قانوون و ئاراستەوانێتیی کۆمەڵگا؛ هەموو ڕێساکانی فیقهی دەستووری لە قورئان و سوننەتەوە هاتبوون، ئەوەی ئەم دەستوور و شەریعەتەی گۆڕی، ئەوەی ئەم دینەی لە حاکمێتیی هێنایە خوارەوە ئەهلی کیتاب بوو، دیان و جوو (لەگەڵ بەکرێگیراوانی هەڵگـەڕاوەی نـاوخۆ)، ئێستاش هەر ئەوانن وان لە پشت هەموو بـارودۆخێکی دەسـتووریی پێچەوانـە بـە شـەریعەتی خواوە، ئێستاش ئەوان لە پشت پەردەوە حاکمێتی کـوفر پیـادە دەکـەن و وڵاتـی موسـڵمانانیان خستۆتە ژێر ئاراستەی کوفرینی خۆیانەوە تا ئامانجە گڵاوەکەی خۆیان بهێننە دی کـە لادان و ڕادانی ئەم تەوحیدەیە کە حاکمێتیی شەرع جۆرێکە لێی، ئەمە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی نەگۆڕی دوژمنانی ئەم دینەیە.

(١) شەریعەتی ئیسلام بۆ ماوەی (١١٧٢) ساڵی ڕەبەق تاکە سەرچاوەی حوکمی نیوەی سەرزەمین بوو! تا (١٨٤١ز).

## بڕگەی دووەم: دەزگا تەزویرە (ئیسلامی)یەکانی دوژمن

دوژمنانی ئەم دینە کە زۆر وردەکارانە موراقەبەی بزووتنەوەکانی ڕابوونی ئیسلامیی ئەم سەردەمەیان کردووە و شارەزاییەکی بەرفراوان و قووڵیان لا دروست بووە، کە لەگەڵ شارەزاییەکانی خۆیان لە بوارەکانی دەروونناسی و کۆمەڵگا و کۆناسیدا بوونە دوو بووار و هۆکاری سەرکەوتوویی نەخشە و پلانەکانیان لە ململانێی ڕابوونی ئیسلامیی نوێ و، دوژمنداریێتیی عەقیدە و ئوممەت و بزاڤە ئیسلامییەکاندا، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ناشێت زەق و ئاشکرا دژایەتیی دینەکە ڕابگەیەنرێت، چونکە کاردانەوەی لە ناو موسڵمانانیدا توندوتیژ و گشتگیر و بەرفراوان دەبێت! بۆیە لەم سەردەمەدا زیاتر لە هەر سەردەمێکی تری ڕابوردوو سووورن لەسەر چەواشەکاری، فێربوون لافیتە و ناوێکی ئیسلامی لەو بارودۆخ و بزاوت و ئاراستە و بەها و نەریت و بیروباوەڕ و دید و ڕێ و یاسا و دەستوورانە بنێن کە خۆیان دایانڕشتووە و هەر خۆیان بۆ دژایەتیی ئیسلام و موسڵمانان سازیان کردووە، بەم دروشم و لافیتە و ناوە ئیسلامییە (تەزویر)ەوە هەوڵێکی تری جیددی بە شێوەیەکی تری نوێ بۆ ڕیشەکێشکردنی ئیسلامەکە دەدەن، ئەگەر بۆیان لوا، ئەگەرنا هەوڵی ئەوە دەدەن کە حاکمێتیی دینەکە ئیلغا بکەنەوە و دروشمی وڵاتی خۆیان (دین و سیاسەت لێک جوودان) بهێننە ناو موسڵمانانەوە و بیکەنە بزوتنەوەیەکی سیاسیی گۆڕانکاریی (دینداری)! کە گوایە ئەوانەی کە ئەم بەرنامە و ڕێیەشیان گرتۆتە بەر (کە دین لە سیاسەت و دەوڵەت جیا دەکەنەوە) هەر موسڵمانن و دڵسۆزی دینەکەشن، کە سوورن لەسەر ئەوەی دینەکە بە پاکی بمێنێت و تێکەڵ بە سیاسەت نەبێت!

ئاوا ئەم دروشم و لافیتە و ناوە (ئیسلامی)یە تەزویرانە، لەسەر دەستی ئەهلی کیتابی سەردەم (ڕۆژئاوای ئیستیعماری) هاتە ناو موسڵمانانەوە، تا لە لایەکەوە ببێتە بەرەیەکی جەنگی

ئیسلامە حەقیقییەکە و لە ناوەوە کیانی ئیسلام و موسڵمانان هەڵکۆڵێت، لە لایەکی تریشەوە ببێتە بەرەیەکی ململانێی ناوخۆیی و، داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی نەتوانن وزە و ورەی جەماوەرەکە دژ بە جاهیلییەت و کوفری ئەوان بخەنە گەڕ، بەڵکو هەر خەریک ببن بەو بەرە ناوخۆییەوە و لەوێدا بسوێن، خەڵکیشیان لێ کۆ نابێتەوە، چونکە جەماوەرەکە جەنگی نێوان ئەوان و (عەلمانییەکان) وا دەبینێت کە شەڕی ناوخۆیی موسڵمانان و شەڕی فیتنەیە!

ئاوا هەر بە ناوی ئیسلام خۆیەوە بەرەیەکی دژ بە ئیسلام پێک دێت کە ئامادە دەبێت بە هەموو شێوەیەک ببێتە جێگر و ڕاپەڕێنەری ئەهلی کیتابی سەردەم (ئیستیعماری ڕۆژئاوا) لە دوژمندارێتیی ئیسلام و موسڵماناندا.

ئێستا ئەمە پلان و پیلانی سەردەمە، کە دوژمنانی ئیسلام سوورن لەسەر داڕشتن و پێشخستنی، هەروەکوو کە سوورن لەسەر سەرخستنی، بە پشتیوانیلێکردن و یارمەتیدان و ئاسانکاری بۆ کردنی!

ئەو جارەش یان ئەو جارانەش کە ڕاستەوخۆ جەنگیان بەرامبەر هەموو بەرهەڵستکارێکی (وجوود)ی خۆیان دەکرد و شەڕی بێئامانیان بەرامبەر هەموو بزوتنەوەیەکی ناو وڵاتی موسڵمانان ڕادەگەیاند، بە هەڵەدا چووبوون، وەکوو هەڵوێست و دژایەتیکردنی بزوتنەوەی (ئەتاتورک)(١) کە کافر و بێدینی بوو.

لەوانەیە ئەو جارەش کە دژایەتیی بزوتنەوەی ئەتاتورکیان کردبێت هەر لەبەر ئەوە بووبێت کە ناوچەکە کۆتا دیاردەی گردبوونەوەی موسڵمانانی لێ بوو لەسەر هەبوونی دەسەڵاتێکی مەرکەزی کە ئاسەوارێکی بێگیانی حوکمی ئیسلامی و ڕواڵەتێکی بەردەوامبوونی (خیلافەت)ی

(١) عادەتەن ئێمەی موسوڵمانە خواویستەکان ناڵێین (ئەتاتورك)، چونکە ئەو وشەیە واتا (باوکی تورکان). مورتەدێکی شەڕانی وا ناشێت ببێتە باوکی تورکی موسوڵمان، ئێمە هەر دەڵێین (مستەفا کەمال).

ئیسلامی بوو، چونکه هەرچەندە ئەو حوکم و دەسەڵاتە (سوڵتانی عوسمانی تـا پـێش ئینقیلابـی یەکەمی عەلمانییەکان ١٩٠٨ و ئینقیلابی دووەمیان ١٩٢٤) هەر چەندە هەر وەکـوو داهۆڵێـک بوو، بەڵام وەکوو سونبولێکی حـوکمی مەرکـەزیی موسـڵمانانە دەناسـێنرا، حـوکمی ئیسـلامیش یەکەمین ڕیسی ئیسلامەکە بوو کە دوای خاوبوونەوەی پسا، هەر وەکوو کـە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئامـاژەی پێـدابوو:(ينقض هـذا الـدينُ عـروةً عـروةً، فأولهـا الحكـم وآخرهـا الصلاة)، واتا: « ئەم دینە ڕیس بە ڕیسی شی دەبێتەوە و ڕیشاڵ ڕیشـاڵ دەبێـت، یەکـەم ڕیسـی حوکمڕانی دەبێت و کۆتاییشیان نوێژەکە دەبێت!».

ئەهلی کیتابی سەردەم (ئیستیعماری ڕۆژئاوا) لەوەدا بـە هەڵـەدا چـوون کـە دژایـەتیی ئـەو بزوتنەوە عەلمانییە دژ بە ئیسلامەیان کرد، بۆیە دواتر وا نەمان، هەڵوێسـتیان بەرامبـەر بزوتنـەوە بێدینیەکانی تری وڵاتی موسڵمانان گۆڕی و وەکوو بزوتنەوەی (ئەتاتورک) دژیان نەوەسـتانەوە، بە پێچەوانەوە پشتیان گرتن و پاراستنیان و هاوکارییان کردن[1]. کەوتنە ناساندنی ئەو بارودۆخ و بزاوت و هەڵوێست و بیروبۆچوون و یاسا و دەستوور و سیسـتم و حوکمڕانیانـە بـەوەی کـە (ئیسلامی)[2]ـن!

ئەو دوژمنە زیرەک و هۆشیارانە چ ئەوانەی ئەهلی کیتـابی سـەردەمن، چ ئەوانـەی بێـدین بـوون، لـە ناوخۆیانـدا هەرچەنـدە نـاکۆک و ڕاجـوێ بـن؛ لـە بەرامبـەر ئیسـلام و دژایـەتیی موسڵماناندا یەکن، هەر بەوەندەی کات و شوێن و قۆنـاغ و حاڵـەتی ناچارییەکـەیان بـڕی کـە

---

(١) وەکو پشتگیریکردنی فەڕەنسا بۆ موحەممەد عەلی پاشـای میسـر، و، بـەریتانیا بـۆ ڕەزا شـا لـە ئێـران و، دوای جـەنگی جیهـانی یەکەمیش پشتیوانی هەموو بزوتنەوە قەومییە لیبراڵییەکانیان کرد و سۆڤیەتیش پشتیوانیی لە چەپیەکان کرد.

(٢) (ئیسلامی)، وەکوو خۆیان دەیانوت مۆدێرن و پێشکەوتووخواز! تا خەڵکەکە وا چەواشە ببێت کە ئەوانیش هەر موسوڵمانن، ئەوە نییە خدێوی تۆفیق و مەلیك فاروق و ئامـانوڵلا خـان و ڕەزا شـا و ... هـەموو نـوێژ دەکـەن و دەچنـە نـوێژی هـەینی! بـەڵام ئـەمان موسوڵمانی عەلەمانین و نایانەوێت دەوڵـەتی دینـی دروسـت بکـەن وەکـوو دەوڵـەتی عوسـمانی بێـت! کە نە ڕۆژئـاوا دەیەوێـت و نە موسڵمانان! درۆش.

ناچار بوون چارشێو (پەچە) لەسەر ڕووی بزوتنەوە کافرەکەی (ئەتاتورک) لا بدەن و بە دوژمنی ئیسلام بیناسێنن؛ هەر کە بە مەرامیان گەیشتن (مستەفا کەمال هەموو سیما و مۆرک و سیفەت و ئینتیمایەکی ئیسلامی لە تورکیادا ئیلغا کردەوە و دوژمنداریێتییەکی زۆر سەختی بەرامبەر ئیسلام ڕاگەیاند[1]) ئەهلی کیتاب و بزاوت و دەوڵەتە بێدینەکان بایاندایەوە سەر مەدحکردنی (ئەتاتورک) و سوور بوون لەسەر ئەوەی کە بە (ئیسلامی) بیناسێنن و بەرگریی لێ بکەن، ئینجا پشتیوانی و بەرگری لە هەموو بزوتنەوەیەکی وەکوو ئەو. ئینجا کە زانیان ئەم پلانەیان کاریگەرە لە تەخدیرکردنی هەستی موسڵمانێتی و دیدیان لێڵ و ڕێشیان وێڵ دەکات؛ کردیانە نەخشەڕێگایەکی نەگۆڕ و لە هەموو وڵاتێکدا کردیانە واقیع و ئیدامەیان پێدا، هەمووشی لە ژێر دروشم و لافیتەی ناوی (ئیسلامی) و نوێخوازیی ئیسلامیانەدا! ئەو بزوتنەوانەی دواتر بە ناوی ئیسلامی و لەژێر دروشمی ئیسلامیدا بۆ هەمان مەبەستی ئیستیعماری هاتنە مەیدان و گەیشتنە دەسەڵات؛ زۆر دژوارتر بوون لە بزاوت و حوکمی (ئەتاتورک)! کاریگەرییان لە پەنهانکردنی ئامانجی ڕیشەکێشکردنی ئیسلام و قەڵاچۆکردنی موسڵماناندا زۆر بوو، بەوەی کە مەبەستیان نەزانرا و لەژێر پەردەی ئیسلامەتیدا هاتنە پێش و دژایەتیی نوخبە موسڵمانەکەیان بە ناوی ترەوە کرد، توانیان نوخبەکە -بەبێ جەماوەرە شەعبیەکە- بخەنە بەر گورزی خۆیان و لە دوژمنداریێتییاندا بێخەم بن، ڕۆژئاواش کە لێیان دڵنیا بوو ڕاپەڕێنەرێکی کوشندەن و بۆ ئەوانیش ملکەچن؛ ئیتر کەوتنە پشتیوانیلێکردنیان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پشتگیریی ئابووری و بڵاوکردنەوەی دید و ڕێی فکری و دابونەریت و بەهای کوفرینی خۆیاندا، دەیان دەزگا و ڕێکخراوی خۆیانیان خستە خزمەتیان و سەدان هۆکاری ڕاگەیاندن و ڕاپۆرتی موخابەراتی و لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی خۆیانیان خستە

(١) لەماوەی (١٩٢٥-١٩٤٥) لە تورکیای عەلەمانیەتدا، دە هەزار مزگەوت و تەکیە ڕووخێنرا و، چل هەزار پێشنوێژ و خەتیب و شێخ و خەلیفە کوژران و، پیتی عەرەبی ئیلغا کرایەوە و، بانگ بوو بە تورکی و تەنانەت مەسینەش قەدەغەبوو تا (١٩٦٩ز)!

بەردەست، تا وایان لێهات خۆیان بوونە سەرچاوەی ئەم ئاڕاستە شەیتانییە[1].

ئـەهلی کیتـاب و بێدینـە فەڕماسـۆنەکان بـە هـەموو شـێوەیەک پشـتگیریی ئـەم بـزاوت و حکومـەت و دەسـەڵاتانەن کـە هـەر بـە نـاوی ئیسـلامی و لافیتـەی ئیسـلامی و دروشـمی ئیسلامیانەوە دوژمنداریێتیی ئیسلام و موسـڵمانان زۆر سەرسـەختانە دەکەن!(ئـەهلی کیتـاب لە ڕۆژئاوا پشتیوانی لە حزبە لیبڕاڵەکان دەکات و، بێدینەکانی کۆمۆنیزم و چـەپیش پشـتیوانی لـە ئینقیلابچیانی سۆشیالیستی دەکەن)، هەردوو لایان -لەسەر هەر خاڵێک ڕاجویێ و ناکۆک بـن- لەسەر پشتیوانیکردنی ئەم بزاوت و حکومەت و دەسـەڵاتە کـافرە شـەیتانیانە یـەکن، بۆیـە بـە هەموو شێوەیەک ڕایانـدەگرن و بـەهێزتریان دەکـەن تـا لـە جیـاتی ئـەوان بـەرەکانی جـەنگی خاچپەرستان بە گەرمی بهێڵنەوە و لە جیاتیی ئەوان شەڕی دژی ئیسـلامەکە بـەردەوام بکـەن! جەنگی خاچپەرسان شەڕێکی ئاشکرا و زەق بوو، لافاوێکی شەڕخوازیی خەتەرناک و ئاشـکرا بوو کە بۆ دژایەتیی ئیسلام و ڕیشەکێشکردنی (ئوممەتە مەلعوونەکە) هاتبوون -بە وتەی خۆیان کە ئوممەتی موسڵمانیان پێ ناوزەد کردبوو-، بەڵام ئێستا دوای ئەو هەموو دیراسات و ئەزموونە زۆرە، شارەزاییەکی تەواویان هەیە، بۆیە نایانەوێت کەس بـە نـاوی دوژمنـداریێتیی ئیسـلامەوە شەڕ بەرپا بکات، بەڵکو بە ناوی ترەوە و لەژێر دروشمی تر. ئەوەی کە خۆیـان پێیـان ناکرێـت دەیکەنە بەرپرسێتیی ئەو کەسایەتی و بزوتنەوە و دەزگا و ڕێکخراو و حکومەت و دەسەڵاتدارە کافر و موڕتەددانەی لە وڵاتی موسڵماناندا هەر بە ناوی ئیسـلامەکەوە ئـەو شـەڕە سـەختە بـێ ئامانە بەرپا دەکەن و سـوورن لەسـەر لادان و ڕادانـی ئیسـلام و ڕیشەکێشـکردنی موسـڵمانان. دژواریی ئەم بەرە (داخلی)یە لەوەدایە کە ئەو خەڵکە ساویلکەیەی خۆیان بە موسڵمان دەزانـن

---

(١) وەکو وەزارەتی ناوخۆی میسر لە سەردەمی هەرسێ تاغووت دا (جمال عبدالناصر و سادات و حوسنی موبارەك) کە دوو وەزیری ناوخۆیان (نەبەوی ئیسماعیل و حەسەن ئەلفی) دوای تەقاویت (خانەنشین)بوونیان؛ لـە وەزارەتـی نـاوخۆی (سـعودیە) بوونـەوە بـە بەرپرسی (مەلەفی ئەمنیی ئیسلامییەکان)! هەردووکیان لە خزمەتی (نایف عبدالعزیز)دا بوون کە ٤٢ ساڵ وەزیری نـاوخۆی سـعودیە بوو! کە لە ٢٠١٢ دا مرد؛ موحەممەدی کوڕی بوو بە وەزیر لە شوێنی!

بەم ناو و لافیتە و دروشمە (ئیسلامی)یە تەزویرە هەڵدەخەڵەتێن و متمانە بەو مورتەددانە دەکەن کە گوایە ئەوەی ئەوان دەیکەن شەڕی ئیسلام نییە، ئەوان دوژمنی دینەکە نین، چونکە خۆیان موسڵمانن!

بەڵکو کێشەیان لەگەڵ ئەو نوخبە ئیسلامییەدا هەیە[1]! لەمەش سەیرتر و دژوارتر ئەوەیە کە زۆر لە داعییانی ئیسلامەکەش -لە وڵاتی موسڵماناندا- لە ڕیزی ئەو خەڵکە ساویلکە و چەواشەکراوەدان! ئەمانیش فریویان خواردووە و پێیان وایە کە ئەو حکومەت و دەسەڵاتدارانە، ئەو پارت و ڕێکخراو و بزاڤانە هەر ئیسلامین! ئەم داعییە ساویلکە خۆشباوەڕانە نەک خۆیان ئەو حکومەت و دەسەڵاتدارانە بە مورتەدد ناناسن، ناشهێڵن بەکافر بناسرێن، چونکە بە موسڵمانیان دەزانن[2]! هەرچەند دەکەن جورئەتی ئەوە لە خۆیاندا شک نابەن بڵێن ئەو دەسەڵاتدارانە مورتەدن و سیستمی حوکم و دەستوور و مەنهەجیان کوفرە و ئاڕاستەکردنیان جاهیلیانەیە! ئامادە نین ڕووی ئەو چەواشەکارییە کەشف بکەن و پەردەی لەسەر هەڵماڵن، ئامادە نین بڵێن ئەو لافیتە و دروشم و ناوە تەزویرە لەودیویەوە دژوارترین کافری شەڕانی خۆی مەڵاس داوە، ناشوێرن و نایانەوێت ئەو خەڵکەی پشتگیر و لایەنگریانن بە سیفەتی حەقیقیی خۆیان بناسێنن کە کافرن و عەبدایەتیی خوای گەورەیان ڕەفز کردۆتەوە و بوونەتە عەبدی ئەو ڕژێم و بزاوت و بەرپرسانە.

هەموو ئەم هەڵوێستانە -هەڵوێستی کافرە لێزانە چەواشەکارەکان و هەڵوێستی ساویلکە

(١) کە بە ناوی (تیرۆریستان)، (فەندەمەنتالیزم)، (ڕادیکالیزم)، (توندڕەو)، (ئیسلامەوی)، (ئیسلامی سیاسی)، (کۆنەپەرست)، (چەقبەستوو) و (تاریکیخواز)ەوە دەیانناسێنن، لە هەموان سەیرتر ئەوەبوو کە بە درێژایی (١٩٢٥-٢٠٠٠ ز) لە تورکیا وەکوو سوکایەتی و گاڵتەکردن بە ئیسلامییەکان؛ پێیان دەوتن (شەریعەتچی)!

(٢) لە دانیشتنێکی سەرکردایەتیی بزوتنەوی ئیسلامیدا پێش ساڵی (٢٠٠٠ز)، ناوی یەکێك لە سەرکردایەتیی یەکێتی هێنرا، یەکێك لە براکان وتی: چیتان داوە لە باسی کافرێکی وا، بچنە سەر بابەتێکی تر، کەچی مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی -کە پێشتر ڕابەری بزوتنەوە بوو (تا ١٩٨٥)- فەرمووی ناشێت پێی بڵێن کافر، من باوکی دەناسم، حاجی فڵان زۆر موسڵمانە! ئەو برایەش وتی منیش سەیدنا نوح دەناسم زۆر موسوڵمانترە، بەڵام کوڕەکەشی کافرە، مەگەر وا نییە؟!

چەواشەکراوەکان- بەربەستی ڕاستەقینە و کۆسپی حەقیقی و فاسڵی نێوان ئەهلی ئیمان و ئەهلی کوفر و شیرک و جاهیلییەتن، ئەم هەڵوێستانەیە کە ناهێڵێت ڕووبەڕووبوونەوەیەکی عەقائیـدیی ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشـکاو ڕابگـەیەنرێت، کـە پێناسـەی شـەرعیانەی دیـد و ڕێ و بـزاوت و هەڵوێست و بارودۆخ و دەسـتوور و سیسـتمی حـوکم و کاربەدەسـتان بکرێـت و بـە خـەڵکی بناسێنرێن. لەم ڕۆشن نەبوون و دیدلێڵییەوە ئەو ناو و لافیتە و دروشـمە تەزویرانـە گـەورەترین پرۆسەی دژوار بەسـەر بزوتنـەوە ئیسـلامییەکانی ڕابـوونی نوێـدا دەدەن، کـە تەخـدیرکردنێتی، دیدلێڵکردن و ڕێ وێڵکردنێتی، ئەنجامی ئەمـەش ڕووبەڕوونەبوونـەوەی ئـەو شـیرک وکـوفر و جاهیلییەتەیە کە لە پشت ئەو لافیتە ئیسلامییە تەزویرانەوە کاری خـۆی دەکـات، بێخـەم و بـە ئەمانەوە حەملەی ڕیشەکێشکردنی ئیسلام و موسڵمانان ئیدامـە پـێ دەدات و ئـەو تـۆزە دیـن و دینداریییەش کە ماوە دەشێوێنێت و پەککەوتووانە دەیخاتە کەنارەوە!

ئەو داعییە ساویلکە چەواشەکراوانە زۆر دژوارترن وەک لە دوژمنە دیار و شـەڕەنگێزەکانی کوفر، دژواریی ئەوان لەسەر ڕابوونی ئیسلامی، لەسەر تاک و کۆ و بزاوتی نوێی ئیسلامی زۆر زیاترە لەگورزی کافرانی شەڕانی، چ ئەوانەی ئەهلی کیتاب و مولحیدن، چ ئەوانەی مورتەدن و لەژێر ناو و لافیتە و دروشمە ئیسلامییە تەزویرەکەدان، کە دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و بـەها و نـەریت و بـزاوت و هەڵوێسـت و یاسـا و ڕێسـا و دەسـتوور و سیسـتمی خۆیـان بـە (ئیسلامی) دەناسێنن و خەڵکە ساویلکەکەش فریو دەخوات.

دژواریی ئەم حاڵەتە هەتا بڵێی زۆر و کاریگەرە، لـە لایەکـەوە توانـا و پیلانگێریـی ئـەهلی کیتابی سەردەم و مولحیدەکان، لە لایەکی ترەوە مورتەددەکانی ژێر لافیتە ئیسلامییە تەزویرەکـە و، لە لای سێیەمەوە جەماوەرە سـاویلکە فریوخواردووەکـە و، سـەرباری هەمووشـیان داعییـە ساویلکە خۆشباوەڕەکان کە سەختترین کۆسپی سـەر ڕێـی ناسـاندنی عەقیدەکـە و حەقیقـەتی واقیعەکە و زەرورەتی ڕووبەڕووبونەوەی جاهیلییەتەکەن!

ئەم دینە کاتێک سەردەکەوێت کە ئاست و پلەی هۆشیاری و پەیبردنی موسڵمانان بە حەقیقەتی دینەکەیان و بە حەقیقەتی جاهیلییەت لە کات و شوێنێکدا لە دڵ و هزر و ویژدانی ئوممەتە عەقائیدییەکەدا بگاتە پلەیەکی دیاریکراو و ئاستێکی تایبەتی قەناعەت؛ ئەو کاتە سەرەتای زاڵبوونی ئەم دینە دەردەکەوێت. مەترسی بۆ سەر ئەم دینە لەوەوە نایەت کە دوژمنی سەرسەخت و بەهێز و کەللەڕەق و شارەزا و مەشقپێکراوی تەواوی هەیە، مەترسی لەم گەورەتر لە دۆستە ساویلکە چەواشەکراوەکانیەوە دێت، کە ئەمەندە سادە دەڕواننە دین و واقیعەکە کە قبوڵیانە کافر و مورتەددی شەڕانی و دژ بە ئیسلام بێ خەم خۆی لە پشت لافیتە و دروشمی (ئیسلامی)یەکی تەزویرەوە قایم بکات و بێخەم تیری ژەهراویی خۆی بهاوێت!

ئەرکی یەکەم کە لە ئەستۆی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستیدایە؛ ئەوەیە کە ئەم ناو و لافیتە و دروشمە (ئیسلامی)یە تەزویرانە کەشف بکەن و بیانناسێنن و فەزحیان بکەن، فەرزی سەر شانیانە کە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست و بارودۆخی جاهیلییەتی ئەمانە دەرخەن، ئەو کەس و لایەنە دوژمنانەش بناسێنن کە ناو و لافیتە و دروشمە (ئیسلامی)یە تەزویرەکەیان بۆ مسۆگەر کردوون و هانیان داون و پشتیان گرتوون، پێویستە لەسەریان ئەو لافیتە و دروشمە چەواشەکاریانە داگرنە خوارەوە.

هەنگاوی دەسپێک و ڕفتاری یەکەمی هەموو بزوتنەوەیەکی ئیسلامی هەر لە سەرەتایەوە ئەوەیە کە ئەو جاهیلییەتە کەشف بکات و ئەو جبە و عەمامە ئیسلامییە چەواشەکارییەی لە سەر بکاتەوە و ڕووت و ڕەجاڵ بیخاتە ڕوو، حەقیقەتی کوفر و شیرک و جاهیلییەتی بناسێنێت و سەرکردە و ئاڕاستەوان و شوێنکەوتووانیشیان بەو وەسفە بناسێنێت کە شەرعییە و لە سیفەتی خۆیان و حوکمی شەرعەوە هاتووە، تا پێشڕەوانی خواویستی و ئەندامانی بزوتنەوە ئیسلامییەکە بەرچاو ڕۆشن بن و بزانن کە بەرامبەر جاهیلییەت وەستاون، ململانێ بەرامبەر کوفر و کافران دەکەن (نەبادا ئیحراج ببن و وا بزانن لە شەڕی ناوخۆ و جەنگی فیتنەدان!).

ئـەم کەشـفکردنەی بـەرەی چەواشـەکاران و داگرتنـی لافیتـە و دروشـمەکەیان و ناسـاندنی حەقیقەتەکەیان، نەک هەر زەروورەت و پێداویستییە بۆ پێشڕەوانی خواویستی و بـەرگریوانانی دینەکـە، بـەڵکو بـۆ خـودی بـەرەی تەزویرچییـەکانیش پێویسـتە، شـوێنکەوتوو و سـەرباز و بەرگریوانانی ئەوانیش حەقیقەتی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی کوفرینی خۆیانیان بـۆ ڕوون دەبێتەوە، لەوانەیە ئەمە ڕایانچەڵەکێنێت و بە هۆش خۆیانیان بهێنێتەوە تا دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خۆیان بگـۆڕن و خـوای گـەورەش حەتمـەن یارمەتیـدەریان دەبێـت، لەوانەیـە ئـەم ناساندنەی بەرەی کوفری ئەوان دوای داگرتنی لافیتە و دروشمە (ئیسـلامی)یە تەزویرەکـەیان ببێتە مایەی تۆبەکردن و گەڕانەوەیان بۆ سەر ڕێباز و بەرنامەی شەرع و قوتاربوونیان لە دۆزەخ و گومڕایی و حەرامخۆری و کوێرەوەری و خراپەکاریی ناو شیرک و کوفر و جاهیلییەتەکەیان، تا بە خۆیاندا بێنەوە و مەسئولیەتی دنیا و قیامـەتی خۆیـان لەسـەر شـانی خۆیـان بێـت، تـا وا نەزانن ئەو چەواشەکاری و تەزویرچێتییەی ئەوانی تێدان ئیسلامەتییەکەیە!

ئەم کەشفکردنە زەروورییە، ئەم داماڵین و ڕاماڵینی لافیتە تەزویرانە پێویستە، ئەمە هەنگاوی یەکەمی هەموو بزاڤێکی ئیسلامییە، ئەگەر لە سەرەتاوە ئەم هەنگاوەی نـەنا، بـە تەئکیـد دواتـر قورس دەبێت لەسەری. لەوبەریشەوە ئـەهلی کـوفرە حەقیقییەکـە -کـە بـە لافیتـە تـەزویرەکان خۆیان داپۆشیوە- لەسەر دوژمنداریێتی و ململانێ و جەنگی بێئامانی خۆیان بـەردەوام دەبـن و بێخەمیش دەبن لە فەزحبوون، ڕێژەیەکی زۆریـش هەڵدەخەڵـەتێنن و وزەیـان بـۆ شـەڕەنگێزیی خۆیان دەخەنە گەڕ!

هەر کەسێک سەرنج بداتە بزوتنەوە کـافرە بێدینییـە شـەڕانیەکەی (ئـەتاتورک) ئـەوەی بـۆ ڕوون و ئاشکرا دەبێت، کە چۆن دوای ئەوەی فەزح بوو، دوای ئەوەی لافیتە و دروشم و نـاوە

(ئیسلامی)یە تەزویرەکەی پێوە نەما، حەقیقەتی کوفر و شیرک و جاهیلییەتەکەی کەوتە ڕوو[1]، دوای فەزحبوونی نەیتوانی لە دەرەوەی تورکیا هەنگاوێک بنێت و لە ناوەوەش کەوتە گرژبوون و پاشەکشە، بەڵام لایەنگرانی لە ئەهلی کیتابی سەردەم کە هەستیان بـە فـەزحبوونی کـافرێتیی (ئەتاتورک) کرد، کەوتنە بەرگریکردن لە (موسڵمانێتی) و (بزاوتە ئیسلامییەکەی)! نووسـەرێکی خاچپەرستی تونـدڕەو بـە فـاک و فیکێکـی زۆر بێشـەرمانەوە، بە چەواشـەکارییەکی زەق و ئاشکراوە بەرگریی لە (ئیسلامی)یەتییەکەی (ئەتاتورک) دەکات! (ویلفرد کـانتۆڵ سـمیث) بـە کتێبەکـەی (ئیسـلام لـە مێـژووی هاوچەرخـدا) هـەوڵی ئـەوە دەدات کـە ئیلحـاد و بێـدینی و کـافربوون لـە (ئـەتاتورک) و بزوتنـەوەی دوور بخاتـەوە، تەنانـەت وا وەسـفی دەکـات کـە (گەورەترین و ڕاستترین بزوتنەوەی ڕابوونەوەی ئیسلامییە لە سەردەمی نوێی مێژوودا)، بڕوانـە ئەم چەواشەکارییە، ئەم بەرگرییە خاچپەرستییە لە بزاوتێکی ڕقن و دڕندەی دژ بە ئیسلام.

ئای موسڵمانانی ئەمڕۆ چەندیان پێویست بەوەیە سروشتی ململانێـی سـەردەم بـزانن چۆنـە، ئای هەر هەموو داعییانی ئیسـلام و پێشـڕەوانی خواویسـتی لـە سەرانسـەری جیهانـدا چەنـد پێویستییان بەم بەرچاوڕوونییە هەیە لە ناسینی بەرەی حەق و بەرەی باتڵدا، هـەروەها زانـین و شارەزابوونی مەڵبەنـدەکانی هێـزی دوژمـن و نەخشـەی چەواشـەکاری و فریودانیـان، چەنـد زەرورییە حەقیقەتی کێشەی کوفر و ئیمان شارەزا بن، تا ئەو میدیا و دەزگـا چەواشـەکارییەی ڕاگەیاندن ڕێیان لێ نەگۆڕێت و دیدیان لێـڵ و ڕێیـان پـێ وێـڵ نـەکات، تـا شـیرک و کـوفر و جاهیلییەتی سەردەمیان لێ نەکرێتە دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست و بـارودۆخ و دەسـتوور و سیستمی ئیسلامی، چونکە دوژمنانی ئەم دینە، ئەمڕۆ و سبەینێش هەر وەکوو دوژمنانی دوێنـێ

(١) ئەمە حەقیقەتە، حزبی جمهوریی مستەفا کـەمال کـە (١٩٢٤-٢٠٠١) حـوکمی تورکیـای کـرد، حزبێکـی تـر بـە خەلفیـەتێکی ئیسلامیەوە (داد و گەشە) بە ڕێبەریی رەجـەب تەیـب ئوردوگـان بەزانـدی و حـوکمی لـە بـن دەسـت دەرهێنـا، ئـەوە (٢٠١٤)یـە و سەرلەنوێ میللەتانی تورکیا داد و گەشەیان بە ڕێژەی ٤٥,٤٦٪ ی شارەوانیەکان هەڵبژاردەوە!

شەڕی ئەم تەوحیدە بەم ئوممەتە دەفرۆشن، دەخوازن ئەم عەقیدەیە بخرێتە کەنار و کاری پێ نەکرێت، ئەم سەرکردایەتییە مورتەددە تەزویرچییە چەواشەکارانە دەزانن خەریکی چین، دەزانن ئەوەی کە بە دەستیانەوەیە و دەیانەوێت لە پێش کۆمەڵگا و دەوڵەتیدا دابنێن؛ بتە، هەر بتە و ناوی (ئیسلامی)یان لێ ناوە! بتە و لافیتە و دروشمی ئیسلامییان بە ناویەوە بەرز کردۆتەوە! بە گوێرەی لافیتە و دروشمی سەردەمە، چونکە جاهیلییەت لە هەموو سەردەمێکدا دەڕوانێت کە چی ڕەواجی هەیە و مۆدێلی زەمانەیە، ئەویش شیرک و کوفری خۆی ئاوا دەڕازێنێتەوە و لافیتەیەکی ئیسلامیی بۆ هەڵدەکات! لەم سەردەمەشدا هەر وایە، لافیتە و دروشمی چەواشەکارانەی تەزویر بە ناوی (ئیسلامی)یەوە بەرز دەکەنەوە، تا خەڵکیان لێ کۆ ببێتەوە، تا گوڕوتینیان تێکەن و بەرگری لەم بتانە بکەن و واش بزانن کە لە جیهاد دان و بەرگری لە دین و شەریعەتی خوا دەکەن! تا لە دینەکە دوریان بخەنەوە و گومڕایان بکەن، ئەم بتانە ئەمەیان مەبەستە، پێشتریش بۆ ئەم ئەرکە گومڕاییە دانرابوون: ﴿وَقَدۡ أَضَلُّواْ كَثِيرٗاۖ﴾ {نوح: ٢٤}. ئەمە ئەرکی شەیتانیانەی هەموو سەرکردایەتی و ئاڕاستەوانێکی جاهیلییە با ناوی دین و تەوحیدیشی لە خۆی نابێت، خۆ قورەیشیش بە ناوی دین و تەوحید و بەها پیرۆزەکانەوە حوکمی جاهیلییەتی خۆیان دەکرد! ئەم بتانە مەرج نییە هەر داتاشراوی بەرد و دار بن، بتی سەردەم دید و ڕوانگەی فەلسەفە و فیکر و حیزب و نەتەوە و چین و کەسە سەرکردەکانە، ئەرکی هەمووشیان دین شێواندن و خەڵک گومڕاکردنە، بە وەستاندنی بانگەوازی خواویستی و بزاڤی حاکمێتیی خوای گەورە، بە ئاڕاستەکردنی دڵ و هزر و ویژدانی خەڵکی دوور لە دینەکەی خوای گەورە.

لەو نەخشە گڵاوانەی تاغووتان بە درێژایی مێژوو -تا ئێستاش- دژی خواویستان بەکاریان هێناوە و دەهێنن؛ نەخشەی برسیکردن و هەژارکردن و مەحروومکردنی موسڵمانانە، کە نیشانەی بێویژدانی و بێبەهایی و دەروون نزمیی دوژمنانی ئیسلامە، لە هەر کات و شوێنێکدا و تا هەموو

شوێنێکی ئەم سەردەمە دوژمنانی وەحی کە بەرامبەر ئەهلی ئیمان وەستابێتنەوە؛ ئەم پلانی برسیکردنەیان لە ڕیزی یەکەمین پلانی جێبایەخی خۆیدا داناوە، ئەمە پێش بانگەوازی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەبوو، پێش کۆچی مەدینەش هەبوو، دوای هەبوونی دەسەڵاتەکەی مەدینەش هەر هەبوو! دووڕووەکان دەیانوت: خێر و چاکە و بازرگانی و کەسابەت لەگەڵ یاوەرانی موحەممەددا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مەکەن و بوواری کاسبییان بۆ مەکەنەوە تا دەوروبەری چۆڵ بکەن و مەشغوڵ بن بە نان پەیداکردنیانەوە! ﴿هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّواْ﴾ [المنافقون: ٧]. لە دەروونی نزم و نەفسی دەنی خۆیانە و وا دەزانن پارە و سامان هەموو شتێکە، لە دیدی لێڵ و هزری کەڕوواویانەوە وا دەزانن ئەگەر ئەوان ڕێی کاسبیکردنیان لە موسڵمانان گرت ئیتر لە برساندا دەمرن! یان ئەوەندە مەشغوڵی دنیا دەبن کە نەپەرژێنە سەر دین و دینداریی و بانگەواز و کۆمەڵکاری! وا دەزانن ژیان هەر پارووە! ئەمە پێشتریش هەبوو، قورەیش لە ساڵانی یەکەمی بانگەوازی ئیسلامەوە گرتیە بەر، موسڵمانەکانی لە شار دەرکرد و پەستاندنیە دۆڵەکانی ئەبو تاڵیبەوە و بۆ ماوەی سێ ساڵی ڕەبەق گەمارۆیان دان و نەیانهێشت کەس بازرگانی و کەسابەتیان لەگەڵدا بکات و بە ژن و ژنخوازیش یان بە خزمایەتی و هەستی هۆزایەتیش کەس تێکەڵیان ببێت[1]. ئەمە پلانی قورەیش و ئەوە نەخشەی دووڕووەکانی مەدینە و ئەوەش نەخشەی کۆمۆنیستەکان لە هەژارکردنی ناوچەی موسڵمانان و دیاریکردنی ژەمی خۆراکیان بەپێی هەوێ و ناسنامەی تایبەت! کە یان دەبێت وا بژین و بمرن، یان دەبێت واز لە نوێژ بهێنن هەرچەندە مزگەوتەکانیشیان لێ سەندبوون و کردبوویاننە بارەگای کۆمۆنیستی یان باڕ و تیاترۆ یان کارگە

---

(١) ئەو گەمارۆ بێبەزەییە سێ ساڵێ ڕەبەقی خایاند، ئەوی بە لایاندا تێدەپەڕی گوێی لە گریان و زریکەی منداڵەکانیان دەبوو کە لە برساندا دەکوڕزانەوە، ئافرەتەکانیان قوماشیان بۆ پینەکردنیش دەست نەدەکەوت، گەڵایان بە پۆشاکە دڕاوەکانیانەوە هەڵواسی. لەو سێ ساڵە ڕەبەقەدا تەنها (١٢ دوازدە) کەس موسوڵمان بوون! کە زەمانی وەحی و سەردەمی ئەو پێغەمبەرە پێشەوا و دڵسۆز و ڕاستگۆیە بوو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، مەگەر ئێستاش لە دنیادا وا نین؟!

و زیندان! ئەمە نەخشەی غەیری ئەوانیشە کە لە هەموو کات و شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا بەرامبەر موسڵمانان کاری پێ کراوە و لەم زەمانەشدا سەختتر بووە، چونکە ئاسانتر دەتوانن ڕێگای کاسبیکردن لە موسڵمانان بگرن[١].

(١) ئێستا کە (٢٠١٤)یە و هەمووان نەخشەی گڵاو دەبینین چۆن پیادە دەکرێت لە چیچان و ئەنگۆشیا (روسیا)، یان سینکیانگ (چین) یان باشووری تایلەند و باشووری فیلیپین (مەندوناو)، یان لە ئایۆدیا و کشمیری هندستان و باڵقان، یان لە سوریا و یەمەن و غەزە و باشوری مەغریب، یان لە ئەفریقای ناوەند و کینیا و ئەنگۆلا، یان لە مالی و نەیجەر و دەیان وڵاتی تر!

## بڕگـەی سـێیەم: دامەزرانـدنی دەزگـای تەزویـری دەوڵەتیـانە بـە نـاوی ئیسلامەوە!

دوای ئەوەی دوژمنانی ئیسلام لە سەدان ڕووبەڕووبوونـەوەی خوێناویـدا لـە سـەرکەوتنیان بەسەر ئیسلام و موسڵماناندا هیوابڕاو بوون، قەناعەتیان زیـاتر هاتـە سـەر ململانێـی فیکـری و سیاسی و قییەمی، ئینجا ئاڕاستەکردنی ئەوانەی لە ناو موسڵمانانەوە دەکەوتنە ژێر کاریگەرییان، دەیانکردنە کۆمەڵ و بزاوتێک و زۆر بەهێزانە پشتیان دەگرتن تا ئەو مەبەستە سەرەکییە بهێننـە دی کە لاوازکردنی ئیسلام و موسڵمانانە، ئەگەر بۆیان لەناو نەبران.

لـەم سەردەمەشـدا جوولەکـەکان و زایۆنیسـتەکان، هـەروەها دیـان و خاچپەرسـتەکان و کۆمۆنیستە فەڕماسۆنە دژ بە دینـەکان شـێوازی بەرەنگاربوونـەوەی ئیسـلامیان گـۆڕی، کـەمتر خۆیان دەهاتنە ڕووبەڕووی ئیسلام و موسڵمانان. ئەمجارە هـەوڵیان دەدا بـە بزاوتـی تەبشـیریی مەسیحیەوانی و، بە ڕەخنە و گومان و چەواشەکارییەکانیان زەمینەیەک بۆ ناحەزانی ئیسلام لـە ناو هەناوی ئوممەتەکەدا دروست بکەن، تا ئەوان کودەتای سەربازیی چـەپی سۆشیالیسـتی و بزاوتی لیبڕاڵی بۆ کەناردانی ئیسلام بگرنـە ئەسـتۆ، بۆیـە زیـاتر ئـەم ڕێگـا پـڕ مـەکر و فێـڵ و خیانەتکارییـەیان گرتـە بـەر کـە پیسـتر و دژوارتـر و کاریگـەرترە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاستەوخۆی موسڵمانان.

پەنایان بردە بەر پێکهێنانی بارودۆخ و سیستم و حکومەتی بێدین لە ناوچەکەدا کە بە ناوی ئیسلام و پۆشاکی ئیسلامییەوە خۆیان دەرخەن، خۆیان ئیماندار نیشان بدەن و نکـۆڵی لـە دیـن نەکەن، ئاوا لەژێر ئەم پەردەی چەواشەکارییەدا هەموو پرۆژەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن. ئەم پلانە نهێنـی نـەماوە، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی کـە (پرۆتۆکۆڵـەکانی سـەرکردایەتیی زایـۆن) و

(ڕاپۆرتی کۆنفراسی مەسیحیەوانی)[1]یەکانیان کەشف بوو، کە ساڵانێکی زۆر تووڵانی خەریکی ڕاپەڕاندنی بڕیارەکانیان بوون.

ئەم بزاوت و حکومەتانەی ئەو لایەنە دوژمنانە لە خاکی موسڵماناندا دیانکوتان، هەر لە سەرەتای حوکمیانەوە ڕایاندەگەیاند کە دوژمنی ئسلام نین و دیندارن، یان لانی کەم ڕێزی دینەکە دەگرن، لە کاتێکدا کە هەر لە دید و تێڕوانینیانەوە تا سیستمی حوکم و دەستوور و یاسایان؛ هەمووی بە غەیری (ما أنزل الله) حوکمیان دەکرد و سوور بوون لەسەر وەلانانی شەریعەتی ئیسلام لە ئاڕاستەکردنی یاسایی کۆمەڵگا و دەوڵەت. هەر زوو دەکەوتنە حەرامکردنی حەڵاڵ و حەڵاڵکردنی حەرام، هەرچی دەیانکردە بەرنامەی خوێندن و ڕاگەیاندن و ئاڕاستەی کۆمەڵگا لە دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و بەها و نەریت؛ هەمووی پێچەوانەی ئیسلامەکە بوو، هەمووی لە هەموو لایەنێکیانەوە دژایەتیی قییەمی ئیسلامییان دەکرد، بە هێزی سیاسەت و سوپا و موخابەرات و ئابووری؛ دەوڵەت و میدیای مەرکەزی و خوێندن و دید و تێڕوانین و پێناسە عەقائیدییە ئیسلامییەکانیان ئیلغا دەکردەوە، یان دەیانخستنە بەر شاڵاوی گومان و ڕاڕاییکردن بەرامبەریان. لە واقیعدا هەموو چالاکییەکی بانگەوازی ئیسلامەکەیان دەوەستاند و چالاکیی کوفریان ئازاد دەکرد و هان دەدا، زۆر وردەکارانە بڕیارەکانی زایۆنییەکان و سەرانی مەسیحەوانییەکانیان ڕادەپەڕاند و مەبەستەکانیان دەکردنە واقیعێکی بەرجەستە، لەوانە هاندانی ئافرەتی موسڵمان لەسەر هاتنەدەرەوە لە ماڵ و کارکردن و

---

(١)یەکەمیان بە ناوی (بروتوکولات حکماء صهیون)ەوەیە کە (عجاج نویهض) کردی بە عەرەبی، هەروەها کتێبی (أحجار على رقعة الشطرنج)ی (ولیم کار). کتێبی مەسیحیەوانییەکانیش زۆرن، وەکوو کتێبی (الغارة على العالم الإسلامي)ی (لو شاتلیه) و کتێبی (التبشیر والاستعمار)ی (مصطفى خالدي) و (عمر فروخ) کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاوکرانەوە، بێگومان ئێستا سەدان دیراساتیان لەسەرە.

تێکەڵکردنی لەگەڵ پیاوان و هاندانی لەسەر منداڵنەبوون یان بەسکردن بە یەک یان دوو منداڵ، پاشان هاندانی لەسەر سفووری و بەرەڵایی تا ببێتە یەکێک لە سەرەکیترین ئامێری ڕماندنی دین و دید و بەها و ڕەوشت، بە ناوی بەرهەمهێنان و سەربەستبوونی ئابووریەوە خستیانە سەر کۆمەڵێک پیشە و بوواری کاری نەشیاو، لە کاتێکدا لە گەنجی بێکار و پیاوی پتەوبەخۆ بە ملیۆنان بێکار کەوتبوون، بەردەوامیش بە گوێی ئەو و کۆمەڵگاکەیاندا دەدا کە موسڵمانە، خۆ موسڵمانێتی هەر بە نوێژ و ڕۆژی نییە! ڕەوشتبەرزی لە دڵدایە! کۆمەڵگاکەش چەواشەکراوانە و مەست و بێهۆش هەر بەخۆی دەوت کۆمەڵگای موسڵمان و کۆمەڵگای ئیسلامی! مەگەر ئەوە نییە خەڵکە چاکەکە هەر نوێژ دەکەن؟! ئەوە نییە مزگەوتەکان پڕن لە نوێژخوێن و ڕۆژانی هەینی جێی کەسی تر نابێتەوە؟!

ئەمما لاکردنەوەی بە لای جەوهەری (لا إله إلا الله)کەوە کە خواناسی و حاکمێتیی خوای گەورەیە، نەک فرەخوایی، ئەمیان وەل کرد و لێ گەڕان زایۆنی و خاچپەرست و تەبشیر و ئیستیعمار و ڕۆژهەلاتناسان ڕێیان نیشان بدەن و، حاکمێتییەکە لە شایەتمانەکەیان بکەنەوە و قەناعەتیان پێ بکەن کە ئیسلام ئیمان و خواپەرستییە، کەسێکیش کە نوێژ نەکات خۆ هەر موسڵمانە مادام باوەڕی بە خوا ماوە! ئاوا ئاڕاستەوانانی کوفری جیهانی وایان لەو خەڵکە ساویلکە چەواشەکراوە گەیاند کە دین؛ پاکی و بەرزی و ڕەفتاری جوانە و، سیاسەتیش؛ فێڵکاری و درۆ و دەلەسە، کەوابوو دین و سیاسەت زۆر لێک دوورن! موسڵمان دەتوانێت بێ سیاسەت و حاکمێتیی شەرعیش دینەکەی خۆی بپارێزێت و موسڵمانانە بژی! ئەگەرچی یاسا و ڕێسا و دەستووری وڵاتەکەی و سیستمی حوکمڕانی و ئاڕاستەی کۆمەڵگاکەی و بارودۆخ و وەزعی گشتیی دەوڵەتیش ئیسلامی نەمابێت، گرنگ ئەوەیە خۆی موسڵمان ماوە و دینەکەی پاراستووە!

بۆ زیاتر گومڕاکردن و وێڵکردن و چەواشەکردنی موسڵمانان؛ کوفری دەرەکی لە زایۆنیزمی

جیهانی و خاچپەرستانی جیهانی و کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی بە شێوەی پەنهان لەملاولا جەنگی ساختەی سارد و گەرم بەرپا دەکات و، دوژمنداریێتیی قەستینە دژی ئەم حکومەت و ئەو دەسەڵات ڕادەگەیەنێت و، ئەگەر پێویستی کرد حەملەیەکی بێ زیانیشی دەکاتە سەر! لە کاتێکدا لە ژێرەوە، بە پەنهان هەموو هێزێکی سەربازی و دیبلۆماسی و موخابەراتی خۆی بۆ ڕاگرتن و مانەوە و بەردەوامبوونی ئەم کوفرە ناوچەییە، ئەم سیستم و حوکم و حاکمە مورتەددانە دەخەنە گەڕ، نەبادا لاواز ببن و بکەون، چونکە ئەوەی ئەم کوفرە ناوچەییە ناوخۆییە بە موسڵمانانی دەکات زۆر لەوە زیاترە کە کوفری دەرەکی ڕاستەوخۆ بە موسڵمانانی دەکرد، ئەوان لە مەدای سێسەد ساڵدا نەیانتوانی ئەوەندە موسڵمان بنبڕ بکەن و ئاوا ئیسلام لە ژیان کەنار بخەن و وەکوو ئەم کوفرە داخلیە لە ماوەی پەنجا ساڵدا بە هەموو موسڵمانانی کرد، حاکمە مورتەددەکانی وڵاتی موسڵمانان زۆر توندتر و سەختتر و خێراتر دید و تێڕوانینی عەقائیدیی ئیسلام و ڕێساکانی ڕەفتار و ڕەوشت و بنەماکانی دابونەریت و ئەحکامەکانی شەرعیان کەناردا و موسڵمانانیان عەقیدەسز کرد، هەست و غیرەتی موسڵمانانەیان لە دید و هۆشدا داماڵی و زووتر توانیان کۆمەڵگا و دەوڵەتیان لەسەر بنەما و ڕوانگە و زەمینەی فەلسەفە کوفرینەکان داڕێژن و بەپێی کوفری دەرەکی ئاڕاستەی حوکم بکەن، بە مانایەکی تری ڕۆشنتر ئەم بەکرێگیراوانەی کوفری دەرەکی زۆر زوو بوونە ڕاپەڕێنەری جیددیی هەموو بڕیارەکانی سەرانی زایۆنیزم و کۆنفراسەکانی مەسیحیەوانی، ئاسان و سووک و لەبار هەموویان جێبەجێ کرد، دوور لە چاوی چاودێریی گەلان و دڵسۆزانی کۆمەڵگا موسڵمانە حەقیقیەکە. ئەما ئەوانەی فریوی دەرەکیان نەخوارد و چەواشەکاریی کوفری ناوخۆ کاریگەریی لەسەر دروست نەکردن، ئەوانەی تەسلیم نەبوون و دید و تێڕوانین و پێناسە عەقائیدیەکانی ئیسلامیان نەگۆڕی، ئەوانەی بە قسەی ئەوقاف و دەزگا و مەلای ڕەسمیان نەکرد و کوفریان بە ئیمان و بەرەڵاییان بە پێشکەوتن نەناساند و ئامادە نەبوون ئەم دەستوور و سیستم و ئاڕاستانە بە ئیسلامی بناسێنن و

لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خواویستیی خۆیان سوور بوون؛ هەموو خرانە بەر حەملەی ڕیشەکێشکردن و شەڕی بێئامان و گرتن و ئەشکەنجەدان و ڕاوەدوونان و مەحرومکردنی خۆیان و کەسوکار و دڵسۆزانیان! بە جۆرەها تۆمەتی سەخیف و هیچوپوچ دایاننە دادگای (سەربازی)ی دەوڵەت و سزای ئیعدام و قورسترین ئەحکامی زیندانییان بۆ بڕینەوە، لە کاتێکدا هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دەزگای ڕاگەیاندنی ئازاد و میدیا نێودەوڵەتییەکان خۆیان کەڕ و کوێر کردووە، دەڵێی ئەم جەنگە بنبڕکارییە سەختە لە کەوکەبێکی تر ڕوو دەدات نەک لەسەر زەمینی ئەمڕۆ[١]!

ئەم جەنگە جیهانییە لەسەر ئیسلامە، ئەم شەڕە بێئامانە دژ بە شایەتمانە، ئەم هەموو حەملەیەی ڕیشەکێشکردنە بەرامبەر داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستییە لە هەموو دنیادا، کەچی موسڵمانە ساویلکەکان وا دەزانن شەڕێکی شەخسییە! یان ناکۆکیی مەزهەبییە! یان ململانێیەکی سیاسی/ئابوورییە و هیچ پەیوەندییەکی بە شەڕی دینییەوە نییە، بەرامبەر بە ئیسلام نییە وەکوو دین! کە دەشبینن خەڵکانێک دیدڕوونن و لە ڕوانگەی عەقیدەکەوە غیرەتیان دەجوڵێت و هەستی جیهاد و بەرگریان دەخرۆشێت، ئەمان ئاڕاستەی خۆسازییان دەکەن! یان بە تاوان و گوناحی گچکەوە خەریکیان دەکەن، دەڵێن خەریکی خۆ پەروەردەکردنت بە، ماڵ و منداڵت ئاڕاستە بکە، خۆ لە گوناح بگرەوە، لە کاتێکدا گوناحی هەرەگەورە کە لادانی حاکمێتیی خوای گەورەیە؛ زەقە و، دەسەڵاتدارە و بە کەیفی خۆی شیرک و کوفر بڵاو دەکاتەوە! دەڵێن لە تاغووت گەڕێ و هەقی سیاسەتت نەبێت و حوکم وەل بکە، مەهێڵە ئەندامانی خێزانەکەت شەڕاب بخۆنەوە! لە کاتێکدا کە دینەکە لە بناغەوە هەڵتەکێنراوە، حەقیقەتی موسڵمانبوون و شایەتمان ئیلغا بووەتەوە، دەسەڵاتی شەرع کەنار خراوە، ئەو

(١) کەسمان پێویستیمان بە نموونەهێنانەوەی هەمان حاڵەت نییە، لە سەردەمی ئێستای ئێمەشدا کە دوای پەنجا ساڵ لەو قسانەی سەییدی ڕەحمەتی هاتووین. ئەو (رحمە اللە) لە (١٩٦٦/٨/٢٩)دا ئیعدام کرا، لەعنەتی خوا لە بکوژانی.

تاغووتەی موسڵمانان فەرمانیان پێ دراوە تەکفیری بکەن و شوێنی نەکەون؛ حاکمی موتڵەق و دەسەڵاتداری کول فی کولە و ئاڕاستەی هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەت بە کوفر و شیرک دەکات!

جولەکە زایۆنیزمەکان و دیانە خاچپەرستەکان لە خۆشییاندا پێکی سەرکەوتن هەڵدەدەن، چەپڵە لێدەدەن و لە خۆشیی سەرکەوتنی نەخشە و پلان و پیلانەکانیاندا ئاهەنگ دەگێرن و سەما دەکەن، چونکە دەبینن ئەوەی بە شمشێر و هەموو هێزی شەڕی بێئامانیان بۆیان نەهاتە دی؛ وا لەبەرچاویان بۆتە واقیع و هاتۆتە دی، بێ ئەوەی دڵۆپەیەک خوێنیان بۆ ڕشتبێت، ئەوەی نەیانتوانی بە بێدینی (ئیلحاد) بیهێننە دی؛ وا بە تەبشیر و ڕۆژهەڵاتناسیی هێنایانە دی، ئەوەی کە بە خۆیان جێبەجێ نەکرا ئەوەتا بەهۆی شوێنکەوتووە ئاڵقە لە گوێکانیانەوە جێبەجێ کراوە، ئا لەم کاتانەدا کە حەز دەکەن ئەو مورتەدد و ئاڵقە لە گوێ و چەواشەکارە ناوچەییانە خەڵات بکەن، بەڵام ناوێرن لە کاردانەوەی موسڵمانان و بەهۆشهاتنەوەی جەماوەرە ناحاڵییەکە دەترسن، بۆیە لەجیاتیی مەدحی ئەوان زیاتر حەق دەکوتن، زیاتر گومان دروست دەکەن، ڕەخنە لە موسڵمانە زیندانی و ئەشکەنجەدراوەکان دەگرن کە گوایە ئەوان ئیستیعابی زەمانی نوێ ناکەن و دەمارگیرن و دژی نوێخوازیی دینین!

ئەمانە هەموویان -کوفری دەرەکی و کوفری ناوەکی- دوژمنی ئیسلامن، ڕقن و کوشندە و ستەمکارن، لە دژایەتیی موسڵماندا بێ بەزەیی و بێ پەیمان و بەڵێنن. لەو کاتەی نوخبە عەقائیدییەکەی ئوممەت لە وڵاتێکدا دەکەوێتە ژێر حەملەی ڕیشەکێشکردن، هەموویان حەز بە فەوتانی تەواویان دەکەن، بۆیە هەریەکەیان بە جۆرێک ئیدامە و ئاڕاستەی حەملەکە دەکات، بە شمشێر و بازوو بێت، یان چەواشەکاری، یان بە ڕەخنەی ڕماندن، بەڵام ئومێد بە خوای گەورەیە. متمانەی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی بە خوای خاوەنە، دوژمنان پیلان دەگێڕن و خوای گەورەش پووچەڵی دەکاتەوە، دوژمنان دەخوازن دینەکە مەفح بکەنەوە، بەڵام

خوای گەورە موژدەی تەشەنەکردنی داوە و بەڵێنی پاراستنی بانگەوازەکە و ئیماندارانی داوە، ئەوە خوای کردگار و ئاگادارە کە دەفەرموویت: ﴿وَقَدۡ مَكَرُواْ مَكۡرَهُمۡ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكۡرُهُمۡ وَإِن كَانَ مَكۡرُهُمۡ لِتَزُولَ مِنۡهُ ٱلۡجِبَالُ ٤٦ فَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخۡلِفَ وَعۡدِهِۦ رُسُلَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٖ ٤٧﴾ {إبراهيم: ٤٦ – ٤٧}، واتا: «ئەوان فێڵ و چەواشەکاریی خۆیان کرد، خوای گەورەش ئاگادارە لێی و بەدڵنیاییەوە پووچەڵی دەکاتەوە و ناهێڵێت فاک و فیکیان ئەنجام بە دەست بهێنێت، هەرچەندە پلان و پیلان و فێڵکارییان ئەوەندە بەهێزیش بێت کە چیا لە بن بهێنێت و ڕایدا! هەرگیزاوهەرگیز وا نەزانیت خوای گەورە بەڵێنی ناباتە سەر کە بە نێرراوانی خۆی داوە، خوای گەورە دەسەڵاتدارە و تۆڵە ئەستێنە». ئەمە پەیمانی ئەکیدی خوای زانا و دانا و بە ئاگایە، خوای خاوەنی موسڵمانان، ئەم بەڵێنە بە دڵنیاییەوە دێتە دی، بەڵام بۆ موسڵمانان، بەو مەرجەی موسڵمانانە بۆ خوا سوڵحابن و بەپێی دینەکەی بژاوت و هەڵوێستیان گرتبێتە بەر، ئەمە تەنها ئەوە لە موسڵمانان دەخوازێت دینداریتییان سەرڕاستانە بێت، دەی سا با موسڵمانان جارێک ئەمە تاقی بکەنەوە، با جارێک سەرڕاستانە بۆ خوا بسوڵحێن داخۆ چۆن سەرکەوتنی ئەکیدیی خواییان پێ دەگات، جا دەبینن لایەنگرێتیی خوای گەورە بۆیان چەند خێرا و پڕاوپڕ و کاریگەر دەبێت.

## بڕگەی چوارەم: حەملەی ڕیشەکێشکردنی موسڵمانان

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ ﴿٨﴾ اشْتَرَوْا بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا عَن سَبِيلِهِ ۚ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٩﴾ لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾﴾ [التوبة: ٨ – ١٠]، واتا: «چ ماف و پەیمانێکیان لای خوای گەورە دەمێنێت کە ئەوان ئاوان، ئەگەر دەستیان لێتان گیر ببێت و بەسەرتانا زاڵ بن، هیچ پەیمان و ڕێککەوتن و بەڵێنێک ڕەچاو ناکەن، هەر بە قسە هەوڵ دەدەن ڕازیتان بکەن، پەیمانتان لەگەڵدا دەبەستن، لەگەڵتاندا ڕێک دەکەون، بەڵام ئەوە لەو کاتەیاندا کە نەکەوتوونەتە بن دەستیان و دەسەڵاتیانتان بەسەردا نەشکاوە، بۆیە دەخوازن هەر بە قسە ڕاییتان بکەن، چونکە لە دڵدا دۆستایەتیی ئێوە و بەڵێن و پەیمان بەستنیان لەگەڵتاندا پێ ڕەفزە، زۆرینەیان لادەر و مونحەریفن و لە حەق لایانداوە، لەبەر خاتری دەسکەوتێکی کەمی دنیایی ئاوا پشتیان لە دینەکە کردووە و بە پەیمانێکیشەوە پابەند نابن کە ناوی خوایان بۆ جەختلێکردنەوەی تێدا هێناوە، هەر لەبەر ئەو پشکە کەمە دنیاییەش ئاوا بەرەنگاریی ڕێباز و بانگەوازی خوای گەورە دەکەن و دژت دەوەستنەوە، بەڕاستی ڕەفتارێکی ناڕەوا و ناپەسەند ئەنجام دەدەن». نەحاسی لێکدەرەوەی قورئان دەفەرموویت: "تا ئێرە مەبەستی گشتیی موشریکەکانە، کە دێتە سەر هەمان هەڵوێستی جوولەکەکان؛ دەفەرموویت: لە بەرامبەر هیچ جۆرە ئیماندارێکدا هیچ جۆرە پەیمان و ڕێکەوتنێک ڕەچاو ناکەن، کە دەبوو مادام ئەهلی کیتابن ڕێز لە ئیمانداران بگرن چ جای ئەوەی پەیمانشکێنیان بەرامبەر بکەن و غەدریان بەرامبەر بنوێنن، بەڕاستی ئەوانە دەستدرێژیکار و سنووربەزێنن"[1].

تاغووتان و ئەهلی شیرک و کوفر بە درێژایی مێژوو هەڵوێستیان لە موسڵمانان چی و چۆن

(١) الشوکانی: فتح القدیر (١/ ٨٦٣).

بووە؟ هەڵوێستی موشریکان بەرامبەر سەیدنا نووح و هوود و ساڵح و ئیبراهیم (سەڵات و سەلامی خوایان لێ بێت) چیان بەرامبەر جەنابیان و ئیماندارەکانی شوێنکەوتوویان دەکرد؟! پاشان ئەهلی شیرک و کوفر لە سەردەمی کۆتا پەیامی وەحیدا چییان بەرامبەر پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) و یاوەرانی کرد؟! هیچ پەیمان و ڕێکەوتن و بەڵێنێکیان وەلدا ڕەچاو نەدەکرد، هەرکاتێک دەستیان دەگەیشتە هەندێکیان هەموو پەیمانێکی جاهیلیی ناوخۆیان (دەربارەی مافی مرۆڤ) یان خاڵی ڕێکەوتنەکانی خۆیانیان بەرامبەر موسڵمانان ڕەچاو نەدەکرد و هەر کە هەستیان دەکرد بۆیان لەواوە ئازاری پێغەمبەری خوایان (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەدا و هەوڵی تیرۆرکردنیان دەدا! قورئانی پیرۆز بە شێوەی خۆی هەڵوێستی هەموو دەسەڵاتدارانی کوفر و ملهوڕانی شیرکی بەرامبەر بانگەوازی خواویستی باس فەرمووە.

- مێژووی سەردەمیش سەدان نیشانە و بەڵگەی واقیعیمان لە دید و هەڵوێستی ئەهلی شیرک و کوفر دەخاتە پێش چاو، ئەوەی بتپەرستەکانی هیندستان -لە کاتی دامەزراندنی پاکستاندا- بەسەر موسڵمانانیان هێنا هیچی کەمتر نییە لەوەی تەتەر و مەغۆل لە (٦٥٦ ک)دا بەسەر موسڵمانانیاندا هێنا. هەشت ملیۆن موهاجیری موسڵمان کە لە ترسی هێرشە دڕندانەکانی داروبەردپەرست و موشریکانی هیندستان بڕیاریان دابوو بۆ پاکستان کۆچ بکەن، بە درێژایی ڕێگای هیجرەتیان لێیان دەکوژرا، تا سێ ملیۆن کەسیان گەیشتنە پاکستان! پێنج ملیۆن کەسی موسڵمان لەو ڕێگاوبانانەدا بە دڕندانەترین شێواز دەکوژران و جەستەیان فڕێ دەدرایە لاڕێ تا قەل و داڵ بیانخوات! لە مەسافەی هەموو ئەو ڕێگا تووڵانیەی نێوان شارەکانی خۆیان تا پاکستان؛ تیمە وەحشیەکانی موشریکەکانیان لێ پەیدا دەبوو، بەو هەموو شێوە پڕ ناسۆر و ژان و کەساسیە ئیبادە دەکران. حکومەتی هیندستان دەیزانی چەند کەس و لە چ شار و گوندێکەوە هیجرەت دەکەن، بکوژانیش شوێنکەوتووی زۆرینەی بەرپرسە ڕقنەکانی حکومەت بوون، هەموو چەکدار بوون، پارەدار بوون و موسڵمانانیش بێ چەک و بێ کەس و هەژار و نەدار،

جاری وا هەبوو کە کۆمەڵێک موسڵمانانیان لە ڕێگایەکدا دەگرت، هەر هەموویان بە دڕنـدەترین چۆنییەتی دەیانکوشتن، بە زیندوویی لەتلەتیان دەکردن، ئەوەی ئەوانە بەسەر ئەو موسڵمانانەیان هێنا کەمتر نەبوو -ئەگەر دووبەرابەری ئەوە نەبووبێت- کە تەتەر بەسەر موسڵمانانی بەغدادیـدا هێنا.

یەکێک لەو ڕووداوە پڕ ئەسەر و کەسەر و کارەساتانەی بەسـەریاندا هـات، ئـەوە بـوو کـە حکومەتی هیندستان بڕیاریدا ئەو فەرمانبەرانەی دەوڵەت کە دەیانەوێت بۆ پاکسـتان هیجـرەت بکەن بە شەمەندەفەر دەیانگوێزێتەوە، پـەنجا هـەزار کارمەنـد و فەرمانبـەری ڕەسـمی خۆیـان ناونووس کرد، لە کات و شوێنی دیاریکراودا سواری شەمەندەفەر بوون کـە بـەپێی ڕێکـەوتنی هەردوو دەوڵەتی هیندسـتان و پاکسـتان (لـە مـانگی ١٩٤٧/٩ دابـوو) ڕێگـای گواسـتنەوەیان دیاری کرابوو، ئەم پەنجا هەزار فەرمانبەرەی لەو شـەمەندەفەرەدا بـوون لـە ناوچـەی (مەمـەڕ خەیبەر)ی نێوان هەردوو وڵاتدا شەمەندەفەرەکە بە تونێلدا تێپەڕی، کە لەوسـەری تونێلەکـەوە دەرچوو، غەیری جەستەی لەتلەتکراو و خوێن و پارچە لەشی کوژراو هیچی تری تێدا نەبوو! هەر هەموو ئەو پەنجا هەزار فەرمانبەرە موسڵمانە موهاجیرە لەو توونێلەدا سەر بڕان و کوژران! چونکە مەفرەزە ڕقنـەکانی شـیرک و کـوفری هیندسـتان -کـە مەشـقی تایبـەتیان پـێ کرابـوو- شەمەندەفەرەکەیان لەناو تونێلەکەدا وەستاند و ئەو قاسـابخانە پـڕ ناسـۆرەیان بـۆ ئـەو پـەنجا هەزار فەرمانبەرە بێ کەسە ساز کرد! بێ ئەوەی ڕەچاوی هـیچ پـەیمان و بـەڵێنێک بکـەن، بـێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ ڕێکەوتنی نێـوان حکومـەتی هـەردوو وڵاتەکـە بکـەن! مەگـەر ئەمـە واقیعێکی تری هەمان ئایەت نییـە کە ڕەفتـاری دوژمنـانی ئیسـلام بـاس دەکـات : ﴿كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً﴾؟!

- لەو کارەساتانەی تر کە هەر لەو کاتەدا بەسەر موسڵمانانی هیندستاندا هات کە بەتەواوی و بە مانای وشە قڕ دەکران؛ ئەو ڕووداوە پڕ کەسەرانە بوو کە بەسـەر موسـڵمانانی بـەهراتپوور

(١١٠٠٠٠ کەس) و، ئەلوار (٢٥٠٠٠٠ کەس) و، کاپورتالا (٢١٣٧٠٤ کەس) بوون. هەر هەموو کوژران و کەسیان لێ دەرنەچوو! ئەوانەی بە ڕەسمی ناونووس کران و زانرا کە کوژراون تەنها لە پەنجاب لە مانگی (١٩٤٧/٨)دا گەیشتبووە (٤٧٢٠٠٠ کەس)! ئەمە تەنها لە یەک شوێن و لە یەک مانگدا ئەو کوژراوانە حسێب کراون و بە ڕەسمی حکومەتی هیندستان تۆماری کردبوون!

- ئەما ئەوەی کۆمۆنیستانی ڕوسیا بەسەر موسڵمانانیاندا هێنا دەیان جار بەرابەری کارەساتەکەی تەتەرە لە بەغدا، یان ئەوەی کۆمۆنیستانی چین بەسەر موسڵمانانیاندا هێنا کە تەنها لەم دوو وڵاتە (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن موسڵمانیان کوشت، ساڵی ملیۆنێک[1]! کە دواتریش لە هەردوو وڵات هەر بەردەوام بوو، حەملەی ڕیشکێشکردن و قڕکردن، لەگەڵ ئەشکەنجە و شێوازی پڕ ناسۆری کوشتن دا.

- بەلشەفیەکان (حزبی زۆرینەی کۆمۆنیزم) قڕکردنی موسڵمانانیان زۆر (زیرەکانە) ئەنجام دەدا، نەیاندەهێشت هیچ هەواڵێکیان دەرچێت، پیلانەکانیان زۆر نهێنی بوو، تا ئەو کاتەی توانا و دەسەڵاتیان کامل کرد، هەر دروشمی جوان و پەسەندیان لا خەڵکی بڵاو دەکردەوە، خۆیان بە دڵسۆزانی گەلان -بەتایبەتی چینی هەژار و کرێکار- نیشان دەدا، سوور بوون لەسەر ئەوەی لە دەرەوەی وڵات ئاشتیخواز دەرکەون، تا بەرهەڵستیی دەرەکیان لەسەر کەمبێتەوە. لە ساڵانی یەکەمی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیاندا کەوتنە بڵاوکردنەوەی شانەکانی ڕێکخستنی حزب بە هەر هەموو وڵاتدا، دواتر فەرمانیان بە هەموویان دا دژی دین بووەستنەوە و توندوتیژ بن لەگەڵ دینداراندا تا دین و دینداری لە وڵاتدا مەفح دەکرێتەوە. ئەمە بوو بە نەخشەی وردەکار و ڕیاەڕاندنیشی کوێرانە دەستی پێ کرد. سەرەتا کەوتنە قەڵاچۆکردنی موفتی و قازی و مەلاکان،

---

(١) دوای ساغکردنەوەی ئامارەکان دەرکەوت کە (٢٢) ملیۆن موسوڵمان لە ڕوسیا و (١٧) ملیۆن موسوڵمان لە چین قڕ کران!

ئینجا مامۆستا و ئامۆژگار و داعی و حاجی و شێخ و سۆفیەکان، ئینجا مزگەوتەکانیان داگیر کرد و لە هەموو وڵاتی موسڵمانان‌دا کە کەوتبووە بەردەستیان -بەتایبەتی قیرم- هیچ ئاسەوارێکی دادگای شەرعی و مەڵبەندەکانی فەتوایان نەهێشت، مزگەوتە گەورەکانیان کردە شانۆ و گچکەکانیان کردە خانی ئەسپ و گەوڕی مەڕوماڵاتی فۆلخۆز (حکومی) یان گەنجینە (مەخزەن)ی دانەوێڵە، یان یانەی سەما و سینەما و دەیان (چالاکی)ی تر کە نە لە هیچ شەرعێکدا هەبوو نە لە یاسادا. لە هەموو ناوچەی موسڵمانان‌دا قورئان و کتێبە دینیەکانیان کۆ دەکردەوە و لە ناوەندی شارەکاندا دەیانسووتاندن. ئەوەی بەلشەفیەکان کردیان لە هیچ سەدەیەکی هەمەجیدا نەکراوە، هەرچی ئاسەواری ئیسلام هەیە سڕیانەوە، ئەو مزگەوتە مێژوویانەش کە دواتر وێنەیان بڵاوکرایەوە کە گوایە ئەوە ڕاست نییە کە موسڵمانان چەوسابنەوە و مزگەوتەکانیان ڕووخێنرابێت؛ هەموویان مزگەوتی دیاریکراو بوون و لە مۆسکۆوە تەعلیمات بۆ ناوچەکان هاتبوو کە فڵان مزگەوت و فیسار گۆڕستان یان مەرقەد و تەکیە بپارێزن! بۆ ئەوەی ببنە مایەی پاڵانتە و ڕیکلامی کۆمۆنیستی کە ڕێز لە باوەڕی تاکەکەسیی خەڵکی دەگرێت!

- لە هەموو وڵاتی (قیرم)[1]دا (بۆ نزیکەی بیست ساڵ) بانگ نەبیسترایەوە! ساڵی (١٩٣٨) لوتکەی چەوساندنەوەی موسڵمانانی ئەم وڵاتە بوو، هەرچی وانەی قورئان و کتێبی دینی هەبوو هەمووی سووتێنرا، هەر هەموو قوتابخانەکانی کرانە قوتابخانەی کادیری کۆمۆنیستی، هەموو

(١) ئەمە هەر ئەو (قیرم)ەیە کە ئێستا لە ناو باسی هەواڵەکاندایە بە ناوی نیوەدورگەی (Krymski) یان (Crimea) لە باشووری ئۆکرانیا لەسەر دەریای ڕەش. لە ساڵی (١٩٥٤)دا خرۆشۆفی سەرۆکی سۆڤیەت کە خۆشی ئۆکرانی بوو، لە کاتی سەرخۆشیدا بڕیاریدا و قیرم درا بە ئۆکرانیا، ئێستاش وا ڤلادمیر پۆتینی سەرۆکی ڕوسیا لە (٢٠١٤)دا بە زۆر خستویێتیەوە سەر ڕوسیا، لە کاتێکدا کە تا ساڵی (١٩٣٨) بۆ ماوەی پێنجسەد ساڵ ئیسلام حوکمی دەکرد، لە ساڵی (١٩٣٨)دا پێنج ملیۆن کەس بوون و حکومەتی ئیسلامیان هەبوو! ئێستا تەنها (٢٥٠٠٠٠) موسوڵمانی لێ ماوە!

زانا و شەرعناس و شێخ و مەلاکانیان کوشتن، ملیۆنەها موسڵمانیان نەفی کرد بۆ سیبریا، لە شاری (کۆزلۆ) لە شەوێکی تاریکستانی (١٩٣٨)دا کۆتا وەجبە مەلا و شەرعناسی وڵاتیان دەستگیر کرد، دوای چەند ڕۆژ ئەشکەنجە و ئازار هێنایانن بۆ ناوچەی (مۆدا کەناڵ) کە لەسەر کەناری دەریای ڕەشە و شوێنی پاڵفتەکردنی ئاو و جوێکردنەوەی ئاوی زێراب و ئاودەستەکانی شارە؛ لەوێ کرێکارەکانیان ناچار کرد کە دەبێت یەک یەکی ئەم مەلایانە بخەنە ناو مەکینەکانی بەردەستیانەوە! ئاوا هەر هەموویان لە قیمە دان! ئێستا هەندێک لەو کرێکارانە موهاجیرن و مافی پەناهێندەییان لە تورکیا و وڵاتانی ئەوروپا وەرگرتووە، هەر ئەوانیش ئەم هەموو بەسەرهاتە کارەساتانە دەگێڕنەوە کە لە ناوچەکانی خۆیاندا لە کۆمۆنیستەکانیان بینین.

- ئەمەی لە (قیرم) ڕوویداوە بە وهەموو جۆرە ناسۆرەیەوە ناگاتە ئەوەی بەسەر موسڵمانانی تورکستانی ڕۆژهەڵات و تورکستانی ڕۆژئاوادا هات کە (٤٤) چل و چوار ملیۆن مرۆڤ لێی دەژیا، لە دوای حەملەی قڕکردنە ڕەسمیەکە لە هەموو سۆڤیەتدا بیست و شەش ملیۆنیان لێ مایەوە!

با لێگەڕێین یەکێک لە نووسەران و توێژەرەوەی ناوچەکە خۆی باس لە هەندێک لەو مومارەسە دڕندانە بکات کە کۆمۆنیستیی سۆڤیەتی لە تورکستانی ڕۆژئاوا و کۆمۆنیستیی چینی لە تورکستانی ڕۆژهەڵات (ئێستا پێی دەوترێت سینکیانگ یان شینکیانگ، کە میللەتی ئیگۆری موسڵمانی لێ دەژی و تا ئێستاش بە پیتی عەرەبی دەنووسن!). ئەم نووسەرە بەڕێزە مامۆستا (عیسا یوسف ئەلب تەکین)ە کە نووسەری کتێبی (المسلمون ورآء الستار الحديدي)یە و لە چەند بەشێکی کتێبەکەیدا باس لە شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی موسڵمانان دەکات بە دەست ئەندامانی حزبی کۆمۆنیست و کاربەدەستانی حکومەتی سۆڤیەتی. دەفەرمووێت: "بێ گومان ئێمە هەندێکیان لێرەدا ناهێنینەوە لەبەر ئەوەی ئەوەندە سەخیفانە و بێشەرمانەیە کە خاوەن دابونەریتی پارسەنگ و دامەزراو پێی شەرمە ناوی بهێنێت و لەسەری بدوێت، هەر

هەندێک لەوانە دەخەینە ڕوو کە ئادابی مرۆڤایەتی ڕێ دەدات باس بکرێت:

١- داکوتانی بزماری درێژ بە تەوقی سەردا، تا دەگەیشتە مێشک.

٢- ڕشتنی بەنزین یان نەوت بەسەر ئەشکەنجەدراوەکەدا و ئاگرتێبەردانی.

٣- دانانی گیراوەکان بە نیشانی دەست ڕاستیی ڕەمیکردن و مەشقکردن لەسەر کوشتنیان بەو جۆرە.

٤- زیندانیکردنیان لە ژووری قەپاتکراوی بێ ڕووناکی و هەوا، بێ خواردن و خواردنەوە، تا دەستەجەمعی دەمردن.

٥- لەسەرکردنی خودە (کلێوی سەربازی)ی ئاسنین و ئالێندنی تەلێک لە هەموویان و پاشان کارەبالێدانی تەل و خودەکان پێکەوە.

٦- بەستنەوەی سەر بە مەکینەیەکەوە و جەستەش بە مەکینەیەکی تری بەرامبەرەوە کە بە پێچەوانەوە دەخولانەوە یان لێک دووردەکەوتنەوە، تا بەو شێوەیە و زۆر لەسەرخۆ سەریان لە جەستە جوودا دەکرایەوە.

٧- سوورکردنەوەی پارچە ئاسن و داخکردنی جەستەی گیراوەکان پێی.

٨- ڕشتنی ڕۆنی قرچاو (زۆر گەرم) بەسەر سەر و جەستەی گیراوەکاندا.

٩- داکوتانی بزمار و دەرزی درێژی (گرامافۆن) کە وەکوو شوژنی درێژە؛ بە هەموو ئەندامانی دەرەکیی جەستەدا.

١٠- داکوتانی پەنجەکانی دەست بە بزمار بە درەختەوە، یان بە تەختەداری تایبەتکراوەوە بەو کارەوە.

١١- بەستنەوەی زیندانی بە قەرەوێڵەکەیەوە و وەلکردنی بەو حاڵەوە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ.

١٢- ناچارکردنی گیراوەکان لەسەر خەوتن لەسەر قاڵبە سەهۆڵ بە ڕووت و قووتی لە چلەی زستانی ساردی وڵاتدا.

١٣- ڕاکێشانی چەپکە قژ لەناکاو تا بە پێستەکەیەوە هەڵکەندرێت.

١٤- دروستکردنی شانەی ئاسنین بۆ هێنانی بە جەستەی گیراوەکاندا تا پێستیان پێ داماڵێت.

١٥- بەستنەوەی مەحکەمی هەر چوار پەل و جەستە و، پاشان ڕۆکردنی بەنزین و مەوادی کیمیاوی و سووتێنەر بە گەروو و چاو و لووت و گوێیاندا.

١٦- پاڵخستنی گیراوەکە لەسەر سەر و، بەستنەوەی مەحکەمی چوارپەل و جەستەی و، دانانی تاوێرە بەرد یان بارستایی قورس لەسەر پشتی.

١٧- هەڵواسینی گیراوەکە بە سەقفی ژورەکەوە و وەلکردنی تا شەو و ڕۆژێک یان زیاتر و کەمتر.

١٨- دارکاریکردنی گیراوەکە دوای بەستنەوەی بە حەیزەرانێک کە بزماری پێدا چەقێنرابوو.

١٩- دارکاریکردنی گیراوەکە بە شوڵکی تەڕ و کێبڵ و دار، پاشان بڕینی ئەو شوێنانەی شین و مۆر دەبوونەوە!

٢٠- کونکردنی جەستە و داخڵکردنی پەتی گرێیاوی لە کونی برینەکە و پاشان ڕاکێشانەوەی دوای ڕۆژ و دوو ڕۆژ کە دەبووە مایەی هەڵدڕینی برینەکە و قوڵکردنی زیاتری.

٢١- بۆ ئەوەی گیراوەکە هەر بە پێوە بمێنێتەوە؛ گوێچکەیان بە دیوارەکەوە بزمارڕێژ دەکرد!

٢٢- زیندانگرتنی گیراوەکان لە زستاندا لە بەرمیلە ئاوی ساردا کە جەستەیانی دەبەست.

٢٣- دوورینی پەنجەکانی دەست پێکەوە، هەروەها پەنجەکانی پێ.

٢٤- ئەمما ئەشکەنجەی ئیزافیی ئافرەتان کە زیاتر بوو لەمانە و دوای ڕووتکردنەوە و خراپەکاری؛ بە شوڵکی تەڕ و کێبڵ لە سەری مەمک و سنگیان دەدان. ئەمما ئەشکەنجە تایبەتیەکانی تریان ئەوەندە بێ ئەدەبانەیە کە باسکردنیشیان شەرمە، پێم شورەییە، ڕووم نایەت باسیان لێوە بکەم"[1].

- پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر لە تورکستانی موسڵمان لە چین (کە پێی دەوترێت سینکیانگ)، ئەوەی کۆمۆنیستان بەسەر موسڵمانانی ئەوێیان هێنا چەندین بەرابەر لە ناسۆرەکانی تەتەر و مەغۆل زیاتر بوو. یەکێک لە ڕێبەرانی موسڵمانیان دەستگیر کرد و لەسەر ڕێگای گشتیی خەڵکەکە چاڵێکیان بۆ هەڵکەند و خستیانە ناویەوە، پاشان لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا یەک یەکی موسڵمانەکانیان ناچار کرد کە دەبێت پیساییەکانی خۆیان بهێنن و بیکەن بەسەر ئەو ڕێبەرەی خۆیاندا! سێ ڕۆژ وایان کرد تا چاڵەکەیان لێ پڕکرد و تێیدا خنکا!

- یوگوسلاڤیای کۆمۆنیستیش هەر وای لە موسڵمانان دەکرد، ملیۆنێکی لێ قڕ کردن، بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم و دواتریش هەر بەردەوام بوو. (ئەوانیش وەکوو نازیەکان بەرامبەر جوولەکەکانی ئەڵمانیا) موسڵمانانیان دەستە دەستە دەهێنا و دەیانکردنە ناو مەکینەی قیمەکردنەوە، تا وەکوو گۆشتی (بۆبۆلیف) لەوسەرەوە خوێن و گۆشت و ئێسقانی هاڕراو دەرچن!

---

(١) لە کتێبی (دراسات إسلامیة)ی سید قوتب خۆیەوە وەرگیراوە. من (کرێکار) وەرم نەگرتووە، لە ئەسڵی تەفسیرەکەدا هەیە.

- ئـەوەی لەیوگوسـلافیا دەکرێـت لەهـەموو وڵاتـە کۆمۆنیسـتەکان و وڵاتـە وەسـەنییە بتپەرستەکان هەر دەکرێت و بەردەوامە، ئەمانە مسداقیەتی ئەو ئایەتەیە کە خوای گـەورە ئـاوا باسی هەڵوێستی ڕقـن و دڕندانـەی دوژمنـانی ئیسـلام لـە هـەموو کـات و شـوێنێکدا دەکـات: ﴿لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾﴾. ئەمـە حاڵـەتێکی هەمیشـەییە، سروشتییە. لە هەر شوێنێک موسڵمان هەبوو، موسڵمانێک کە دیـد و ڕێ و بـڕاوت و هەڵوێستی ئاڕستەی ژیانی تاک و کۆی خۆی بەپێی ئیسلام داڕشتبێت و (موشریـک و مولحیـد و کـافر و مورتەد)یش هەبن؛ حەتمەن ئەم ناسۆرە ڕوو دەداتەوە مادام موسڵمانەکان لاواز بن.

- مەگەر ئەوەی لەو ماوەیەی ڕابردوودا ڕوویدا لە زەنجبار (لە ئەفریقایە) هەر هەمان دید و هەڵوێستی ڕقنی دوژمنداریێتی نییە؟! کە دوازدە هەزار موسڵمان لە یەک ناوچەدا قڕ کران! چوار هەزاریان لێ بردنە دورگەیەکی دوور و وەلیان کردن تا فەوتان!

- یان ئەوەی لە قوبرس ڕوویدا کە گەڕەکێکی موسڵمانیان گەمارۆ دا و نەیانهێشت نە نـان و نە ئاویان بۆ بچێت تا دوای ماوەیەک لە برسان و لە تینوانـدا هـەموو مـردن! ئەمـە جگـە لـەو کوشتن و بڕین و ڕاوەدوونان و تالانکردنەی بەسەریاندا هاتبوو!

- یان ئەوەی حەبەشە (ئەسیوبیا) کە لە ناوخۆی و لە (ئەریتریا)دا بە موسڵمانانی دەکات؟!

- یان کینیا بەرامبـەر ئـەو سـەد هـەزار موسـڵمانە سـۆماڵیەی دەخـوازن دەسـتیان بگاتـەوە قەومەکەی خۆیان لە سۆماڵ[1]!

ئەوەنـدە بەسـە ناسـاندنەوەی دیـد و ڕوانگـە و پێناسـەی خاچپەرسـتانی سـەردەم و

---

(١) گەلی (سۆماڵ)یش وەکو کورد بەسەر چوار و پێنج وڵاتی دراوسێیدا بەخشراوەتەوە: سۆماڵ، جیبۆتی، کینیا، ئەسـیوبیا. تەنانـەت سۆماڵیش بۆخۆی (وەکو باشوری کوردستان) بۆتە سێ دەسەڵات: سۆماڵی لاند و، پۆرت لانـد و، ئـەو سـۆماڵەی کـە پایتەختەکـەی مۆکادیشۆیە و ساحەی ململانێی ئیسلام و عەلەمانیەکانە لە (١٩٧٥)ەوە بەردەوامە.

جەختلێکردنەوەی دید و هەڵوێستیان کە بڕگەیەک لە کتێبەکەی (جۆج براون) بهێنینەوە کە لە ساڵی (١٩٤٤)دا بڵاوی کردەوە، دژ بە ئیسلام و موسڵمانان دەڵێت: "بە زۆر گەلان دەیانترساندین، بەڵام دوای شارەزابوون و ئەزمونمان بۆمان دەرکەوت کە ئەوانە جێی مەترسی نین. دەیانترساندین بە جوولەکە و گەلانی زەرد و دژوارێتیی بەلشەفیەکان، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە نەبوونە جێمەترسیی حەقیقی، چونکە بینیمان جوولەکە دۆستمانن و هەرچی دوژمنی ئەوان بێت دوژمنی ئێمەشە، دیتمان بەلشەفیەکان دەبنە دۆست و پەیمانمان لەگەڵدا دەبەستن، گەلانی زەردیش (مەبەستی چین و چاو بچکۆلەکانی باشوری ئاسیایە) وا دەرنەچوون، چونکە گەورە دەوڵەتانی دیموکراسی گەمارۆیان دەدەن و ناهێڵن مەترسیی ئەوانمان بگاتێ، بەڵام دژواریی حەقیقی و مەترسیی ڕاستەقینە لە سیستمی ئیسلامە، لەو هێزەی بڵاوبوونەوەیەتی، لە هێزی ملکەچکردنی خەڵکەکەیەتی. ئیسلام تاکە دیواری سەخت و بەربەستی ئەستووری ڕووی ئیستیعماری ئەوروپاییە".

## بڕگەی پێنجەم: شەڕی بێئامانی جاهیلییەت و نەبەزیی موسڵمانان

سروشتی ئەم دینە زۆر ڕۆشن و ڕاشکاوە، ئاڵۆزی و ئاڵۆسکاوی ناگرێتە خۆ، هەڵوێستەکانی توندوتۆڵ و ئاشکران و شلگیری و موساوەمەیان تێدا نییە. ئەو کەسانەی کە چەواشەکارانە دەیانەوێت سروشتی ئەم دینە بگۆڕن دەکەونە بەر حاڵەتی زۆر سەختەوە، چونکە هەر چەند دەکەن بووارێک نادۆزنەوە -لە غەیری بوواری بانگەوازدا- شلگیر و نەرم و ئاسان بەدەستیانەوە بێت، بۆیە ڕق ئەستوورتر و پشوودرێژتر و توندتر تەکانی خۆیان دەدەن، ماندوو نابن لە هەوڵدان، حەملەکانیان ناوەستێت، هەموو جۆرە تەحریفاتێک دێننە کایەوە، ڕەواج بە هەموو گومانێک دەدەن، هەوڵی خاوکردنەوەی هەڵوێستی توندوتۆڵی عەقائیدیی موسڵمانان دەدەن، هەموو ئامێر و هۆکار و ئەزموونێک بەکاردەهێنن، بەڵام هەموو جارێکیش هەست دەکەن کە ئەوەی بە دەستیانەوە هاتووە ئەو کەسانەن کە خۆیان دینەکەیان لابەلا و لە پەراوێزی ژیانیاندا گرتووە، نەک ئەو عەقائیدیانەی دینەکە هەموو شتێکە لایان. ئەمما لە خودی ئیسلامەکە زۆر بێئومێد دەبن، چونکە قورئانەکە قەڵا و قوڵلەیە و بەرنامەیەکی نەگۆڕە، لەگەڵ ئەو هەموو دوژمنداریێتی و حەملەی کوشتن و بڕین و قڕکردنەشدا دەبینن موسڵمانان هەر وا بەهێز ماون و زۆرتر دەبن!

دوژمنانی ئیسلام شەڕی بێئامانی خۆیان لە سەرانسەری جیهاندا ئاڵاندۆتە موسڵمانان و بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی لەناوبردن و مەفخکردنەوەیان دان، لە هەوڵی کەناردان و گۆشەگیرکردن و مەحرومکردنیان دان. خۆیان ڕاستەخۆ و لە ڕێی بەکرێگیراوانی ناوخۆی موسڵمانانەوە کە حکوومەت و دەسەڵاتیان داونەتە دەست و دەیانپارێزن و هێزیان بۆ مسۆگەر دەکەن؛ تا نوخبە ئیسلامییەکە ڕیشەکێش بکەن، تا نەهێڵن داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی لە ڕێی نەخشە گڵاوەکانیاندا ببنە کۆسپ، لە هەمان کاتی بەکارهێنانی زەبر و

زەنگیشیاندا دەزگا و مـەلا ڕەسـمیەکانی خۆیـان بـۆ لـە حـەق لادان دەخەنـە گـەڕ. ئـەم مـەلا کاسەلێسانەی بەر سێبەری تاغووتان ئەرکیان ئەوەیە دەسەڵاتە تاغووتیەکە بە شەرعی و بزاڤـە کۆمەڵکاریە خواویستیەکە بە ناشەرعی بناسێنن، تا ئەو هەموو ڕەفتارە دڕندانەیەی تاغووتـان و جەللاد و ملهوڕانیان بشەرعێنن! تا ئەو بارودۆخە پڕ شیرک و کوفر و جاهیلییەتە، پڕ فیسـق و فجوور و بەڕەڵاییە بە شەرعی بناسێنن و بڵێن دەوڵەت و کۆمەڵگا بەپێی شەریعەتی خوا دەڕۆن و هی ئەوە نین کەس لێیان هەڵگەڕێتەوە و بزاوت و شۆڕشی گۆڕانکاری بخاتە گەڕ!

ئەمانـە و داعییـە مانـدووەکان و کەسـایەتییە دۆڕاوەکـان دەبنـە بـووقی ڕژێمـە لـە خـوا یاخییەکانی ناوچەکە، ئینجـا هـەوڵ دەدەن ئیسـلام و بـزاوت و کۆمەڵگاکـەی بـە بیروبـاوەڕی بەشـەری و لایـەنی شارسـتانێتیی مـاددیی سـەردەم و دەسـەڵات و سیسـتم و دەسـتوورە کوفرینەکانی (ڕۆژئاوا) بچوێنن و خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا بدۆزنەوە و، تا بە هێزی دەرەکـی و یاخیانی دەسـەڵات و گەلـە چەواشـەکراوەکە بڵـێن ئـەوەی ئێسـتا لەو وڵاتەدا بەرقـەرارە لە دەسەڵات و دەستوور و ئاڕاستەی کۆمەڵگادا -کە تەقلیدی شارستانێتیی ڕۆژئاوایـە-؛ شـیاوە و لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا سازاوە! ئاوا دەیانەوێت ئیسلامەکە لە ڕێسا و بنەمای عەقائیدیی خـۆی دەرکەن و ئینحیرافی پێ بکەن، لـە لایـەکی تریشـەوە واقیعـە کوفرینەکـە دەشـەرعێنن بـەوەی فەتوای جائیزێتیی بۆ دەردەکەن و لافیتە و دروشمی ئیسلامیی بۆ دەچنن! لە نێوان ئەم مـەلای ڕەسـمی و داعیـی مانـدوو و کەسـایەتییە دۆڕاوانـەدا، دەمهـەراش و قسـەزل و زمانلوسـیی دووڕووەکانیش بوواری بۆ دەکرێتەوە و دەیان (ئیسلامناسـ)ـیان لـێ دێتـە کایـەوە، کـە گوایـە ئیسلامێکی نوێ (مۆدێرن) بۆ سەردەم دەخەنە ڕوو، مەبەستیشیان (پاک)ـە!

ئەم نووسەر و توێژە دووڕووانە کـە زۆرینـەی پێنووسـی موخابـەراتین و بـە مەڵبەنـدەکانی دیراساتی دەرەکیەوە پەیوەستن؛ دەکەونە بەراوردکردنی هەندێک لایەنی (ئیجابی)ی ئیسلام بـە لایەنەکانی شارستانێتی سـەردەم و، وا نیشـان دەدەن کـە ئـەوەی لـە نـاو موسـڵمانانـدا ڕابـورد

قۆناغێکی مێژووییە و کۆتایی پێ هاتووە، بۆ زەمانی خۆی شیاو بووە، هەروەکوو کە دینەکانی تریش بە قۆناغی زێڕینی خۆیاندا تێپەڕیون و ئێستا هەوڵی هێنانەوەی ئەو قۆناغە نادەن و خۆیان لەگەڵ دەرچەی شارستانێتیی نوێدا دەسازێنن، بۆیە دەبێت ئیسلامیش وا بکات، بەڵێ ئیسلام ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لە مێژووی ناوچەکەدا دیوە، بەڵام ئەوە ڕابورد و تەواو بووە، هێنانەوەی مەحاڵە. ئاوا بەم شێوەیە سێکوچکەی دەسەڵات (سیاسەت و موخابەرات و میدیای ڕەسمی) و (چەواشەکارێتی و غیرەت پوواویی دینی کە مەلای موفلیس و داعیی ماندوو و کەسایەتییە دۆڕاوەکان پێی هەڵدەستن) لەگەڵ (دووڕووە چەواشەکارەکان کە ئاڕاستەی شەڕە فیکریەکە دژی ئیسلام دەکەن)، ئەمانە هەوڵ دەدەن هەست و غیرەتی موسڵمانان تەخدیر بکەن و بیروهۆشی ئیماندارانەیان تێدا بخەسێنن! ئاوا بارودۆخەکە دەسازێنن و ئینجا بە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕایدەگەیەنن کە کەس حەقی بەسەر دین و دینداریی‌ەوە نییە، ئەوە خۆتان و (عەقیدە) و (عیبادەت)تان ئیسلامەتی ڕاگرن! ئەما (شەریعەت)ەکەیان؛ ئەوە ناهێڵن جارێکی تر ببێتەوە بە حوکمڕان و داوەریی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی تاک و کۆی موسڵمانان. پێیان دەڵێن ئەو شەریعەتە یاسای شیاوی قۆناغی خۆی بوو، بۆ ئێستا نەشیاوە، چونکە ئێستا هەموو یاسا و ڕێسایەک؛ گەلانی ئازاد لە ئەزموونی خۆیان و دیدوتێڕوانینی شارستانێتیی خۆیانەوە دایدەڕێژن، بۆیە نابێت ڕێ بدرێت نوخبە موسڵمانەکە (ئیسلامی سیاسی) داوای چەسپاندنی شەرع بکات!

ئا بەو شێوەیە دەڵێن ئیسلام، بەڵام تەنها (عەقیدە) و (عیبادەت)ەتە کەسایەتییەکەی، ئەوی (شەریعەت)ەکەشی دەوێت، دەبێت ڕێسا و بنەمای شەریعەتەکە وا بگۆڕێت کە لەگەڵ شارستانێتیی سەردەمدا بگۆڕێت، دەبێت ئەحکامەکانی واقیعی بن، بەپێی داخوازیەکانی مرۆڤ و سەردەم داڕێژرێنەوە، کورت و موختەسەر دەڵێن: دەبێت ئیسلام بە هەر دە پەنجەکە مۆری بکات کە:

١- ئەو دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بارودۆخ و یاسا و ڕێسا و دەستوور و سیستمەی لە شارستانێتیی ڕۆژئاواوە وەرگیراوە کوفر نییە و لەگەڵ ئیسلامدا گونجاوە، واتا: ئەگەر ئیسلام دەیەوێت بژی؛ دەبێت بە قسەمان بکات و ئەم درۆیەمان بە ڕەوا بزانێت.

٢- دەبێت ئیسلام لە بوواری (عەقیدە) و (عیبادەت) دەرنەچێت، ئەم دوو بووارەش کەسایەتین و کەس حەقی لە کەسی تر نییە.

٣- دەبێت ئیسلام بەپێی بەرنامەی خوێندنی وڵات نیشان بدرێتەوە کە وەزارەت کتێبەکانی بۆ داناوە، نەک هەر کەس ئازاد بێت لە خوێندنیدا، (فەتواش دەبێت لە وەزارەتی ئەوقاف و دەزگای ڕەسمیی تایبەت و موفتیی ڕەسمیەوە دەرچێت)!

٤- نابێت ئیسلام (کە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی هەڵیانگرتووە و دەیگەیەننەوە) خەریکی گۆڕانکاریی سیاسی بێت، چونکە ئەوە دژایەتیی حکومەتە و حەرامە، چونکە لە سەرەتاوە بڕیار دراوە کە ئەم دەسەڵاتی حکومەتە شەرعییە! ئاوا جاهیلییەتی سەردەم لە هەموو لایەکەوە ئیسلامەکە دەشێوێنێت و ڕێ لە داعییانی ئیسلام و نوخبە عەقائیدییەکە دەگرێت تا بارودۆخەکە وای لێ دێت قورئانی حکوومەتی و ئیسلامی دەوڵەتی و بانگەوازی ڕەسمیی چەواشەکاری دەبنە دەمڕاستی موسڵمانان و، قورئانەکەی وەحی و ئیسلامەکەی خوای گەورە و بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەناو ئەم گەلانەدا نامێنن کە سەردەمانێک باب و باپیریان موسڵمان بوون!

ئاوا ئەم دینە دەگۆڕدرێت، دینە نوقسانە تەزویرە ڕەسمیەکەی حکومەت دڵێکی پڕ جۆشی دەست ناکەوێت دینەکەی خوا و دینداریتی بۆ خوا بگرێتە بەر، چونکە هەموو دەبنە مووچەخۆری ئەوقاف و پاروگلێنی دەسەڵات! ئاوا کۆمەڵگاکان لە هیمەتی ئیسلامییەوە

دەبڕێن بەرەو لاسەنگیی سیاسەت و فەوتانی ئابووری و داڕمانی ڕەوشت و بەها، چونکە هەموو ئومێدی خەڵکەکە دەبێتە تێرکردنی سک و فەرج و گیرفان! زۆرینەی هەرە زۆری ئەو ملیۆنەها خەڵکەش شەو و ڕۆژ وەکوو مەکینە هەڵدەسوڕێت تا نانێکی (بەس) پەیدا بکات کە ژیانێکی کولەمەرگی پێ بەڕێ بکات، بێ ئەمان و بێ دەرمان، بێ سیاسەت و بێ ئابووری، بێ بەها و نەریت، نەفام و نەزان؛ چونکە نە سەرچاوەی ئاڕاستەی دینی ڕاست و ڕەوای دەستکەوتووە و نە لەبەر هەڵپەی ژیانیش پەرژاوەتە سەر فێربوونی دینەکەی.

ئەمە ململانێیەکی بەردەوام و شەڕێکی بێ ئامان و جەنگێکی نەپساوە کە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی ڕووەڕووی دەبنەوە، ئەمە ململانێی ئەم دین و ئوممەت و بزاڤە خواویستییەیە کە سوورە لەسەر وەحیی خوایی و ڕێکردن بەپێی هیدایەتی ئەو: ﴿وَمِمَّنْ خَلَقْنَآ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ ١٨١﴾ {الأعراف: ١٨١}، واتا: «لەو کەسانەی خەڵقمان کردوون ئوممەتێکیان تێدایە -کە لە هەموو کات و شوێنێکدا- بەپێی حەق (وەحیی خوای گەورە) ڕەفتار دەکەن و خەڵکی بۆ بانگهێشت دەکەن و حوکمی خەڵکیی پێ دەکەن».

ئەمە جەنگێکی بێ ئامانە کە هێزی کوفر -بە هەموو لایەنەکانیەوە- بەرامبەر ئوممەتە عەقائیدیەکەی ئیسلام بەرپایان کردووە و هەموو جۆرە چەکێکی کوشندەی -بێباکانە- تێدا بەکار دەهێنن و هەزاران دەزگا و ڕێکخراوی بۆ دەستوالا دەکەن و پارە و سامانێکی خەیاڵی بۆ دەکەنە بووجە و هەزار هەزار پسپۆڕ و شارەزای بۆ موتەفەریغ دەکەن و هەرچی هۆکاری ڕاگەیاندن و دەزگای میدیایانە بۆی دەخەنە کار و سەدان ڕێکخراوی نێودەوڵەتیشی بۆ دادەمەزرێنن تا بە ناوی مرۆڤایەتیەوە بڕیاری مەفحکردنەوەی ئیسلام و ڕیشەکێشکردنی موسڵمانان دەربچێت، ئا ئەم هەموو حەشاماتە وا لە پشت حکومەت و دەسەڵاتی مورتەددەکانی ناوچە و پاراستن و ڕاگرتنی بارودۆخە نالەبارەکەی وڵاتی موسڵمانانە. ئەگەر ئەم هەموو حەشاماتە لە پشت ئەو دەسەڵات و حکومەتانە نەدەبوون؛ ئەمانە نەیاندەتوانی یەک ڕۆژ

بەرامبەر گرۆتینی تەوحید و جیهادی ئەو نوخبە عەقائیدییەدا خۆ بگرن.

بەهەرحاڵ، ئەمە شەڕی بێ ئامانی جیهانیانی کافرە بەرامبەر ئەم دینە و ئوممەت و بزاڤەکەی، شەڕێکی سەختە دژی سروشتی دینەکە و ڕێسا و بنەما نەگۆڕەکانی، بەڵام هەرچەندە توولانی و سەخت و خەتەرناک بێت؛ ئوممەتە عەقائیدییەکە نابەزێنێت و کۆڵی لەم دین و دینداریيە پێ نادات، هەرچەندە ئەوان زۆر و ئەمان کەم، ئەوان بەهێز و ئەم لاواز، ئەوان کۆی گەلەگۆمەکێیەکی جیهانی و ئەمیش لانەواز و پەرتەواز، بەڵام گرەوبردنەوە لە کۆتاییدایە، لە بەڵێنی خوای گەورەدایە، لەو حەقیقەتە ڕەهایەدایە کە دەفەرمووێت: ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ﴾ {الحج: ٤٠}، ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ﴾ {يوسف: ٢١}.

## بڕگەی شەشەم: هۆشداری

ئەو کەسەی ڕێبازی کافرێتیی گرتۆتە بەر لە (وجوود)ی باوەڕ و ئیمانداریی لەسەر زەمینـدا ئیزعاج دەبێت، چونکە چاوی بەرایی نایەت ئیسلام و موسڵمانان ببینێت، چونکـە دەزانێـت کـە گەشە و تەشەنەکردنیان حەتمییە، بۆیە حەتمەن لە هۆشی ئەوەدا دەبێت کە چۆن بـەرەنگارییان بکات، چۆن ڕایانوەستێنێت، چۆن کەنارگیرییان بکات، ئەگەر تـوانیی چـۆن بیانفـەوتێنێت. لـە هەموو بووار و کات و قۆناغەکانیشیدا لە هەوڵی ئەوە ناوەستێت کە کافریان بکاتەوە.

ئەو کەسەی گوێڕایەڵی ئەهلی کوفر دەکات سەرەنجامی زەرەرمەندییەکی حەتمییە، چونکە بـە هـیچ شـێوەیەک سـوود و قـازانجی نییـە، موسـڵمانیش لـە دووڕێیانێکدایـە، یـان لەسـەر ئیسلامەکەی سوور دەبێت و لە پێناویدا جیهاد دەکات و بەرهەڵستی کوفر و کافران دەکات و دژی ناڕەوایی و ناحەقی دەوەستێتەوە، یانیش چۆک دادەدات و ڕێبازی کوفر هەڵـدەبژێرێت و کافر دەبێتەوە (نعوذ بالله).

ئەستەمە موسڵمان لەو نێوانەدا جێ بەخۆی بگرێت، مەحاڵە بتوانێت لەو نێوانەدا بووەستێت و بڵێ دینەکەشم دەگرم! لەوانەیـە لـە سـەردەمانێکدا لـە بـارودۆخ و حاڵـەت و قۆناغێکـدا وا بزانێت دەتوانێت وا هەڵوێست وەرگرێت، لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتـدا وا بزانێـت دەتوانێـت شەڕی کوفر ڕاگرێـت و موسـاڵیمانە دینەکەشـی بگرێـت و نەشـکەوێتە بـەر شـاڵاوی کـوفر و کافران، یان وا بزانێت دەتوانێت ئەوانیش ڕازی بکات بەوەی گوێڕایەڵییان لە هەندێک ڕەفتاردا دەکات و لەملاوە دین و عەقیدە و کیان و ئیمانەکەشی دەپارێزێت، ئەمە وەهمـە، خـەیاڵپڵاوە و زۆر دوورە لە واقیع، ئەمە مەحاڵە، چونکە ئەو کەسەی نەچێتە پێش لەم بووارەدا بە دڵنیاییـەوە دێتەوە دواوە.

ئـەو کەسـەی دژی باتـڵ ناوەسـتێتەوە و بـەرەنگاریی ناحـەقی ناکـات و دژی کـوفر و

گومڕایی و ستەم ناجوڵێت؛ حەتمەن دەبەزێت، دەشکێت، پاشان دێتە دواوە و چۆک دادەدات، ڕازی دەبێت بە وجوودی کوفر و سەرەنجام کافر دەبێتەوە، دەکەوێتە ناو تاریکستانیی جاهیلییەت و لاسەنگی و پشێوی و گومڕایی کوفرەوە.

ئەو کەسەی عەقیدەکەی ناپارێزێت و باوەڕەکەی لە کوفر و کافران نایگرێتەوە و بەردەوام تێکەڵیان دەبێت و گوێیان لێ دەگرێت، تا وای لێ دێت متمانەیان پێ دەکات و گوێڕایەڵیان دەبێت؛ لە ڕاستیدا ئەوە لە عەقیدەکەی تەنازولی کردووە و هەر لە یەکەم هەنگاوی هاتوچۆیەوە لەگەڵیاندا هێزی ئیمانیی لە دەست داوە، ئەمە ڕەفتارێکی خەتەرە، چونکە ئاست ئاست و قۆناغ بە قۆناغە، ئاسانکاریی لە تێکلاویی یەکەمین جاردا دۆستایەتیی بە دوودا دێت، کە حەتمەن سەرەنجامەکەی گوێڕایەڵیکردنیانە، ئەمەش خۆدۆڕاندنە، دین بەردانە، کۆڵدان و کۆڵدانانە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾﴾ {آل عمران: ١٤٩}، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەگەر گوێڕایەڵیی کافرەکان بکەن حەتمەن لە دینەکەتان پاشگەزتان دەکەنەوە و سەرەنجام زەرەرمەند دەبن».

بە دڵنیاییەوە چارەنووسی ئەم گوێڕایەڵیکردنە مورتەدبوونەوە و زیانلێکەوتنی یەکجارییە، لەدەستدانی سەرمایەکەی ئیمانە، ئەمە شکستی ڕۆحییە کە کەسێک خۆی بە ئەهلی تەوحید بزانێت دەچێتە ڕیزی دوژمنانی عەقیدەکەیەوە؟! کەسێک باوەڕی بە وەحیی خودایی هێنابێت و لەسەری پەروەردە بووبێت، بزاوت و هەڵوێستی خۆی چۆن بەپێی ئاڕاستەی کافران دەگرێتە بەر؟! چۆن گوێ لەو دوژمنانە دەگرێت و سرتەسرتی ئەوانی پێ ڕاستتر دەبێت لە وەحیی خوایی؟! ئەمە هەر لە سەرەتایەوە لە ناخیدا بەزیوە، دۆڕاوە، ئیتر چۆن شکستی تەواو و زیانی تەواو نابێتە چارەنووسی؟! چی زەمانەتی ئەوەی دەکات کە کافر نەبێتەوە؟! (خۆ کافربوونەوە قۆچ و کلکی لێ ناڕوێنێت! هەر ئەو کەسەیە و نوێژیش دەکات و لەو لایەنەوە کافر بۆتەوە)، موسڵمانی سەرڕاست و عەقیدە دامەزراو هەر لە سەرەتاوە نابێت گوێ لە ئەهلی کوفر و

ئاراستەکردنیان بگرێت، چونکە موحتاجی ئاڕاستەی ئەوان نییە، ئەم کە لەسەر دید و ڕێی پێغەمبەرانە و بزاوت و هەڵوێستی وەکوو ئەوان بەپێی وەحیی خوایی دامەزراندووە؛ ئیتر چ پێویستییەکی بە ئامۆژگاریی کافر و ڕێنیشاندانی ئەهلی جاهیلییەت هەیە؟! ئەگەر یەک جار حەزی کرد گوێیان لێ بگرێت و ئارەزووی وابوو گوێڕایەڵیان ببێت؛ ئەوە هەنگاوی یەکەمی بەرەو دواوە ناوە، بەرەو کافربوونەوە! ئەمە پاشگەزبوونەوەیەکی سروشتی دەبێت، بۆیە خوای گەورە بەیانی فەرموو ئەگەر گوێڕایەڵی کافرەکان بکەن ئەمە چارەنووستان دەبێت، ئەمە پێشەکی و ئەنجامە، ئاوا بکەن ئاواتان لێ بەسەر دێت، بۆیە خوای گەورە، خوای کارزان و کارجوان ئەم هۆشدارییە ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوە دەداتە موسڵمانان، بەو ناوە جوانەشەوە بانگیان دەکات ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، تا هەست بکەن کە ئیمانداریتی پلە و ئاستێکی وایە کە بەرپرسێتیەکەشی گەورەیە، ئیلتیزاماتی چارەنووسسازیی لەسەر دادەمەزرێت. ئەی ئیماندار، ئەی ئەو کەسانەی هیدایەتی خواتان وەرگرتووە، ئەی ئەو کەسانەی بەو ئیمانەتانەوە بە خوای گەورەوە پەیوەست بوون، نەکەن گوێڕایەڵی ئەو کافرانە بکەن، چونکە گومانتان لەوە نەبێت کە لە دینەکە وەرتان دەگێڕن، ئەو کاتەش هەر خۆتان زەرەر دەکەن: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَـٰسِرِينَ ١٤٩﴾.

ئەو کەسانەی کە شەڕی بێئامان بەرپا دەکەن تا نەهێڵن حەقیقەتی ئیمان لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هۆشدا بچەسپێت، کە ناهێڵن مەنهەجی ئیمان لە ژیاندا بچەسپێت، کە ناهێڵن شەریعەتی ئیمان لە کۆمەڵگادا بچەسپێت؛ لەڕاستیدا ئەوانە زۆر نەفام و کەللەڕەق و دوژمنێکی سەرسەخت و بێڕۆحی هەموو مرۆڤایەتین، ئەوانە لە هەموو ستەمکارێک ستەمکارترن، بۆیە ئەگەر لە ڕاستیدا مرۆڤایەتی پەی بە دید و هەڵوێستی زیانبەخشی ئەوان ببات و ئەقڵی پی بشکێت؛ پێویستە لەسەری لایەنگیری ئەوانە بێت کە دژیان وەستاونەتەوە و پێویستە خۆشی ببێتە هاوسەنگەری ئەو نوخبە خواویستەی بەرەنگاری کافر دەبێتەوە تا وایان

لێ دێت کول و کۆڵ دەبن و توانای دەستدرێژییان نامێنێت و لە ستەمکارێتی دەکەون، حەقە هەموو سامان و توانا و شارەزاییەک بخرێتە گەڕ بۆ ڕاگرتنی کوفر و کافران، چونکە زیانبەخشییەکەیان بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بێگومان داعییانی ئیسلام و پێشڕاونی خواویستی و هەموو لایەنگرانی ئوممەتە عەقائیدییەکە ئەمەیان لا بەڵگەنەویستە کە فەرزی سەرشانیانە، چونکە خوای گەورە فەرمانی پێ داون بزاوت و جیهادەکەیان بۆ خوا بکەن تا بەرەی کوفر تێکدەشکێنن و ئەو مرۆڤایەتییە سەرگەردان و چەوساوەیەش قوتار دەکەن.

# باسی چوارەم

# زاد و توێشووی پشوودرێژی

## بڕگەی یەکەم: توێشووی ڕێی خواویستی

ئەو ڕۆڵە مەزنەی موسڵمان لە ژیانیدا دەیبینێت کە ڕاپەڕاندنی داخوازییەکانی ئیمانە؛ توێشووی تایبەت و یارمەتیدانی بەردەوامی دەوێت، ڕەنجی زۆر و قوربانیدانی دەوێت، لە شەهیدبوون و فەوتانی سەروەت و سامان و لەدەستدانی عەزیزان و بەرهەمی ڕەنج و سەرمایە و قازانجی بەردەست، لە مەترسییەکانی ڕێ، ترس و بیم و مەحرووومبوون، زیندانیبوون و ئەشکەنجە، لە بەرپاکردنی جیهاد و شاندانە بەر کۆڵی قورسی و تەحەمولکردنی تین و فشاری دوژمنان، لە ڕاگەیاندنی حاکمێتیی دینی خوای گەورە و سەلماندن و چەسپاندنی کە سەرەتا دەبێت لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستدا بسەلمێت و بچەسپێت، تا دواتر لە واقیعی ژیانی تاک و کۆی ئوممەت و کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکدا بچەسپێت. ئەمە هەمووی یارمەتیی تایبەت و پشتگیریی تایبەت و زادی تایبەتی بەردەوامی دەوێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسۡتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ١٥٣﴾ {البقرة: ١٥٣}، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆ بە سەبر و نوێژ بەهێز بکەن، سەبر و نوێژ مایەی خۆڕاگری و کۆڵنەدانن، خوای گەورەش وەل ئارامگراندایە». ئەوانەی سەبرگرتن بۆتە سیما و سیفاتی چەسپاویان؛ خوای گەورە بە زانستی بێسنووری خۆی دەزانێت کە پابەندبوون و دینداری و مانەوە لەسەر ڕێی بانگەواز و بزاوت، ڕەنجێکی زۆری دەوێت، خۆڕاگریەکی بەردەوامی دەوێت بەرامبەر پاڵنەرەکانی حەز و پاڵنەرە دەرەکیە ناحەزەکان، کە بەردەوام تین و فشار لەسەر دیندار دروست دەکەن تا کۆڵ بدات یان سست ببێت، یان بزاوت و هەڵوێستی عەقائیدیی بگۆڕێت. خوای

گەورە بە زانستی بێسنووری خۆی دەزانێت ڕاگەیانـدنی بانگەوازەکـەی و بزاوتـی ئـوممەتێکی عەقائیدیی بۆ خوا سوڵحاو پێی، خۆڕاگریی چاک و شیاوی دەوێت بەرامبەر لایەنـەکانی تـری ململانێ و کەند و کۆسپ و لەمپەرەکانیان، ئەم خۆڕاگریەش ئیدامەی دەوێت، سەرچاوەی ئەم ئیدامەیە دوو وەسیلەی سەبر و نوێژە.

ڕاگەیانـدنی بانگـەوازی خواویسـتی و گرتنەبـەری بزاڤـی گۆڕانکـاری و ململانـێ و بـەرەنگاریکردنی کـوفر و شـیرک و جـاهیلییەت شـەونخوونی و بـەئاگایی و هۆشـداری دەخوازێت، چونکە داعییانی ئیسلام و پێشـڕەوانی خواویسـتی دەبێـت وریـابن و هۆشـیان لـە هەموو کەلێن و ڕێچکە و ڕێڕەوەکان بێت، ئەمەش زیت و وریایی دەوێت، زیت و وریاییەکەش سەبرێکی زۆری دەوێت.

چالاکوانانی بزاوتی خواویستی دەبێت سەبر لەسەر گوناح بگرن تا نەکەونـە نـاوی و لاواز نەبن. دەبێت سەبر لەسەر دوژمنکارێتیی بەرەی بەرامبەر بگرن تا لە سەرکەوتن نزیـک ببنـەوە، نەبادا بشکێن. دەبێت سەبر لەسەر چەواشەکاری و فێڵبـازی و لەخشـتەبردنی دوژمـن بگـرن، نەبادا ڕایانکێشـێتە پـڕۆژەی شـیرک و کـوفری خۆیـەوە! دەبێـت سـەبر لەسـەر زوو نـەهاتنی سەرکەوتن و دواکەوتنی بگرن. دەبێت سـەبر لەسـەر ناڕەحەتییـە زۆرەکـانی ڕێ بگـرن کـە لـە هەموو لایەکەوە دەیانخاتە ژێر پاڵەپەستۆ. دەبێت سەبر لەسەر دیاردەی زاڵبـوونی باتـڵ و خـۆ فشکردنەوە و خۆ گێڤکردنەوەی بگرن نەبادا چاوشکێنیان بکات. دەبێت سـەبر لەسـەر کـەمیی پشـتیوان و لایـەنگر و یارمەتیـدەر بگـرن. دەبێـت سـەبر لەسـەر دووریـی ڕێگـا و ئـاڵۆزی و سـەختیەکانی بگـرن. دەبێـت سـەبر لەسـەر پێچـاوپێچیی دەروونـی بـەزیوەکان و لاکـۆڵانی خۆدزینەوەی ورە ڕووخاوەکان و سەخت بەگەڕخستنی کەلـلەڕەقەکان و گلـەیی و گازنـدە و بۆڵەبۆڵی دۆستە بێزارەکانیان بگرن! (وای کە سەبرگرتنێکی قورس و زەروورییە).

بە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وترا (قُمْ)، هەسـتە، یەکسـەر هەسـتا و کەوتـە کـار، لـە

مەدای بیست ساڵدا دانەنیشت و نەحەوایەوە! بیست ساڵ چوست و چالاک بۆ ئەو بانگەوازە ژیا و پشکێکی ژیانی نە بۆ خۆی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نە بۆ ماڵ و منداڵی لانەدا، بیست ساڵ بەپێوە و لە بزاوت و هەڵوێستی بێ سرەوتدا بۆ بانگەوازی خواویستی و بزاف و ململانێی گۆڕینی ڕیشەیی جاهیلییەت، ئەم کۆڵە قورسە زۆر سەختەی کە خەیاڵیش ناگاتە ڕادە و بڕ و سنووری، کێ تەسەوری قورسی و سەختیی ئەم کۆڵەی گەیاندنی وەحیی خوایی دەکات کە دەبوو بەو بانگەوازە ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوە و، بەو بزاوت و هەڵوێستە عەقائیدییە نەگۆڕە بە خەڵکی سەرزەمینی بگەیەنێت، ئەمە هەڵگرتنی بەرپرسێتیی هیدایەتدانی مرۆڤایەتییە، گەیاندنی ئەمانەتی پەیامی خوای گەورەیە بە هەموو لایەک، ئەوە بانگهێشتی هەمووانی دەوێت، ڕەنجی زۆر و جوهد و جیهاد دەخوازێت، ڕەنجی نەبڕاوەی لە هەموو بووارەکاندا دەوێت. ئەوەی ئەم ئەمانەتە سەختەی قورس کرد، زۆریی ئەو مەیدانانە بوو کە دەبوو گۆڕانکاریی ڕیشەییان تێدا دروست بکات، دەبوو سەرلەنوێ تاک و کۆی کوفر لەسەر موسڵمانێتی داڕێژێتەوە، ئەمە دەیان و سەدان مەیدانە، هەر مەیدانێک ڕەنجی خۆی دەوێت، هەر ڕەنجێکیش بڕە سەبری خۆی دەخوازێت:

- ئەمە مەیدانی دڵ و دەروون و هزروهۆش و ویژدان و هەستی تاک تاکی ئەو هەموو خەڵکە! کە هەر یەکێکیان بە جۆرێک لە ئەفسانە و ئەوهامی جاهیلییەتدا نقووم بوو بوو، هەریەکەیان جۆرە دید و تێڕوانینێکی بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ و خالق و مەخلوق هەبوو! خەڵکی لەم مەیدانەدا ئەوەندە بە دنیاوە نووسابوون، زۆر زەحمەت بوو یەکە یەکە قوتار بکرێن، بەرز بکرێنەوە و ڕوویان پێ بکرێتە خواناسی و ئومێدی قیامەت؛ کە بە وازهێنان لە دنیاویستی دەبوو! کە باوەشیان بە دنیادا کردبوو.

ئەم مەیدانە مەیدانی هەوا و هەوەس و حەز و ئارەزووە لاسەنگ و ستەمکاریەکانیان بوو، ژیانیان نوقمی فەساد بوو. ئەم پێغەمبەرە تاکە پێشەوا بەسەبرە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبوو دڵ و

دەروونی یەک بەیەکیان بە خواناسی و بۆ خوا سوڵحان پاڵفتە بکات! تا شیاوی خواویستییان بکات، چ‌جا ئەوە ئاسانە؟! (ئەم مەیدانە دەبوو گۆڕانگاریی ڕیشەیی لە هزر و ژیریياندا دروست بکات و حەقیقەتەکانی عەقیدەیان بۆ بسەلمێنێت و پێ بچەسپێنێت، ئەمەش ئەوەی دەخواست کە هەرچی لە قەناعەت و عەقیدەياندا چەسپیبوو بگۆڕرێت! بگۆڕرێت بۆ چەندەها حەقیقەت کە نەیانزانیبوو، دەبوو لاشیان ببێتە بەڵگەنەویست).

- هەر بەوەندەی تاک و تەرای لەم کۆمەڵگا جاهیلییە دید لێڵ و ڕێ وێڵ و لاسەنگ و توندڕەو و دەمارگیرە ستەمکارە قوتار دەکرد و بۆ خوای دەسوڵحاندن، هەر بەوەندەی لە کۆمەڵگا جاهیلییەکەی دادەبڕاندن، هەموويان -بەو نەوموسڵمانێتییەیانەوە- دەکەوتنە بەر حەملەی شەڕی بێئامانی جاهیلی! جەنگێکی سەخت و بێ ڕەحم لە ناو ماڵ و تیرە و کەسوکاری خۆیانەوە و لە لایەن سەرانی قورەیشەوە بەرامبەریان ڕادەگەیەنرا، کەسیش نەیدەتوانی یان نەیدەوێرا لەخۆیان بگرێت، یان داڵدەیان بدات، یان لەسەریان بکاتەوە.

ئەمە مەیدانی دینداری و بزاوتی ململانێی وەحیی خواییە بەرامبەر کیانی خۆبەخواکرد (المتألە)ەکان! کە شەڕێکیان ڕاگەیاندبوو، هەموو وزە و وره و توانا و دەسەڵاتیان تێدا خستبووە گەڕ، هەرچەندە بەرامبەرە تاکوتەرەکان بێچەک و لاشەڕ و بێدەسەڵات بوون!! ئەم خۆبەخواکردە دەستدرێژکار و ڕقنانە، لە ترسی لەدەستدانی وجوودی خۆیان، سوور بوون لەسەر هەڵکێشانی ئەم نەمامە ئیمانییە، سوور بوون لەسەر هەڵپرووکاندنی ئەم خونچە عەقائیدیانە، پێش ئەوەی ببنە خاوەن بەر و سایە و بۆنیان بگاتە ژێر دەستە چەوساوەکان، پێش ئەوەی ڕەگ و ڕیشاڵ بە ناخی دڵ و دەروون و ناخی خاکدا داکوتن و پەل بەرەو ئاسمان بهاون و سایە بۆ چەوساوەکان مسۆگەر بکەن!

- ئەمە مەیدانی بیناسازیی ئوممەتێکی عەقائیدیە، کە دەبوو ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەم کەسە تاک و تەرە پاڵفتەکراوانە، ئەم دیندارە بۆ خوا لێبڕاوانە بکاتە

ئوممەتێکی عەقائیدی تا گۆڕانکارییەکی گەورەتریان پێ بهێنێتە دی. گۆڕینی کۆمەڵگای جاهیلیی مەککە بۆ کۆمەڵگای موسڵمانی مەدینە، گۆڕینی دەسەڵاتی تیرە و هۆزە پەڕاگەندە یەکترخۆرەکان بۆ دەسەڵاتێکی سیاسیی دەوڵەتی مەرکەزی کە موسڵمانانی کردە یەک ئوممەت و، نەخشەی پەیوەندیی لەگەڵ دیان و جوولەکەشدا بۆ دیاری کردن.

هەر بەوەندەی ئەم ئوممەت و کۆمەڵگا و دەوڵەتە نەونەمامە هاتە کایەوە؛ دەیان بەرەی ناوەکی و دەرەکیی لێ قووت بۆوە، بەرەی دووڕوویی و بەرەی جولەکە و بەرەی قورەیش و هاوپەیمانانی و، لەسەر هەمووشیانەوە بەرەی بەهێزی ئیمپراتۆرێتیی فارس و ڕۆم!!

ئەم پێغەمبەرە پێشەوایە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەبوو بە هەموو بەرەکانەوە مەشغوڵ بێت و بەرە سەرەتاییەکانی دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی یەکبەیەکی یاوەرانیشی فەرامۆش نەکات، چونکە ململانێکەی ئێرەش تەواوبوونی نییە، چونکە بەرەی بەرامبەر لێرەش شەیتان و هەواوهەوەسە! ئەمە مەیدانی یەکەمی ململانێیەکە تا ژیان ژیان بێت هەر بەردەوام دەمێنێت و شەڕەکەشی نەک جارجارە نییە، بەڵکو ڕۆژانەش نییە! سات و ئانی هەناسەدانە! ئەمە بوواری بەرفراوان و قووڵ و تاریکیی نەفسە، کە دەبوو پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) شەو و ڕۆژ بە ئالاکەیەوە تێیدا لە جەولاندا بێت نەبادا یاوەرێکی غافڵ بێت و شەیتان زەفەر بە بەرەی ئیمان ببات. ئەم پێغەمبەرە نازدارە (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەبوو وەکوو فەرماندە و ڕێبەر و سەرکردەی بە خەم و شەونخوون بەردەوام یاوەرانی ئاگادار بکاتەوە نەبادا وا بزانن ئەم بەرەیەی ململانێ تەواو بووە!

ئاوا دەبوو لە بەرەی پەروەردەی تاک تاکیاندا ئاڕاستەیان بکات، بەرەی هەریەکێکیشیان دەیان چاڵ و چۆڵی دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەست و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بزاوت و هەڵوێستی تێدابوو.

ئاوا دەبوو لە بەرەی بونیاتنانی ئوممەتە عەقائیدیەکەشیاندا تاک تاکیان پەروەردە بکات تا تاکی شیاوی ئوممەتی شیاو پێ بگەن و بۆ خوا لێ ببڕێن و پشکی حەز و دنیای خۆیان وەلانێن و بە تەواوی ببنە سەربازی ئەم دینە، ئاواش پێیگەیاندن (سبحان الله).

ئەم پێغەمبەرە ڕێبەرە (عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ) دەبوو ئەم تاک و کۆی ئوممەتە، کە کۆمەڵگا و دەوڵەتی لێ پێکهێنابوون، دەبوو ئامادەیان بکات بۆ پاکسازیی نیوەدۆرگەی عەرەب، چونکە ئەرکی گەورەتر لە خۆیان و ناوچەکەیان لەسەرە.

ئەم هەموو ڕەنجە بێوچانە، ئەم خەباتە پێپسانە، ئەم جیهادە ماندوونەناسانەی لە کات و شوێن و حاڵەتێکدا ئەنجام دەدات کە لە سەرەتاوە هەر تەنها بوو؛ تەنها لە ئاڕاستەکردن، لە نەخشەدانان و ڕاپەڕاندن، جگە لە وەحیی خوایی کە بەردەوام ئاڕاستەی خۆشی (عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ) دەکرد. لە حاڵەتی هەژاری و دەسکورتی خۆی و یاوەران و ناوچەکەشدا، هەموو هەژار بوون، کەچی لەوپەڕی ئاسوودەیی و بەختیاری و کامەرانیدا بوون، دەسکورت بوون، کەچی ئەو هەموو دەسکەوت (غەنیمەت)ـە دەکەوتە دەستیان کەسیان تەماعیان تێ نەدەکرد و چاوەڕوان دەبوون داخۆ پشکیان تێیدا هەیە یان نا، لە هەردوو حاڵەتیشدا هەروا بە قەناعەت دەمانەوە! هەموو لە ڕەنج و جوهد و جیهادیاندا ماندوو بوون، کەچی کە دەهاتنەوە دەوری ئەو (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) نەک هەر دەحەوانەوە، شەرمیان دەکرد بڵێن ماندووین، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) لەوانی زیاتر ڕەنج دابوو، لەوانیش هەژارتر بوو، جەنابیشی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) غەنیمەتەکانی دابەش دەکرد، بێ ئەوەی پشکێک بۆ خۆی و ماڵەکانی دابنێت.

هەموو لە ڕەنجی بەردەوام دابوون، بەڵام هەموویان لەسەر ئەو سەبر و خواناسیە پەروەردە بووبوون کە پێغەمبەری خوایان تێدا دەبینی کە نموونەی کۆتا پلەی سەبر و کۆتا پلەی خواپەرستیانە! ئەوان هەیانبوو شەونوێژی دەکرد، بەڵام شەونوێژەکەش لەسەر ئەم (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرز بوو! هەموویان دەیاندیت کە جەنابی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) هەموو ساتێکی

ڕۆژی جوهد و جیهاد و ڕەنجدانە، هەموو ساتێکی شەویشی شەونوێژ و زیکر و قورئانە، لە هەمووان زیاتر دەپاڕایەوە، شەو و ڕۆژ دەم بە وێرد و دەست بە دوعا بوو، داوای سەبری زیاتری دەکرد و دەپاڕایەوە خوایە لە قسوریم ببوریت و لێم نەگریت و لێم خۆش بیت. سوبحانەڵلا!.

ئەو کەسەی تەنها بۆ خۆی دەژی، لەوانەیە لە حەوانەوەدا بێت، بەڵام بچوک دەژی و بچوک دەمرێت، ئەمما ئەو کەسەی گەورەیە و کۆڵی قورسی هەڵگرتووە، بەتایبەتی کۆڵی بانگەوازی خواویستی و ململانێی گۆڕینی جاهیلییەت، بەتایبەتیتریش ئا بەم جۆرە، حەتمەن نە خەوی خەوە و نە حەوانەوەی هەیە، نە پێخەفی گەرم و نە ژینی هێدی و نە شمەکی چێژی هەیە. پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) حەقیقەتی ئەوەی هەر لە ڕۆژانی یەکەمی پێغەمبەرێتیەکەوە زانیبوو، دڵنیابوو کە ئیتر ژیان هەر وا دەبێت، بۆیە لەو ڕۆژە سەرەتاییانەی وەحییدا بە خاتوو خەدیجەی خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموو: (مضى عهد النوم يا خديجة)، خەدیجەگیان، زەمانی نووستن نەما، بەڵێ خەو نەما، زەمانی شەونخوونی و بێدارییە، زەمانی ڕەنج و جوهد و جیهادە، زەمانی شەونوێژ و بیناسازیی ئیمانە، هەر وەکوو کە زەمانی پاڵفتەی دەروون و پەروەردەی ڕەفتار و ڕەوشتی تاک و بنیاتنانی ئوممەتی عەقائیدی و پێکەوەنانی کۆمەڵگای موسڵمان و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییە.

ئەمەش هەمووی پێویستی بە سەبر و نوێژە، پێویستی بە حەقیقەتی خواناسی و خواپەرستیە. خواپەرستی لە ئیسلامدا لە ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵایەتی بەدوور نییە، خواپەرستی سەرچاوەی وزەی ڕەوشت و پارسەنگییە، خوپەرستی پەیژەی نووری بەرەو خوا بڵندبوونە، نوێژەکانیش توێشووی ڕێگای بەرەو خوا چوونە. پەیوەندیی ئیمانیانەی موسڵمان بە خوای کردگار و خاوەن و چاودێریەوە حەتمییە، پتەوکردنی زەرووڕەتە، ڕووتێکردنی فەرزە، چونکە هەموو مەدەدێک لەوێوە دێت: هیدایەت و بەردەوامبوون و چاودێری و ئاودێری و

مەدەد و سەرکەوتن، بۆیە حەتمەن دەبێت پەیوەندیی عەبد بە خوای گـەورەوە تونـدوتۆڵ بێـت، پەیوەندییەک کە بەردەوام دڵ و دەروون پاڵفتە بکات و هـزر و هـۆش پارسـەنگ ڕابگرێـت و ویـژدان و ڕۆح ئاراسـتەی خواویسـتی بکـات. هـەر دەبێـت داعییـانی ئیسـلام و پێشـڕەوانی خواویستی بە باوەڕی پتەو و پەیوەندیی پتەوەوە بە خواوە پەیوەست بـن تـا ڕەفتـار و ڕەوشـتی خواویستانە داڕێژن و لە بەها و نـەریتی جـاهیلی خـۆ پـاک بکەنـەوە و بـۆ خـوا بسـوڵحێن و پەیوەندی و بزاوت و سرەوتیان لەبەر خاتری ئەو بێت و بەس، ئاوا دەتوانن تەحەمولی تین و فشاری کۆمەڵگای جاهیلی بکەن، دوای ئەوەی هەموو سیما و مۆرک و سـیفەتێکی ڕەوشـت و بەهای جاهیلییەت لەخۆ دادەماڵن و لە ناخیاندا هەست دەکەن کە خۆیان شتێکی تری غەیری جاهیلییەتن، خۆیان پاکتر و شیاوتر و باڵاترن لە ڕەوشت و بەها و نەریتی جاهیلی، هەر وەکوو کە دید و تێڕوانین و پێناسـە عەقائیدییەکـەیان ڕاسـتە و لـە هـەموو دیـد و ڕوانگـەی جـاهیلی جوودایە.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی ئاوا هەسـت دەکـەن کـە خۆیـان لـە جـاهیلییەت جوودان، بۆیە بەرپرسێتیی هەر یەکێکیان ئەوەیە خـەڵکی لـە جـاهیلییەت قوتـار بکـات، نـەک بکەوێتە ژێر کاریگەریی جاهیلی و بەها و نەریتی جاهیلی و ئاڕاستەی جاهیلی، ئەمان دەبێـت پێشڕەوێتی و سەرکردایەتیی خەڵکی بن نەک جاهیلییەت ئەمان پێشخۆ بدات بەرەو تـاریکی و بزری، بەرەو هەرزەبیری و، چەقبەسـتوویی هـزر و ژیـری و زەلکـاوی ڕەوشـت نزمـی، تـەنها ئیسلامە کە خواپەرستی و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و یاسا و ڕێسا و بزاوت و هەڵوێست و بانگەواز و حوکمی پێکەوە سازاندووە و هـەر هـەموویانی بـە بنـەما و ڕێسـای پتـەوی خـۆی ئاڕاستە کردووە، هەریەکەشیان ڕۆڵی خۆی لە بیناسـازیی تـاک و کـۆی کۆمـەڵگا و دەوڵەتـدا هەیە، هەر هەمووشیان بەرەو یەک ئاسۆ ئاڕاسـتە دەکـەن، ئاسـۆی نـووری خواویسـتی بـەرەو بزاوتی تاک و کۆی دەستەجەمعی بـۆ دامەزرانـدنی دەسـەڵاتی ئیسـلام و سـەروەریی شـەرع،

بۆ پایەدارکردنی دینەکە لە دنیادا، بە ئومێدی ڕەزامەندیی خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا.

## بڕگەی دووەم: سەبر و خۆگری و پشوودرێژی[1]

لەم بانگەوازەدا پشوودرێژی زادی سەرەکییە، چونکە ڕێگای خواویستی توولانی و سەخت و پڕ کەند و کۆسپە، پڕ دڕک و داڵ و بەربەستە، پڕە لە خوێن و کاسەسەر و ئەندامی لەتوپەت و سەقەتی جەستە، پڕە لە ژان و ناسۆر و کارەساتی واتایی و بەرجەستە، ئەمانەش هەموویان پێویستییان بە خۆڕاگری و سەبر و ئارامییە. سەبر لەسەر زۆر شت، سەبر لەسەر ئارەزووەکانی جەستە و تەماع و حەزی خاوەنێتی، سەبر لەسەر لاوازیی دەروون و نوقسانی و کەلێن و کەلاوەی دەروون، لەسەر نەزانی و نەفامی و پەی پێنەبردن، لەسەر دیدی لێڵ و ڕێگای وێڵ، لەسەر لادان و حەزی ئینحیراف، لەسەر خۆشویستنی دنیا و مانەوە، لەسەر هەڕاڵی و غروور و لوتبەرزی، لەسەر خۆهەڵکێشان و حەزی دەرکەوتن و مەدح و وەسفی خەڵکی، لەسەر لاڕێیی خەڵکی و ملهوڕی و کەللە ڕەقییان، لەسەر گوێنەگرتن و بایەخنەدان و پشت هەڵکردنیان! لەسەر گەلەکۆمەکێی جاهیلی و خۆفشکردنەوە و خۆبادان و هەڕەشە و گوڕەشەی تاغووتان، لەسەر زۆریی دوژمن و هێز و بەرەی جوودایان، لەسەر بێکەسی و کەمی پشتیوان و لایەنگران، یان لاوازی و پەرتەوازەیی و ورەبەردانیان، لەسەر بۆڵەبۆڵ و خوتەخوت و گلەیی و گازندەیان، لەسەر مەحروومبوون و ڕاوەدوونان و بێپەنایی، لەسەر بەردەوامیی میحنەت و دیارنەبوونی داهاتوو، لەسەر دوورودرێژیی ڕێ و سەختیی جیهاد، لەسەر وەسوەسەی شەیتان و هەستی ماندوویی لە کاتەکانی دەربەدەری و کوێرەوەری، لە ساتەکانی ژێر ئەشکەنجە و

---

(١) سەبرگرتن و ئارامی و پشوودرێژی، خۆگری و تەحەممول و پابەندی، خۆگرتنەوە لە حەرام و ئازایەتی و ورەبەرزی؛ هەموو لە جۆرەکانی (صبر)ن کە ئیمامی ئیبنولقەییم (رحمه الله) (٧٥١ ک کۆچی دوایی کردووە) کتێبێکی نایابی لەسەر جۆرەکانی سەبرگرتن نووسیوە کە کردوونی بە زیاتر لە (٣٥) جۆرەوە، کە هەر یەکە لە حاڵەتەکانیان ناوی تایبەتی خۆی هەیە، وەکوو: سەبرگرتن لەسەر حەرام، (العفة)یە، سەبرگرتن لەسەر حەڵاڵ، (الاستقامة)یە، سەبرگرتن لەسەر ئەشکەنجە، (التحمل)ە، سەبرگرتن لەسەر جیهاد، (الثبات)ە، ... وەهەروەها. ئەمما وشەی (صبر، صابر، صابرون) و لێوەرگیراوەکانی تری (صَبْر) لە قورئاندا، زیاتر لە (٨٠) ئایەتە، خوێندنی ئەم سیفەتە جوامێرییە بەرپرسێتییە؛ ئاسۆیەکی ئێجگار بەرفراوان بۆ خوێندکار و توێژەرەوە دەکاتەوە، ئازا ئەو کەسەیە کە بەشی خۆی مەعریفەتی لێ هەڵدەهێنجێنێت.

ئازار و سزای هەڕەمەکی، لە شیرازەپسانی کۆمەڵکاری و ورەبەردانی لایەنگران و لاڕێبوونیان، سەبر لەسەر پارسەنگیی خۆ؛ لە بەرامبەر ئەو هەموو ئینفیعالاتانەی ئەم ڕەفتارە دوژمنکاریانە دروستی دەکەن، لە تووڕەبوون و ڕق و قین، لە ترس و دڵەڕاوکێ و بەخەمەوەبوون، لە هەستی بەرپرسێتی و بەدەمەوەچوون، لە بەزەیی و هاندان و قیتکردنەوە، جارجارەش لە کەمیی متمانە بە دەوروبەر کە ماندووبوون و هەڵهاتن و ساردبوونەوە دەیخوڵخقێنێت، یان ورەڕووخان و دزەی دوژمن و واتەواتی دووڕوو دروستی دەکات، سەبر لەسەر بێزاربوون و مەلەل و زۆرجاریش هیوابڕان لە شێوازی بزاوت و هەڵوێستەکە، گومانکردن لە ئیجتیهاد و پەلەکردن لە پێداچوونەوە و گۆڕینی، چ لە زاتی خۆیەوە، چ لە ژێر تین و فشاری لایەنگرەکان، چ لەبەر تەکان و ڕەتانی دوژمنان. ئەمانە و دەیان بواری تری ناخ و دەرێ، دەیان حاڵەتی بزاوت و ڕێ، هەریەکەیان ڕادە و بڕ و جۆرە سەبرێکی خۆی دەوێت، سەرباری ئەمانە و دوور لەمان؛ سەبرگرتن لەسەر هەبوونی هێز و مەغرورنەبوون پێی و لە شەرع دەرنەچوون، هەبوونی دەسەڵات و ئیستیغلالنەکردنی بۆ خۆ و ماڵ و منداڵ و دەوروبەر، هەریەکەیان دەیەوێت چمکێکی بۆ خۆی ڕاکێشێت! سەبری زەمانی سەرکەوتن، سەبر لەسەر لێبوردن یان سزای سنووری دادپەروەری، سەبر لەسەر هەبوون و ماڵ و سامانی بەردەست، سەبر لەسەر ناو و پلە و ئاست و هێز. هەموو ئەمانە هەم سەبریان دەوێت هەم شوکر، سوپاس و ستایشی خوایان دەوێت، سوجدە و کڕنووش و نوێژیان دەوێت. هەموو حاڵەتەکانی خۆڕاگریی ژێر میحنەت و ئارامگریی سەر نیعمەت؛ پارسەنگی کەسایەتیی ئیماندارانەیان دەوێت.

هەموو حاڵەتەکان پەیوەستبوونیان بە نووری خواوە دەوێت، ئیعتیمادکردنە سەر خوایان دەوێت، ئومێدبەستنیان بەو دەوێت، تەسلیمبوون و لەو ترسانیان دەوێت، گێڕانەوەی هەموو حاڵەتەکانیان بۆ قەدەری ئەو دەوێت، گەڕانەوە سەر حەقیقەتە عەقائیدییەکانیان دەوێت کە لە ناخدا بەڵگەنەویستانە چەسپابوون، دەبێت لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمان بهێنرێنەوە پێش تا دڵ

نەلەرزێت و حەز لە شەرع لا نەدات، تا دڵ هێمن و، هزر هێدی و، ویژدان ئاسوودە بمێنێت و ڕۆح لـە گەشـەی خـۆی نەکـەوێت. ئـەم حاڵەتانـەی ژێـر میحنـەت و نـاو نیعمـەت بەڕاستی لەدەستنەدانی؛ پارسەنگییە ئیمانییەکە دەخوازن، کە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی لە سـەرەتاوە بـە عەقیدەکـە بـۆ خۆیـان مسـۆگەر کردبـوو. پارسـەنگی بـە خواناسـی، بـە پشـت بەخوابەستن و ئومێد بـەوبوون ، بـە ئیعتیمادکردنـە سـەر ئـەو و تـەوەکولی ڕاسـتەقینە، لەگـەڵ گوێڕایەڵی و ملکەچیی عەبدانە بۆ خوای خاوەن و کارزان و بە ئاگا، خوای چاودێری بڕیـار و ئاودێری ڕەفتار.

هەموو ئەم حاڵەتانە و زۆرتریش، هەموو ئەم بووارانە و زۆرتریش، هەموو ئـەو ڕەفتارانـەی بەرامبـەر و ڕەفتارەکـانی خـۆ؛ سـەبر دەخـوازن، ئـارامی و خـۆگری دەخـوازن، پشـوودرێژی دەخوازن، ئەم ڕێگا توولانییە سەختە پڕ کەند و کۆسپە و، ئەو هـەموو حاڵەتـە جۆراوجـۆرە و، ئەو هەموو بڕ و ڕادە و ئاستەی سەبرگرتن هەر خوای گـەورە دەزانێـت چەنـدە و چۆنـە، وشـە ناتوانێت هەموویان هـەژمار بکـات چ جـای ئـەوەی بـاس و وەسـفی سیفاتیان بکـات. هـەر حاڵەتێک چەندەها حاڵەتە، چونکـە ئـەوانی حاڵەتەکـەیان بەسـەر دێـت جیـاوازن لـە هـەموو شـتێکیاندا، هەریەکەشـیان سـەبری پێویسـتە، بەڵام جـۆری سـەبرگرتنەکانیان و ڕادە و بـڕی جیاوازە، بۆیە وشە ناتوانێت وەسفی ئـەو هـەموو حاڵەتـە بکـات، ناتوانێـت حەقیقـەتی ژان و ناسۆر و کارەساتەکان بەرامبەر یەک یەکی کەسەکانی ناویان بکـات. بەڵام ئـەو کەسـەی ئـەم میحنەتانەی دیوە، یان هەندێکیانی تووش بووە، هەستێکی گشتییان پـێ دەدات. ئـەو کەسـەی ئەو ڕێگا توولانییەی بەو هەموو ناسۆرەیەوە بڕیوە و ورەی بەرنـەداوە و پەیوەسـتیی بـە خـوای گەورەوە نەپساوە، ئەو کەسەی دووچاری زۆر لەم بەربەستانە بووە و ئـەم ئەزموونانـەی دیـوە، ئەم ئینفیعلاتانەی بەسەردا هاتووە؛ ئەم کەسە هەست بە نرخی سـەبرگرتن دەکـات، ئـەم کەسـە دەزانێت خۆگری چەند گرنگە و پشوودرێژی و تەسلیمبوون بە قەدەری خـوایی چـۆن ئـەنجام

مسۆگەر دەكات، ئەم كەسە دەزانێت سەبرگرتن بۆ خوا وەسیلەی دەستكەوتنی سەبری خواییە!

(بە دڵ هۆشـبدەرە ئـەم ئایەتـە: ﴿وَٱصۡبِرۡ وَمَا صَبۡرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ وَلَا تَكُ فِي ضَيۡقٖ مِّمَّا يَمۡكُرُونَ ١٢٧﴾ {النحل: ١٢٧}، واتا: «سەبر بگرە، سەبرگرتنت بە غەیری خوای گەورە نییە، ئـارامی و پشوودرێژی و خۆڕاگرتنت هەر بە یارمـەتی و تـەوفیقی خـوای گـەورە خۆیـەتی، خەفـەت لـە ڕابردوو مەخۆ و خەمی داهاتووشت لەبەر نەبێت، هەست بە نارەحەتی مەكـە، لـەوە نارەحـەت مەبە كە چ فاك و فیك و فێڵكارییەك دەكەن، ئەوە لێگەڕێ بۆ خوای گەورە، ئـەو ئاگـادار و شارەزایانە، ئەو بەسەریاندا زاڵە و پلان و پیلانەكانیان پووچەڵ دەكاتەوە»[1]، كەوابوو ئیمانـدار هەر دەبێت سەبر بگرێت، كە باتڵ خۆگرانە و پشوودرێژانە ڕێ دەگرێتە بەر و سووریشە لەسەر گەیشتنە ئامانج، خۆ ئـەهلی حـەق شـایانترن خۆگرانـەتر و پشـوودرێژانەتر ڕێ بگرنـە بـەر و سووریش بن لەسەر گەیشتنە ئامانج.

ئوممەتە عەقائیدییەكەی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی نابێت بە هیچ شـێوەیەك و بە هیچ بڕ و ڕادەیەك چـاو غافـڵ بكـەن، نابێـت وەنـەوزیش بیانگرێـت چجـای خـەوتن و بێئاگابوون، چونكە دوژمنەكانیان ناخەون، لە هیچ كـات و شـوێنێكدا دوژمنـانی ئیسـلام چـاو غافڵ ناكەن و بوواری ئەهلی ئیمان نادەن وجوودی خۆیان بسەلمێنن. ئەم بانگەوازە خواییـە بـە مەنهەجێكی واقیعیی ژیان ڕووبەڕووی خـەڵكی دەبێتـەوە، مەنهـەجێك كـە ئاڕاسـتەی مـاڵ و سامانیان دەكات، هەروەكوو سیستمی هەموو لایەنێكی ژیانیـان بـۆ دادەڕێژێـت، مەنهـەجێكی خێرخوازیی ڕاست و ڕەوا و دادپەروەر، بەڵام شەڕخوازان و ئەهلی باتڵ چاویان بەرایی نایەت ئەم بانگەوازە ببینن چجـای ئـەوەی ببینـن كـە بۆتـە فـەرمانڕەوا و، مەنهەجـە ڕاسـت و ڕەوا و دادپەروەرییەكەی دەسەلمێنێت و لە واقیعی ژیاندا دەیچەسپێنێت. باتڵ خێرخوازیی قبووڵ نییە، بوواریشی بۆ ناكاتەوە، مەحاڵە ڕێ بدات ڕاست و ڕەوایی و دادپەروەری بچەسپێت، مەحاڵە بە

---

(١) الشوكانی: فتح القدیر(١٢٤٩/١-١٢٥٠).

سەرڕاستی ڕازی بێت، تاغووت ئەستەمە بە یەکسانی و ڕێز و قەدری چوونیەک و دادپەروەری ڕازی بێت، چۆن ڕازی دەبێت (حاکم و مەحکوم) یەکسان بن کە ئەو دەسەڵاتەکەی لەسەر ستەم داڕێژراوە؟! بۆیە بەدڵنیاییەوە هەرچی شەڕخوازان هەن، بە هەموو جۆر و چۆنیەتییەکیانەوە لە بەرەیەکی دوژمنداریێتیدا کۆ دەبنەوە و تاغووت و ملهووڕە دڵڕەقەکان بە هەموو توانایانەوە بەرامبەر ئەم بانگەوازە خواییە دەوەستنەوە، چونکە سەرکەوتنی ئەو؛ نەمانی ئەمانە، بۆیە لەگەڵ تاغووتەکاندا هەموو مشەخۆر و گەندەڵ و بوودەڵەکان یەک دەگرن، چونکە نایانەوێت بارودۆخیان تێک بچێت، ئەوان هەموو لەژێر سایەی ئەو تاغووتەدا سوودمەند بوون، چۆن دەهێڵن بەرژەوەندییان لەدەست بچێت؟! لەگەڵ ئەم حاکمە ستەمکارە خۆبەخواکردانە و ئەم مشەخۆرە دزانەدا هەموو ئەهلی بەرەڵایی و داوێنپیسی و هەواوهەوەس دەبنە هاوسەنگەر و ئەدەواتی ڕاپەڕاندنی فەرمان و سەربازیی بەرگری و جەماوەری هوتافکێش! ئەم بانگەوازە خواییەش بەرامبەر هەر هەموویان لە یەک کاتدا وەستاوەتەوە! هەر دەبێت واش بێت، بۆیە داعییانی بانگەواز و پێشڕەوانی خواویستی کە ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو دینەکە ڕادەگەیەنن، حەق ڕوون دەکەنەوە و باتڵ کەشف دەکەن؛ دەبێت سەبرێکی چاک بگرن، دەبێت سەبری ئیزافی بە خۆیان بدەن و خۆڕاگر بن، دەبێت وەکوو تاک و کۆی ئوممەتی عەقائیدی وریا و هۆشدار بن، نەکا لەناکاودا پەلامار بدرێن و دوژمنە سروشتییەکانیان لێیان بکەونە بەرەیەکی گەلەکۆمەکێ و بیانخەنە ژێر قەهر و ناسۆر و کارەسات[1].

ئەمە سروشتی بانگەوازی خوایی و ڕێگای خواویستی و ململانێی گۆڕانکاریی جاهیلییەتە، ئەمە بزاوت و هەڵوێستی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستییە کە بە ئوممەتە

---

(١) سوبحانەڵڵا، ئەوەی سەییدی ڕەحمەتی باسی دەکات دەڵێی گەلەکۆمەکێکەی فلوولی حوسنی موبارەك و عەلەمانییە موفلیسەکان و جوولەکە و دیان و قەبیلە گومڕاکانی سعودیە و ئیماراتن کە هەموو لە دوای ئینقیلابە شوومەکەی (عبدالفتاح السیسی)ی تاغووتەوەن کە لە کۆتایی (٢٠١٣)دا بەسەر ئیخواندا لە میسر کردی.

عەقائیدییەکەیانەوە ئاوا بۆ خوای گەورە دەکەونە کۆمەڵکاری، ئەمە دید و ڕێیانە، ئەمە بـزاوت و هەڵوێستیانە، ئەمەش هەڵوێستی دوژمنیانە کە زۆر دژوار و ڕقـن و کوشـندەیە، بۆیـە دەبێـت ئەهلی ئیمان خۆیان بە خوای گەورە بەهێز بکەن، بە سەبرگرتن و خـۆڕاگرتن و پشـوودرێژی تـا مەعیەتی خوای گەورە مسۆگەر بکەن و شایانی وەلدابوونی خـوای گـەورە بـن: ﴿وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦﴾ [الأنفال: ٤٦]، واتا: «سەبر بگرن، بە تەئكید خوای گـەورە وەل ئـارامگران و خۆگران و پشوودرێژاندایە». خوای گەورە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی خۆی وەل ناکات، لێیان ناگەڕێت بە تەنها ئەم ڕێگا تووڵانی و سەخت و پڕ هەڵدێرە ببڕن، وەلیاندا دەبێت، سەرپەرشتییان دەکات، چاودێری و ئاودێرییان دەکات، ناهێڵێت بـە هێـزی لاوازیـی خۆیـان و توانای دیاریکراوی خۆیان بەرەنگاری ئەو هەموو دژوارییە خەتەرناکانە ببنەوە، بەڵکو جەنابی خۆی وەل موسڵمانان‌دا دەبێت، بەرەی ململانێکەیان بۆ دەگرێـت، ئاڕاسـتەیان دەکـات، چـاوی لێیان دەبێت، بەردەوام زادی ڕێیان دەداتێ، سەبری زۆرتریان پێ دەبەخشێت، ئەمە وەلدابوونی خوای گەورەیە لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکی نەوەکانی ئیمانداراندا، هەروەکوو کـە وەل یاوەرانی عەزیزدا بوو:

- خـەبابی کـوڕی ئـەرەتت خـوا لێـی ڕازی بێـت دەگێڕێتـەوە: (شَـكَونا إلى رَسـولِ اللَّـهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وهو مُتوسِّدٌ بُردةً له في ظِلِّ الكَعبةِ، فقُلنا: ألا تَستَنصِرُ لنا، ألا تَدعو لَنا؟ فقـال: قد كان مَن قَبلَكُم يُؤخَذُ الرَّجُلُ فيُحفَرُ له في الأرضِ، فيُجعَلُ فيها، فيُجاءُ بالمِنشارِ فيوضَعُ على رَأسِه فيُجعَلُ نِصفَينِ، ويُمشَطُ بأمشاطِ الحَديدِ ما دونَ لَحمِه وعَظمِه، فما يَصُدُّه ذلك عـن دينـه، واللَّهِ لَيَتِمَّنَّ هذا الأمرُ، حتَّى يَسيرَ الرَّاكِبُ من صَنعاءَ إلى حَضرَموتَ، لا يَخافُ إلَّا اللَّهَ، والذِّئبَ على غَنَمِه، ولَكِنَّكُم تَستَعجِلونَ)[١]، واتا: «پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە سـایەی کەعبـەدا بوو بووردە (عەبا)کەی خۆی خستبووە ژێر سەری (لە خۆی پێچابوو)، عـەرزمان کـرد: ئـەری

(١) بوخاری (٦٩٤٣) هەروەها ئەبو داود (٢٦٤٩) و نەسائی لە (السنن الكبرى) (٨٥٥٢) بە لەفزی جیاوازەوە هێناویانەتەوە.

ئەی پێغەمبەری خوا داوای سەرکەوتنمان بۆ نافەرموویت؟ دوعامان بۆ ناکەیت؟ فەرمووی: ئەوانەی پێش ئێوە یەکێکیان دەگیرا و دەهێنرا، چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەند و تێیان دەهاویشت، ئینجا مشاریان دەهێنا و لە تەوقەسەریەوە دووقاشیان دەکرد، شانەی ئاسنیشیان پێدا دەهێنا کە گۆشتی لە ئێسقانی جوودا دەکردەوە، هەموو ئەمە نەدەبووە مایەی پەشیمانبوونەوە لە دینەکەی، بەخوا قەسەم، خوای گەورە ئەم دینەی خۆی دەگەیەنێتە ئەنجام، تەنانەت وای لێدێت سواری لە سەنعاوە (یەمەن) بۆ حەزرەمەوت (عومان) سەفەر دەکات، لە غەیری خوای گەورە ناترسێت و گورگ شوانی مەڕەکانی دەبێت، بەڵام ئێوە پەلەتانە».

- ئیبنو مەسعوود خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (كَأنِّي أنظُرُ إلى النَّبيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَحكي نَبيًّا مِنَ الأنبياءِ، ضَرَبَه قَومُه فأدمَوه، فهو يَمسَحُ الدَّمَ عن وجهِه، ويقولُ: رَبِّ اغفِرْ لقَومي؛ فإنَّهم لا يَعلَمونَ)[1]، واتا: «بۆ پێغەمبەری خوام دەڕوانی، گوێم لێ بوو باسی پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکانی (عَلَيْهِمُ السَّلَامُ) باس دەفەرموو کە قەومەکەی ئازاریان پێگەیاندبوو، خوێنیان لە جەستەی هێنابوو، لەوکاتەی خوێنی لە دەموچاوی دەسڕی دەیفەرموو: خوایە لە قەومەکەم مەگرە و لێیان ببوورە چونکە نازانن».

- یەحیای کوڕی (وَثَّاب) لە یاوەرێکی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (مؤمِنُ الَّذي يُخالِطُ النَّاسَ ويَصبِرُ على أذاهُمْ، أفضلُ من المؤمِنِ الَّذي لا يُخالِطُ النَّاسَ ولا يَصبِرُ على أذاهُمْ)[2]، واتا: «ئەو موسڵمانەی تێکەڵ بە خەڵکی دەبێت و سەبر لەسەر ئازاریان دەگرێت؛ چاکترە لەو کەسەی تێکەڵاوی ناکات و سەبریش لەسەر ئازاردانی خەڵکی ناگرێت».

---

(١) بوخاری (٦٩٢٩)، هەروەها موسلیم (١٧٩٢) بە کەمێک جیاوازیەوە.

(٢) ئیبنو ماجە (٤٠٣٢) و ئەحمەد (٥٠٢٢) بە کەمێک جیاوازییەوە، هەروەها تەبەڕانی لە (المعجم الأوسط) (٥٩٥٣) و بەیهەقی (٢٠٦٦٩)، لەفزەکەش هی ئەمانە.

ئارامی و سەبرگرتن؛ پەروەردەبوونی دڵ و دەروون و هزر و ئیرادەیە، پێگەیاندنێتی تا لەگەڵ هەر موسیبەتێکدا هاواری لێ هەڵنەستێت و لەگەڵ هەر ناسۆرێکدا نەپوکێتەوە و لەگەڵ هەر کارەساتێکدا ورە بەرنەدات و بڕوخێت، یان لەگەڵ هەر ناڕەحەتیەکدا نەکەوێتە دەریای خەم و خۆخواردن و تەپینەوە! سەبرگرتن خۆگرییە، خۆڕاگرتن و توندوتۆڵ مانە، پارسەنگ ڕاگرتنی خۆیە تا گەردەلوولی کێشە و گێژاوی میحنەت و ڕەشەبای ناسۆرەکە دەگوزەرێت و حاڵەتەکە هێور دەبێتەوە، حەتمەن خوای گەورەش دوای موسیبەت و ناسۆر و کارەسات خۆشی دەهێنێت: ﴿سَيَجۡعَلُ ٱللَّهُ بَعۡدَ عُسۡرٖ يُسۡرٗا ۝٧﴾ {الطلاق: ٧}. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا پشتبەستن و ئومێدهەبوون و هیوا هەر بە خوای گەورەیە، متمانە هەر بەو دەکرێت و ئیعتیماد هەر لەسەر ئەو دەکرێت. حەتمەن ئوممەتێک خوای گەورە بۆ ئیدارەی مرۆڤایەتی و چەسپاندنی دادی شەرعی خوایی و چاکسازی پەروەردەی بکات و ئەو ڕۆڵە گرنگ و کاریگەرەی پێ بسپێرێت؛ هەر دەبێت ئاوا پشوودرێژ و ئارام و خۆڕاگریش گۆشی بکات، هەر دەبێت دلێر و نەبەز و کۆڵنەدەرانە پەروەردەی بکات تا تەحەمولی ناڕەحەتیەکانی ڕێ بکات و سەبر لەسەر چەوسانەوە و کوێرەوەری و دەربەدەری بگرێت، سەبر لەسەر تین و فشاری دوژمن و قات و قڕان و حەملەی ڕیشەکێشکردنی بگرێت، ئەمە سیفەتی ئەو کەسە دیندارە بە ئارامانەن کە خوای گەورە مەدحی کردوون: ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ﴾ {البقرة: ١٧٧}، واتا: «ئەوانەی سەبر لەسەر هەژاری و نەداری و نەخۆشی و دەردەداری و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن دەگرن». ئەمانە ئارام و خۆگرن، سەبر لەسەر هەموو کێشەکانی ڕێ دەگرن، سەبر لەسەر هەژاری و دەستکورتی، لەسەر لاوازی و بێدەرەتانی، لەسەر کەمیی لایەنگران و لاوازییان، سەبر لەسەر جیهاد و ئیدامەدانی، لەسەر گەمارۆ و ئابلۆقە و مەحرومکردن، سەبر لەسەر هەموو شتێک هەتا وا گۆش دەبێت کە سەبرگرتن دەبێتە سیما و سیفەتی، تا بتوانێت ئەو فەرزە سەختەی لە سەریەتی ئەدا بکات، تا شیاوی هەڵگرتنی

کۆڵی بەرپرسیارێتییەکەی بێت، تا شایستەی بینینی ئەو ڕۆڵە کاریگەرە بێت کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێی دراوە، تا بەو شێوە و چۆنیەتییە ببینێت کە بۆی دیاریکراوە، بەوپەڕی وورەبەرزی و ئومێد و متمانەوە، بە دڵی پڕ ئاسوودەیی و هێمنی و پارسەنگەوە. سەبرگرتن ئیماندار بەسەر ژان و ئازاردا زاڵ دەکات، لە گلەیی و گازندە و سکاڵاکردنی باڵاتر دەگرێت، بۆیە چاکتر لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست خۆی دەگرێت و کۆڵی بانگەوازەکەی بە خۆشحاڵیەوە هەڵدەگرێت و ئەرکەکانی ئوممەت و بزاوتی گۆڕانکاریی دڵسۆزانە و بەجیددی ڕادەپەڕێنێت. کەسی بە سەبر ئەوەندەی خواناسیی لا ڕۆشنە، کە هەموو شتێک لە قەدەری خواییەوە دەبینێت، بۆیە تەسلیمە بە خوای خۆی و ڕازییە بەو پێشهاتانەی دێنە ڕێی، چونکە هەموویان لە ویست و زانست و توانا و دانایی خوای گەورەوە هاتوون و حەتمەن لە بەرژەوەندیی دینداریێتیی ئەم و سەرکەوتنی ئوممەتەکەیەتی.

سەبرگرتن ئالییەتی گەشتی ئیماندارانە، زادی سەرەکیی ئەو ڕێگا سەخت و تووڵانی و پڕ کەند و کۆسپەیە کە جاری وا هەیە مرۆڤ وای دێتە بەرچاو کە کۆتایی نییە و ناگاتە مەنزڵ. سەبرگرتن و متمانە بە خوای گەورە دڵنیاییبوونە لە ڕێی خواویستی و بێخەمبوونە لە یارمەتیدان و چاودێریی خوای گەورە کە ناهێڵێت ژەنگ و ژاری ناڕەحەتی و خەم و پەژارە موسڵمان بڕوخێنێت یان بیخاتە دوودڵی و ڕاڕاییەوە، سەبر و متمانە بە بەڵێنی خوای گەورە یەقین دروست دەکەن و هەموو گومانێک دەڕەوێننەوە.

سەبر و متمانە و خۆڕاگری سیما و سیفەتی ئەو هیممەتبەرزانەیە کە بانگەوازی خواویستییان لە سەردەمانێکدا گرتۆتە ئەستۆ کە خەڵکی وورەیان بەرداوە و زۆرینەیان فسیان داوەتەوە و خۆیان کڕ کردووە! هەندێکیشیان ئەوەندە بەزیون و تێکشکاون کە باوەڕیان بە سەرکەوتن نەماوە، سەرکەوتنیش بەڵێنی خوای دەسەڵاتدارە، بۆیە ئەوانەی تین و فشاری جاهیلییەت وورەیان دەڕوخێنێت و دەڕوخێن، خەتەر سەرەولێژ دەبنەوە و دەگەنە گومانکردن لە بەڵێنی

خوای گەورە و بەدرۆخستنەوەی حەق (نعوذ بالله)، تەنها ئیماندارى سەرڕاستە لەسەر ئەم هەموو میحنەتانە سەبر دەگرێت، ڕێگا هەرچەندە دووورودرێژ و پڕ کەند و کۆسپ بێت، چەند تووڵانی و دژوار و سەخت بێت، چەند تەمومژ بێت؛ خواناس ئەوسەری دەبینێت، چونکە متمانەی تەواوی بە بەڵێنی خوای گەورە و کاربەجێیە. دینداری سەرڕاست چاوی لە قورسیی واقیع و سەختیی کێشەکان ناترسێت و سەبری لغاو کردووە و بەرەو هێنانەدیی سەرکەوتن یان شەهیدی کەوتۆتە یارغە و ئومێدی بە خوای گەورە زۆر بەهێزە.

سەبر جۆراوجۆرە، هەر وەکوو کە داخوازیی خۆی هەیە، بوواریشی زۆرە و هەر بوواره و داخوازیی خۆی هەیە. جۆرە سەبرێک لەسەر ئەرکەکانە، ئەرکی پەیمان و بەیعەت بە خوادان، ئەرکی بانگەواز و شاهیدیدان و کۆمەڵکاری و بزاڤ و ئیجتیهاد و جیهاد. جۆرێکی تر سەبرە لەسەر خۆشی و ناخۆشی، سەبرگرتن لەسەر خۆشی سەختترە وەک لە سەبرگرتن لەسەر ناخۆشی. سەبرگرتن لەسەر ناز و نیعمەت و خۆشی؛ خۆڕاگرتنە لەسەر سەرڕاستیی دینداری و مەغروورنەبوون. سەبر لەسەر نەبوونی هەواوفیز و لوتبەرزی لەکاتی دەوڵەمەندی و پلە و ناو؛ ئیمانداریتی و پەروەردەبوونێکی ساغی دەوێت. جۆرە سەبرێکی تر سەبرە لەسەر گەلۆری و کەلـلەپوتی و نەفامیی خەڵکی کە تووڕە دەکەن و تین و فشار لەسەر نەفس دروست دەکەن. جۆرەها سەبری تر لە جۆرەها مەیدانی تر و بە جۆر و ڕادە و بڕی جیاواز کە هەر دەبێت موسڵمان لەبەرخاتری خوای گەورە سەبر بگرێت، تا خوای گەورە سەبری زیاتری پێ دەبەخشێت: ﴿وَٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِمۡ﴾ {الرعد: ٢٢}. سەبرگرتن لەبەر خاتری خوا ئەوەیە کە بۆ باس و ناوهێنان و مەدح و سەنا نەبێت. بۆ ئەوەی نەبێت: تا نەڵێن سەبری نییە. یان بۆ ڕیابازی نەبێت: تا بڵێن بە سەبرە. یان بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندیەک بێت. تەنانەت بۆ ئەوەشی نەبێت کە کێشەکە لەسەر دڵی سووک بکات! بەڵکو خالیسەن بۆ خوای پەروەردگار و بەس، ئەوەش واتا ڕازیبوون بە پێشهاتەکە و تەسلیمبوون بە قەدەر و قەناعەتکردن پێی.

سەبر خۆڕاگرتنە لە تاقیکردنەوەی سەبرگرتندا! سـەبرگرتن هـەر خـۆڕاگرتن نیـیە بەرامبـەر ئازار و ژان، بەڵکوو لەگەڵ تەحەمولی ناڕەحـەتی و ناسـۆرەکەدا، لەگـەڵ نـەبوونی گلـەیی و گازنـدە و سـکاڵادا، لەگـەڵ خـۆڕاگری و ئـارامی و پارسـەنگیدا؛ بـەردەوامێتیی ورەبـەرزی و سووربوونە لەسەر دیـد و ڕێ و بـزاوت و هەڵوێسـت. سـەبرگرتن، خـۆڕاگری و بـەرەنگاری و کۆڵنەدانە، بەردەوامێتیی ڕاوەستانە بە ڕووی ستەم و دەستدرێژیدا.

سەبرگرتن ئاستی باڵای نموونەیی هەیە، پلەکانی زۆرن، ئەوەتا خوای گەورە بەو پێغەمبـەرە هەڵبژاردەی خۆی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێـت: سـەبر بگـرە: ﴿فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ﴾ {الأحقاف: ٣٥}، واتـا: «دەی سـا سـەبر بگـرە، هـەروەکوو کـە پێغەمبـەرە (ئولولعەزمەکان) سەبریان گرت». ئەو پێغەمبەرە پێشەوا بەهیممەتانە (نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسی (عَلَيْهِمُ ٱلسَّلَامُ))، تۆش وەکوو ئەوان سەبر بگرە، خۆڕاگرە و پشـوودرێژ بـە، بەپەلـە داوای سزادانیان مەکە، دوعایان لێ مەکە تا خوای گەورە زوو تووشـی بەڵایـان بکـات. سـوبحانەڵڵا، لەسەر ئەو هەموو ناسۆر و کارەسات و مەحروومکردنەشەوە کە دەبێت سەبری لەسەر بگرێت، پێـی دەفەرمووێـت: ﴿وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ﴾! هـاوار مەکـە: خوایـە ئـەم دوژمنـە سەرسـەختانە بفەوتێنیت!

بەڕاستی ڕێگای بانگەوازی خواویستی توولانی و سەخت و پڕ کەنـد و کۆسـپە، بەڕاسـتی ڕێگایەکی پڕ ناسۆر و ژان و سوێیە کە ئەو دڵ و دەروون و هـزر و هۆشـەی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەبری تـری بـۆ دەخوازێـت. ئـەو پێغەمبـەرە بـە سـەبر و سینەفراوانە، ئـەو پێغەمبەرە بە جورئەت و دلێر و نەبەزە، ئەو پێغەمبەرە پاک و ڕاستگۆ و سەرڕاستە، ئەم پێشـەوا تاقانە نموونەییە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبێت سەبر بگرێت و پەلـە نـە لـە فـەوتانی ئـەو جاهیلییەتـە کەلـلەڕەقانە بکات، نە لە هیدایەتدانیان، (سبحان الله). ئەو دوژمنە سەرسەختانە کـە بـەدەنگ ئەو وەحیەوە نایەن کە لەبەرچاوی خۆیان دێتە خوارەوە! نە ساڵێک و نە دوو، نە پێنج و نە دە،

بیست ساڵ و زیاتر، هەر باوەڕ ناهێنن و لەسەر کەللەڕەقیی خۆیان دەمێننەوە! کەچی خوای گەورە دەفەرمووێت پەلەیان لێ مەکە، نە لە هیدایەتدان و موسڵمانبوونیان، نە لە داوای فەوتاندنیان! ئەم پێغەمبەرە پێشەوایە (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) کە هەموو سەبرگرتنەکەی لەبەر خاتری خوای گەورەیە و بەس، کە کەس وەکوو جەنابی سەبر ناگرێت، بەڵام پێی دەفەرمووێت سەبر بگرە (وەکوو ئەو چوار پێشەوا عەزیزە نموونەی پێش خۆت (عَلَيۡهِمُٱلسَّلَامُ))، ئەم سەبرە تاڵە پێویستی بە قومێکی شیرینە لە سەلوای خوای گەورە، کە ئاوا پێی دەفەرمووێت سەبری زیاتر دەبێت بگریت تا وەکوو ئەو پێشەوا دەگمەنە بێوێنانەی پێش خۆت (عَلَيۡهِمُٱلسَّلَامُ) دەرچیت، ئەمە کە فەرمانی خوای گەورەیە بۆ جەنابی (صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، دڵدانەوە و هاندان و پشتگرتنیشیەتی.

سەبرگرتن بە هەموو جۆرەکانیەوە و لە هەموو بووارەکانیدا توێشووی ڕێگای توولانی و سەختی ئەم بانگەوازە خواییەیە، چ لە بووارەکانی ناخی دڵ و دەروون و هۆش و هەستدا، چ لە بوواری بەرەنگاریی ئەهلی جاهیلییەت و بەرهەڵستاندا، کە ڕەفتار (گوفتار و کردار)ی دژوار و ناقۆڵا دەنوێنن: ﴿فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾ {طه: ١٣٠}.

بەبێ سەبر و ئارامگری، بەبێ خۆڕاگرتن و پشوودرێژی؛ زۆر زەحمەتە موسڵمان بتوانێت عەقیدەکەی هەڵگرێت و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، چونکە هەموو ئان و سات و شوێن و حاڵەت و هەنگاوێک جۆرێک سەبری خۆی دەوێت، چ لە بووارەکانی حەز و ئارەزوو بن، چ بوواری وەرگرتن و پابەندبوونەکە بە ئیسلامە پاک و ڕاست و دروستەکەوە، کە هەموویان خۆتەسلیمکردن دەخوازن، تەسلیمبوونی ئیماندار بە خوای پەروەردگار، بە پاڵفتەی دڵ و دەروون و ڕووکردنە ئەو، تەنها ئەو، بە زاڵکردنی تەقوا بەسەر هەوادا، زاڵکردنی پابەندی بەسەر شلگیری و خۆڕاپسکاندا! زاڵکردنی خۆڕاگرتن و پابەندبوون بە شەرعەوە لە بەرامبەر ئەو هەموو هێزی ڕاکێشانە دنیاییەی هەریەکەیان دەخوازن پابەندییەکەی پێشێل بکەن و

ڕایکێشنه مەیدانی خۆیانەوە، ئـەم بـوواره یەکێکـە لـە بـوواره هـەره قورسـەکانی سـەبرگرتن و خۆگری.

خۆگرتنەوە لە حەزە چەوتەکان، لە لادان و سـنووربەزاندن، خـۆڕاگرتن لەسـەر پابەنـدی و داخوازییـەکانی ئیمانـدارێتی، سـەبرگرتن لەسـەر گـەوجی و گـەلۆریی بەرامبـەران، لەسـەر لووتبـەرزی و نـەفامی و گوێنـەدان، لەسـەر ورەبـەردانی دۆسـتان و شـوێنکەوتووان، لەسـەر مەحروومبوون و دەربەدەری و نەداری، لەسەر ژان و ئەشکەنجە و ئازار، لەسەر کۆڵی قورسی جیهاد و بەردەوامبوونی، لەسەر نیعمەت و دەسکەوتی دنیا: لە سامان و پلە و ناو، سەبر لەسەر دەسەڵات و هێز، لەمانە و دەیان و سەدان بووار و حاڵەتی تردا ئەم سـەبرە تەوەرەیـە، بڕبڕەیـە، سووتی ڕێیە، لەبەر گرنگی و کاریگەری و گەورەییەتی کـە سـەبر ئـاوا جێبایـەخی ئیسـلامە و یەکێکە لە ستوونە سەرەکیەکانی عەقیـدە و عیبـادەت و شـەریعەت، زەرووره‌تێکـی مەنهـەج و ئوممەت و بزاوتە، (سەبرگرتن و کاریگەریی لە کەس شاراوە نییە، بەڵام بیرخستنەوە و هانـدان و یارمەتیدانی دەوێت).

کـاروانی خواویسـتان ڕێ دەکـات و ناوەسـتێت، هـیچ کۆسـپ و بەربەسـتێک نـەیتوانیوە بیوەستێنێت، مەوکیبی بانگەوازی خوایی زۆر لەمێژە لەسەر ڕێباز و بەرنامـەی خـۆی دەڕوات، کۆنە بە قەدەر مێژووی مرۆڤایەتی، بە کـات و شـوێن و نەوەکانـدا ڕۆ چـووە، لەسـەر ڕێیـەکی ڕاست و دروست و ڕەوا، هەنگاوی پارسـەنگ و بزاوتـی بێوچـان، جێگیـر و دابـین و نـەگۆڕ، ئەوی ڕێی پێگرتووە هەر خۆی لەناو چووە، هەزاران فیرعەون و نەمروودی کردووە بە پەنـدی زەمانـە، هـەرچی تـاغووت و ملهـوڕ و جـەللاد هەیـە، هـەرچی حاشـیە و خواردەلـەمیش و مشەخۆری بەرپێی دەسەڵاتداران هەیە، هەرچی قەسیچە و سەرسەری و بەرەڵا هەیە لە نەوە بە نەوەی ئەم مرۆڤایەتییە دەهاتنە سەر ڕێی ئەم بانگـەوازە خواییـە و هـەموو توانـا و وزە و ڕق و قینیان دەخستە گەڕ تا زەمانێک بیوەستێنن، تا لە شوێنێک بیوەستێنن تا دید و پێناسـەیەکی پـێ

بگۆڕن، تا هەڵوێستێکی پێ شل بکەن، هەر نەیانتوانی، هەرچەندە خوێنی جۆگەلەی دەبەست، لاڕێ هەموو کاسەسەری ئەوان بوو، بەڵام ئەم کاروانە خواییە دلێرە پشوودرێژە هەر هات و قۆناغ بە قۆناغی بڕی، بێ ئەوەی بووەستێت، لادات، شل ببێت، ماندوو ببێت یان بکەوێت، بێ ئەوەی بچەمێتەوە، تەنازول بکات، کۆڵ بدات، یان مساوەمە لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست و شەرع و حاکمێتیی خوای پەروەردگار بکات. هەزاران جەللاد و خوێنمژ هاتن و چوون، هەزاران کەند و کۆسپ هاتنە ڕێ، هەزاران دەسەڵاتداری (بەهێز) هاتنە وێزەی ئەم دین و دیندارانە، بەڵام هەموو لاڕێ کەوتن و دینەکە هەر تەشەنەی کرد، حەقیقەتە عەقائیدییە ئاسانەکانی زۆر ئاسان بوون بە بەڵگەنەویستی دید و ڕێی ملیۆنەها کەس. تاغووتان و جەللادانیش ئەگەر خودی دینداران و ئەدەبیاتیان باسیان نەکردنایە، هەر ناویشیان نەدەما! مێژووش سەلماندنی کە داهاتوو بۆ ئیسلامە و واقیعی سەردەمیش وا شاهیدی دەدات، ئێمەش چاوەڕوانی کەرەمی خوای گەورەین.

سەرکەوتنی خوایی هەر دێت، چونکە ئەوە پەیمان و بەڵێن و فەرمایشتی خوای کاربەجێیە، بەڵام قەدەری ئەو وایە کە سەرکەوتن لە سەرەتادا نایەت، لە ناوەندی ڕێدا نییە. سەرکەوتن سەرئەنجامە، لە کۆتایی قۆناغەکاندایە کە ئوممەتە عەقائیدییەکە بە بزاڤ و جیهادەکەی دەیبڕێت و شیاو و شایستانە دەگاتە کۆتا و خەڵاتەکە وەردەگرێت: ﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُوا۟ عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا۟ وَأُوذُوا۟ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمْ نَصْرُنَا﴾ [الأنعام: ٣٤]، واتا: «پێغەمبەرانێکی تری پێش تۆش هەر بە درۆ خرانەوە، بەڵام سەبریان گرت، ئارامگرانە لەسەر بەدرۆخستنەوەیان مانەوە و لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستیان هەر بەردەوام بوون، ئازار و ئەشکەنجە دەدران و هەر کۆڵیان نەدا و پشوودرێژانە ڕێیان بڕی هەتا ئەوکاتەی سەرکەوتنی ئێمەیان بۆ هات!». خوای گەورە نەخشەی ڕێگاکە و وێنای دیمەنەکان هەمووی بەو حەقیقەتە عەقائیدییە بەڵگەنەویستانەوە هەموو دەخاتە پێش چاوی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی کە

ئەمە ڕێگای توولانیتانە، ئەمە ئەرک و بەرپرسیارێتیتانە، ئەمە کەند و کۆسپی حەتمیی کار و ڕێبازتانە، ئەمە ناڕەحەتی و ناسۆر و کارەساتی ڕێتانە کە دەهاتە سەر ڕێی پێغەمبەرانی خوا (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) و سەرداری هەمووان موحەممەد (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، کەوابوو شانی لێ قایم بکەن و ورەتان بەرز بێت، بشزانن کە حەتمەن بە زیادەوە دێتە ڕێی ئێوەش، دەسا ئێوەش بە ئارام بن، پشوودرێژ و بە سەبر بن، بەدڵنیاییەوە داهاتوو دەبەنەوە و شایانی خەڵاتی سەرکەوتنە خواییەکە دەبن، کە لە کۆتایی ڕێگاکەدایە.

ئەم قورئانە پیرۆزە ڕێسا و بنەمای ڕێگای خواویستی نیشان دەدات، دید و ڕێی بانگەوازی خوایی دەردەخات، ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کە زۆرینە بەرهەڵستکار دەبن، دژ دەوەستنەوە و، بێ ڕەحم و ڕەدا ڕەفتار دەکەن، ئەهلی ئەم دید و ڕێ خواویستییەش تووشی جۆرەها میحنەت دێن، بەڵام داعییانی ئیسلام دەبێت خۆگر و بە ئارام بن لەسەر بەدرۆخستنەوەیان، لەسەر ئەشکەنجە و سزا و ئازار کە دوژمنان بۆیان ساز دەکەن، بەڵام هەمووی بە سەبرگرتنەکە دەکەوێتە لاوە، ڕێسای خواییش وایە کە لە کۆتایی ڕێگاکە سەرکەوتن دانراوە، خەڵاتی ئەو کەسەیە کە دلێرانە ئەم بانگەوازەی ڕاگەیاندووە و جوامێرانە ڕێی بڕیوە و پشوودرێژانە گەیشتۆتە کۆتایی ڕێگاکە، کە سەرکەوتنەکەیە.

سەرکەوتن مسۆگەرە، بەڵام هەر لە کاتە دیاریکراوەکەی خۆیدا دەبێت. کاتەکەی بەمە پێش ناکەوێت کە ڕاستە حەقخوازەکان وان لە ژێر تین و فشاردا، داعییانی ئیسلام وان لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا، پێشڕەوانی خواویستی هەموو پەڕیدە و ڕاوەدوونراو و مەحروومن، پیاوچاکانی خواناس لە میحنەتدان؛ ئەمانە هەمووی ڕاست و حەقن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر پێشخستنی سەرکەوتنەکە نییە. لەبەر ئەوەش پێش ناکەوێت کە زەروورەتێکە بۆ کۆتایی هاتنی زوڵم و ستەمی تاغووتان، زەروورەتە بۆ وەستاندنی دەستدرێژییان، زەروورەتە بۆ لەناوبردنیان؛ ئەمانە هەموو ڕاست و ڕەوان، بەڵام کاریگەرییان لەسەر پێشخستنی سەرکەوتنە خواییەکە نییە.

دیسانەش ئەوەش نابێتە هۆکاری پێشخستنی ئەو سەرکەوتنە خواییە کە داعییەکان و پێشڕەوانی خواویستی سەرڕاستانە دڵ و دەروونیان پاڵفتە کردووە و بۆ خوا ساغبوونەتەوە و بۆ دینەکەی لێبڕاون و بانگەوازەکەیان ڕوون کردۆتەوە و حەز بە هیدایەتدانی کەسوکار و هۆز و قەومەکانیان دەکەن، حەز دەکەن خەڵکی هیدایەت و پاداشتی خوایی بە نسیب ببێت نەک کوێرەوەریی کوفر و سزای قیامەت؛ ئەمانەش هەموو ڕاست و ڕەوان، بەڵام هیچیان کاریگەرییان لەسەر پێشخستنی سەرکەوتنە خواییەکە نییە کە بەپێی قەدەری خوای گەورە خۆیەتی و کەس پەلەی لێ ناکات و هەروەکوو کە هیچ تاغووت و دەسەڵاتدارێکیش ناتوانن دوای بخەن. ئەوە بڕیاری خوای گەورەیە و لە ئایەتەکانیدا ڕوونی کردوونەتەوە و بە فەرمایشتی خۆی جەختی لەسەر کردووەتەوە، فەرمایشتی ئەویش چەسپاو و نەگۆڕە و بە هیچ کلۆجێک گۆڕانی بەسەردا نایەت: ﴿لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ﴾[1] {الكهف: ٢٧}.

فەرماندانی خوای گەورە بە سەبرگرتن و خۆگری و پشوودرێژی و داوای بەئارامبوون؛ هاوڕێی فەرماندانێتی بە بانگەواز و بانگهێشتی خەڵکی بۆ دینەکەی، هەروەکوو کە لەگەڵ هەموو پێغەمبەرێکدا سەلامی خوایان لێ بێت بانگەوازی خواویستییەکەی پێ دەدرا، بە هەمان شێوە فەرمانی سەبرگرتنیشی پێ دەدرا، ئەمە بۆ شوێنکەوتووانیشیان هەر وابووە و هەروا دەبێت، چونکە سەبرگرتن زۆر زەرورییە، چونکە کۆڵی بەرپرسێتییەکە زۆر قورسە، بانگەوازەکە سەبری دەوێت، گەیاندن و ڕوونکردنەوە و بەردەوامبوونی، ڕێگا تووڵانییە پڕ کەند و کۆسپەکەی، هەموو سەبرگرتنیان پێویستە. سەبر هەر لەسەر بانگەوازەکە نییە، لەسەر بڕیار و فەرمان و ئەحکامەکانی خوای گەورەشە، مەبەستیش جگە لە سەرخستنی دینەکە و سەرفرازیی دیندارەکان؛ سەبرگرتنە لەسەر خودی حوکمی خوای گەورە کە سەرەتا وەرگرتن و پابەندبوون

---

(١) (لا)یەکە (نافية للجنس)ـە، واتا نەفیی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک دەکات، هیچ جۆرە توخمێکی گۆڕین و گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕ و لادانی بەسەردا نایەت.

دەخوازێت ئینجا گەیاندنەوەی، وەرگرتنی حوکمی خوای گەورەش هەر سەبری دەوێت، بۆیە دەفەرمووێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ﴾ {القلم: ٤٨}. لەڕاستیدا سەبرگرتن لەسەر کەند و کۆسپی ڕێ و لەسەر تین و فشار و ئەشکەنجە و ئازار؛ سەبرگرتنە لەسەر حوکمی خوای گەورە تاکوو سەرکەوتنەکەی پێ دێت، لە کات و کۆتایی ڕێگاکەدا دێت.

کەند و کۆسپی ڕێ زۆرن، کێشە و گیروگرفت زۆرن، کێشەی بەدرۆخستنەوە و بەرهەڵستیکردن و شەڕ پێفرۆشتن، کێشەی کەلەڕەقی و دەمەوەڕی و سووکایەتیپێکردن ، کێشەی خۆفشکردنەوەی باتڵ و پۆزلێدان و خۆنواندن، کێشەی ورەبەردانی خەڵکی و سەرسامبوونیان بە باتڵ و تەمەلوق بۆکردنی، کێشەی (سەرکەوتن)ی باتڵ و زاڵبوونی، لەگەڵ هەریەک لەمانە و سەرباری ئەمانە کێشەکانی نەفس و ئینفیعالاتە لاسەنگەکان، کێشەی خۆکۆنترۆڵکردن، کە ڕەنگە لە هەموویان قورستربێت، بەڵام دڵی خواناسی ئیماندار و هەزری بە قەناعەت و پارسەنگیی بە حەقیقەتە عەقائیدییەکان و ویژدانی ئاسوودەی بە خۆشەویستیی خوا و متمانەپێکردنی و گەشەی ڕۆحی بە هەستی لە خوا نزیکی و چاودێری و ئاودێریی کە دڵنیایی تەواوی لا دەچەسپێنێت بە بەڵێنی خوای کاربەجێ کە گومان و دوودڵی و ڕاڕایی تێدا نامێنێت، کە بۆی دەبنە زادی ڕێ و ورەبەرزی و ڕۆحی دلێری و نەبەزی، ئەم دڵنیابوونە عەقائیدی و هەستە ڕۆحییە خۆی بەسە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو کێشە و کەند و کۆسپەکانی ڕێ، هەرچەندە زۆر بن، هەرچەندە قورس و سەخت و جۆراوجۆر بن، بەڵام گەیشتنە ئەم دڵ و هزر و ویژدان و ڕۆحە پاڵفتەکراوەی ئاوا بە خواوە پەیوەست دەبێت و لە بەڵێنی دڵنیا دەبێت؛ خۆشی ڕەنجێکی زۆر و جوهد و جیهادێکی زۆری نەفسی دەوێت، خۆشی سەبرێکی چاک و توولانی دەوێت، خۆکۆنترۆڵکردن و پابەندکردنەوەی بە ڕێسا و بنەماکانی بانگەوازەکەوە کارێکی ڕۆژانەی سەختە، بەڵام گرنگ و کاریگەرە و بە یارمەتیی خوای گەورەش زۆر گران نابێت، بەڵام ئاستێکی بەرزی شیاو و شایستەبوونە، بۆیە خوای گەورە بەو پێغەمبەرە بە سەبرە

(صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموویت: ﴿فَٱصۡبِرۡ صَبۡرٗا جَمِيلًا ٥﴾ {المعارج: ٥}، واتا: «سەبر بگرە، بەڵام بە سەبرێکی جوان». سەبری جوان ئەو جۆرە سەبرگرتنەیە کە خاوەنەکەی لە فەرمانی خوا بەتەواوی دڵنیایە و تەسلیمی قەدەرێتی، سەبرێکە کە سکاڵا و ئاخ و ئۆفی لەگەڵدا نییە، سەبرێکە بۆڵە بۆڵی لێ دوورە، سەبرێکە نە ناڕەحەتیی وەلدایە و نە گومان، متمانەی تەواوی بە بەڵێنی خوای لەگەڵدایە، سەبری کەسێکە لە کۆتایی ڕێ و چارەنووس بێ خەمە، سەبری کەسێکە کە بە قەدەری خوای گەورە ڕازییە و دانایی خوای گەورە لە ڕووداوەکاندا دەبینێت، هەست بە دەستی خوای گەورە دەکات کە کێشە و بەڵاکان بە ئاڕاستەی سوودی ئیمانداراندا دەبات، سەبری کەسێکە کە بە تەقوا هێندە بە خوای خۆیەوە بەندە دەزانێت کە هیچ شتێک بەبێ ویست و زانست و ئیرادەی ئەو نابێت و ناشێت. ئەم جۆرە سەبرە و ئەم ئاستە باڵایە هی ئەوەیە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی خۆی پێ بەهێز بکەن، چونکە ئەوان بۆ خوا لێبڕاون، بانگەوازەکەی ئەویان هەڵگرتووە، خەڵکی بۆ تەوحید بانگهێشت دەکەن، ئەمە ڕێبازی خوایە و ڕێگای بەرەو خوا چوونە، کەوابوو دەبێت چالاکوانانی بزاڤ و ئوممەتە عەقائیدییەکە لەو ئاستە باڵایەی سەبر و متمانە و لێبڕاویدا بن تا شایان و شایستەی بەرپرسێتییەکە بن، دەبێت لەوە دڵنیا بن کە هەرچی بەسەریان دێت لە پێناوی خوادایە، هەرچی دێتە ڕێیان بە بڕیاری خوای گەورەیە، ئاگای لە هەموو ڕەفتارەکانە، کەوابوو ئەم سەبرە جوانە بگرنە بەر، ئەمە لایەقی ئێوەیە. ئەم سەبرە جوانە نیشانەی ئەو دڵنیاییەی ناخە کە بۆتە یەقین و سەرچاوەی ڕەفتارە ڕاقییەکانی داعی، داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی دەبێت ئەویان بەتەواوی لا ڕۆشن و جێگیر بێت کە ئەم بانگەوازە هی خوا خۆیەتی، ئەو خۆی تاغووت و ملهووڕ و ناکەسبەچەکان دەبینێت کە پێغەمبەرە بەڕێزەکانی (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) بە درۆ دەخەنەوە و ئەولیایانی ئازار دەدەن، خوای گەورە خۆشی خاوەنی ئەو هەڕەشەیە لەو تاغووت و ملهووڕە دەبەنگانە، خۆشی خاوەنی بەڵێنی سەرکەوتنەکەیە بە ئیمانداران و خۆشی بە وەحی دڵنیای کردوونەتەوە کە

چارەنووس بۆ ئەهلی ئیمانە و، ئەهلی کوفر و شیرک و جاهیلییەت چارەنووسیان دۆزەخ و سزای بەژانە. داعییانی ئیسلام و ئەهلی بانگەواز و بزاڤی خواویستی دەبێت لەوە غافڵ نەبن کە خوای گەورە خۆی کەس و ڕووداو و بزاوت و هەڵوێستەکان دەبینێت، ئاگای لە هەمووانە، بەڵام کاتی بۆ سەرەتا و کۆتایی هەموو شتێک دیاری کردووە و تەقدیری هەموو شتێکی وا کردووە کە لەگەڵ بزاوتی گەردووندا یەک دەگرنەوە، تەگبیری بۆ هەمووان کردووە، بەڵام مرۆڤ نادیدە و نەزانە، پەی بەم ئاسۆ بەرفراوانە گشتگیرەی (وجوود) نابات.

مرۆڤی سنووردار درک بەم تەگبیر و ئیدارەیەی خوای گەورە ناکات کە هەموو بزاوت و سرەوتێکی (وجوود) بە قەدەری ئەو دێن و ڕەفتار دەکەن، بۆیە مرۆڤ پەلەیەتی. مرۆڤەکان (وجوود) بە چاو و هزر و دڵ و زانیاریی خۆیان دەپێون، کە ئەوەی هەستی پێ دەکەن و لێی حاڵی دەبن لە موفرەداتەکانی ئەم گەردوون و ژیان و مرۆڤە زۆر کەمە، ڕێژەیەکی ئێجگار کەمە، بۆیە کە ماوەی ناسۆر و کارەساتیان توول دەکێشێت؛ دەکەونە گومانەوە! یان سکاڵا دەکەن! هاواریان لێ هەڵدەسێت! لەوانەیە زۆر لە داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستیش ئەوەندە پشێو ببن کە خۆزگەی خێراهاتنەدیی بەڵێنە خواییەکە و سەرکەوتنەکەی بخوازن، بەڵام خوای گەورە بەوانیش دەفەرموێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ صَبۡرٗا جَمِيلًا ۝٥﴾. ئاوا دڵیان قایمتر دەکات و ورەیان زیاتر بەرز دەکاتەوە، چونکە (سەبر بگرە) ئاماژەکردنی تێدایە بە ئارامگران و ئەهلی پێشینی سەبرگرتن، کە ئەوانیش ئاوا کەوتنە ژێر تین و فشاری میحنەت و سەبریان گرت، گەیشتنە ئەنجامەکە کە سەرکەوتنە، کەوابوو ئێوەش ئەم سەبرە جوانەتان هەبێت، خۆ پێغەمبەران (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) پێش ئێوە ئەو سەبرە جوانەیان گرت، ئەوانیش کەوتنە ژێر تین و فشاری میحنەتەوە، سەبرگرتنەکەیان توێشووی ڕێگایان بوو، هەروەکوو کە سیما و سیفاتی هەریەکێکیان بوو، هەریەکەیان بەگوێرەی ئاستی پێغەمبەرێتیی خۆی دووچاری ئەو جۆرە میحنەتانە دەبوو، کە وا دیارە -هەر واشە-، ژیانەکەیان هەموو بریتی بوو لە ئەزموونی

سەبرگرتن، بریتی بوو لە چاندن و دووربینەوەی سەبر، ئاوا بوونە نموونەی پێشەوایەتیی مرۆڤ، کە هەر کەسێک لە هەر کات و شوێن و حاڵەتێکدا بڵێ لەوە زیاتر تەحەممول ناکرێت، دەوترێت: دەکرێت، ئەوە نموونەی کەڵەپیاوانی مێژوو، دەستە هەڵبژێردراوەکەی خوای گەورە (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ)، تا ئەو حەقیقەتە بسەلمێت و بچەسپێت کە: عەقیدەکە بەسەر ستەمدا زاڵ دەبێت، ڕۆحی مرۆڤایەتی لە ئازار بەهێزترە و سەبرگرتنیش گرەوبردنەوەیە. ئیمان بەسەر هەموو ئیغراکردن و ترس و تۆقاندنێکدا زاڵ دەبێت و سەبریش لە دەسەڵات باڵاترە. سەلماندنی ئەم هاوکێشەیە لە ژیانی پۆلە پێشڕەوێکی وەکوو پێغەمبەران و شوێنکەوتووانیدا زەرووری بوو، تا بە هەموو ئیمانداران و ئەهلی بانگەواز و بزاف و ململانێی ئیمان دژی کوفر بوترێت کە ئا ئەمەیە ڕێگای بەرەو خوا چوون، سەبرگرتن سیما و جەوهەری بانگەوازی خواییە، ئەو کەسانەی کە ئەم ڕێگا و بانگەواز و بزاڤە خواویستییە دەگرنە بەر و پشوودرێژانە لەسەری دەمێننەوە و سەبری جوان دەگرن، پاداشتیان ئەوەندە زۆرە کە حسێب ناکرێت! ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجۡرَهُم بِغَيۡرِ حِسَابٖ ۝١٠﴾ {الزمر: ١٠}[1]، واتا: «ئەوانەی ئارامیان گرت و پشوودرێژ و بە سەبر بوون؛ پاداشتیان بەبێ هەژمارکردن دەدرێتەوە»، چونکە سەبری جوانیان لەسەر هەموو ڕەفتارەکان گرتووە، سەبر لەسەر نەفسی خۆ، سەبر لەسەر جیهاد و ناڕەحەتیەکانی ڕێ، سەبر لەسەر دوژمنان و هەرچی دەیکەن و دەینوێنن کە سەدان ڕەفتاری سەدان حاڵەتن! لەگەڵ ئەم هاندانەدا خوای گەورە متمانە لە دڵی ئیمانداراندا بەهێز دەکاتەوە: ﴿فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ﴾

(١) هەرچەندە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەبیستم یان دەخوێنم و دەبینم ئەوەم دێتە بەرچاو کە داوەرەکانی باڵای هەندێک وڵات شیک (چەکی بانک)ی کراوەیان دەدرێتێ، کە چەندی پێویستە لە بانک ڕایکێشێت، بۆ ئەوەی ناچاری وای لێ نەکات لە کاتی وەزیفەدا دیاری وەرگرێت، چ جای بەرتیل! ئەمە پێی دەڵێن (الشيك المفتوح). هەرچەندە ئەم ئایەتە دەبینم وا تەسەور دەکەم کە پاداشتێکی کراوەی بێ سنوورە! تەسەورکە خوای گەورە بە کەسانێک کە ئەو سەبرە جوانەیان گرتووە بفەرموێت: پاداشتی ئێوە سنووردار نییە، چونکە لە حسابکردندا نییە، بەپێی (ئیحتیاج)یش نییە، هەر کراوەیە بۆ حەز و ئارەزوو، سوبحانەڵڵا. خوای گەورە ئەو سەبرە جوانەمان پێ ببەخشێت کە حەتمەن بە هەوڵی قۆناغ بە قۆناغ و ئاست بە ئاستی شیاوێتیی خۆمان دەبێت کە هەر لە یارمەتیی خوای گەورەوەیە!

{غافر: ٧٧}، (آمنـا بـالله)، به تەئكيـد بەڵێنـی خـوای گەورە ڕاسـت و ڕەوا و حەقە، لە كـاتی دیاریكراوی خۆیدا -بەپێی قەدەرە خـواییەكە- دێـتە دی، حەتمەن دێـتە دی هەرچەنـدە ڕێگـا دوور و پڕ كەند و كۆسپ بێـت و موسـڵمانان لاواز و، ئەهلـی كـوفر و شـیرك و جـاهیلییەت خاوەن هێز و توانا بن، جیهانی هۆ (الأسباب) هەرچییەك و هەرچۆنێـك بێـت؛ ئەو پەیـمان و بەڵێنەی خوای گەورە لە كاتی خۆیدا دێتە دی.

سەرنجدانەوە لە ئایەتەكە شایانی ئەوەیە وردەكارانەتر شیكاری بكەین و چاكتر تێیدا قاڵ و قووڵ ببینەوە، چونكە باسی حاڵەتێكمان بـۆ دەكـات كە لە ژیـانی ئـێمەدا زۆر زەق بـووەتەوە و بەردەوامیش دێتەوە ڕێ. پێغەمبەری خوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) لەو ئەزیەت و ناڕەحەتی و ناسـۆرەدا بـوو، لەژێـر تـین و فشـار و یـاخیبوونی قـورەیش و گـوێنەگرتن لێـی و دژایەتیكردنێكـی سەرسەختانەشیدا بـوون، خـوای گەورە لەو كـاتەدا بەم پێغەمـبەرە عەزیـزەی (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) فەرمـــــــــــــوو: ﴿فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۚ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعۡضَ ٱلَّذِي نَعِدُهُمۡ أَوۡ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيۡنَا يُرۡجَعُونَ ٧٧﴾ {غافر: ٧٧}، واتا: «سەبر بگرە، بە دڵنیـاییەوە بەڵێنـی خـوای گەورە ڕاسـت و ڕەوا و بەجێیە، حەقی ڕەهایە، نە بیردەچێتەوە و نە دەگۆڕێت و نە دووا دەكەوێت، سەبر بگرە، سا یـان هەنـدێك لەو بەڵێنـانەت لە دنیـادا نیشـان دەدەیـن كە هەڕەشـەی سـەختن و بەو كافرانەمـان ڕاگەیاندووە لە كوشتن و بەزین و بەدیلگرتن و ژێردەستەبوون و لەدەستدانی كەسایەتی و ماڵ و پلەوپایە، یان دەتبەینەوە بۆ لای خۆمان و ئەوانیش دەگەڕێـنەوە لای ئـێمە، جـا ئەو كـاتە لە قیامەتدا هەموو هەڕەشەكە دەبینێت كە دەچەسپێنرێت بەسەریاندا». تۆ ئەركی سەرشانی خـۆت بەجێ بهێنە، بەرپرسێتیی تۆ ئەوەیە، ئەنجام پەیوەندیی بەتۆوە نییە و هەقت نەبێت بەسـەریەوە، تەنانەت خۆشحاڵبوونیشت بە هاتنەدیی بەڵێنەكانی خوای گەورەش هەر لەدەست تۆدا نییە، تۆ كـاری خـۆت بـكە و بەس، بـاقییەكەی تـر دێـت، نە ئەنجـام و نە هـاتنەدیی بەڵێـنەكە و نە سەركەوتنی تۆ و نە ژێركەوتنی تاغووتان و ڕەفتاری تر كێشەی تۆ نین، تۆ ئەوە ئەنجام بـدە كە

پێت سپێردراوە، خوای گەورە خۆی ئەوەی دەیەوێت  ئەو دێتە دی.

دەبێت ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە مەحکەمەی کە ڕێسایەکی بزاوتە خواویستییەکەشە بەتەواوی لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستیدا بچەسپێت، ئەمە پشتێنە (قایش)ی قوتاربوونە، دەبێت لەوە زۆر بەحەزەر بن کە شەیتان ئەم بووارە ئیستیغلال نەکات و لێوەی دزە بکاتە ناوەوە و ئینفیعالاتێک بە داعییانی ئیسلام دروست بکات کە کاردانەوە بن نەک ڕاپەڕاندنی فەرمانی خوایی، چونکە دەشێت شەیتان ئەو حەز و ئارەزووە بقۆزێتەوە کە داعییان و پێشڕەوان و ئەهلی ئیمان حەز دەکەن لە تەمەنی خۆیاندا ئەو بەڵێنە خواییە ببینن کە دێتە جێ و دوژمنە ڕقنە لووتبەرزەکان ببینن کە لووتیان شکاوە و زەلیل کەوتوون، شەیتان دەتوانێت لەم حەزەوە دزە بکاتە ناخی ئیمانداارانەوە و دواتر بیانخاتە سەر وەسوەسە و گومان و دوودڵی لە بەڵێنی خوا، یان ئەگەر ئەوەشی نەتوانی پێیان بکات، دەیانخاتە گلەیی و گازندە و سکاڵاکردن! کە تا کەی سەبر بگرین؟! ئەم سەرکەوتنەی خوای گەورە بۆچی نەهات؟! ئەو بەڵێنە حەتمییە و ئەو سەرکەوتنە مسۆگەرە، بەڵام نەک وەڵامدانەوەی پەلەکاریی موسڵمانان بێت، بەڵکوو بەپێی قەدەری خوای گەورە خۆیەتی و لە کات و شوێن و قۆناغی خۆیدا و بە بڕ و ڕادەی ئەندازە بۆدیاریکراوی خۆی دێت (إن شاء الله).

## بڕگەی سێیەم: دیسان سەبر و خۆگری و پشوودرێژی

شــوێنکەوتووانی بــانگەوازی خواویســتی هەر دەبێــت شــان بــدەنە بەر ئەرکەکــانی و تەحەمولی بەرپرسێتییەکەی بکەن، هەر دەبێـت سـەبر لەسـەر بەدرۆخسـتنەوەی بگـرن، هەر دەبێت لە بەرامبەر ئازار و ئەشکەنجە و ژانیٚ خۆ ڕاگرن، بێگومان بەدرۆخستنەوەی ڕاستگۆی خاوەن متمانە زۆر لەسەر دڵ قورسە، بەڵام ئەوە بەشێکە یـان جۆرێکە لە ناڕەحەتییەکـانی ڕێـی بـانگەوازەکە، بـۆیە ئەو کەسـانەی کـۆڵی بەرپرسـێتیی بـانگەوازی خواویسـتی و ململانێـی جاهیلییەتیان خستووەتە سەر شان؛ دەبێت تەحەمولی بکەن، دەبێـت کـۆڵنەدەرانە خۆیـانی لە بەرامـبەردا بگـرن، ناشـێت بە هـیچ کلۆجێـک لە گەیانـدنی بـانگەوازەکە و ڕوونکـردنەوەی تەوحیدەکە و سەلماندنی حاکمێتیی خوای گەورە سارد ببنەوە، بەڵکـوو دەبێـت بەردەوام وەبیـر بهێننەوە و بیگەیەنن، سوور بن لەسەر ئەم بەردەوامبوونە شیاوە، ناشێت لەهیدایەتدانی خەڵکی ڕەشبین بن، نابێت لەوەڵامدانەوەی خەڵکی هیوابڕاو بن، نالوێـت وا بـزانن خەڵکـی کە مـادام گوێیان لێ ناگرن ئیتر موسڵمان نابن، ناشێت لەو کەسـانەش بـێ ئومێـد بـن کە سـووکایەتی بە خۆیـان و بـانگەوازەکەش دەکەن، یـان هەڵوێسـتیان زۆر سـلبی بـووە بەرامبەریـان، چـونکە هیدایەتدانی ئەمانە و غەیری ئەمان بەدەست خوای پەروەردگارە و بەس.

داعییانی ئیسلام ڕوونکردنەوەی دینەکەیان لەسەرە نەک هیدایەتدان، نابێت داعیـی ئیسـلام لە گەیاندنی بانگەوازەکەی مەلەل بیگرێت، ناشێت لەوە بێزار بێت کە ئەوە دە جاری بـۆ کـابرا باسکرد، کەچی هەڵوێستی هەر وەکوو خۆیەتی! دە جار و بیست جار چییە؟! دەشێت داعی بۆ جـاری سـەدەمین شـتێک بـۆ کەسـێک بـاس بکـات و کەچـی لە جـاری سـەد و یەکەمینـدا وەریدەگرێت! لەوانەیە لە دووای جاری هەزار و یەکەمین قبووڵ بکات و بەدەم بانگەوازەکەوە بێت! ئەگەر داعیی موسڵمان ئەو جارەی دوای هەزار جارەکەی پێشوو سەبری گرت و لەسـەر

ئەركی خۆی بەردەوام بوو، بێ هیوا و ڕەشبین نەبوو، لەوانەیە ئەو كاتە دڵی بەرامبەرەكەی بۆ بكرێتەوە.

ڕێگای بانگەواز سادە و ئاسان نییە، وەڵامدانەوەی خەڵكی ئاسان نییە، گۆڕانكاری دڵ و دەروون و قەناعەتی هزر و هۆش ڕەفتارێكی سەرپێی ئەلەكی نییە، خێرا نییە، بە پێچەوانەوە لەوانەیە هەر زۆر سەخت بێت و ماوەیەكی زۆر دوورودرێژی بوویت، چونكە دەشێت ژەنگ دڵی داگرتبێت، چڵك و چەپەڵی دەروونی گرتبێتەوە، ویژدانی پڕ بووبێت لە خاشاك، چاوی بە گومڕایی لێڵ بووبێت، هزر و ژیریی بەكۆمەڵێك ڕێسای چەقبەستوو و بنەمای كەڕواوی جەمان بووبێت، ڕەوشتی بە كۆمەڵێك بەها و نەریتەوە بووبێت و دەقی پێیانەوە گرتبێت، دەشێت هەموو حەز و بەرژەوەندییەكانی لە بارودۆخێكی جاهیلیدا بن، گۆڕینی ئەم كەسە كە هەر قاڵبەكەی ماوە، كارێكی ئاسان نییە، لادان و ڕادانی ئەم هەموو ژەنگ و ژارە قورسە، پاككردنەوەی ئەم كەسایەتییە لەو هەموو چڵك و چەپەڵی و گەندەڵییە سەختە، بەڵام ئەستەم نییە، بۆیە دەبێت بە هەموو هۆكارێك هەوڵی پاڵفتەكردنی بدرێت، یان ڕاستتر بڵێین هەوڵی زیندووكردنەوەی بدرێت. دەبێت هەموو داو و دەزوو و تەلەكانی هەست و هۆشی فەحس بكرێت و بزانرێت كام داوەیان ساغە و دەشێت لەحیم بكرێت، كام تەلەیان نەپساوە و دەشێت پاك بكرێتەوە و هێزە كارەباییەكەی پێدا تێپەڕێنرێت. لەوانەیە لەم پشكنینە وردەكارانەدا -كە بە سەبر و پشوودرێژی دەبێت- ئەو بووارە بدۆزرێتەوە كە نووری ئیمانی پێدا تێبپەڕێت، ئەوجا لەوانەیە دەستلێدانێك یان تەكاندنێك، ڕاوەشاندنێكی هەست و هۆش و هزر و بیر یان دڵ و دەروون، ئەم زیندەوەرە بەشەرییە ڕاست بكاتەوە و بەتەواوی بیگۆڕێت. گەڕان لە دووی سەرەداوەكە و دۆزینەوەی گرنگە، چونكە لەگەڵ دۆزینەوە و لەباركێشان و پارسەنگ ڕەفتاركردن لەگەڵیدا؛ گرێ كوێرەكان دەكرێنەوە و ئاڵۆزكاوییەكەی بە ئیزنی خوا دەكرێنەوە.

مرۆڤ لەوە سەری سوڕ دەمێنێت كە جاری وا هەیە هەزار جار هەوڵ لەگەڵ كەسێكدا

دەدات، بەپێی دیراسەکردن و نەخشەبۆدانانیش هەوڵ دەدات هەر ناگاتە هیچ، کەچی لە ڕەفتار (کردار یان گوفتار)ێکی هاکەزایی سەرپێییدا یەکسەر بەرامبەرەکە تەسلیم دەبێت! بە ڕەنجێکی زۆر سادە و ئاسان بەدەم بانگهێشتە سەرپێییەکەوە دێت و ئەو ڕەفتارە سادەیە دەبێتە مایەی هیدایەتدانی. ئەم حاڵەتەم وەکوو حاڵەتی ڕادیۆیەک دێتە پێش چاو کە مەوجەکەی دێنیت و دەبەیت ئێزگەکە نادۆزیتەوە، دیسان هێدی و بە دیقەت گێچی مەوجەکە دەخەیتەوە سەر ژمارەکە (کیلۆهێرتز و شەپۆلەکەی) هەر ناگەیتەوە بەست، کەچی بە خولاندنەوەیەکی بێ نەخشەی هەڕەمەکی یەکسەر دەکەوێتە سەر ئێزگە خوازراوەکەت و بە سافی گوێی لێ دەگریت. وا دێتە پێش چاوم کە دڵ و هزری خەڵکیش وابێت، کە سەدان جار بەپێی نەخشە و قسەوباسی هەڵبژاردە لەگەڵ یەکێکدا دەدوێیت، بە دەم باسەکەتەوە نایەت، کەچی باسێکی لاوەکی کە زۆر مەبەستیشت نەبووە، دەردەبڕیت، یەکسەر دەبێتە مایەی تەکاندنی تەپوتۆزی سەر ڕادیۆی ئیمانداریتی و شەپۆلەکانت وەردەگرێت، لەم ڕووانگەوەیە کە داعیی موسڵمان نابێت لە کەس هیوابڕاو ببێت، دەبێت بەردەوام مەوجی ڕادیۆکە بگێڕێت تا دڵە خوازراوەکە دەدۆزێتەوە، کە لەوانەیە لە بزاوتی هەزار و یەکەمجاریدا بێت کە وەڵامدانەوەی لا دروست دەبێت.

ئاسانە داعیی موسڵمان و پێشڕەوانی خواویستی زوو لەوە تووڕە ببن کە خەڵکی گوێ ناگرن لێی و بەدەم بانگهێشتەکەیەوە نایەن، ئەمە ئاسانە، ئاسانتر لەمیش وەلکردن و خۆدوورگرتنە لێیان، ئەمە کارێکی سادە و ئاسان و خۆشە، لەوانەیە ئەمە ببێتە مایەی هێوربوونەوەی تووڕەبوونەکە و سوکنایی دڵی بدات، بەڵام ئەدی کوا بانگەوازەکەی؟ لەو خۆدابڕانەی لە گوێنەگر و ئیهمال و بەرەنگارەوان چی دەست دەکەوێت؟ بێگومان هیچ، ئەسڵ بانگەوازەکەیە نەک داعییەکە، بانگەوازەکە نابێت بووەستێت، با تووڕەش ببێت، با خەفەتیش بخوات، بەڵام دەبێت لە سینەی خۆیدا ڕاگرێت و لەبەر خاتری خوای گەورە ئیهمالی بکات و لەسەر کاری

خۆی بەردەوام بێت، ئەوە چاکترە بۆی کە سەبر لەسەر نەفامییان بگرێت و بانگەوازەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە، گوێ نەدات بەوەی دەیڵێن. داعی ئیسلام دەبێت ئەوەندە بۆ خوا لێبڕابێت کە بووبێت بە ئەداتی قەدەری خوای گەورە. خوای گەورە بۆ بانگەوازەکەی خۆیی هەڵدەسووڕێنێت، ئەم مادام خۆی تەسلیم بە خوای گەورە کردووە و خەریکی بانگەوازەکەیەتی، ئیتر هەقی نەبێت، خوای گەورە خۆی سەرپەرشتیاری بانگەوازەکەی خۆیەتی و ئاگادارە لە هەڵوێستی هەمووان لێی. خوای گەورە بانگەوازەکەی خۆی دەپارێزێت و خەڵکیی بۆ هیدایەت دەدات، بەڵام بە دانایی خۆی وای بڕیار داوە کە داعیەکە بکاتە هۆکاری بەردەوامیی بانگەوازەکە و هیدایەتدانی خەڵکەکە، کەواتە با فەرزەکەی سەر شانی خۆی جێبەجێ بکات، بارودۆخ هەرچۆنێکە، خەڵک کەم یان زۆر بەدەم بانگەوازەکەوە دێن؛ ئەو هەقی ئەمانەی نەبێت، با ئەرکی خۆی و ڕۆڵی خۆی ببینێت، باقییەکەی تری عایدی خوای گەورەیە و هیدایەتدانیش بەدەست ئەوە و بەس.

خوای گەورە نموونەی داعییەکمان بۆ دەهێنێتەوە کە سەبری نەما و بانگهێشتی خەڵکەکەی وەل کرد و بە تووڕەییەوە بەجێی هێشتن، کە سەیدنا یونسە (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ): ﴿وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٨٧ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٨﴾ [الأنبياء: ٨٧ – ٨٨]، واتا: «زەننون (سەیدنا یونس (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ)) کە تووڕە بوو لە قەومەکەی؛ جێیهێشتن، وایدەزانی کە توندوتیژ نابین بەرامبەری و ژیانی لێ تەنگ ناکەین (و لێیدەگەڕێین ساحە و بانگەوازەکە وەل بکات)، بەڵام کە کەوتە سکی نەهەنگەکەوە (دنیای بەرفراوانی لێ تەسک بووە)؛ لە تاریکی سکی نەهەنگەکە و چینەکانی دەریاوە کەوتە موناجات و پاڕانەوە: خوایەگیان شایەتم کە هیچ خوایەکی تر نییە شایەنی خوایەتی بێت جگە لە تۆ، پاک و بێ خەوشی بۆ تۆ، من کەوتمە ڕیزی ستەمکارانەوە، لێم خۆشبە. ئێمەش بە هانایەوە چووین و داواکەیان قبووڵ

کرد و لەو خەم و پەژارەیە قوتارمان کرد کە تێیکەوتبوو، ئاوا ئیماندارانی تریش ڕزگار دەکەین».

سەییدنا یونس (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) سەبری لەسەر ئەرکە قورسەکانی بانگەوازەکە نەگرت و لەو حاڵەتە ئیزعاج بوو کە خەڵکەکە بۆ دینی خوای گەورە بانگهێشت دەکات، کەچی گوێ نـاگرن، پشـت هەڵدەکەن! بایەخی پێ نادەن و خەریکی دنیای خۆیانن، بۆیە ئیتر لێیان تووڕە بوو، جێیهێشتن و تەشریفی برد، زۆری خەفەت لێ خواردبوون، زۆر لەگەڵیانـدا مانـدوو بووبـوو، لەبەرچـاوی ڕەش بووبوون، دڵتەنگ بوو لێیان، وای نەدەزانی کە خوای گەورە ژیـانی زۆر لەوە زیـاتر لـێ تەنگ دەکاتەوە، بەڵام کە هەستی بە نەپێکانی بۆچوونەکەی کرد، تـۆبەی کـرد و زوو گەڕایەوە کەناری خوای گەورە و ئیعتیرافـی کـرد کە هەڵە بـووە، کە سـتەمی لە نەفسـی خـۆی کـرد، لە بانگەوازەکەی خوای گەورەی کـرد، کەمتەرخەمیـی لە ئەرکـی خۆیـدا نوواند، بـۆیە یەکسـەر گەڕایەوە لای خـوای گەورە و داوای لێخۆشـبوونی لـێ کـرد، خـوای گەورەش لەو تەنگـانە سەخت و ناڕەحەتە ڕزگاری کرد و لە واقیعی دەریاکە و خەم و پەژارەکەش ڕزگاری کرد.

چیرۆکی سەیدنا یونس (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) پەند و ئامۆژگـاریی سـەرەکیی بـۆ داعییـانی ئیسـلام و پێشڕەوانی خواویستیی تێدایە کە پێویستە وردەکارانە سەرنجی بدەن، دەبێت ئەوەیان لەبەرچاو بزر نەبێت کە ئەو پێغەمبەرە عەزیزە (عَلَيۡهِ‌ٱلسَّلَامُ) زوو هەستی بە هەڵەی هەڵوێستی خـۆی کـرد، خوای گەورەش سەرفی نەزەری لێ کرد و لێی خۆش بوو.

قورئانی پیرۆز هەر چیرۆکێک کە دەگێڕێتەوە مەبەسـتی چـۆنییەتی ڕەفتـارکردنە لەگەڵ ئەو حاڵەتە و حاڵەتی هاوشێوەی کە لە هەموو کات و شوێنێکی نەوەی موسـڵماناندا ڕوو دەداتەوە. هەر حەقیقەتێک کە دەناسێنێت، دەخوازێـت کە لە بەرامبەریشـدا باتڵێـک پـووچەڵ بکـاتەوە. قورئانی پیرۆز بە نموونەی بزاوت و هەڵوێستی واقیعی زینـدوو ئاڕاسـتەی حـاڵەتی ئیمانـداران دەکـات، وەنەبێـت حەقـیقەتەکە ڕوون بکـاتەوە و لێگەڕێـت، بەڵکـوو لەگەڵ چەسـپاندنی حەقیقەتەکەدا نموونەیان دەخـاتە بەردەسـت کە ئەم حـاڵەتە ڕوویـداوە و ئەمە ئاڕاسـتەکردن و

حوکمی هەموو حاڵەتێکە کە هاوشێوەی ئەوەی ڕابردووە و حوکمیشی حوکمی ئەوە.

هەر ئەوەندە بەس نییە کە خواویستان جیهاد دەکەن، بەڵکوو سەبرگرتن و بەردەوامبوون و پشوودرێژییان لەسەری گرنگترە، بەردەوامبوون لەسەر بانگەواز و بزاڤی گۆڕانکاری و پارێزگاری لە بانگەوازەکە سەبرێکی چاکی دەوێت، خۆ ئەرکەکانی ئەم دینە هەر بە ڕاگەیاندنی بانگەواز و بەرپاکردنی جیهاد کۆتایی نایەن، ڕەنگە ئەرکەکانی مەیدانی جیهاد کەمتر و سووکتر بن لە ئەرکەکانی بوواری بانگەواز و بزاڤی گۆڕانکاری و بنیاتنانی ئوممەتە عەقائیدییەکە و پێکهێنانی کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەمانە هەموویان دەیان ئەرکی خۆیانیان لەخۆ گرتووە، هەر ئەرکە و جۆرە سەبر و بڕە سەبری خۆی دەوێت. لە کۆمەڵکاریدا ئەرکی ڕۆژانە هەیە کە دەبێت پشوودرێژانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هەر وەکوو کە کێشەی ڕۆژانەشیان هەیە و دەبێت خۆگرانە ڕەفتاریان بەرامبەر بکرێت. پێشهاتەکانی ڕۆژانە زۆرن و هەموویان سەبرگرتن دەخوازن، چ ئەوانەی ئەرکن و پێوەپابەندبوون و جێبەجێکردن دەخوازن، چ ئەوانەی کێشەن و بەرەنگاربوونەوە دەخوازن. ئیمان و داخوازییەکانی سەبری ڕۆژانەیان دەوێت، کە بووارێکیان کۆنترۆڵکردنی هەست و گوفتار و کردارە، سەبر لەسەر ئەمە سەبرە لەسەر لاوازی و شلبوون کە نەهێڵێت بەرەو خوارتر دابەزن بۆ ورە ڕووخان و دۆڕان، بەڵکوو گوڕوتینی ئیماندارانە بداتەوە بەر خۆی بۆ قیتبوونەوە و چالاکبوونەوە، تا بەرەو ئاسۆکانی شیاوێتی و شایستەیی بەرپرسێتیی بانگەواز بەرز ببێتەوە، ئەمانە هەمووی سەبریان دەوێت. ئەم لاوازییە هەم لە داعیەکەدا دەشێت دەرکەوێت هەم لە شوێنکەوتووەکانی بەردەستیدا، کە شلوشێواو دەبن، ورەیان دادەبەزێت، هەرچەندە هانیان دەدات و تینیان تێ دەکاتەوە نایەنەوە سەر سەبرگرتن و خۆڕاگرتن، ئەمەش پیشەی ڕۆژانەی داعیە کە سەبرێکی چاکی دەوێت. لەولاشەوە دەبینێت باتڵ و ئەهلی جاهیلییەت و دووڕووە بەزیوەکان گەیشتوونەتە دەسەڵات و سامان و ناو و خۆیان وەکوو سەرکەوتوو دەنوێنن! ئەمە دوو ئەوەندە کۆڵی داعیەکە قورستر

دەکات و شوێنکەوتووە شلوشێواوەکانی دەخەنە گومان و خوتەخوت و سکاڵا و هاوارەوە! ئەمەش کێشەی ڕۆژانەیە و سەبری دەوێت، ئەمانە ئەرکی ڕۆژ و مانگ و ساڵێک نین! ئەمە ئەرکی ڕۆژانەی تەمەنە! ئەمانە کێشەی قۆناغێک نین، کێشە و ئەرکی هەموو قۆناغی ئەم ڕێگا تووولانییەی بانگەوازەکەن، ڕێگای سەخت و پڕ کەند و کۆسپی دوژمن و لاوازیی شوێنکەوتووەکان و هەژاری و نەداریی داعییەکە و تین و فشاری سەختی بارودۆخەکە! ئەمانە هەموو کێشەن و چارەسەریان دەوێت، سەبریش بەشێکی سەرەکیی چارەسەرەکەیە[1].

ئەم بووارانە هەموویان پڕن لە کێشە و گیروگرفتی سەخت: بوواری ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان، بوواری ڕووبەڕووبوونەوەی نەفس و هەواوهەوەس، بوواری لاوازیی شوێنکەوتووەکان و ورە ڕوخانیان، بوواری دەروون و وەسوەسە و شەڕی واتەواتی ناخ و دەرەکی کە لە کاتەکانی تین و فشار و ناڕەحەتیدا زۆرتر دەبن و حەقیقەتەکان دەلەقێنن و، نەگۆڕەکان دەخەنە سەر کەڵکەڵەی پێداچوونەوە! بە نیازی ناوەکیی شاراوەی گۆڕین. سەبرگرتن لەسەر هەر حاڵەتێکی ئەم بووارانە ڕەنگە زۆریان لە سەبرگرتنی مەیدانی جیهاد سەختتر بن، چونکە شەڕی ئەم بووارانە سات بە ساتن، ڕۆژانەی تەمەنن، بەرەی شەیتان و هەواوهەوەسن کە پەنهانن، ڕێگای بەهەشت قیرتاو نەکراوە و خەیاڵپڵاوێک بە زمانی لووس تیژ تێیپەڕێنێت!

ئەمەیە ڕێگای دیاریکراوی ئەم عەقیدەیە، ناسینی ڕاست و دروستی خوای تاک و بێوێنە و ڕووکردنە ئەو و بەس، پەرستنی و هەستکردن بە چاودێری و ئاودێریی ئەو و هۆگر و شەیدابوونی پاداشتی ئەو و بەس، متمانەی تەواو بە دانایی و دادپەروەریی ئەو، ترسان لە

(١) عەرەب دەڵێت (الزمن جزء من العلاج)، واتا کات بەشێکە لە چارەسەرکردنەکە. ئەمە لە کۆمەڵکاریشدا وایە، هەروەکوو کە لە هەموو شتێکی تردا کات بەشێکە لە چارەسەر. نەخۆشێک کە چارەسەرەکەی لەلایەن پسپۆڕەوە بۆ دیاریکراوە کە دەبێت (٢١) حەب لە هەفتەیەکدا بخوات، خۆ ناکرێت بە دوو ڕۆژ بیانخوات چونکە پەلەیەتی، چارەسەرەکە ئەو هەفتەیەی دەوێت، کۆمەڵکاریش وایە.

هەڕەشە و لە سزای ئەو و بەس، ئەمە بۆ خوا سوڵحانە، بۆ خوا ساغبوونەوەیە، ئەمە شیاوێتیی کەسەکەیە کە دەکەوێتە دەسپێکی بانگەوازەکە، دوای ئەمانە دێتە ناو خەڵکی و بانگهێشتیان دەکات بۆ هەمان تەوحید و دینداریێتی و چاکسازی کە خۆی تێدایە، کە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستی خۆی لێ قاڵ بووە و تێدا قووڵ بووەتەوە. دوای ئەم شایستەبوونەی خۆی دێتە مەیدانی فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپە، ئەم شایستەبوونە بە پەروەردەکردنی هەمەلایەنەی خۆیەتی، پاشان بە ئیرادەی بەهێز و ورەبەرزی و خۆئامادەکردنێتی بۆ بەرەنگاریکردنی کوفر و شیرک و جاهیلییەت و تەحەممولکردنی کاردانەوەی توندوتیژ و دڕندانەیان، ئەمە بڕیاری پێشوەختی خۆگرتن و ویستی سەبرگرتنێکی چاک دەخوازێت، ئەمە ڕووبەڕووبوونەوەی چارەنووسسازە، ئەمە گەمەی ڕۆحە. هاتنەوێزەی جاهیلییەت و بەرەنگاریکردنی هێزی تاغووت و فەزحکردنی جاهیلییەت و پەردەهەڵماڵین لە ڕووی دینفرۆشان کارێکی ئێجگار سەختە، بەڵام ئەرکێکی مومکینە. ئەوەی مەرجێتی خۆ بۆ ئامادەکردنێتی، بە بۆ خوا سوڵحان و دلێریی بانگەوازەکە و سەبرگرتن لەسەر بزاڤ و ململانێکە، ئەمە ئەرکێکی قورسی کارێکی سەختی ڕێگایەکی تووڵانییە کە توێشووی تەواوی دەوێت لە متمانەکردن بە خوا و پشت بەو بەستن، بە هەستی بەرپرسێتی و زەرووڕەتی بەردەوامبوون، بە خۆگریی لەسەر سووربوون. ئەمانە ڕووکردنە خوایان دەوێت، نوێژ و دوعا و لە خوا پاڕانەوەیان دەوێت، سەبرگرتنیان دەوێت، سەبر لەسەر پێچاوپێچەکانی نەفس و دەروون! سەبر لەسەر گوێنەدانی بەرامبەر و کەللەڕەقی و گەلۆڕیی، سەبر لەسەر ژان و ئەشکەنجە و ناسۆر، لەسەر قسەی ناشرین و بوختان و سووکایەتی پێکردن، لەسەر دەستدرێژی و ستەمکاری و ناحەقی، لەسەر فیتنەی بوون و نەبوونی سامان و ماڵ و ناو و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، سەبر لەسەر هەموویان جوامێرییە، دلێرییە، هیممەت بەرزییە، وەکوو سەیدنا لوقمان بە کوڕەکەی خۆی فەرموو: ﴿يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ

﴿وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٧﴾ {لقمان: ١٧}، واتا: «کوڕی شیرینم، نوێژکانت بکه، که دەبنه مایەی هێز و پایەندی و بۆ خوا سوڵحان و شیاوێتیت، فەرمان بە چاکە بکە و بەرهەڵستی لە خراپە بکە، ئەمە ئەرکی دووەمتە دوای خۆشیاوکردن، چونکە دەبێت تاکەکانی دەوروبەرت ساڵح بکەیت بەوەی بانگهێشتی ئەم خواناسین و خواپەرستن و بۆ خواسوڵحانەیان بکەیت، کە ئەم ئەرکەش جێبەجێ دەکەیت حەتمەن دووچاری سەدان کەند و کۆسپ و ژان و ناسۆر و کێشە و گیروگرفت دێیت، کە دەبێت سەبریان لەسەر بگریت، بشزانە کە ئەم سەبرگرتنە نیشانەی هیممەتبەرزی و جیددێتی و شیاوێتیتە». ئەم ﴿عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ﴾ ـە بریتییە لە بڕیاری کۆتا و کۆتاییهێنان بە دڵەخورپێ و ترس و ڕاڕایی، بڕیاری پڕ حەزم و جیددێتییە کە بەم دینەوە دەچمە مەیدان و هەموو کەند و کۆسپ و لەمپەرێک دەبڕم و باکم بە هیچ ژان و ناسۆر و تین و فشارێک نابێت. بە مانایەکی تر، مادام خوام ناسیوە و پەرستوومە، مادام عەبدایەتیم بۆ ئەو ڕاگەیاندووە و بۆ ئەو ساغبوومەتەوە؛ وا دەبمە کرێکاری ئەو و کۆڵی بانگەوازەکەشی بە عەزم و ویست و ئیرادەی پۆڵاینەوە هەڵدەگرم و بۆ خوا لێ دەبڕێم، یان سەرئەنجام سەرکەوتنێک دەست دەخەم، یان لە ڕێیدا دەگلێم و خۆم دادەنێم.

ئەو کەسانەی ئاوا ڕێگای خواویستییان گرتە بەر و لەبەر خاتری خوای گەورە تەحەممولی ناسۆرەکانی ڕێیان کرد، نە پەشیمان بوونەوە و لە لاڕێ کەوتن و، نە بێ ئومێدیش بوون. ئەوانەی کە سەبریان لەسەر تاقیکردنەوەکانی نەفس و بەربەستەکانی خەڵکی گرت و کۆڵی قورسی بانگەواز و بزاڤ و جیهادەکەیان هەر دانەنا، ئەوانەی سوور بوون لەسەر گرتنەبەر و بڕینی ئەم ڕێگا توولانییە سەختە پڕ کەند و کۆسپە و، غەریبانە بڕییان، ئەمانە خۆشەویستی خوان، مەحاڵە خوای گەورە ئیهمالیان بکات، ئەستەمە، ناموکینە هەر وا وەلیان بکات و هەقی نەبێت بەسەریانەوە! لێگەڕێت ناویان بزر بێت و جیهادەکەیان بسڕێتەوە، نا، ئەوە لە خوای گەورە ناوەشێتەوە، بۆیە خوای باڵا بەو گەورەیی و بێوێنەیی خۆیەوە و لەو باڵایی و بڵندیەی

خۆیەوە تەماشایان دەکات و ئاوڕی لێڕازیبوونیان لێ دەداتەوە، دەڕوانێتە جوهد و جیهادیـان و زیاتریان ئاڕاستە دەکات، بەرەو ڕاستی و دروستی و ڕەوایی زیاتریان ڕێنمایی دەکات، تەماشایان دەکات و دەیانبینێت کە بۆ خوا لێبڕاوانە و سەرڕاستانە هەوڵی گەیشتنە خـوای خۆیـان دەدەن، بۆیە خوای گەورەش بە نووری هیدایەتی خۆیانەوە پەیوەست دەکات و دەست دەداتە باڵیان تا سەرکەون، تا قۆناغ بە قۆنـاغ دەگەنە خـوای خـاوەن و کردگـار و میهرەبـانی بێـوێنە، کە پـۆلە فریشتە دەنێرێتە پێشوازیان و بەخێرهاتنیان لێ دەکات، هەر وەکوو کە لە دنیادا چاوی میهـری لێیان بوو و چاودێری و ئاودێریی کردن، لە قیامەتیشدا بە چاوی ڕەزامەندی و خۆشـنوودییەوە تێی ڕوانین و پێشوازیی شایستە و شکۆمەندی تایبەتی کردن، ئـای کە سـەرکەوتنێکی گەورە و هێنانەدیی ئامانج و ئاواتێکی بەرجەستەی بێوێنەیە: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩﴾ {العنكبوت: ٦٩}، واتا: «ئەو کەسـانەی لەبەر خـاتری ڕەزامەنـدیی ئـێمە جیهادیان کرد؛ ئێمە ڕێنمایی ڕێگاکـانی خۆمانیـان دەکەیـن و لە هەمـوو لایەکەوە بە خۆمانیـان پەیوەست دەکەین تا ڕێ بزر نەکەن و دڵنیا بن کە لە هەمـوو ڕێگاکـانەوە هەر بەرەو لای ئـێمە دێنەوە، چونکە خوای گەورە لەگەڵ چاکسازان و خێرخوازاندایە»، کەسێکیش خوای گەورەی وەلدابێت چۆن ڕێ بزر دەکات؟ چۆن وێڵ دەبێت؟ چۆن ناگاتە مەبەست؟

خوای گەورە فەرمانمان پێ دەدات کە سەبر بگرین، سەبر لەسـەر بنیاتنـانی دڵ و دەروون، بنیاتنانی کەسایەتیی دیندار و بۆ خواسوڵحاو و بۆ خوا لێبڕاو، سەبر لەسەر گەشـە و ڕاهێنـانی تاکی دیندار لەسەر فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپە و، لەسەر کۆمەڵکاریی بانگەواز و جیهاد تا بە ئوممەتێکی عەقائیدی؛ بزاڤی گۆڕانکـاریی جـاهیلییەت بێـتە مەیـدان و بە ڕەنجـی دەستەجەمعیی کۆمەڵگا و دەوڵەتی ئیمانداران پێک بهێنرێت. داوامان لێ دەکات بە تاکی شـیاو ئـوممەتێکی شـیاو پێـک بهێنـین تـا بەم عەقیـدەیە بزاوتێکـی گۆڕانکـاری لە واقیعـی ژیـانی کۆمەڵگـادا دابمەزرێنێـت و سـوور بێـت لەسـەر ڕێگـا و ئامـانج و، سـەبر بگرێـت لەسـەر

مەینەتییەکانی ڕێ، حەتمەن بە یارمەتیی خوای گەورە دەگاتە تەمکین، هەر وەکوو کە ئوممەتە عەقائیدییەکەی یاوەران، کە لە تاک تاکی بۆ خوا سوڵحاو پێکهاتبوو، بە بانگەواز و جیهادەکەی، بە سووربوون لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی، بە یارمەتیی خوای گەورە گەیشتە تەمکین و، دەسەڵاتی کۆمەڵگا و دەوڵەت (پاشان شارستانێتی خۆی)ی گرتە دەست، تا بووە ئەو نموونە باڵایەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تاقانە لە ئاسۆی خۆیدا مایەوە، تا نەوەکانی مرۆڤایەتی چاوی لێ بکەن و هەنگاویان بە دووی هەنگاوی ئەواندا بنێن و بەرەو ئەو ئاسۆیەی ئەوان، ئەمانیش ببزوێن.

## وەبیرهێنانەوەی یەکتری و هاندان لەسەر سەبرگرتن

وەبیرهێنانەوەی یەکتریی و هاندان لەسەرسەبرگرتن زەرووورەتێکی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی پێشڕەوانی خواویستییە، چونکە باوەڕهێنان و ئەنجامدانی کردەوەی چاک (الإيمان والعمل الصالح)، هەروەها پاراستنی حەق و بەرگریکردن لە دادپەروەرێتی؛ لە کار و ئەرکە هەرە قورسەکانی تاک و کۆی ئوممەتە عەقائیدییەکەیە، بۆیە سەبرگرتنێکی تایبەتیان دەوێت. سەبر پێویستە لەسەر جیهادی نەفس بگیرێت، هەروەکوو کە پێویستە لەسەر جیهادی غەیرە بگیرێت. سەبرگرتن لەسەر ئازار و ناڕەحەتیی ڕێ پێویستە، هەر وەکوو کە سەبر لەسەر خۆفشکردنەوەی باتڵ و پۆزلێدان و خۆنواندنی پێویستە. سەبرگرتن لەسەر درێژیی ڕێگا و سەختی و زۆریی کەند و کۆسپ پێویستە، هەر وەکوو کە سەبرگرتن لەسەر بڕینی قۆناغەکانی ڕێ؛ هێدی و لەسەرخۆ پێویستە. سەبر لەسەر دووریی ئامانج و دواکەوتنی سەرکەوتن پێویستە، هەر وەکوو کە سەبرگرتن لەسەر سووربوون و بەردەوامیی بزاوت و هەڵوێست پێویستە. ئەم پێویستیانە زۆرینەی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی هەستی پێ دەکەن و بە هەند وەری دەگرن، بەڵام زۆرجار زۆرینەیان پشتگوێی دەخەن، یان لەگەڵ ترسدا لێیان

تێکەڵ دەبێت، بۆیە وەبیرهێنانەوەی یەکتری لەسەر سەبرگرتن و هاندانی یەکتری لەسەر خۆڕاگری و پشوودرێژی پێویستیەکی تری دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی تاک و کۆی ئوممەتە عەقائیدییەکەیە، چونکە هاندراوەکە هەست دەکات کە هاوبیر و هاوسەنگەرەکانی بە سەبرترن و پشوودرێژترن، کە خاوەن هەمان دید و ڕێی ئەمن و لە وەبیرهێنانەوە و هاندانیدا لەسەر سەبرگرتن؛ بەرژەوەندیی خۆیان نەگرتووەتە بەرچاو، بەڵکوو یەکەم لەبەر خاتری خوای گەورە هانی دەدەن سەبر زیاتر بگرێت، دووەمیش بۆ سەرخستنی بانگەواز و بزاڤ و جیهادەکەیانە کە موڵکی هەموویانە و سەرکەوتنی هەموویانی پێوە بەندە، بۆیە ئامۆژگاریکراوەکە بەخۆدا دەچێتەوە و سەبرێکی زۆرتر بەخۆی دەدات و وره بەرنادات، دەزانێت کە ئەو هاوبیرانەشی وەکوو ئەمن؛ یەک ڕێگا و ئامانجیان هەیە، یەک ئاڕاستە و بزاوت و هەڵوێستیان هەیە، یەکتریان خۆش دەوێت و سوورن لەسەر پشتیوانیکردن لە یەکتری و دەیان مانا و واتای تر کە لە کۆمەڵکاریدا هەیە، ئیسلامیش لە کۆمەڵکاریدا دەژی و بەو گەشە دەکات، بەویش دێتە مەیدانەوە و لەویشدا بەهێز دەردەکەوێت، ئەگەرنا زیانە و لە هەمووان دەکەوێت. زیان لە خوای گەورە ناکەوێت، بەڵام وره ڕووخان و بەزینی موسڵمانان زیان لە دینەکەیان دەدات، زیان لەو لایەنەوە نا کە نوقسانی بکات، نا، دین نوقسان نابێت کە خوای گەورە کامڵی کردووە، بەڵام دینداریتی لاواز دەبێت، چ لای تاک و چ وەکوو دیاردە و سیما و سیفاتی کۆمەڵگا، بۆیە خوای گەورە فەرمانی بە وەبیرهێنانەوە و ئامۆژگاریی یەکتری و هاندان لەسەر سەبرگرتن کردووە تا زیان بەگشتی لە مرۆڤ نەکەوێت: ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾ {العصر: ١ – ٣}، واتا: «سوێند بە کات، بە زەمانە، بە هاتنی شەو و ڕۆژ، هەر هەموو مرۆڤ لە زەرەرمەندیدان، مەگەر ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، ئەوانەی کە حەقیان وەبیر یەکتری هێناوەتەوە، کە دینەکەی خوایە، بە (عەقیدە) و (عیبادەت) و (شەریعەت)یەوە،

به (مەنهەج) و (ئوممەت) و (بانگەواز)یەوە، کە یەکتریـان لەسـەر سـەبرگرتن و خـۆڕاگری و پشوودرێژی هانداوە، سەبر لەسەر پابەندبوون بە حەق و دوورکەوتنەوە لە باتڵ».

سەبرگرتن توخمێکی سەرەکییە بۆ گەشەی ئیمان و کاریگەرێتیی. وەبیرهێنانەوە و ئامۆژگاری و هاندانی یەکتری لەسەر سەبر؛ پلەیەک سەبرگرەکان بەرزتـر دەکـاتەوە و هەنگاوێـک زیـاتر دەیانباتە پێش و توندوتۆڵتریان دەکات، هەست و هۆشی یەکبوون و ئینتیمای ئەندامێتی زیاتر لە تاکەکانی ئوممەتە عەقائیدییەکەدا دەچەسپێنێت، کە زیاتر یەک بگرن و زیاتر خەمخۆری یەکتر بن، زیاتر یارمەتیدەر و پشتیوانی یەکتر بن و زیاتر یارمەتیدەری یەکتری بن لە هەڵگرتنی کۆڵی بەرپرسێتیی بانگەواز و جیهاد، زیاتر هەڵوێستیان یەک بـخەن لە بـزاوت و هەڵوێسـتی بزاڤـی ململانێیاندا کە بـۆ گـۆڕینی جـاهیلییەت دایانمەزرانـدووە. ئەم وەبیرهێنـانەوە و ئامۆژگـاری و هاندانە لەسەر سـەبرگرتن بـۆ هەمـوو ئەنـدامانی ئـوممەتە عەقائیـدییەکە زەروورییـە، هەمـوو ئەندامان گوێی بۆ دەگرن و بەدەنگیەوە دەچن، چونکە هەسـت و هۆشـیان بـۆی دەجۆشـێت و غیرەتیـان بـۆی دەخرۆشـێت، هەسـت دەکەن کە سـەبرگرتنەکە زەروورییـە، چـونکە کـۆڵی بەرپرسـێتیی بـانگەواز و جیهـادەکە قورسـە و بە هیممەتـی هەمـووان و سـەبر و پشـوودێژیی هەمووان نەبێت هەڵناگیرێت. بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیمانداریێتی و دیـد و ڕێـی خواویسـتی لەسـەر زەمـین هاوکـاری هەمـووان دەخوازێـت و ئامۆژگـاریکردنی یەکـتری دەخوازێـت، ئامۆژگاریکردن و سەبر بە یەکتریگرتن دەشێت نەقڵکردنی ئەزموونی یەکتری بێت بۆ تاک تاکی خۆیان و بۆ گەنجینەی کۆمەڵە عەقائیدییەکە.

نـوخبە عەقائیـدییەکە پێویسـتە بەردەوام یەکـتری وەبیـر بهێنـنەوە لەسـەر سـەبرگرتن و پشوودرێژی، ئەم ئامۆژگاریکردنە دەستدانە دەستی یەکترییە، خۆ بەهێزکردنە، زەحمەتە تاک لە ئـوممەتی وادا هەسـت بە ڕمـان و داڕووخـان و مانـدوویی بکـات، زەحـمەتە کەس لەنـاو ئەم

دڵیــرانەدا ورە ڕووخــاو دەرچێــت[1]، زەحمەتیشــە ئــوممەتەکە ئاســان بیەزێنرێــت. ئەم ئامۆژگاریکردنە بە سەبرگرتن و یەکتر وەبیرهێنـانەوەیە غەیـری سـەبرگرتنە تـاک کەسـیەکەیە، ئەگەرچی هەر لەسەر ئەو سـەبرە تـاکییە وەسـتاوە، بەڵام ئەوەی ئێرە سـەبری دەسـتەجەمعیی تاکەکانە کە بووەتە چەپکە سەبر: ﴿ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ ﴿١٧﴾﴾ {البلد: ١٧}، واتا: «پاشان چووە ڕیزی ئەو کەسانەی کە باوەڕیـان هێنـابوو، کە سـەبریان بیـر یەکـتری دەهێنایەوە و ئامۆژگاریی یەکتریان دەکرد کە بە بەزەیـی بـن لە ڕەفتاریانـدا». ئەمە ئامـاژەیە بە ئەرک و بەرپرسێتیی ئەندامانی ئوممەتە عەقائیدییەکە کە دەبێت ئارامگر و خۆگر و پشـوودرێژ بن تا دەستەجەمعی شایانی سەرکەوتنی خوایی دەبن و ئەوەندە بەهێز دەبن کە دوژمن زەفەر بە تاک تاکەکانیشیان نەبات، هەروەهـا لەناوخۆیانـدا بەبەزەیـی و ڕێـز و سـۆزەوە ڕەفتـار لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، نەک توندوتیژ و سەخت و دڵڕەق، هەر ئوممەتێکیش ئەم بانگەوازە خواییەی بەم دوو سیفەتی سەبر و بەزەییەوە هەڵگرت؛ حەتمەن کۆمەڵێکی بەهێز دەردەچێت[2].

## (التَّوْحِيدُ فِي الاعْتِقَادِ
## وَالرَّحْمَةُ فِي التَّعَامُلِ
## وَالْغِلْظَةُ فِي الْمُوَاجَهَةِ)

---

(١) لە فەزڵی خـوای گەورەوە بـوو کە لە سـاڵانی (١٩٨٩)ەوە ئەم دروشـمەمان لە کۆمەڵکاریمانـدا بەرز کردبـۆوە، بەتـایبەت لەنـاو موجاهیدانماندا: (یەکخواناسی لە عەقیدەدا، بەزەیی لە ڕەفتاردا، توندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەدا). کە بە عەرەبی دەبێتە: **(التَّوْحِيدُ فِي الاعْتِقَادِ، وَالرَّحْمَةُ فِي التَّعَامُلِ، وَالْغِلْظَةُ فِي الْمُوَاجَهَةِ)**.

(٢) کورد دەڵێت: (ڕێوی لەگەڵ شێردا دەبێتە بەچکە شێر)!

## بڕگەی چوارەم: نوێژ مایەی وەبەرزیی تاک و کۆی ئوممەتە

هەر کەسێک سەرنج بداتە نهێنییەکانی ئەم قورئانە و بە دیقەت بڕوانێتە نهێنییەکانی بەرنامەی خواویستی لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردندا، کە هەر قورئانە کە لەخۆی گرتووە؛ دەگاتە کۆمەڵێک هۆکاری کاریگەری دەروونیی سەیر کە بە ناخی ڕۆحی مرۆڤدا ڕۆ دەچن، لەوانە نوێژکردنە لە ساحەی جەنگ و جیهاد و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا (لەو زەمانەدا کە بە ڕم و شمشێر هەڵمەتیان بۆ یەکتری دەبرد، واتا بە جەستە تێکەڵ بە بوواری یەکتری دەبوون): ﴿وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلَاةَ فَلْتَقُمْ طَائِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُوا أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُوا فَلْيَكُونُوا مِن وَرَائِكُمْ وَلْتَأْتِ طَائِفَةٌ أُخْرَىٰ لَمْ يُصَلُّوا فَلْيُصَلُّوا مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ وَدَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَاحِدَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰ أَن تَضَعُوا أَسْلِحَتَكُمْ وَخُذُوا حِذْرَكُمْ إِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٠٢﴾﴾ {النساء: ١٠٢}، واتا: «کاتێک لە ناویاندایت و دەتەوێت نوێژەکەیان پێ بکەیت (نوێژی جەماعەتیان بۆ بکەیت)، بیانکە بە دوو کۆمەڵەوە، کۆمەڵێکیان لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستابن و کۆمەڵەکەی تریان لە دواتەوە بووەستن بۆ نوێژ و چەکی خۆشیان پێ بێت (چەک دانەنێن وا بزانن نوێژکردن بە چەکەوە جائیز نییە، با چەکەکانیان لەشانیاندا بێت، چونکە دوژمن هیوابڕاو دەکەن)، کاتێک دەچنە سوجدە (واتا کاتێک ڕکاتی یەکەمی نوێژەکە تەواو دەکەن، با ئەمان هەڵنەستنەوە، تەحیات بخوێنن و کۆتایی بە نوێژەکە بهێنن و بچنە شوێنی کۆمەڵەکەی تر)، ئینجا ئەوانی تر بێن و ئیقتیدات پێ بکەن، با چەکەکانیشیان هەر پێبێت و حەزەریش زیاتر بکەن (چونکە لەوانەیە دوژمن وایزانیبێت کە کۆمەڵی یەکەم هەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ڕیز بوون، دواتر لە بزووتنەوەیاندا زانیویانە کە نوێژیان کردووە. ئەوانی دووەم دەبێت زیاتر بە حەزەر بن، نەبادا دوژمن هێرش بهێنێت، کۆمەڵی یەکەم نوێژەکەیان

کرووە و چوونەتەوە بەرامبەر دوژمن و، حەزەر وەرگرتن و چەکپێبوونیان سروشتییە و بەتەواوی ئامادەی جەنگەکەن، چونکە هیچ ئەرکێکیان غەیری ئەوە نەماوە)، کەوابوو هەردوو کۆمەڵەکە با چەکی خۆیان پێبێت و داینەنێنە سەرزەوی (مەبەست ئەوە نییە هەر بەدەستیانەوە بێت، بەڵکوو هەر بەشانیانەوە بێت)، چونکە دوژمن لە هەلێک دەگەڕێت کە بزانێت چەکەکانتان داناوە و هۆشتان لە کەلوپەل و تفاقی جەنگ نەماوە، هەموویان حەملەیەکتان پێکەوە و لە یەک کاتدا دەکەنە سەر، ئەمما ئەگەر باران و زریان بوو یان موجاهیدەکە نەخۆش بوو، گوناحی ناگاتێ چەکەکەی دانێت، چونکە توانای دوو قورسایی هاوکاتی نابێت، بەڵام هەر بە حەزەر بن و هۆشتان لە پاسەوانێتی و چاودێری نەبڕێت، خوای گەورە سزایەکی بۆ کافران داناوە کە مایەی سووکایەتیپێکردنیانە»[١].

وەلنەکردنی نوێژ لە گەرمەی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەدا گەورەیی و گرنگی نوێژ نیشان دەدات لە ئیعتیباراتی ئیماندارێتیدا، چونکە نوێژەکەش چەکە، چەک لەڕاستیدا نوێژە، ئەو یاوەرە بەڕێزانەی بەم وەحییە پەروەردە دەبوون و گەشە و نەشونمایان بەپێی ئەم قورئانە و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیارێتیی پێغەمبەری خوادا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکرد، پێش هەموو چەکێک بەم نوێژەوە بەرامبەر دوژمن دەوەستان، دەیانزانی ئەمە چەکی ڕاستەقینە و مایەی سەرکەوتن و زاڵبوونە، چونکە لەو لایەنە ئیمانیەیانەوە زاڵ بوون کە ئەمان خواناسن و دوژمنیان خوانەناس، ئەمان ئیماندار و ئەوان لاف و گەزافلێدەری ئیماندارێتی، ئەمان دڵنیا بوون کە خوای گەورەیان وەلدایە، بەڵام ئەوان دەیانزانی چەند نقوومی کوفر و شیرک و گوناح و تاوانن، ئەمان دەیانزانی ئەم جیهادە بۆچی و بۆ کێ دەکەن، بۆچی و بۆ کێ خۆیان بە کوشت دەدەن،

---

(١) ئەوە لە نوێژی دوو ڕکاتیدایە و یەکێکە لە ڕیوایەتەکانی، ڕیوایەتی تری دەفەرموێت هەر کۆمەڵە و یەك ڕکاتی لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردووە و هەستاوەتەوە بۆ خۆی ڕکاتێکی تری کردووە. ئەمما نوێژی سێ ڕکاتی و چوار ڕکاتی، هەروەها لە بەرەی جیاوازی غەزاکاندا بە شێواز و چۆنییەتی تر کردونێتی. ڕیوایەتەکان لەنێوان (١٥-١٩) چۆنیەتیدان. بە تەفسیل لە کتێبی ئەحکامەکانی شەرعدا باسم کردووە (الحمدللە)، وا لە بەرگ و بەندی نوێژەکاندا. لە ماناکردنی ئایەتەکانی سەرەوەدا لە ئیامی شەوکانیم وەرگرتووە (رحمه الله): (الشوکانی: فتح القدیر(١/٥٠٠)).

ئەوانیش دەیانزانی لەپێناوی مانەوەی دەسەڵات و سامان و پلە و ناو و بەرژەوەندیی سەرانی شەڕانیاندا خەڵک بە کوشت دەدەن. ئەمان بەرچاوڕوون بوون، دیدوتێڕوانینیان بەرفراوان بـوو، پێناسەیان بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ، بۆ (خالق) و (مەخلووق) و دیـن و دینـداری ئاشـکرا بـوو، واقیعـی بـوو، ڕاسـت بـوو، چـونکە بەپێـی وەحیـی خـوای گەورە بـوو کە لە زانسـتی بێسنووریەوە هاتبوو. ئەمان دید ڕوون و، ئەوان دید لێڵ و گێـل و ڕێ وێـڵ، ئەمـان دەیـانزانی ئەمە نوێژە، ئەمە پەیوەستبوونە بە خوای گەورەوە و فەرزە و دەبێت لە هەموو کاتێکـدا بـیکەن، ئەوان هەر لایان بە لادا نەدەکردەوە، گەر بشیانویستایە خۆ بە دیندار نیشان بـدەن دەسـتێکیان بەسەر بتێکدا دەهێنا! نوێژ لای ئەمان وەرگرتنی مەددەدی خوایی بوو، نوێژ لای ئەوان یان هیچ ئیعتیبارێکی نەبوو، یان کات بەفیڕۆدان بوو! ئەمان دڵنیا بوون کە نوێژ و سەبر و دوعا و لە خوا پاڕانەوە هۆکاری سەرکەوتنی جەنگ و سەرفرازین: ﴿وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلۡخَٰشِعِينَ ٤٥ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَأَنَّهُمۡ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ٤٦﴾ {البقرة: ٤٥ – ٤٦}، واتـا: «خۆتـان بە سەبرگرتن و خواپەرستی بەهێز بکەن، هەردووکیان یارمەتیدەرتان دەبن، لای ئێوە ئاسـانە بەڵام لەسەر دڵی کافرەکان قورس و سەختە، لەڕاستیشدا سەختە بەڵام لەسەر دڵی ئەو کەسانەی بـۆ خوا سوڵحاون و ملکەچینی؛ ئاسـانە، چـونکە خوایـان خـۆش دەوێـت و سـڵ لە تـووڕەکردنی دەکەنەوە، بۆیە بەردەوام هۆشـیان لە گەڕانەوەیـانە بـۆ لای خـوای گەورە، چـونکە دڵنییـان کە دەگەڕێنەوە کەناری ئەو و بە دیداری شاد دەبن».

کاتێک سەرکەوتن دوور دەکەوێتەوە و توند و سەختیی کێشەکانی ڕێ زیـاتر دەبـن، ئەگەر پێشڕەوانی خواویستی خاوەنی توێشوویەکی باشی خواناسی نەبوون سەبریان کەم دەبێـتەوە و تەحەممولیان نامێنێت، بۆیە زەرووریە هەمیشە داعییانی ئیسلام هۆشـیان لە زادی خواناسـییان نەبڕێت. هەموو خواپەرسـتیەکان سـەرچاوەی ئەو زاد و توێشـوونە، بەڵام نـوێژ لە هەموویـان زیاتر. هەموو داب و ڕەفتارێکی دینی؛ ئیماندار بەهێز دەکات، بەڵام سەبر لە هەموویـان زیـاتر،

بۆیە خوای گەورە فەرمانی بە هەردووکیان داوە کە پێکەوە بیانگرنە بەر تـا یارمەتیـدەرتان بـن! ئەمانە سەرچاوەی لەبن نەهاتووی وزە و ورەن، گەنجینەی توێشوون، تا دنیا دنیا بێت کۆتاییان نییە، چونکە بە مەخلووقەوە پەیوەست نین کە فەنای بەسەردا بێت. سەبر و نـوێژ سـەرچاوەی ڕەفتاری تر دەبن، سیفاتی تر بەهێز دەکەن وەکوو متمانەکردن بە خـوای خـاوەن و پشتبەسـتنی تەواو پێی، وەکوو دڵنیایی و یەقین لە دیـد و ڕێ و، ڕاسـت و دروسـتیی بـزاوت و هەڵوێسـت، وەکوو هێمنی دڵ و ئاسوودەیی دەروون و پارسەنگیی ویژدان و گەشەی ڕۆح، ئەمانە هەموویان بە سەبر و نوێژ گەشە و نەشونما دەکەن، ڕەگی قەناعەتیان بە ناخدا ڕۆ دەچێت، سەبر و نـوێژ؛ ئەم عەبدە لاوازە فانییە بە خوای کردگاری زیندوو و بەئاگاوە پەیوەست دەکەن. داعیی ئیسلام و پێشڕەوی خواویستی کە بە نوورێکی خـواوە پەیوەسـت بـوو؛ بەسـێتی، چـونکە ئیـتر هێـزی شەحنبوونەوەی ئیمان و سەبری بەردەوامبوون و ورەی سـووربوون لەسـەر ڕێ و تەحەممـولی ژان و ناسـۆرەکانی ڕێ لە توانـای سـنووردار و کەموکـورتی خـۆیەوە وەرناگرێـت، هەر کە بە خـوای گەورەوە پەیوەسـت بـوو، ئیـتر هەمـوو وزەیەک لەوەوە وەردەگرێـت، خـوای بێـوێنە و بێسنوور. کە دەستی لەم سـەرچاوەیە گیـر بـوو، کە کەوتە سـەر تیشـکێکی نـووری خـوایی و متمانەی تەواوی بە خوای گەورە بۆ دروست بوو، ئیتر هێزی سەرزەمین چ دەسـەڵات و هێـز و کاریگەرییەکیان لەسەر ورەی ئەم دەبێت؟!

هێزی شەڕخوازیی شەیتان و نەفس و هەواوهەوەس کە لە ناخیدا هەوڵی لاڕێبوونی دەدەن و، هێـزی شـەڕخوازیی کـوفر و شـیرک و جـاهیلییەت کە لە ڕواڵەتـی دەرێیـدا پابەنـدی و دینـدارێتییەکەی شـل دەکەن و دەخـوازن لە بـزاوت و هەڵوێسـتی لادات؛ چ کاریگەریەکیـان لەسەری دەبێت؟! هیچ.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویسـتی کە دەسـتیان لەم سـەرچاوەی نـووری خـوا گیـر دەبێت و سەبر و نوێژ دەکەنە ئامێری وزە وەرگرتن، ئیتر چۆن باکیان بە هێزی تاغووتان دەبێت،

بەڵێ بەرەنگاربوونەوەی هێزی بەدەسەڵاتی کوفر و شیرک و جاهیلییەت سەختە، بەڵێ دلێری و جوامێری و ئازایەتیی دەوێت، بەڵێ خۆڕاگری و پشوودرێژی و سەبری چاکی دەوێت، بەڵام ئەمان دەستیان لە سەرچاوەی هێز گیر بووە، ئەوی دەستی بە دەستی خوای گەورەوەیە و ئەو چاودێر و ئاودێرێتی؛ چۆن لە بەرامبەر حەز و ئارەزوو و هەواوهەوەسدا شل دەبێت؟ چۆن سوکنایی کەناری خوایی بە چێژی ساتەوەختێکی جەستە دەگۆڕێتەوە؟ ئەوی خوای ناسیبێت و متمانەی تەواوی پێ کردبێت چۆن لە تاغووت و ملهوڕانی سڵ دەکاتەوە؟! چۆن لە ترسی ئەوان شل دەبێت؟ ئەوان چۆن دەتوانن لەخشتەی بەرن و چەواشەی بکەن ئەگەر ئەم ڕاست بکات و بە نووری خوای گەورە (وەحی) ببینێت و بزاوت و هەڵوێستی بەپێی فەرمانی خوای گەورە گرتبێتە بەر؟! هێزی دوژمن چۆن دەتوانن کەسێک چاوترسێن بکەن کە یەقینی بە قەدەری خوا هەیە و دڵنیایە هیچ ڕووداوێک بەبێ بڕیار و ویستی خوای گەورە نابێت؟!

ئەمما ئەو کەسەی هەگبەی بەتاڵە و کەوتووەتە ڕێ، نە زادی نوێژی پێیە و نە توێشووی نوێژ، ئەو کەسەی دینداریێتیی سەتحی گرتووە و دینەکەی لابەلای ژیانی هێناوە، چۆن تەحەممولی ڕێگای تووڵانیی خواویستی دەکات، چۆن تەحەممولی بزاوت و هەڵوێستی بانگەواز و کەند و کۆسپ و لەمپەرەکانی ڕێ دەکات؟ چەند دەتوانێت پابەند و سەرڕاست خۆ ڕاگرێت؟! لە بەرامبەر بریق و باقی سامان و ناو و شۆرەت و پلەوپایەوە چەند خۆ دەگرێت؟ چەند خۆی لە بواری ڕاکێشانی هەواوهەوەس و حەز و تەماع ڕادەپسکێنێت؟ ئەدی چەند سەبر لەسەر ئەم ڕێگایە دەگرێت؟ چەند تەحەممولی زیندان و ئەشکەنجە و ناسۆر دەکات؟! ئەو کەسەی زادی خواناسیی کەمە و نوێژەکانی هاکەزایی (لە کۆڵ خۆی کردووەتەوە!)، چۆن ئەم ڕێگا تووڵانییەی پێ دەبڕێت؟! بۆیە ماوەیەکی کەم ڕێ ناکات و چۆک دادەدات! لە یەکەم هەڕەشە چاوی دەترسێت، کە یەکەم گورزی بەردەکەوێت لە ئوممەت و بزاوتەکە تەبەڕا دەکات! لە یەکەم هەڵوێستی چەواشەکارییەوە فریو دەخوات، ئاوا بەدەم لافاوەکەوە دەڕوات و

بە قسەی زلیش داعێتی ڕادەگەیەنێت. کاتێک دەزانێت پیر بووە -بە دنیا و سێبەری تاغووتان دەسخەڕۆ بووە-، وا تەمەنی تەواو دەبێت و زەخیرەیەکی گەنج نەکرد، خۆری مووی ئاوا دەبێت و وزەیەکی وەرنەگرت، قیامەتی بەسەردا دێت و مایەپووچە! تەنانەت نوێژەکانیشی لە نوێژ نەدەچوون، جگە لەوەی ئیهمال بوو تێیاندا، نوێژی دەچوون و بەلایەوە گرنگتر نەبوو لەوەی تێیدابوو؛ ئا لێرەدا گرنگی و گەورەیی و کاریگەریی نوێژ دەردەکەوێت. نوێژ کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤی فانی و خوای دەسەڵانداری زیندووی باقیە، پێویستە زووزوو دووپات ببێتەوە، چونکە مرۆڤ پێویستی بەردەوامی بە خوای سەرپەرشتیارێتی. کاتی نوێژەکان کاتی دیاریکراوی دیدار و موناجاتن، کاتی پێکگەیشتنی سروشتی ئەم مرۆڤە کەناردراوە گچکەیە بە سەرچاوەی نوور و هێزی کاریگەری. نوێژ کلیلی گەنجینەیەکی بێسنوور و ڕادە و بڕە، گەنجینەیەک کە هەرچی مرۆڤ پێویستی پێیەتی و حەزی لێیەتی و دەخوازێت دەستی بکەوێت، هیچ دەستێک بەبێ ئەم نوێژە پاکە لەو کلیلە و لەو گەنجینەیە گیر نابێت. نوێژ دەرچوونە لە مەودای زەمین، لە هێزی ڕاکێشانی ژیان، لە بازنە بچووکە سنوردارەکەی واقیع و، کشانە بەرەو بوواری بەرفراوانی گەردوونی گەورە. نوێژ میعراجی ڕۆحە، نوێژ سایەی ساباتی سەر کانییە لە قرچەی هاوینی بیابانێکی بێرووندا. نوێژ گوڵاوپرژێنی ئاسوودەییە بەسەر دڵی تەنگ و دەروونی خەمبار و جەستەی ماندوودا. نوێژ هەلی حەوانەوەیە. نوێژ هەلی عەبدی ماندوو و موحتاجە کە خۆی بخاتە بەردەستی پڕ میهری بێوێنەی خوای سەرپەرشتیار و بەبەزەیی و میهرەبان. لەم ڕووانگە ڕۆشنە بەرفراوانەی ئیمان و هەست و هۆشەوە بوو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە دەکەوتە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە؛ بە بیلالی حەبەشی خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموو: (أَرِحْنَا بِهَا يَا بِلَال)، واتا: «ئەرێ بیلال، ئادەی بە نوێژەکە بمانحەوێنەرەوە». چونکە بیلال بانگەکەی دەدا و کاتی شەحنکردنەوەی ئیمانی ڕادەگەیاند. لە سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتووە کە: (إِذَا حَزَبَهُ أَمْرُ أَكْثَرَ إِلَى

الصَّلَاة)، واتا: «کە کارێکی لا گرنگ دەبوو پەنای بۆ دەبردە بەر نوێژ».

مەنهەجی ئیسلام بەرنامەی خواپەرستییە، خواپەرستییەکانیشی پڕن لە نهێنی، توێشووی ڕێگاش لەو نهێنییانەیەوە بەرهەم دێن. خواپەرستی لە ئیسلامدا بوواری گەشەی ڕۆحە، هەلی دەسکەوتنی مەددە، بۆ پاڵفتەی دەروون و ڕامالینی ژەنگ و ژاری دڵە. لە ئیسلامدا دەبینیت لە هەر بووارێکدا ئەرکێک هەبوو، لە هەر کات و شوێن و حاڵەتێکدا ڕەفتارێک فەرز کرابوو؛ دەبینیت یەکسەر خواپەرستیشی لەگەڵدا باسکراوە، چونکە خواپەرستییەکە وزەی کارئاسانیی ڕاپەڕاندنە، کلیلی دڵە، دڵ بۆ ئەو ئەرک و فەرزە والا دەکات تا تامەزرۆیانە وەری بگرێت و بەخۆشییەوە جێبەجێی بکات و ئاسان و لەبار بەدەنگیەوە بچێت و ڕایپەڕێنێت. ئەو خواپەرستییە کە فەرزێکی قورسی وەکوو جیهاد وا ئاسان دەکات؛ دینداران بە کامەڕانییەوە کێبڕکێی تێدا بکەن، خواپەرستییەکە وا دەکات ئازار و ئەشکەنجەی ڕێی بانگەواز و بزاڤی خواویستان بێ ئەسەر بێت.

لەبەر کاریگەریی خواپەرستییە -بەتایبەتی نوێژ و بەتایبەتیتر شەونوێژ- کە خوای گەورە کاتێک ئەو کۆڵە قورسەی بانگەواز دەخاتە ئەستۆی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داوای شەونوێژی بەردەوامیشی لێ دەکات، تا کۆڵی پێ سووکتر بکات! ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ٢ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ٣ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ٤ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا ثَقِيلًا ٥﴾ [المزمل: ١ - ٥]، واتا: «ئەرێ هۆ ئەو کەسەی خۆت داپۆشیوە و بە هیوای حەوانەوە و خەووەوە؛ هەستە، ئەرکی شەونوێژ بگرە ئەستۆ(١)، هەر هەموو شەوەکە خەریکی شەونوێژ بە، جگە لە کەمێکی، نیوەی شەو یان کەمێک کەمتر یان زیاتر بە شەونوێژ ببەرە سەر و قورئانی لەسەرخۆ تێدا بخوێنە،

---

(١) شەونوێژ کە بۆ ئوممەتەکەی سووننەتە؛ لەسەر جەنابی (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرز بوو، دەبوو هەموو شەوێك ئەوەندە کات خەریکی خواپەرستی بووایە.

چونکە ئێمە فەرمانێکی قورست بەسەردا دەدەین». ئاوا ئامادەی ئەو فەرمانە قورسە دەکرا کە ڕاگەیاندنی بانگەوازە خواییەکەیە.

فەرزی شەونوێژەکە خۆی قورس و سەختە، بەڵام ئاسانکاریی هەستی بەرپرسێتی بەلاغی دینەکەیە، شەونوێژ و پابەندبوون بە قورئانخوێندنی بەردەوامەوە، خۆی قورس و سەختە، بەڵام ئەمیشیان گەیاندنی بانگەواز و بەردەوامبوونی ئاسان دەکات. ئەمە خواپەرستییە کە کلیلی والاکردنی دڵە، کە نووری پەیوەستبوونە، گەشەی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروون و ئامادەسازیی تەواوی کەسایەتییە بۆ ڕۆڵە سەختە کاریگەرەکەی ڕۆژ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دینە و شاهیدیدان لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئەهلی جاهیلییەت کە ئێوە لەسەر ئەو دینە نین کە خوای گەورە دەیەوێت، چونکە ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن دین و دید و ڕێباز و بەرنامەی خوا؛ دوورە لە وەحیی خوایی و بێ بەڵگەیە، ئینجا ئەم بانگەواز و بەلاغ و شاهیدیدانە داعییەکانی ئیسلام دەخاتە کێشە و نارەحەتی و میحنەتەوە، دیسان پێویستییان بە شەونوێژەکە دەبێتەوە تا لەگەشەی ڕۆحدا بحەوێنەوە، تا قورئانخوێندن و موناجات و پاڕانەوەیان ببێتە سەلوای دڵ و هێمنی و ئارامی و حەسانەوە، تا ببێتەوە بە سەرچاوەی وزەی نوێ و پاڵنەری تێهەڵچوونەوە و ورە و سەبرگرتن.

شەونوێژ ئامادەسازییە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە سەختەکەی شاهیدیدان، شەونوێژ هۆکارێکی ئەو ئامادەسازییەیە کە خوای گەورە دیاریی کردووە، حەتمەن هۆکار و مەرجی ئامادەسازییە. بۆ هەموو کەسێک بە گوێرەی پێداویستیی ڕۆژ و توانای شەوانێتی، بەڵام بۆ ئەو پێغەمبەرە پێشەوایە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) زۆرینەی هەموو شەوێک! یان نیوەی، یان (کەمێک) کەمتر، بەڵام زیاتر بووارێکی کراوەیە، نیو شەو، لە دووسێ بەشی کەمتر، لە سێیەکی کەمتر! ئائەوە بەرنامەی هەموو شەوێکی ئەم داعییە مەزنەی پێشەوای پێغەمبەران (عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ) و سەروەری داعییان بوو لەگەڵ قورئانخوێندنێکی هێدی و لەسەرخۆ، زۆر مانەوە و ڕکووعی دوورودرێژ و

سوجدەی توولانی: ﴿قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ٢ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ٣ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ٤﴾.

شەونوێژکردن لەو کاتەی خەڵکی لە پرخەی خەودان، شەونوێژ لەو کاتەی هەڵپە و شەڕەپاڵی ژیان و ئەرکی ڕۆژانە تەواو بووە، شەونوێژ لەو کاتەی دنیا خامۆش و بێدەنگ و کش و ماتە، بوواری پڕ چێژی تایبەتی گەشەی ڕۆحە، هەلی پەیوەستبوونە بە خوای بەئاگا و میهرەبان، هەلی ڕووتێکردن و موناجات و لێپاڕانەوەیەتی، هەلی سەلماندنی عەبدایەتی و ملکەچی و گوێڕایەڵییە بۆی، هەلی خۆدانە بەر سۆز و میهر و ڕەحمەتێتی، هەلی خۆدانە بەر فەیزی نووری بێچوونیەتی، ساتی دوواندنی ئەسپایی و خەڵوەت و دەربڕینی خۆشەویستییە، ئینجا قورئانخوێندن لەو کاتەی خەڵوەت و سکوونەی شەوەدا، لەگەڵ هەستکردنی بە بەرزبوونەوەی موناجات و پاڕانەوە و خۆشەویستی دەربڕینەکەی و خوێندن و گوێگرتن و دڵ و ڕۆح والاکردن بۆ ئایەتەکانی قورئان و، هەستکردن کە ئەوەتا خوای گەورە بە لوتفی خۆی و لە میهرەبانیی خۆیەوە بەم قورئانە دەیدوێنێت؛ ئەمە حاڵەتێکی تری میعراجی ڕۆحە، فڕینێکی تایبەت و گەشتێکی تایبەتە بە جیهانی باڵادا، لە هەمان کاتدا هەستێکی زۆر تایبەتە بە هاتنەخوارەوەی قورئان و تەسەوری دابەزینی وەحییە بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ).

قورئانێکی وەحیی خوایی، بێ لەفز و دەستەواژە و وشە و ڕستەی بەشەری، وەحییەک خوای گەورە بە ئەمانەت بە جیبریلی ئەمینیدا ڕەوانە کردووە، هەموو فریشتە و دنیای وجوود ئاگاداری ئەم بۆنە زۆر تایبەتەن، هەر هەموو بەڕێز و کۆتا ئاستی ئەدەب وەستاون و لەگەڵ ئەم نوورە خواییەدا، لەگەڵ ئەم فەرمایشتە خواییەدا دەشنێن و، هەموو کیانی ئەوان و ئاسمانەکان و زەوی بوون بە هەست و بیستن، بوون بە دیتن و حزووری ئەم فەرمایشتە خواییەی دێتە سەر زەوی؛ ئەوەتا هاتووەتە سەرزەوی و دڵی پاکی پڕ نووری خوایی پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، دڵی شیاو و شایستە و قابیلی ئەم ئەم وەحییە گرتوویەتییە خۆی و ئەمیندارانی وەحی نووسیویانەتەوە و، ئا ئەوەتا لەبەردەستا و لە دڵ و هۆش و هزردا و، داعییانی

خواویستی لە شەوانی پڕ سرەوت و هێدیدا کردوویانەتە سوکنایی دڵ و ئاسوودەیی دەروون و گەشەی ڕۆح، ئای کە حاڵەتێکی تایبەتە.

هەموو ئەمانە توێشووی ڕێگا و زادی ئامادەسازییەکەن بۆ شیاوێتیبوون، بۆ شایستەبوونی هەڵگرتنی ئەم پەیامە خواییە کە خوای گەورە خۆی وەسفی بە ﴿قَوۡلٗا ثَقِيلًا﴾ دەکات، کە بێگومان هەر واشە، قورس و سەنگین و سەختە، ڕەنجێکی زۆر و سەبرێکی زۆر و خۆگرییەکی زۆری دەوێت، هەر وەکوو کە جورئەتێکی زۆر و ئازایەتی و نەبەزییەکی تایبەتی دەوێت.

ئەم کۆڵە قورسە بە خەڵات دراوەتە پێغەمبەرێکی هەڵبژاردە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، کەوابوو ئەو کەسانەی کە لە دوای جەنابیشی ئەم بانگەوازە هەڵدەگرن؛ هەر دەبێت ئاوا شیاو و شایستە بکرێن، دەبێت ئاوا گۆشکرێن و بە خۆشەویستیی خوای گەورە و متمانە و ئومێد پێی پەروەردە بکرێن، دەبێت دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستیان ئاوا بە نووری خوا ڕووناک ببێتەوە، تا نەکەونە ژێر وەسوەسەی شەیتان و فێڵکاریی نەفس، تا دڵیان لە جاهیلییەت دانەخورپێت و چاویان لە تاغووت و دەسەڵاتی نەترسێت، تا بەرچاوڕۆشنانە و دڵنیا بەسەر ئەم ڕاستەڕێگایەی خواناسیدا بڕۆن کە تەنها ئەم ڕووناکە و دەوروبەری تاریکە، ناشێت ئەمانیش جارێک لە جاران، لە حاڵەتێکی لاوازی و ماندوێتیدا بیر بکەنەوە و لە ڕووناکییەکە لادەنە لاڕێی تاریک و نووتەک، چونکە دەکەون و بزر دەبن، خوای گەورەش لێیان قبووڵ ناکات. خوای گەورە کە ئەم دڵەی خەلق کردووە هەموو ژێیەکانی شارەزایە و ئاگاداری خورپە و ختوورەی هەموو جێیەکیەتی، دەزانێت دەروازەکانی دڵ بە چی دەکرێنەوە و بە چی دادەخرێن، دەزانێت چی لێی دەبێتە وەسوەسە و سەرقاڵی و خولیا، دەزانێت لە چ کات و ساتێکدا زیت و وریایە و فەرمانی ڕاست لەخۆ دەگرێت و لە چ کات و ساتێکیدا غافڵ و پەژمووردەیە و وەڵام ناداتەوە، دەزانێت هۆگری چی دەبێت و لەدووی چی عەوداڵ دەبێت، بۆیە خوای گەورە کاتی تایبەتی لە شەوان بۆ دیاری کردووە کە شەونوێژ بکات و زیندووانە و شەونخوون چاو لە

ڕەحمەتـی خـوا ببڕێـت و بکەوێـتە موناجـاتێکی عەبـدانەی ملکەچ، خـوای گەورە دەزانێـت زینـدوویێتی و ڕۆشـنی و گەشـەی ئەم دڵ و هـزر و ویـژدانە بە چیـیە؟ ئەگەرچـی ئەرکەکەش (شەونوێژ) قورسە، بەڵام مایەی گەشە و نەشونما و بەهێزبـوونە: ﴿ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـًٔا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ۝٦ ﴾ {المزمل: ٦}. موجاهید دەفەرموویێت واتا: (أثبت في الخير)، واتا: لە خێرخوازیدا جێگیرتر دەبێت. حەتمەن قورسە، سەختە، بەتایبەتی کە دوای هیلاکیی ڕۆژ دێت، لەکـاتی حەسـانەوە و خەودا دەبێـت، بە بەجێهێشـتنی خەو و پێخەفـی گەرم و نەرم دەبێـت، لەش مانـدووە، بەڵام لەشسووکانە بۆ شەونوێژ بەخەبەر دێت و چوست و چـالاک و هۆشـدارانە موناجـاتی خـوای گەورە و نـوێژ دەکـات و قورئـانەکەی دەخوێنێـت، چـونکە ڕۆح لە خۆشـحاڵیی خۆیـدایە و چاوەڕێی دیدارە و بەدەم بانگەواز و فەرمان و فەرزی خواوە چووە، ئیتر چۆن جەسـتە سسـتی دەنوێنێت؟ ڕۆح هۆگری هاودەنگی و موناجـاتی خـوای خۆشەویستە، چـۆن دەشـێت جەسـتە هـۆگری پاڵـدانەوە و قـاچ ڕاکێشـان و پـێخەف بێـت؟ شـەوە و شـەونوێژ تێیـدا کـاریگەرە، خۆشەویستی و متمانە و ئومێد بە خوای گەورە زیاتر لە دڵ و هـزر و ویژدانـدا دەچەسـپێنێت، چونکە موناجاتی شەوان، لەگەڵ سکوونەتی شەو و سرەوتی زیندەوەران و خەوتنیاندا چێژێکی تـایبەتی هەیە، نـوێژی ئەو سـاتەوەختانە ملکەچییەکـی دوور لە ڕیـای تێـدا نیشـان دەدرێـت، پاڕانەوە و کڕوزانەوە و لاڵانەوەیەکی ئازادانەی تێـدا ئەنجـام دەدرێـت کە لە ڕۆژدا ناشـێت و نالوێت. هەموو زیکرێکی کاتی شەونوێژ شیرینی تایبەتی خۆی هەیە کە دڵ و هزر بۆی لێبڕاون و مەشغەڵەتی دنیایان بۆ خسـتووەتە کەنـار. دڵ و هـزر و ڕۆح و ویـژدان لەو سـاتەوەختانەی شەونوێژدا ڕەفتارێکی ئەوەندە زەلیلانە و خۆشـحاڵانە، عەبـدانە و کـامەران دەنوێنێـت کە زۆر زەحمەتە لە ڕۆژدا بۆی بلوێـت، نەک هەر لەبەر مەشـغەڵەتی خـۆی یـان لەبەر چـاو و دیـدی خەڵکی و لە ترسـی ڕیابـازی، نـا، هەر لەبەرئەوەی نیوەشـەو و پـێش سـپێدە؛ بـووار و هەلـی

گونجاو و ڕەخساوی شەونوێژ و زیکر و موناجات و قورئانخوێندنە، بۆیە خوای گەورەش ئیختیاری کردووە.

حەتمەن دەبێت لەگەڵ ڕێکخستن و ئاراستە و پەروەردە ئیمانی و مەعریفیەکەدا پەروەردەکردنی تایبەتی خواپەرستیش بە شەونوێژەکە بکرێت، چونکە هەردووکیان لە پێگەیاندنی تاک و کۆی ئوممەتە عەقائیدییەکەدا زەروورن، چونکە دەبینیت کاتێک دێتە پێشەوە کە هەموو ئیمانداران و، ئەهلی بانگەواز و بزاق و خواویستی دەکەونە بەر حەملەی ڕاپێچکردن و ڕاوەدوونان و زینداندکردن کە تاغووت و ملهوڕانی کاربەدەستی و ئەهلی جاهیلییەت بەرامبەر موسڵمانە سەرڕاستەکان دەیکەن، دەبینیت حەملەکە سەختتر دەبێت و بارودۆخەکە لەسەر خواویستان سەختتر دەبێت، ئەو کەسانەی خۆی لەبەردا دەگرن خاوەن تەقواو سەبر و دلێرەکانن، خاوەن شەونوێژ و زیکر و زەخیرە ئیحتیاتییەکەن: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ﴾ {هود: ١١٤}، واتا: «لە هەردوو ئەمسەر و ئەوسەری شەودا نوێژ بکە و هەروەها لە بەشێکی شەوەکەشدا». ﴿أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٩﴾ {الزمر: ٩}، واتا: «ئایا ئەو کەسەی خەریکی شەونوێژە و ملکەچانە بۆ خوا لێبڕاوە و لە سوجدەدایە، یان بەپێوەیە و دەپاڕێتەوە و نوێژ دەکات و خەمی قیامەتی خۆیەتی و ئومێدی بە ڕەحمەتی خوای پەروەردگاریتی، وەکوو ئەو کەسەیە کە هیچ لەوانەی نییە؟ چما ئەو کەسانەی دەزانن هەر وەکوو ئەو کەسانەن کە نازانن؟! ئاخر خۆ ئەوانەی خاوەن هزر و ژیرین پەی بەمە دەبەن».

ڕێگای ئەم بانگەوازە کە ئاوا تووولانی و سەخت و پڕ کەند و کۆسپە، حەتمەن خواپەرستییەکی پاک و ڕاست و زۆریشی دەوێت، شەونوێژ و دوعا و موناجاتی دەوێت. خوای گەورە دەفەرمووێت کە ئەم ڕێگایە، ئەم کۆڵە قورسەی بەلاغ و بانگەواز؛ ئەرکێکی قورسی

شەونوێژیش دەخوازێت: ﴿تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ {السجدة: ١٦}، واتا: «جەستەیان لە پێخەفی نووستن دوور خستووەتەوە و خەریکی شەونوێژن، لە ترس و حەزەر دان و لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە و هانای بۆ دەبەن». ئەمە وێناکردنێکی وردەکارانەی حاڵەتەکەیە، جەستەیەکی ماندوو و هیلاکی ڕۆژ، پێخەفێکی خۆڕاکێشانی حەوانەوە و خەوتنی لەولاوە وەل کردووە کە حەزی حەسانەوەی دەوروژێنێت، بەڵام لەملاوە خۆشەویستی خوای گەورە و ترسی تووڕەبوونی خەو لە چاوی دەتۆرێنێت و ئامادەی چالاکیی شەونوێژی دەکات، کە هەستە ڕابە، کاتی شەونوێژ بەسەر دەچێت، زەخیرەی خۆت بخە ونجەوە! خۆشیی خەو چۆن بە خۆشیی خواپەرستی بەراورد دەکرێن (ئەسڵەن ئەگەر خەو زەروورەتێک نەبووایا، پێداویستیەکی سەرەکیی جەستە نەبوایە؛ دینداری خواناس و هۆگری دیداری، نەدەخەوتن). خواناسان بە موناجات و پاڕانەوە و ویرد و زیکری خواوە مەشغوڵن، خەریکی خواپەرستین تا خەو دەیانباتەوە، نەک بخەون تا فەرزیشیان دەفەوتێت! ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ ﴿٩٨﴾ وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ ﴿٩٩﴾﴾ {الحجر: ٩٧ – ٩٩}، واتا: «ئێمە دەزانین کە سەرەنجامی ئەوەی پێتی دەڵێن دڵت دەگوشرێت و خەم و پەژارە داتدەگرێت، بەڵام تۆ ستایشی خوای پەروەردگارت بکە و لە ڕیزی سوجدەبەراندابە، خوای پەروەردگاری خۆت بپەرستە، تا دەمریت و هۆشت لەمە بێت، ئەم خواناسی و خواپەرستنە گرنگە و ئەنجامی مسۆگەرە». ﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَىٰ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ﴿٧٩﴾﴾ {الإسراء: ٧٩}، واتا: «بەشێک لە شەوان بە شەونوێژ بەڕێ بکە و بە یادی خوای پەروەردگارت شەونخوونی بکێشە کە فەرزێکی تری ئیزافیە و لەسەر تۆ پێویستە، ئومێدە کە خوای گەورە ئەو پلە و ڕێز و شایانەت پێ ببەخشێت کە هەر کەسێک ببیستێت مەدحی بکات، ئەوەندە بە لایەوە پەسەند دەبێت، ئەو پلە و ڕێزەش هەر بۆ کەسێکە».

جا کە ئاوا فەرمان بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتبێت کە دەبێت شەونوێژ بکات،

که به خوای گەورەوە پەیوەستە و وەحیی بۆ دێت، ئەدی ئەو خەڵکە دەبێت چەند شەونوێژ بکەن تا دەگەنە ڕیزی قبووڵکراوان؟! بێگومان زۆر.

## بڕگەی پێنجەم: دوعا و پاڕانەوە

داعیی ئیسلام و پێشڕەوی خواویستی دوور لە چاوی خەڵکی، دوور لە بیستنیان، ملکەچانە ڕاوەستاوە و موناجاتی لەگەڵ خوای پەروەردگاریدا دەکات، لە خەڵوەتدایە، دوور لە دەنگ لەگەڵ خوای پەروەردگاری دەدوێت، سکاڵاکانی لای ئەو دەکات، غەم و پەژارە و پەنگ خواردووەکانی لای ئەو هەڵدەڕێژێت، ئەو خەفەتانەی سەر دڵی کە قورسی کردبوون، وا لە حزووری خوای گەورەدا ئاشکرایان دەکات، گلەییەکانی لە هەندێک موسڵمان باس دەکات کە بۆ ئەوەی غەیبەتی کەس نەکات لای خۆی هێشتبوویەوە و وا لای خوای کارزان و دانا و دادپەروەر باسیان دەکات، دەستی عەبدایەتیی بۆ هانابۆهێنان بەرز کردووەتەوە و لەگەڵ هەنیسک و ئاهی کپبوویدا زەلیلانە دەڵێت: (یا اللە، خوایە گیان، خوای پەروەردگاری جیهانیان...)، ڕاستەوخۆ هاواری خوای گەورە دەکات، نە کەسێک، نە فریشتەیەک، نە هیچ مەخلوقێک لە نێوانیاندا نییە، ئەوەتا ڕاستەوخۆ بە ئەسپایی، بە گریانێکی کپکردوو، بە دوعایەکی پچڕپچڕی دەربڕین لەگەڵ خوای گەورە دەدوێت، خوای کردگاری ئاسمانەکان و زەوی، خوای باڵا و باڵادەست، کە نەک چرپە ئەسپاییەک دەبیستێ، ختوورەکەی دڵی کە نەبووە بە ویستی دەربڕین و چرپە؛ دەبیستێت، ئەوەش کە لەبەر گریان نە وشە نە ڕستەکانی بۆ تەواو ناکرێت و دەیەوێت هەر چۆنێک بێت تەعبیری لێ بکات، خوای زانا و میهرەبان هەمووی دەبیستێت و ئەوەش دەزانێت چییە کە بۆی دەرنەبڕاوە. خوای گەورە دەیبینێ و دەیبیست بێ دوعا و ئامادەبوونەکەشی، بەڵام خەمبار پێویستی بە لایەنێکی دڵدانەوەیە، ڕاوەدوونراوی مەحرووم پێویستی بە باوەشێکی سۆزە، هەموو کەسێک دڵی بەوە سوکنا دەبێت کە کەسێکی تر گوێی لێ دەگرێت، ئەگەر دەسەڵاتدارێک بوو دڵی زیاتر ئۆقرە دەگرێت، ئێ ئەم داعییە ماندووە، ئەم ئیماندارەی ژێر قەهری زیندان، ئەم مەحروومە لە ئەمان، ئەم ناڕەحەتەی کەس گوێ لەو حەقە ناگرێت کە پێیەتی، ئەم بێکەسە بێپەنایە، وا ڕووی کردووەتە پەنای

بێکەسان، زانا و بەئاگـا و خـوای جیهانیـان، بەهێـز و بەتوانـا و میهرەبـان، خـوای چـاودێر و ئاودێری هەموو داعییانی ئیسلام و ئیمانداران، جا ئیتر چ کات و شوێن و حـاڵەتێکی سـوکنا و سرەوت وەکوو ئا ئەم حاڵەتەی دوعایە: (یا الله، خـوای بـێ خەم، خـوای تـاکی بـێ کەسـان، کەناری پڕ میهری مەحرووموان، خوایە گیان...). ئەمە حاڵەتێکە خاوەنەکەی ناتوانێت بە وشە و نواندنەوە وەسفی بکات، ئەمە حاڵەتێکی ئیمانی و سەفایەکی ڕۆحە و زۆر تایبەتە، نە بۆ هەمـوو کەس دەلوێت و نە هەموو کاتێکیش بۆ هەمـان ئیمانـدار لـوواوە. خـوای گەورە دەیەوێـت ئەم داعییە ماندووە، ئەم ئیماندارە مەحروومە، ئەم موسڵمانە بێ دەسەڵاتە موستەزعەفکراوە  بە دوعا و پاڕانەوە بحەوێنێتەوە، دەیەوێت بـووارێکی ئـازادانەی بـۆ بڕەخسـێنێت تـا هەرچـی لە دڵیـدا ڕایگرتوون لێرەدا بۆ خوای گەورەیـان دەرببڕێـت، ئەمە کـات و شـوێن و حـاڵەت و حـزووری خـۆیەتی، هەلـی ڕەخسـاوە: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ {غافر: ٦٠}، واتـا: «خـوای پەروەردگارتان فەرمووی داوام لێ بکەن، بپاڕێنەوە، دوعا بکەن وەڵامتان دەدەمەوە». یـا اللـە... خوای گەورە ئاگاداری ختوورەتی دڵە، شارەزای هەست و نەستە، پـێش خەلقبوونیـان هەمـوو شـتێکی دەزانـین، بەڵام دەفەرموویـت دوعـا بـکەن، بپـاڕێنەوە، تـا ئەعسـابی مانـدووبوونتان بحەوێتەوە، تا لە واقیعدا هەسـت بـکەن کە کـۆڵی قورسـی میحنەتەکانتـان دەخەنە بەردەسـت خوای بەتوانا و دەسەڵات. بپاڕێنەوە، تا هەست بکەن ئێـوە بـێکەس نـین، بێپەنـا نـین، ئێـوە لە کەناری خوای ئاسمانەکان و زەویدان، ئێوە هاتوونەتە حـزووری خـوایەک کە سەرپەرشـتیار و چاودێری بەئاگاتانە، چاکتان کرد کە هاتن بپاڕێنەوە، ئێـوە لای ئەو خـوایەن کە ڕاسـپاردە بـزر ناکات، کە هیچی لێ ون نابێت، کە حساب بۆ هەموو هەڵوێستێک دەکات، کە لە مسـقاڵە زەڕە دەکۆڵێتەوە. وەرن، دوعا بکەن، بپـارێنەوە، بە کـوڵ و دڵ موناجـات بـکەن، فرمێسـکی سـۆز و شـەیدا و هـۆگری، فرمێسـکی پەشـیمانی و حەسرەت و لاسـاری هەڵڕێـژن. وەرن داوای لێخۆشبوون لە کەمتەرخەمیتان بکەن، داوای مەدەد بۆ لاوازیتان بکەن، داوای هێـز و پەنـا بـۆ

بێدەسەڵاتیتان بکەن. وەرن پەیمان تـازە بـکەنەوە کە لەمەودوا عەبـدایەتییەکی سەرڕاسـتانە بـۆ خوای دەگرنە بەر. وەرن پەیمانی ئومێد و پشتبەستن بەو بدەن و بەس.

ئەم جۆرە دوعایە و لەم کات و شوێن و حاڵەتە خەڵوەتەدا دەبێـتە شـنەی شـێداری گـڕە و قرچە و چلەی هاوینی بێ ئومێدی، ئەم حاڵەتەیە کە دەبێتە کەشی حەوانەوەی ئیمانـداران، ئەم دوعا و پاڕانەوەیە لەم کەشە تایبەتەی خۆیـدا دەبێـتە مەئـوایەکی ئەمـان و کەنـارێکی ئەمـین، شوێنی سرەوت و جێگای ئۆقرەگرتن، چونکە خاوەنەکەی بەدڵنیاییەوە دەزانێت لە کوێیە و چی دەڵێت و بـۆ کـێ دەدوێـت؟! دڵنیـابوونی لەوەی کە لەگەڵ خـوای گەورە دەدوێـت؛ بەسـە بـۆ ئاسوودەیی، ئەمما کە دڵنیایە ڕاستەوخۆ داواکارییەکی بە جەنابی خوای جیهانیان دەگەیەنێت و ئەویش خۆی ڕاسـتەوخۆ دەیبیسـتێت و وەریـدەگرێت؛ ئەمە لـوتکەی ئاسـوودەییە و ترۆپکـی خۆشحاڵییە، چونکە دەزانێت خوای گەورە داوا ئـیهمال ناکـات و بە هانـاوە دێـت و هەرچیـی بوویت دەیکات. ئەم نزیکی و دووانی ڕاسـتەوخۆ و دڵنیـابوونە خـۆی مەنزڵگـای حەوانەوەیە: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾ {البقرة: ١٨٦}، واتا: «ئەگەر بەندە خواناسەکانم (عباد) دەربارەی مـن لە جەنابتیـان پرسـی، ئەوە بە تەئکیـد مـن نـزیکم، داوا و دوعای ئەو کەسانە وەڵام دەدەمەوە کە دەپاڕێنەوە و هاوارم دەکەنێ». ئەمە گەورەترین نیشانەیە کە دوعاکردن، هەر خودی دوعاکردنەکە مایەی حەوانەوە و گـڕوتین و وزەی نـوێیە، چ جـای وەڵامدانەوە و گیرابوونی.

- ئەبو داوود و ترمزی و ئیبنو ماجە بە سەنەدەوە لە ئیبنو مەیمـونەوە لە سـەلمانی فارسـیەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لَيَسْتَحِي أَنْ يَبْسُطَ الْعَبْدُ إِلَيْهِ يَدَيْهِ يَسْأَلُهُ فِيهِمَا خَيْرًا فَـيَرُدَّهُمَا خَـائِبَتَيْنِ)[1]، واتـا: «خـوای گەورە

---

(١) ئەبو داود (١٤٨٨)، ترمزی (٣٥٥٦) و ئیبنو ماجە (٣٨٦٥) بە لەفزی جیـاوازەوە هێناویـانەتەوە، هەروەهـا ئەحـمەد (٢٣٧١٤)، حاکم (١٨٣٠) و بەیهەقی (١٠١٣)، لەفزەکەش هی ئەوانە.

شەرم دەكات دەستی عەبدێک نائومێدانە داگرێتەوە خـواریَ لە كاتێكـدا كە هەردوو دەسـتی بەرز كردووەتەوە و داوای خێر و چاكەیەكی لیَ دەكات».

- لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمیشدا هاتووە كە پێغەمبەری خـوا (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (يُسْتَجَابُ لِأَحَدِكُمْ مَا لَمْ يَعْجَلْ، يَقُولُ: دَعَـوْتُ فَلَـمْ يُسْـتَجَبْ لِي)[1]، واتـا: «ئەگەر كەسێكتان پەلە نەكات دوعای گیرا دەبێت، با نەڵێت هەر دوعام كرد و گیرا نەبوو».

(١) بوخاری (٦٣٤٠)، موسلیم (٢٧٣٥).

## بڕگەی شەشەم: ڕۆژوو

ڕۆژووگرتن تەقوا لە دڵدا دەبوژێنێتەوە، ئەوە تەقوایە کە دڵ لە فەساد دەپارێزێت، هەر تەقواکارییەکەیە ناهێڵێت ڕۆژوو بە گوناح و تاوان پووچەڵ ببێتەوە، تەنانەت بەو گوناحانەش کە بە زیهن و هۆش و خەیاڵیشدا دێن و دەچن! ڕۆژوو ڕەفتار و ڕەوشتی ڕۆژووەوان پارسەنگ دەکات و ویژدان و هەستی پەروەردە دەکات. شتێکی سروشتییە کە ئوممەتێک جیهادی لەسەر فەرز بکرێت و ڕۆژووشی لەسەر فەرز بکرێت، چونکە مەبەست لە خواناسی و خواپەرستی و جیهاد و بانگەواز و بزاڤە خواویستییەکە ئەوەیە کە مەنهەجەکەی خوای گەورە لەسەر زەمیندا بسەلمێنرێت و لەناو خەڵکیدا بچەسپێنرێت و سەرکردایەتی و ڕێبەریێتی و ئاڕاستەوانی مرۆڤایەتی بکەوێتە دەست خواناسان و ئەمیندارانی وەحی، تا دادی خواویستی بچەسپێنرێت و شاهید بن لەسەر خەڵکی. ڕۆژووگرتنەکە بوواری بڕیارە جیددییەکەیە، بووارێکی ڕاستەوخۆی تری پەیوەستبوونە بە خوای گەورەوە، پەیوەستی عەبدایەتی و ملکەچی و گوێڕایەڵی، هەر وەکوو کە بوواری ئیرادە؛ بەهێزی و زاڵبوونە بەسەر هەموو چێژەکانی جەستە و دەرچوونە لە هێزی ڕاکێشانیان و، کۆنترۆڵکردنی ویست و خۆگرتنەوەیە لە هەموو پاڵنەرێکی حەز و ئارەزوو، لەبەر خاتری خوای گەورە بۆ بەجێهێنانی فەرمانی و ئومێدی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و پاداشتی، ئەمانە هەمووی پێداویستیی ئامادەکاریی دڵ و دەروون و ئیرادەن بۆ تەحەممولکردنی ناڕەحەتییەکانی ڕێگا توولانی و سەخت و پڕ کەند و کۆسپەکەی بانگەواز و بزاڤی خواویستی. لەو کەند و کۆسپانە: ئەو هەموو جوانی و چێژانەی جەستە و دەروونن کە لەملا و لەولای ئەم ڕێگایەی خواویستیدا هەن، کە هەریەکەیان هێزی ڕاکێشانی خۆی هەیە و بە شێوازێک خواویست بانگ دەکات بۆ لاڕێبوون بە تێرکردنی ئەو حەز و چێژانەی جەستەی دەروونی.

خۆڕاگرتن بەرامبەر ئەم (موغریات)ـانە ئەگەر زیاتر نەبێت لە (موغریات)ـی دەسەڵات و هێز و ناو، کەمتر نین لێیان، کەمتریش نین لە کاریگەریی ئازار و ئەشکەنجە و تین و فشاری لە ڕێ لادان، ئەگەر زیاتر نەبن لێی. ڕۆژوو لە هەموو لایەنێکەوە گرنگە، کاریگەرە، چونکە حیکمەت لە ڕۆژووگرتنەکە پەروەردەکردن و ئامادەکردنە بۆ ڕۆڵێکی گەورەتری تاک و کۆی ئوممەت، بۆ شیاوێتی و شایستەکردنیانە بۆ بینینی ئەو ڕۆڵەی لە ژیاندا پێیان دراوە، کە دەبێت لەگەڵ هەستی چاودێریی خوایی و موراقەبەی ئەودا ببینرێت، بە هەستی تەقواکاری و بەرپرسێتیی ویژدانەوە.

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی ئاوا پێویستییان بە ڕۆژووە، لەو ڕووەوە کە بەشێکە لە پەروەردەکردن و گۆشکردن و ئامادەکردنیان، ڕۆژوو تۆیشووی ڕێیە، هەر وەکوو خواپەرستیەکانی تر دەبێت سەبر لەسەر ئەداکردنی بگیرێت: ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ﴾ {مريم: ٦٥}، واتا: «بیپەرستە و سەبر بە خۆت بدە لەسەر پەرستنی»، بیپەرستە و سەبر لەسەر ئەرکەکانی خواپەرستی بگرە، ئەو ئەرکانەی شیاوت دەکەن بۆ وەستان لەبەردەستی خوای کردگار و پەروەردگار و زانا و زیندووی هەڵسوڕێنەری (وجوود)، ئەرکاکانی بەردەوامبوون و بەرزبوونەوەی ئاست بە ئاستی عەبدایەتی.

بیپەرستە و هەموو وزە و توانات لە پەرستنیدا بخە گەڕ تا بە دیداری شاد بیت، بیپەرستە تا بە نوورێکی خواوە پەیوەست دەبیت و لە هیدایەتدانت بێخەم دەبیت، بیپەرستە تا دەگەیتە ئەو حاڵەتەی خوای گەورەی تێدا ڕازی دەبێت، ئەمە ئەرکێکی قورسە، دەبێت بۆی لێبڕێیت، موتەفەڕیغ ببیت بۆی، وا خۆتی بۆ تەرخان بکەیت سەدای هیچ حەز و چێژێکی جەستە نەیەتە گوێت و مەشغوڵت بکات بەخۆیەوە. لا نەکەیت بەلای حەزە گچکە کەم و کاتییەکانەوە، بۆ حەزی مەزن و زۆر و هەمیشەیی لێبڕێ، بۆ خۆشەوستیی خوای گەورە و حەزی پەرستنی، بۆ ڕەنجی ڕازیکردنی. ئای کە بۆ خوا لێبڕان سەختە، بەڵام وای کە پڕ هەست و نەست و خرۆشی

خۆشییە، گەشەی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروونە، ڕووناکیی بەرچاوان و دڵی پڕ هێمنییە. ئەمە هێنانەدیی حەزێکە کە کەس نازانێت چۆنە تا خۆی نەیچێژێت، ئەمە حاڵەتێکی لە خوا نزیکی وایە؛ کە وەسف ناکرێت، دەبێت خەڵکیی بۆ هان بدرێت خۆیان بگەنە ئەو ئاستەی کە ئەو حاڵەتە دەچێژن، ئەمەش ڕەنجی دەوێت، ڕەنجێکی زۆر، بۆ خوا لێبڕانی دەوێت، بۆ خوا لێبڕانیش زۆر قورس و سەختە، دەبێت بە هەموو کیانەوە هەوڵی بۆ بدرێت، بە هەموو وزە و توانایەکی ماددی و جەستەیی و واتایی دەروونی و سیفاتی مەعنەوی. ئەمە حاڵەتێکە بۆن و بەرامەی تایبەتی خۆی هەیە، وەکوو گوڵ نییە بۆنی خۆی پەخش بکات، ئەمە بۆن و بەرامەیەکی داخراوە و دەبێت خوازیاران خۆ بخەنە بازنەیەوە، دەنا هیچ. ئەمە حاڵەتێکە ئەو کەسانە دەیگەنێ کە لە خواناسی و خواپەرستیدا تواونەتەوە و ئەوەندە سەبریان لەسەر گرتووە، تا گەیشتونێ و چێژتوویانە، پێیان شیاو نییە بە هیچ چێژێکی تری دنیایی بەراورد بکرێت: ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ﴾.

عیبادەت لە ئیسلامدا هەر بەجێهێنانی دروشمەکانی پەرستن نین، خواپەرستی لە ئیسلامدا هەموو بزاوت و سرەوتێکە، هەموو نییەت و ختورەیەکی دڵە، هەموو هەست و نەستێکە، هەموو ئاڕاستە و هۆشێکە، بەڕاستی قورسە مرۆڤ بتوانێت هەموو ئەمانەی بۆ خوا بێت و بەس، زەحمەتە بە هەموو (وجوود)یەوە بۆ خوا لێبڕابێت، تەنها بۆ خوای تاک و پاک، بەڵام مەحاڵ نییە و مومکینە، ئەمە ئەرکێکی قورسە کە هەموو چالاکییەکی دڵ و دەروون و هزروهۆش و ویژدان و ڕۆح، کە دەبنە پاڵنەری ڕەفتار (گوفتار و کردار) لەسەر زەمین، لە ژیانی ناو خەڵکیدا ئەنجام دەدرێت و ڕوو بکاتە خوای تاک و پاک، لەسەر ئەرز دەکرێت و ڕووی لە ئاسمانە. ئاسان نییە هەموو بزاوت و سرەوتێک، هەموو نییەت و ڕەفتارێک، گەورە یان بچوک، زۆر یان کەم لەبەر خاتری خوای گەورە بکرێت، بێگومان پەرستنەکانیش هەروەها، بە نییەت و ڕەفتاریانەوە، لەسەر زەمین و لە ژیاندا دەکرێن، بەڵام بۆ خوا و لەبەر خاتری ڕەزامەندیی

خوای گەورە و بەس، بێ هاوبەش و شەریک (لا إله إلا الله). ئەرکێکی قورسە هەوڵ و ڕەنـج و سەبری چاکی دەوێت، ئەستەمیش نییە و لە توانادایە (ئەوانەی ئاوا بۆ خوا لێبڕاون لە دوای یاوەران و تابیعینیشەوە هەزاران هەزارن، خوای گەورە بمانخاتە ڕیزیان).

## بڕگەی حەوتەم: تەسبیحات[1] و زیکرەکان

﴿فَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ غُرُوبِهَاۖ وَمِنۡ ءَانَآيِٕ ٱلَّيۡلِ فَسَبِّحۡ وَأَطۡرَافَ ٱلنَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرۡضَىٰ ١٣٠﴾ {طه: ١٣٠}، واتا: «خۆ ڕاگرە لەسەر ئەوەی دەیڵێن، سەبر بگرە لەسەریان، تۆ زیکری خوای خۆت بکە، پاک و بێ خەوش (بێ عەیب) ڕایگرە و بەرز و پیرۆز و بەرێزەوە ناوی بهێنە، نوێژ و تاعەت و تەسبیحات و ویردی خۆت پێش خۆرهەڵهاتن و پێش خۆرئاوابوون بخوێنە، هەروەها لە بەشێکی ساتەکانی شەواندا و لەمسەر و ئەوسەری ڕۆژیش تا ئەوەت لە خوای گەورەوە دەستگیر ببێت کە پێی ڕازی دەبیت». (زۆر لە ئەهلی تەفسیر دەفەرموون ئاماژەیە بە کاتی نوێژەکان -بەتایبەتی پێش فەرزبوونی پێنج کاتەکەی لە شەوی میعراجدا-. ئیمامی شەوکانی دەفەرمووێت، دەشێت مەبەست لێی زیکر و تەسبیحات (وتنی سبحان الله) بێت لە هەموو ئەو کاتانەدا)[2].

بێگومان پێغەمبەری خوا (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) و لە دوای جەنابیشی هەموو داعییەک -پێویستی بە سەبرگرتن بوو لەسەر ئەو هەموو کوفر و شیرکەی دەیانوت و مومارەسەیان دەکرد، لەسەر بەدرۆخستنەوەی جەنابی و وەحییەکە، لەسەر نکۆڵیکردنی پێغەمبەرێتی و قورئانەکەی، لەسەر گاڵتەپێکردن و سووکایەتیپێکردن پێی، ئەمانە و سەدان هەڵوێستی تریان سەبری دەخواست، لەگەڵ سەبرگرتنیشدا زیکری خوای گەورە و تەسبیحاتکردنی، تا خەم و پەژارەکەی لە کەناری خوای بەدەسەڵاتدا دەرببڕێت و سکاڵای لای جەنابی بکات.

---

(١) مەبەست لە تەسبیحات ژماردنی زیکرەکان نییە وەکو ( سبحان الله، الحمد لله، لا إله إلا الله، الله أكبر، لا حول ولا قوة إلا بالله) بە تەزبیح؛ بەڵکو وتنی ئەم زیکرانەیە تا زمان شەو و ڕۆژ پێیان پاراو بێت و ئیماندار بەردەوام لە خواپەرستیدا بێت و خوای گەورەی لە یاد بێت.

(٢) تەفسیری ابن كثیر/ چاپی یەکبەرگیەکەی دارالمعرفة/ ١٤٣١-٢٠١٠(ل ١٠٢٨)، و فتح القدیری ئیمامی شەوکانی/ دار الكتاب العربي(١٢٧/٢٥).

سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگارت بکە، ڕوو لەو بکە، پـێش هەڵهـاتنی خـۆر و پـێش ئاوابوونی، لەگەڵ سپێدەی بەیانیاندا کە هەناسەی ژیان دەنوێنێت و ژیان بە ڕووی هەمووانـدا -دوای نووستن و مردنی کاتییان- دەکرێتەوە، هەروەهـا لەو کـاتەی کەوا خـۆر لار دەبێـتەوە و ئاوا دەبێت، کە گەردوون پێڵوو سەریەک دەنێت. سوپاس و ستایشی خوای خۆت لە هەندێک لە ساتەکانی شەودا بکە، هەروەها لەمسەر و ئەوسەری ڕۆژ، لە هەموو کات و ساتەکانی شـەو و ڕۆژدا شوکرانە بژێر بە، دەم بە وێرد و زمان پاراو بە بە سوپاس و ستایشی خـوای گەورە، تـا شایانی ئەوە دەبیت ئەوەت لە خوای خۆتەوە دەسـتبکەوێت کە خـۆزگەت بـۆ دەخواسـت، تـا هەرچی ڕازیت دەکات دەستت بکەوێت (سوبحانەڵڵا).

تەسبیحات و زمانپاراویی بە یادی خوا؛ پەیوەستبوونی بەردەوامە بە خوای گەورەوە، هەموو ئیماندارێک کە ئاوا هۆشی لە خواپەرسـتی و تەسـبیحات و زیکـر و شـوکری خـوای گەورەیە؛ خۆشحاڵە پێی، کامەڕانە لەوەی تێیدایە، ڕازییە بەوەی مومارەسەی دەکات، چونکە بەردەوام لە یادی خوادایە، خوای گەورەش لەو عەبدەی ڕازیـیە کە سپڵە و بـێ وەفـا نیـیە، کە سوپاسـی دەکات و هۆشی لە پەرستنێتی. هەمـوو عەبـدێکی خوانـاس بەوە دڵشـادە کە ڕووی لە خـوای پەروەردگارێتی، چونکە هەست دەکات لە کەناری پڕ ئەمانی ئەودایە، زۆر ڕازییە بەوەی خـۆی داوەتە دەس دەسـتی ئەمـین و پـڕ سـۆزی خـوای گەورە، ئەم خۆشـحاڵییە، ئەم ڕازیبـوون و ئاسـوودەییە بەرهەمـی ئەو زیکـر و یـاد و تەسـبیحاتەیە، بەرهەمـی ئەو نـوێژ و تـاعەت و عیبادەتانەیە کە بۆ خوای خۆی دەیانکات، ئەم خۆشحاڵییە پاداشتێکی سـەرەتایی و پێشـەکیی خوای گەورەیە کە هەر لە دنیادا پێی دەبەخشێت تا سوورتر بێت لەسەر خواپەرستن.

ئەوجا ئەم بەرهەمەی تەسبیحات و زیکر و نوێژ، خۆشی لە دڵدا چەکەرە دەکاتەوە و گەشە دەکـات و چەنـدین جـۆر بەرهەمـی تـری هێمنـی و ئاسـوودەیی و سـوکنایی دڵ و دەروون و پارسەنگی و جێگیربوونی هزر و هۆش دێنێتە بەرهەم، ئەمە سروشتی پەروەردەبوونی ئیماندارانە

بە ئیسلام. هەموو ئاڕاستەیەکی گۆشکاری؛ بەرهەمەکەی دەبێتەوە بە مایەی بەرهەمهێنانی ئاسوودەیی تر، ئەمە تەسدیقی ئەو حەقیقەتە عەقائیدییەیە کە دەفەرموویت: ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾﴾ {الرعد: ٢٨}، واتا: «ئەدی مەگەر بە یادی خوای گەورە دڵەکان ناسرەون؟ هێمن نابن؟ ڕازی نابن؟ بەدی».

داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی پێویستییان بە توێشووی کافییە، تا لەسەر ئەم ڕێگا تووڵانی و سەخت و پڕ کەند و کۆسپەی بانگەواز؛ بەهێزانە خۆ ڕاگرن و جوامێرانە بەردەوام بن. خواپەرستییەکان، نوێژ و تاعەت و زیکر و تەسبیحات، هەموو توخمی سەرەکی و کەرەستەی بنیاتنانی کەسایەتیی ئیماندارانەی موسڵمانن. خواپەرستیەکان لە ئیسلامدا نە بۆ جەدەلی مەعریفی و موناقەشاتی ژیریاری و شەڕەپێناسەی لاهووتین، نە بۆ دروشمی پەرستنی سەتحی و نواندنی سیما و سیفاتی عابیدانەن، بەڵکوو مەنهەجن، مەنهەجی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی بزاڤێکی گۆڕانکاریی واقیعی، تا واقیعی کۆمەڵگا بەشەرییەکە بگۆڕن. ئەو واقیعە بەشەرییەش سەتحی نییە تا بە خواپەرستییەکی سەتحی و دروشم بگۆڕێت، واقیعی مرۆڤایەتی قووڵە، ڕەگ و ڕیشەی بە ناخی دڵی مرۆڤ و دابونەریتیاندا ڕۆ چووە، بنەما و ڕێسای خۆی هەیە کە لە ناخ و واقیعی کۆمەڵایەتیاندا خۆی گرتووە و جێگیرە، خۆ ئەمە هەر وا ئاسان ناگۆڕرێت، ئەم واقیعە جاهیلییە کە لە دید و تێڕوانین و ڕەفتار و ڕەوشت و دابونەریت و بارودۆخ و کۆمەڵگا و دەوڵەتدا خۆی بەرجەستە کردووە، خۆ هەر وا ئاسان گۆڕین قبووڵ ناکات و نابێتە ئەو واقیعە ئیسلامییەی خوای گەورە قبووڵێتی کە دەبێت بەپێی وەحیی ئەو و ئاراستەی نێردراوەکانی دابڕێژرێنەوە. خۆ ئەمە کارێکی ئاسان نییە، هەتا بیری لێ بکەیتەوە قورس و سەختە، بەڵام مەحاڵ نییە و مومکینە، ڕەنجی زۆر و هەوڵی زۆر و سەبری چاکی دەوێت، خۆگریی جوامێرانە و پشوودرێژیی دلێرانەی دەوێت، توانا و وزەیەکی زۆری دەوێت، کە لە توانای داعییەکدا نییە، ئازایەتی و جورئەتێکی دەوێت کە لە غیرەت و زاتی هەموو

پێشڕەوانی خواویستییەکەدا نییە، بۆیە داعییە ئیسلامییەکان و پێشڕەوانی خواویستی پێویستییان بە مەددەدی خوای گەورەیە، پێویستە هاوار بۆ ئەو ببەن و داوای یارمەتیی لێ بکەن، هەر ئەوەندە بەس نییە کە حەز دەکەن خەڵکی ئیسلامەکە وەرگرن و پێوەی پابەند بن، هەر ئەوەندە بەس نییە کە دەزانن چۆن باسی ئیسلامەکە بکەن، هەر ئەوەندەش بەس نییە کە ئازان و دەتوانن لە ڕووی کوفر و شیرکدا بووەستنەوە، بەڵکوو زۆر لەوە زیاتریان پێویستە کە تەنها خوای گەورە بۆیان مسۆگەر دەکات، ڕێگای دەستخستنی ئەمەش عیبادەتە، پەرستنی خوای تاک و پاکە، سوپاس و ستایش و یادکردنێتی، زیکر و تەسبیحاتکردنە بۆی، سوجدە بردنە بۆی، ڕازیکردنێتی تا بە هاناوە بێت و ڕازی بێت مەدەد بنێرێت: ﴿وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا ٢٥ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَٱسۡجُدۡ لَهُۥ وَسَبِّحۡهُ لَيۡلٗا طَوِيلًا ٢٦﴾ {الإنسان: ٢٥ – ٢٦}، واتا: «بەیانیان زوو، هەروەها ئێواران یادی خوای خۆت بکە و ناوە جوانەکانیت لەسەر زار بێت، شەوانیش سوجدەی بۆ ببە و لە شەونوێژی زۆر و بەردەوامدا بە». ئەمە زادی ڕێیە، توێشووی سەفەرێکی تووڵانییە کە کاروانچییانی ئەم مەوکیبە پاک و پیرۆز و پشوودرێژەی ئیمانداران پێویستە پێیان بێت. ئەمە نوێژی ڕۆژ و شەونوێژە، یادی خوایە و هانایە بۆ ناوە پیرۆزەکان و سیفەتە بێوێنەکانی. ئەمە دوعا و پاڕانەوە و سوپاس و ستایش و زیکر و وێردی خواپەرستییە کە وا دەکات ئیمانداران هەمیشە بە خوای خۆیانەوە پەیوەست بن و دەستیان لە دەستی نەترازێت. ئەمە پەیوەستبوونە بە سەرچاوەی نوێژ و زیکر و قورئانەکەوە. ئەمە پەیوەستبوونە بە سەیید و سەروەر و خاوەنی بانگەوازەکەوە کە ئەمان عەبدانە گرتوویانەتە بەر و کردوویانە بە بزاڤێکی گۆڕانکاریی جاهیلییەت. ئەمە پەیوەستبوونە بەوەوە تا هەست بە ڕازیبوونی بکەن و داوای یارمەتی و هێز و مەددەدی لێ بکەن، تا زیاتر پشتیوانییان لێ بکات و سەبریان پێ بدات. ئەمە پەیوەستبوونە بە سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزیی مەخلوقات و سەرچاوەی ورەو وزە و توێشووی ئەم ڕێگا تووڵانییەی

بانگەواز. ئەمە پەیوەستبوونە بە خوای بەئاگا و زانا و کارجوانەوە، بە نوێژ و ڕۆژوو، بە زیکر و تەسبیحات، بە یادی بەردەوامی.

ئەم ڕێگــا تــوولانییە ســەختە حەتمەن توێشــووی زۆری دەوێــت، ئەم توێشــووەش لای ئاڕاستەوانان و سەرکردایەتی و ئەندامانی ئوممەت و بزاڤەکە نییە، لای خوای سەرپەرشتیاری بانگەواز و چاودێر و ئاودێری داعییەکانە، بۆیە زەروریە بەردەوام ڕوویان لەو بێت و بەردەوام پێوەی پەیوەست بن، بەردەوام لە زیکر و تەسبیحاتدا بن، چونکە بەجێهێنانی فەرزی بـانگەواز و ئەرکـی بـزاڤەکە وا دەخوازێـت. ئەم خەڵـوەتە بـۆ هەمـوو داعییـانی ئیسـلام و پێشـڕەوانی خواویستی زەروورەتە، تا زووزوو بێنە بەر فەیزی ڕەحمەت و سۆزی خوای میهرەبـان، تـا هەر کاتێک هەستیان بە ماندوویی و هیلاکی کرد؛ خێرا بێنەوە ژێر سایەی میهـری خـوای گەورە و بحەوێنەوە، تا هەر کاتێک هەستیان بە لاوازی و ورەنزمی کرد؛ بێنەوە کەناری خوا تا بە هێز و مەدەدی ئەو شەحن ببنەوە و بگەڕێنەوە مەیدانی کار و بانگەوازەکەیـان. ئەم ئەرکە قورسـەی بانگەوازی خوایی پێویستی بەردەوامی بەم شەحنبوونەوەیە هەیە، دەنا ئەدا ناکرێت.

## بڕگەی هەشتەم: دینداریی سەرڕاستانە... تەقوا

تەقوا گەنجینەی توێشووی ڕێگـای ئیمانـدارانە، ڕۆحیـان لەسـەر ئەو دەژی، ڕۆح بە تەقـوا بەهێز دەبێت و بە زادی ئەو گەشە دەکات و بە نووری خواویسـتییەکەی ئەو ئەمـیش پرشـنگ دەداتەوە. کاتێک ڕۆح دەخوازێت بە قادرمەکانی خواناسیدا سەرکەوێت؛ دەبێت تەقوا دەسـتی بگرێت، کە دەخوازێت بە نووری خوای خۆشەویستییەوە پەیوەست ببێت؛ دەبێت بە تەقواکاری شایستە بووبێت، ئەوانەی ژیرن و پەی بە (وجوود) وەکوو حەقیقەتـی خـۆی دەبەن، درک بەم ڕێسایە دەکەن، دەزانن کە گەشەی ڕۆح بە ئاودێریی تەقـوایە، دەزانـن کە باشـترین توێشـووی ڕێـی خواناسـی و بەسـوودترین وزە تەقواکـارییە: ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيۡرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٧﴾ {البقرة: ١٩٧}، واتا: «توێشووی ڕێگاتان لەبەربێـت، زۆر لەگەڵ خـۆدا بـبەن، باشترین توێشووی ڕێگاش تەقوایە -کە دینداریتیی سەرڕاستانەیە-، ترسیشـتان لە مـن هەبێـت ئەی خاوەن هزر و ژیرەکان».

تەقوا: هەستێکە لە ویژداندا جێ دەگرێت، سـاف و ڕوونـی هەستکردنیشـە، لەگەڵ تـرس و سڵکردنێکی بەردەوام و هۆشـدارییەکی هەمیشـەیی و خۆپاراسـتن لە درک و چقڵـی ڕێ، ڕێـی ژیان، کە ڕێگایەکە پڕە لە حەز و ئارەزوو و چێژ، بەڵام هەمـوو وەکـوو دڕکـن، دڕکـی تەمـاع و چاوچنۆکی، دڕکی ترس و بیم، دڕکی وەسوەسەی ناخ و خۆتۆقاندن، یان گومـان و ئینفیعـالاتی بێ ڕێسا، دڕکی هیوا درۆزنە، کە کەسێک هیوای بە غەیری خوای گەورە دەبێـت، دڕکـی ترسـە درۆزنە، کە کەسێک لە مەخلوقێک دەترسێت کە نە توانای هەیە سوود بە کەس بگەیەنێت و نە زیان! دەیان و سەدان دڕک و داڵی تری ڕێگای ژیان. تەقوای ئیمانداران بۆیان دەبێتە نەخشەی ڕێ، ئاڕاستە و قۆناغ و مەنزڵ دیاری دەکات، ڕادە و بڕی زادی پێویسـت دەستنیشـان دەکـات، بزاوت و هەڵوێستی شیاو دیاری دەکات، تەقوایەکە بە دڵ دەڵێـت چـی بگـرێتە خـۆ و چـی لە

خۆی دوور بخاتەوە. ئەوەی خودی تەقواکەش پێدەگەیەنێت ئەم قورئانەیە، پەیامی ئەم دینەیە: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢﴾ {البقرة: ٢}، واتــا: «ئەم قورئــانە نــوسراوی خــوای گەورەیە و بە هــیچ کلۆجێــک گومــانی تێــدا نیــیە، نە لەوەی کە لە خــوای گەورەوەیە، نە لە هەبوونی ئەحکامەکانیدا و نە لە پاراستن و سەلامەتییدا، ئەم قورئـانە نەخشــەی هیدایەتـدانی تەقواکارانە».

سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب لە ئوبەیی کوڕی کەعبی پرسی خـوا لە هەردووکیـان ڕازی بێــت کە تەقـوا چیــیە؟ فەرمــووی: قەت بە ڕێگایەکـدا نەڕۆیشــتوویت کە دڕک و چقڵــی زۆر بووبێت؟ فەرمووی بەڵێ. ئوبەیی فەرمووی: چۆنت ڕێ دەکـرد؟ فەرمــووی: خـۆم هەڵـدەکرد و خۆم دەپاراست، ئوبەیی فەرمووی: ئێ تەقواش ئاوایە.

تەقوا: پاسەوانێکی زیت و وریایە و لەبەردەرگای ویژداندا وەستاوە، نایەڵێت هــیچ شــتێک ویژدان بەخۆیەوە مەشغوڵ بکات، ناشهێڵێت هیچ شتێک لاوازی بکات، ناهێڵێــت کەس بەرەو هەڵدێری ئاڕاستە بکات و بەردەوام ویژدان لەسەر ڕێی ڕاســت دەهێڵێــتەوە. ئەوەی قەدری ئەم پاسەوانەی لایە و دەزانێــت ڕۆڵێکــی نەک کــاریگەر؛ بەڵکــوو ڕۆڵــی ژیــان و مــردن دەبینێــت، دەزانێت پاسەوانێتی تەقوا بۆ ویژادانی موسڵمان چەند زەروورییــە، ئەو کەســەیە کە بە کەنــد و کۆسپی ڕێی بانگەواز و ناسۆر و کارەساتەکانی بزاڤ و جیهادەکەوە موبتەلایە، ئەو کەسە ڕۆڵی کاریگەریی تەقوای لە لایە کە  بەردەوام تووشی ئینفیعالاتی نەفس دەبێتەوە، چ ئینفیعالاتەکانی خۆی، چ ئەوانەی لە دڵ و دەروونی شوێنکەوتووەکانیدا هەن. ئەم کەسە دەزانێت تەقوا چەنـد گرنگ و کاریگەرە لە ڕاگرتنی کەسایەتیی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستیدا کە ڕۆژانە دەکەونە حاڵاتی ترس و بیم و مەحروومبوونەوە، یان حاڵاتی سووکایەتیپێکردن و ئەشکەنجە و ئازارەوە، یان حاڵاتی ورەبەردان و بەزینەوە. ئەو کەســەی لە میحنەتــی ڕۆژانەی کۆمەڵکــاریی ئیسلامی و بزاڤی ململانێــدایە بەرامــبەر بە جــاهیلییەت دەزانێــت تەقـوا چەنــد گــرنگە، چەنــد

زەرووریە خواویستان هەیانبێت و هۆشیان لێی بێت.

تەقوا بۆ مانەوە لەسەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێست زەروورییە، بۆ ڕێکخستنی حەز و ترس زەروورییە، بۆ پاراستنی نییەتی خواویستی و ڕەفتاری شەرعیی تاک و کۆی ئوممەتە عەقائیدییەکە زەروورییە، بەشێوەیەک کە هیچ کارێکی موسڵمان بەبێ تەقوا نرخی نییە و هیچ ئەسەرێکی نە بۆ خۆی و نە بۆ تاک و کۆی ئوممەت و بزاڤەکەی لێ ناکەوێتەوە.

تەقوا موسڵمان دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ئەرکی عەبدایەتیی خۆی سەرڕاستانە بهێنێتە دی و مافی خوایەتیی خوای گەورە بەتەواوی بدات، ئەمەش تەقوایە کە هەمیشە وریا و ئامادەیە، نە غافڵ دەبێت و نە هۆشی لەخۆ دەبڕێت، تەنانەت ناشێت لە هەموو تەمەنی خاوەنەکەیدا جارێک سارد ببێتەوە و سستی بنوێنێت یان لێبچێتەوە! ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ {آل عمران: ١٠٢}، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بەڕاستی لە خوا بترسن و تەقوای خواتان سەرڕاستانە لە دڵ و ڕەفتاردا بێت و سوور بن لەسەر ئەوەی موسڵمانانە بمرن».

موسڵمان بە تەقواکاری بەرەو خوای گەورە دەچێت، هەر پلەیەک کە پێی بەرز دەبێتەوە شەوق و شەیدای بۆ پلەیەکی بالاتر هەڵیدەنێت، ئەم جارە هەر بە تەقوا باشتر خۆی دەسوڵحێنێت تا دەگاتە پلەی بالاتر، ئینجا ڕەنجی زۆرتر و پاڵفتەسازیی زیاتری دەروون و شەیدا و ئەوین بەرەو ئاستێکی بالاتر هەوڵ دەدات، تا دەگاتە ئەو ئاستەی ئیتر دڵی غەیری خوای گەورەی تێدا نامێنێت و بە غەیری خواپەرستی و موناجات ناسرەوێت. تەسلیمبوون بە خوای گەورەش هەر ئاوا پلەپلە و ئاست برینە، بە پلەکانی گوێڕایەڵی و ئاستەکانی ملکەچی و مەنزڵگاکانی عەبدایەتیدا سەردەکەوێت، ئیتر ئەوەندە بە شەرعەوە پابەند دەبێت و ڕەفتاری لەگەڵ دین و دینداریدا دەسازێنێت تا وای لێ دێت ناخ و دەرەوەی بەتەواوی بۆ خوا

دەسوڵحێت و شیاوی ئەندامێتیی ئوممەتە عەقائیدییەکە دەبێت، کە هەموو ئەندامانی ئاوا لەسەر تەقواکاری و تەسلیمبوون بە خوای گەورە و پابەندبوون بە شەریعەتەکەیەوە گۆش کراون. ئاوا کۆمەڵە موسڵمانەکە لە کۆمەڵە جاهیلییەکان جوودا دەبێتەوە، ئاوا ئوممەتێک لەسەر مەنهەجی خوا کۆ دەبنەوە و دەیکەنە دید و ڕێ و ڕێباز و بەرنامەی گۆڕینی جاهیلییەت، ئاوا نەبێت نە مەنهەجەکە ڕۆشن دەبێت کە چییە و چۆنە و بۆچی هاتووە؟ نە ئوممەتەکەش بە عەقیدەکە توندوتۆڵ دەبێت و، نە بزاڤەکەش جاهیلییەتی پێ دەگۆڕرێت.

ئەو دڵەی هەستی بەرپرسێتیی دنیا و قیامەتی تێدا جێگیر بووە و کۆڵی قورسی بانگەوازەکەی هەڵگرتووە و تەقوای خوای گەورە ئاودێری دەکات، تەنها ئەم دڵە بەرچاوڕۆشنە، چونکە بۆ خوا سوڵحان لێی بووەتە ئامێری (فورقان)، ئامێری جوداکردنەوەی کوفر لە ئیمان و، شیرک لە تەوحید و، جاهیلییەت لە ئیسلام: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٢٩﴾ {الأنفال: ٢٩}، واتا: «ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەگەر تەقوای خواتان لە دڵدا بچەسپێت، ئیتر خوای گەورە ئامێرێکی جوداکردنەوەی دید و ڕێی کوفرتان لە دید و ڕێی ئیمان پێ دەبەخشێت، هەروەها گوناحەکانتان دەسڕێتەوە و لێتان خۆش دەبێت». ئاوا خوای گەورە ئیمانداران هان دەدات بۆ پلەی بالاتر و ئاستی تەقواکاری کە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی نوورێکی خوایی، گومان دەڕەوێنێتەوە و وەسوەسە و ڕاڕایی کۆتایی پێ دەهێنێت و دید و ڕێ ڕووناک دەکاتەوە و پێی جێگیر دەکات و لەسەر ئەم ڕێگا توولانییە سەختە پڕ کەند و کۆسپەی بانگەوازی خواویستی ڕایدەگرێت و مەددەدی دەگەیەنێتێ، بەڕاستی ئەمە توێشووی ئەو ڕێگا دوور و درێژەیە.

تەقواکاری زادە، زادێکی پڕ لە وزە و توانا. تەقوا دڵەکان زیندوو دەکاتەوە، هەستە ساردەکان دەخاتەوە جۆش، غیرەتە پوواوەکان زیت دەکاتەوە و دەیانکاتە سەربازی بەرگری،

تەقوا هەموو کیانی خاوەنەکەی دەخاتە کار بە کارکردن و بەرەنگاریی دوژمن و سڵ لێکردنەوە و حەزەرلێکردنی دوژمنی ناوخۆ (شەیتان و هەواوهەوەس و نەفس) و دوژمنی دەرەوە (تاغووت و ملهوڕ و زەوتکارانی حاکمێتیی خوای گەورە) کە لە هیچ پێشێلکارییەکی حەق و بێدینییەک ناسڵەمێنەوە.

تەقوا لایتە، لۆفە و پێچ و چاڵەکانی ڕێ دەردەخات، مەدایەکی دوورتر نیشان دەدات کە چاو بڕی ناکات و شتی لێ نابینێت. تەقواکە دڵ ڕووناک دەکاتەوە، پێچاوپێچی نادیار و نەدیوی تێدا نامێنێت، پەنا و پەسیوی تاریکیی تێدا نامێنێت ببێت بە زبڵدانی گومان و دوودڵی! کە گومانیش لە دڵدا نەما؛ دید و ڕووانگە سافتر نیشان دەدەن.

تەقوا زادی لێخۆشبوونە، دڵنیابوونە لە پاکبوونەوە و پاڵفتەبوون و شیاوێتیی قبووڵبوون لای خوای گەورە.

تەقوا توێشووی هیوا و ئومێدە بە فەزڵ و ڕەحمەت و بەزەیی خوای گەورە لەو ڕۆژەدا کە ئیتر هەموو کەس بێ ئومێد دەبێت لەوەی کە کەس بە هانایەوە بێت و، کردەوە چاکەکانی خۆشی بایی ئەوەندە نین لێخۆشبوونی خوای گەورە دابین بکەن، ئا لەم حاڵەتە بێ ئومێدی و ڕەشبینی و فەوتانە حەتمییەدا ڕێزی خوای گەورە لە تەقواکارییەکەی دنیای ئیماندا دەبێتە مایەی بەزەیی خوای گەورە و ئومێدی لێخۆشبوون گەش دەبێتەوە.

تەقوا فورقانێکی تایبەت لە دڵی موسڵماندا دادەمەزرێنێت کە وەکوو جیهازی کەشفکردن دەبێت، کە حەقیقەتەکانی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی دۆست و دوژمن لێک جوودا دەکاتەوە، ئەمە حەقیقەتە، حەقیقەتێکی تری عەقائیدی و ڕێسایەکی حەقی کارکردنە، بەڵام ئەمیشیان وەکوو زۆر حەقیقەتی تر، کەسێک درکی پێ ناکات کە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستی تەقوایەی ئەو فورقانەی دەست کەوتبێت، ئەوی فورقانی نییە چۆن دەتوانێت شەرحی بکات؟!

وەسفکردنی ئەم فورقانە چێژی هەبوونی بە کەس نادات (ئەوپەڕی ئەوەیە بەرامبەر بە ڕاستگۆت بزانێت و بڵێت ڕاست دەکات. لەوانەیە شتێک هەبێت ناوی فورقان بێت، تۆش لەوە زیاترت بۆ وەسف ناکرێت کە ئامێرێکی خواییە بۆ جیاکردنەوەی کوفر و ئیمان و هەرچی پێیانەوە لکاوە، یان لق و چڵیانە)، بۆیە مەسەلەی هەبوون و دەسکەوتنی فورقان هەر وا لە دڵ و دەروون و هزر و هۆش و قەناعەتپێکردندا دەبێتە مایەی موناقەشە و شیکار و جەدەلی بێ ئەنجام، هەر وەکوو کە لە دید و تێروانین و پێناسەی فکری و فەلسەفیشدا هەر بە نەزانراو دەمێنێتەوە، چونکە وەسفی حاڵەتی ئیمانی ناچوێنرێت بە حاڵەتی بەرجەستەی ماددی[1]، بۆیە هەر باسکردنێکی فورقان بۆ کافر بێ هودەیە، چونکە هەرچەند بەڵگەی بخەیتە بەردەست ناچێت بە ژێرییدا و نایەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە هەیە، چ جای ئەوەی ئەوەندە کاریگەر بێت لە کەشفکردن و جووداکردنەوەی دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی دۆستانە و دوژمنانەدا، لەوانەیە  لە سەرەنجامی زۆریی موناقەشەکە و بەڵگەکان بێدەنگ ببێت، بەڵام دڵ و ژێریی ئەو ئیستیعابی ئەمە ناکەن. مەرج نییە بەرامبەرەکە هەر کافر و مولحید بێت، دەشێت موسڵمانێکی ئەعرابی بێت، یا مامۆستای زانکۆش بێت! ئەو کە دینەکەی سەتحی وەرگرتووە و ئاستی دینداریێتیی نەچووەتە پلەکانی تەقواوە و بە هیچیاندا سەرنەکەوتووە، چۆن دەزانێت فورقان چۆنە؟ دەشێت لەبەر هەبوونی ئەم ئایەتەی قورئان تەسلیم بە هەبوونی ببێت، بەڵام زەحمەتە درک بە ماهییەت و چۆنییەتی کاری بکات، بۆیە موناقەشەکردن لەسەر فورقان لەگەڵ کەسانێک کە تەقواکار نین زۆر زەحمەتە، هەر کات لەدەستدان و سەرئێشەیە. بەڵام ئەم حەقیقەتە زۆر زوو لای کەسێک دەچەسپێت کە بە هزر و ژێری حەقیقەتە عەقائیدییەکانی

(١) گەشەی ڕۆح کە لوتکەی بەختیارییە لای موسوڵمان، لای کابرایەکی کافر هیچ پێناسەیەکی نییە و ئەفسانەیە! ئیتر چۆن دەتوانیت بۆی وەسف بکەیت؟! ئەمەم وەکوو ئەوە دێتە پێش چاو؛ باڵغێك باسی چێژی جنسی بۆ منداڵێك بکات، هەرچەندە بۆی باس بکات لە توانای منداڵەکەدا نییە پەی پێ ببات، بە هەرچی شتێکی بچوێنێت مەبەست ناپێکێت، وەکوو ئەوەی کە بڵێت جنس خۆشە، لەوانەیە منداڵەکە یەکسەر وابزانێت ئەو شتە خۆشەیە کە خۆی حەزی لێیەتی! ئایسکرێمێکە یان نەستەلەیەك یان مەساسەیەك!

تری لا بووەتە بەڵگەنەویست و بە پاڵفتەی دەروون گەیشتووەتە تەقواناسی، بە پابەندیی شەرع و دینداریتی و تەقوا گەیشتووەتە ئاستێکی وا کە حەقی لا ڕۆشن ببێت. کاتێک خۆی هان دەدات بە تەقواکاری بچێتە ئاستێکی سەرووتر؛ ئینجا دڵی ئاو دەخواتاوە و ویژدانی ئاسوودە دەبێت، چونکە لەگەڵ گەشەی ڕۆحدا -کە بە تەقوایە- ئەو نوورە خواییەی زیاتر لێ دەردەکەوێت، ئاوا دەڕوات تا دەیگاتێ.

لە ڕاستیدا سروشتی پاکی مرۆڤ هەست بە زۆر شت دەکات، بەڵام هەواوهەوەس و گومان و دوودڵی؛ ژەنگ و ژاری لەسەر هزر و، چڵک و چەپەڵیی لەسەر دڵ و دەروون دروست کردووە، بۆیە ئەو حەقیقەتانە نادۆزێتەوە. هەواوهەوەس (کە بەتەواوی پێچەوانەی تەقواکارییە) ناهێڵێت حەق لە سروشت (فیترەت)ی خەڵکییەوە دەربکەوێت، دیدی لێڵ دەکات و ناهێڵێت ئەو حەقە ببینێت کە ڕێسای خەڵقبوونی گەردوون و ژیان و مرۆڤە. هەواوهەوەس ڕێگای حەق بزر دەکات و بزاوتی حەق دەشارێتەوە، بۆیە چارەسەرکردنی هەواوهەوەس بە بەڵگەی ئەقڵی و زانستی نییە، بە تەقواکارییە، بە لەخواترسانە لە ئاشکرا و پەنهانیدا، ئاوا حەقیقەتی فورقانەکەش دەدۆزێتەوە. بەڵام لای ئەهلی خۆی بووەتە بەشێک لە کەسایەتیی خواپێداوان، بۆیە ئەو تەقواکارانە زەینیان ڕوونە و ڕێیان ڕۆشنە و زۆرینەجاریش بە فیراسەتیان دەپێکن.

## بڕگەی نۆیەم: ویست و ئیرادەی ڕێبڕین

حەتمەن دەبێت ویست و ئیرادەی داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستی پارسەنگ پەروەردە بکرێت و تەئکید لە کەسایەتیی بکرێتەوە و لە هێزەکانی ڕاکێشانی هەواوهەوەس و ئارەزوو و چێژ قوتار ببێت، مەگەر بەو ئەندازەی کە سەربەستیی مرۆڤایەتی بپارێزێت و زەرووراتەکانی دابین بکات.

ئەم ڕزگاربوونە زەروورەتێکی ڕێ بڕینە، چونکە ئەو کاتە ناکەوێتە ژێر تین و فشاری ئارەزووی مونحەریف و، هەواوهەوەس لێی نابێت بە خوا و ئەم بیپەرستێت، هەر دەبێت لە ناخی یەک بە یەکی ئیماندارەندا هێزێکی شاراوەی بەهێز هەبێت دەرەقەتی هێزە دەرەکییەکان بێت کە ئەوەندا زاڵن؛ ئیمانداران دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بەڵام ئەگەر ئەو هێزە شاراوەیە (کە هێزی تەقوا و دینداریيە) لەسەر زەمینەی حەقیقەتە عەقائیدییەکان دامەزرابێت و، تەقواکاری؛ گەشە و نەشونمای بە عەبدایەتییەکەی دابێت، حەتمەن ئەو هێزە شاراوەیە نەک هەر دەرەقەتی هێزە دەرەکییەکان دێت، بەڵکوو بەسەریشیاندا زاڵ دەبێت. ئەم هێزە شاراوەیەی ناخ ویست و ئیرادەیە، ئەو ئیرادەیەی کە لە لایەکەوە خۆی لە بەرامبەر مەحرووم‌بوون و نەبوونی و نارەحەتیدا دەگرێت، لە لایەکی تریشەوە خۆی لە ئارەزوومەندی و هەواوهەوەس دەگرێتەوە. ئەمە ئیرادەی خۆکۆنترۆڵکردنە، کە دەتوانێت بەسەر پێداویستی و زەرووراتەکاندا زاڵ بێت و لەبەر خاتری بەدەستهێنانیان تەنازول نەکات، هەروەها دەتوانێت تەحەممولی ئەرکەکانی و ویستی ئازاد و ئیرادەی سەربەخۆ بکات و سەبر لەسەر بەڵا بگرێت و خۆ لەبەر هەموو جۆرە تین و فشارێکی بەرامبەریدا بگرێت. خاڵی جیاوازیی سەرەکیی مرۆڤ و ئاژەڵ هەبوونی ویست و ئیرادەیە، کە مرۆڤ ویست و ئیرادە و ئامانج و دید و ڕێی هەیە، دید و تێڕوانینی خۆی بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ هەیە.

مرۆڤی موسڵمان پێناسەی هەموو موفرەداتەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ و خالق و مەخلووق و ماف و ئەرکی هەریەکەیان دەزانێت، چونکە هەموویانی لە وەحیی خوای گەورەوە وەرگرتووە، بۆیە هەر مرۆڤێک لەم دید و تێڕوانین و پێناسانەی وەحی دەرچێت و ئەم ڕووانگەیەی وەحی بزر بکات، مانای وایە دیارترین سیفەتی مرۆڤی بزر کردووە، گرنگترین وەسفی خوای گەورەی بۆ مرۆڤ وەلا ناوە کە خوای گەورە لەبەر ئەوە ڕێزی لێ ناوە.

حەتمەن دەبێت ویست و ئیرادە ئازاد بێت و لەسەر خۆڕاگری رابهێنرێت، ئەمە زەروورەتێکی پەروەردەیی هەموو داعییانی ئیسلام و پێشڕەوانی خواویستییە، چونکە ئەرکێکی گەورەیان لەسەرشانە کە بانگەوازی خوایی و جێنشینێتی (یان بریکاری)ی خوای گەورەیە لەسەر زەمین لە سەلماندن و چەسپاندنی دینەکەیدا.

یەکەمین تاقیکردنەوە کە بەسەر ویست و ئیرادەی مرۆڤدا هات، تاقیکردنەوەکەی سەیدنا ئادەم بوو (عَلَيۡهِ ٱلسَّلَامُ)، یەکەمین ئەزموون بوو کە ئادەم و حەوای پێدا تێپەڕین، کە دەبوو خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و توخنی ئەو درەختە نەکەونەوە کە خوای گەورە ڕێی لێ گرتبوون نزیکی بکەونەوە، بەڵام لە تاقیکردنەوەکەیاندا دەرنەچوون و گوێیان بۆ ئاڕاستەی شەیتان شل کرد کە گوایە ئەو درەختە درەختی نەمرییە و هەر کەسێک لێی بخوات نامرێت و دەسەڵاتیشی لەدەست ناچێت: ﴿وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ فَكُلَا مِنۡ حَيۡثُ شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٩ فَوَسۡوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ ٢٠ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ٢١ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ ٢٢﴾ {الأعراف: ١٩ – ٢٢}، واتا: «خوای گەورە بە سەیدنا ئادەمی فەرموو کە: خۆت و هاوسەرەکەت نیشتەجێی بەهەشت ببن و ئازادانە بێن و بچن و بخۆن و بخۆنەوە، بەڵام توخنی ئەو درەختە مەکەونەوە، دەنا سنووربەزێن دەبن و دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە، بەڵام شەیتان

کەوتە دنە دانیان و هاندانیان و خستنیە سەر وەسوەسەی خۆی تا لە درەختە قەدەغەکراوەکە بخۆن و ئیتر پۆشاکیان پێوە نەمێنێت (ئادەم و حەوا ڕووت نەبوون، عەورەتیان داپۆشیبوو)، تا عەیب و عاریان دەرکەوێت، بە هەردووکیانی وت: ئەو درەختەتان لەبەر ئەوە لێ قەدەغەکراوە بۆ ئەوەی لێی نەخۆن، چونکە بە لێخواردنتان دەبنە دوو فریشتە و هەتا هەتاییش بە نەمری دەمێننەوە، سوێندی بۆ خواردن کە دڵسۆزیانە و ئامۆژگارییان دەکات، ئەوانیش بە سوێندخواردنەکەی هەڵخەڵەتان، هەر کە تامی درەختەکەیان کرد؛ پۆشاکیان پێوە نەما و عەورەتیان دەرکەوت، خێرا کەوتنە لێکردنەوەی گەڵای درەخت و عەورەتی خۆیانیان پێ داپۆشی. خوای پەروەردگاریان بانگی کردن مەگەر ڕێی ئەو درەختەم لێ نەگرتبوون کە نەچن و توخنی نەکەون؟ پێم نەوتن کە شەیتان دوژمنتانە؟ دوژمنێکی ئاشکراو دیار؟!».

پاشان ئەم تاقیکردنەوەی ئیرادەیە بەردەوام مایەوە و بۆ هەموو تاکێکی ئوممەتی موسڵمان بوو بە مایەی شیاوێتی و نەشیاوێتیی، هەر کەس و کۆمەڵێک لەم تاقیکردنەوەی ئیرادەدا سەردەکەوت؛ خوای گەورە ڕاسپاردەی ئیستخلاف (بریکاری)ی خۆی پێ دەبەخشی، کە شایستەی ئەوە بووە حاکمێتیی خوای گەورە لەسەر زەویدا بچەسپێنێت، بەڵام بێگومان تاقیکردنەوەکانی ئیرادە لە کەس و کۆمەڵێکەوە بۆ کەس و کۆمەڵێکی تر دەگۆڕا، زۆر کەس هەن کە دەکەونە بەردەم ئیغرابوونی ماڵ و سامان و پلەوپایە و ناو و ناوبانگەوە، تەماع دەیانگرێت و خۆی بۆ تاو دەدەن و پەیمان و بەیعەتەکەیان لەبیر دەچێتەوە کە بە خوای گەورەیان دابوو، کە گوایە بۆ دینەکەی لێدەبڕێن و بەس، وە سەرڕاستانە بۆ ئەو دەسوڵحێن، بەڵام لە بەرامبەر ئەم موغریاتانەدا خۆیان نەگرت و بەیعەتەکەیان دۆڕاند، زۆر لەمانە بۆ فریودانی نەفسی خۆیان و چەواشەکردنی موسڵمانان و داپۆشینی دۆڕاندنەکەیان دەکەونە فێڵبازی و دەخوازن بە زمانی لووس و هەندێک ڕەفتاری ڕواڵەتی چاک خۆ هەستێننەوە! ئەو دۆڕاوەی بۆ فریودان و چەواشەکاری دەگەڕێت؛ فاک و فیکی زۆری دەکەوێتە بەردەست،

چونکه دڵێک کە تەقوای تێدا پووکایەوە ئامادەی هەموو ئینحیرافاتێک دەبێت، چونکە ڕەفتاری لەگەڵ دینەکەدا هەر لەگەڵ (دەق)ەکانـدا دەبێـت کە واتایـان زۆرە، بـۆیە بە مانـایەکەوە چەل دەبێت و خۆی بە ڕاوبۆچوونێکی لاواز و نامۆوە هەڵدەواسێت تا نیشان بدات کە دیندار ماوە و نەدۆڕاوە! لەڕاستیشدا لێبووەتەوە و ئیفلاسی کردووە، خـۆی بەوەش فریـو دەدات کە دەڵێـت: (خوای گەورە هەر لێم خۆش دەبێت، خۆ من وەکوو فلان و فلان نەگۆڕاوم!).

دیراسەکردنی ئەم دینە بۆ دینداریکردن پێـی بـێ سـوود دەبێـت ئەگەر خواویسـتییەکەی لە ناخی دڵ و دەرووندا نەچەسپیێت، ئەگەر حەقیقەتە عەقائیدییەکانی لە هزر و هۆشدا نەبووبن بە بەڵگەنەویست، ئەگەر نەبـووبێتە خولیـای ویـژدان و هەسـت. دینـدارێتی هەر تـوێژینەوەی دەقەکان نییە، نابینیت هەزاران کەس هەن دەقە دینییەکانیان خوێندووە و شارەزای بوون، بەڵام دیندار نین، دڵیان زۆر دوورە لە خواویستی و تەقواکاری، زۆر لەمانە بۆیە دەیانەوێـت هەمـوو واتاکان و شیکاری و لێکۆڵینەوەی دەقەکان شارەزا بن؛ تا فێڵکاریی تێدا بکەن و ئەو بۆچوونە پەڕیدانە بکەنە ڕێسـا کە لەگەڵ حەزی مونحەریـف و هەواوهەوەسـیاندا یەک دەگـرێتەوە، تـا دینەکەی پێ بفرۆشن بە سامان و پلە و شۆرەتی لای تاغووتان، ئەمانە بەردەوام بەدوای کوێرە فەتوا و ڕای لاڕێوەن تا (بەڵگەی شـەرعی)یان تێـدا بـدۆزنەوە! کە دەبێـتە مـایەی زیـادبوونی سەرمایەیان. چما دەردی کوشندە و خۆرەی ناوخۆ هەر ئەوانە نین کە دینیـان خوێنـدووە، بەڵام نە عەقیدەیان وەرگرتووە تا دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی شەرعیی پێ بنوێنن، نە تەقواشـیان لە دڵدا چەسپیوە تا خواویستانە ڕەفتار بکەن! (بەڵێ بێگومان بەربەستی گەورەی هەسـتانەوە و ڕابـوونەوەی دیـن و حـاکمێتیی شـەرع هەر ئەو (شـێخ و مەلا و مـوفتی و قـازی و داعـی و سیاسەتچی)یانەن کە ڕۆشنبیری و دینیان وەرگرتووە، بەڵام دیندار نەبوون بەم دیـنە و نـابزوون پێی).

- ئەم دین و شەریعەتەی خـوا بـۆ ئەوە هـاتووە حـاکمێتیی خـوای گەورە (لە یاسـادانان و

حوکمڕانی و داوەریدا) بسەلمێنێت و لە کۆمەڵگا و دەوڵەتدا بچەسپێنێت، نەک ببێتە کتێبی قەبارە ئەستوور و کەرەستەی ڕۆشنبیریی خوێندکارانی.

- ئەم دین و شەریعەتەی خوا بۆ ئەوە هاتووە هەموو دید و ڕێ و ڕەفتار و ڕەوشت و بەها و نەریت و بارودۆخ و یاسا و دەستوور و ئیدارە و سیستمێکی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگا و دەوڵەت ئاڕاستە بکات و، هیچ بزاوت و سرەوتێک بێ ئەحکامی شەرعی نەهێڵێتەوە.

- ئەم دین و شەریعەتەی خوا بۆ ئەوە هاتووە کوفر و شیرک و جاهیلییەت لە هەموو ئەو بووارانەدا لادات و ڕادات تا ئەحکامی شەرع بکاتە حوکمڕان و ئاڕاستەوان تێیاندا، بۆ ئەوە هاتووە مرۆڤ بخاتە سەر دووڕیانێک و ئازادانە سەرپشکی بکات کە چ ڕێگایەکیان دەگرێتە بەر: ڕێگای وەحی و خواویستی، یان ڕێگای هەواوهەوەس و دنیاویستیی جاهیلییەت، دوو ڕێگاش زیاتر نییە، ڕێبازی کوفر یان ڕێبازی ئیمان، بەرنامەی شیرک یان بەرنامەی تەوحید، ئاڕاستەی ئیسلام یان ئاڕاستەی جاهیلییەت؟ لە ئیسلام بترازێت جاهیلییەتە، چونکە غەیری حەق هەر باتڵ هەیە بە هەموو جۆر و شێواز و ناو و چۆنیەتییەکانەوە.

غەیری تەقواکاری کە پابەندبوونە بە شەرعەوە، کە بۆ خوا سوڵحان و لێبڕانە، غەیری ئەمە پەرستنی هەواوهەوەسە، هەر وەکوو خوای زانا و کاربەجێ ئەو کوفر و شیرک و جاهیلییەتەی لە پەرستنی هەواوهەوەسدا بەیان کردووە: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٣﴾﴾ {الجاثية: ٢٣}، واتا: «مەگەر حاڵی ئەو کەسە نابینیت کە هەواوهەوەسی خۆی کردووە بە خوای خۆی؟! گوێڕایەڵ و ملکەچێتی، هەرچیەک هەواوهەوەسی بیخوازێت ئەو بە حەڵاڵی دەزانێت و، هەرچیەکیش هەواوهەوەسی نەیەوێت بە حەرامی دەزانێت! ئەمە خوای گەورە -دوای شارەزابوونی- گومڕای کردووە، کە دەیزانی دەبوو خواویستی بگرێتە بەر نەک لێی یاخی ببێت

و دید و ڕێ بگۆڕێت، ئەمە خـوای گەورە مـۆری لە هەسـتی بیسـتن و هـۆش و بیـری داوە و قەپات بوون، ئەمە دیدی لێڵە و پەردەی تاریکی بەسەر چاوانیـدا هـاتووە و هەمـوو ڕێگاکـانی هیدایەتدانی بەسـتراوە، چـاو و گـوێ و هـزری پەک خـراون، ئـێ کەسێکیش خـوای گەورە هیدایەتی نەدات کێ هەیە ڕێنمایی بکات و بڵێ ڕێی ڕاستی نیشان دەدەم؟! چـما ئێـوە پەی بەمە نابەن؟ بیری لێ ناکەنەوە تا لایان ببێتە حەقیقەت؟



الحمد لله رب العالمين

تەواو بوو

بە 25 ڕۆژ لە 26/4/2014

زیندانی کۆنگسی ڤینگەر

20/5/2014

سەعات 11 ی شەو

الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

# ناوەڕۆک


باسی یەکەم: بەرەی شیرک و بەرەی ئیمان ........................ ٦
برگەی یەکەم: کەللەڕەقیی جاهیلییەت ........................ ٧
برگەی دووەم: ژیانی ژێر سایەی شیرک و باجدانی ........................ ٣٠
برگەی سێیەم: دەرئەنجامی شیرک ........................ ٤٥
برگەی چوارەم: بەهای ئیمان ........................ ٦٥
برگەی پێنجەم: نووری ئیمان ........................ ٧٩
باسی دووەم: کەوتن و سەرکەوتن ........................ ٩٦
برگەی یەکەم: لاوازی و بێهێزکەوتن؛ تاوانە نەک عوزر ........................ ٩٦
برگەی دووەم: ترسنۆکی لە شەیتانەوەیە ........................ ١١٢
برگەی سێیەم: نموونەی پێشڕەوێتیی خواویستی ........................ ١٣١
برگەی چوارەم: شلگیری یەکەمین هەنگاوی دووڕووبوونییە! ........................ ١٤٢
برگەی پێنجەم: حەقیقەتی هێز و کاریگەرێتیی ........................ ١٧٥
برگەی شەشەم: پشتبەستن بە خوای گەورە ........................ ١٨٧
برگەی حەوتەم: خۆدانە دەست قەدەری خوای گەورە ........................ ٢٠١
برگەی هەشتەم: پارسەنگی دید و ڕێ ........................ ٢١٨
برگەی نۆیەم: نموونەی بزاوت و هەڵوێستی خواویستی ........................ ٢٢٦
باسی سێیەم: دید و هەڵوێستی نەگۆڕی دوژمنان ........................ ٢٣٨
برگەی یەکەم: ناسینی دوژمن نیوەی سەرکەوتنە ........................ ٢٣٨
برگەی دووەم: دەزگا تەزویرە (ئیسلامی)یەکانی دوژمن ........................ ٢٤٨
برگەی سێیەم: دامەزراندنی دەزگای تەزویری دەوڵەتیانە بە ناوی ئیسلامەوە! ........................ ٢٦١
برگەی چوارەم: حەملەی ڕیشەکێشکردنی موسڵمانان ........................ ٢٦٨

برگەی پێنجەم: شەڕی بێئامانی جاهیلییەت و نەبەزیی موسڵمانان ........................ ٢٧٩
برگەی شەشەم: هۆشداری ..................................................................... ٢٨٥
باسی چوارەم: زاد و توێشووی پشوودرێژی ..................................................... ٢٨٩
برگەی یەکەم: توێشووی ڕێی خواویستی ........................................................ ٢٨٩
برگەی دووەم: سەبر و خۆگری و پشوودرێژی ................................................... ٢٩٨
برگەی سێیەم: دیسان سەبر و خۆگری و پشوودرێژی ............................................ ٣٢٠
برگەی چوارەم: نوێژ مایەی ورەبەرزیی تاک و کۆی ئوممەتە ................................... ٣٣٤
برگەی پێنجەم: دوعا و پاڕانەوە............................................................. ٣٤٨
برگەی شەشەم: ڕۆژوو ...................................................................... ٣٥٢
برگەی حەوتەم: تەسبیحات و زیکرەکان........................................................ ٣٥٦
برگەی هەشتەم: دینداریی سەرڕاستانە... تەقوا .............................................. ٣٦١
برگەی نۆیەم: ویست و ئیرادەی ڕێپڕین........................................................ ٣٦٨
ناوەڕۆک..................................................................................... ٣٧٥

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی